# گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

## گۆڤارێکی ئەکادیمییە
## زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات

سەرنووسەر

پ.د. محمد علی عبدالله

سکرتێری نووسین

پ.ی.د. صباح رشید قادر

دەستەی نووسەران

د. حسێن غازی کاکە امین

د. سەردار فتح الله حسێن

د. موفق خالید ابراهیم

پ.ی.د. سناء حسن عبدالصاحب

د. بەهزاد وسو حمد

دەستەی راوێژکاران

پ.د. کریم عبدول

پ.د. جبار قادر

پ.د. وریا عمر أمین

پ.ی.د. محمد صابر مصطفی

یاریدەدەری سکرتێری نووسین

م.ی. محمد قادر رسوڵ

- گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین- ژمارە(١) ساڵی ٢٠١٤.
- چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.
- تیراژ: ٥٠٠ دانە.

## لەم ژمارەیەدا

### بەشی کوردی


سینۆنیم لەچوارچێوەی فریزو ڕستەدا........................................................................ ٧
پ.ی.د.فاروق عمر صديق - ی.شیروان حسين حمد
لادانی شیعریی................................................................................................ ٣٩
پ.ی.د.عبدالقادر حمەامین محمد- پ.ی.د.بكر عمر على
زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا شاری هەولێر بە نمونە.................................................... ٥١
م. شادان شكر صابر- د.عمر محمود كريم
بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی زمان................................................................... ٧١
پ.ی.د.طالب حسين على
پێوەرە پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتییدا............................................... ٨٣
د.مهاباد كامل عبدالله
پرۆسەی بەوشە بوون لە زمانی کوردیدا....................................................................... ١٠٣
پ.ی. د. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی- د. ڕەحیم قادرسورخی
زمان و تەکنۆلۆژیای زانیاری.................................................................................. ١١٥
د. دارا حميد محمد
ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا................................................................................ ١٢٩
پ. ی. د. عوسمان دەشتی
مەرگ لە ئەفسانەدا............................................................................................ ١٥٣
سالار عوسمان
چەمکی نوێی نیشتمانپەروەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا........................................ ١٧٣
پ.ی.د. فوئاد رەشید محمد- م.ی. کارزان کريم امين
ڕاڤەکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکی پەندی پێشینان لەزمانی کوردیدا.................................... ٢٠١
د. بێستوون حەسەن ئەحمەد - د. دارا حميد محمد
خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعری (دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم )ی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ٢١٩
م.ی لەنجە عبدالرحمن غەریب
ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەرفێربوونی زمانی دایک (لە قۆناغی باخچەی ساوایان..................... ٢٣٥
م.ی. ڕێژنە معروف حسين
لادانی واتایی لە زمانی شیعر........................................................................... ٢٥٣
همزه حسين حمه
کاریگەری مێژووی ئەڵمانیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە سەر ......................... ٢٧٥
د. سامان حسين احمد
ڕەوشی تەندروستی لیوای سلێمانی لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق دا............................. ٣٠٧
د. بەختیار سەعید مەحمود
سیستەمی کارگێری کوردستان لە ماوەی نێوان سەدەکانی (٤-٨ک/١٠-١٤ز)دا.................................... ٣٣٧
م.ی. رسول ابراهيم رسول


### بەشی عەرەبی - القسم العربي


تداخل الأجناس في قصص جليل القيسي القصيرة............................................................ ٣٦١
د. مسعود سليم حمدامين
التباين المكاني للأنماط الإقليمية للصناعات الغذائية في محافظة أربيل.................................... ٣٧٩
د.أحمد جليل إسماعيل
قلق الموت وعلاقته بدافع الانجازلدى طلبة الجامعة.......................................................... ٤٠٣
د. شيماء نجم صفر


### بەشی ئینگلیزی – English Part


The Methods of Teaching Foreign Languages: How They Developed and the Problems They Encountered ............................................................ Salah Babakr Hussein Khoshnaw 5
Contrastive Analysis of Discourse Markers in English and Kurdish................Jamal A. Omar 25
Using Social Media to Enhance the Teaching and Learning of English as a Second Language
Chiayee Khorsheed Faqe - Bazyan Yunis Mheddin 35
Teaching Poetry to Kurdish EFL Learners ...................... Asst. Lecturer Hawraz Qader Hama 45
Effect of crude oil smoke on methemoglobin, sulfhemoglobin and some other hematological parameters in Erbil manual brick factories ...................................... Zrar Saleem Almarzany 55

# دەستپێکی ژمارە

هەوڵ و کۆششێکی زۆردرا بۆ ئەوەی ژمارەی (١)ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین بێتە بەرهەم، و گۆڤاری زانستی هەر زانکۆیەکیش کلاو ڕۆشنەو دەروازەی گەیاندنی تیشکۆی ئەکادیمیی ئەو زانکۆیەیە،و دەنگە زانستییەکەیەتی بەدەرەوەی زانکۆ،ئەم ژمارەیە چەپکە گوڵێکی زانستیی چاک لە دووتوێی خۆی کۆدەکاتەوە بە بوارە جیاوازەکانیەوە، کە تیایدا هەوڵ دراوە بە پێی پێوەرە زانستییەکان هەموو توێژینەوە بەدەستی خاوەن ئەزموون و شارەزاو خودانی پلەی زانستیی هەڵبسەنگێنرێ، لەوانەیە هەندێ لە توێژینەوەکان لە پاڵێوەری هەڵسەنگاندن دەرباز نەبوون، و نەچووبنە ئامێزی ئەم ژمارەیە، و هیوامان وایە خاوەنەکانیان لە داهاتوودا بە توێژینەوەی ئاست بەرزتر و وردتر بەشداری لەو گۆڤارەیاندا بکەن، ئەوەی پێویستی بە وتنە هەندێ لە توێژینەوەکان بەرهەمی دەربازبووی دوو کۆنفرانسە ساڵانەکەی زانکۆی ڕاپەڕینە، کە لەکات و سەردەمی خۆیدا دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان توانرا بواریان پێبدرێ بۆ خوێندنەوە و پێشکەش کردن لە کۆنفرانسەکاندا، لەپاڵ پیرۆزبایی لە مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین دەست خۆشی لە دەستەی نووسەران و هاوکاران و ستافی گۆڤارەکە دەکەین لە بەگەیاندنی بەو ئاستەو بوونی بە ژمارە... سەرکەوتووبن.

# ڕێنماییەکان
# بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە

١. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەکادیمیەو توێژینەوەی ڕەسەن و ئاست بەرز بڵاودەکاتەوە،لە بوارەکانی زانستی و مرۆڤایەتی و زانستە سروشتی و پزیشکیەکاندا لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم،بە مەرجێ پێشتر لە هیچ گۆڤارێک بڵاو نەکرابێتەوە،یان ڕەت نەکرابێتەوە.
٢. هەموو توێژینەوەکان لە لایەن پسپۆری شارەزا، بە پێی پسپۆری هەڵدەسەنگێنرێن.
٣. گۆڤارەکە توێژینەوە بە هەموو زمانە زیندووەکان بڵاو دەکاتەوە.
٤. توێژەر توێژینەوەکەی بە چاپکراوی لەسەر کاغەزی سپی پێوانەی (A٤) دا لەگەڵ جێهێشتنی(٢,٥)سم لە هەر چوار دەوری لاپەرەکە دەنێرێ.
٥. ژمارەی لاپەرەی توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان(٢٣) لاپەڕە تێپەر ناکات،جگە لەو وێنەو خشتەو پاشکۆ و پێویستیەکان،و(٢٥) لاپەڕە بۆ زانستەکان.ژمارەی لاپەرە لە لای خوارەوە لە ناوەندی لاپەرەکە دادەنرێ:
٦. توێژەر(٣)سێ وێنە لە توێژینەوەکەو CD توێژینەوەکە ڕادەستی سکرتاریەتی گۆڤار دەکات، دواتر وەکو بنەمایەک بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوودی لێوەردەگیرێ. توێژینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە رێک دەخرێت:

* ناونیشانی توێژینەوەکە لەسەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکە دەبێ بەفۆنتی (١٦)بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان و (١٤) بۆ بەشە زانستیەکان.جۆری فۆنتەکەAli-k-alwand بۆ زمانی کوردی و Ali-a-jiddah بۆ زمانی عەرەبی.
* ناونیشانە لاوەکیەکان بە پیتی Ali-A-samik بۆ عەرەبی و Ali-k-samik بۆ کوردی.
* ناوەرۆکی توێژینەوەکە بە جۆری پیتی Ali-a Sahifa بۆ عەرەبی Ali-k-Alwand بۆ کوردی بەکاردێ.
* ئەو توێژینەوانەی بەزمانی ئینگلیزین, دەبێت بە فۆنتی جۆری (Arial) بنووسرێن, بە پێوانەی ١٤ بۆ سەرە بابەت و ١٢ بۆ نووسینی تێکستەکە لەگەڵ بە جێهێشتنی مەودای دێڕونیوێک لە نێوان دێڕەکان, و سەرچاوەکانیش بە سیستمی Harvard بنووسرێن
* ناوی توێژەر یان توێژینەوەکان بە فۆنتی ١٦ بۆ مرۆڤایەتییەکان و ١٤ بۆ زانستیەکان بەکاردێ.
* کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ تێدا ئامانج و پلان و ڕاسپاردەکان ڕوون دەکرێتەوە بە پیتی ١٤ بۆ مرۆڤایەتی و ١٢ بۆ زانستیەکان.
* کورتەی توێژینەوەکە بە دوو زمانی تر جیاواز لە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ.
* لە نووسینی سەرچاوەکان پەیرەوی سەرچاوەکان و ناوی کتێبەکان دەکرێ. و ئەگەر توێژینەوەکە وەربگیرێت یان وەرنەگیرێت بە هەر هۆیەک بێت بۆ خاوەنەکەی ناگەرێنرێتەوە.

پ.ی.د. صباح رشید قادر
سکرتێری نوسینی گۆڤار

# سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا

پ.ی.د.فاروق عمر صدیق
زانکۆی سلێمانی

م.ی.شیروان حسین حمد
زانکۆی ڕاپەڕین

## پێشەکی:

سینۆنیم وەك دیاردەیەکی زمانییو پەیوەندییەکی واتایی، فرێزو ڕستەش وەك دوو دانەی زمانی لەئاستی سینتاکسدا، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا دەبنە بابەتی توێژینەوەمان. ئەم توێژینەوە هەولێکە بۆ ناساندنو شرۆڤەیەکی وردی زانستی سینۆنیم لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا. سەرەتا ڕستە وەك پێکهاتەیەکی زمانییو تیشکی خراوەتە سەر دواتر بەپێی ڕێبازی ئەرکی و گواستنەوە شرۆڤەی واتایی بۆ ڕستە کراوە، ڕێبازی ئەرکی کراوەتە بناغەی کارەکە چونکە بەپێی ئەم ڕێبازە دەشێ پەیوەندی سینۆنیمی لە چوارچێوەی ڕستەو فرێزدا هەبێت دواتر باس لەفرێزو سینۆنیمی کراوە، هەروەها باس لە پارافرێزو سینۆنیمیو هۆکارەکانی بەسینۆنیم بوونی ڕستە کراوە لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێك خراوەتەڕوو.

## ڕستەو پێکهاتەکەی:

ڕستە وەك دانەیەکی زمانی، خاوەن پێکهاتەو ڕۆنانی تایبەتی خۆیەتی. لەمێژووی زمانەوانیشدا، تێڕوانینی جیاجیای لەبارەوە هەیە. بۆیە لەڕووانگەی جۆراوجۆریشەوە کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوە، قوتابخانەو ڕێبازی زۆریش لەبارەی ڕستەوە سەریانهەڵداوە. هەر ئەمەش وایکردووە، کە بەگوێرەی هەریەکێك لەم قوتابخانەو ڕێبازانە تێگەیشتن لەچەمکی ڕستەو پێکهاتەکەیو لایەنی واتاییەوە جیاوازبێت. بۆیە کریستەڵ باوەڕی وایە، کە (باشترین پێناسەی ڕستە نادۆزرێتەوە.) (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٩٨) بۆیە سروشتی کارەکان بڕیاری جۆری تێڕوانینەکە لەبارەی چەمکی ڕستەوە دەدات.

ئەوانەی لەڕووی پێکهاتەوە لەڕستە دەڕوانن، پێیان وایە، کە ڕستە لەڕەگی کارو پێداویستییەکانی پێکدێت. (عبدللە حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٥: ٨)، هەروەها لەناو دانە زمانییەکاندا، ڕستە بەگەورەترین یەکەی زمانی دادەنرێت لەشیکردنەوەی ڕێزماندا، (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٩٨)، کە لە چەند فرێزێك پێکدێتو فرێزەکانیش لەوشەو هەندێك جار وشەکانیش لەمۆرفیم، بەڵام بەم پێیەبێت دەقو گوتن بە دانەی زمانی هەژمارناکرێن. ئەمەش لەگەڵ بیروڕا نوێیەکانی زمانەوانیدا ناگونجێت، چونکە پێوەندییە زمانییەکان لەنێو ئەم دانە زمانییانەشدا هەن.

سروشتی کارەکەی ئێمەش، وادەخوازێت، کە لەڕوانگەیەکی تایبەتەوە لەڕستە بڕوانین، چونکە وەك دانەیەکی واتایی سەربەخۆ، مامەڵە لەگەڵ ڕستەدا دەکەین، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو فۆڕمە زمانییە سەربەخۆیەیە، کە پێوەندیی ڕێزمانی نەیکردووە بە بەشێك لە فۆڕمی زمانیی گەورەتر. (سەرچاوەی پێشوو: ٩٩) ئەم فۆڕمە زمانییە واتایەکی تەواوی هەیەو خاوەنی دروستەیەکی واتاییە، کە دەتوانرێت لەم

ڕووانگەیەشەوە لێکدانـەوەی تایبـەتی بۆبکرێـتو وەك دانەیـەکی لێکسـیکی لـەڕووی واتاییــەوە تەماشـای بکرێتو هەموو ئەو تایبەتمەندییە واتاییانەشی تێدایە، کە لەهەر دانەیەکی دیکەی لێکسـیکیدا هـەن. بۆیـە وەك فۆڕمێکی سەربەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

بەشـێوەیەکی گشـتی ڕسـتە لـەڕووی پێکهاتنـەوە ((لـەدوو فرێـزی سـەرەکی پێکـدێت، کـە بریتییـە لەفرێزی ناویو فرێزی کاری.)) (فەرەیدون عەبدول محەمەد: ١٩٩٨: ٢٥) هەریـەکێکیش لەمانـە لەناوخۆیانـدا ڕۆنانو پێکهاتەی تایبەتی ڕێزمانیو واتاییان هەیە. ڕێبازی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی چۆمسـکیش هـەر بەم پێیە، ڕستە شیدەکاتەوە. هەندێك جاریش گرنگی فرێزەکان بۆ دروستکردنو ڕۆنانی ڕستە، وەکو یەك نین، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا، ڕسـتە هـەرگیز بـەبێ بـوونی فرێـزی کـاری دروسـت نابێـت. (حاتـەم ولیـا محەمـەد: ٢٠٠٠: ٦٦) بۆیــەش بەکەرەســتەیەکی بنچـینەیی و سـەرەکی دادەنرێـت. لـەڕووی ڕۆنانیشــەوە ((سادەترین گرێی کاری لـەڕەگێكو ڕاناوێـك پێـك دێـت.)) (فەرەیـدون عەبـدول محەمـەد: ١٩٩٨: ٢٥) هەرچـی فرێزی ناوییە، دەشێت لەئاستی سەرەوەدا بەمۆرفیمی سفر دەرببڕدرێت، بۆیە زۆر ڕستە هەن، کە فرێـزی ناوییان لەئاسـتی سـەرەوەی ڕسـتەکەدا دەرنەکـەوێتو لەڕێگـەی واتـاو سـەلیقەی زمانەوانییــەوە هەسـت بـەبوونی دەکرێـت. (دیـار عـەلی کـەمال: ٢٠٠٢: ٤٢) بـەڵام ئەمـە لەچـەند بـارێکی تایبەتـدا دەبێـت، ئـەگینا بەشێوەیەکی ئاسایی هەردوو فرێزەکە دەردەکـەون. لـەڕووی پێکهاتنیشـەوە ((سـادەترین گـرێی نـاوی، لەناوێك پێکدێتو دەشێت بەهۆی ئاوەڵناوەوە یان ناوی ترەوە فراوان بکرێ.)) (فەرەیدون عەبدول محەمـەد: ١٩٩٨: ٢٥) بۆنموونە ئەم ڕستەیەی خوارەوە، بەپێی ئەم ڕێبازە، بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە:




لەشـیکردنەوەی ئـەم ڕسـتەیەوە، بۆمـان ڕووندەبێتــەوە، کـە هەریــەکێك لـەفرێزەکان، دەکرێـت بەکەرەستەی جیاجیا فراوان بکرێن، بەجۆرێك کە ((دەشێ ئـەم فراوانکردنـەش لەپێشـەوە یـا لـەدواوە یـا لەهەردوو لای)) (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ٢٠٠) سەرە(head)وە بێت.

لەڕووی پێکهاتنەوە، ڕستە بەپێی ڕێبازی ئەرکی، دابەشکردنێکی دیکەی بۆکراوە، کە لەڕێبازی گواستنەوەوە نزیکە، بەڵام لەناونانی کەرەسەکانو گرنگییاندا جیاوازییان هەیە، بەجۆرێك، کە ئەم ڕێبازە (وا تەماشای ڕستە دەکات، کە لەدوو بەش پێکدێت: یەکەمیان پێیدەوترێت باس theme دووەمیان پێیدەوترێت خواس Rheme) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ٢٣) ئەگەر بەپێی ئەم ڕێبازەش ئەم ڕستەیەی سەرەوە بۆ پێکهاتەکانی شیبکەینەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:




بەهەر تێڕوانینێك بێت، ڕستە لە چەند یەکەیەکی زمانی پێکدێتو بەهەموویان یەکەیەکی گەورەتر لەخۆیان پێکدێنن، کە خاوەنی ڕۆنانێکی واتایی بەهێزە. هەموو ئەم دانە واتاییانەش لەچوارچێوەیەکدا کۆکراونەتەوەو ئەم دانە واتاییەیان لێپێکهاتووە، کە خاوەنی ڕۆنانێکی واتاییو ڕێزمانیی تایبەتی خۆیەتی، دەشێت هەریەکەیان بکرێن بەلایەنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی سینتاکسی.

## واتای ڕستە:

لە دیاریکردنی یەکە واتاییەکاندا، ڕستە زۆرجار بەگەورەترین یەکەی واتایی دانراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە واتاییە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە لە سەرووی ڕستەشەوە گوتنو دەقو ئاخاوتن خاوەنی ڕۆنانی واتاین. بۆیە دەکرێت لەڕوانگەی واتاییشەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێتو وەك دانەی واتایی لێیانبڕوانرێت.

بۆ دەستنیشانکردنی پێوەندیی نێوان ڕستەو واتا، دەبێت پێوەندیی نێوان ڕستەسازیو واتاسازی دیاریبکەین، کە پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە. ((ئەمەش بۆ کارەکانی چۆمسکی دەگەڕێتەوە، کە لەکتێبی پێکهاتە ڕێزمانییەکان ١٩٥٧ ئەم پێوەندنییە بەم شێوەیە پیشاندەدات.)) (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٧٢)



بەو پێیە هەموو ڕستەیەك خاوەنی پێكهاتەیەكی فۆنۆلۆژییە، كە مەبەست لەو زنجیرە دەنگییەیە، كە لەڕێی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێن، هەروەها پێكهاتەیەكی سیمانتیكییش هەیە، كە واتای ڕستەكە هەڵدەگرێتو بەپێی یاساكانی گواستنەوەش ئەم دوو پێكهاتەیە پێكەوە دەبەسترێنەوەو پێوەندیی نێوانیان دیاریدەكرێت.

زۆرجار لەلێكۆڵینەوە زمانەوانییەكاندا، دیاریكردنو دەستنیشانكردنی سنوورێك لەنێوان واتاو ڕێزماندا هەبووە، بەڵام كاتێك باس لەواتای ڕستە دەكرێت، ئەمە نەگونجاوە. بەبڕوای جۆن لاینز ئەستەمە سنوور لەنێوان ڕێزمانو واتادا دابنرێتو هەموو ڕستەیەك دەبێت بنەماكانی پەسەندیی ڕێزمانیو پەسەندیی واتایی تێدابێت. (نور الهدى لوشن: ٢٠٠٦: ٨٦) ئەگەر هەر ڕستەیەكیش یەكێك لەم دوو بنەمایە ببەزێنێت، نەگونجاو دەبێت. بەم پێیەش واتاو ڕێزمان تێكەڵی یەكترینو جیاكردنەوەیان كارێكی نەگونجاوە. وەكو:

**دوێنێ ڕاوكەرەكان كەروێشكێیان ڕاوكرد.**

*** دوێنێ ڕاوكەرەكان كەروێشكێك ڕاودەكەن.** ناپەسەندی ڕێزمانی

*** دوێنێ كەرویشكەكان ڕاوكەرێكیان ڕاوكرد** ناپەسەندی واتایی

زۆرجار بۆلێكدانەوەی واتای وشەش پەنادەبرێتەبەر واتای ڕستە، هەندێك لەزمانەوانان پێیانوایە، پەیوەستبوون بەو باسانەی، كە لەئاستی یەكە دابڕاوەكاندان خۆهەڵخەڵەتاندنو خەیاڵە، چونكە واتای وشە بەپێی ئەو ئەركەی لەناو ڕستەدا دەیبینێت، دەگۆڕێت. (كلۆدجیرمان و ریمۆن لوبلان: ٢٠٠٦: ٧٣) بۆنموونە ئەگەر تەماشای وشەی (خواردن) لە هەریەكێك لەم ڕستانەی خوارەوەدا، بكەین دەبینین كە واتای جیاجیا دەبەخشێت:

| | |
|---|---|
| **جگەرە ناخۆم.** | **(كێشان)** |
| **پارەكەت ناخۆم.** | **(خەرجكردن)** |
| **خەفەت ناخۆم.** | **(هەڵگرتن)** |
| **بلۆكی تەواو ناخوا** | **(پێویست بوون)** |
| **سوێند ناخۆم.** | **(قسم)** |
| **ڕۆژوو ناخۆم.** | **(گرتن)** |
| **تەڵاق ناخۆم.** | **(گوتن)** |
| **سێوەكە ناخۆم.** | **(خواردن)** |

**هاوڕێیەتی**collocation [1] وشەكان، لەهەریەكێك لەم ڕستانەی سەرەوەدا واتای جیاواز دەگەیێنێت. بۆیە ناتوانین لەواتای وشەی (خواردن) بگەین، ئەگەر لە دەوروبەرو ڕستەدا نەبێت، چونكە وەك دیارە لەهەر ڕستەیەكدا واتایەكی تایبەتی هەیە. لەبەرئەوە (وشە واتاكەی ڕوون نابێتەوە تەنها لە بەكارهێناندا نەبێت.)(سەرچاوەی پێشو:٣٠)

١ – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پێكەوەهاتن (باهم ایی)، بڕوانە: (ازیتا افراشی: ١٣٨١)

کاریگەریی ڕێزمانیش ڕۆڵی خۆی لەدیاریکردنی واتای ڕستەدا هەیە، بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین، واتای ڕستە لەواتای ئەو کەرەستانەوە کە پێکیدەهێنێت لەگەڵ ڕۆنانی سینتاکسی، پێکدێت. (جون لاینز: ١٩٨٧: ٢٤) کەواتە ڕستە واتاکەی زیاترە لە کۆی واتای وشەکانی، ئەگەر تەماشای واتای هەریەك لەم دوو ڕستەیە بکەین، واتاکانیان جیاوازە، کەچی هەر لەو وشانەش پێکهاتوون. (Falk: 1987 :253) جیاوازییە واتاییەکەیان بۆ ڕێکخستنی کەرەسەکانی دەگەڕێتەوە. وەکو:

**منداڵەکە سەگەکەی ڕاونا.**

**سەگەکە منداڵەکەی ڕاونا.**

ئەم دوو ڕستەیە لەڕووی واتاوە دژیەکن، بەڵام وشەکانیان هەرئەو وشانەن و لەهەردوو ڕستەکەشدا هەر بەو واتا فەرهەنگییەی خۆیان بەکارهاتوون. ئەم دژیەکییە بۆ کاریگەریی ڕێزمانی دەگەڕێتەوە، چونکە تەنها بەگۆڕینی شوێنی بکەرو بەرکار واتای ڕستەکە پێچەوانە دەبێتەوە. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ((واتای ڕستە بریتییە لە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی)) (عبدالواحيد مشير دزەيی: ٢٠٠٥: ٤٢) ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە واتای ڕستە بڕوانین، ئەوا تەنها واتای سیمانتیکیی ڕستە لێکدەدەینەوە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە ڕستە خاوەنی واتایەکی پڕاگماتیکییە. بۆیە دەبێت بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە، ئەم جۆرە واتایەش لەبەرچاوبگرین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی لە واتاسازیی ڕستە دەکۆڵنەوە، پێیانوایە، دەبێت بیردۆزەکانی واتاسازی، واتای ڕستەی ناوێزەو پێچەوانەو لێڵو سینۆنیمو هایپۆنیمو بەش لەگشتو.....هتد لێکبداتەوە. (طالب حسێن علی: ١٩٩٨: ٣٦و٣٧)

لێکدانەوەی بەشێك لەواتای ڕستەکانیش بەلایەنی واتای پڕاگماتیکییەوە پەیوەستە، چونکە ئەو کەرەستانەی ڕستەکە پێکدەهێنن، سیمانتیكو ڕێزمان لە توانایدا نییە واتاکانیان لێکبداتەوە. (هۆگر مەحموود فەرەج: ٢٠٠٠: ٦) بۆیە پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی دەوروبەر لەبەرچاوبگرین، بەشێوەیەك کە هالیدەی باوەڕی وایە زمان دەبێتە زمان بەهۆی بەکارهێنانی لەباری دەوروبەردا، هەرچی تێشیدایە بەدەوروبەرەوە بەستراوە. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ٣٠)

بەشێکی زۆری ڕستەکان سەرباری ئەو واتا سیمانتکییەی کە هەیانە ئەو کاریگەرییە ڕێزمانییەشی کە لەسەر واتاکە هەیە، هێشتا واتاکانیان لێکنادرێتەوە، بەتایبەتی لەکاتی بوونی نیشانەی پڕاگماتیکی، بۆیە پێویستمان بەدەوروبەر دەبێت بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لەواتاکانیان بۆیە واتای پڕاگماتیکی ڕستە (بریتیە لە واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر) (عبدلواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٥: ٥٢) بۆیە لەلێکۆڵینەوەی واتای ڕستەدا ناکرێت واتای پڕاگماتیکی لەبەرچاونەگرین، بۆنموونە: **هەر گەلاویژ بئەنگوێ شەو فێنك دەبێت.**

لەم ڕستەیەدا دەبێت گوێگر شارەزاییەکی تەواوی لەژیانی لادێیو کستوکاڵ کردندا هەبێت، ئەوجا لەواتای ڕستەکە تێدەگات، چونکە نیشانەیەکی پڕاگماتیکیی کاتی تێدایە، کە واتاکەی لای هەموو کەس ڕوون نییە.

**پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی ڕستەدا:**

وەك چۆن پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی وشەو مۆرفیمدا هەن، هەربەوشێوەیە لەئاستی ڕستەشدا هەن، دەستنیشانکردنی ئەم پێوەندییانەش بۆ کارەکانی کاتزو فۆدەر دەگەڕێتەوە، کە باوەڕیان وایە، دەبێت تیۆری واتایی، ڕستەش لێکبداتەوە. پێوەندی نێوان ڕێزمان واتا لەبەرچاوبگرێت. (کورش صفوی: ١٣٨٧: ٥٩) بۆیە ئەو تیۆرییانەی، کە واتای وشە لێکدەدەنەوە واتای ڕستەش لێکدەنەوەو پێوەندییە واتاییەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دیاریدەکرێن. جا ئەگەر تەماشای ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین، ئەوا بوونی بەشێکی زۆری پێوەندییەکانمان باشتر بۆ دەردەکەوێت:

**هاوڕێکەم ڕەبەنە.**

**هاوڕێکەم ژنی نەهێناوە.**

**هاوڕێکەم سەڵتە.**

ئەم ڕستانەی سەرەوە سینۆنیمن، چونکە دەتوانرێت لەبریی یەکتری لەدەورووبەری جیاجیادا بەکاربهێنرێن و واتاکانیشیان تەواو لێکنزیکن یان دەتوانین بڵێین وەکیەکن. ئەگەر لەم ڕستانە وردبینەوە:

**ئەمڕۆ هەوا گەرمە.**

**ئەمڕۆ هەوا ساردە.**

ئەم دوو ڕستەیەش دژیەکن، هەردوو وشەی (گەرم)و (سارد) کە دژیەکن، واتای ڕستەکەشی کردووە بە دژیەك. هەروەها ڕستەکانی، وەکو:

**باخەکەمان میوەی باشی گرتووە.**

**باخەکەمان هەناری باشی گرتووە.**

**باخەکەمان هەرمێی باشی گرتووە.**

لەنێوان ئەم ڕستانەشدا پێوەندیی هایپۆنیم (گرتنەوە) هەیە، بەشێوەیەك کە ڕستەی یەکەم واتای هەردوو ڕستەکەی دیکە لەخۆدەگرێت. هەروەها ئەگەر لە پێوەندیی ئەم دوو ڕستەیە بڕوانین:

**ئەو مەیموونە شیر بەبێچوەکانی دەدات.**

**ئەو مەیموونە مێیە.**

پێوەندیی واتایی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا پێوەستبوونی واتاییە entailment، کە مەبەست لێی ئەوەیە، واتای ڕستەی یەکەم بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەواتای ڕستەی دووەمەوە پەیوەستە. یان ڕستەکانی وەکو:

**ئازاد لەهەولێرەوە نامەیەکی بۆ ناردم.**

**ئازاد لەهەولێربوو.**

پێوەندیی واتایی نێوان ئەم دوو ڕستەیە، گریمانە پێشەکییەکانە Presupposition بەوەی کە لە واتای ڕستەی یەکەمەوە، گریمانەی واتای ڕستەکەی دیکە، دەکرێت. ئەم ڕستەیەی خوارەوەش پێوەندیی هاوبێژی Homonymی هەیە، وەکو:

**پێم داگرت**

ئەم پێوەندییە واتاییە لەئاستی وشەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت، (ڕستەش کاتێك هاوبێژ دەبێت، کە دوو ڕستە یان زیاتر لەسیمادا جووت بن، بەڵام لەئاستی ژێرەوەدا زیاتر لەلێکدانەوەیەکی هەبێت) (صباح ڕشید قادر: ٢٠٠٠: ١٨) بەواتایەکی دیکە (دانە زمانییەکان کە تەنها لەڕووی فۆنەتیکەوە لێك دەچن (بەڵام لە واتادا جیاوازن لەیەکتری‌و پێیان دەڵێن هاوبێژی) (Bloomfield:1954: 145) بەم پێیە ئەم ڕستەیەی سەرەوە، ئەم دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

**من سووربووم لەسەر کارەکە.**

**بارەکەم پێ هێنایە خوارێ.**

هەرئەمەش ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی لێڵی لەئاستی ڕستەدا، دەشێت بەهۆی گواستنەوە، یان بەکارهێنانی لەدەورووبەردا ڕوونبکرێتەوە. هەروەها دەشێت لەئاستی ڕستەدا پێوەندیی فرەواتایی Polysemy یش هەبێت. بەنموونە ڕستەیەکی وەکو:

**سەری هەڵدایەوە.**

ئەم ڕستەیە، کە لەسیمادا یەك ڕستەیە، بەڵام لەڕۆنانی ژێرەوەدا بەمانای:

١– بەمانای پەیدابوویەوە، ژیانەوە دێت. وەکو:

**کێشەکە سەری هەڵدایەوە.**

٢– بەمانای سەر لابردن لەسەر شتێك، وەکو:

**سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە.** (صباح ڕشید قادر:٢٠٠٠: ٢٧)

بەم پێیەش ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەبێتە فرەواتا، قسەکەر دەتوانێت زیاتر لەواتایەك بەم دەربڕینە بگەیێنێت.

پێوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا[٢] سنووریان تەسکتر نییە، لەئاستی دانە واتاییەکانی دیکە، بەڵام لەزمانی کوردیدا کەمتر لەم ئاستەدا باسکراون.

## سینۆنیم بوونی ڕستە:

کاتێك باس لەسینۆنیم لەئاستی ڕستەدا دەکرێت، پێویستە بەر لەهەموو شتێك، ئەو ڕێبازو قوتابخانەیە دیاریبکەین، کە لێوەی دەڕوانینە ڕستەو کارەکەمانی پێ شیدەکەینەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆر، لەنێوانیاندا، لەبارەی دیاریکردنی ڕستە سینۆنیمەکان‌و پێوەرەکانیان بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە ڕستانە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین:

**١– لەم وڵاتەدا ڕۆژانە هەزاران کەس بەدووای خەمی ناندا وێڵن.**

**٢– ڕۆژانە هەزاران کەس لەم وڵاتەدا بەدووای خەمی ناندا وێڵن.**

**٣– هەزاران کەس ڕۆژانە لەم وڵاتەدا وێڵن بەدووای خەمی ناندا.**

**٤– لەم وڵاتەدا هەزاران کەس ڕۆژانە بەدووای خەمی ناندا وێڵن.**

[٢] – بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (کورش صفوی: ١٣٨٥) و(کورش صفوی: ١٣٨٧)

ئەگەر بەپێی ڕێبازی گواستنەوە، لەم چوار ڕستەیەی سەرەوە بڕوانین، لەڕووی واتاوە سینۆنیمن، ڕستەکانی (٢، ٣، ٤) تەنیا لەڕووی داڕشتنەوە لەگەڵ ڕستەی (١) جیاوازن‌و لەویشەوە وەرگیراون، بەپراکتیزەکردنی یاسای گواستنەوە. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ١٥)

ئەگەر بەپێی ڕێبازی ئەرکی یان واتای بابەتی، کە (بریتییە لەڕیزکردنی دانەکانی ڕستە بەگوێرەی دەورووبەری بەکارهاتوو.) (یحیی أحمد: ١٩٨٩: ٧٢) لەو ڕستانەی سەرەوە بڕوانین، نابن بەسینۆنیم، هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز دەبەخشن چونکە هەریەکەیان بۆ دەورووبەرێك دەگونجێت. هەریەکەیان دەبێتە وەڵامی پرسیارێکی تایبەت.[٣] کەواتە بەپێی ڕێزمانی ئەرکی ناتوانین بڵێین ئەم ڕستانە سینۆنیمن. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ١٥) بۆیە ئێمە کاتێك باس لە سینۆنیم لەچوارچێوەی یەکە سینتاکسیەکاندا دەکەین، لەڕوانگەی ڕێبازی گواستنەوەوە لەم یەکە واتاییانە دەڕوانین. لایەنی ئەرکی، کە خۆی لەچوارچێوەی واتای بابەتیدا دەبینێتەوە، ڕەچاوناکەین.

مەبەست لەسینۆنیم لەئاستی ڕستەدا ئەوەیە، کە (بتوانین لەزنجیرە وتنێکدا ڕستەیەك لەشوێنی ڕستەیەکی دیکە بەکاربهێنین، بەبێ‌ئەوەی کە واتای گشتیی زنجیرە وتنەکە تێکبچێت.) (کورش صفوی: ١٣٨٧: ١٣٢) هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی بۆ سینۆنیم لەچوارچێوەی وشەدا دەوترێت، بۆ ئاستی ڕستەش گونجاوە، چونکە ئەم دیاردەیە، لەزماندا پێویستە بەپێی بەکارهێنان تەماشای بکەین. ئەمەش لەئاستی ڕستەو وشەش هەریەك شتە، بەجۆرێك کە بەکارهێنان‌و شوێن گۆڕکێی وشەکان، بەبێ گۆڕانی واتا لەناو ڕستەدا وشەی سینۆنیم دروست دەکات، هەروەها گۆڕینی ڕستەکانیش بەبێ گۆڕانی واتا لەچوارچێوەی دەق‌و ئاخاوتندا ڕستەکان دەکات بەسینۆنیمی یەکتری.

بەپێی بیروباوەڕی لاینز، هەر چەشنێك لە دانەکانی زمان، کە واتای وەکیەکیان هەبێت، دەبن بەسینۆنیم، بەپێی ئەم تێڕوانینە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە نەك تەنها وشەکان، بەڵکو فرێزو ڕستەکانیش دەتوانن ئەم تایبەتمەندییەیان هەبێت. (میترا معدنی: ١٣٨٣: ١٠٤) بۆیە کاتێك باس لەسینۆنیم دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەهەموو دانە زمانییەکان هەر لەفۆنیمەوە تاوەکو دەگاتە ڕستەو سەروتریش بکەین.

ئەوەی کە سینۆنیم لەئاستی ڕستەدا جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە چەندین ڕێگەی جیاجیا بۆ بەسینۆنیمکردنی دوو ڕستە هەن، بەڵام بەهەر شێوازێك بێت بەوە پێناسە دەکرێت، کە (بریتییە لەپێوەندیی نێوان دوو ڕستە، کە یەك واتا هەڵدەگرن.) (بەکر عومەر علی: ٢٠٠٠: ٨١) ئەم واتایەش نابێت لەهیچ یەکێك لەڕستەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی هەبێت، کە واتای گشتیی دەقەکە یان ئاخاوتنەکە بگۆڕێت، چونکە لەئاستی ڕستەشدا سینۆنیم نزیکیی واتاییە نەك یەکسانی واتایی.

لەڕووی دووبارەبوونەوەی واتاشەوە، دووبارەبوونەوەکە لەئاستی ڕستەدا دەبێت، (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١٣٦) ئەمەش لەچوارچێوەی دەق یان ئاخاوتندا دەبێت، بەتایبەتی کاتێك نووسەر یان قسەکەر بیبەوێت ڕستەیەك یان دەربڕینێك دووبارە بکاتەوە، بەڵام هەرئەو فۆرمە بەکارنەهێنێتەوە، بۆیە پەنادەباتە بەر هەڵبژاردنی ڕستەیەکی سینۆنیم، لەڕووی ڕواڵەتی زمانیشەوە جوانکاریی ئەم دەقە پتر دەبێت‌و چێژێکی زیاتر، لەخوێندنەوەی دەقەکەدا، دەبەخشێت.

---

[٣]– بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (یحیی أحمد: ١٩٨٩) و (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨)

## سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزدا:

فرێز وەك دانەیەکی زمانی، دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە، لەدیارخراوێكو دیارخەرێك یان زیاتر پێك دێت. (ئاواز حمەصدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ٥٠) هەندێك جار بەدیارخراوەکە دەوترێت سەرە، هەریەك لەدیارخراو و دیارخەریش (پێکەوە یەکەیەکی ڕێزمانیی تاك دروست دەکەن.) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٨٦) سەرباری ئەوەی کە پێوەندییەکی ڕێزمانی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، لەڕووی واتایشەوە، بەدانەیەکی واتایی هەژماردەکرێتو پێوەندی واتاییش ڕۆڵێکی گرنگ، لەدروستکردنی ئەم یەکە زمانییە و داڕشتنی لە قاڵبێکدا دەبینێت.

پێوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی فرێزیشدا دەبینرێن، وەك هەموو دانە واتاییەکانی دیکە، لەنێویشیاندا سینۆنیم. بەگشتی مەرج نییە، ئەم دیاردە واتاییە هەر لەسەر بنەمای وشە دروست ببێت، لە دەقدا لەسەرووی وشەشەوە دەبینرێت، لەوانە دوو فرێز دەبن بەسینۆنیم. (شێرکۆ حمەئەمین قادر: ٢٠٠٩: ٦٤)، وەکو:

**کوردستانی باکور ≈ کوردستانی تورکیا**

**کوردستانی ڕۆژهەڵات ≈ کوردستانی ئێران**

**کوردستانی باشور ≈ کوردستانی عێراق**

**کوردستانی ڕۆژئاوا ≈ کوردستانی سوریا**

**لەهەولێر ≈ لەپایتەختی کوردستان**

سینۆنیمبوونی هەریەك لەم فرێزانەی سەرەوە، بۆ زانیاریی قسەکەرو گوێگر لەبارەی جیهانی دەرەوە دەگەڕێتەوە. لێرەدا وشەکان، ڕۆڵیان لە دروستکردنی فرێزی سینۆنیمدا نەبینیووە، کە بەزۆری ئەم ڕێگایە لەفرێزدا کارایە. بۆنموونە:

**لەبن ≈ لەژێر**

**لەسەر ≈ لەبان**

**بەهاوڕێیەتی ≈ بەبرادەرایەتی**

**باشترین ڕۆمان ≈ ڕۆمانی هەرەباش**

**نیوەی کتێبەکە ≈ یەك لەسەر دووی کتێبەکە**

**سێیەکی زەوییەکە ≈ یەك لەسەر سێی زەوییەکە**

زۆرجار بەهۆی جێگۆڕکێی دیارخەرو دیارخراوەوە، دوو فۆرمی جیاوازی فرێزێکمان بۆ دروستدەبێت، کە هەردووکیان دەبنە سینۆنیم، چونکە هەرئەو واتایە دەگەێننو دەتوانرێت لەبریی یەکتری بەکاربهێنرێن. وەکو:

**جەنگی یەکەمی جیهانی ≈ جەنگی جیهانی یەکەم**

**کوردستانی باکور ≈ باکوری کوردستان**

**کوردستانی ڕۆژهەڵات ≈ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**سێیەمین کۆڵان ≈ کۆڵانی سێیەمین**

**خانووی یەکەم ≈ یەکەم خانوو**

هەریەکێك لەم فریزانەی سەرەوە، بە هۆکارێك بوون بەسینۆنیم، لەوانە جێگۆڕکێی کەرتە پێکهێنەرەکانی (دیارخەر و دیارخراو)ی فرێزەکە، یان بوونی وشەی سینۆنیم لەناو فرێزەکەدا، یان بەپێی زانیاریی قسەکەرو گوێر لەبارەی جیهانی دەرەوە، فرێزەکان بوونەتە سینۆنیم. کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەدروستکردنی ڕستەی سینۆنیمدا هەیە.

بەم پێیە، دوو دانەی زمانی، کە لەڕووی پێکهاتنەوە پێیان دەڵێن فرێز، دەبن بەسینۆنیم. (بەڵام هەموو کاتێك دوو ڕۆنانی چوونیەك مەبەستمان کورتیو درێژی پێکهاتەکانە نابن بەسینۆنیم، لە دەقدا زۆرجار فرێز سینۆنیمی وشە دەبێت) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٥) هەروەکو لەپێکهاتەی وشە سینۆنیمەکانیشدا ئاماژەمان پێدا، دانەی زمانیی جیاجیا لەڕووی ڕۆنانەوە دەتوانن ببن بەسینۆنیم، بەڵام لێرەدا دوو یەکەی جیاواز، کە هەریەکەیان سەربە ئاستێکی زمانن، ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دەبینرێت. لێرەشەوە پێوەندییەکی دیکەی ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسی لەڕووی واتاییەوە دەردەکەوێت. وەکو:

**زمانەوانی ≈ زانستی زمان**

**برازا ≈ کوڕی برا**

**ئابووری زانی ≈ زانستی ئابووری**

**هێمالۆژی ≈ زانستی هێما**

**بەردەنوێژ ≈ بەردی نوێژ**

ئەم ڕێگایە، دەکرێت لە پێوەندیی نێوان ئەکرۆنیمو ناوە تەواوەکەشدا ببینرێت، بەجۆرێك کە ئەکرۆنیمەکە وەك وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ناوە ئەکرۆنیم کراوەکە لەبنەڕەتدا فرێزێکی ناوییە. دیارە پێوەندیی نێوانیشان بەجۆرێك لەسینۆنیم هەژماردەکرێت. وەکو:

**فیفا ≈ یەکیەتی تۆپی پێی جیهانی**

**سی ئای ≈ سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال**

**یو ئێن ≈ نەتەوەیەکگرتووەکان**

## ڕێگاکانی بەسینۆنیم بوونی ڕستە:

لەهۆکارەکانی دروستبوونی سینۆنیمدا، ئاماژەمان بەوە دا، کە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردە واتاییە، لەهەموو زمانەکانی دونیادا، کۆمەڵێك هۆکار هەن. هەرچەندە ئەم هۆکارانە زیاتر لەچوارچێوەی وشەدا باسیان لێوەکراوە. هەندێکیشیان دەتوانن لەدروستکردنی ڕستەی سینۆنیمدا کاریگەربن، سەرەڕای ئەمانەش چەند ڕێگایەکی دیکە، بۆ پەیدابوونی ڕستەی سینۆنیم هەن، کە بەگشتی ئەمانەی خوارەوەن:

**١: جێگۆڕکێی کەرەستەکان:**

کەرەستەکان بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی ڕستەدا دوو جۆرە ڕیزبوونیان هەن، ڕیزبوونی چەسپاو، کە بوار بەکەرستەکان نادات جێگۆڕکێیان پێبکرێت. ڕیزبوونی ئازاد، کە کەرەستەکان دەتوانن

جێگۆڕکێ بکەن. (تالیب حسێن علی: ١٩٩٨: ١٠) ئەم ڕێگایە تەنها دەتوانێت لەو جۆرە ڕستانەدا ڕۆڵ ببینێت، کە ڕیزبوونێکی ئازادیان هەیە. لەبەرئەوەی لەم جۆرەیاندا (ڕیزبوونی کەرەسەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا چەند شێوازێکی جیاوازی هەیە، بێئەوەی کار لەواتای ڕستەکە بکات.) (محمد علی الخولی: ١٩٨٣: ٩٨) ئەم شێوە جیاوازە ڕیزبوونانەش دەتوانن ببن بەسینۆنیم، چونکە هەر ئەو واتایە لەفۆڕمی جیاجیادا بەدەستەوە دەدەن. پێشی دەوترێت (گوێزانەوە، ئەمەش بەگۆڕینی شوێنی وشەکان لەناو ڕستەدا دەکرێت، بەتایبەتی لەو زمانانەدا، کە جێگۆڕکێی کەرەسەکان ڕێگەپێدراوە.) (احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٢٢٢) وەکو:

**شەماڵو بێری خوشكو بران.**

**بێریو شەماڵ براو خوشكن.**

**ئازادو شاسوار وەستاو شاگردن.**

**شاسوارو ئازاد شاگردو وەستان.**

**هەموو ساڵێك لەمانگی ئایاردا وەرزی دروێنە دەستپێدەكات.**

**وەرزی دروێنە هەموو ساڵێك لەمانگی ئایاردا دەستپێدەكات.**

لەم ڕستانەدا، جێگۆڕکێ بەوشەکان کراوە، بەڵام واتای ڕستەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردانەهاتووە. ڕستەکانیش دەبن بەسینۆنیم، چونکە (لەئاستی سەرەوەدا دوو فۆڕمی جیاوازیان هەن، بەڵام بەهۆی بوونی سیمای واتایی هاوبەشی وشەکانو واتای یەکسانیان، سینۆنیمن.) (احمد ابو محبوب: ١٣٨٣: ١٣١) هەتاوەکو ڕستەکانیش بەکەرەسەی جیاجیا فراوانتر بکرێن، بوارو ڕێگاکانی ڕیزبوونەکەش زیاتر دەبن. بۆیە ڕستە فۆڕم جیاوازەکانیش هەربەو واتایە، فۆڕمی جۆراوجۆریان دەبن بەسینۆنیمی یەکتریو دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن.

جۆرێکی دیکەی جێگۆڕکێ لەنێوان تەواوکەر و بکەردایە، لەگەڵ گۆڕینی کردارەکە بە دژەکەی. (کورش صفوی: ١٣٨٧: ١٣٢) کە تەنها لەدژیەکیی پێچەوانەیی بۆ ئەم جۆرەیان گونجاوە. وەکو:

**ئازاد خانووەکەی لەباوکم کڕی.**

**باوکم خانووەکەی بەئازاد فرۆشت.**

**کاروان نامەیەکی لەنەورۆزەوە پێگەیشت.**

**نەورۆز نامەیەکی بۆ کاروان نارد.**

لە هەریەکێك لەم ڕستانەدا، گۆڕینەوەی بکەرو تەواوکەر لەلایەكو گۆڕینی کردارەکە بەدژیەکی پێچەوانەی لەلایەکی ترەوە، دوو ڕستەیان دروستکردووە، کە هەرئەو مەبەستە بەدەستەوە دەدەن. بۆیە (ئەم ڕستانەی سەرەوە لەوەدا سینۆنیمن، کە هەموویان دەربارەی یەك ڕوودان.) (یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ٦٣) هەر لەبەرئەوەشە، کە دەتوانین بەسینۆنیم هەژماریانبکەین.

**٢: بوونی وشەو دەستەواژەی سینۆنیم:**

ئەم ڕێگایە بۆ دروستکردنی ڕستەی سینۆنیم، زۆر چالاکە. هەندێك لەوشەکان یان فرێزەکان، کە لەبنەڕەتدا سینۆنیمن‌و لەناو دوو ڕستەی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن‌و ڕستەکانیش دەبنە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بەمەرجێك کەرەستەکانی تر نەگۆڕێن. هەندێکجاریش بەهۆی ڕوونکردنەوە یان لێکدانەوەی وشەکان لەڕستەیەکی دیکە، کە جۆرێکی سینۆنیمە، ئەم دوو ڕستەیە دەبن بەسینۆنیم‌و دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن. وەکو:

**هێرۆ بووە بەقەیرەکچ.**

**هێرۆ تەمەنی چووەتە سەرو شووی نەکردووە.**

**براکەم هێشتا سەڵتە.**

**براکەم هێشتا ڕەبەنە.**

**براکەم هێشتا ژنی نەهێناوە.**

**یارمەتی هەتیوان دەدەین.**

**یارمەتی بێباوکان دەدەین.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، هەریەك لەوشەکانی (قەیرە)، (ڕەبەن)، (هەتیوو) واتاکانیان بە وشەیەك یان دەستەواژەیەك ڕوونکراوەتەوە، هەریەکێکیان بۆئەوەی تریان بووە بەسینۆنیم، واتای ئەوەی دیکەیان دەگەیەنێت. بەمەش ڕستەکان یەك مەبەست دەدەن‌و ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دروستدەبێت. هەروەها هەندێجار تاکە وشە سینۆنیمەکان دەتوانن ڕستەی سینۆنیم دروست بکەن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو وشەکان کرداربوون، دەبنە ڕستەو لەپێکهاتەدا دوو ڕستەی شێوە جیا، واتاکانیان دووبارەدەبێتەوە، (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١٣٦)، بەڵام دەبێت لێرەدا کردەی مۆڕفۆسینتاکس لەبەرچاوبگرین. وەکو:

**نووستم ≈ خەوتم**

**نەمدۆزیوەتەوە ≈ نەمبینیوەتەوە**

**تەماشامکرد ≈ سەیرمکرد**

**سەرم بڕی ≈ کوشتمەوە**

هەندێکجار لەڕستە سینۆنیمەکاندا زیاتر لەوشەیەك ئەم ڕۆڵەیان بینیووە، کە دوو فۆڕمی تەواو جیاواز بۆ واتایەك بەکاردەهێنرێت، وەکو:

**أ- هیوادارم لەئیمتیحانەکانتدا سەرکەوتوو بیت.**

**ب- ئاواتەخوازم لەتاقیکردنەوەکانتدا دەربچیت.**

سەرجەمی وشەکانی ڕستەی (أ)، سینۆنیمەکەیان لەڕستەی (ب)دا هاتووە، ئەم دوو ڕستەیەش یەك واتاو مەبەست دەگەیێنن. هەروەها دەشێت بەشێك لەوشەکانی ڕستەکە سینۆنیمیان دروستکردبێت‌و ئەوانی دیکە وەك خۆیان دووبارەبوونەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین، وەك چۆن ڕستە، (دەورووبەر) دەتوانێت

دوو وشەی جیاواز لەواتادا بکات بەسینۆنیم، هەربەو شێوەیەش وشەیەکی سینۆنیم یان زیاتر دەتوانێت دوو ڕستە بکەن بەسینۆنیمی یەکتر، ئەمەش پێوەندییەکی دیکەیە لەنێوان وشەو ڕستەدا لەڕووانگەی ئەم پێوەندییە واتاییەوە.

**٣: سینۆنیمبوون بەپێی واتای شاراوە:**

هەندێك لەوشەو دەستەواژەکان جیا لەواتا سەرەکییەکەی خۆیان، واتایەکی شاراوەشیان هەیە. ئەم واتایە لەگەڵ واتا ڕستەقینەکەدا یەك شتە، بەڵام لەفۆڕمێکی دیکەدا مەبەستەکە دەگەیێنێت. واتای هەریەکێکیان واتای ئەوەی دیکە دەگرێتەوە، (ئەو دوو ڕستەیە کاتێك کە واتاکەیان یەکتری بگرێتەوە دەبن بەسینۆنیم.) (احمد ابو محبوب: ١٣٨٣: ١٣١) وەکو:

**١- أ- ژاڵەو ژیان لەیەك پۆلن.**

**ب- ژاڵەو ژیان هاوپۆلن.**

**٢- أ- دیارو دونیا دەڵێی لەیەك دایكو باوکن.**

**ب- دیارو دونیا دەڵێی خوشكو بران.**

**٣- أ- ڕێباز شاگردی ئازادە.**

**ب- ئازادو ڕێباز وەستاو شاگردن.**

لەهەریەکێك لەم ڕستانەدا، کە سینۆنیمن، واتای ڕستەی (أ) واتای ڕستەی (ب)یش دەگرێتەوەو بەپێچەوانەشەوە. هەروەها مەرجی (هاوپۆلبوون) ئەوەیە کە لەیەك پۆلدا بن، یان مەرجی خوشكوبرایەتی ئەوەیە، کە لەیەك دایكو باوك بن. هەرکاتێکیش ئەم دوو دەربڕراوە بەکارهاتن، دەبنە سینۆنیم. لەلایەکی دیکەشەوە ڕستەکانی (ب) واتای شاراوەی ڕستەکانی (أ) پیشان دەدەن. یان بەواتایەکی تر واتای ڕستەکانی (أ) بەشێوەی شاراوە لەڕستەکانی (ب)دا هەیە.

**٤: بوونی زانیاری لەبارەی جیهانی دەرەوە:**

ئەم ڕێگایە بەپێی زانیاری قسەکەرە بۆ جیهانی دەرەوە. (کورش صفوی: ١٣٨٥: ٨٣) هەروەها مەرجە ئەو زانیارییەش لەلای گوێگر هەبێت. بەشێوەیەك (لیچ باوەڕی وایە، کە سینۆنیم زیاتر لەسەر زانیاریی زمانی وەستاوە، بەڵام پێویستی بەزانیاریی دەرەوەی زمانیش هەیە.) ( ازیتا افراشی: ١٣٨١: ٢٤) بۆ نموونە وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

**١- أ- کۆنگرەی ئابووریی جیهانی، لەپایتەختی چین بەسترا.**

**ب- کۆنگرەی ئابووریی جیهانی، لەپەکین بەسترا.**

**٢-أ- لافاوێکی بەهێز، پایتەختی تورکیای گرتەوە.**

**ب- لافاوێکی بەهێز، ئەنقەرەی گرتەوە.**

**٣-أ- سەرۆك کۆماری عێراق، گەیشتە پایتەختی ئێران.**

**ب- مام جەلال گەیشتە تاران.**

هەریەکێك لەم ڕستانەی سەرەوە، کاتێك دەبن بەسینۆنیم، کە قسەکەرو گوێگر زانیاریی ئەوەیان هەبێت، کە (پەکین) پایتەختی (چین)ە، (ئەنقەرە)ش پایتەختی (تورکیا)یە، هەروەها (مام جەلال) سەرۆك کۆماری عێراقە. دەشێت زیاتر لەوشەیەك لەم ڕێگایەدا ڕۆڵی بەسینۆنیمکردنی ڕستەکان ببینێت. وەکو:

**١- أ- وەزیری دەرەوەی عێراق، چاوی بەهاوتا ئێرانییەکەی کەوت.**

**ب- وەزیری دەرەوەی عێراق، چاوی بەوەزیری دەرەوەی ئێران کەوت.**

**ج- وشیار زێباری، چاوی بەمەنوچەهری موتەکی کەوت.[٤]**

هەریەکێك لەڕستەکانی (أ، ب، ج) دەبنە سینۆنیم، چونکە گوێگر بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی، دەزانێت کە هەرسێ ڕستەکە یەك مەبەست واتاو زانیاری بەدەستەوە دەدەن.

**٥: دارشتن:**

مەبەست لە داڕشتن، بەکارهێنانی کەرەسەکانی ڕستەیە لەگەڵ یەکتریدا، بەتایبەتی هاتنی ئاوەڵناو و کردار، لەباری ئەرێی و نەرێیدا. بەجۆرێك کە (بەکارهێنانی کردارێکی ئەرێ لەپاڵ ئاوەڵناوی نەرێدا، سینۆنیمی بەکارهێنانی کارێکی نەرێیە لە ئاوەڵناوی ئەرێدا.) (کورش صفوی: ١٣٨٠: ١٨٨) ئەم پێکەوەهاتنانەش تەنها لەچوارچێوەی ڕستەدا دەبێتو ڕستەکان دوو شێوە داڕشتنی جیاواز وەردەگرن، بەڵام لەڕووی واتاوە یەك واتا دەگەیێنن‌و بۆیە دەتوانین وەك سینۆنیمیش بەکاریانبهێنین. وەکو:

**١- أ- شار ئارام نەبوو.**

**ب- شار نائارام بوو.**

**٢- أ- قسەکانی پیاوانە نەبوون.**

**ب- قسەکانی ناپیاوانە بوون.**

**٣- أ- بڕیارەکانی یاسایی نەبوون.**

**ب- بڕیارەکانی نایاسایی بوون.**

لەهەر یەکێك لەم ڕستانەدا، ئاوەڵناوێکی ئەرێ لەگەڵ کردارێکی نەرێ، هاتووە. کاتێکیش ئاوەڵناوەکان دەکەینەوە بەنەرێو کردارەکەکان دەکەینەوە ئەرێ، هەر ئەو واتاو مەبەستیمان دەداتێ. بۆیە ڕستەکان، تەنها لەڕێگەی داڕشتنیانەوە دەبن بەسینۆنیمی یەکتری.

**٦: بوونە سینۆنیم بەهۆی واتای پڕاگماتیکییەوە:**

وەك ئاستێکی واتا (پڕاگماتیك پەیوەستە بەلایەنی لێکۆڵینەوەی ئەو واتایەی، کە چۆن قسەکەر (یان نووسەر) دەیگەیێنێتو چۆن گوێگر (یان خوێنەر) وەریدەگرێتو لێکیدەداتەوە.) (Yule: 2000: 3) هەندێکجار ڕستەکان لەواتای پڕاگماتیکییاندا دەبنە سینۆنیمی یەکتری، بەتایبەتی لەڕووانگەی تیۆری

---

[٤] – ئەم جۆرە ڕستانە زیاتر لەزمانی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن.

کردەقسییەکانەوە. بەتایبەتی کە ڕستەکان بەڕووکارێك دەردەبڕدرێن، کە قسەکەر مەبەستی لەوەنییە کەدەیڵێت، بەڵکو واتاو مەبەستێکی دیکەی دەوێت، بەڵام بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت. بۆ نموونە:

**أ– چایەکەت سارد دەبێتەوە.**

**ب– چایەکەت بخۆوە.**

لەڕستەی (أ)دا مەبەست گەیاندنی هەواڵ نییە، بەڵکو مەبەست لێی جێبەجێکردنی کارێکە. بەڵام ڕستەی (ب) مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکەیە، لەهەردوو بارەکەشدا گوێگر بەئاسانی لەمەبەستی قسەکەر دەگاتو هەردوو ڕستەکەش یەك کاردانەوەیان لەبەرامبەرا دەبێت، کە (خواردنەوەی چایەکە)یە، بەڵام لەڕستەی (أ)دا شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆ فەرماندان، کە واتای ڕستەی (ب) دەگەیەنێت، کە فەرماندانێکی ڕاستەوخۆیە. دەشێت ڕستەیەکی پرس مەبەستی فەرماندان بگەیێنێت وەکو:

**أ– ئەرێ ژوورەکە سارد نییە؟**

**ب– سۆپاکە دابگیرسێنە.**

لەڕستەی (أ)دا قسەکەر پرسیار لەبارەی هەوای ژوورەکەوە دەکات، سەرباری ئەوەی هەواڵی ساردییەکەش دەدات، بەڵام بەناڕاستەخۆیی داوادەکات سۆپاکە هەڵبکرێتو ژوورەکە گەرمبکرێتەوە، شێوازە ڕاستەوخۆکە دەبێتە ڕستەی (ب). بۆیە ئەم دوو ڕستەیە دەبن بەسینۆنیم. جیاوازیی نێوانیان لەوەدایە کە ڕستەی (ب) بەشێوازێکی ڕاستەوخۆیەو ڕستەی (أ) شێوازەکەی ناڕاستەوخۆیە.

ئەم ڕێگایانە[٥] بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانن ڕۆڵی بەسینۆنیمکردن لەئاستی ڕستەدا ببینن. بەهەر ڕێگایەك ئەم ڕستانە دروست بووبن، لەڕووانگەی دروستیو نادروستیی واتاییەوە، (هەریەك لەڕستەکان بەشێوەیەك لەیەك نزیکن، کە ئەگەر ڕستەی (١) دروست بێت، ڕستەی (٢)ش دروست دەبێتو بەپێچەوانەشەوە.) (أحمد ابو محبوب: ١٣٨٣: ١٣١) ئەمەش بۆ چوونییەکی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا دەگەڕێتەوە، چ لەڕووی مەبەستو واتاوە چ لەڕووی دروستیو نادروستییەوە، بەجۆرێك کە (ڕستەکان وەکیەك دەبن دروست یان نادروست.) (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠: ٨٢) ئەمەش بەمەرجێکی سەرەکی بۆ بەسینۆنیمبوونی دوو ڕستەکە دادەنرێت.

## پارافرێز Paraphrase و سینۆنیمی ڕستە:

پارافرێز وەکو زاراوە لەزمانی کوردیدا، (داڕشتنەوە)ی بۆ بەکارهاتووە، کە (کردەیی یان ئەنجامی دروستکردنی شێوەی جیاوازە لەڕستەیەك یان دەقێك بەبێ گۆڕینی واتای ڕستەکە یان دەقەکە) (ابراهیم چگنی: ١٣٨٢: ٣٣٥) بەم پێیە واتای هەر دەقێك یان ڕستەیەك دەتوانرێت بەزیاتر لەڕێگایەك دابڕێژرێت. یان بەمانایەکی دیکە بۆ گەیاندنی هەر واتاو مەبەستێك قسەکەر یا نوسەر زیاتر لەڕێگایەکی لەپێشە، هەموو ئەم ڕێگایانەش هەمان واتا بەدەستەوە دەدەن.

---

[٥] – بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (کورش صفوی: ١٣٨٥)، (کورش صفوی: ١٣٨٧)، (أحمد ابو محبوب: ١٣٨٣)

بۆیە پارافرێز ((شیتاڵکردنەوەی ڕستەیەکە بۆ دوو ڕستەی ستراکتوور جیا، بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکەی، ئەگەر یەکێك لەو ڕستانە ڕاست بێت، ئەوی تریش کەوایە دروستە.)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٩٥) هەر ڕستەیەکیش دەکرێت بەچەند شێوەیەك پارافرێز بکرێن، بەڵام لەهەر یەکێك لەڕستە پارافرێزکراوەکاندا (ڕۆڵی سیمانتکیی ناوەکان هەریەك شتە.) (Hudson: 2000: 279) هەروەها ئەرکی ڕێزمانیی وشەکانیش پێوستە وەکیەکبێت. وشەکان هەربەو واتا فەرهەنگیە بەکاردەهێنرێن. بۆیە لەڕوانگەی واتای سیمانتیکییەوە هەموو ڕستە پارافرێزکراوەکان دەبنە سینۆنیمو دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن.

ئەم دیاردە زمانییە، (بەزۆری لەبواری فێرکردنی زماندا بەکاردەهێنرێت. بەجۆرێك کە داوا لەفێرخواز دەکرێت دەربڕراوێك، کە ڕستەیەك یان دەقێك بێت هەربەو چەمكو واتایە دابڕێژێتەوە، کە ئەمەش توانای زانینی زمانیی پێویستە.) (ابراهیم چگنی: ١٣٨٢: ٣٣٥) بەمەش قسەکەر توانای ئەوەی دەبێت، کە هەرئەو واتایە لەچەند فۆرمێکی جیاوازدا تەنها بەڕێگەی شیتەڵکردنەوە بگەیێنێت. کەئەمە بەیەکێك لە ڕۆڵو گرنگییەکانی سینۆنیم هەژماردەکرێت.

گرنگییەکی دیکەی سینۆنیم لەوەدایە، کە دەتوانێت لێڵیambiguity ڕوون بکاتەوە. هەربەو شێوەیە پارافرێزیش ئەم ڕۆڵە دەبینێت، بەجۆرێك ((کە بتوانێ بەچەند خوێندنەوەیەکی جیاواز لێڵییەکە ڕوون بکاتەوە بەڕێگەی داڕشتنەوە Paraphrase واتە بەدووبارەکردنەوەی داڕشتنی وتەکە.)) (تالیب حسێن علی: ١٩٩٨: ٦٠) بەڵام پێویستە ڕستەی دووەم (داڕێژارەوەکە) لەگەڵ ڕستەی یەکەمیاندا هیچ جیاوازییەکیان لەڕووی واتاییەوە نەبێت، چونکە بوونی هەر جیاوازییەك ڕستەکان دەکات بەڕستەی جیاوازو لێڵیی ڕستەی سەرەکیی پێ‌ڕووونناکرێتەوە.

هەموو ئەو ڕستانەی کە لێڵن، لەڕووی واتاییەوە تێگەیشتن لەچەمکەکانیان، قورسە، بەڵام پارافرێز بەزۆری تێگەیشتن لەچەمکەکانیان، ئاسانتر دەکات. (چك ریچارد و دیگران: ١٣٧٥: ٤٠٣) زۆرجار دەبینین، کە گوێگر لەڕستەیەك یان دەستەواژەیەك ناگات، ڕاستەوخۆ پرسیار دەکاتو قسەکەریش بەشێوەیەکی دیکە هەرئەو ڕستەیە یان دەستەواژەیە، بەجۆرێك کە گوێگر ئاسانتر لەچەمکەکەی تێبگات دادەڕێژێتەوە.

ئەگەربێتو لەڕووانگەی پێوەندییە واتاییەکانەوە، لەپێوەندی نێوان ڕستە پارافرێزکراوەکان بڕوانین، ئەم ڕستانە دەبن بەسینۆنیم. بەواتایەکی دیکە، پارافرێز سینۆنیمی ڕستەیە. واتە ڕستەکان لەنێوان خۆیاندا سینۆنیمن، وتنی هەرئەو شتەیە لەهەر ڕستەیەکدا. (Hudson: 2000: 279) هەربۆیە زۆرجار زاراوەی پارافرێزو سینۆنیم لەبەرامبەر یەکتری دادەنرێن بەتایبەتی کاتێك باسی پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی ڕستەدا، دەکرێت.[٦] هەروەها بەوە پێناسەدەکرێت، کە (دوو ڕستە خاوەنی هەریەك واتابن، لەزمانێکی دیاریکراودا.) (احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٢٢٢) ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی بەسینۆنیمبوونی دانە زمانییەکان لەم ڕستە پارافرێزکراوانە بڕوانین، دەبینین کە واتاییەکی وەکیەکیان هەیە، لەزۆربەی

---

[٦] ئەم دیاردەیە لەناو زمانەوانە فارسو عەرەبەکاندا بەدیدەکرێت، بۆئەم مەبەستە، بڕوانە: (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٦: ١٢٥)، (احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٢٢٢)

دەوروبەرەکانیشدا دەتوانن لەبریی یەکتر بەبێ گۆڕانی واتای گشتی دەقەکە بەکاربهێنرێن. وەکو:

**سمۆرەکان هەندێك گوێز لەکونی دارەکاندا دەشارنەوە.**

ئەم ڕستە بەچەند شێوەیەك پارافرێزدەکرێت، یەکێك لەوانە:

**لەکونی دارەکاندا هەندێك گوێز لەلایەن سمۆرەکانەوە دەشاردرێنەوە.**

ئـەم ڕسـتەیە کـە پـارافرێزکراوە، تـەنها شـێوەی داڕشـتنی گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، لەگـەڵ پاشوپێشکردنی هەنـدێك لـەو کەرەسـتانەی کـە ڕسـتەکەیان پێکهێنـاوە. بـەم پێیـەش واتاکـەی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بۆیەش ((جیاوازیی ڕۆنانی ڕێزمانی ڕستە مەرج نییە جیاوازی واتایی بـەدواوە بێـت.)) (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ١٠٣) وەك لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە.یان وەکو:

**أ- گریاندمی**

**ب- ئەو منی گریاند.**

**ج- ئەو منی هێنایە گریان.**

ئەم سێ فۆڕمی ڕستانەی سەرەوە، یەك واتا بەدەستەوە دەدەن، کە دەکرێت ڕستەی (أ) بەشێوەی ڕسـتەی (ب) و (ج) پارافرێزبکرێـت. لەڕسـتەی (ب)دا بـەگۆڕینی جێنـاوی لکـاو بـۆ جێنـاوی سـەربەخۆ دەکرێـت، کـە بـەپێی کـردەی مۆرفۆسـینتاکس[7] شـێوەی ڕسـتەی (أ) دروسـتدەبێت. ئەمـەش بـۆ دەسـتپێوەگرتن (ئـابووریکردن)ی زمـان بـەکارهاتووە. زۆرجـاریش دەسـتپێوەگرتن دەگاتـە ئاسـتی دروستبوونی لێڵیو تەمومژی. بۆیە ئەم جۆرە ڕستانەش پێویستییان بەپارافرێزکردن دەبێت. لەڕسـتەی (ج)دا سەرەڕایی ئەوەی کەجێناوەکان کراون بەسەربەخۆ، داڕشتنی کردارەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ڕۆنانە ڕیزمانییەکان جیاوازن، بەڵام واتا نەگۆڕاوە.

لەڕوویەکی دیکەوە (پارافرێزکردن میکانیزمێکی باشە بۆ ساغکردنەوەی مانای ڕستەی ئاڵۆز.) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٩٥) بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە ئاڵۆزیی ڕۆنانی ڕێزمانی، واتاکەشی ئاڵۆزکردووە. وەکو:

**أ- ڕۆژنامەکان خوێنەری زۆریان نییە.**

**ب- ڕۆژنامەکان خوێنەری کەم ڕادەکێشن.**

**ج- ژمارەیەکی کەم خوێنەر ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە.(سەرچاوەی پێشوو:هەرئەو لاپەڕە)**

ڕستەی (أ) کە پارافرێزکراوە، بۆ هەردوو شێوەی (ب) و (ج) هەرئەو واتایە دەگەێنن، لەدەوروبەری جیاجیادا لەبریی یەکتر بەکاردەهێنرێن. بۆیە لەنێوان هەر سێ ڕستەکەشدا پێوەنـدیی سـینۆنیمی هەیـە. هەرچەندە لەوانەیە لەڕووی داڕشتنەوە یەکێکیان لەوانی دیکە ئاسانتر چەمکەکە بەدەستەوە بدات.

لەڕووانگـەی دروسـتیو نادروستیشـەوە، ئەگـەر ڕسـتە سـەرەکییەکە دروسـت بێـت، دەبێـت ڕسـتە شیتەڵکراوەکان (پارافرێزکراوەکان)یش دروست بن. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕستەکە نادروست بێت، ئەوا ئەوانیش نادروست دەبن. بۆنموونە لەڕستەی :

**کرێکارەکان بەجوانی شار پاکدەکەنەوە.**

[7] – بۆ زانیاریی زیاتر، سەبارەت بە مۆڕفۆسینتاکس، بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣)

ئەگەر واتای ئەم ڕستەیە، دروست بێت، واتای ئەم ڕستەیەش دروست بێت:

**شار بەجوانی لەلایەن کرێکارەکانەوە پاك دەکرێتەوە.**

بەپێچەوانەشەوە، دەگونجێت ئەمەش ڕوویەکی دیکە بێت بۆ بەسینۆنیمبوونی ئەم دوو ڕستەیە، کە هەموو دوو ڕستەیەکی سینۆنیم، پێویستە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەبن.

هەموو ئەوانەی لەبارەی پارافرێز لەچوارچێوەی ڕستەدا باسکران، دەشێت بۆ دەقیش هەروابێت. بۆیە لەم ڕووانگەیەوە دەتوانین بڵێین دەقەکانیش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری. هەروەها دەشێت ئەو فرێزانەی کە ڕۆنانێکی ئاڵۆزیان هەیە، لەڕێگەی پارافرێزەوە چەند شێوەیەکیان لێ دابڕێژرێت. بەمەش دەبێتە ڕێگایەك بۆ بەسینۆنیمکردنی فرێزەکان لەگەڵ یەکتریدا، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردە زمانییە پتر لەئاستی ڕستەدا باسی لێوەدەکرێت.

## سینۆنیم لەنێوان چەند ڕستەو دەستەواژەیەکی تایبەتدا:

لەنێو هەموو زمانێکدا هەندێك ڕستەو دەستەواژەی تایبەتی فەرهەنگی هەن، کە وەك دانەیەکی واتایی ئامادەکراو و قاڵبگرتوو، لەبۆنەو مەبەستی جیاجیادا بەکاردەهێنرێن. هەریەکێکیش لەمانە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێزمانیو واتاییی خۆیانن، کە بەزۆری وەك یەکەیەکی فەرهەنگی بەکاردەهێنرێن. هەریەك لەڕۆنانە سینتاکسیو سیمانتیکییەکەیان تاڕادەیەکی زۆر چەسپاو و نەگۆڕن. ئەوەی لەم بابەتەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، هەریەك لە ئیدیۆمو دەستەواژەکانی دوعاکردنو سوێندخواردنو سڵاوکردنن.

هەریەکێك لەم دەربڕینە زمانییانە، بەڕستەیەك یان فرێزێكو هەندێکجاریش بەوشەیەك دەگەیێنرێن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، واتاکانیان بەدابو نەریتو بیروباوەڕی کۆمەڵەکەوە بەستراوەتەوە. بۆیە بۆ لێکدانەوەی واتاکانیان زۆرتر پەنادەبرێتە بەر دەوروبەر، بەمەش زیاتر لەسەر لایەنی پراگماتیکی، بۆ شیکردنەوەی لایەنی واتاییان هەڵوەستەدەکەین.

ئەگەر وەك دانەیەکی فەرهەنگی لە هەریەکەیان بڕوانین، ئەوا هەر ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە، کە لەوشەو هەر دانەیەکی دیکەی فەرهەنگیدا هەن، بۆیە دەکرێت هەریەك لەپێوەندییەکانی سینۆنیمیو گرتنەوەو دژواتاییو....هتد، لەچوارچێوەی ئەم دانە زمانییەدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانیو واتاییەی کە هەیانە دەستنیشانبکرێن.

دەبێت ئەوە بزانین، کە هەریەکێك لەمانە بەتایبەتی (سوێندخواردنو سڵاوکردنو دوعاکردن) لەڕوانگەی زمانەوانییەوە بەکەمترین شێوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە. بۆیە ئێمە لەچوارچێوەی کارەکەماندا لەهەریەکەیان دەدوێینو پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوانیاندا دیاریدەکەین.

### ١: سینۆنیم لەچوارچێوەی ئیدیۆمدا:

ئیدیۆم وەك دانەیەکی فەرهەنگی، خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەیە کە دانەکانی دیکەی زمان هەیانە. لەڕووی زمانەوانیشەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە (زنجیرە وشەیەکن کە لەڕووی واتاییو

ڕێزمانییەوە بەزۆری دیاریکراون، بەشێوەیەك کە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن.) (ابراهیم چگنی: ١٣٨٢: ٢١٢) هەر بەو پێیە ئیدیۆم بەچەشنی یەکە واتاییەکانی دیکە، خاوەنی تایبەتمەندیی واتاییو فەرهەنگییە، بەڵام دەبێت لەڕووی واتاوە ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە (واتای ئیدیۆم لەڕۆنانی ڕێزمانیو ڕۆنانی واتایی کەرتەکانییەوە نایەت.) (محمد معروف فەتاح: ١٩٨٦: ٦٨) بۆیە وەك دانەیەکی فەرهەنگی دەشێت قسەی لەبارەوە بکەین.

لەڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە، ئیدیۆم وەك وشەو هەموو دانە واتاییەکانی دیکە، بەشێکی زۆری پێوەندییە واتاییەکانی وەکو سینۆنیمو دژواتاییو گرتنەوەو .......هتد لەنێوانیاندا دەبینرێت.

وەك زانیمان، ئیدیۆم خاوەنی تایبەتمەندیی واتاییە، هەربۆیە دەبینین، ((کە لەزمانی کوردیدا وشەی سینۆنیمو وشەی فرەواتا هەیە، هەمان دەستوور بەسەر ئیدیۆمدا دەچەسپێت.)) (عەبدولوەهاب شێخانی: ٢٠٠٩: ٣٤١) بەم پێیە هەریەك لەم دیاردە واتاییانە چ ڕۆڵێك لەئاستی وشەدا دەگێڕن، لەچوارچێوەی ئیدیۆمیشدا هەرئەو شتەیە. (ستیپانەڤ: ١٩٧٥: ٦٠)

ئیدیۆمەکان لەڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، هەیانە وشەنو هەیانە فرێزو هەندێکیشیان ڕستەن[8]. بەڵام لەهەر پێکهاتەیەکدا بن، تایبەتمەندیی واتاییان ناگۆڕێت. بۆیە دەتوانین بڵێین (کە ئێدیۆمی سینۆنیم هەیە، زۆر ئیدیۆمو یەك واتا دەبەخشێت) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئیدیۆمەکان بەچەشنی جیاجیا دەبنە خاوەنی ئەم دیاردە واتاییە، بۆنموونە (زۆر وشەی ئیدیۆم هەن، کە سینۆنیمن، واتە یەك مانایان هەیە) (سەرچاوەی پێشوو: ٢) بەم پێیە بوونی وشەی سینۆنیم لەناو دەربڕاوەکەدا ئیدیۆمەکە دەکات بەسینۆنیم. وەکو:

**ئاگری گرت ≈ ئاگری تێبەربوو**

**یاری بەئەقڵی خەڵکی دەکات ≈ گەمە بەئەقڵی خەڵکی دەکات**

**مانگای بەکەڵ ≈ چێڵەبەکەڵ**

**زمان پیس ≈ دەوپیس**

**لووت بڵند ≈ لووت بەرز**

ئەم جۆرە سینۆنیمە بەزۆری لەو جۆرە ئیدیۆمانەدا دەبینرێت، کە لەڕووی پێکهاتنەوە لەوشەیەك زیاترن. واتە وشەی لێکدراو یان فرێز یان ڕستەن. بەمەش فۆڕمی دوو ئیدیۆمەکە لێك نزیکن. هەرچەندە هەندێك ئیدیۆم هەن، کە فۆڕمەکانیان تەواو لێك جیاوازن، بەجۆرێك کە (دەربڕینی ئیدێۆمی هەیە، کە دەتوانرێت سینۆنیمەکانیان بەدوو یان سێ فۆڕم دەربڕدرێت.) (شیلان عومەر حسەین: ٢٠٠٩: ٥٩) وەکو:

**لەگوێی گادا نوستووە ≈ لەبن بەردی کەڕە**

**بەپێێ خواسی بەناودەکەوێ ≈ هەر تیرەی لەکەندەکی دەدا**

**لووتی بەرزە ≈ تڕی زلە**

[8] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئیدیۆم، لەڕووی زمانەوانییەوە، بڕوانە: (محمد معروف فەتاح: ١٩٨٦) و (فەتاح مامە عەلی: ١٩٩٨) و (شیلان عومەر حسەین: ٢٠٠٩).

**ئارووی بڕکێکن ≈ مێرووی کونێکن**

**هەنارەشیرینە ≈ ئەستێرەی سیوەیلە**

**ناوکی کەوت ≈ زراوی چوو**

ئەگەر لەو ئیدیۆمانەی سەرەوە وردبینەوە، لەڕووی پێکهاتنەوە، جیاوازن. لەڕووی فۆڕمیشەوە لەگەڵ یەکتری جیاوازن، بەڵام هەر ئەو واتاو مەبەستە دەگەێنن. کەواتە (ئیدیۆم هەن یەك واتا دەدەنو هاومەبەستن. واتە یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن.) (جەلال مەحمود عەلی: ١٩٨٢: ٢١و ٢٢) وەکو نموونەکانی سەرەوە، بەڵام ئیدیۆمیش هەن دژیەکن. وەکو:

**شەرعی مار بەدار. × مار بەقسەی خۆش لەکون دێتەدەر.**

هەندێك لەئیدیۆمەکان، فرەواتان، بەجۆرێك کە (یەك ئیدیۆمە، بەڵام زۆر واتای هەیە) (عەبدولوهاب شێخانی: ٢٠٠٩: ٢)، هەریەك لەواتاکانیش لەدەوروبەرەکەدا دەردەکەوێت. وەکو:

**لێوی خۆی گەست : ١- پەشیمانبوویەوە.**

**٢- خەفەتی خوارد.**

**٣- تووڕەبوو.**

**چاوقایم: ١- بێشەرم**

**٢ - بەخیرەت**

بەشێوەیەکی گشتی سێ چەشنە ئیدیۆمی سێنۆنیمان هەیە، یەکەمیان ئەوانەن کە لەڕێگەی بوونی وشەی سینۆنیمەوە دەبن بە سینۆنیم. دووەمیان ئەوانەن، کە فۆڕمەکانیان هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییەو تەواو جیاوازن، تەنها مەبەست و واتاکانیان وەکویەکە. سێیەمیان ئەوانەن، کە فۆڕمەکانیان لێك نزیکن، بەڵام وشەی سینۆنیمیان تێدانییە. واتە دەکەونە نێوان هەردوو جۆرەکەی ترەوە. وەکو:

**ئاوی لەبەردی دێنا ≈ بەردی بەئاو دەکرد.**

**بەتیرێك دوو نیشانی پێکا ≈ بەبەردێك دوو چۆلەکەی کوشت**

**مارو سیر ≈ مارو پونگ**

لەزمانی کوردیدا، ئەو دیاردەو شتانەی کە بەدرێژایی مێژوو بەلایانەوە گرنگ بوون، بۆ باسکردن و دەربڕینیان دەیان دەستەواژەو ئیدیۆمیان بەکارهێناوە. لەوانە مردنو لەدایکبوونو هاوسەرگیری. بەتایبەتی مردن[٩] کە لێی ترساونو زۆر بەسەر زمانیانەوە بووە، هەروەها ویستوویانە دیاردەکە خۆشبکەن. بۆیە زۆرترین ئیدیۆمی بۆ بەکارهاتووە. ئەمانەش بەزۆری لەبری یەکتر بەکاردەهێرێن. بۆیە زۆربەیان دەبن بەسینۆنیم. وەکو:

**عەمری خوای کرد ≈ کۆچی دوایی کرد ≈ خوا بۆخۆی بردەوە ≈ کۆچی یەکجاریی کرد ≈ عومری بەنگۆ بەخشی ≈ بەجێی هێشتین ≈ سەری نایەوە ≈ مەرگ بووە میوانی ≈ ماڵاوایی لەژیان کرد ≈ سەری تیاچوو ≈ گیانی سپارد.......هتد.** (عەبدولوەهاب شێخانی: ٢٠٠٩: ٣٤١- ٣٤٥)

٩ - بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی واتاو مەبەستی ئیدیۆمەکانی مردنەوە لەزمانی کوردیدا، بڕوانە: (Jawad: 2010)

سەرەڕای ئەوەی ئیدیۆمەکان لەنێو خۆیاندا دەبنە سینۆنیم بۆیەکتری، لەگەڵ ئەو واتایەشدا، کەدەیگەیێنن، سینۆنیمن.

**٢: سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی دوعاکرندا:**

هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، هەستی بەوە کردووە، کە هێزێك لەسەرووی خۆیەوە هەیە، کە کاروباری ڕۆژانەی ڕاییدەکاتو توانای بەخشینو خێرو شەڕیشی هەیە. ئەم هێزەش بەپێی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەهەریەکێك لەقۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر لەڕۆژو مانگو ئەستێرەو ئاگرو پەیکەری دروستکراو تاوەکو داروردەخت، لەسەرووی هەمووشیانەوە خوای تاكو تەنیا لای یەکتاپەرستەکان. بەسەرچاوەی ئەم هێزە دانراوە.

مرۆڤ بەردەوام خۆی لەخوار ئەو هێزەوە بینیوە. بۆیە هەموو ڕووداوە سروشتییەکانی بۆ ئەو گێڕاوەتەوە. لەکاتی خۆشییدا سوپاسگوزاریی کردووەو لەکاتی ناخۆشییشدا لێی پاڕاوەتەوە.

دوعاکردن، پاڕانەوەو داخوازیی شتێکە لەخوای گەورە، کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە. لەهەر زمانێکدا کۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژەی تایبەت بەو مەبەستە هەن، کە وەکو کەرەستەیەکی ئامادەکراو لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە بەکاردەهێنرێن. دوعاکردنیش لەناو هەر گەلو نەتەوەیەکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە بۆ بیروباوەڕو کەلتووری ئەو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە (لە کەلتووری هەر نەتەوەیەکدا چەندین لایەن لەخۆدەگرێت. هەریەك لەو لایەنانەش لەزمانی نەتەوەکەدا هێماو گوزارشتی تایبەت بەخۆی هەیەو تاکەکانی گەلو نەتەوەکە لەڕێیانەوە بیرو ویستو مەبەستەکانیان لەیەکتری دەگەیێنن و پێوەندی دەکەن.) (هۆگر مەحموود فەرەج: ٢٠٠٧: ١٢٨) کوردیش لەبەرئەوەی گەلێکی موسڵمان بووە، بۆیە کەلتووری ئیسلام کاریگەریی زۆری لەسەری هەبووە، هەموو لایەنەکانی ژیانیشی گرتووەتەوە. بۆیە دوعاکانیشی خۆی، سەرباری تایبەتمەندیی کەلتووری کوردی بەزۆری هەڵهێنجراوی ئاینی ئیسلامن.

ڕستەکانی زمان، بەشێوەیەکی گشتی، بیرێك یان مەبەستێك لەنێوان قسەکەرو گوێگردا دەگوازنەوە، بەڵام ڕستەی ((دوعاکردن یەکێکە لەباوترین شێوازەکانی داخوازی کە تێیدا قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی دەکاتە کەسی دووەم کە خوایە کارێکی بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات، ئەویش بەناوهێنانی یان بەیەکێك لەسیفەتەکانی داوای لێ دەکات.)) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٧: ٨٥)

لەڕستەکانی دوعاکردندا،[١٠] کەسی یەکەم (قسەکەر) داوا لەکەسی دووەم (گوێگر) دەکات بۆ جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی کارێك، وەك زانیشمان داواکارییەکە بەزۆری ئاڕاستەی خودا دەکرێت. زۆرجاریش دەکرێت ئەم داواکارییە لە شێخو پیاوچاك بکرێت. داخوازیکردنەکە ئاسایی نییە. بۆیە گوێگر چاوەڕێی وەڵامو ئەنجامی ڕاستەوخۆ ناکات، بەڵکو لەداهاتوودا ئەنجامی دەوێت.

لەڕووی واتاییەوە زۆربەی ڕستەکانی دوعاکردن بەپێی واتای سیمانتکی، لێکدەدرێنەوە. بەجۆرێك کە واتای ڕستەکە لەواتای وشەکانو کاریگەریی ڕێزمانی پێکدێت، بۆ نموونە لەم دوعایەدا:

---

١٠ – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی لایەنی ڕێزمانیی ڕستەکانی دوعاکردنەوە، بڕوانە: (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٧)

**خوایە لەئاگری جەهەنەم بمانپارێزیت**

ئەگەر لەڕووانگەی سیمانتیکەوە لێکدانەوە بۆ واتای ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین، کە لە (واتای وشەکان + واتای ڕێزمانی (ڕیزبوونی کەرەسەکان) پێك هاتووە.) (سەرچاوەی پێشوو: ٨٤)

هەندێك جاریش ڕستەکانی دوعاکردن، پێویستە لەڕووانگەی پراگماتیکییەوە، لێکبدرێنەوە، وەکو:

**خوایە ئەو کوڕەم بۆ بکەی بەداری بەری.**

لێرەدا بۆلێکدانەوەی واتای ئەم ڕستەیە پێویستمان بەشارەزایی ژیانی جوتیاریو باخداری، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە (داری بەر) لەناو کوردەواریدا گرنگیی زیاتری هەبووە، هەیە. بەوەی کە بەری هەبووەو سێبەریش، ئەو دارانەی کە بەرناگرنو تەنها بۆ سێبەرن (کەڕك). یان هەریەك لەم دوعایانە:

**شێخ بایزی باقلانێ ئاگادارتبێت.**

**کاك ئەحمەدی شێخ دەست بەباڵتەوە بگرێ.**

**شێخ پیریس فریام کەوە.**

لەهەریەکێك لەمانەدا داوالێکراو، کەسێکە کە پەیوەستن بەناوچەیەكو شوێنێکی دیاریکراوەوە، کە تێگەیشتنیان لەناوچەیەکی دیکە ئاسان نییە.

پێوەندییە واتاییەکان، وەك چۆن لەنێوان هەموو یەکە واتاییەکاندا هەن، لەچوارچێوەی ڕستەشدا هەن، لەنێویشیاندا ڕستەکانی دوعاکردن، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

**یاڕەبی عەمرت درێژ بێت. × یاڕەبی عەمرت کورت بێت**

**ڕوو سپیی دونیاو ئاخیرەت بیت. × ڕوو ڕەشی دونیا قیامەت بیت.**

**خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵ بکات. × خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵ نەکا.**

**خوایە ئەم وڵاتە ئاوەدان بکەیەوە. × خوایە ئەم وڵاتە وێران بکەی.**

هەریەکێك لەم دوعایانەی سەرەوە، لەڕووی واتاو مەبەستەوە دژیەکن، کە بەشێوازی جیاجیا کراون بەدژیەك. بەشێوەیەکی گشتی دوعا لەڕووی مەبەستەوە دوو جۆرن، یەکەمیان دوعا بۆکردن، کە تێیدا داوای خێرو چاکە دەکرێت. دووەمیان دوعا لێکردن[11] کە لایەنی خراپەو شەڕ دەگرێتەوەو داوای شتی خراپو ناخۆشی بۆ بەرامبەر دەکرێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٨٨) ئەم دوو جۆرەش هەریەکەیان لەڕووی واتاو مەبەستەوە پێچەوانەو دژیەك دەوەستن.

لەڕووی شێوازیشەوە، جیاوازی لەنێوان فەرهەنگی پیاو و ئافرەتدا لەڕووی دەوڵەمەندییەوە هەیە، کە (فەرهەنگی ئافرەت پڕە لەدوعاو هەندێك لەمانە داوای سزادانە بۆ کەسەکەو هەندێکیشی بۆ پاداشتە) (محمد معروف فتاح:١٩٨٥: ٢٢٨) پیاویش لە زۆر کاتو شوێندا دوعا، بەکاردەهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوعا زیاتر بەسەر دەمی ئافرەتەوەیە.

بەم پێیە ڕستەکانی دوعاکردن بەهەرشێوەیەك بێتو هەرکەسێك بیانکات، لەڕووی واتاییەوە بەشێکی

---

[11] – زاراوەی (تووککردن) لەهەندێك ناوچەدا لەجیاتی (دوعالێکردن) بەکاردەهێنرێت. ئەم وشەیە چووەتە ناو ئیدیۆمیشەوە، کە دەڵێن (کەس بەدوعایان نەبووە تا بەتووکان بچێت) هەندێك جاریش بۆ (دوعا بۆکردن) (دوعای بەخێر) دەوترێت.

زۆریان واتاو مەبەستیان ئەوەندە لێك نزیكن، كە دەتوانرێت لەبریی یەكتر بەبێ گۆڕانی مەبەستە سەرەكییەكە بەكاربهێنرێن، پێوەرەكانی بەسینۆنیمبوون دەیانگرێتەوە. وەكو:

**ناوت بەگەرووی ئاشا چێت ≈ ئاو وئاوچیت ≈ ناو ناودێر نەبیت**

**عەمرت كورت بێت ≈ عەمر درێژ نەبیت ≈ زۆری ژی نەبیت**

**خوایە لێمان خۆش ببە ≈ خوایە عەفوومان بكە**

**ڕەبی خێر لەخۆتان نەبینن ≈ ڕەبی خێر نەیەتە ڕێگەتان**

**خوا بیپارێزێت ≈ خوا لەپەنای خۆی بگرێت**

**خوایە بەڕەحمی خۆت لەگەڵمان بكەی ≈ خوایە بەعەمەلی خۆمان لەگەڵمان نەكەی**

هەریەكێك لەم دوعایانە لەچوارچێوەی ڕستەیەكی شێوازی داخوازیدا، یان شێوازی دانانیدا، دەربڕراون، لەڕووی واتاشەوە واتاكانیان وەكو یەكە، گۆڕینیان لەچوارچێوەی ئاخاوتندا واتای گشتیی ئاخاوتنەكە تێك نادات، هەریەك كاردانەوەش لەلای گوێگر دروستدەكەن، بۆیە دەبنە سینۆنیم.

لەڕستەكانی دوعاكردندا (كرداری داخوازی یان ڕانەبردووی دانانی بەكاردەهێنرێت) (حسن احمد گیوی‌و حسن انوری: ١٣٨٣: ٤٦) شێوازی هەریەك لەم دوو جۆرە ڕستەیەش دروستی‌و نادروستییان تێناكەوێت.

دوو جۆرە سەرەكییەكەی دوعاكردن (دوعابۆكردن، دوعالێكردن) هەرگیز لەبەرامبەر یەكتریدا نابنە سینۆنیم، بەزۆری دەبنە دژیەك، ئەوانەی كە دەبنە سینۆنیم پێویستە سەر بەیەك گرووپ بن. وەكو:

دوعابۆكردن:

**خوا ئەولادێكی ساڵحتان بداتێ ≈ خوا منداڵێكی باشتان بداتێ**

**خوایە بەهەشتمان بەنسیب بكەی ≈ خوایە بمانخەیتە بەهەشتەوە**

**خوایە بەرەكەت بخەیتە ڕزقمانەوە ≈ خوایە ڕزقمان زیاد كەی**

دوعالێكردن:

**خوایە هەرچی زاڵمە لەسەر زەوی نەیهێڵی≈خوایە هەرچی زاڵمە لەسەر زەوی ڕەشی كەیەوە.**

**خوا لەناوت بەرێت ≈ خوا بۆخۆت بەرێتەوە**

**ڕەبی بەبێ ئیمانی وەڕێ كەوی ≈ ڕەبی ئیمانێ نەبەی**

لە هەریەكێك لەڕستەكانی دوعاكردندا، دەكرێت بەشێك لەكەرەسەكانی ڕستەكە لابرێت. بەجۆرێك كە ئەو ڕستانەی لەسڵاوكردن‌و یەكترناسین‌و دوعاو نەفرەت و پەند بەكاردێن، دەشێت هەندێكجار بەهۆی (ڕێسای زمانی‌و تایبەتمەندیی داڕشتنی ڕستەوە، كردارەكەو هەندێك لەبەش‌و كەرەسە بنەڕەتییەكان نەبن‌و بەكارنەهێنرێن). (حسن انوری و حسن أحمد گیوی: ١٣٨٣: ٣١٧) وەكو:

**ڕەحمەتت لێبێت.**

**خوا بتباتەوە.**

**بەزیاد بێت**

**نەعلەتت لێبێت.**

**٣:سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردندا:**

مرۆڤ بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسانەی کەدەیکات، یان بۆ پاکانەکردنی ئەو کردەوانەی ئەنجامیاندەدات، هەروەها بۆ دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرەکەی، کۆمەڵێك ڕستە یان دەستەواژەی ئامادەکراو لەفەرهەنگەکەیدا بەکاردەهێنێت، کە پێیان دەوترێت سوێندخواردن. کە لەناو ئەرکەکانی زماندا دەچنە خانەی ئەرکی ڕاپەڕاندنەوە. ئەم ئەرکە ((لەو گوتنانەدا، دەردەکەوێ کە خۆیان بریتین لەڕاپەڕاندنی کارێك بەواتای ئەوەی لەجیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بەگوێگر ڕاپەڕێنێ خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنێو گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە.)) (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٣٠) واتە کردەی قسەییە speech act هەر لەم ڕووانگەیەشەوە دەکرێت بڵێین، کە ((سوێندخواردن یەکێکە لەشێوازەکانی ڕاپەڕاندنو بڵاوترین شێوازە لەو شێوازانەی کە بەبەردەوامی بەسەر زاری خەڵکەوەیە.)) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی و شلێر ڕەسوڵ محمد: ٢٠٠٧: ٦) وەك ئاشکرایە، کەلتوورو ئاینو بیروباوەڕی هەر نەتەوەیەکیش لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش لە ڕستەکانی دوعاکردندا باشتر دەردەکەوێت. ئەم جۆرە ڕستانە لەناو کۆمەڵو نەتەوەیەك بۆیەکێکی دیکە، جیاوازییان هەیە، بەتایبەتی سوێند پێخوراو، کە (ناوێکە یان نازناوێکە یان سیفەتێك یان شتێکی پیرۆزە.) (سەرچاوەی پێشوو: ٩) زۆرتر گۆڕانی بەسەردادێت.

لەڕوانگەی واتاییەوە، بەشێکی زۆری ڕستەکانی سوێندخواردن، واتاکانیان لەڕێگەی واتای سیمانتیکییەوە لێکدەدرێتەوە. واتە بۆ تێگەیشتن لەواتاکانیان، تەنها پێویستمان بەواتای فەرهەنگیی وشەکانو کاریگەرییە ڕێزمانییەکە دەبێت، وەکو هەموو جۆرەکانی دیکەی ڕستە. بۆنموونە:

**بەخوا نەچوومە شار.**

**بەقورئان زوو دێمەوە.**

لەم ڕستانەدا سوێندپێخوراو هەریەك لەوشەکانی (خوا، قورئان)ن، کە قسەکەر (سوێندخۆر) جەختیان پێ لەڕستەکانی (نەچوومە بازاڕ، زوو دێمەوە)دەکاتو لەڕێگەی واتای سیمانتیکییەوە لەواتاکانیان دەگەین، یان وەکو:

**بەگۆڕی شەهیدان خیانەت ناکەین**

**بەخاکی کوردستان دڵسۆز دەبین.**

لەم ڕستانەشدا، سوێندپێخوراو هەریەك لەدەستەواژەکانی (گۆڕی شەهیدان، خاکی کوردستان)ن، کە جەختیان پێ لەڕستەکانی (خیانەت ناکەین، دڵسۆز دەبین) کراوە، هەروەك ڕستەکانی سەرەوە، بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لە واتاکانیان پێویستمان بەواتای دەوروبەر نییە.

هەندێك لەڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردن پێویستیان بەزانیاریی دەوروبەر هەیە. بۆیە لەڕێگەی پراگماتیکەوە واتاکانیان لێکدەدرێنەوە. بەوەی کە تێکەڵ بەهەندێك زانیاریی تاکەکەسیو کەلتووریو بیروباوەڕی تایبەت دەکرێن، لەبەرئەوە بەتەنها بەواتای سیمانتیکی مەبەستەکەیان ناگات. وەکو:

**بەمەلەك تاوس**

**بەگیانی شێخ ئادی**

**بەئاخا لالشێ**

ئەم سوێندپێخوراوانە، لای هەموو کوردێك بەکارناهێنرێن. بۆیە کاتێك گویمان لێیاندەبێت دەزانین، کە سوێندخۆر کوردێکی ئێزدییە، لەمەشەوە پێویستمان بە زانیاریی دەوروبەر هەیە. هەروەها هەندێك لەڕستەکانی دیکەی سوێندخواردن، کە زۆریش بەکاردێن ناتوانین بەواتای سیمانتیکی لێکیانبدەینەوە. وەکو:

**بەو بەردەی دەستم لێداوە.**

**سوێند بە دایکی موسڵمانان**

**بەشیخ عەبدولقادری گەیلانی**

**بەگۆڕێ جوانەمەرگ.**

**بەوەی دەستم پێوەگرتووە**

لەهەریەکێك لەم سوێندانەدا پێویستە گوێگر شارەزایی دەوروبەری نازمانی بێت، بۆئەوەی لەگرنگی ئەو ڕستەیە تێبگات، کە سوێندخۆر جەختی لێدەکات، چونکە کۆمەڵێك زانیاریی دیکە باسکراون، کە گوێگر لەدەوروبەرەکەوە وەریاندەگرێت. بۆیە لەم بارەدا پراگماتیك ڕۆڵی خۆی دەبینێت. لەڕووی سینتاکسیشەوە، ڕستەکانی سوێندخواردن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.[١٢]

لەڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە، ڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردن چەند پێوەندییەکیان لەنێواندا دەبینرێت. لەنێویشیاندا سینۆنیم، بەتایبەتی کاتێك کە سوێندپێخوراو هەرئەو شتە یان کەسە بێت. لەزمانی کوردیدا بەهۆی کاریگەریی ئاینی ئیسلامەوە قسەکەرانی زمانەکە، بەزۆری سوێند بەخواو ناوەکانی یان سیفەتەکانی دەخۆن، هەروەها قورئانیش بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی لەسوێند خواردنی فەرمیدا، بۆ هەموو ئەوانەی کە موسڵمانن. لەهەردوو جۆرەکەیاندا ئەم پێوەندییە واتاییە بەشێوەیەکی فراوان دەبینرێت. وەکو:

**بەوخوایەی گیانی هەموومانی بەدەستە ≈ بەوخوایەی ڕۆحی هەموومانی بەدەستە.**

**بەوخوایەی خوایەتی هەمووان دەکات ≈ بەو خوایەی خوایەتی ئەرزو ئاسمان دەکات.**

**بەخوایەی کە تاکو تەنهایە ≈ بەو خوایەی کە کەسی لێنەبووەو لەکەس نەبووە.**

دەکرێت ناوی خواش نەیەت، تەنها لەڕێگەی سیفەتەکانییەوە، مەبەستەکە دەربڕدرێت. هەروەها سوێند خواردن بەقورئانیش چەند جۆرێکی هەن، کە یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن. وەکو:

**بەو قورئانە ≈ بەکەلامی خوا ≈ بەئایەتی خوا**

[١٢] – بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕستەکانی سوێندخواردنەوە، بڕوانە: (هۆگر مەحموود فەرەج: ٢٠٠٠)، (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی و شلێر ڕەسول محمد: ٢٠٠٧)

زۆرجاریش سوێند بە پێغەمبەر (د.خ) دەخورێت، ئەو دەستەواژانەی بەکاریش دەهێنرێن، دەشێت لەبریی یەکتر هەربەو واتاو مەبەستەش بەکاربهێنرێن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**بەپێغەمبەر≈بەفەخری عالەم ≈ بەڕەسولەڵلا ≈ بەخۆشەویستی خوا ≈ بەپێغەمبەری ئاخیر زەمان ≈ بەفەخری کائینات.**

ئەو سوێندانەشی کە بە گیان یان گۆڕی مردووان دەخورێن، هەربەوشێوەیە چەند جۆرێکیان هەن، کە هەرئەو مەبەستە دەگەیێنن. وەکو:

**بەگۆڕی شەهیدان ≈ بەقەبری شەهیدان**

**بەوخاکەی جوانەمەرگ چووەتە ناوی ≈ بەوخاکەی جوانەمەرگ سەری لێناوەتەوە.**

**بەگیانی شەهیدان ≈ بەڕۆحی شەهیدان**

**بەگیانی ......... ≈ بەڕۆحی ............**

هەندێك جاریش سوێند بە(تەڵاق) دەخورێت، کە سوێندخۆر بەچاوێکی دیکە تەماشادەکرێت. وەکو:

**بەتەڵاقم ≈ بەنیکاحم.**

ڕستەکانی سوێندخواردن، لەو جۆرە ڕستانەن، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کورتکردنەوەیان تێدا دەکرێت، بەتایبەتی لابردنی وشەی (سوێند) لەزۆربەی ڕستەکاندا ڕێگە پێدراوە، هەندێکجار بەشەکانی دیکەشی[١٣].

**٤: سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردندا:**

سڵاوکردن مەبەست لەو ڕستەو دەستەواژانەن، کە لەسەرەتای هەموو بەیەکگەیشتنەکاندا دەوترێن. بەدەروازەیەك بۆ چوونە ناو گفتوگۆوە دادەنرێن. بەواتاییەکی دیکە ئەو (جووتە گوتنانەی سەرەتای ئاخاوتن دەگرێتەوە، کە یەکێکیان لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێتو گوێگر پێویستە وەڵامی بداتەوە.) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٥: ١١٧) بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك گوێگر وەڵامی سڵاوکردن بداتەوە، بەتایبەتی کاتێك قسەکەر بۆ کۆمەڵێك خەڵك قسەبکات یان لەڕێگەی کەناڵێکی ڕاگەیاندنی، وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە قسەبکات یان هەموو ئەو سڵاوانەی کە لەڕێگەی زمانی نووسینەوە ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێن. بۆیە هەموویان نابنە جووتەگوتن. لەبەرئەوە تەنها بەو گوتنانە دەوترێت، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگریان دەکات.

ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردن، لەهەر زمانێکدا زۆرتر بەلایەنی کەلتوورو بیروباوەڕی ئەم میللەتەوە پەیوەستن، لەکوردەوارییشدا بۆ هەر پیشەو کارێكو کاتو شوێنێك، دەستەواژەی تایبەتی هەبووە، بۆنموونە:

| | |
|---|---|
| **خەرمان بەرەکەت** | **بۆسەرخەرمان** |
| **خوا بازاڕت بدات** | **بۆ بازاڕوکڕینو فرۆشتن** |

[١٣] – بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (حسن احمد گیوی و حسن انوری: ١٣٨٣) و (حسن انوری و حسن أحمد گیوی: ١٣٨٣)

**خواخێرتان بنوسێت بۆ سەرقەبران یان کردنی کارێکی خێرخوازی**
**ماندوو نەبن لەکاتی ئیشو کاردا**

دواتر لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلامو زیادبوونی کاریگەریی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی، بەشێکی زۆریان لە زۆربەی کاتو شوێنەکاندا دەستەواژەی (سەلاموعەلەیکم) یان لەشوێن بەکاردێت. بەجۆرێك کە خەریکە ئەوانی دیکە لەبیردەچنەوە، ئەمەش (فۆرمێکی خواستراوە لەشێوەی فرێز دایە) (محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ١٣٣) لەلای موسڵمان ئەوەندە پیرۆزە بۆیە هەندێکجار بۆ خواحافیزیش بەکاردێت، بەتایبەت لای حیزبییە ئیسلامییەکان. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە گوایە ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێت پاداشتێکی زۆر وەردەگرێت.

لەنێو زمانی کوردیدا هەندێك دەستەواژەی دیکە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بۆ سڵاوکردن بەکاردەهێنرێن. وەکو: **ئەم کاتەتان باش، بەیانیتان باش، نیوەڕۆتان باش، ئێوارەتان باش، شەوتان باش........هتد.**

هەروەها هەندێك وشەی وەکو (سڵاو، مەرحەبا، چاکی، چۆنی........هتد) بەکاردەهێنرێن، بۆ سڵاوکردنی ئاسایی‌و نێو هاوڕێیان. ئەمانەش زۆر کورت، بەشێوەیەکی گشتی ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردن زۆر کورتدەکرێنەوەو هەندێك بەشیان لادەبرێن. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژانە بەبەردەوامی بەکاردەهێنرێن. بۆیە بەشێك لەکەرەسەکانیان دەسوێن.

لەڕووانگەی واتاییەوە، هەریەکێك لەم ڕستەو دەستەواژانە هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەپێی دەورووبەرو کاتو شوێنو بۆنە کۆمەڵاییەتییەکان دەگۆڕێن. سەربارى ئەم گۆڕانەش هەندێکیان دەتوانن ببنە سینۆنیمی یەکتری لەبری یەکتریش بەکاربهێنرێنو شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەبێ گۆڕانی واتایی لەئاخاوتنەکەدا. بۆ نموونە دەستەواژەی (سەلاموعەلێك) دەتوانرێت لەبریی زۆربەی ڕستەو دەستەواژەکانی دیکەی ئەم بوارە بەکاربهێنرێت. یان دەستەواژەی (ئەم کاتەت باش) دەتوانێت شوێنی زۆربەیان بگرێتەوە.

ئەم دوو دەستەواژەیە، تاك لایەنانە شوێنی ئەوانی دیکە دەگرنەوە. هەندێکی تریان دەتوانن لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێنو ببنە سینۆنیمی یەکتری، وەك هەموو ڕستەو دەستەواژەکان. وەکو:

**سڵاو ≈ مەرحەبا**
**ماندوونەبن ≈ خواقەوەتتان بدات**
**چاکی..... ≈ باشی......**
**سەلاموعەلێك ≈ ئەم کاتەتان باش**

لەناو یەك کەلتوورو کۆمەڵیشدا، سڵاوکردن بەپێی شێواز لەنێوان ئافرەتانو پیاواندا جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی ((وابڵاوە کە ژن زیاتر درێژە بەچاكوچۆنی دەدات لەپیاو)) (محمد مەعروف فەتاح: ١٩٨٥: ٢٢٧) ئەمەش بەشێکە لەو جیاوازی‌و تایبەتمەندییانەی لەنێوان شێوازی ژنو پیاودا هەن.

لەسـڵاوکردنو چاکوچـۆنیکردندا، زۆرجـار هێمـای نازمـانییش لەگـەڵ ڕسـتەو دەسـتەواژەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی بەکارهێنانی زمانی جەستە، لەوانە بەرزکردنـەوەی دەست، جووڵانـدی سـەر بەرەو خوارەوە. هەر یەکێك لەم هێمایانە دەتوانن بەتەنهاش بەکاربهێنرێن، هەرئەو مەبەستە بەدەستەوە دەدەن. بەواتایەکی دیکە دەتوانن شوێنی ڕستەو دەستەواژەکانیش بگرنەوە. هەندێك کاتیش تـەنها هێما نازمانییەکان کارا دەبن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو دووریی نێوان قسەکەرو گوێگر لـەو ڕادەیـەدا نـەبوو، کـە دەنگ بەکاربهێنرێت، یان دەورووبەر بۆ بەکارهێنانی دەنگ گونجاو نەبوو.

## ئە نجام

دەتوانین ئەنجامە گرنگەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەچەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

– لە لێکدانەوەی هەر پەیوەندییەکی واتـایی لـە چوارچـێوەی فرێـزو ڕسـتەدا پێویسـتە ئـەو ڕێبـازو قوتابخانەیە دیاریبکریت، کە دەکرێتە بنەمای توێژینەوەکە. هەروەك لە سینۆنیمەوە بۆمان دەردەکـەوێت کە تەنیا ڕێبازی گواستنەوە دوو ڕستە دەکات بە سینۆنیم.

– ناشێت سینۆنیم تەنیا لەمۆرفیمی سەربەخۆو بەنددا، ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو هەردانەیەکی گەورەتر لەوان وەك فرێزو ڕستە، چ لەقاڵبی ئاساییدا بن یان ئیدیۆمو....هتد. بۆیان هەیە ببنـە سـینۆنیمی یـەکتر، کە ڕێگای جیاجیا لەم ئاستەدا ڕۆڵ دەبینێت.

– دەشـێت پـارافرێز وەك سـینۆنیمی ڕسـتە تەماشـابکرێت، بـەو پێیـەی کـە هـەموو ڕسـتە پارافرێزکراوەکـان، هەرئـەو واتایـە دەگـەێنو دەتوانرێـت لەدەوروبـەری جیاجیـادا لـەبریی یـەکتر بەکاربهێنرێن.

## سەرچاوەکان

- **بەزمانی کوردی:**


- ئاواز حمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحددین.
- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- جەلال مەحموود عەلی (١٩٨٢) ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی حسام، بەغدا.
- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠) فرێزی ناویو فرێزی کاری لەکرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو(٢٠٠٨)،بەرکار لەزمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر.
- ساجیدە عبداللە فەرهادی (٢٠٠٧)، شێوازی دوعاکردن لەزمانی کوردی دا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٣٢).
- ساجیدە عبداللە فرهادی و شلێر ڕەسوڵ محمد (٢٠٠٧)، سوێند خواردن لەزمانی کوردی دا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٣٥).
- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستەو پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەستەلاتو بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٦٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی مێژوویی– بونیادگەری– چۆمسکی، چاپخانەی کاروان، چاپی دووەم، هەولێر.
- شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩) ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا، بلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژی، زنجیرە (٢٩)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- شێرکۆ حمەئەمین قادر(٢٠٠٩)شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە.
- صباح ڕشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- طالب حسين علي (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لەپێوەندی نێوان ڕستەو واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٥) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، زنجیرەی کتێبی گیرفان (٢)، هەولێر
- عەبدولواحید مشیر دزەیی(٢٠٠٥)،ڕەهەندی دەرونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر.
- عەبدولوەهاب شێخانی (٢٠٠٩)، فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، دەزگای توێژینەوو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨)، ئیدیەم لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر.
- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٩٨)، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر.
- کەمال میراودەلی(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان (٢٠٠٦)، واتاسازی، وەرگێڕانی یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- محمد معروف فتاح(١٩٨٥)شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٧) بەغدا.
- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٦)، دیسان ئیدیەم پێداچوونەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یازدەم، بەغدا.
- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
- هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠)، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- هێمن عومەر خۆشناو (٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
- یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٩)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- **بەزمانی فارسی:**

- ابراهیم چگنی (١٣٨٢) دائره المعارفی زبانو زبانها، چاپ اول، دانیشگاه لرستان، نشر بهنام، تهران.
- احمد ابو محبوب (١٣٨٣)، ساخت زبان فارسی، چاپ سوم، نشر میترا، چاپخانه تابش، تهران.
- ازیتا افراشی (١٣٨١)، اندیشەهایی در معنی شناسی (یازده مقاله)، چاپ اول، انتشارات فرهنگ کاوش، تهران.
- جك ریچاردز و دیگران (١٣٧٥)، فرهنگ توصیفی زبانشناسی کاربردی لانگمن، ترجمه دکتر حسین ویوقی و دکتر سید اکبر میرحسینی، چاپ دوم، مرکز ترجمەو نشر کتاب، تهران.
- حسن احمدی گیوی و حسن انوری، (١٣٨٣)، دستور زبان فارسی ١، ویرایش دوم، چاپ بیستو ششم، موسسه فرهنگی فاگمی، چاپخانه خاشع، تهران.

- حسن انوری و حسن احمد گيوی، دستور زبان فارسی۲، ويرايش دوم، چاپ بيست‌و سوم، موسسه فرهنگی فاگمی، چاپخانه خاشع، تهران.
- كورش صفوی (۱۳۸۰)، گفتارهايی در زبانشناسی، چاپ اول، انتشارت هرمس، تهران.
- كورش صفوی (۱۳۸٤)، فرهنگ توصيفی معنی شناسی، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران.
- كورش صفوی (۱۳۸٥)، اشنايی با معنی شناسی، چاپ اول، نشر بژواك كيوان، تهران.
- كورش صفوی (۱۳۸۷)، در امدی بر معنی شناسی، چاپ سوم، انتشارات سوره‌مهر، تهران.
- محمد دبير مقدم، (۱۳۸٦)، زبانشناسی نظری پيدايش‌و تكوين دستور زايشی، ويراست دوم، چاپ دوم، سازمان مگالعه و تدوين كتب علوم انسانی دانشگاهها (سميت)، تهران.
- ميترا معدنی (۱۳۸۳)، نگاهی اجمالی بـه‌هم معنايی و درجات ان در زبان، مجلهو زبانشناسی، شماره اول، سال نوزدهم.

- **بەزمانی عەرەبی:**

- احمد مختار عمر (۱۹۸۲)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر ء توزيع، الطبعة الاولی، كويت.
- جون لاينز (۱۹۸۷)، اللغة والمعنی والسياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، مراجعة د. يوئيل عزيز، الطبعة الاولی، دار الشؤون الثقافيه العامة (افاق عربيه)، بغداد.
- محمد علی الخولی (۱۹۸۲)، معجم علم اللغة النظری انكليزی – عربی، مكتبة لبنان، بيروت.
- نور الهدی لوشن (۲۰۰٦)، علم الدلالة (دراسة وتطبيق)، المكتب الجامعی الحديث، الازاريطه – الاسكندريه.
- يحيی احمد (۱۹۸۹)، الاتجاه الوضيفی و دوره فی تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، مجلد (۲۰) عدد (۳)، كويت.

- **بەزمانی ڕووسی:**

- یو. س. ستيپانەڤ (۱۹۷٥)، بناغەكانی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسكۆ.

- **بەزمانی ئينگليزی:**

- Bloomfield, L. (1954) Language. New York: Henry Holt and Company.
- Falk, J. S. (1978) Linguistics and Language: A Survey of Basic Concept and Implications. 2nd ed. New York: John Wiley and Sons.
- Hudson, G, (2000). Essential Introductory Linguistics. Oxford: Blackwell Publishing.
- Jawad, H. F. (2010) A COGNITIVE VIEW OF EUPHEMISTIC EXPRESSIONS IN KURDISH. In JORNAL OF KOYA UNIVERSITY. No: 14.
- Yule, G. (2000). Pragmatics. Oxford, Oxford University Press, Fifth impression, New York .

## کورتەی باس

ئەم باسە لە ژێر ناونیشانی (سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا) کە تێدا باسی پێکهاتەو واتای ڕستە کراوە. هەروەها پەیوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا. لەگەڵ دیاریکردنی بەسینۆنیم بوونی ڕستەو پەیوەندی پارافرێزو سینۆنیمی ڕستە لە کۆتایە باسەکەشدا باسی سینۆنیم کراوە لە چوارچێوەی دەستەواژەکانی ئیدیۆمو دوعاو سوێند خواردو سڵاوکردن.

## ملخص البحث

هذه البحث الموسوم **(الترادف في اطار العبارة والجملة)** والتى تم فيها بيان تكوين ومعنى الجملة والعلاقات الدلالية فى مستوى الجملة، ثم تشخيص طرق الترادف الجملي وعرض الصياغة (بارافرين) والترادف الجملى، وفي نهاية البحث تم بحث الترادف في اطار كل من (العبارات الاصطلاحية، والدعاء ، والقسم، وعبارات التحية).

## Abstract

This dissertation entitled (Synonyms in the phrase and sentence' framework) that studies structures and meanings of sentences and semantic relationships in sentence level, then indicates the ways of making sentences synonyms, and paraphrase and sentence synonyms are shown. At the end of this chapter synonyms are studied in the framework of (idoms, prayers, oaths, and greetings)

# لادانی شیعریی

پ. ی.د. عبدالقادر حمه امین محمد
پسپۆڕی: ئەدەب/ ڕەخنەی هاوچەرخ

پ.ی. د. بکر عمر علی
پسپۆڕی: زمان/ پراگماتیك

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

پەیوەندی نێوان لقە زانستییەکان، دیاروئاشکرایە، هەروەك پەیوەندی نێوان زمان و مێژو، زمان و کۆمەڵ، زمان و دەروونناسی، زمان و سیاسەت، لەهەموویان بەهێزترو نزیکتر پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەبە بەتایبەتیش نێوان زمان و شیعر.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

تا ئێستا بەشێوەیەکی سادە نەبێت، باسی زمان و شیعر نەکراوە، لەڕوانگەی پەیوەندی نێوان زمان و شیعرەوە ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەو پەیوەندییە، کەرەسەی( شیعرو ئەدەب)، وشەیە ، کەواتە زمان ڕۆڵێکی گەورەی لەبنیاتی شیعردا هەیەو، شیعریش ڕۆڵێکی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا دەبینێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتە بەر، بەواتای ئەوەی ئێستای زمانی کوردی لەشیعرەکاندا ڕەچاو کراوە.

**پێشەکی**

لەمڕۆدا چارەسەری کێشەکانی شیعر بەجیا لە کێشەکانی زمان، دەمانخاتە بەردەم ئاستەنگێکی گەورە لەلێکۆڵینەوە شیعرییەکاندا، ئەوەی زانستە زمانییەکان پێشکەشی دەکات، کاریگەری و پێگەی بەسەر شیعرو چەشنە ئەدەبییەکانەوە جێهێشتوە،شیعری نوێی کوردیش بەدەر نییە لەم دیاردەیەو کاریگەریی و تایبەتمەندی زمانی لەسەرە لە دنیای تازەدا، پرۆسەیەکی بنیاتنەرانەو فۆرمێکی نوێی بەرجەستە کردووە، کەقا بیلی (شایەنی ) بەردەوامی نوێگەریی بێ و پەیامێکی مرۆڤایەتی بگەیەنێ لەم گۆشە نیگایەوە، چۆتە بازنەی لادانی شیعریەوەو یاساو پێوەرەکانی زمانی تێکشکاندووە، دالەکانی بەرەو فەزایەکی جیاکاری بردووە، بەمانلایەك کە چەمکی لادان، deviation ( دوورکەوتنەوە ) لەخۆگرتووەو ڕووەو تەکنیکی زمانیی چووەو جۆرەکانی خوازەو مانای بەرهەمهێناوە. توێژینەوەکە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشبوو.

**یەکەم:** لادانی سیاقی ( لێدوورکەوتنەوە – المنافرە )، واتە لادان لەیاساکانی هەڵبژاردنی زمان، کەلێرەدا هەڵبژاردنێکی ئاساییەو دەچێتە ئاستی خوازەوە.

**دووەم :** ئاستەکانی ڕستە

ڕێزمانیی، پێکهاتەیی ، واتایی بەهۆی مۆرفیمی ( ی ) ئیزافەوە لەفرێزی ناوەڵناویدا

سێیەم :

أ– دیاریکردن وەك ئەرکێکی سروشتی لەگەڵ ئاوەڵناوی ڕەنگداو ڕونکردنەوەی جۆری ڕەگەزەکە.

ب– ئاوەڵنـاو لـەڕووی ( واتـاوە ) کـە ڕۆڵـی دیـاریکردن نـابینێو دەچـێتە بازنـەی (لادانـەوە )وەو شیعریەت دەخولقێنێ.

## لادانی شیعریی (١)

دانەپاڵ: کاتێك وشەیەك یان واتایەك دەخرێتە پاڵ وشەیەکی تر بـەجۆرێك کەچـەمکی وشـەی یەکـەم جێگیرەو ئەویتر دەدرێتە پاڵی و واتایەکی ئەرێنی یان نەرێنی دەبەخشێت، ڕاستییەکەشی ئەوەیـە لەگـەڵ واقیعدا یەکبگرێتـەوەو ناڕاستیشـی پێچـەوانەیە[1]، واتـە "پەیوەندییـە سـیاقی ودانـە پاڵـەکان لـە نێـوان وشەکاندا کاردەکەن بۆ هێنانـەدی گونجانـدن و ڕێکـەوتن لـەنێوان ڕەگـەزەکانی پێکهاتـەدا"[2] بەتایبـەتی پێویستی بەوەهەیە کە دەرخەرو دەرخراو لەڕووی سیمانتیکەوە جۆرێك لە گونجاندن لە نێوانیاندا هەبێت، بۆیە دانەپاڵ "یەکێکە لەو ئەرکە ڕێزمانییانەی کە وشـەکان لەڕستـەدا کـاری پێدەکـەن، بۆیـە ئەرکەکـەی پەیوەستە بەوشەکانی پێش خۆی و دوای خۆی"[3]، بـەڵام دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە لـە زمـانی شـیعریدا، ئەمجۆرە ڕێککـەوتن و گونجاندنـە لـەنێوان کەرەسـەکاندا بـەدیناکرێت، وەك ئـەوەی لـەزمانی پەخشـان و زانستیدا هەیە، لەزمانی شیعریدا ئەو ئەرکە ڕێزمانییە تووشی داڕمان و تێکشـکاندن دەبێـت، لـەم حاڵـەت (بارەدا)(لێدوورکەوتنەوە )و نەگونجانـدنی ڕێزمـانیی سـەرهەڵدەدات، لەهـەمان کاتیشـدا ئەمـە توانایـەکی شیعرییە و لێهاتووی شاعیر دەردەخات و سیمایەکی شیعریەت دەبەخشێتە دەق.

بۆیە شیعریەت (لەڕووی جەوهەریەوە تایبەتمەندی و گونجاندن و لێکچوون نزیکبوونەوە نییە، بـەڵکو پێچـەوانەکەیەتی)[4] هـەروەك (جـان کـوهن )ئامـاژەی پێکـردووە، کـە (زمـانی شـیعریی لادانـە لەیاسـاو ڕێساکانی ئاخاوتن)[5] و گوتاری شیعریش ( گوتارێکی ناڕێزمانییە بەبەراورد لەگەڵ پەخشـاندا، کەلەسـەر ئاستی ڕێزمانیی و تایبەت و گونجانـدنی دەلالییـە)[6] بـەمجۆرە لادانـی ڕێزمـانیی (لادان و هەڵگەڕانەوەیـە لەیاسا، کەخۆی لەزنجیرەی وشەکاندا دەبینێتەوە)[7] وشـەکانیش ئەرکـە ڕێزمانییـەکان نـابینن، کـە (جـان کوهـت ) پێـی دەڵێـت (لادانـی سـیاقی// لێدوورکەوتنـەوە //، کـە لادانـی دانـەپاڵ دەگرێتـەوەو خـۆی لەنەگونجانـدنی دەرخـەرو دەرخـراودا دەبینێتـەوە، کـە هەنـدێ جـار (کـوهن ) بـە //ناڕێزمـانیی // نـاوی دەهێنێت، چونکە (دانە پاڵ predication یەکێکە لە ئەرکەڕێزمانییەکان، بەڵام کاتێك ئـەم ئەرکـە توشـی

[1] احمدمطلوب، معجم المصطاحات البلاغية وتطورها، مطبعة المجمع العلمى العراقيى، ١٩٨٣ ج١، ص ٢٠٢،٢٠١

[2] اميمة الرواشدة، شعريةالانزياح، دراسة فى تجربة محمد على شمس الدين الشعرية، عمان، امانة العامة،٢٠٠٥ ص ١٠٥

[3] عبداللة الخذامى، الخطيئة والتكفير من البنيوية الى التشريحية، كتاب النادى الثقافى، ط١،١٩٨٥ ص ٣١

[4] كمال ابو ديب، الشعرية، مؤسسة الابحاث الأدبية، ط١، ١٩٨٧ ص ٢٨

[5] جان كوهن، البنية اللغة الشعرية، ترجمة محمدالولى و محمد العمرى، دار تويقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب، ط ١، ١٩٨٩، ١٠٦

[6] سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٦

[7] حسن ناظم، مفاهيم الشعرية، دراسة مقارنة فى الاصول والمنهج والمفاهيم، المركز الثقافى العربي، ط١، ١٩٩٤ ص ١٣٠

دارِمان دەبێت، بەمانای ئەوەیە کەلێنێك دەکەوێتە ڕێزمانیی گوتاری شیعرییەوە)[8] بـەمجۆرە ناڕێزمـانیی ئەوەیـە وشـەکان لەتوانایانـدا نییـە ئـەرکی ڕێزمـانیی ببیـنن، وەك دانـە پـاڵ predication و دیـاریکردن determination کـە لـە ئاسـتەکانی تـر دا هەیـە،"جان کـوهن " بەشـێوەیەکی ئاسـایی ئـەم پرۆسـەیەی ڕوونکردۆتەوە، کە لەم نموونەیەدا دەبینرێت :

**مرۆڤ گورگە بۆ برای مرۆڤ.**

ئەگەر سەرنج لەم ڕستەیەی سەرەوە بدەین، دەبینین، کەقسـەکەر یاسـاکانی زمـانی تێکشـکاندووە، بەمانای "لادان" لەسەر ئاستی یاساکانی زمان ڕوویداوە، ئەم لادانـەش پەیوەنـدی بـە هەڵبـژاردنی جـۆری وشەکانەوە هەیە و لەئاستی هەڵبژاردنی ئاسایی دەرچووەو هەڵبژاردنێکی نائاسایی و پیشـبینی نـەکراوە، کەلەباری ئاساییدا زمان ڕێگە بەو جۆرە لادانە نادات، واتە پـەیوەنـدی لەگـەڵ بکەرەکەیـدا ناگونجێـت، کـە دەرخـەر (گورگـە بـۆبرای مـرۆڤ ) هاورانییـە لەگـەڵ دەرخـراودا (مـرۆڤ )و یەکناگرنـەوە هەڵبـژاردنێکی نائاساییەو لە زماندا پەسەند نییە و بەزاندنی یاسـاکانی زمانـە، وەك لـەم بـارەدا دەبیـنین ئـەرێنی دەدات بەزمانی شیعریی، *ئەم لادانە تەنها لەئاستی سینتاکسدانییە، بەڵکو کایەیەکی گرنگی واتایشـی گرتۆتـەوە، کە چۆتە ئاستی " خوازە"وەو وشەی "گورگ" بەمانای "مرۆڤی دڕنـدە " کـە دەتـوانین بـەم مێڵکارییـە ئاماژەی پێبدەین*

***دال***

↓

م ١

↓

م ٢

نێوان مەدلولی ١ و مەدلەلی ٢، پەیوەندییەکی جۆر بەجۆر هەیە چەندین شێوە لە "خوازە" ی جیاواز لەخۆ دەگرێت یاخود بەرهەمدێنێ وەك خواستن، درکە، خوازەی بەڕەڵا، بۆیە خوێنەر لە مەدلولی دووەمـدا شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوە ئەنجامدەدات و مەدلولی نوێ بەرهەمدێنێ. بەو مانایـە کە(بەکورتکردنـەوەی واتای یەکەم ) خودی "لێدوورکەوتنەوە" پێکدێت، بەڵام بـەهاتنی "خـوازە " لـەواتای دووەمـدا، لـەپێناو ڕەتکردنەوەی (لادان)دایە، کەلێدوورکەوتنەوە (المنافرە) دروسـتیکردووە، بۆیـە هـەردوو لادانەکـە لەسـەر یەك ئاستی زمان پێکنایەت، واتە لێدوورکەوتنەوە لەسـەر ئاسـتی یەکـەم، تێکدانی یاسـاکانی ئاخاوتنـەو لەسەر سیاق دەڕەخسێت، بەڵام لەئاستی دووەمی زماندا،کە "خوازە"یە تێکدانی یاساکانی زمانەو لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕ پێکدێت)[9]

---

[8] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠

[9] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ص ١٠٩

پێکهاتەی هەردوو پرۆسەکە لەدووزەمەنی پێچەوانەدان و لەم هێڵکارییەی خوارەوە دەبینرێت.

دال

مەدلولی ١ —/— سیاق

مەدلولی ٢ —— ئاڵوگۆڕ (خوازە )

یەکەمیان لەسەر ئاستی سیاقەو دووەمیشیان ئاڵوگۆڕەو پێی دەوترێت " خوازە" واتە ستراتیژی شیعریەت ئاڵوگۆڕی مانایە، واتە دوو قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێت، یەکەمیان لەسەر بنەمای پێکهاتەی ڕستەیە، دووەمیشیان لەسەر بنەمای وێناکردنە (خوازە) لەم پرۆسەی گواستنەوەیەدا بەواتای زمان ئاستی یەکەم لەدەستدەدات تا لە ئاستی دووەمدا سەرهەڵبداتەوە، واتە زمانی هێمایی لەبری زمانی (خود – ذات).

لەو ڕوانگەیەی سەرەوە لەم دەقە شیعرییەی خوارەوە وردبینەوە، زۆر بەڕوونی دەکەوینە بەردەم لادانی " گۆڕینی واتایەك كە خوازە دەسازێنێ لەسەرئاستی مەدلولی دووەم :

**دەقەکە**

**تۆ دەتزانی هەزار (یەزید) بەخوێنی سەرت تینوون........**[١٠]

لەسەر ئاستی پێکهاتەی ڕستەکە، واتە بەدواداهاتنی کەرەسەکانی ڕستەکە لەسەر ئاستی یاسایی زمان کاردەکەن، بەڵام لەڕووی واتا بەزاندن و تیلشکاندنی واتایی تیایە، وشەی "یەزید " دەچێتە حاڵەتی خوازەوە و مانایەکی تر لەخۆ دەگرێت، واتە ئەو مانایە نییە کەلەسەر ئاستی مەدلولی یەکەم هاتووە، بەڵکو لە مەدلولی دووەمدا "خوازە" دەخولقێنێ و لادانی شیعریی پێکدەهێنێت.

**مۆرفیمی (ی ) ئیزافە -٢-**

مۆرفێمی (ی ) ئیزافە دوو وشە یان کۆمەڵێك وشە دەبەستێت بەیەکترەوە بەمەرجێك هەردووکیان ئەرکی فرێزێکیان هەبێت، بەواتایەکی تر بەمەرجێك یەکێکیان سەرەکی بێت و ئەوی تر، یان ئەوانی تر (دیارخەر)[١١]، واتە مۆرفیمی (ی) خستنەسەر دوو جۆر دەستەواژە دروستدەکات، ئەوانیش دروستەی ناوی و دەستەواژەی کاری، کە پێکدێن لە دەرخەرو دەرخراوێك و بەمۆرفیمی خستنە سەر پێکەوە بەسترابن، ئێمەش مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا،ئەوەیە کە دەرخەرو دەرخراو تا چ ڕادەیەك پێکەوە دەگونجێن یاخود ناگونجێنو دەلالەتی واتاییان تیایەو "لێدوورکەوتنەوە " ڕوویداوە یان نا ؟ کە لەڕێگەی ئەم دەقە شیعرییانەوە ڕوونیدەکەینەوە:

[١٠] ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەڵەو زنار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤ ل ١٠٤

[١١] محمد مەعروف فەتاح، پرۆفیسۆر، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی شیروان حسین خۆشناو، شیروان میرزا قادر،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٠ ل ٢١٨

**١– کاروانی گومان لەلام باری کرد...........**[١٢]

**٢– بووکی ئاواتم داوەتە بەر خەنجەری ڕق و کینە...........**[١٣]

**٣– برایانی گورگ دەچوون بەناخی هەشا............**[١٤]

**کەرەسەی ڕستەکان لەڕووی ڕێزمان و واتاو پێکهاتەوە ڕووندەکەینەوە**

**١–لەسەر ئاستی پێکهاتەی ڕستە کان بریتییە لە** [١٥]




**٢) بووکی ئاواتم داوەتە بەر خەنجەری ڕق و کینە**




**(٣) برایانی گورگ دەچوون بەناخی هەشا**




[١٢] دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەم، شیعر، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٢

[١٣] فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٤ ل٢٣٦

[١٤] ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەڵەو زنار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤ ل١٨٠

[١٥] ليونارد جاكسون، بؤس البنيوية، الادب والنظرية البنيوية، دراسة فكرية، ترجمة ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة،دمشق ٢٠٠١ ص ٥٧

پیکهاتەی (AP) بریتییە لەدەرخەرو دەرخراو، لەهەرسێ ڕستەکەدا، واتە دەرخراوەکان ( کاروان، بووك، برایان ) هەروەها دەرخەرەکان ( گومان، ئاوات، گورگ)

٢- لەسەرئاستی ڕێزمانیی

کەرەسەکانی زمان بەپێی یاساو ڕێساکانی زمان گونجاون و وشەو دەستەواژەکان هیچ جۆرە تێکشکاندنێکی ڕێزمانیی بوونی نییە.

٣- لەسەرئاستی واتایی

أ- کەرەسە هەڵبژێردراوەکانی ( دەرخەرو دەرخراو ) لەڕووی واتاوە ناوازەن و یەکناگرنەوە بەتایبەتی کەرەسە دەرخراوەکانی ( کاروان، بووك، برایان ) لەڕستەی ( ١، ٢، ٣ )دا، لەگەڵ گەرەسەو دەرخەرەکانی ( گومان، ئاوات، گورگ )، واتە کاتێ دەدرێتە پاڵ یەکتری لەڕووی واتاوە ناوازەن و ناگونجێن و ئەو مەرجەیان تیا نییە، ئەو وەسفەیان هەڵنەگرتووە، ئەویش لەئەنجامی تێکچوونی هەڵبژاردنی کەرەسەکانەوە هاتووە.

ب- لەم حاڵەتەدا ( لادانی واتایی ) دروستبووەو بۆتە هۆی پێکهێنانی شیعریەت.

پ- لادانی دەرخەرو دەرخراو لێدوورکەوتنەوەیەو هەندێ جاریش پێی دەڵێن لادانی ناڕێزمانیی (الانحومە) بۆیە پێویستە (س) لەبازنەی دەرخراودا،پەیوەست بێ بە (ب ) لەبازنەی دەرخەردا، یاخود بەواتایەکی تر سیماواتاییەکان لەبازنەی ( س ) و (ب) دا هاوتابن، مەبەستیش لە "سیمای واتایی " ئەوەیە کە ( واتا ) کەرت دەکرێت بۆ دانەی وردتر، ئەو دانە وردانە پێیان دەوترێت " سیما " بۆنمونە باسەیری سیمای واتایی (پیاو و ژن ) بکەین.

| پیاو | ژن |
|---|---|
| + مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + زیندوو | + زیندوو |
| + عاقڵ | + عاقڵ |
| + نێر | + مێ (- نێر) |

هەرلەسیما واتاییەکانی ( پیاو )، (--- فڕین )ە، چونکە فڕین لەسیماو خاسیەتی باڵندەیە، هەر بۆیە کە بڵێین ( ئازاد فڕی ) نەگونجانێك هەیە، بەلأم وەکو خوازە دەتوانین بڵێین لەخۆشیدا فڕی، لەبەرئەوە ئاساییە کەئەمجۆرە دەربڕینانە شیعری بن یان شێوازێکی ڕەوانبێژییان تێدابێت، لە نموونەیەکی تردا ( ئارا پارچەیەك ئاگربوو.) لەم ڕستەیەدا (چۆنیەتی) بەزێنراوە، چونکە ئاشکرایە کە ( مرۆڤ ) نابێتە ئاگر، کە وەسفی حاڵی کراوە، کەواتە هەرکاتێك ( بەزاندن، لادان ) لەئارادابێت، وردتر بڵێین لادان لەو سیمایانە یان بەزاندنی سیماکان زمانێکی شیعری دێنێتە ئاراوە، لێرەوە ئەرکی گوێگر یان خوێنەر ئاسان نییەو ئەبێ نموونەکان شیبکاتەوە بۆئەوەی تێیان بگات، دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین هەرکاتێك زیاترلەسیمایەك ببەزێنرێ ئەوا (لێدوورکەوتنەوە ) زیاتر ئەبێ و نەگونجان ڕوودەدات، تێگەیشتنیش زۆر گرانتر دەبێت.

### ئاوەڵناوی چۆنێتی - ٣-

ئاوەڵناوی چۆنێتی (ڕاستەوخۆ واتای چۆنێتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت،واتای لێکسیکی ئاوەڵناوی چۆنێتی هەمەجۆرە، ڕەنگ نیشاندەدەن (سپی، سوور، سەوز، ڕەش )، خاسیەت ڕادەگەیەنێت ( ترش، سوێر، گەرم، قورس، پتەو)، جۆری سیفەت دەردەبڕێت (ڕەزیل، ڕووخۆش)، شێوەی مرۆڤ و گیانلەبەر دەخەنە پێش چاو ( خڕ، قەڵەو، لاواز، ڕووت) چەمکی دەوروبەر دەردەبڕن ( ڕاست، چەپ، هەندێکی تر)[١٦] لێرەدا زیاتر مەبەستمان ئاوەڵناوە، کەوەك دەرخەر لەدۆخی ئیزافەدا بەیاریدەی نیشانەی (ی)دەردەکەوێت، واتە (کە دیارخراو نیشانەی (ی) وەربگرێت، ئەوە هەموو جۆرەکانی ئاوەڵناو، واتە ئاوەڵناوی چۆنێتی و ئاوەڵناوی نیسبی و ئاوەڵناوی نادیار بۆیان هەیە بێن، واتە ببن بەدیاخەر)[١٧] لەم نموونە دەقە شیعرییەی خوارەوەدا، ئاوەڵناوێك ئاماژە پێدەدەین، کەجۆری سیفەت دەردەبڕێت لە دەقەکەداو توانای ئەوەی هەیە ببێتە دەرخەر، کە دەرخراو نیشانەی (ی ) وەرگرتووە

**بۆ ئاوی سةربةستی هاتووم**
**خاكم دةشتی كةربةلایةو خوێناوییة،**
**نةترساوم لةشمشێری بةضةكانی معاویة............**[١٨]

واتە "ئاوی سەربەستی " فرێزێکی ئاوەڵناوییە (AP) و لەدەرخراو (ئاو ) و دەرخەر (سەربەستی ) و بەهۆی نیشانەی (ی) ئیزافەوە بەستراون بەیەکترەوە، وەك ئاوەڵناوێکی چۆنێتی ئەرکی شیعری ڕەخساندووە، چونکە جۆرە نەگونجانێك هەیە لەنێوان هەردوو بازنەی دەرخەرو دەرخراودا، کەجیاکاریی واتایی دروستدەکات، بەلام لەڕووی ڕێزمانییەوە هیچ جیاوازییەك و تێکشکاندنێکی زمانیی نابینرێ، بۆزیاتر ناسینی ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، سێ تایبەتمەندی تێدایە، کەدەبێت هەموو کاتێك لەوشەیەکدا هەبن تاوشەکە بەئاوەڵناو دابنرێ[١٩]

١– لەڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت، واتە بۆدەربڕینی یەکێك لەو ناوچە بیرانە هاتبێت، کەلەکوردیدا ئاسایی بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێت وەك ( ڕەنگ، تایبەتی، شت، بارستایی ).

٢– لەڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵناو بێت، بەواتای ئەوەی کە بتوانێت پاشگری ڕێزمانیی ( تر، ترین ) وەربگرێ لەباری بەراورد کردندا

٣– لەڕووی ئەرکەوە ئاوەڵناو بێت واتە

أ– لەدەوری دیارخەردا بەهۆی ئامرازی (ی) ئیزافەوە بە دیارخراوەکەی پێشیەوە بلکێ

---

[١٦] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغداد ١٩٩١ ل ٦٣

[١٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦

[١٨] دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەم، ل ٢٧٢

[١٩] محەمەد مەعروف فەتاح، پرۆفیسۆر د، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە شیروان حسین خۆشناو، شیروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٠، ل ٣٠٨

" پیاوێکی ئازا "

ب‌– بتوانێت کاری لێکدراو دروست بکات بەیاریدەی کارێکی داڕێژراو "ناسك بوو"

پ– لەگەڵ هەندێ کاردا ئەرکی تەواوکەر بەجێ بهێنێ "بەژێر هاتە بەرچاو"

## دیاریکردن لە"ئاوەڵناو " دا

مەبەست لەم بابەتەدا پێزانینی سنورەکانە............واتە دیاریکردنی شتێك لەنێو کۆمەڵە شتێکی تردا، جوداکردنەوەی لەوانی دیکە، یان بە گوزارەیەکی ئاسانتر....... دەستنیشانکردنی شتێك بەڕوونی – کە مەبەستمانە ---- لەنێو کۆمەڵێك شتدا)[20]' لەدووتوێی لێکۆڵینەوەکەدا گرنگی ئەدەین بەئەرکی دیاریکردن واتە دیاریکردنی شتێك، ئەویش ( لەڕێگەی زیادکردنی وشەیەك یان چەند وشەیەك دەخرێتە پاڵ ڕەگەزێکەوە و پێیان دەوترێت دیاریکراوەکان)[21] بۆیەش "ئاوەڵناو " مان هەڵبژاردووە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەرکی دیاریکردنە، چونکە بەشدارییەکی بێسنووری هەیە لەپێکهێنان و بنیاتی دەقە شیعرییەکاندا، جارێك ئاوەڵناو وەك دیارخەرێك دەدرێتە پاڵ ڕەگەزێك یان ناوێك هەروەك لەتایبەتمەندییەکاندا ڕوونمانکردەوە و حاڵەتی گونجاندن لەنێوان دەرخەرو دەرخراودا پیشاندەدات و حاڵەتی سروشتی خۆی جێبەجێدەکات و ئەرکی دیاریکردن بەرجەستە دەکات، لەلایەکی تریش دەستەواژەیەکی ئاوەڵناویی، واتە دەرخەرو دەرخراو کەبەهۆی (ی) ئیزافەوە لکێنراون، یەکناگرنەوەو دەچنە خانەی دژەوەو ئەرکی دیاریکردن نابینن، بۆیە لێرەدا توشی "لادان " دەبن و شیعریەت دەخولقێنن، کە بەنموونەی دەقی شیعرییەوە باسیان لێوەدەکەین.

بۆیە "دیاریکردن " ئەرکێکە لەمیانەی جۆری ڕەگەزەکەوە دێتە دی، کە ئاوەڵناو ڕۆڵی سەرەکی تیا دەبینێ و بەهایەکی باشی هەیە بۆ پراکتیزە کردنی بەشێك لە ڕووبەری ناوەکە، زیاتریش ئەو ئاوەڵناوانەی کە جۆری ڕەنگ نیشاندەدەن، پەیوەندی نێوان ( ناو+ ئاوەڵناو ) پرۆسەیەکی لێکدانی مەنتقییە، ئەگەر

أ– یەکسان بێ بەناو، هەروەها (ب) یەکسان بێ بە (ئاوەڵناو)، بۆئەوەی پرۆسەی دیاریکردن ڕاست بێت، پێویستە مانای

ا ×ب = س یان س< ا

بەم پێیە ئەگەر خشتەی مرۆڤەکان بەخشتەی سپییەکان لێکبدرێت ئەوا خشتەیەکی بچوکترمان دەداتێ ئەویش خشتەی مرۆڤی سپییە)[22]

**١ – لەسایەی ئاسمانی سپیدا**

**هەوای سپی هەڵدەمژین**..............[23]

---

[20] جان کوهن، بنیاتی زمانی شیعری، وەرگێڕانی د.ئازاد عبداالواحد، کەرکوك، ٢٠٠٨، ل٨١

[21] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ص ١٣٢

[22] جان کوهن، النظرية الشعرية، بناء لغة الشعر، اللغة العليا، ترجمة وتقديم وتعليق، د. احمد درويش، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ١٦٣

[23] ئەنوەر قادر محەمەد، زریان و زایەڵەو زنار، ل ١٧٨

**٢- پێستی سپی بەفری كوێستان**
**كەمەری شل نەرم و نیان..........** (٢٤)

هەردوو ئاوەڵناوی ڕەنگ (سپی ) و ئاوەڵناوی خاسیەت (ش) لەدەقی یەكەم و دووەمدا، ئاماژە بەجۆری وێنەكان دەكەن و تایبەتمەندی ئاوەڵناوەكان وەردەگرن. لەو نمونانەی سەرەوەدا، توانیمان جۆری ڕەگەزەكە بەهۆی ئەركی " دیاریكردن " دەربخەین كەچ جۆرە ( ئاسمان، هەوا، پێست، كەمەر)ن، واتە جۆری ( سپی و شل )ی دیاریكردووە، بەڵام لە وەڵامیشدا دەبینین لەو ڕەگەزانە ڕەنگی تریش هەن وەك ( سور، ڕەش، شین، یاخود توند ) كەدیارینەكراون و ناویان نەهاتووە، هەربۆی بەم جۆرە ئەركەش دەوترێت " دیاریكردن "، بەو مانایەیە كەلەگشت )ەوە بەرەو (بەش ) چووین، وەك لە هاوكێشەكەدا ڕووندەبێتەوە.

ا × ب = س   یاخود س.< ا

ئاسمان × سپی = ئاسمانی سپی   بەواتای

ئاسمانی سپی = بچوكترە لە (ئاسمان ) بەگشت

كۆی هاوكێشەكە ئاسمانی سپی كە (س) ەو بەشێكە لە ئاسمان كە (گشت)ە ، بەم شێوەیە جۆری ڕەگەزەكە یاخود ناوەكەمان (دیاریكرد).لەم چەند نموونەیەی سەرەوەدا ئەركی لادان تاڕادەیەك لاوازە، چونكە "دەرخەرو دەرخراو " لەگەڵ یەكتریدا یەكدەگرنەوەو جۆرێك لەگونجاندن لەنێوانیاندا دروستبووە، بەڵام بەپێچەوانەوە كاتێك لادانی شیعری بەهێز دەبێت، كەجۆرە تێكشكاندنێكی زمانیی دروست ببێت لەنێوان دەرخەرو دەرخراودا، كەلەدەقەكانی تردا دەیانخەینەڕوو.

لەحاڵەتی دووەمدا "ئاوەڵناو " وەك حاڵەتە سروشتییەكەی خۆی دەوری "دیاریكردن " نابینێ بەو مانایەی كەهەماهەنگی نییە لەنێوان ئاوەڵناو و ڕەگەزەكەی پێش خۆیدا، یاخود بەرامبەر بەیەكتری دژایتی یەكتر دەكەن، یاخود دەتوانین بڵێین دەرخەرو دیارخەر لەڕووی ماناوە هەماهەنگی یەكترنین و یەكناگرنەوە، كەبایەخ و گرنگی لێرەدا دژی یەكترەو شیعریەت دەخولقێنین،واتە "لادان" لەسەر ئاست واتایی هەروەك لەم چەند دەقەی خوارەوەدا بەدیدەكەین.

**١- عەشقت زۆر شەو گریاندمی**
**فرمێسكی سورو سوێرم ڕشت...........** (٢٥)

**٢- ببورەلێم نازانم شیعری ڕەش دانێم**
**هەموو شەو تابەیانی**
**گیانم پڕئەندێشەیەو**
**شیعری سپیت بۆ ڕێك دەخەم..........** (٢٦)

---

[٢٤] دڵشاد مەریوانی، كۆبەرهەم، ل ٥٩

[٢٥] فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ل ١٦٢

[٢٦] دڵشاد مەریوانی، كۆ بەرهەم، ل ١٤٨

٣- دەلێی پاساری.........
**شیعری سپی**
**وەکو گەنم هەڵدەچنیت**............(٢٧)

ئەگەر سەرنج بدەینە ئاوەڵناوەکانی (سوور وسوێر، ڕەش، سپی، سپی ) کەدراونەتە پاڵ دەرخراوەکانی (فرمێسك، شیعر،شیعر، شیعر ) لەدێڕەکانی ( ١، ٢، ٣) دا، بەشێوە سروشتیەکەی ئاوەڵناو، وەسفی ناوەکە یان ڕەگەزەکەی پێش خۆی خۆی ناکات دژایەتی و نەگونجان هەیە لەنێوان دەرخەرو دەرخراودا و ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێ ناکەن، لەم حاڵەتەدا زمانی شیعری مانای نوێ دەخولقێنێ،هەروەك (ڤالیری) دەڵێت( زمان لەناو زماندا،سیستەمێکی زمانی نوێیەولەسەر ئەسەری کۆن دادەمەزرێت و شێوەیەکی نوێی دەلالەت پێکدێنێ)(٢٨) واتە ئاوەڵناو لەگەڵ گوتاری ئاسایدا ناگونجێ، چونکە ( فرمێسك، شیعر )نە سوورو نە سوێرو نەڕەش و نەسپییە و حاڵەتێکی نامەنتقی ڕەخساندووە و یاساکانی زمانی تێکشکاندووە، بەڵام ئەوەی لەحاڵەتی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا ئەوەیە کە ( ئاوەڵناو بەپێی سروشتی خۆی ڕۆڵی دیاریکردن دەبینێ و هەرئاوەڵناوێکیش ئەم دەورە نەبینێ ئەوا بەلادان یان وێنە دادەنرێ)(٢٩) لەهەمان کاتدا ئەم حاڵەتە نابێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهاکەی، بەڵکو مانای نوێ دەخولقێنێ و تایبەتمەندێتی شیعری دەداتە دەقە شیعریەکە.

## ئەنجام

١- ڕێسای زمان لەپەخشاندا پەنا دەباتە بەر ئەزموونی دەرەکی، کە گونجاندن و ڕێککەوتنی فۆڕمەکانە لەپاڵ یەکتریدا، بەواتای پەیوەندی نێوان دەرخەرو دەرخراو پەیوەندییەکی پەخشان ئامێزە.

٢- زمان لەشیعردا، زمانێکی هێماییەو لەسەر ئاستی یەکەم نێگەتیڤەو لەئاستی دووەمدا پۆزەتیڤە، لەسەر بنەمای سیمانتیکی دیاریدەکرێت و ئاستی ئەزموونی ناوەکی لەبەرچاو دەگرێت، فۆرمەکان دەچنە خانەی نامەنتیقەوە.

٣- تەوزیفکردنی ئاوەڵناوی ڕەنگ بەمەبەستی ئەرکی " دیاریکردن"ە، واتە دیاریکردنی ڕەگەزێك یان ناوێك بەهۆی مۆرفیمی (ی) ئیزافەوە، کەلەڕێگای ڕێککەوتنی دەرخەرو دەرخراوەوە ئەنجامدەدرێت.

٤- ئاوەڵناو بەپێی سروشتی خۆی ڕۆڵی دیاریکردن دەبینێ و بەپێچەوانەشەوە دەچێتە بازنەی " لادان "ەوەو شیعریەت دەخولقێنێ، واتەپەیوەندی نێوان دەرخەرو دەرخراو پەیوەندییەکی نامەنتیق دەبێت.

٥- "لادان " لەحاڵەتی نەگونجاندنی دەرخەرو دەرخراودا بەواتای " لێدوورکەوتنەوە " دێت و چەمکی "ناڕێزمانیی " (ungrammaticalness) ناوزەد دەکرێت، چونکە دانەپاڵی وشەکان یەکناگرنەوە ئەرکی ڕێزمانیی تێکدەشکێت.

---

٢٧ سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٨

٢٨ جان کوهن، بنیه اللغه الشعریه، ص ١٢٩

٢٩ سەرچاوەی پێشوو،ص١٣٨

## سەرچاوەکان

**أ– عەرەبییەکان :**

١– احمد مطلوب، معجم المصطلحات البلاغة وتطورها، مطبعة المجمع العلمي العراقى، ١٩٨٣، ج١

٢– اميمة الرواشدة، شعرية الانزياح، دراسة فى تجربة محمد علي شمس الدين، الشعرية، عمان، امانة العامة ٢٠٠٥.

٣– جان كوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد الولى ومحمد العمرى، دار تويقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب، ط١ ١٩٨٩

٤– جان كوهن، النظرية الشعرية بناء اللغة الشعر، اللغة العليا، ترجمة وتقديم وتطبيق الدكتور احمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة ٢٠٠٠.

٥– حسن ناظم، مفاهيم الشعرية، دراسة مقارنة في الاصول والمنهج والمفاهيم، المركز الثقافى العربى،ط١، ١٩٩٤.

٦–عبداللة الغذامى، الخطيئة والتكفير، من البنوية الى التشريحية، كتاب النادى الثقافى، ط١، ١٩٨٥

٧–كمال ابو ديب، الشعرية، مؤسسة الابحاث العربية، ط١، ١٩٨٧

٨–ليونارد جاكسون، بؤس البنيوية، الادب والنظرية البنيوية، دراسة فكرية، ترجمة ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠١.

**ب– کوردییەکان**

١– ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغداد، ١٩٩١.

٢– محەمەد مەعروف فەتاح، پرۆفیسۆر، لێکۆڵینەوەزمانەانییەکان، کۆکردنەوەی شیروان حسین خۆشناو، شیروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٠ .

**ت– دیوانەکان :**

١– ئەنوەر قادر محەمەد، زریان و زایەڵەو زنار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٤ .

٢– دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەم – شیعر، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٩.

فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

## پوختە

لەزماندا بەپێی پێوەرە یاساییەکانی ڕێزمان، جۆرێك لەگونجاندن لەنێوان بەشەکانی ڕستەدا دێتە دی، وەك لە نێوان ( بکەر، بەرکار، کردار ) دا هەیە، بەمانایەك کەئەرکی ڕێزمانیی جێبەجێدەکات و نزیکە لەزمانی پەخشانەوە، بەڵام ئەم شێوە ڕێککەوتنە لەزمانی شیعریدا زۆر بەکەمی دەبینرێت و هەمیشە هەوڵی دارمانی پێوەرەکانی ئەرکی ڕێزمانیی دەدات، زیاتریش ناجۆری لەشیعری نوێدا دەردەکەوێت، کەکاریگەری نەك تەنها لەسەر بنیاتی شیعری هەیە، بەڵکو بنەمایەکیشە لە پرسیارو بەهای جوانی و پێوەرەکانی شیعر، لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی ڕەخنەیی و مەعریفیشە، بەمیتۆد بونیشی ڕەخنە لە حوکمی ڕەخنەگر ڕزگار دەکات و بواریکی گشتی بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ، بەم پێیە شیعری نوێ زەمینەیەکی دەوڵەمەندەو هەموو ئەو قاڵبە ئامادەکروانەی پێشوو ڕەتدەکاتەوە، چونکە خودی نوێگەری کردەیەکی دارمان و بنیاتنەرەوەیە بۆ فۆرمە داخراوەکانی ئەدەب.



## خلاصة

ثمة في اللغة، وفق المعايير النحوية، نوع من الانسجام بين أجزاء الجملة، مثلما يوجد بين:الفاعل والفعل والمفعول، بحيث يؤدي هذا الانسجام وظيفة نحوية دانية من لغة النثر، لكن لا نجد هذا الانسجام في لغة الشعر الا نادرا، ويحاول دوما أن يفكك معايير الوظيفة النحوية، وقد برز هذا الطراز في الشعر الحديث بكثرة، حيث لم يؤثر في البنية الشعرية فحسب، بل هو أساس لأسئلة وقيم نبيلة ومعايير شعرية، فهو عملية نقدية ومعرفية، وكان تنظيرة ينقذ النقد من دائرة حكم الناقد ويؤهل أرضية خصبة للقاريء انطلاقا من هذا المفهوم، فان الشعر الحديث، يلغي جميع القوالب الجاهزة الماثلة سابقا، لأن الحداثة نفسها هي عملية هدم ومن ثم بناء من المظاهر الآدبية المغلقة.



## Abstract

According to grammatical criterion, among sentense elements have a type of agreement as a mong: Subject, verb and object. This means that it closes to prose's language, and does a grammatical function. This realy exists in verse' language and poetry always tries deconstructing the criteria of the grammatical function that is why this style is very distiguished in poetry.

It is not only has an effect on the structure of poetry, but it is an essential for questions, aesthetic values, and poetic criterion also. It is a critique and knowledge process. If ti has been theorized, it delivers criticism from critic's judjment and qualifies a fertile ground for reader.

From this point, modern poetry repeals all old ready-made forms because modernity itself is deconstruct ional and also rebuilding process from the locked literary forms.

# زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا
# شاری هەولێر بە نمونە

م. شادان شکر صابر — زانکۆی کۆیە
د.عمر محمود کریم — زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی پەروەردە / بەشی کوردی

## پێشەکی

بەهۆی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە جیهان وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە، ئەمەش وای کردووە، کە نەتەوە و کۆمەڵگاکان لەیەکنزیك ببنەوەو تێکەڵ بەیەکتری ببن. گومان لەوەدا نییە، زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەیوەندی و تێکەڵبوونی نەتەوەو کۆمەڵگاکان. لێرەوە تێکەڵبوونی زمانەکان ڕوودەدات و کۆد گۆڕین دێتە ئاراوە.

زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بەرفراوانە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە فرەزمانن و قسەکەرەکانیان زمانی دایك و زمانی دووەم بەکاردەهێنن. زمان تێکەڵکردن بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو زمان، یان زیاتر لەکاتی ئاخاوتندا بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە بابەت و ئاخێوەراندا ڕووبدات.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە تێیدا پێناسەی زمان تێکەڵکردن کراوە و تیۆرەکان و جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن خراونەتە ڕوو. بەشی دووەم و سێیەم پراکتیکییە، لە بەشی دووەدا باسی زمان تێکەڵکردن کراوە لە شاری هەولێر لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبی، لە بەشی سێیەمیشدا باسی زمان تێکەڵکردن کراوە لەنێوان زمانی کوردی و تورکمانی. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١.١. زمان تێکەڵکردن چییە؟

بۆ دیاردەی زمان تێکەڵکردنلە زمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی تریش بەکاردێن، وەکو (بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، گۆڕینی زمان، کۆد گۆڕین،بەریەککەوتنی زمانەکان و پەڕینەوە).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند پێناسەیەکی دیاردەی زمان تێکەڵکردن بخەینەڕوو:

(ڤۆگت) دەڵێ:((لەوانەیە دیاردەی زمان تێکەڵکردن تەنیا دیاردەیەکی زمانەوانی نەبێت، بەڵکو دیاردەیەکی دەرونیش بێت و هۆکارەکەشی هۆکاری نازمانی بێت... زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی سروشتییە و هەموو زمانەکان تووشی دەبن))، (Vogt, 1954: 316).

(بلۆم و گەمپێرز) لە بارەی زمان تێکەڵکردنەوە دەڵێن:((بەکارهێنانی دوو زاری زمانێکە، یان دوو زمانی جیاوازە لەیەك دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا))، (Blom&Gumperz, 1972: 408).

هەروەها (شانە پۆپلاك) دەڵێ زمان گۆڕین (cs) بریتییـە لـە: ((تێکـەڵکردنی دوو یـان زیـاتر لـە دوو زمان لەکاتی ئاخاوتندا لەلایەن ئەو قسەکەرانەی کە دوو زمان، یـان چـەند زمانێـك دەزانـن، بـەبێ ئـەوەی هیچ گۆڕانکارییـەك لـە بابـەت و ئاخێوەرانـدا ڕووبـدات))، (Poplack, 1983: 70). (سـەلام نـاوخۆش) دەڵێ: ((تێکەڵکردنی دوو کۆد، یان دوو زمان، دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی دوو زمانی و چەند زمانیـدا بەرقـەرارە. وا ڕێکدەکـەوێ قسـەکەر لـە تـەنیا ئاخاوتنێـك هـەردوو زمـان، هەریەکـە بـە ڕێژەیـەك بـەکاربێنێ. هـەردوو زمانەکـە دەشـکێنێ بـۆ ئـەوەی پەیامەکـەی بـە وەرگـر، یـان بەرانبەرەکـەی بگەیەنێت))،(سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧).

ئەگەربەوردی سەیری ئەم پێناسانە بکەین، دەبینین بەگشتی جەخت لەسەر بوونی زیاتر لە زمانێك، یـان چـەند زاری زمانێـك لـە ناوچـەیەکدا دەکەنـەوە، کـە دەبێتـە هـۆی تێکـەڵبوونی زمـان بـۆ گەیانـدنی مەبەستێك. بۆیە ئێمەش لەکۆی ئەو پێناسانەی کە خستمانە ڕوو، بەم شێوەیە پێناسەی زمان تێکەڵکردن دەکەین:

زمان تێکەڵکردن: بریتییـە لـە تێکـەڵکردنی دوو زار، یـان تێکـەڵکردنی دوو زمـان یـان زیـاتر لـەکاتی قسەکردندا، زمان تێکەڵکردن دیاردەیەکی بڵاوە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە دوو زمان، یـان زیاتریـان تێـدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لە ئاسـتەکانی تـری زمانیشـدا دیاردەکـە بـەدی دەکرێ.

## ٢.١ . تیۆرەکـان:

لەبارەی زمان تێکەڵکردن چەندین تیۆر لەئارادایە، بەتایبەتی لەڕوانگـەی دەروونزانـی و کۆمەڵناسـی و زمانەوانییەوە. ئەم جۆرە گوتنانەی کە تێکەڵکردنی زمانییان تێدایـە لـە ژێـر نـاوی زمـان تێکـەڵکردن لـە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوەلە ڕوانگەی سایکۆ و سۆسیۆ و زمانەوانییەوە توێژینـەوەی زۆریـان لە بارەوە کراوە. سایکۆ هەوڵدەدا ئەو لایەنەی توانستی زمان دیارییکات، کە توانای زمان تێکـەڵکردن بـە قسەکەردەدات، سۆسیۆ دەیەوێت ئـەو هۆکارانـە بدۆزێتـەوە، کـە پـاڵ بـە قسـەکەرەوە دەنێـت لـە نێـوان ڕێزمان و واژەی زماندا ئەمبەر و ئەوبەر بکات. زمانەوانیش دەیەوێت بزانێت ئەمە تێکەڵکردنی دوو زمانـە، یان تەنیا بەکارهێنانی کەرەسەی زمانێکە لە ناو زمانێکی تردا (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٢٦).

## ٣.١ . جۆرەکانی زمان تێکەڵکردن

بە بۆچوونی ئێریکا و گەمپێرز دوو جۆر زمان تێکەڵکردن هەیە:

(کۆد گۆڕین code – Switching) و (کۆد تێکەڵکردن code – mixing) (Erica, 2007: 1)تێکەڵکردنی زمان، وەکو پەڕینەوەیەکە لە نێوان دوو زمان یان زیاتر. قسەکەرەکان لە حاڵـەتی دوو فەرهـەنگی، دەبـێ زیاتر لە سیستەمێکی ڕێزمانی بزانن بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەیان. تێکەڵکردنی زمانی لە بێئاگایی

قسەکەرە(Gumperz, 2002: 60)، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ ( Code –Switching , Code Shifting , Code Changing)، بەڵام تێکەڵکردنی کۆد، کە لە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ ( Code - mixing) لە بەئاگایی قسەکەرە. (محەمەد مەعروف) جۆری یەکەمی ناوناوە (بازدانی خۆنەکرد) و جۆری دووەمیشی ناوناوە (بازدانی خۆکرد). کەواتە دوو جۆرە تێکەڵکردن هەیە:

## ١.٣.١ . تێکەڵکردنی خۆنەکرد:

ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بەبێ ویستی قسەکەرە، چونکە قسەکەر لەپڕ لە زمانێکەوە باز دەداتە سەر زمانێکی تر. لەم بارەیەوە (محەمەد مەعروف) دەڵێ:((مەبەست لەم جۆرە بازدانە ئەوەیە، کە قسەکەر بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادات، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی بازدانەکە، پەیوەندی بە هەڵوێستەوە هەیە. ڕێڕەوی قسەکردنەکە گەیشتۆتە خاڵێك، کە پێویستی بە زمان گۆڕین هەیە. ئەمە پەیوەندی بەجۆری قسەکردن و دەوروبەر و چۆنێتی بابەتەوە هەیە))، (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٢).

لەم جۆرە بازدانەدا گۆڕان لە هەڵوێست دەبێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی قسەکردن، یان گۆڕان لە شێوازدا زۆر جار نیشانەی ئەوەیە، گۆڕانێك لەپەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگراندا هاتۆتە کایەوە، یان بابەتی قسەکە گۆڕاوە، یان شوێنی بەیەك گەیشتنەکە تایبەتییەکی وەرگرتووە (بەکر عومەر و شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٦: ٣٧).

پەیوەندیی قسەکەران لەگەڵ یەکتریدا جۆری بابەت و دەوروبەر لەو هۆکارانەن، کە هەڵوێست دیاریدەکەن، هەرچەندە جۆرەکانی هەڵوێست **هەمیشە** لەگۆڕاندان و تەنانەت لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێن. بۆ دیاریکردنی هەڵوێستە گرنگەکان، دەبێ پەنا ببرێتە بەر دیدار و تێبینی گشتی و ئەزموون و پشکنینی کۆمەڵایەتی( Fishman, 1972: 49 ).

بە هەموو ئەو هەڵوێستانەی پێویستییان بەیەك شێوازی قسەکردنە دەگوترێ بوار، بۆ نمونە، ئەگەر خەڵکی لە بازاڕ و سینەما و چایخانە و قوتابخانەدا هەمان شێوازی ئاخاوتنیان بەکارهێنا لە کۆمەڵگایەکدا، ئەوا هەموو ئەو شێوازانە بەیەکەوە بەیەك بوار دادەنرێن. خۆ ئەگەر شێوازی ئاخاوتنی خەڵکی لە سینەما و لە قوتابخانە جیاوازبوون، ئەوا دەبێت هەریەکەیان بە بوارێکی تایبەتی دابنێین، هەر لەبەر ئەوەیە، ژمارەی بوار لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت. (لۆرنس گرینفیلد) لە توێژینەوەیەکدا، کە دەربارەی پۆرتۆریکۆییە دوو زمانزانەکان کردوویەتی دانی بەبوونی تەنیا پێنج بوار داناوە، کە هەموو ئەو هەڵوێستانە دادەپۆشێ، کە لە ماوەی ساڵێکی توێژینەوەکەیدا بەرچاوی کەوتوون. بوارەکان بریتین لە: بواری ماڵەوە، بواری هاوڕێیەتی، بواری ئایین، بواری کار، بواری پەروەردە (قوتابخانە). وەك لە توێژینەوەکەیدا دەری خستووە، زۆربەی دانیشتوانی (پۆرتۆریکۆ) زیاتر زمانی ئیسپانی لەبواری هاوڕێیەتی و ماڵەوە بەکاردێنن. هەرچی زمانی ئینگلیزییە بە تایبەتی لە بواری خوێندن و ئایین و ئیشکردندا بەکاریدەهێنن. بە واتایەکی تر هاوڵاتییەکی پۆرتۆریکۆیی وای لێچاوەڕوان دەکرێ، کە لە کەنیسە و فەرمانگە و قوتابخانەو زانکۆدا بە زمانی ئینگلیزی بدوێ. هەرکاتێ هەڵوێستەکەش گۆڕا لە

دەوروبەرێکی نافەرمیدا، ئەوا وا چاوەڕوان دەکرێ، کە قسەکەر زمان بگۆڕێ و باز بداتە سەر زمانی ئیسپانی (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٣). کەواتە ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بە ویستی قسەکەر نییە، بەڵکو بەهۆی زاڵبوونی هەردوو زمانەکە لەلای قسەکەر ئەو دیاردەیە ڕوودەدات.

### ٢.٣.١. تێکەڵکردنی خۆکرد:

ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی تێکەڵکردنی خۆنەکردە، چونکە بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە ویستی قسەکەرە. هەروەها گوێگریش شێواز، یاخود زمانەکەی دەگۆڕێ و بازدەداتە سەر شێواز، یان زمانێکی تر بێ ئەوەی هەڵوێست گۆڕابێت، یان پێویستی بەم شێواز گۆڕینە هەبێت. بە واتایەکی تر، گۆڕانی شێواز هەندێجار پەیوەندیی بە هەڵوێستەوە نامێنێ. ئەم جۆرە کەناڵ گۆڕینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەمێنێتەوە و قسەکەران، یان گوێگرانی تر لەسەر شێوازەکەی خۆیان بەردەوام دەبن و گوێ نادەنە ئەم شێواز گۆڕینە و دووی ناکەون، چونکە شێواز گۆڕینەکە هەڵوێست نەیهێناوەتەدی و تەنانەت لەگەڵیشیدا ناگونجێ. ئەم جۆرە شێواز گۆڕینە زیاتر بۆ پێداگرتن و پێکەنین بەکاردێ، هەرچەندە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە هەڵگەڕێتەوە و کارەکە پێچەوانە بکاتەوە.

پێویستە ئەوە بزانین، بازدانی خۆکرد شتێکی زۆر پێویست نییە، بەڵکو بەندە بە ئارەزووی قسەکەر، یان گوێگرەوەو دەتوانرێ بەکاربهێنرێت. جگە لەوە دەتوانرێ، تەنیا ئەو کاتانە سوود لەو بازدانە وەربگیرێ، کە هاوبەشانی ئاخاوتنەکە تەواو لەیەکتری بگەن و هەمان باوەڕیان هەبێت دەربارەی دەرچوون و بازدان لە شێوە ئاسایی و گونجاوەکە و شێوازی تێکەڵکردن. واتە ئەگەر هاوبەشانی ئاخاوتن ئاگاداری لادان و شێوازگۆڕینی یەکتر نەبن و پێشبینی نەکەن، ئەوا لەیەکتر ناگەن و گیروگرفت دەکەوێتە نێوانیانەوە و لەیەکتر زویردەبن. بۆ نمونە، ئەم ڕستەی خوارەوە لە هەولێر زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ گاڵتەکردن گوایە زمانی کوردی باش نازانێت، یان باسی یەکێك دەکرێ کە تورکمانە یان خۆی کردوە بە تورکمان یان هاوسەرەکەی تورکمانە:

**( ١ ) ئیشتە مالەوەدان!**

### ٤.١. جیاکردنەوەی زمان تێکەڵکردن لە دیاردە پەیوەندیدارەکانی تری وەك وشە وەرگرتن (وشە خواستن):

ئاشکرایە، دیاردەی زمان تێکەڵکردن جیاوازە لە دیاردەکانی تری زمانی، وەك وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە. وشە وەرگیراوەکان ناسنامە ئیتمۆلۆجیایی خۆیان هەیە و سەر بەوزمان کە وشەکەی لێوەردەگیرێت (زمانە بنچییەکە). ئەم وشانە چەندجارە دەبنەوە لە ئاخاوتنی قسەکەردا، لە کۆمەڵگاش بڵاو دەبنەوە. وشە وەرگرتن دیاردەیەکە، کە وشەی زمانی بێگانە تێکەڵ بە زمانی ناوچەیی (خۆماڵی) دەکات. وشە وەرگیراوەکان تێکەڵ بە سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە دەبن و دەبنە بەشێك لە وشەی فەرهەنگی ئەم زمانە. هەروەها ئەو وشانەش دەکەونە ژێر ڕکێفی یاسا دەنگسازییەکانی زمانی وەرگر.

لەڕاستیدا جیاکردنەوەی دیاردەی زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن و دانانیان بەیەك شت کارێکی ئەستەمە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١ ــ ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن بکرێت؟

٢ ــ ئایا دەتوانرێ بە شێوەیەکی ڕوون باسی زمان تێکەڵکردن و وشە وەرگرتن و دیاردەکانی تری بەریەککەوتنی زمانی بکرێ لەو گفتوگۆیانەی کە دوو زمانی تێدا بەکاردێت؟

٣ ــ هەروەها پێوەرەکان چین بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی، کەوا وشەی وتراو، وەرگیراوە، یان کۆد گۆڕینی پێکراوە (Woolford, 1983: 38 – 50).

(لابۆڤ) لە ساڵی (١٩٦٩)دا پێوەرێکی بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە دانا و دەڵێ، ئەگەر وشەکە بەپێی سیسەمی زمانە وەرگرەکە بەکارهات و کەوتە ژێر ڕکێفی یاسا دەنگسازییەکانی زمانەکەوە، ئەوە خواستراوە، بەلأم ئەگەر ئەو وشانە، وەك نمونە دەرکەوتن لەگەڵ هاوتاکانیان لە زمانی بەخشەردا، لە هەمان کاتدا جیاوازبن لە ڕوودانیان، وەك نمونە لە زمانی وەرگر، ئەوا ئەو کاتە کۆد گۆڕینە (Labov, 1969: 85).

## بەشی دووەم

لەم بەشەدا باسی زمان تێکەڵکردن دەکەین لەشاری هەولێر، لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی.

### ١.٢. زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی:

لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە. ئەمەش وایکردووە، کە سەدان ملیۆن کەس زمانی عەرەبی بەکاربهێنن، جگە لەمەش ئێمە لە ولأتیکدا دەژین کە دوو نەتەوەی سەرەکی تێدایە ئەویش عەرەب و کوردە، بەپێی دەستوری عێراقی فیدرالیش هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، هەروەها هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و بووە بە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانی و رۆشنبیری، بۆیە دیاردەی زمان تێکەڵکردن لەم شارەدا زۆر بەرچاوە.

### ٢.٢. شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا:

تێکەڵکردنی زمان لە ئاخاوتندا لە هەندێ باردا دێت، وەکو دارشتنەوەی ڕستە، خۆ ڕاستکردنەوە، پێش کۆتایهێنان، چیرۆك گێڕانەوە، بابەت گۆڕین و جیاکردنەوەی قسەی تێهەڵکێشراو، وەك لە خوارەوە لێیان دەدوێین:

### ٢ ـ١.٢ـ ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن:

هەندێجار زمان تێکەڵکردن، وەك هۆکارێك بەکاردێ بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی ناوەوەی ئاخاوتن، واتە کەرتبوونی بۆ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە تێیدا

زمان تێکەڵکردن بۆ کۆتایهێنان بە ئاخاوتنەکە بەکار هاتووە. لێرەدا (ب) زمانی عەرەبی لە پێش کۆتایهێنان بە قسەکەی بەکاردێنێ لە (جید عزیزی)، و بەردەوام دەبێت، تا کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی دێنێ:

**( ٢ ) أ ـ پێنج شەممە خۆم لێرە دەبم، بەسەر چاو.**

**ب ـ زین عزیزي. ما أرید أزعجك.**

**أ ـ نا گیانە ئاساییە. ئیزعاج نابم.**

**ب ـ نلتقي أنشاء الله، مع السلامة.**

**٢ـ٢ـ٢ ـ خۆ ڕاستکردنەوە:**

زۆر جار قسەکەر لەکاتی قسەکردندا لەبەر هۆکاری شەرم، ترس، یان دڵەڕاوکێ، یان توڕەبوون، کە تووشی هەڵەیەك دەبێت خۆی هەستی پێدەکات و بێ وەستان، یان دوای وەستانێکی کورت ڕاستیدەکاتەوە. هەندێجاریش دوای ئاگادار کردنەوەی لەلایەن گوێگرەوە، یان هەر کەسێکی تر، هەڵەکەی ڕاستدەکاتەوە، زۆر جاریش خۆی هەست بە هەڵەکەی ناکات و یەکێکی تر ئاگاداری دەکاتەوە و بۆی ڕاستدەکاتەوە.

هەندێجار قسەکەر کە دەیەوێت خۆی ڕاستبکاتەوە، هۆکاری تری وەکو قسەبەخۆبڕین، درێژکردنەوەی دەنگە بزوێنەکان، وەستان و دڵە ڕاوکێ بەکاردەهێنێت. ڕەنگە ڕاستکردنەوەکەش هەر هەڵە بێت، وەکو لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

**( ٣ )أ ـ ئەو کچە پەرستارە هاوڕێمە.**

**ب ـ لە کوێ دەژی؟**

**أ ـ في کویسنجق ... وابزانم لە سلێمانی.**

ڕاستکردنەوەکە هەندێجار لەکاتی گیروگرفت ڕوودەدات، وەك گەڕان بە دوای وشەیەکی گونجاوتر، هەر وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەبینین، گفتوگۆ لە نێوان دوو کارمەندی فەرمانگەیەکە (ژن/ پیاو). ژنەکە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەیە. ژنەکە باسی ڕێزی خۆی بۆ هاوڕێیەکەی دەکات، کە وەك برای وایە، یان وەك باوکیەتی. لەم کاتەدا قسەکەر کەسی تری لە خەیاڵدا نییە، کە لە باوکی زیاتر و خۆشەویستتر بێت. لەبەر ئەوە قسەکە بەخۆی دەبڕێ و بۆ ماوەیەك دەوەستێ، تا وشەیەك بدۆزێتەوە، کە دەربڕینەکەی بۆ دێ، بە زمانی عەرەبی دەبێ لەکاتێکدا هەموو ئاخاوتنەکە کوردییە. لێرەدا زمان تێکەڵکردنەکە ئاماژەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیە.

**( ٤) کەس ناتوانێ هاوڕێیەتی من و تۆ تێکبدات. چی دەڵێن با بیڵێن. تۆ وەك برامی. لە باوك زیاتری و چاکتری ما أدري شأگول.... تۆ بەشداری خەمەکانمی و لێم تێدەگەی.**

زۆر جار زمان تێکەڵکردن لەگەڵ میکانیزمی ڕاستکردنەوە بەکاردێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لەکاتی نۆرە بڕیندا پەیدادەبن. ((لەم نمونەی خوارەوەدا (أ) بۆ هاوڕێکەی (ج) باسی سەردانێك دەکات بۆ لای (ب). لە شوێنێکدا کە نۆرەی قسەکردنی (أ)ە، (ج) نۆرەی قسەکردنەکە دەبات و

باس له چارەیەك دەكات، كە پێوستە بۆ چاكبوونەوەی (ب) بكرێ. بەڵام (أ) لە قسەكردن ناكەوێت، لە ئەنجامدا قسەكانیان یەكتر دەبڕێت، تا ئەو كاتەی ڕاستكردنەوەكە بە زمانی عەرەبی دێتە ئاراوە.

**( ٥ ) أ ـ دوێنێ سەرێكم لێدا، توشی ڕشانەوە بووە. حەزم لە برنج نییە، دەیگوت، لەبەر من بیخۆ، ئەگەر حەزیشی لێناكەیت.**

**ب ـ على أية حال يحتاج الى الابر.**

**أ ـ بەڵێ دەرزی لێدابوو. یەك دەرزی.**

**ب ـ أبرة واحدة فقط ! ))**، (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٣٧).

**٢-٢-٣-داڕشتنەوە:**

داڕشتنەوە بەشێكە لە میكانیزمی ڕاستكردنەوە لە ئاخاوتندا، قسەكەر بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو زارە، یان زمانەی لە بارێكی دیاریكراودا بە نائاسایی دێتە پێش چاوی بەكاریدێنێ، هەر وەك هەڵەیەكی كردبێت. داڕشتنەوە لەو گۆڕینەوانەدا ڕوودەدات، كە تێیدا بژاردە ئاساییەكە بەپێویست دادەنرێ و دەبێتە ئاماژەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ توانست و حەزی قسەكەر و هەڵسەنگاندنی دوو زمانەكە لەلای كۆمەڵەكە، وەك لەم نمونەیەدا لە وشەی "متأكيد"ی عەرەبی دەبینرێ، كە بە ڕێكەوت بەكاریهێناوە و دواتر پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر كوردی:

**( ٦ ) من لە سەداسەدموتەئەككیدم ، بەڵێ دڵنیام كە ئەو وایگوتووە.**

لێرەدا قسەكەر بە كوردی دەست پێدەكات لە پڕ وشەی (متأكد)ی عەرەبی دێنێتە ناوەوە، بەڵام یەكسەر ڕستەكە دادەڕێژێتەوە و وشەی "متأكد" وەردەگێڕێتە سەر كوردی. كردەی قسەكە بە تۆرە بڕین و نیشانەی داڕشتنەوە و وەرگێڕانەكە هەموویان پێكەوە ڕێگەی ئەوە دەدەن، كە بزانین قسەكەر بارەكە چۆن دەبینێ. لەم بارەدا بازدانی لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی كوردی هەر بۆ ڕوونكردنەوە نییە، بەڵكو لەبەر ئەوەیە بەكارهێنانی وشە عەرەبییەكە بەهەڵە دادەنێ و هەوڵی ڕاستكردنەوەی دەدات.

ئەوەی تێبینی دەكرێ ئەوەیە، كە قسەكەران زۆر جار لەو باوەڕەدان، كە هەر زمانێك لەو زمانانەی دەیزانن زیاتر بۆ بابەتێك دەشێ، نەك بۆ هەموو بابەتێك، لەبەر ئەوە كارێكی ئاساییە قسەكەر لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر باز بدات، بەپێی ئەو بابەتەی كە لە بارەیەوە دەدوێ. لەم نمونەی خوارەوەدا (أ) بە عەرەبی دەستپێدەكات، چونكە لەلای (أ) عەرەبی زمانی ڕامیارییە و زاراوەكانی لەسەر زارە، بەڵام (ب) بە كوردی وەڵام دەداتەوە، چونكە بابەتەكە دەگۆڕێ بۆ پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی:

**( ٧ ) أ ـ أنا ما شايف سياسي فاشل مثل أخونا العزيز.**

**ب ـ كوڕە دەڵێی گەڕێ. كەی سەرێكی لێبدەین و شەوێك لەلای بمێنینەوە ؟**

**٢-٢-٤ـ جیاكردنەوەی گوتنی تێهەڵكێشراو:**

قسەكەر زۆر جار دوو زمان تێكەڵدەكات، كە قسەی خەڵكێكی تر دێنێ، یان قسەی خۆی لە بۆنەیەكی تردا گوتراوە، دەگێڕێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەیەوێت قسەكە وەكو خۆی بگوێزێتەوە، یان لاسایی قسەكەرەكە لە نزیكەوە بكاتەوە. وەك لەم نمونەیەدا دەردەكەوێ:

**( ٨ ) لە سەری کۆڵان منی دیت و ڕای گرتم، بەو دەنگە ناخۆشەی گوتی: أرجع قريباً !**

هەندێجار دیاردەکە، بە پێچەوانەوە ڕوودەدات: قسەکە لەبنچینەدا بە زمانێك بووە، کەچی قسەکەر، کە دەیگێڕێتەوە زمانێکی تر بەکاردێنێ. وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە (محمد) لە بنەڕەتدا بە کوردی قسەکەی کردووە، کەچی کە (أ) دەیگێڕێتەوە و دەیکات بە عەرەبی:

**( ٩ )أ کە من چووم محەمەد دەڕۆیشتە دەرێ گوتی: "زين ماأطدر أنطيك غير خمس دقائق من وقطي بس" سوپاسم کرد و کەوتینە قسەکردن.**

### ٣.٢. شوێنەکانی تێکەڵبوون لەڕستەدا:

لە سنووری ڕستەدا هەندێ شوێن هەیە، کە دەکرێ کەرەستەی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تێدا تێکەڵبکرێت. ئێمە لێرەدا بەجیا باسی ئەو شوێنانەی ڕستە دەکەین، کە ئاساییە تێیدا زمانی کوردی و عەرەبی تێکەڵبکرێت:

#### ٢-٣-١- تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا:

لە سنووری ڕستەدا گەلێك نمونەی تێکەڵبوون هەیە، کە لە سنووری کەرەستە سەرەکییەکاندایە، کە لەم شوێنانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

**( ١٠ ) ئەو بال ـ باب نامت.**

**( ١١ ) ئەو شرب الماي.**

لە نێوان بکەر و گوزارە(پریدیکات)دا گەلێك تێکەڵبوون هەیە، کەوا نیهاد لە زمانی کوردیدا دەبێ و گوزارەش لە زمانی عەرەبی دەبێ. هەر وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**( ١٢ ) ئەو مثل مامە.**

تێکچڕژانەکە هەندێجار بەم شێوەی خوارەوەش دەبێ:

**( ١٣ ) هو زۆر جوان.**

تێبینی دەکرێ، لەو نمونانەی سەرەوەدا بکەر لە زۆربەیاندا جێناوە، یان ناوی تایبەتە و پریدیکاتەکانیش بەگشتی کاری (بوون) دەبن و ڕستەکانیش نیهاد و گوزارە دەبن.

تێبینی دەکرێ، تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، نوسەکی کردارەکان، کە وەکو نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار کاردەکەن، لە ئاخاوتنی تێکەڵدا دەرناکەون (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٤٥)، وەك ئەو نمونەی خوارەوە:

**( ١٤ ) هم هاتن.**

بەڵام لەگەڵ زمانی تورکمانیدا لە هەندێ باردا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە هەردوو زمانەکە لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەوە(sov )ن، لە تەوەرەی دووەم باسی دەکەین.

#### ٢-٣-٢- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا:

زۆر جار دەبینین کە لە سنووری فرێزی ناویدا کەرەستەکانی زمان تێکەڵدەکرێن، بە زۆریش کەرەستە تێکەڵکراوەکە بەشە ئاخاوتنی ژمارەییە:

**( ١٥ ) اريد اثنينشفتي.**

دەكرێ لە فرێزی ناویدا جێناوی نیشانە لە زمانی عەرەبی بێ و سەرەی ناوەکەش لە زمانی کوردی بێت:

**( ١٦ ) اريد ذاك ــ ال دوكان.**

کاتێك کە فرێزی ناوی بەهۆی ناوێکەوە کە ئاوەڵناوێکی بە دوا دابێ و دروستبکرێ بەشێوەیەکی گشتی فرێزە ناوییەکە دەکرێ لە هەردوو زمانەکە بێ، بەهەمان شێوە سەبارەت بە ناو و ئاوەڵناوەکە، هەر وەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**( ١٧ ) اريد الديك زۆر گەورە.**

**( ١٨ ) عندي دار گەورە.**

**٢-٣-٤- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی کاریدا:**

سەبارەت بە زمان تێکەڵکردن لە سنووری فرێزی کاریدا نمونەکان ئەوە دەردەخەن کە بەرکارەکە دەگۆڕێ:

**( ١٩ ) من حمامة کوشت.**

لەوانەیە تێکەڵبوون لە فرێزی کاری بەوجۆرە بێ، کە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت ، بەتایبەتی کاری دیلێکسیکی (delexical – verb)  (کرد ــkird)، وەك لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**( ٢٠ ) مسواك کرد .**

تێبینی دەکرێ لە هەندێ تێکەڵبووندا، نوسەك بەکارناهێنرێت، واتە نوسەکەکان دەرناکەون، وەك لەم نمونەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، تەنیا بە پەنا بردنە بەر سیاقەکە، یان هەڵوێستی قسەکردنەکە، دەتوانین قسەکەرەکە، یان قسەکەرەکان دەستنیشان بکەین، ئەم کۆت بەندەش لە هەردوو زمانەکە (کوردی و عەرەبی)دا جێبەجێ دەکرێ، ئەو دیاردەیەش دەبێتە مایەی دروستبوونی هەندێ ڕێگری گشتی، کە ڕێگە لە تێکەڵبوونی مۆرفیمە بەندەکان دەگرێت، بە تایبەتی لە ئاستی وشەسازیی کردارەکاندا (Pfaff, 1979: 303 - 318). بەڵام ئەم ڕێگرییە لە نێوان زمانی کوردی و تورکمانیدا بەدی ناکرێ، چونکە نوسەکەکان لەم دوو زمانەدا لە ئەرك و پێکهاتەی دەنگیدا لە یەکتر نزیکن.

**٢-٣-٥- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا:**

مەبەست لە فرێزی ئاوەڵکاری ئەو فرێزەیە، کە دەبێت کەرتێکی ئاوەڵکار بێت، دیارە ئاوەڵکاری بنجی لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە، وەکو (لێرە، ئەوسا، دیسان، هەمیشە، هەرگیز، هێشتا...هتد)، تەنانەت ئەم ئاوەڵکارانەش جێگای گومانن، چونکە لە بنچینەدا لە کەرەستەی تر دارێژراون، وەك:

لە + ئێرە ⟵ لێرە (ئاواز حەمە، ١٩٩٦: ٤٣).

دەبێت ئەوەش بزانین لەکاتی تێکەڵکردندا ئاوەڵکار لە سنووری ڕستەدا شوێنی خۆی دەگۆڕێت، چونکە وەکو بکەر و بەرکار... هتد کەرەستەی سەرەکی ڕستە نییە.

**( ٢١ ) شوية دانيش.**

**٢-٣-٦- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەنددا:**

مەبەستمان لە فرێزی بەند ئەو فرێزەیە، کە بەیارمەتی یەکێك لە ئامرازی پەیوەندیی دروستدەبێت، هەروەك ئامرازی پەیوەندیەکان ڕۆل دەبینن لە دروستکردنی وشەی نوێ لە ئاستی وشەسازیدا، بەم جۆرەش لە ئاستی ڕستەسازیدا بە یارمەتی ئامرازە پەیوەندییەکان، کە ڕاستەوخۆ دەچنە سەر ناوێك، یان ئەوانەی جێی ناو دەگرنەوە (ئاوەڵناو، ژمارە، چاوگ، ڕاناوەکان) دروستدەبێت. ئامرازەکانیش ئەمانەن: (بە، بۆ، لە، تا، بێ، ە)، یان هەندێجار پاش بەندیان لەگەڵ دەبێ، وەك: ( لە ... وە/ەوە، لە ... دا، بە ... دا)، (ئاواز حەمە، ١٩٩٦: ٤٥).

گەلێك نمونەی تێکەڵبوون هەیە بەگشتی فرێزی بەند بەکاردەهێنن، سەبارەت بە ئامرازی پەیوەندی دەکرێ لە زمانی کوردیدا بێت و کەرەستەکانی تری ڕستەکە لە زمانی عەرەبی بێت، یان بە پێچەوانەوە، هەر وەکو لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**( ٢٢ ) ئەو بالشباك.**

هەروەها دەکرێ لە تێکەڵبووندا ئامرازەکان لە زمانێکدا بن و بەرکار لە زمانەکەی تردا بێت:

**( ٢٣ ) شفتة بالبازار.**

**( ٢٤ ) لە دەربونە نوست.**

هەروەها ئەو ناوە کوردیانەی کە بەهۆی نیشانەی ناسراوی (ال)ی عەرەبیەوە دەکرێن بە ناسراو، ئەوا بێ ئامرازەکە، یان لەگەڵ ئامرازەکە دەردەکەون:

**( ٢٥ ) ب - الكۆلانەكە ڕۆیشت.**

ئەمە لە تێکەڵبوونی کوردی و تورکمانیشدا شێوەیەکی تر وەردەگرێ، کە دواتر باسی دەکەین:

(پفاف) لە توێژینەوەکەی ساڵی (١٩٧٩)یدا ئەوەی دەرخستووە، کە ناکرێ هەردوو جۆری ئامرازی پەیوەندی ئەو دوو زمانەی کە تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن لە ڕستەکە دەربکەون. پێویستە ئامرازی پەیوەندین و ئامرازەکان لەیەك زمان بن (Pfaff, 1979: 293).

داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کەوا ئامرازەکانی پەیوەندیی زمانی عەرەبی دەتوانن، دەسەلاتی خۆیان بەسەر فرێزێکی ناوی زمانی کوردیدا بسەپێنن، بەپێچەوانەکەشی ڕاستە. واتە تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەنددا ڕێگە پێدراوە، هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**( ٢٦ ) ئەو في الكۆلان.**

**٢-٤-١- تێکەڵبوون لە نێوان دوو کلۆزدا** Inter clausal Sites:

داتاکان ژمارەیەك نمونەی جیاواز لە تێکەڵبوونی زمانەکاندا لە سنووری ڕستەدا دەخەنە ڕوو: جۆرە تێکەڵبوونێك هەیە، بەهۆی (لێکدان)ەوە دەبێ وگەلێك شێوە (قالب) وەردەگرێ:

**٢-٤-٢- ڕستەی لێکدراو** compound sentence: ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێ.

دەکرێ دوو ڕستە سادەکە یەکێکیان بە زمانی کوردی بێ و ئەویتریان بە زمانی عەرەبی ، بەهۆی ئامرازی لێکدەر، یان بەبێ ئامراز لێك بدرێن، هەر وەکو لەم نمونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**( ٢٧ ) ماما تعال، ئەمیر دەگری.**

دەکرێ ڕستە کوردییەکە بکەوێتە پێش ڕستە عەرەبیەکە، بۆ نمونە:

**( ٢٨ ) دەخۆی أم تنام.**

نمونەکانی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن، ئەگەر تێکەڵکردنەکەلە نێوان دوو ڕستەی لێکدراودا بێت، ئەوا دەکرێ ئاڕاستە کردنەکە لە زمانی کوردیەوە بەرەو زمانی عەرەبی بڕوات، یان بە پێچەوانەوە، بەلاّم ئامرازە لێکدەرەکە و ڕستەی دووەم لەهەمان زماندا دەبن.

**٢-٤-٣-ڕستەی تێکەڵ** complex sentence: بە دوو ڕستەی جیاواز لە ڕووی ڕستەسازیەوە دەگوترێت ڕستەی تێکەڵ، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەویتریان شوێن کەوتووی ڕستە سەرەکییەکەیە، بەهۆی ئامرازی گەیەنەرەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە (کوردستان موکریانی، ١٩٨٦: ٧٧).کەواتە ڕستەی ئاوێتە(ئاڵۆز) ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە ڕستەیەکی سادەیان تێدایە. ڕستەیەکیان سەرەکییە و ناتوانین لای ببەین پێی دەگوترێ (شاڕستە)، بەلاّم ڕستەکەی تر پێی دەگوترێ (پاڕستە) لاوەکیەو دەتوانین لای ببەین.

زمان تێکەڵکردن هەندێجار لە نێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوودا ڕوودەدات. لە ڕستەیەکی ناسادەدا، ئاخاوتنەکە بریتیی دەبێ لە: هەواڵدان، ئەرێ، ڕستەی ئاوەڵکاری هۆیی، ئامانج و ڕستەی مەرجی:

**( ٢٩ ) دەزانی شسوي.**

جۆرێکی تر لە تێکەڵبوونی ڕستەکان، کە زۆر دووبارە دەبنەوە لە ئاخاوتندا. چوونە ناویەکی ڕستەکانە بەبێ بەکارهێنانی ئامراز، کە بەزۆری ڕستە عەرەبییەکە دەکەوێتە ناو پێکهاتەی ڕستە سەرەکیەکەی زمانی کوردی:

( ٣٠ ) احمد تعرف **نەخۆش ـ Ø**.

هەروەها دەشێ، کەرەستە تێکچڕژاوەکە لە زمانی کوردی و ئەویتریان بە زمانی عەرەبی بێ، وەکو ئەم ڕستەی خوارەوە:

**( ٣١ ) عندی دەزانی مارکیت و سەیارە.**

## بەشی سێیەم

لەم بەشەدا باسی زمان تێکەڵکردن دەکەین لەشاری هەولێر، لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانی.

### ١.٣. زمان تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانی:

لە دێر زەمانەوە کورد و تورکمان لە شاری هەولێر بە یەکەوە ژیاون، بۆیە خەڵکی ئەم شارە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بە شێوەیەکی بەرچاو زمانی کوردی و تورکمانی تێکەڵ دەکەن.

**٣-٢- شوێنەکانی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا:**

تێکەڵکردنی زمان لە ئاخاوتندا لە هەندێ شوێن و باردا دێت، وەکو ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن، داڕشتنەوەی ڕستە، خۆ ڕاستکردنەوە، پێش کۆتایهێنان بە ئاخاوتن، بابەت گۆڕین و جیاکردنەوەی قسەی تێهەڵکێشراو،... هتد. ئێمە لەم لەتەوەرەیەدا تەنیا نمونە بۆ ئەم بارانە دەهێنینەوە، چونکە لە تەوەرەی یەکەمدا ئەو بارانەمان ڕوونکردۆتەوە:

**٣-٣- ئاماژە بە پێکهاتەی ئاخاوتن:**

ئەو خستنەپاڵ یەکتریەی دوو زمان هەندێجار بۆ نیشاندانی سەرەتا و کۆتایی و پێش کۆتایی ئاخاوتن بەکاردێ، وەك لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**( ٣٢ ) أ - بەیانی دەچم بۆ بازار، دێی لەگەڵم؟**

**ب - وەڵلاّ بلەرم، ئێدەبلام یان یۆخ.**

**أ - بابا دەتوانی.**

**ب - ئینشاڵلاّ باخم نەئۆلر.**

لەم نمونەیەدا بۆ کۆتاییهێنان بە ئاخاوتنەکە زمان تێکەڵکراوە. لێرەدا (ب) پێش کۆتاییهێنان بە قسەکەی زمانی تورکمانیبەکاردێنێ لە (وەڵلاّ بلەرم)ەوە بەردەوام دەبێ، تا کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی دێنێ.

**٣-٣-١-خۆڕاستکردنەوە:**

**( ٣٣ ) أ - ئەو پیاوە هاوڕێی باوکمە، مامۆستایە لە کۆلێژ.**

**ب - کام کۆلێژ؟**

**أ - ئاداب تادی... وابزانم لە زمانە.**

**٣-٣-٢- داڕشتنەوە:**

**( ٣٤ ) باشتر وایە جێتسنلار، یان بچن بۆ ئەوەی بزانن چ ڕوویداوە.**

لەم نمونەی سەرەوە قسەکەر بە کوردی دەستپێدەکات لە پڕ وشەی (**جێتسنلار**)ی تورکمانی دێنێتە ناوەوە، بەڵام یەکسەر ڕستەکە دادەڕێژێتەوە و وشەی " **جێتسنلار** " وەردەگێڕێتە سەر کوردی. لەم بارەدا بازدانی لە زمانی تورکمانی بۆ زمانی کوردی هەر بۆ ڕوونکردنەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بەکارهێنانی وشە تورکمانییەکە بەهەڵە دەژمێرێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات.

**٣-٣-٣- جیاکردنەوەی گوتنی تێهەڵکێشراو:**

لەم نمونەیەی خوارەوەدا ئەم جۆرە زمان تێکەڵکردنە دەخەینەڕوو:

**( ٣٥ ) کە چووینەماڵیان لە دەرگاماندا، دەرگایان کردەوە، کە ئێمەیان بینی گوتیان (بویرن بویرن خۆش جالدوز.**

**یان وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:**

**٣-٤-١- تێکەڵبوون لە سنووری ڕستەی سادەدا:**

له نێوان بکەر و گوزارەدا گەلێك تێکەڵبوون هەیە، کەوا بکەر لە زمانی کوردیدا دەبێ و پریدیکاتیش لە زمانی تورکمانیدا دەبێ، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەرچی زمانی تورکمانی ئامراز وەکو وشەیەکی ئەرکی سەربەخۆ بەکارناهێنی، بەڵام پاشماوەی دۆخی جێنەتیف لەحاڵەتی دانەپاڵدا بەرچاو دەکەوێ، کە بریتییە لە (:da) (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ۲۰۰۸: 143). ئەم نمونەیەی خوارەوە ئەم خاڵەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە:

**( ٣٦ ) قارداشو نان برد ــ ى.**

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ، لە زمانی تورکمانی، بەتایبەتی لەناو شاری هەولێردا هەر تورکمانێك کوردی بزانێ زۆر بە ئاسایی، کاری (بوون) وەردەگرێ کە بەرانبەر بە (di) تورکمانی دەوەستێ، بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ زۆربەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانیشدا دەکات.

دەبێ ئەوەش بڵێین، کەوا (di) زۆر جار لە ڕەوتێکی دەنگسازیدا بەپێی هەندێ یاسای دەنگی (گڕ و کپ) لە کۆتایی وشەکەدا دەبێت بە (ti).

**( ٣٧ ) مندالّەکە ئۆلاش ــ تى.**

لە تەوەرەی یەکەمی ئەم بەشەدا ڕوونمانکردەوە، کە تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، نوسەك (clitic)ی کردارەکان، کە وەکو نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار کاردەکەن، لە ئاخاوتنی تێکەڵدا دەرناکەون، بەڵام لەگەڵ زمانی تورکمانیدا لە هەندێ باردا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر دوو زمانەکە سیستەمی ڕیزبونیان ( بکەر + بەرکار + کار )ە:

**( ٣٨ ) سز بڕۆن لۆ ئەوێ.**

**٣-٤-٢- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ناویدا:**

هەندێجار لە سنووری فرێزی ناویدا تێکەڵبوون لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا دەبینرێت، وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**( ٣٩ ) بو قاشوغ بدە بە من.**

لەم ڕستەیەی خوارەوەدا فرێزە ناوییەکە، کە لە ناوێك و ئاوەڵناوێك پێکهاتووە، لە زمانی تورکمانین:

**( ٤٠ ) بيرنجى دەرچووم لە مەکتەب.**

دەشێ بەشەك لە فرێزە ناویەکە لە زمانی تورکمانی بێ و بەشەکەی تر لە زمانی کوردی بێ.

**( ٤١ ) يەك بێوچ دام دیتمەوە لۆ تو.**

**٣-٤-٣- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی کاریدا:**

لە سنووری فرێزی کاریدا بە زۆری بەرکار لە زمانی تورکمانی دەبێت، هەروەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**( ٤٢ ) ئەمن قاون خواردم.**

وەکو لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان کرد، لەوانەیە تێکەڵبوونەکە بەوجۆرە بێ، کە تەنها پێکهاتەی یەکەمی کارە لێکدراوەکە گۆڕانی بەسەردا بێ، بەتایبەتی کاری دیلێکسیکی (کرد).

سەبارەت بە زمانی تورکمانی بەهۆی کەم چالاکی کاری (کردن ـ edir) ئەم جۆرە تێکەڵبوونە، کەم ڕوودەدات و لەوانەشە بەکارهێنانەکە لەشوێنی خۆیدا نەبێ:

**( ٤٣ ) شەرم ئێدرەم.**

دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێکە لە هەندێ تێکەڵبووندا ، نوسەك بەکارناهێنرێ، ئەگەر هەر ئەرکێکیان هەبێ، بەهۆی سەرنەکەوتنی نوسەکەکان، تەنیا بە پەنا بردنە بەر ڕەوتەکە، یان هەڵوێستی قسەکردنەکە، دەتوانین قسەکەرەکە دەستنیشان بکەین. ئەم کۆتبەندە لە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی)دا جێبەجێ دەکرێ. ئەو دیاردەیە دەبێتە مایەی دروستبوونی هەندێ ڕێگری گشتی، کە ڕێگە لە تێکەڵبوونی مۆرفیمە بەندەکان دەگرێت. بە تایبەتی لە ئاستی دەنگسازیی کارەکاندا، بەڵام ئەم ڕێگرییە لە نێوان زمانی کوردی تورکمانیدا بەدی ناکرێ، وەك لەم دوو نمونەی سەرەوەدا دیارە، چونکە نوسەکەکان لەم دوو زمانەدا لە ئەرك و پێکهاتەی دەنگیدا زۆر لێك نزیکن، زۆر جار لەهەندێ لە کەرەستەکان یەك دەگرنەوە، لەبەر ئەوە کۆتبەندی تێکەڵنەبوونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانەکەدا ڕادەگیرێت، بە تایبەتی نوسەکەکان و نیشانەی ناسیاوی (بەڵام نەناسیاوی، وەکو وشە یان مۆرفیمی ژمارە بەکاردەهێنرێ)، (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٤٥).

**( ٤٤ ) ئوشەغە- ەکە ـ م نوستییە.**

**٣-٤-٤- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی ئاوەڵکاریدا:**

لە تێکەڵبوونی ڕستەکاندا ئاوەڵکارەکان ئازادانە لە سنووری ڕستەدا دەردەکەون، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا ئاوەڵکار چالاکە و شوێنی خۆی لەڕستەدا دەگۆڕێ، وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**( ٤٥ ) چوخ بکرە.**

**٣-٤-٥- تێکەڵبوون لە سنووری فرێزی بەندا:**

سەبارەت بە تێکەڵبوونی زمانی تورکمانی و زمانی کوردی لەسنووری فرێزی بەنددا، فرێزە بەندەکە زۆر کات لە زمانی کوردی دەبێ، بەهۆی ئەوەی کەوا ئامرازی پەیوەندیی لە زمانی تورکمانیدا قالبێکی تر وەردەگرێ، چونکە ئامرازەکانی پەیوەندیی لە زمانی تورکمانیدا، وەکو پاشگر ڕەفتار دەکەن و ناکرێ لەفرێزە ناویەکە داببڕێ، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

**( ٤٦ ) لە ماڵ هیچ قالمادی.**

**( ٤٧ ) بازاڕ دە هیچ نەمایە.**

تا ئێستا بە تەواوی ئەوە ساغ نەکراوەتەوە، کەوا تێکەڵبوون لەکوێی ئاخاوتندا دێتە ئاراوە، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە لە سنووری ڕستە و لە چوارچێوەی فرێزی ناوی و فرێزیکاری و فرێزی ئاوەڵکاری و فرێزیبەنددداتێکەڵبوون دێتە ئاراوە. تێبینی ئەوەش دەکرێ سنووری ناوەوەی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا لەبەردەم تێکەڵبوون داخراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار ڕێگە نادات کەرەستەی زمانێکی تر بکەوێتە نێوان ڕەگەکە و نوسەکەکان، چونکە لە ڕستەی کوردیدا کار گەورەترین دەسەڵاتی

هەیە، واتە(M - Command)ەو خۆی کەرەستەکانی هەڵدەبژێرێ(محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ۲۰۰۸: ۱۵۱).

**٥.٣. تێکەڵبوون لە نێوان دوو کلۆزدا Inter clausal Sites:**

وەك لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان بەوەکرد، کە داتاکان ژمارەیەك نمونەی جیاواز لە تێکەڵبوونی زمانەکاندا لە سنووری ڕستەدا دەخەنە ڕوو. جۆرە تێکەڵبوونێك هەیە، بەهۆی لێکدانەوە دەبێ، کە گەلێك شێوە (قالب) وەردەگرێ:

**یەکەم:** دوو ڕستە یەکیان بە زمانی تورکمانی، ئەویتریان بە زمانی کوردی دەبێ، یان بە پێچەوانەوە، ئەمەش دەکرێ بەبێ بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەر ڕووبدات. وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**( ٤٨ ) ئات گیالدی منداڵەکە ترسا.**

**دووەم:** ڕستەی کوردی پاش، یان پێش ڕستەی تورکمانی دەکەوێ، بە بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەر لە هەمان زماندا.

**( ٤٩ ) دێی، یۆخسە مەن گێدم.**

ئەم نمونەیەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێ، کەوا ئەگەر تێکەڵکردنەکە لە نێوان دوو ڕستەی لێکدراوی یەك ئاستدا بن. دەبێ ئاراستەکە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی تورکمانی بڕوات، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئامرازە لێکدەرەکە و ڕستەی دووەم لە هەمان زماندا بن.

**سێیەم:** زمان تێکەڵکردن هەندێجار لە نێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێن کەوتوودا ڕوودەدات، لە ڕستەیەکی ناسادەدا لە تێکەڵبوونی زمانی کوردی و تورکمانی پاشگرە تورکمانییەکە دەچێتە کۆتایی وشە کوردییەکە. وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**( ٥٠ ) نازانم هەزەمان جێدری.**

تێبینی دەکرێ،بەهۆی تێکەڵبوونی دووورخایەنی ئەو دوو زمانە، لە زمانی تورکمانی شاری هەولێر زۆربەی ئامرازە کوردییەکان بەکاردێت، ئەمەش دەکرێ لە چوارچێوەی ململانێی نێوان زمانەکان و لەسەر بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ. لەلایەکی ترەوە زۆر جار ئامرازەکە بە تەنیا دەکەوێتە ناو ڕستەی تورکمانییەوە، وەکو:

**( ٥١ ) خۆزگە مەندە بچووبام.**

**چوارەم:**زۆر جار ڕستەکان بەبێ بەکارهێنانی ئامراز دەچنە ناو یەکترییەوە، لە تێکەڵبوونی زمانی تورکمانی و زمانی کوردیدا، یان لای پێشەوە بەر زمانی تورکمانی دەکەوێ، یان لای دواوە، وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**( ٥٢ ) بیلیرەم سەرکەوت نەخۆشتی.**

**٣-٥. تێکەڵبوون و هاوتایی و ناهاوتایی ڕۆنانەکان:**

وەك لە بەشی پێشتر خرایە ڕوو، مەزندەکردنی ئەگەری تێکەڵبوون، ئەوە دەگەیەنێت، کەوا دەکرێ تێکەڵبوون لەو زمانانەش ڕووبدات، کە لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەوە هاوتایی و گونجانیان تێدا نییە. واتە لەو شوێنانەیدوو زمانەکە جیاوازن لە ڕێکخستنی ڕۆنانی سەرەوەیاندا، لە خوارەوە هەندێ حاڵەت دەخەینە ڕوو، کە تێیدا کۆتبەندی ناهاوتایی (EC)ی ڕۆنانەکان پشتگوێ خراون (Lipski, 1978: 250).

١ـ زمانی تورکی و زمانی کوردی، نە لەڕووی بنچینەی مێژووییەوە لە یەکتری نزیکن و نە لەڕووی بنچینەی وشەسازییەوە، وە هەریەکەیان سەر بە خێزانە زمانێکی جیاوازن. زمانی کوردی سەر بەخێزانە زمانی (هیندۆ ئەوروپی)یە، زمانی تورکیش سەر بەخێزانە زمانی (تورانی)یە. (عەبدولواحد ئەلوافی، ٢٠٠٧: ٢٢٢).

هەردوو زمانی کوردی و تورکی پێڕەوی مۆدێلێك دەکەن، کە بریتییە لە (sov). ئەگەر بێت و ڕستەکە کاری تێپەڕی لەگەڵدا بێت، هەروەها هەردوو زمان وەك دوو زمانی بەیەکەوە نوساو (لکاو) ڕەفتار دەکەن لە وەرگرتنی مۆرفیمی بەند ، لەبەر ئەوە تێکەڵبوون لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکمانیدا ئاساییترە، وەك لەوەی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا دێتە کایەوە. وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**( ٥٣ ) قارپوز دەخۆم.**

بەڵام ڕۆنانی سەرەوەی زمانی کوردی هاوتا نییە، لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەی زمانی عەرەبی، چونکە زمانی عەرەبی لە جۆری (vso)یە، کار لەپێش بکەر و بەرکار دێت، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵبوون ڕوودەدات. وەك ئەم نمونەی خوارەوە:

**( ٥٤ )أشرب شەربەت.**

٢ ـ بارێکی تری ناهاوتایی بەکارهێنانی نیشانەی ناسیاوییە، لە زمانی عەرەبیدا، نیشانەی ناسیاوی پێش ناوەکە دەکەوێ، وەکو:

**( ٥٥ ) الغرفة الکبیرة.**

لێرەدا ئاوەڵناو لەگەڵ فرێزی ناوی ناسیاویدا، وەکو دیارخەری ناوێك دەبێ بە هاوکاری ئامرازی ناسیاوی، بەڵام لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی ناسیاوی پاشگرە و بە کۆتایی فرێزی ناوییەوە دەلکێ، بەڵام ئەگەر ناوەکە ئاوەڵناوی لەدوا بێت، ئەوا نیشانەی ناسیاوی دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە، وەکو:

**( ٥٦ ) دارە گەورەکە.**

لێرەدا تێکەڵبوون لە فرێزی ناوی ناسراودا بە ئاڕاستەی عەرەبییەکە بەدی دەکەین، نەك بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، لە شکاندنی کۆتبەندی (EC)، وەکو لەم نمونەیەدا دیارە:

**( ٥٧ ) البنت بالکۆڵان.**

بەهۆی ئەوەی لەزمانی تورکمانیدا هەمان ئامرازی ناسیاوی (ەکە) بەکاردێنێ و هەردوو زمانەکە لە جۆری (sov)دان، بۆیە هیچ ناهاوتاییەك لە هەردوو ئاراستەکەدا بەدی ناکرێ (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٥٤).

**( ٥٨ ) منداڵەکە ئولد ـ دی.**

٣ ـ بارێكی تری ناهاوتایی لە سیستەمی دیارخەرەكاندایە، كە لە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبیدا بە دەردەكەوێ. هەردوو زمانەكە ڕێگە بە دەركەوتنی زنجیرەیەك دیارخەر ( واتە زیاتر لە یەك دیارخەر) دەدەن، وەك پێشتر باسمان كرد، ڕیزبوونی كەرەستەكان لەو دوو زمانەدا بە تەواوی جیاوازن. لە زمانی كوردیدا نیشانەی ناسیاوی فۆرمێكی بەندی هەیە و بە دوای ناوەكەدا دێ و جێناوی نیشانەی پێش دەكەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا تێكەڵبوون ڕوودەدات، تێكەڵبوونی نمونەی ( ٥٩ ) كە لەگەڵ ڕیزبوونی سەرەوەی زمانی عەرەبی گونجاوە، بەڵام لەگەڵ زمانی كوردی ناگونجێ و ڕێگەی پێنەدراوە:

**( ٥٩ ) هذا المالۆ.**

بەڵام بەهۆی یەك سیستەمی ڕیزبوونی كەرەستەكان لە زمانی كوردی و توركمانیدا ڕۆنانی سەرەوەیان یەك دەخا و لەم بارەدا ناهاوتایی دروست ناكا:

**( ٦٠ ) بو ماڵە .**

**( ٦١ ) ئەو قاشوغ ـ Ø.**

بەهۆی ئەوەی جێناوی نیشانە لە زمانی توركمانیدا پاشبەندی لەگەڵدا نییە، بۆیە ڕستەی (٦٠) لە (٦١) گونجاوترە.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

١ ـ بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر زمان تێکەڵکردن (بازدان لە زمان) هەیە:

أ ـ **بازدانی** خۆنەکرد: ئەم جۆرە بازدانە بە ویستی قسەکەر نییە.

ب ـ بازدانی خۆکرد: ئەم جۆرەیان پێچەوانەی جۆری یەکەمە، چونکە بە ویستی قسەکەرە.

٢ ـ لە توێژینەوەکەماندا ئەم ئەنجامانە لە تێکەڵکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی و زمانی تورکمانی بەدی دەکرێن:

٣ ـ زمان تێکەڵکردن، دیاردەیەکی بڵاوە لەو کۆمەڵگایانەی کە دوو زمان، یان زیاتری تێدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لە ئاستەکانی تری زمانیشدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت.

٤ ـ هەر سێ تیۆری مێژوویی و مۆڕفیم و پێکهاتەی ڕستەسازی زمانەکانی جیهان بە تەواوی لەیەک جیاناکەنەوە، واتە ناتوانن ناسنامەیەکی ڕاست و دروست بۆ زمانەکان دروستبکەن.

٥ ـ لەم جیهانەدا هیچ زمانێك نییە، کەبە تەواوی پاراو بێت ، واتە هیچ نەتەوەیەك لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا نییە، تەنیا یەك زمان بەکاربێنن، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاگا زمانەکان تێکەڵدەبن، زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی تر، ئەم دیاردەی تێدا بەرچاو دەکەوێت.

٦ ـ کۆمەڵگای ئاخاوتنی هەولێر چەندین دیاردەی زمانەوانی لە خۆدەگرێ، کە ڕەنگە لە شارێکی تری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە و ڕێژەیە بەدی نەکرێ، چونکە جگە لە نەتەوەی کورد نەتەوەی تریشی تێدا دەژی.

٧ ـ زمان تێکەڵکردن لە لاوازی و بێهێزی توانستی قسەکەر لە یەکێك، یان لە هەردوو زمانەکەدا سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی پێ جێبەجێ دەکرێ، ئەم دیاردەیە نیشانەی زیندوەتی زمانە، نەك بێهێزی زمان.

٨ ـ زمانی تورکمانی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ زمانی کوردی هاوتان، لەبەر ئەوە تێکەڵبوونەکە ئاسایترە لەوەی، کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا دێتە ئاراوە.

٩ ـ بۆ دەستپێکردن بە زمان تێکەڵکردن لە دوو زمانزانیدا، دەستپێکی وشەیی گرنگە، چونکە بەهای کۆکردنەوەی بەشداربووەکانی ئاخاوتنی هەیە، لەو شوێنانەدا کە زاراوەکانی زمان تێدا بەیەکەوە دەبەسترێتەوە. وەك: ناوەکان و زاراوە گواستراوەکان و وشە هاوبێژەکان ... هتد.

١٠ـ ئەو وشانەی کە لەکاتی زمان تێکەڵکردندا بەکاردێن، بە بەراورد لەگەڵ وشەی زمانە سروشتییەکان بەرتەسکتر و کەمترن، چونکە وشە ئاوێتەکانی دوو زمان ئەو وشانەن، کە پێویستن بۆ پەیوەندیکردن لە بوارێکی دیاریکراودا.

## سەرچاوەکان

**أ ـ بە زمانی کوردی:**

١ـ ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢ـ بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٦) زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٣ـ سەلام ناوخۆش (٢٠١٠) شێوەزاری هەولێر هەولێك بۆ ستاندەرێکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان، گۆڤاری زماننانسی، ژمارە (٧)، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٤ـ عەبدولواحد ئەلوافی (٢٠٠٧) زانستی زمان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥ـ کوردستان موکریانی (١٩٨٦) سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٦ـ محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٨) زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٩)، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٧ـ محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) لێکۆلینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**ب ـ بە زمانی ئینگلیزی:**

8- Erica, F. M. (2007) aspects of code-switching in the discourse of bilingual mexican-american children. NewYork: Peter Lang.

9- Fishman, J. (1972) The Sociology of Language – in Language and Social Context.Stanford: Stanford University Press.

10-Gumperz, J. (2002) Studies in Interactional SociolinguisticsDiscourse strategies, Companion to Language and social identity. California: University of California, Berkeley.

11- Lipski, J. (1977) Code switching and the problem of bilingual competence. Tempe: Arizona State University,Center for Latin American Studies.

12- Pfaff, C. (1979) Constraints on language mixing. Ann Arbor: University of Michigan Press.

13- Poplack, S. (1983) Department of Linguistics ( code switching ). Berlin: Mouton De Gruyter.

14- Vogt, H. (1954) Language Contacts. Unpublished PhD dissertation. Irvine: University of California.

## المزج اللغوي في لغة الحوار- مدينة اربيل أنموذجاً

نظراً للتطور الذي لَحِقَ الجانب التكنولوجي من الحياة أضحى العالم كقرية صغيرة، وبالتالي أدّى ذلك إلى تقارب واختلاط القوميات والمجتمعات من بعضها البعض. ومما لاشكّ فيه أنّ اللغة تشكّل عاملاً أساسياً في ايجاد وتكوين علاقات وروابط اجتماعية وقومية. وهذا بدوره كان سبباً في حصول ووقوع هذا الإمتزاج اللغوي في لغة المحادثة اليومية بين أبناء المجتمع .

وظاهرة التمازج اللغوي ظاهرة واسعة الأفق ولاسيما في المجتمعات التي تضمّ إقليات أو قوميات عدّة، فعن طريق أختلاط هذه القوميات مع البعض يتولّد التمازج اللغوي، إذن فالتمازج اللغوي عبارة عن اللجوؤ أو الاستعانة بمزج

لغتين أو أكثر اثناء المحادثة من غير أن يؤدي ذلك إلى إحداث تغيرات في مضامين المواضيع المتداولة.

وقد تناول هذا الموضوع بالدراسة العديد من الباحثين الاجانب، وجرت دراستهم لها ضمن إطار اللغويات الاجتماعية واللغويات النفسية.. وعرّجنا في هذه الدراسة إلى اجراء التحليل على الكلام المتداول بين الناس في ضوء ظاهرة التمازج اللغوي، كالتمازج الحاصل في لغة مجتمعنا عند المحادثة، واستعانة الفرد باللغة الكردية والعربية والتركمانية من أجل إيصال المعنى المقصود.

وعن طريق الإلمام باللغات نستطيع التعامل مع هذه الظاهرة، وتطرّق البحث أيضاً إلى بيان العديد من الوظائف التي تنتج عن هذا التمازج اللغوي.

## Abstract

**Code Switching in Conversation**

Nowadays, technology progress has caused the world to become a small village and has led nations and societies to get closer and interrelated. Certainly, language is a key means for the relationship and interchange between nations and societies, by this interface of languages and code switching materialize.

Language code switching is an expanded phenomenon particularly happens in the multilingual societies in which have native speakers and some other language. It is the process of switching between two or more languages while the same topics and speakers are to keep.

Many studies have been accomplished by foreign researchers, particularly in the frame of linguistics, sociolinguistics, and psycholinguistics.

In this research, importance has been given to speech analysis at the time code switching emerges between Kurdish, Turkmani, and Arabic languages. The study which points out a lot of contexts in the course of code switching, concludes that this occurrence can be logically addressed in a certain language environment.

# بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی زمان

پ.ی.د.طالب حسين علي
کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەدین

## ١- پێشەکی:

باسەکە بە ناونیشانی (بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی زمان) ـە، تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ و کەلتور دەخاتەڕوو، هەروەها باس لەو بنەما گرنگانە دەکات، کە زمان چەند کاریگەری بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و بەها کەلتورییەکاندا هەیە. هاوکات بەرجەستەکردنی ئەو بنەمایانە لە خودی تاکەکانی کۆمەڵدا و بەکاربردن و پەیڕەوکردنیان لە هەڵویست و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا.

باسەکە لە دوو تەوەر پێکدێت:

لە تەوەری یەکەمدا چەندپێناسەیەکی زمان خراوەتەڕوو، یەکێك لەو پێناسانە بە وردی ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی بۆکراوە، پاشان باس لە جیاوازی نێوان زمان و قسە کراوە، بەو پێیەی کە قسە بریتیە لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی زمان بەپێی ڕێگە تایبەتییەکانی خودی قسەکەر.

تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی زمان، لێرەدا هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی پەیوەست بەکەلتور دیاریبکرێت، هەروەها ئەو بنەمایانەش خراوەتەڕو، کە زمان تێیدا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت. وەك ئامرازێکی کارا بۆ بەرجەستەکردنی کەلتوری کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا.

### ١-١ زمان و تایبەتمەندییەکانی:

کاتێك کەمرۆڤ دەڵێت: من زمانێك دەزانم، مەبەستی لەم وتەیە ئەوەیە کەدەنگەکانی ئەو زمانە و وشەو ڕستە و واتاکانیان دەزانێت. دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کەئەو کەسە دەتوانێ وەسفی ڕێسا و یاساکانی ئەو زمانە بەشێوەیەکی ورد و زانستی بکات، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت، کەشارەزا و پسپۆرن لەزانستی زماندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر زانایەکی زمان ئەگەر بیەوێت وەسفی زمانێك بکات، دەبێت ئەو ڕاستییە بەهەند وەربگرێت، کەزمان ئامرازێکە بۆ گەیاندنی واتا لەمیانەی ئەو دەنگانەی کەمرۆڤ دەیاندرکێنێت.

ئەم بۆچوونەش وەك ڕاستیەکی سەرەتایی دادەنرێت، کەپێویستە زانایانی زمان لەبارەی بوون و ماهیەتی زمانەوە بیزانن. بۆیە هەر لەم تێڕوانینەوە پسپۆر و زانایانی زمان چەندین پێناسەی هەمەجۆریان لەبارەی زمانەوە خستۆتەڕوو، هەر پێناسەیەکیش لەو پێناسانە ئاماژەیەکی سەرەتاین بۆ ئەوەی لایەنێکی یان تایبەتمەندییەکی زمان نیشانبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان بڕوایان وایە کەئەو پێناسانە

بەگشتی پێویستن بۆ ئەوەی ڕواڵەت و لایەنە شاراوەکانی زمانیان پێ دەستنیشان بکرێت. بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەکی زمان دەخەینەڕوو کەلەلایەن زانایانی زمانەوە پێشکەش کراون بەم شێوەیە:

**Sapir – ساپیر (١٩٢١) دەڵێت:**

زمـان بەشـێوەیەکی تایبـەت، ڕێگەیـەکی ناغەریزەییـە، مـرۆڤ بـۆ گواسـتنەوەی بـیر و سـۆز و ئارەزووەکانی بەکاریدەهێنێت، کەلەڕێگەی کۆمەڵە هێمایەکی لەخۆوە بەرهەمیان دەهێنێت.

**Bloch and Trager – بلوك و تراگێر (١٩٤٢):**

زمان سیستەمێکە لەکۆمەڵـە هێمایـەکی دەنگـی هەڵبـژێردراو ڕێکخـراوە، کەبـەهۆی ئـەو هێمایانـەوە گروپێکی کۆمەڵایەتی هاوکاری یەکتر دەکەن.

**Hall– هوڵ (١٩٦٨):**

زمان جۆرە ڕەفتارێکی کۆمەڵێکە، تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەمەبەستی پەیوەندیکردن و تێکەڵ بوونیان (تفاعل) لەگەڵ یەکتردا بەکاریدێنن بەهێمای زارەکی و بیسـتنی هەڵبـژێردراو– وەك کردارێکـی ڕەفتـاری– ئەنجامی دەدەن ( جون لوینز: ٢٠، ٢١)

– کۆزمانەوانەکان:

کۆمەڵە شێوازێکی جیایە، کەهەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات.

– کارول: زمـان کۆمەڵـە ڕەمزێکـی دەنگـی لەخۆوەیـە، کـەبۆ لەیـەکتر گەیشـتن و پـۆلکردنی شـت و ڕووداوەکانی دەوروبەر بەکاردێت (محمد معروف: ٥).

**Chomsky– چۆمسکی:**

زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، کە ڕێزمان دەریان دەکات (محمد معروف: ٥).

سەرباری ئەو پێناسانەی کەخرانەڕوو، لێرەدا پێناسەیەکی ورد و گشتگیر دەخەینە بەرچاو، پاشـان لەسەر وردەکاری و خاڵە گرنگەکانی پێناسەکە دەوەستین، کەبریتییە لە:

زمان توانایەکی زەینی وەرگیراوە، خـۆی لەسیسـتەمێکدا دەنوێنـێ، کەلەڕێگـەی کۆمەڵـە هێمایـەکی لـەخۆوە (اعتبـاطي) دەردەبڕێـت و تاکـەکانی کۆمەڵگایـەك لەپرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا بەکاریـدەهێنن (ڕوی.سی. هیجمان: ١٥)

ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەم پێناسەیە، دەبینین لەسێ تەوەری سەرەکی پێکدێت، هـەر تـەوەرێکیش لەو تەوەرانە بەتەواوکەری یەکتر دادەنرێن بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم:** ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کەزمان توانایەکی زەینیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەئـەو توانایـە وەرگـیراوە، بۆیـە دەکـرێ بڵـێین، مـرۆڤ هـەر لەمنداڵییـەوە– لـەو سـاتەی کەلـەدایك دەبێـت– دەستدەکات بەوەرگرتنی زمان و هەروەها بەدرێژایی تەمەنی خۆی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو وەرگرتنە، ئەگەر هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك نەیەتە ڕێگەی.

**تـەوەری دووەم:** جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات، کـەزمان سیسـتەمە ئـەو سیسـتەمەش لەکۆمەڵـە هێمایەکی ڕێکخراودا– لەنێوان دەنگ و ڕستەدا– بەرجەستە دەبێت، هەروەها پەیوەندی نێوان فۆرمەکانی

زمان و ئەوەی کەئەو فۆرمانە هێمای بۆ دەکەن بەیەکیان دەبەستێتەوە.

**تەوەری سێیەم**: جەخت لەسەر سروشت و بونیادی کۆمەلایەتی زمان دەکات، ئەمەش بەپلەی یەکەم زمـان وەك ئـامرازێکی پەیوەنـدیکردن دادەنێـت، کەتاکـەکانی کۆمەڵگایـەك بەمەبەسـتی بـەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاریدێنن.

هەروەکو ئاماژەی پێدرا ئەو سێ تەوەرە یەکتر تەواو دەکەن، هـەروەها لەمیانـەی ئـەو تەوەرانەشـدا دوو ڕاستی گرنگ لەبارەی سروشتی زمان و ئەرکەکانیدا، بەدیدەکرێن، کەبریتین لە:

**ڕاستی یەکـەم**: خـۆی لەسروشـتی وەرگرتنـی (اکتسـاب) زمـان دەبینێتـەوە، بـەوەی کەتوانایـەکی زەینییە و خۆی لەچەند کردەیەکی فیسیۆلۆجیدا دەنوێنێ، کەچـەند بەشـێکی گـرنگ لەجەسـتەی مرۆڤـدا بەشداری تێدا دەکەن، وەکو ئەندامانی ئاخاوتن و بیستن و دەمار و موخ...

**ڕاستی دووەم**: ئەمەش لەچەند هۆکارێکی سەرەکیدا بەدیدەکرێت، هەندێکیان کۆمەلایەتین، جـەخت لەسەر ئـەوە دەکـەن، کەپێویسـتە منـداڵ سیسـتەمێکی زمـانی لەکۆمەڵگەیـەکی مرۆڤایەتیـدا وەربگرێـت. هەندێکی تریان بەندن بەلایەنی دەروونییەوە، کەلەویست و ئـارەزووی منداڵـدا بەرجەسـتە دەبـن، بـەوەی کەهەست بەئینتمابوونی خـۆی دەکـات و بـۆ ئـەو کۆمـەڵگا مرۆڤایەتیـە دەگەڕێتـەوە لـەرووی دەروونـی و کۆمەلایەتی و کەلتورییـەوە، ئـەو هەسـتەش بـەجۆرێك پـەرە دەسـێنێت، کەلەگـەڵ گەشـەکردنی تەمـەنی عەقڵی و زەمەنی منداڵدا دەڕوات. ( ڕوی. سی. هیجمان: ١٥)

بۆیە لێرەدا دەکرێ لەروانگەیەکی شیکاری وەسفیدا ئەو پێناسەیە ڕاڤە بکەین و بەشـێوەیەکی ورد و فراوانتر سروشتی زمان و ئەرکەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

١- زمان سیستەمە.

٢- زمان توانایەکی زەینی وەرگیراوە.

٣- زمان سیستەمێکی هێمایی واتادارە.

٤- ئەو هێمایانەی کەزمانێك پێکدەهێنن هێمای درکێنراون.

٥- هێماکانی زمان لەخۆوەیە (اعتباطية).

٦- زمان وەك سیستەمێك تاکەکانی کۆمەڵگایەك بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەکاریدێنن.

یەکێك لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کەمرۆڤ لەهەموو گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە زمانە، بەو پێیەی کـەتوانای بـەکارهێنانی زمـانی هەیـە، چ بـەدەربڕین و درکانـدن بێـت، یـان بەنوسـین بێـت، دیـارە دەربـڕین یـان درکانـدنی هێماکـانی زمـانیش تـەنیا لای مـرۆڤ لەسیسـتەمێکی ڕێـك و تایبەتیـدا ڕێکخـراوە بەجۆرێك بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بەدەوروبەری خۆی بکات، واتە مرۆڤ لەڕێگەی بـەکارهێنانی هێماکانی زمانەوە توانای ئەوەی هەیە، کەپرۆسەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیدا- کەسەر بەهەمان گروپ و کۆمەڵگەی زمانین- لەسنوری ئەو ژینگـە زمانییـەی کەتێیـدا گەشـەی کـردووە، ئـەنجام بدات. لەگەڵ ئەوەشدا هـەموو ئـەو لێکۆڵینـەوە زانسـتیانەی کەئەمڕۆکـە لـەئاراداین و خراونەتـەڕوو، ئـەوە

دووپات دەکەنەوە کەتەنیا یەك زمان وەکو سیستەمێکی ڕێك و تەواوی پەیوەندیکردن لەسەر ڕووی زەویدا هەیە، ئەویش زمانی مرۆڤە، چونکە ئەو زمانە لەرووی جۆرە- چۆنیەتی و چەندێتییەوە- جیاوازییەکی تەواوی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو سیستەمانەی کەگیانلەبەرانی دیکە بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەکاردێنن، هەروەها مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرە کەتوانای وەرگرتن و فێربوونی زمانی هەیە، دیارە ئەمەش لەپرۆسەکانی بەکارهێنانی زانیاری و بەرهەمهێنان و تێگەیشتندا خۆی دەنوێنێ. ئەم توانایەش بەدەر لەگیانلەبەرانی دیکە، وەکو بەهرەیەکی زگماکی خوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیوە. کەواتە هەر تاکێك لەهەر شوێنێك و لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، ئەو توانا و بەهرە زگماکییەی تێدا بەرجەستە دەبێت، کەبەسانایی و بەماوەیەکی کەمی دیاریکراو ئەو زمانە وەربگرێت و فێری ببێت، کەکۆمەڵگاکەی قسەی پێدەکەن، واتە هیچ تاکێك نییە، کەنەتوانێ زمانی کۆمەڵگاکەی وەرنەگرێت، تەنانەت ئەو کەسانەش لەڕووی هزر و ئاوەزەوە دواکەوتون یان ناتەواون، بەمەرجێك ئەندامانی ئاخاوتن و بیستنیان کەموکوڕی تێدا نەبێت. هەر لەم بارەیەوە زانایانی زمان بەمەبەستی جیاکردنەوەی زمانی مرۆڤ وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن لەچەشنەکانی دیکەی پەیوەندیکردن، چەند تایبەتمەندییەکیان دیاریکردووە، کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

١- زمانی مرۆڤ مەودایەکی بەرفراوانی دەربڕین لەئەزموون و شارەزایی و زانیارییەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆیەوە.

٢- زمانی مرۆڤ لەکۆمەڵە هێمایەکی باو و نەریتی (عورفی) ناڕاستەوخۆ پێکدێت.

٣- مرۆڤ بەئاگایی و هەستکردنەوە هێماکانی زمان بەمەبەست بەکاردێنێت وەکو هۆکارێك بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستانەی کەدەیەوێت.

٤- مرۆڤ زمان بەکاردێنێت بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کەبەرجەستەن و دەیان بینێ، هەروەها بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کەنابەرجەستن.

٥- مرۆڤ زمان بەکاردێنێ بۆ دەربڕینی ئەو ڕووداو و ئەو شتانەی کەلەکات و سەردەم و شوێنی قسەکەرەوە دوورن.

٦- زمانی مرۆڤ زمانێکی لێکدراوە (داڕژاوە) لەچەند یەکەیەك پێکدێت، کەبەپێی سیستەم و یاسای تایبەتیەوە ئەو یەکانە لێکدەدرێن. (دەنگ و وشە و ڕستە... تاد).

٧- زمانی مرۆڤ بەو یاسا و ڕێسانەوە پابەند دەبێت، کەکۆمەڵگا بەسەریدا فەرزی دەکات.

٨- مرۆڤ بەپێی گۆڕانی هەڵوێستی دەربڕینەکەی دەتوانێ وشەیەك بەوشەیەکی تر بگۆڕێت.

٩- هەمەجۆری لەزمانی مرۆڤدا لەئاکامی جۆراوجۆری ئەو کۆمەڵگایانەوە بەکاریدێنن دێتە ئاراوە دەکەوێتە ژێر (رکێفی) هەردوو هۆکاری سەردەم و کات و شوێنەوە.

١٠- مرۆڤ زمان لەو کۆمەڵگایە وەردەگرێت کەتێیدا دەژیت. (جمعە سید یوسف: ١٢، ١٣)

**١-٢ زمان** Langue **قسه** Parol**:**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە بکەین، کە (سوسێر) کردوویەتی لەنێوان چەمکی زمان و چەمکی قسە، بۆ ئەوەی لەچەمکی قسەی ڕاستەوخۆ بگەین، هەروەها کاریگەری قسە لەسەر ئەو شێوازانەی کەقسەکەر بەکاریان دێنێ لەدەربڕینی زمانیدا.

(سوسێر) زمان بەوە دەناسێنێ کەسیستەمە و بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی دادەنێت، تاکەکانی کۆمەڵیش ئەو یاسانەی کەلەو سیستەمەدا هەن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاریدێنن. هەرچی قسەیە بریتییە لەبەکارهێنانی ڕاستەقینەی سیستەمی زمان، واتە هەر چالاکییەك پەیوەندی بەزمانەوە هەبێت بەتایبەمەندییەکی قسە دەژمێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدیاردەیەکی تاکەکەسی دادەنرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین قسە ئەو چالاکییە هەستپێکراوە کەسییەیە کەدێتە بەرگوێ لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردایە، لەبەرئەوە قسەکەر سەربەستە لەهەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان لەکاتی قسەکردندا، واتە قسە ئەو زمانەیە کەمرۆڤ لەناو کۆمەڵدا بەکاری دێنێ و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵ ڕەوشتێکی زمانی گشتی و بنەما و یاسا زمانییەکانی ئەو زمانە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. قسەش دەکرێ بەدوو ئاست:

**ئاستی ناڕاستەوخۆ**: ئەو ئاستەیە کەتاك تێیدا تەنیا وەکو وەرگر وایە، واتە کاریگەری نییە، تەنیا لێرەدا شێوەزارەکەی وەردەگرێت، هەروەها ئەو وشە و زاراوە و پێکهاتانە وەردەگرێت کەلەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، ئەو کەرەسە و پێکهاتانەش لەخودی تاکەکەدا بەرجەسەدەبێت و پاشان لەکەسایەتی زمانی ئەو تاکە لەو کۆمەڵگایەی کەبۆی دەگەڕێتەوە ڕەنگدەداتەوە.

**ئاستی ڕاستەوخۆ**: ئەو ئاستەیە کەقسەکەر بەسەر زارەکی یان بەنووسین ڕێگە تایبەتییەکانی خۆی تێدا بەکاردێنێ و بۆ جێبەجێ کردنی کردەی ئاخاوتن. لێرەدا دەبێ تێبینی ئەو بکرێت، کە ئەو ڕێگایانە ئەگەرچی تایبەتن بەکەسێك، نابنە هۆی دابڕانی ئەو کەسە لەو گروپە زمانییەی کەبۆی دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێ کەقسە دەکات سیستەمی ڕێزمانی و پێکهاتەی وشەکان و دەستوور و یاساکانی زمانەکەی لەو کۆمەڵگایە وەردەگرێت کەتێیدا پەروەردە کراوە و گەورەبووە. بەمجۆرە قسە بریتی دەبێت لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی زمانەکە بەپێی شێواز و ڕێگە تایبەتییەکانی قسەکەر یان نووسەر (منذر عياشي: ٢٥)

بێگومان لێکدانەوەی ئەو بۆچوونەش سەبارەت بەزمان و قسە لەکارە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، چونکە ئەو شێوازانەی کەلەکاری ئەدەبیدا بەکاردێن بەسیمایەکی ئەو کەسە (نووسەرە) دادەنرێن لەدەربڕیندا، واتە سیمایەکی دەربڕینی تاکە کەسییە، لەهەمان کاتدا بەسیمایەکی ئەو کۆمەڵە دادەنرێت لەدەربڕیندا، واتە سیمایەکی دەربڕینی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوە دەبینین لە کارە ئەدەبییەکان هەردوو شێوەی زمان و قسە وەردەگرن، هەردوو لایەنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیانەوە دەگرن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فرەدەنگی و فرەشێوازی بەشێوەیەکی گشتی لەکارە ئەدەبییەکاندا بەدەردەکەون، بەتایبەتیش لەنووسینی بەرهەمی ئەدەبیدا، دیارە نووسەر لەبونیادنانی جیهانی ڕۆماندا زمان و شێوازی

تایبەتی خۆی بەکاردێنێ، بەڵام بۆ کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە و پلە و پایە و گەشەکردنیان لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان لەڕۆمانەکەدا شێوازی تر بەکاردێنێ، بەجۆرێك کەگوزارشت لەجیهانی زمانی کەسایەتییەکان بکات. لەم بارەیەوە (باختین) دەڵێت: ئەگەر لەهەموو ڕوویەکەوە بڕوانینە ڕۆمان دەبینین دیاردەیەکی فرەشێواز و فرەزمان و فرەدەنگە.

## ٢- بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی زمان:

### ٢-١ بنەما کۆمەڵایەتییەکانی زمان:

زمانی هەر نەتەوەیەك یان کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لەئاکامی چەند هۆکارێکی یەکگرتووەوە سەرهەڵدەدات، لەهەموویان گرنگتر مێژووی هاوبەش و جوگرافیای هاوبەش و فەرهەنگ و کەلتوری هاوبەشە، (واتە ئەوەی کەپەیوەندی بەلایەنی فیکر و ڕۆشنبیری و ئەدەب و کەلەپور و داب و نەریتی نەتەوایەتیە) لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین یەکێتی قەوارەی سیاسی و ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەکردنی هەر نەتەوەیەك بەئاکام ناگات، ئەگەر بێتو لەسەر بنەمای یەکێتی زمانی ئەو نەتەوەیە بنیاد نەنرێت، چونکە زمان وەك گرێ بەندێکی تەلیسماوی وایە، دەتوانێ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بۆخۆی ڕابکێشێت، هەروەها پەیوەندی نێوانیان بتەو بکات بەچەشنێکی وا کەلەیەك جەستەدا کۆیان بکاتەوە و یەك هزر و یەك بیرکردنەوەیان هەبێت، واتە لەهەست و سۆزێکی یەکگرتووی هاوبەشدا کۆیان بکاتەوە، لەبەرئەوە دەبینین لەزمانەوانی کۆمەڵایەتیدا هەوڵدەدرێت ئەو پەیوەندییانە دیاری بکرێت کەلەنێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بۆیە توێژەران لەم بوارەدا دەیانەوێ کاریگەری باری کۆمەڵایەتی و سیستەم و کەلتوری کۆمەڵگە بەسەر دیاردەکانی زمان نیشانبدەن، بەو پێیەی کەمرۆڤ بەر لەهەموو شتێك گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە و زمانیش وەکو مرۆڤ بەگیانلەبەرێکی زیندوو دادەنرێت، چونکە زمان خۆشی بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندە.

لەم بارەیەوە (فندریس) دەڵێت: زمان لەباوەشی کۆمەڵدا سەری هەڵداوە و پەیدابووە، واتە لەو ڕۆژەوە زمان پەیدابووە کەتاکەکانی کۆمەڵگە لەناو خۆیاندا هەستیان بەوە کردووە پێویستیان بەلەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا هەیە. بۆیە دەکرێ زمان بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دابنرێت، هەروەها وەك ئامرازێکیش بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی پەیوەستن بەکار و کردەوە و پێداویستی و ئەرکەکانی کەلەناو کۆمەکدا هەن. بەمجۆرە زمان دەتوانێ زۆر بەوردی و ڕوونی وێنە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەمان بۆ تۆمار بکات لەکەلتور و بیروباوەڕ و سیستەم و لایەنی فیکری و ڕۆشنبیری و هونەری و ئابوری....تاد سەرەڕای ئەمەش کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر زماندا شتێکی ئاسایی و دیارە، بۆیە کەدەڕوانینە زمان بەگشتی لەناو کۆمەڵدا، بەتایبەتی ئەو زمانەی کەلەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی (بدائی) یان خێڵەکیدا بەکاردێت، دەبینین فەرهەنگی وشەکانی زۆر دەبێت، بەتایبەتی وشە هەست پێکراو و بەرجەستەکان یان شتە لاوەکییەکان، بەپێچەوانەی وشە گشتییەکان کەگوزارشت لەواتای گشتی دەکەن، یان ئەوانەی کەئەندێشە و خەیاڵیان تێدا کەم دەبێت، بەڵام کەهاتوو زمان لەکۆمەڵگەیەکی

ژیاری و مەدەنیدا بوو، وشەکانی زیاتر مۆرکێکی شارستانی و سەردەمیانە بەخۆوە دەگرن، یاساکانی فراوانتر دەبن و دەربڕینیان ئاسان دەبێت، هەروەها بەسوکی دێنە بەر گوێ.

لەبەرئەوە کەتوێژەر باس لەزار و شێوەزارەکانی کۆمەڵایەتی دەکات، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو هۆکارانە بکات، کەپەیوەندییان بەکۆمەڵگەوە هەیە، واتە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە دەتوانێ وەسفی ئەو شێوەزارە بکات کەچینێکی تایبەت لەسنوری کۆمەڵگەیەکی زمانی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت، هەر لەرێگەی ئەو هۆکارانەشەوە دەتوانێ دیاردەی زمانی هاوبەش یان زمانی نەتەوەیی لەنێوان قسە پێکەرانی ئەو زمانەدا دیاریبکات، کەسەر بەهەمان چینی کۆمەڵایەتین. یان کەباس لەدیالێکتی تاکەس Idialect. دەکرێت. کەتایبەتە بەزمانی قسەکردنی کەسێکەوە، واتە شێوەی زمانی یان ئاخاوتنی ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا جیاوازی دەبێت. ئەگەرچی پێکەوە لەکۆمەڵگەیەکی زمانیشدا بژین. هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر، هەروەها هۆکاری بایلۆجیش کاریگەری بەسەر ئەو جیاوازییەوە هەیە. دیارە کەجۆر و ئەندازەی ئەو پەیوەندیکردنە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. چونکە هەرکەسێك/ تاکێك لەناو کۆمەڵدا پەیوەندی هەمەجۆری لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە، کەچالاکی و بەکارهێنانی زمانیشی ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بەمجۆرە ئەو کەسە دەبێتە ئەندامێك لەناو کۆمەڵە بازنەیەکی زمانی هەمەجۆر، کەتێیدا شتی لێ وەردەگرێت و هەروەها شتی دەداتێ. هەروەکو لەم چەند بازنەیەدا جۆری ئەو پەیوەندییانە دیاریکراوە:




**بازنەکانی پەیوەندی تاکەکەس**

- بازنەکانی پەیوەندی تاکەکەس
١- لەگەڵ خێزان.
٢- لەگەڵ خزم و کەسوکار.
٣- لەگەڵ هاوپیشەی خۆی.
٤- لەگەڵ چینی ڕۆشنبیر (نوسەر و هونەرمەندان).
٥- لەگەڵ عامەتی خەڵك (کاسبکار و جوتیار و خوێندەوار....تاد).

بەواتایەکی دیکە هەرچەندە بواری پەیوەندییەکانی ئەو کەسە فراوان بێت، فەرهەنگی وشەکانی بەرەو زیادبوون دەچێت، هەروەها دەربڕینەکانی هەمەجۆر دەبێت، بەڵام کەهاتوو گۆشەگیر بوو، بازنەی پەیوەندییەکانی زۆر سنوردار دەبێت و ئەو شتانەی وەریدەگرێت کەم دەبێت، واتە فەرهەنگی زمانی و دەربڕینەکانیشی سنوردار دەبێت.

**٢-٢ بنەما کەلتورییەکانی زمان:**

شێواز و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵگەیەك، لەگەڵ ئەو چالاکییانەی کەتاکەکانی بەگشتی لەسنوری کۆمەڵگەکەدا ئەنجامی دەدەن، کەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنن، لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی کەلتوری هەر کۆمەڵگەیەکیش پێویستە لەدوو لایەن و ڕوانگەی جیاوازەوە تەماشا بکرێت.

- لایەنێکیان مەعنەوییە و پەیوەستە بەتێڕوانینی زانستی ئەنثرۆپۆلۆجییەوە-Anthropology
ئەویتریان مادییە و پەیوەستە بەتێڕوانینی زانستی ئەثنۆگرافییەوە- Ethnography-.

لایەنی مادی کەلتور لەو کەرەستە و شتانە پێکدێت، کەتاکەکانی کۆمەڵگە پێویستیان پێیەتی و بەردەوام لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدێنن، وەکو کەرەستەکانی ناوماڵ و جل و بەرگ و جۆری خواردن و خواردنەوە....تاد

هەرچی لایەنی مەعنەوییە، ئەو چەمك و بیرۆکانە لەخۆدەگرێت کەپەیوەندییان بە ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە لەبارەی بیروباوەڕ و یاساکان و ئەو دابونەریتانەی، کەوەکو پاشماوە لەباو باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، زمانیش یەکێکە لەو پاشماوە گرنگانەی کەکرۆکی سەرەکی پێکدەهێنێت و هەردوو لایەنی- ماددی و مەعنەوی- کەلتور پێکەوە گرێدەدات. دیسانەوە دەکرێ دیراسەی لایەنی ماددی کەلتور بکەین و هەروەها وەسفی ئەو لایەنە بکەین بەڕێگەی سەرنجدانی ڕاستەوخۆی خودی شتە مادییەکان، هاوکات بڕوانینە چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو شتانە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە. بەڵام دیراسەکردن و پەسنکردنی لایەنی مەعنەوی کەلتور نایەتەدی، تەنیا لەڕێگەی ئەو چەمك و بیر و باوەڕانەوە نەبێت کەتاکەکانی کۆمەڵگە هەیانە و لەکاتی بەکاربردن و هەڵسوکەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەوی دەکەن، هەروەها چۆنیەتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو چەمکانە بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکانیان لەکاتی ئاخاوتندا.

كەواتە دەكرێ زمان وەكو پێداویستیەكی كۆمەڵایەتی و كەلتوری دابنرێت، بەو پێیەی كەزمان وەك چالاكییەكی كارا لەناو كۆمەڵدا دەتوانێ هەموو تاكەكانی كۆمەڵی تێدا ڕێك بخرێت، هەروەها دەكرێ بەپێوەرێك بۆ جیاكردنەوەی مرۆڤ لەسەرجەم گیانلەبەرانی دیكە، لێرەدا پەیوەست بەم بابەتە و بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم مەبەستە، ئاماژە بە هەر دوو لایەنی وەرگرتن و فێربوونی زمان دەكەم.

بێگومان هەر تاكێك لە تاكەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە قۆناغی ئەزمونی وەرگرتنی زماندا تێدەپەڕێت، لەمیانەی ئەو كۆمەڵە مرۆڤانە كەبۆیان دەگەڕێتەوە، ئەم پرۆسەیەش- چ هەستی پێبكرێت یان هەستی پێنەكرێت- وەك ڕاستییەك لەتاكی مرۆڤدا بەدەردەكەوێت و بەرجەستە دەبێت. هەرچی فێربوونی زمانە دەبێتە تەوەرێكی سەرەكی و بایەخ پێدانی تاك لەقۆناغەكانی سەرەتای ژیانیدا- كاتێ كەدەگاتە تەمەنی شەش ساڵی- زمانی كۆمەڵگەكە/ نەتەوەكە بەباشی فێردەبێت و پاشان هەستێكی وای لا دروست دەبێت، كەدووپاتی بوونی خۆی بكات لەو كۆمەڵگەیەدا، بەجۆرێك تا دەگاتە ئەوەی كەوەكو تاكێك بەها دیارەكانی كەلتوری ئەو كۆمەڵگەیە دەستەبەر بكات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەلایەنەكانی زانستی و مەعریفی و كۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری....تاد، هەروەها هەست بەتوانایەكی زمانی وا دەكات. بەجۆرێك كەلەرێگەی ئەو توانایەوە دەتوانێ بەئامانج و مەبەستەكانی خۆی بگات، لەبەرئەوە دەبینین هەر مرۆڤێكی ئاسایی بۆ ئەوەی پێداویستییە كۆمەڵایەتییەكانی خۆی دەستەبەر بكات پەنا بۆ زمان دەبات.

زۆرجار ئاماژە بۆ ئەوە دەكرێت، یان دەوترێت، كەژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ بەبێ بوونی زمان وێنا ناكرێت، هەروەها بەردەوامی پێنادرێت، دیارە ئەمەش ئەو ڕاستییە بەدەردەخات، كەئەو ڕستە و وتانەی دەریدەبڕن، كەرەستەیەكی سەرەكی و بنچی پێكدەهێنن لەتوانایەكی گەورە و بێ وێنە، ئەو توانایەش بەمەبەستی پەیوەندیكردن و تێكەڵبوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەكاردەبرێت. هەروەها جۆرەكانی دیكەی پەیوەندیكردنی نازمانیش ڕۆڵێكی لاوەكی و ناسەرەكی دەبینن بەبەراورد لەگەڵ ڕۆڵ و كاریگەری ئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وتەیەی پێشوو دەربڕینە لەڕاستیەكی قووڵ و فراوانتر، بەوەی كەژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای زانین و زانیاری هاوبەش واتە كەلتوری هاوبەشی ئەو كۆمەڵگەیە- بونیادنراوە و زمانیش وەك ئامرازێكی سەرەكی بەكاردەبرێت كەئەو جۆرە زانیارییە هاوبەشە لەنێو تاكەكانی كۆمەڵدا بەرجەستە ببێت.

بۆ نموونە لەڕێگەی زمانەوە كەسێك دەتوانێ ئاڕاستەی بیرۆكەكانی كەسێكی دیكە بكات، تاوەكو لاسایی بیرۆكەكانی خۆی بكات. واتە بەدووبارەكردنەوە و بەرهەمهێنانی بەشێك لەزانیارییەكانی خۆی لەهزر و ئاوەزی ئەو كەسەدا بەرجەستە بكات. ئەم جۆرە لاسایی كردنەوەش بەلاسایی كردنی ئاراستەكراو guided imitation ناودەبرێت، وەك ئەوەی كەلەمیانەی بەكارهێنەرانی زماندا پەیڕەو دەكرێت، هەروەها وەك ئامرازێك كاردەكاتە سەر بەرهەمهێنانی كەلتورەوە.

واتە لەڕێگەی لاسایی کردنەوە دەکرێ کەلتوری نەتەوەیی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، هەروەها لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە وەك یەك و هاوتا بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بەشێکی گرنگ لەکەلتور ناکرێ لەڕێگەی زمانەوە بگوازرێتەوە، هەر کەلتورێك ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەکار و کردەی تەکنەلۆژی لەخۆدەگرێت کەتاکەکانی/ خەڵکی لەمیانەی کردە تەکنەلۆژیانە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دونیای مادی دەکەن بۆ ئەوەی پێداویستیە بایلۆجیە سەرەکییەکانی خۆیان پێ جێبەجێ بکەن. سەرەڕای ئەو کردە دەستیانەی کەبۆ بەدەستهێنانی خۆراك و ئامادەکردنی خواردن بەکاریدەهێنن. یان بۆ دروست کردنی جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوە لەخانوبەرە. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کردانە دەبنە بناغەی تەکنەلۆژی بۆ هەر کۆمەڵگەیەك. دیارە گواستنەوەی ئەم کردانەش لەڕێگەی شێوەی کۆن و بینینی ئەو شێوەیە و لاسایکردنەوەی ئەنجامدەدرێت، کەڕەنگە لە هەندێ باردا پێویستی بەیارمەتیدانی زمان بێت. لەڕاستیدا تەنیا ڕێگەش بۆ فێربوونی هەر کارێکی دەستی ئەوەیە کەڕاستەوخۆ سەرنجی ئەو کەسە بدرێت کەبەکارەکە هەڵدەستێت، پاشان هەوڵی دووبارەکردنەوەی کارەکە بدرێت، بەجۆرێك کەهاوشێوەی کارەکەی پێشوو بێت، واتە تەنیا ڕێنمایی و بەکارهێنانی زمان بەس نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

تەنانەت لەم دەمەدا هێشتاکە ڕاڤەکردنی کارەکی ڕێگەیەکی گرنگە کەبەهۆیەوە دەکرێت کارە دەستیەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە.

– ئەو بەشانەی کەلتوری مرۆڤایەتی کە بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە زمان دەبەستن، ئەوانەن کە زیاتر پەیوەندییان بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وەك ڕێکخستنی باری کۆمەڵ و بیر و ئایدۆلۆژی سیاسی و ئاینی و پەیوەندی خزمایەتی.....تاد. ئەمانەش تێکرا وەك چالاکییەکی هاوبەش دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ لە قەوارەیەکی تایبەتی یەکگرتوودا. هاوکات ئەو چالاکییە هاوبەشانە لە خۆدەگرێت کە لە ڕێگەی زمانەوە لە خودی تاکەکانی کۆمەڵدا بەرجەستەدەبن، هەروەها دەبنە گەنج و ژێرخانێك لە بیر و هزری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە، پاشان لە هەڵویست و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەبرێن.

بۆ نموونە لە هەر سیستەمێکی خزمایەتیدا، هەر تاکێك لە خزم و کەسوکاری کەسێك دەگەڕێتەوە بۆ گروپێکی خزمایەتی لاسایکەرەوە (تەقلیدی) تایبەت، ئەمەش بە خزمایەتیەکی دیاریکراو ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە تێیدا هەر تاکێکی ئەو گروپە پەیوەست دەبێت بە شێوازێکی ڕەفتاری لاسایکەرەوە بەرامبەر بەو کەسانەی کە خزمایەتی لەگەڵیاندا هەیە.کەواتە کۆبەندی زاراوەکانی خزمایەتی لەگەڵ یاساکانی پەیوەست بە خزمایەتی وپەیڕەوکردن و گواستنەوەی ئەو یاسانە بە ڕێگەی زمانەوە– واتە بەکارهێنانی سەرزارەکی– ئەنجامدەدرێن. ئەمانەش تێکڕا دەبنە بنەمایەك بۆ ئەو جۆرە خزمایەتییە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵی تێدا ڕێکدەخرێت.

بێگومان پەیوەندی خزمایەتی بەگشتی لە مەسەلەی هاوسەرگیریدا (ژنهێنان و شوکردن) بەرجەستە دەبێت، کە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا ئەنجامدەدرێت و بە هاوسەرگیری دنپێنراو (معترف) ئاماژەی بۆ

دەكرێت، هەروەها بە پەیوەندییەكی ڕەمزیش دادەنرێت.بەمجۆرە مەسەلەی هاوسەرگیری وەك نەریتێكی باو لە میانەی ئەو پەیوەندییە ڕەمزییەوە لەسەرتاسەری ناوەندە كۆمەلآیەتییەكاندا بلآودەبێتەوە. كەواتە دەكریَ بلێین هاوسەرگیری وەكو دیاردەیەكی پەیوەندی كۆمەلآیەتی بە بنەمایەكی گرنگ و سەرەكی دادەنرێت لە هەموو جۆرە ڕێكخستنێكی خزمایەتیدا.

دیسانەوە دەبینین بەشێكی زۆر لە كەلتوری مرۆڤایەتی، كە پشت بە زمان دەبەستن، بریتین لە لایەنی فیكری و ئایدۆلۆژی، بە تایبەتی ئایدۆلۆژی ئاینی و سیاسی، ئەمانەش وەك سیستەم و دەزگایەكی گەورە و فراوانی بیر و باوەڕ، دەبنە پالپشتێكی بەهێز لە بونیادنانەوە و بەردەوام بوونی كەلتوری مرۆڤایەتی لە گشت ئەو بوارانەی كە دروشم و هێماكانی فیكری تێدا بەكار دەبرێت، هەروەها دەبێتە هێزیك بۆ خەون و ئەندێشەكانی مرۆڤایەتی.

## ئه نجام:

١- لێكۆڵینەوە لە كەلتوری هەر كۆمەڵگەیەك | نەتەوەیەك پێویستە لە دوو لایەنی جیاوازەوە – مادی و مەعنەوییەوە– ئەنجامبدرێت. زمانیش وەك پاشماوەیەكی گرنگ كرۆكی بنەڕتی ئەو كۆمەڵگەیە پێكدێنێت و هەردوو لایەنی مادی و مەعنەوی كەلتور پێكەوە گرێدەدات.

٢- زمان پێداویستییەكی كۆمەلایەتی و كەلتورییە، هەروەها كەرەستەیەكی سەرەكی و بنچی پێكدەهێنێت لە توانایەكی بێ وێنە، كە بەمەبەستی پەیوەندیكردن و تێكەلابوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەكاردەبرێت. چونكە لە ڕێگەی زمانەوە هەموو ئەو چالاكی و كردەوانە دەستەبەردەكرێن، كە پەیوەستن بە هەڵسوكەوت و ڕێكخستنی ژیانی كۆمەلایەتی وكەلتورییەوە.هەروەها بتەوكردنی پەیوەندی نێوان تاكانی كۆمەڵ و كۆكردنیان لە قەوارەیەكی یەكگرتووی هاوبەشدا، كە لە ڕێگەی كارابوون و بەكارهێنانی زمانەوە جێبەجێدەكرێن.

٣- بەوپێیەی كەژیانی كۆمەلایەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای زانین و زانیاری هاوبەش واتە كەلتوری هاوبەشی كۆمەڵگە بونیادنراوە، زمانیش وەك ئامرازێكی سەرەكی بەكاردەبرێت كە ئەو جۆرە زانیارییە هاوبەشە لەنێو تاكەكانی كۆمەڵدا بەرجەستە بكات. بەمجۆرە دەبینین بەشێكی زۆری كەلتوری مرۆڤایەتی پشت بە زمان دەبەستن، بەتایبەتی ئەوانەن كەپەیوەستن بە لایەنی كۆمەلایەتییەوە، وەك ڕێكخستنی باری كۆمەڵ وپەیوەندی خزمایەتی و بیروئایدۆلۆژی سیاسی و ئاینی......تاد.

## سەرچاوەكان:


١- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩) علم اللغة، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد.

٢- جون لوينز (٢٠٠٩) اللغة واللغويات، ت: محمد العناني، دار جرير للنشروالتوزيع، عمان، الاردن.

٣- جمعة سيد يوسف (١٩٩٠) سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة سلسلة (١٤٥) الكويت.

٤- روي.سي.هيجمان (١٩٨٩) اللغة و الحياة والطبيعة البشرية، ت: داود حلمي احمد السيد، الكويت.

٥- مارك ريشيل (١٩٨٤) اكتساب اللغة، ت: كمال بكداش، بيروت، لبنان.

٦- محمدحسن عبدالعزيز(١٩٨٣) مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، كلية دار العلوم، جامعةالقاهرة

٧- محمد محمد يونس(٢٠٠٤) مدخل الى اللسانيات، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.

٨- منذر عياشي (٢٠٠٢) الاسلوبية وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، مركز الانماء الحضاري،

٩- نايف خرما (١٩٧٨) أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة سلسلة (٩) الكويت.

١٠- هدسن (١٩٨٧) علم اللغة الاجتماعي، ت:محمود عبدالغني عيادة، دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد.

١١- محمد معروف فتاح (١٩٩٠) زمانەوانی، مطابع دار الحكمة، بغداد

١٢- طالب حسين (٢٠٠٥) شێوازەكانی زمان و شێوازی ئەدەبی، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە (٢٨)

١٣- طالب حسين (٢٠٠٦) پەیوەندی زمان بە كۆمەڵەوە، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە (٣٢).

# پێوەرە پەروەردەییەکان
# لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتییدا
## (بابەتە مرۆییەکان بە نموونە)

د.مهاباد كامل عبدالله
زانکۆی سلێمانی / فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان/
سکوڵی زمان/بەشی کوردی

### پێشەکی

زووربەی ولاّتانی رۆژهەلاّت ، لە پرۆگرامی خوێندندا کێشەیان هەیە، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا فێربوون لای بچوکەکان تەنها لاسایکردنەوەی گەورەکان بووە، تەنانەت خووڕەوشتەکانیشیان لاسایی کردۆتەوە، بەلاّم کە کۆمەڵگا گەورەبوو خوڕەوشتەکانیش زۆربوون و توانای گێڕانەوە و لەبەرکردنیان نەما، لێرەوە ئەرکی ئەم کەلتور و رۆشنبیرییە کەوتە سەرشانی قوتابخانە.

بێگومان، پرۆگرامی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بە کۆمەڵگاوە پەیوەستە، پرۆگرام لە توانایدایە کەسیەتی تاك زانستییانەو هۆشەکییانە بگۆڕێت، مێژوو پڕاوپڕە لە ڕوداوو و تاقیکردنەوە، پێویستە لەسەر هەریەکێکیان هەڵوەستە بکەین، لێرەوە یەکەم هەنگاو دەست پێدەکەین لەسەر بنەمای ئەو مێژوو تاقیکردنەوانەی کە هەیە، چونکە هەستانەوە لە بۆشاییەوە دەست پێناکات. هەر لەم پنتەوەیە، کەدەوترێت پەروەردەی دروست لەسەر بنەمای پرۆگرامی بەهێزە، چونکە پرۆگرامەکان دەبنە بڕبڕەی پشتی ئەو پەروەردەیە.

لەسەر ئەم بنەمایانە، ئەم بابەتە، کە بەناونیشانی، پێوەرە پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتییدا (بابەتە مرۆییەکان بە نموونە)یە، دەخرێتەڕوو، کە تیایدا چەند تەوەرێك باسدەکرێت :

١/١ ڕایەڵەکانی پەیوەیست بوونی پەروەردە و کۆمەڵگا.
٢/١ بنەماکانی پەروەردەی دروست.
٣/١ بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پەروەردە.
٤/١ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن.
١/٢ گرنگترین پێوەرە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی پرۆگرام.
٢/٢ ڕەنگدانەوەی پێوەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا.

### ١/١ رایەڵەکانی پەیوەست بوونی پەروەردەو کۆمەڵگا

کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە بەردەوامی لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، بەپێی ئەو پێداویستیانەی کە کۆمەڵگا دەیخوازێت.

لای ئەرستۆ پەروەردە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیریو جێگیری کۆمەڵگاو دامودەزگاو بەهاو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان.

بەلای ئەفلاتونیشەوە، پەروەردە هۆکارێکە بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگاداو رۆڵی لە پێشکەوتنی ژیاندا هەیە.

دەتوانین بڵێین یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەروەردە، ئەرکی کۆمەڵایەتییە، چونکە پەروەردە یاسایەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی خۆی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵ بنیات دەنێت، بۆئەوەی تاکێکی چالاکو سەرکەوتوو بێت تیایدا.

لەم بوارەدا پەروەردە چەندین ئەرکی سەرەکی هەیە، وەك:

١. گواستنەوەی کەلتورو رۆشنبیری، کە تاکەکان لە سروشتێکی بایەلۆجیەوە بگۆڕن بۆ سروشتێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی.

٢. تازەکردنەوەی گەنجینەی رۆشنبیریو دەوڵەمەندکردنی ئەو گەنجینەیە.

٣. دەستنیشانکردنی جێگەو پێگەی تاکی کۆمەڵایەتی، ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانییەتی.

پرۆسەی پەروەردە، پرۆسەی پێگەیاندنی نەوەی نوێیە لەسەر بنەمای پەروەردەی تازەو پرۆگرامی پێشکەوتوو، ئەم نەوەیەش بنیاتنانی کۆمەڵگای لەئەستۆدایە، کەواتە پەروەردەی تەندروست بەرپرسیارێتی گەورەی ئەم بوارەی کەوتۆتە ئەستۆ، کە لەگەڵ خێزاندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم دوو دەزگایە تەواوکەری یەکترن.

هەروەها پێشکەوتنی زانستییو تەکنیکی ئەمڕۆی دنیای پێشکەوتن ئەو دیوارانەی تێکشکاندووە، کە لەنێوان نەتەوەو کۆمەڵگاکاندا هەیە، جیهان وەك گوندێکی بچووك لێهاتووە، کە لەڕێی تەکنیكو تەکنەلۆژیایەوە دەتوانرێت هەموو کۆمەڵگاکان بناسرێن.

بنیاتنانی کۆمەڵگەو یەکێتیو پەیوەست بوون، پێویستی بە رۆشنبیریو فێربوونو تێگەیشتن هەیە، خوێندنگەو دامودەزگا پەروەردەییەکان لەم پرۆسەیەدا لە بەرهەمهێنانی هاوڵاتیدا بەرپرسیارن.

لەم قۆناغەدا پەروەردە دەتوانێت گۆڕانی باش لە کۆمەڵگادا بهێنێتە ئاراوە، بۆئەوەی تاکێك بەرهەمبهێنرێت کە هۆشیارو بەتوانا بێت، ئەم ئەنجامانەش بەبێ دەزگا پەروەردەییەکان نایەتە بەرهەم[1].

تاکو کۆمەڵ پێویستیان بە پەروەردەیەو ناتوانن لێی دابڕێن، هەرچەندە هەمووکەسێك بەجیا لە کەسێکی تر پەروەردە دەکرێتو گەورە دەبێتو گەشە دەکات، بۆماوەیەکی زۆر تەنها گرنگی بە خۆی دەدات، بەڵام دواتر بەخورتی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا دروست دەکات، چۆنێتی ئەو پەیوەندییەو مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا پێویستی بە ژینگەیەکی لەباری مرۆییو ماددی هەیە. چونکە پەروەردە بە بۆماوەیی بۆ کەس ناگوێزرێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگاوە وەردەگیرێت.

دەتوانین بڵێین پەروەردە بەشێکە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، کە کەلتوورو رۆشنبیری کۆمەڵایەتی دەگوێزێتەوەو پارێزگاری لە کۆمەڵگا دەکەن، هەروەها تاکەکان دەگرێتە خۆیو رێگایان بۆ خۆش دەکات بۆئەوەی ببنە ئەندامێکی خوازراوی ناو کۆمەڵگە.

لەم پێناوەدا پێویستە گرنگی بە ئامادەکردنی پەروەردەیی بدرێت، ئامادەکردنێك كە بۆ بەرژەوەندی گشتیو بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی پێشكەوتووی كراوە بە رووی دنیادا سوودی هەبێت، پەیوەندی تاكو كۆمەڵگا هەر لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە دەست پێ دەكات تا تەمەنی ٧٠ سالی و زیاتریش(٢).

پەروەردەكردنی تاك و نەوەكان، وەك پەروەردەكردنی پەلەوەر نییە، چونكە ئەم تاكانە بە ئازادای لەدایكدەبنو دەژین، بەڵام پێویستیان بە پەروەردەكردنێكی تەندروست هەیە، لەلایەن خێزانو دام ودەزگا پەروەردەییەكانەوە.

ئێمە ئێستا لە قۆناغی بنیاتنانی كۆمەڵگای پێشكەوتوودا ین، پێویستە ئەم بنیاتنانە لەسەر بنەمای پەروەردەی راستەقینەو پەیڕەوبەندانە بێت، بۆ رزگاربوون لەكۆتوبەندی دواكەوتوویی(٣).

پەروەردە لە توانایدایە، گۆڕانكاری تەندروست لە كۆمەڵگادا بێنێتە ئاراوە، گرنگی بە ئەركی هاوسەنگی كۆمەڵایەتیو هاوسەنگی دەروونی بدات، هەندێكجار وەك موگناتیس وایە، دوولایەنەیە كە وەك ساردو گەرم، واتە دەتوانیت ڕۆڵی باش ببینێتو یاخود رۆڵێكی خراپی هەبێت.

لێكۆڵەران سێ نموونەی پەیوەندیداری نێوان كۆمەڵگەو پەروەردە دەخەنەڕوو:

١- لە چەشنی یەكەمیاندا، كۆمەڵگا كاریگەری لەسەر پەروەردە هەیە، دامودەزگا پەروەردەییەكان وەك رەگەزێك بە دامودەزگاكانی كۆمەڵگاوە پەیوەستن، رۆڵی پەروەردە توندوتۆڵكردنی بەهاو چەمكو رەوشتەكانی كۆمەڵگایە، كە پەروەردەی كوردستان تا ڕادەیەك لەم چەشنەیە.

٢- پەروەردە كاریگەریی لەسەر كۆمەڵگا هەیە، چونكە دامودەزگاكانی پەروەردە دەتوانن رۆڵیان لە گۆڕانی كۆمەڵگادا هەیە، لەكۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا ئەم چەشنە پەیڕەودەكرێت.

٣-نموونەی سێیەم ئەوەیە كە هەردووكیان بەیەكسانی كاریگەرییان لەسەر یەكتر هەیە.

پەیوەندی نێوان پەروەردەو بەهاكانی كۆمەڵگا، پەیوەندییەكی پتەوە، ناتوانرێت لەیەك بترازێنرێن، هەردووكیان یەكتر تەواودەكەن، چونكە پەروەردە لە ناواخنیدا پرۆسەیەكی بەهاییە، دەزگا فێركارییەكانن، كە هەوڵی چاندنی ئەو بەها پیرۆزانە دەدات.

ئەم دەزگا پەروەردەییانە لەگەڵ خێزان و كۆمەڵگادا دەتوانن یەكتری تەواوبكەنو رۆڵی خۆیان هەبێت(٤)، كەواتە پەروەردە سەرمایەی داهاتووی هەموو كۆمەڵگا مرۆڤایەتییەكانە.

## ٢/١ بنەماكانی پەروەردەی دروست

كۆمەڵگا بە شادەماری زانست و پەروەردەی خوێندكار دادەنرێت، پێویستە بنەما سەرەكییەكان بخەینەڕوو، بۆئەوەی بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی ئەم دەزگایانە بكەین، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

پرۆسەی پەروەردە دەبێت گشتگیرو تەواوو پڕاوپڕ بێتو لایەنی كەسایەتیە جیاوازەكان لەبەرچاو بگیرێت، لەپێناو یارمەتیدانی پەروەردەكردنی تاكو گەشەپێكردندا.

بنەمای كۆمەڵایەتی، یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی پەروەردەی تەندروست، چونكە هێزێكی كۆمەڵایەتی گرنگە لە دانانی پرۆگرامو جێبەجێكردنیدا، چونكە پرۆگرام رۆڵی سەرەكی هەیە لەم بوارەدا،

چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی لە رەوشتی خوێندکاردا بەپێی پێویستی رۆژو سەردەم رەنگ دەداتەوە. لەناو ئەم بنەمایانەشدا رۆشنبیریو بەها کۆمەڵایەتیەکان گرنگی خۆیان هەیە، مەبەست لە بنەما، چارەسەرکردنی کێشەکانە، کە ناوەرۆکی پرۆگرامەکان دەستنیشان دەکەن، هەروەها رێکخستنو هۆکاری پێشخستنی خوێندن دەخاتە روو[٥].

خوێندنگە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە، کە ئامانجی پێگەیاندنی تاکە لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگادا، بێ گومان کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر پرۆگرامی خوێندن هەیە.

کەسایەتی مامۆستا بنەمایەکی سەرەکییە لەم دەزگایەدا، پێویستە مامۆستایەکی داهێنەربێتو ئاستی خوێندکاری لا گرنگ بێت، هەرچەندە مامۆستای نموونەیی بەهەموو واتایەك نییە، کە بۆ هەمووکاتو شوێنێك بشێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبێت کەسایەتیەکی ئارامی هەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێتو کەسایەتییەکی تێگەیشتووی هەبێت، رێز لە خوێندکار بگرێت.

لەم روانگەیەوە دەبێت ئەم خاڵانە رەچاوبکرێن:

١- مامۆستا دەبێت لە رووی کۆمەڵایەتیەوە خۆی بناسێت، لە وڵاتو پێشکەوتنو کێشەکان ئاگاداربێت، هەروەها خێزانو ژینگەی خۆی بناسێت، ئاگاداری کۆمەڵگاکانی تریش بێت.

٢- لەپێناو بەدەستهێنانی توانا گرنگەکانو پێویستیەکانی ژیانو گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی کە تاك پشت بەخۆی ببەستێتو کار لەگەڵ خەڵکی تریش بکاتو ئامادەبێت پێ بەپێی گۆڕانکارییەکان بڕوات، گرنگی دان بە کاری دەستو پیشەیی، بۆیە دەبێت یەکسانی لەنێوان هەموو ئەندامو رەگەزەکانی کۆمەڵگادا جێبەجێ بکرێت.

٣- گرنگی پەروەردە بخرێنە ڕوو و گەشەی پێبدرێت، بەدیهێنانی ئەو بنەمایانەی، کە مرۆڤ شانازییان پێوە دەکات وەك کەرامەتی خودیو خۆگونجان لەگەڵ کۆمەڵگاداو، خەڵك قبوڵ کردن چ لە خێزاندا یا لە دەرەوەی خێزاندا.

خوێندنگە ئامانجی پەروەردەکردنی نەوەیەکە بەشداربێت لە چالاکی مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکات، پێویستە وەڵامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە، ببێتە پێشەنگ لە گۆڕانکاری کۆمەڵگادا[٦].

هەرچەندە لە هەندێك کۆمەڵگادا، پەروەردە ئامانجی رژێمێکی سیاسی تایبەت جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەمانە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە نییە، بەڵکو پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لە ئەستۆی پەروەردەدایە.

نابێت خوێندن ئەم کێشانەی تێدابێت:

١) پرۆسەی خوێندن نابێت دەسەڵاتی پێوە دیاربێت، مامۆستا زەبروزەنگ بەکاربهێنێت.

٢) نابێت هۆکاری کلاسیکی لە وانە وتنەوەدا بەکاربهێنرێت، پشت بە لەبەرکردن ببەسترێت، چونکە رێگای کلاسیکی گەشەکردن دەوەستێنێتو تازەگەری ناهێڵێت، منداڵ تووشی بێزاریو ناحەزی لە خوێندندا دروست دەکات، نەك تەنها خوێندکار بەڵکو مامۆستاش بێزار دەکات.

پرۆسەی خوێندن دەبێت بە پلان بڕوات بەڕێوە، پەروەردە لەم بوارەدا سەرکردە بێت، نابێت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی رووکەش بێت، لە پەروەردەدا ئامانج روونو ئاشکرابێت، هۆکارەکانی گۆڕانی خوێندن دەستنیشانبکرێت، کە لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێت.

## ٣/١ بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پەروەردە:

١)خوێندکار گرنگی خۆی هەیە، واتە خوێندکار بە پلەی یەکەم دێت و هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنە، ئەمەش بەوەدەبێت، کە خوێندکار خۆشحاڵو سەربەست بێت، رێزی لێ بگیرێت، چونکە رێزگرتن لەهەموو ئاستەکاندا (وڵات، سەرۆکی دەزگاکان، مامۆستا) بنەمایەکی گرنگە لە دروستکردنی بڕیاری پەروەردەییدا بۆیە دەوترێت هەموو خوێندکارێك گرنگەو نابێت کەس فەرامۆش بکرێت.

٢) گونجاندنی ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنرێت، کە جیاوازی لەگەڵ ژینگەی ماڵەوە نەبێت، چونکە خوێندنگا بۆ ژیانە، منداڵ هەست بە ئاسودەیی بکاتو بە ماڵی خۆی بزانێت لە پاك راگرتنو ئاگاداری کەلوپەلەکاندا، بەڕێوەبەر و مامۆستاکان یەك یەك خوێندکارەکان بناسن، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ خوێندکاردا هەبێت، منداڵ وا هەست بکات کە لە دەزگایەکی ئەمیندایەو بتوانێت کەلوپەلەکانی بەبێ ترس بەجێ بهێڵێ.

٣) گونجاندنی فێربوون لای منداڵ، کە لە تەمەنی ٦ ساڵیەوە فێری خوێندنەوە دەبێت، باشتروایە پێش ئەو تەمەنە گرنگی بە ئارەزووەکانی بدرێت وەك (مۆسیقا، وەرزش، کاری دەستی...هتد) بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی لە رووی دەرونییەوە، هەروەها گرنگی بە رێزگرتنی لایەنی بایەلۆجی خوێندکار بدرێت.

٤) چالاکی خوێندکار، دەبێت خوێندکارەکان بە تاكو کۆمەڵ چالاکی پیشان بدەن، هەموان یارمەتیدەربن لە بنیاتنانی زانیارییدا.

٥) هزری خوێندکار بەهێزبکرێت، نابێت خوێندکار تا تەمەنی ٩ ساڵی سەرزەنشت بکرێت، دوای ئەم تەمەنە خوێندکار بەهێزدەکرێت، بەڵام بەبێ سەرزەنشت کردن تا ١١ ساڵیش نابێت گوشاری دەروونی لەسەربێت. حەزی خوێندنی لا دروست بکرێت، پاش ١٣ ساڵیش تارادەیەك دەتوانرێت سەرزەنشتی خوێندکار بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت پێی بوترێت "تۆسفریت"، واتە زیاتر گرنگی بە وەرگرتن دەدرێت نەك خستنەڕووی خراپەکانی، بۆئەوەی بەشێوەیەکی نەرم لەگەڵ تایبەتمەندییەکان بگونجێنرێت(٧) و پرۆگرامەکان بەشێوەیەکی زانستی دابنرێن.

## ١-٣/١ بنەماکانی دانانو گەشە پێدانی پرۆگرامی خوێندن:

پەروەردە بە پرۆگرامەکانیەوە، بوونێکی مەعنەوی هەیە، کە لە چەند رەگەزێك پێکهاتووە، دەتوانین لەسەر چەند بنەمایەك پرۆگرامی خوێندن گەشەی پێبدەین، کە ئەمانەن:

١. بنەمای کۆمەڵایەتی: دەبێت پرۆگرامەکان هەوڵی زیادکردنی هوشیاری وبڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەییو قبوڵکردنی کەسانی تر بدەن، پێویستە رۆشنبیری تەکنیکیو تەکنەلۆژی لەنێوان تاکەکاندا بڵاوبکەنەوە، پەیڕەوی دیموکراتیو سەربەخۆیی بکەن.

٢. بنەما دەروونییەکان: پێویستە لە پرۆگرامەکاندا گرنگی بە لایەنی دەروونی منداڵ بدرێت، حەزی خوێندن لە منداڵدا دروست بکرێت، گرنگیو گەشەکردنو چۆنێتی فێربوون و ئامۆژگاری دەربارەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتەڕوو، بۆ هەر کێشەیەك چارەسەر بدۆزرێتەوە.

٣. بنەما فەلسەفەییەکان: خۆشەویستی بۆ زانستو زانیاری لای منداڵ بچێنرێت، نەك تەنها لە خوێندنگە، بەڵکو لە دەرەوەی خوێندنگەش منداڵ ئەم حەزەی هەبێت، بتوانێت لە ژیانی رۆژانەدا پراکتیکی ئەم زانستە بکات.

٤. بنەما مەعریفییەکان: لە دانانی پرۆگرامدا، پێویستە ڕەچاوی زانیارییە پێویستەکانی هەر بەشێك بکرێتو بە ژیانی رۆژانەوە ببەسترێتەوە، پێویستە ئەو زانیارییانە هەمەلایەنەو جۆراوجۆر بنو لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێن.

لە ئەنجامی ئەم خاڵانەوە دەتوانین بڵێین، دەبێت پرۆگرامەکان ئەملایەنانە فەرامۆش نەکات:

١- ئامانجدار بێت: واتە پرۆگرامەکان ئامانجداربن لە کۆزانیاریو تواناو ئاراستە پێویستەکان تازەکاری تێدابێت، لەگەڵ رەوشتی خوێندکاردا بگونجێت، بۆئەوەی بەئاسانی جێبەجێ بکرێت.

٢- گشتگیر بێت: هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، واتە لایەنی هۆشەکیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو هونەرییەکان بگرێتە خۆ.

٣- بەردەوامی تێدا بێت: ئەو پرۆگرامەی کە دادەنرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو نەبێت، بەڵکو بەردەوامی تێدا بێت.

٤- هاوکاری: گیانی هاوکاری لە پرۆگرامەکاندا دیاربێت.

٥- لەسەر بنەمای زانستی بێت: پرۆگرامی خوێندن لە هەموو هەستێکی تاکەکەسی دووربێت، تەنها لەسەر بنەمای زانست بێت.

٦- هەموو هۆکارەکانی فێرکردنی تێدا بەکاربهێنرێت، بۆنموونە راگەیاندنی پەروەردەیی رۆڵێکی گرنگی لەم بوارەدا هەیە.

کەواتە پرۆگرامەکان دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە(٨):

١) بۆچی پەروەردە دەکەین (ئامانج وەڵام بداتەوە).

٢) لەبەرچی پەروەردە دەکەین (ناوەرۆکی پەروەردە چیە).

٣) چۆن پەروەردە دەکەین (رێگاکانی پەروەردە کامانەن).

٤) کێ پەروەردە دەکەین (تاکی کۆمەڵگا پەروەردە دەکرێت).

٢-٣/١ ڕەگەزەکانی پرۆگرام




### ٣-٣/١ هۆكارەكانی (ڕێگاكانی) برەودان و بەهێزكردنی پرۆگرامەكانی پەروەردە:

پرۆسەی بەهێزكردن، یەكێكە لە پرۆسە سەرەكییەكانی هەر پرۆگرامێك، واتە ئەو پرۆسەیە كە كەسێك یاخود كۆمەڵگایەك بۆ ناسینی سنوورو ئاستی سەركەوتن یاخود سەرنەكەوتنی لە بەجێهێنانی ئامانجە گشتیەكانی پرۆگرامدا پێی هەڵدەستێت.

لەم پرۆسەیەدا دەبێت ئەم خاڵانە رەچاو بكرێت:

١- ئامادەكردنی كەسانی بەرپرسی پەروەردەیی لە رووی بیركردنەوەو دەروونییەوە، بۆئەوەی پێشكەوتن قبووڵ بكەنو بەشێوەیەكی راستەوخۆ بەشداری تێدا بكەن، لەهەمان كاتدا وێنەیەكی زیندوویان لەبەرچاوبێتو بنەماو ئامانجەكانیان لا روونو ئاشكرا بێت، ئەمانەش لەرێی وێنەو سلایدو ڤیدیۆوە دەبێت.

٢- ئاراستەی داهاتووی فێركاری و فەلسەفەی خوێندن دەستنیشانبكرێت، لەلایەن لیژنەیەكی فێركارییەوە بنەماكان بخرێنە ڕوو.

٣- بنەماكان بەهێزبكرێن، بەشێوەیەك كە گشتگیرو هەمەلایەن بن، وەك (ڕێگاكانی وتنەوەی وانەو بڕیارەكانی خوێندن، توانا مادديیەكانی خوێندنگاو خوێندكار)، واتە بەهێزكردنی جۆراوجۆرو زانستی بێت، هەموولایەك بەشداری تێدا بكەن (خوێندكار، مامۆستا، بەڕێوەبەر)[٩].

٤- پلان بۆ پێشكەوتنی پرۆگرام دابنرێت.

٥- پلانی پێشنیاركراو جێبەجێ بكرێت.

٦- ئامادەكاری بۆ گشتاندنی پرۆگرامی پێشكەوتوو بۆ نموونە:

أ. تاقیكردنەوەی زارەكی بە بەردەوامی.

ب. تێبینیكردنی رەوشتو ئاستی خوێندكار.

ج. تاقیکردنەوەی نوسراو، کە پرسیاری راپۆرتیو پرسیاری بابەتی تێدابێت.
٧- ئەو پرۆگرامەی دادەنرێت، چاودێری بکرێت، کە تا چەند ئاراستەو بنەماکانی سەرکەوتوو بوون.

## ٣/١-٤ ڕێگاکانی پێشخستنی پرۆگرام:

**یەکەم/ رێگای کۆن:**

١) گرنگیدان بە لابردنو زیادکردنو گۆڕینەوە، ئەم ڕێگایە ئاسانو خێرایە بۆ جێبەجێکردن، بۆ نموونە لابردنی هەندێك بابەت، کە پسپۆڕان پێیان زیادە، یاخود زیادکردنی هەندێك بابەتی ترو گۆڕینی هەندێك بابەت بە بابەتی دیکە بۆ نموونە لە بیرکاریدا هەندێك ڕێگە دەگۆڕێت بۆ ڕێگای تر.

٢) پێشخستنی کتێب و ڕێگاکانی وتنەوەی وانە، بۆ نموونە گرنگی بە رووکەشی بابەتەکان دەدرا نەك ناوەرۆك، هەروەها گرنگییەکی زۆریان بە گەیاندنی بابەتەکان دەدرا نەك داهێنان.

٣) لە تاقیکردنەوەکاندا، تەنها پێوەر فێربوون بوو، نەك گەشەکردنی بیری خوێندکار لە هەموو بوارەکاندا.

٤) لە ڕێکخستنی پرۆگرامدا، پرۆسەکە بەردەوامبوو تا گەیشتە ڕێکخستنی پرۆگرامی نوێ.

**دووەم/ ڕێگای نوێ:**

لەم ڕێگایەدا گرنگی بە پرۆسەی خوێندن دەدرێت، وەك پرۆسەیەکی گشتگیرو دینامیکی، گرنگی بە گشت دەدات نەك بە بە ش، ئەمەش بە سێ هەنگاو دەبێت:

هەنگاوی یەکەم: قۆناغی دانانی پلانی پرۆگرام: لەم قۆناغەدا ئامانجەکان دەستنیشان دەکرێن، نموونەیەك هەڵدەبژێرێت پاشان ناوەرۆکێك دیاری دەکرێت، بابەتی فێرکاری ئامادە دەکرێت.

هەنگاوی دووەم: قۆناغی جێبەجێکردنی پرۆگرام: لەم قۆناغەدا بەڕێوەبردنو وانەبێژەکان بەشداری دەکەن (بەڕێوەبردن:مەبەشت لە بەڕیوەبردن کاری ڕێکخستنە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی پێشکەوتوو)، هەروەها ئەرکی روماڵکردنی ژینگەیی لەسەرشانە، بۆ زانینی چەندێتی ڕادەی وەرگرتنی ئەو پرۆگرامە لەلایەن خوێندکاراوە، دواتر کەسانی تر رابهێنرێت بۆ ئامادەکردنو جێبەجێکردنی پرۆگرامو پاشان لەڕێی پلانەوە لە پۆلدا جێبەجێ بکرێن.

قۆناغی سێیەم/ قۆناغی بەهێزکردنی پرۆگرام: پاش پلانداناو پۆلێنکردنی زانیارییەکانی کە پەیوەندی بە بابەتەکانەوە هەیە، پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاریو کۆکردنەوەی داتاکان دەستپێدەکات. لەم پرۆسەیەدا دانانی پرنسیپو دەستوری داتاکان دەستپێدەکات، کە تیایدا پەسنو شیکردنەوەو راڤەکردنی داتاکان دەکرێت.

## ٤/١ شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن:

شیکردنەوەی ناوەرۆك، بناغەی هەرە سەرەکی پێکهێنەری پرۆگرامە، ئەم پرۆسەیە وا لە مامۆستاکان دەکات، زانستو زانیاری بەشێوەیەك ڕێکبخات، کە یارمەتی لە بەئامانج گەیشتندا بدات،

چونكە شيكردنەوە پرۆسەی خوێندن بە ڕێڕەوێكی ڕێكخراودا دەبات، بە واتای جياكردنەوەی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی بابەتێك دێت.

شيكردنەوەی پرۆگرام، كۆمەڵێك ڕێگاو بەدواداچوونی هونەرييە، راڤەو جياكردنەوەی بابەتەكانی خوێندنەو دەقە نووسراوو وێنە و بيری كتێبەكان دەخاتە ڕوو، لەم پرۆسەيەدا پەسنی بابەتەكان دەكرێت.

لە شيكردنەوەی كتێبی خوێندندا، پێويستە پێكهێنەری بابەتەكان دەستنيشانبكرێت، دواتر ڕەگەزو بەشەكان جيابكرێنەوە.

### ١-٤/١ سوودی شيكردنەوەی ناوەرۆك:

١- تيشك دەخاتە سەر شيكاری فۆرمی دەقەكانو بەستنەوەيان بەيەكەوە، واتە گرنگی نادرێت بە نيەتە شاراوەكانی نووسەر.

٢- بەكارهێنانی ڕێگای زانستی لە شيكردنەوەدا، واتە بابەتييانە شيكاری بابەتێك دەكرێت.

٣- مامۆستا لەم ڕێگەيەوە وردەكاری بابەتەكان تێدەگات.

٤- لە شيكردنەوەدا، بواری را دەربڕينو تێبينی تۆماركردن هەيە.

٥- ئامانجی داڕشتن بەشێوەيەكی وردو دياريكراو ئاسان دەكات.

٦- پرۆسەی بەهێزكردن ئاسان دەكات.

ناوەرۆك گرنگترين بەشە پێكهێنەری پرۆگرامی خوێندنە، كۆمەڵێك زانياری تێدايە، كە يارمەتی شيكردنەوەو پۆلێنكردنی بابەتەكان دەدات، بۆ نموونە دەقە نوسراوو وێنەو بيری كتێبەكان شيدەكرێنەوە.

ناوەرۆك بريتيە لە كۆمەڵێك بابەت بۆ فێربوون بەمەبەستی دەرخستنی تواناكان، وەك ئەدەب، ڕەوشت، ناوەرۆك گرنگترين پێكهێنەری پرۆگرامی خوێندنە، بەمەبەستی ڕێكخستنی زانستو زانياری بەرەو بەديهێنانی ئامانجی پلان بۆ دانراو، ناوەرۆك كرۆكی پرۆگرامی خوێندنە، پێويستی بە شيكردنەوەی ورد هەيە، كە بريتيە لە:

١- ئامادەكردنی پلانی فێركاری وەرزيیو ڕۆژانە.

٢- داتاشينی ئامانجی فێركردن.

٣- هەڵبژاردنی ئامانجی فێركاری گونجاو.

٤- هەڵبژاردنی هۆكاری فێركردن.

٥- تاقيكردنەوەی ئەنجامدراو بۆ فێركردنی گونجاو.

٦- پۆلێنكردنی ڕەگەزەكانی ناوەرۆك بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی پلان.

### ٤/١ -٢ ڕەگەزەكانی ناوەرۆكی خوێندن:

١- بابەت: سەرباسی سەرەكیو لاوەكی لە يەكەی خوێندندا دەگرێتەوە، پێويستە سەرباس بەجۆرێك بێت بابەتەكە بگرێتەخۆی، كۆكراوەی زانيارييەكان بێت.

٢- چەمكو زاراوەكان: لە ناوەرۆكدا كۆمەڵێك رەگەزی نزیك هەیە، كە بە وشەیەك یان زاراوەیەك دەردەبڕێت.

٣- راستیو بیرەكان: بریتیە لەو راستیانەی كە بە داتا دەخرێنە ڕوو و راستیەكان بە بەڵگە دەسەلمێنرێن.

٤- گشتگیری: دەبێت بابەتەكان لە خزمەتی یەكتردا بنو لەیەك دانەبڕێن، پەیوەندی نێوان چەمكەكان روونو ئاشكرا بێت.

٥- بنەماو ئاراستەكان: بنەما پێوەرێكە هەڵوێستو رەوشتەكان دەستنیشان دەكات.

٦- تواناو لێهاتوویی: جێبەجێكردنی توانستە ئەقڵیو زانستیەكان، كە خوێندكار دەیانخاتەڕوو.

٧- وێنەو شێوەو رونكارییەكانو چالاكیو شرۆڤەو پرسیارو راهێنانو هەڵسەنگاندنو بەهێزكردن.

### رێگاكانی شیكردنەوەی ناوەرۆك:

أ- رێگای كۆكەرەوە/ گرنگی بە كۆكردنەوەی رەگەزە لەیەكچووەكانی بابەتی خوێندن دەدات، وەك كۆمەڵێك چەمكو هێما...هتد.

ب- رێگای جیاكەرەوە/ گرنگی بە دابەشكردنی بابەتی خوێندن بۆ بابەتی سەرەكی دەدات، دواتر دابەشكردنیان بۆ بابەتی لاوەكی.

### ١/٢ گرنگترین پێوەرە سەرەكیەكانی رێكخستنی پرۆگرام:

١- پابەندبوون بە ئامانجی پەروەردەییەوە، واتە تا چ رادەیەك ئەو بابەتانە پەیوەستن بە فەلسەفەی گشتیو رەوشی رۆشنبیرییەوە، بەهای ئەو بابەتانە چەند ڕاستی و دروستی تێدایە، ئایا لە توانایاندایە كاریگەرییان لەدوای ژوورەكانی خوێندنیش بمێنێتەوە.

٢- رێكخستنی لۆژیكیو سایكۆلۆژی ناوەرۆكی پرۆگرام، واتە پیشاندانی بابەتەكان بەشێوەیەكی زنجیرەیی بەدوایەكداهاتوو لە سادەوە بۆ ئالۆز، لە كۆنەوە بۆ نوێ، بابەتەكان بەجۆرێك بن لەگەڵ ئاستی بیركردنەوەی خوێندكار بگونجێن.

٣-رێكخستنی بنەڕەتی ناوەرۆكی پرۆگرام، واتە تا چ رادەیەك خوێندكار رادەكێشن، ئاوێنەی ژینگەو ڕۆشنبیری خوێندكاربێت و حەزەكانی خوێندكار تێربكات.

### ٢/٢ رەنگدانەوەی ئەم پێوەرانە لەناو پرۆگرامەكانی خوێندنی بنەڕەتیدا:

وێڕای ئەو گۆڕانكارییانەی كە بەسەر پرۆگرامەكانی خوێندندا هێنراوە بەرەو چاكترو تۆكمەتركردنی پرۆگرامەكان لە رووی چۆنیەتییەوە، بەڵام دیسان ئەم پرۆگرامانە هەندێك كەموكورتییان تێدایە، بەتایبەتی لە رووی ئەو پێوەرە سەرەكیانەی كە دەبێت لە پرۆگرامی نموونەییدا بوونیان هەبێت.

لێرەوە هەندێك لەو تێبینیانە دەخەینە بەرچاو، بەمەبەستی باشتركردنی بابەتەكانو پێگەیاندنی مندالآن بە باشترین شێوە، چونكە بەردەوام كۆمەڵگا لە گۆڕاندایە، پەروەردەش ئەركێكی قورسو بەرپرسیاریەتی گەورە لەسەرشانە، كە پێویستە بەپێی كاتو شوێن بەپێی گۆڕانكارییەكان هەنگاوبنێت.

وەك پێشتر وتمان سێ پێوەری گرنگ بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆك هەیە ، لێرەوە هەر یەکە لەو پێوەرانە باسدەکەین، کە تا چەند لە بابەتەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا بوونیان هەیە:

١- پێوەری پابەندبوون بە ئامانجی گشتیەوە، لەم پێوەرەدا پێویستە هێڵە گشتیو نیشتمانیو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بخرێتە بەرچاو، خوێندکار لە رووی نەتەوەییو نیشتمانیەوە پەروەردە بکرێت. واتە دەبێت ئامانجە پەروەردەییەکان دەستنیشانبکرێن. وەك: ئامانجی نیشتمانیو نەتەوەییو ئامانجی بەهای رەوشتیو ئامانجی زانستیو فێرکاریو زانستی گرنگی پێبدرێت، هەندێك لەو بەهایانە بە بەردەوامی دووبارەبکرێنەوەو بدرێن بە گوێی خوێندکاردا، چونکە وەك دەزانین بە دووبارەکردنەوە بەهاکان زیاتر دەچەسپێن، بۆ نموونە (راستگۆییو رێزگرتن و دڵسۆزی و ئەمانەت پارێزی...هتد).

خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی ئەو بەهایانە بەجۆرێك بن، کە راستەوخۆ لە مێشکی خوێندکاردا بچەسپێت، تەنانەت لەپاش قوتابخانەش کاریگەرییان بمێنێتەوە، لێرەوە هەندێك نموونە لە کتێبەکانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی هەندێك لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان (مرۆییەکان) دەکەین بە نموونە، کە جۆرێك لە دژیەکی لەگەڵ ئەم پێوەرەدا پێوە دیارە:

لە بابەتی کۆمەڵایەتی - بەشی جوگرافیادا، بەمجۆرە پێناسەی هەرێم کراوە.. "بریتیە لە رووبەرێکی زەوی کە بە چەند دیاردەیەکی جوگرافی لە هەرێمەکانی دەوروبەر جیادەکرێتەوە" ..

لەم پێناسەیەدا تەنها دیاردە جوگرافیەکان کراون بە بنەما بۆ جیاکردنەوەی هەرێمەکان، وەك دیارە تەنها جوگرافیا جیاکەرەوەی نێوان هەرێمەکان نییە، لەم بارەدا خوێندکار راستەوخۆ هەرێمی کوردستانی دێتە بەرچاو، کە لای ئەو مێژوو و زمانو کەلتورو رۆشنبیریو لایەنی کۆمەڵایەتی تەنانەت هەڵکەوتی روخساریش جیاوازە، بۆیە منداڵان تووشی سەرلێشێوان دەبن، باشتروابوو، بوترایە تەنها لە رووی جوگرافیەوە ئەمە پێناسەی هەرێمە، ئەوە ڕونبکرێتەوە، کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆیە، چونکە ئامانجمان پەروەردەکردنی خوێندکارە لە رووی نەتەوەییو نیشتمانییەوە، نەك تەنها خستنەڕووی لایەنێکی بچوكو فەرامۆشکردنی ئامانجە سەرەکییەکە.

لە ل٦٠ی کۆمەڵایەتی پۆلی (٦)دا باس لە هۆکاری مرۆیی دەکات، کە گرنگی لە کوردستاندا هەیە لە خاڵێکدا نووسراوە "بوونی پیشەسازی فۆلکلۆری" بەبێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەو نموونەیەك بهێنێتەوە وەك فەرش - جلوبەرگ - کەلوپەلی ناوماڵ...هتد. ئەم بابەتانە دەبێت زیاتر وەسفی بن، چونکە لێکدانەوە بۆ رونکردنەوەیە، بەڵام زۆرجار هەست دەکەین ئەم بابەتانە بارگرانی لای منداڵ دروست دەکەن.

بەپێی ئەم پێوەرە دەبێت ئامانجە نیشتمانییەکان وردو روون بن، بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکان شرۆڤە بکرێن، بۆنموونە باس لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام لەپڕ ناوی نەینەواو - موسڵ دێنە ناوەوە، لە کاتێکدا تەنها (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) بەکوردستان دەناسێنێت، هەموومان دەزانین ئەمانە ئێستا سەر بە هەرێم نیە، خوێندکار لێرەدا توشی سەرلێشێوان دەبێت.

هەروەها زیاتر گرنگی بە باشوری عێراق دراوە، نەك كوردستان، بۆنموونە لە باسی مەڕو بابەتەكانی تردا (مەڕی عەرەبی) پێش (مەڕی كوردی) هێنراوە. ئەمە لەكاتێكدا دەبێت ئەم پرۆگرامانە بەها نیشتمانییو نەتەوەییەكان بپارێزێن، نەك خۆمان وەك پلە دوو نمایش بكەین.

بابەتی مێژوو گرنگی خۆی لە بەها نیشتمانییەكاندا هەیە، پێویستە ئەم بابەتە بەجۆرێك بێت كە بە ئێستاوە ببەسترێتەوە، لەگەڵ ئێستادا بەراورد بكرێت بۆنموونە لە باسكردنی دەوڵەتی مادو میرنشینە كوردییەكاندا پێویستە باس لە زەرەرمەندییەكانی كوردستان بكرێت، كە هەمیشە شانۆی رووداوەكان بوو، جێی ململانێی دەوڵەتە زلهێزەكان، هەرچەندە باس لە گرنگی ئەم ناوچەیە دەكرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام بەشی كورد تەنها زەرەرو وێرانكردنی بەركەوتووە، لە هەریەكێك لەم بابەتانەدا پێویستە بیر وروژاندنی بۆ خوێندكار تێدابێت، خۆی لەو مێژووەدا ببینێتەوە، نەك تەنها وەك چیرۆكێك بۆی باسبكرێت، دەبێت پرسیاری لێبكرێت تۆ چۆن سەیری ئەم مێژووە دەكەیت.

لە ل٨٩ بە سەرباسێك نوسراوە: "گەشەكردنی هوشیاری سیاسی كورد".

دیارە سەرباس كۆكراوەی زانیاریو بیری نووسینە، ئەم سەرباسە بۆ منداڵ نامۆیە، چونكە منداڵان پێویستیان بە سیاسەت نییە، بەڵكو پێویستیان بە هوشیاری نەتەوەییە، هەرچەندە ئێستا هەمووان وەك سیاسەتمەدار دەردەكەوین، بەڵام با منداڵان لەم كایەیە دووربخەینەوە مێشكیانی پێوە سەرقاڵ نەكەین.

لە سەرباسی ل٩٥دا "پەیدابوونی عێراقی هاوچەرخ".

لەم سەرباسەدا هیچ ئامانجێكی نیشتمانیو نەتەوەیی نابینن، لە ناواخنی ئەم بابەتەشدا زیاتر كورد وەك داردەستێك نمایش دەكات، هەمیشە بەرگری لەبری دەسەڵاتدارەكان بەپێی سەردەمەكان كردووە.

پەیوەندی نێوان بیرەكان نێواندژییە، بۆنموونە ل ٩٧دا باس لە هۆكارەكانی شۆڕشی (٢٠) دەكات، بەڵام بەهیچ جۆرێك ناوی كوردی تێدا نەهاتووە، لە خانەی چواردا بە روونی باس لەوەدەكات لەبەر نەبوونو دانەمەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی ئەم شۆڕشە هەڵگیرساوە، بەڵام لە ل٩٩دا باس لە راپەڕینەكە دەكات، بەبێ ئەوەی پێشتر لە هۆكارەكاندا ناوی كورد هاتبێت، بەڵام كورد راپەڕینەكەی كردووە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە سەرجەم بابەتە مێژووییەكاندا، بابەتی شەڕو بەرگریو بەگژداچوون پشكی هەرە سەرەكی بابەتەكانە، لەكاتێكدا لەم بابەتەدا دەتوانرێت باسی جلوبەرگو كلتورو كەلوپەلو پیشە دەستییەكانو مۆسیقاو هونەرو چەندین بابەتی دیكە، كە لە رووی مێژووییەوە گرنگن بكرێت، ئامانج لە مێژوو گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێشتر، بەڵام مەرج نییە تەنها لایەنی ناشیرینەكان پیشانبدرێت.

لە هاونیشتمانی پۆلی چواردا: ل١٣٣دا باس لە بنەماكانی دەوڵەت كراوە، بەڵام خوێندكار بۆی هەیە بپرسێت (نیشتمانو گەلو دەسەڵاتو سەروەری) ئەگەر هەیە، ئەی بۆ دەوڵەتمان نییە؟ ئێمە باس لە بەهاكان دەكەین، هەمیشە باس لەو بنەماو پەروەردە رەوشتیە دەكەین، كە تاكو خێزان شانازییان پێوە دەكات، بەبێ ئەوەی بسەلمێنێت كە ئەو بەهایانە چۆن لە پرۆگرامەكانی خوێندندا روون دەكرێنەوە، هەندێكجار، پەروەردە ئامانجی رژێمێكی سیاسی تایبەت جێبەجێ دەكات، ئەمانە ئامانجی سەرەكی پرۆسەی پەروەردە نییە، ئامانجەكەی زۆر لەوە پیرۆزترە، كە پەروەردەكردنی نەوەی نوێیە، بەڵام لەم بابەتانەدا زۆرجار وەك پرۆسەیەكی رووكەش دێتە بەرچاو بۆنموونە ل١٣١ لە دەزگا خزمەتگوزارییەكان،

بابەتەكان تەنها سەرپێیانە خراونەتەڕوو بەبێ ئەوەی خوێندكار بەشدارپێبكرێت، لەكاتێكدا دەبێت، خوێندكار خۆی بەشێك بێت لەو دەزگایانە، دەبێت بەرجەستە بكرێنو خۆیانی تێدا ببیننەوە، نابێت بەو چەشنەبێت، كە دەسەڵاتی پێوە دیاربێت و مامۆستا زەبروزەنگ بەكاربهێنێت، ئەركی خوێندكار لەناو ئەم دەزگایانەدا چییەو چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەكات ( تەندروستیو فێركردنو گواستنەوەو گەیاندن، كارگوزاریی رۆشنبیری، كارگوزاری ئابوری)، بۆنموونە لە تەندروستیدا پێویستە مناڵان ئاگاداربكرێنەوە كە خۆیان لەهەموو هۆكارێكی نەخۆشی بپارێزنو لە گواستنەوەو گەیاندندا مناڵان فێربكرێن كە چۆن مامەڵە لەگەڵ هۆكارەكانی هاتوچۆ دەكەن، كە هەموو ئەو تەكسیو پاسو هۆكارەكانی هاتوچۆ هەمووی بەهی خۆیان بزاننو لە رۆشنبیریدا، باسی ئەوەیان بۆ بكرێت كە ئەو گۆڤارو رۆژنامانە چەند گرنگنو پێویستە مناڵان مۆدێلی خوێندنەوەیان لا خۆشەویست بكرێت.

ل١٤٧ جەژنە نەتەوەیی و ئایینیەكان، خراونەتە ڕوو بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان ئەم جەژنانە بخرێنەڕوو، ئەوەی گرنگە دەبێت وەسفكردن هەبێتو بەهاكان پیرۆز بكرێن، زۆرجار تاكەكان گرنگی ئەم بۆنانە نازانن تەنها بەشێوەیەكی رووكەش وەریدەگرن، بۆیە دەبێت لەرێی ئەم بۆنانەوە بەهاكان بپارێزرێت، گرنگی جەژنە نەتەوییەكانیان بۆ دەستنیشانبكرێت، بۆئەوەی زیاتر بە نیشتمانەوە پەیوەستبن.

ل١٥٨ لەباسی ژینگەدا تەنها پێناسەیان دەكات، بەبێ ئەوەی باس لە بەهاكانی ژینگە بكاتو منداڵان بەجۆرێك پەروەردە بكرێن، كە لە هێڵە گشتیەكان لانەدەنو هەموو بستێكی ئەم خاكە بەهی خۆیان بزانن.

ل٩ لە ئامانجی دەسەڵاتی دێدەوانییدا چەند خاڵێكی دەستنیشانكردووە كە ئەمانە تایبەتمەندین نەك ئامانج، چونكە لە ئامانجدا دەبێت ئەو بابەتانە بخرێنەڕوو كە كارێك دەكرێت لەپێناوی ئامانجێكی گەورەدا، نەك تایبەتمەندییەكان بكرێن بە ئامانج. بۆنموونە دێدەوانی فێری رێككاریمان دەكات، دەبوایە بنوسرێت دێدەوانی دەكەین بۆئەوەی فێری رێككاری ببین. ئامانجی سەرجەم ئامانجەكان بەمجۆرە گوزارشتیان لێكراوە، ئەمەش وا لە خوێندكار دەكات كە سەرباسو بابەتەكانی لا یەكانگیر نەبێتەوە، بەئاسانی تێیان نەگاتو تووشی سەرلێشێواوی دێت.

كەواتە لە پرۆگرامی خوێندندا دەبێت میكانیزمی پەروەردەكردن هەبێت. بابەتەكان پاڵنەر بن بۆ فێربوون، حەزی خوێندكار تێربكەن، رێگا بە خوێندكار بدرێت كە داهێنان بكات. بابەتەكان لەگەڵ توانا هۆشیو زانیارییەكانیدا بگونجێت، ئەو بابەتانە لە توانایاندا هەبێت ئاستی خوێندكار دەستنیشان بكەن.

٢- پێوەری دووەم، دەبێت بەپێی لۆژیكو سایكۆلۆژی ناوەرۆكی پرۆگرامەكان رێكبخرێت: بۆنموونە بابەتەكان تەواوكەری یەكتری بن، بەشێوەیەكی زنجیرەیی ریزببن، واتە نابێت نێوان دژیەكی لەنێوان زانیاریو بابەتەكاندا هەبێت، بەشێوەیەكی لۆژیكی بابەتەكان باسبكرێن لەگەڵ بیركردنەوەی خوێندكاردا بگونجێن.

لێرەوە هەندێك نموونە دەخەینە ڕوو كە تارادەیەك لادانە لەم پێوەرە.

لە بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی شەشەم ل١٢-١٤ و زوربەی بابەتەکانی ناو کتێبەکە بەگشتی، زۆر باسی چیاو دەشتو ناوچەکان دەکات، کە تەنها باسکردنێکی تیۆرییە، واتە خوێندکار بە ناچاری تەنها ناوەکان لەبەردەکات بەبێ ئەوەی لەیادی بمێنێتەوە، واتە زانیارییەکان لەو چەشنە نین کە مەودای مانەوەیان لە مێشکی خوێندکاردا دوورو درێژبن، باشتروایە ئەم زانیارییانە بەرجەستەبن بەشێوەی بینینو دەست لێدانو هەر چەشنێکی تر لەبەریەککەوتنی هەستەکانی تێدابێت، چونکە تا هەستەکان نزیکتربن ئەوا زانیارییەکان زووترو زیاتر دەگەیەنرێن، ئەگەر بوار نەبوو بە سەردان ئەم ناوچانەیان پیشانبدرێت، بە داتاشۆو فلیم پیشانی منداڵان بدرێت.

لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا (مێژوو- هاونیشتمانیبوون) جیاکراونەتەوە، لەکاتێکدا دەبوایە بەیەکەوە بونایە، چونکە تەواوکەری یەکترن، کاتێك بابەتێك ئامانجی خۆی دەپێکێ کە وەك زنجیرە بابەتەکان یەکتری تەواوبکەنو پچڕان دروست نەبێت، پچڕانی بابەتەکان، بیری منداڵیش دەپچڕێنێتو زانیارییەکان بە پچڕپچڕی وەردەگرێت.

هەر بابەتێك کە باس دەکرێت پێویستە، ببێتە بنەما بۆ بابەتی دوای خۆیان، یاخود تەواوکەری بابەتی پێش خۆیان بن، لە ئاسانەوە بۆ ئاڵۆزو قورس، نەك بە جیاوازی باسبکرێن، بۆنموونە لە باسی ناوچەی شاخاویدا کەموکوڕی زۆری تێدایە، زوربەی شاخەکان باسنەکراون، یاخود پێناسەو جیاوازی زۆنگو زەلکاوەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن، خوێندکار سەری لێتێکدەچێت.

بۆنموونە ٦-٢٧ دەڵێت: "دەریاچە: نزماییەکە بە ئاو پڕبۆتەوەو.." و "زۆنگو زەلکاو: روبەرێکی فراوانی ئاوین..".

ئەم پێناسانە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە، تەواونەکراونو پێویستیان بە روونکردنەوەی زیاترە، هەرچەندە ئەم وردەکاریانە بۆ ئەم قۆناغە پێویست نییە، دەبێت بەپێی کاتو تەمەن پرۆگرامەکان رێکبخرێت، بەڵام کە سەرباس هات دەبێت رونکردنەوەو وەسفکردنی زۆرو نموونەی زیاتری تێدابێت.

ل١٠٧ – دیسان باس لە پەیمانی نێوان عێراقو بەریتانیا دەکات، بیرەکان پچڕپچڕنو نێواندژیو سەرلێشێواوی پێوە دیارە، بابەتەکان یەکتر تەواو ناکەنو هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە.

لەپەروەردەی مەدەنیدا لە( ل٢٧)دا بە سەرباسێك رابەری پۆل باسکراوە، هەمووان دەزانین رابەری پۆل مامۆستایەکە بەرپرسە لە کارو چالاکیەکانی خوێندکار نەك خوێندکارێك بێت بە رابەری پۆل بەم چەشنە بارێکی دەروونی خراپ لای منداڵ دروست دەکات، چونکە ئەو پرسیارە دەکات کە ئەو بۆ رابەر بێتو من هیچ، خۆ هیچ جیاوازییەکمان نییە، بەڵام نوێنەر تارادەیەك گونجاوترە، چونکە بە نوێنەری خۆیانی دەزانن، کە تەنها جیاوازییەکەی لەگەڵ خۆیاندا ئەوەیە کە ئەو ئەرکێکی زیاتری لەسەرشانە، لەبری ئەوەی خۆیان کارێك بکەن، بە نوێنەرەکەیانی دەسپێرن.

لە ل٤٩دا فەرهەنگۆکێك بۆ زاراوەکان کراوە، بەڵام بابەتەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردووە، چونکە فەرهەنگۆك بۆ رونکردنەوەی زاراوە ئاڵۆزو نەناسراوەکانە، بەڵام لێرەدا رونکردنەوەکان لە زاراوەکان ئاڵۆزترن.

بۆنموونـە لـە سـودەکاندا، نووسـراوە "ئـەو شـتە باشـانەن کـە لـە ئـەنجامی کارێـك دێنـەدی" ئـەو دەربڕراوە، زۆر ئاڵۆزو بەبێ مەبەستە، لـە خزمـەتی هـیچ بیرێکـدا نییـە، زانیـاریو ڕۆشـنبیری ناگەیـەنێت، چونکە لە بنەڕەتـدا نـازانین ئـەو شـتە باشـانە مەبەسـتی چییە، یـاخود کـە لـە ئـەنجامی کارێـك دێنـەدی بەهەمان شێوە ناوەرۆکێکی بەتاڵی هەیەو بێ بەهایـە، یـاخود سنوورەکان وەهـا دەناسـێنێت، کـە "ئـەو شتانەیە کە یەکێك بۆی نییە لە پایەی دەسەڵاتدا ئەنجامیان بدات".

ئەمـە لەکاتێکـدا لـە پێناسـەی سـنووری بابـەتی جوگرافیـادا هـاتووە" ئـەو هێڵـە پچڕپچـڕەیە کـە سنوورەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە"، خوێندکار بێ یەکودوو ئەم دوانەی لێ تێکەڵ دەبێت، لەبری یـەکتری بـەکاریان دەهێنێـت، ئەمـە لەکاتێکـدا دیسـان ئـەم دەربـڕاوە بـێ بەهایـەو هـیچ زانیارییـەك ناخاتـە سـەر زانیارییەکانی خوێندکار، جگەلە سەرلێشێوانو بەهەمان شێوە زاراوەکانی تریش هەر بەو چەشنەن.

بابەتی پەروەردەی ئیسلامیش، ئەم پێوەرەی فەرامۆش کردووە، بۆنموونە ل٢٠ی پۆلی پێنجەم، لـە ڕستەیەکدا نوسراوە "پایەو ڕاگری ئاین بەرانبـەر خـوای گـەورە بریتیـە لـە لێبڕاوی بـۆ پەرسـتشو بـاوەڕ پتـەوی بـۆ پێغەمبـەرو پێشـەوایانی ئـاین گوێڕایەڵیـەوە بـۆ موسـڵمانان بەگشـتی دڵسـۆزیو، ئامۆژگـاری یەکترە".

لە ڕاستیدا ئەم پەرەگرافـە نموونـەی مشـتێکە لـە خـەروارێك، چـونکە هـەموو پێڕەوێکـی خاڵبەنـدی فەرامۆش کراوە، دانانی خاڵ پاش ئاین، پاش دڵسـۆزیو فـاریزە دانـراوە، چـونکە فـاریزەو خـاڵ پێکـەوە دانانرێن.

هـەروەها ئـەم پەرەگرافـە هـیچ واتایـەك ناگەیـەنێت، سـەرجەمی ڕیزکردنـی وشـەیەو بـەبێ ئـەوەی زانیارییەك بە خوێندکار بگەیێنێتو لەگەڵ لۆژیکدا یەکناگرێتـەوە ئەمـە وەك ڕاڤـەی فەرموودەکـە هـاتووە، نەك تەنها لێکدانەوە نییە، بەڵکو سەرلێشێواوی دروست کات بیرەکان تێکدەدات، چونکە تەنها وەرگێڕانـی وشە بە وشەیە و هیچی تر.

لە پەروەردەی ئیسلامی (٦) ل٣٦دا نوسراوە "ئەگەر هەزار گیانت هەبێ، یەك لەدوای یـەك دەربچـن لــە جەسـتەت". بەهــەمان شـێوە ئـەم دەربـڕاوە پێـڕەوی SOV نـەکراوە، هـەروەها واتایـەکی ڕوونـی نادابەدەستەوە.

بـەپێی پێوەرەکـە، ئـەم بابەتانـەی کـە باسمـان کـردن لـە ڕێچکەی پێوەرەکـە لایـان داوە، چـونکە سەرجەمیان ئاڵۆزنو بابەتی پۆلەکان یەکترییان تەواو نەکردووە، هەنـدێکجار دووبـارەنو زۆرجـاریش وەك بابەتێك زانیارییەکان خراونەتەڕوو، بـەبێ ئـەوەی کـە خوێنـدکار گەنجینەیـەکی باشـی لەسـەریان هـەبێت، لەکاتێکدا کە زوربەی بابەتەکان بۆ خوێندکار نوێنو پێویستیان بە ڕونکردنەوەی زیاترو گونجاندنی زیـاترە بەپێی لۆژیك.

خـاڵێکی تـر کـە لەگـەڵ لـۆژیکی بابەتەکانـدا یەکانگیرنابێتـەوە، وێنـەکانن کـە لەگـەڵ بابەتـەکان ناگونجێن، لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی شەشەم بۆنموونە ل١٣ لە باسـکردنی بایـەخی ناوچـەی شـاخاویدا، وێنەیەکی گوڵی نێرگز دانراوە، کە ئەم وێنەیە لەگەڵ بابەتەکەدا ناگونجێت، چونکە دەبێت وێنەکان بیرێـك بگەیەننو بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە بێت، نەك تەنها پڕکردنەوەی لاپەڕە بێت.

لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامی پۆلی پێنجەم (ل٣٦ ) دا و لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی شەشەم (ل٤٣) دا پێویستیان بەمجۆرە وێنانە نییە، هەمان ئەو وێنەیەی کە لە ل٣٦ی پەروەردەی ئیسلامیدا هەیە، لە ل٤٣ی بابەتی کۆمەڵایەتیشدا دانراوە، کە دوو بابەتن زۆر لەیەکترەوە دوورن تەنها پڕکردنەوەی لاپەڕەیە، وێنە و بابەتەکان تەواوکەری یەکتری نین و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

٣- پێوەری سێیەم: ڕێکخستنی بنەڕەتی ناوەڕۆکی پرۆگرامە، لەم پێوەرەدا رادەی پەیوەست بوونی خوێندکارە بە بابەتەکانەوە، لایەنی ناوەڕۆکو فۆرم دەخاتەڕوو، کە تا چ رادەیەك ئەم بابەتانە لە توانایاندایە خوێندکار بەلای خۆیاندا پەلکێش بکەن، بۆنموونە زمانێکی سەرنج راکێشی هەبێت، کە کار لە مێشکی خوێندکارەکە بکات، یاخود تا چ رادەیەك بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن ئاسانە، هێما بەکارهاتووەکان واتای روونیان هەبێت، واتە زمانێکی ورد بەکاربهێنرێت، کە لەگەڵ توانا فیکرییەکانی خوێندکاردا بگونجێت، دەبێت لە پرۆگرامەکاندا سوود لە فەرهەنگ وەربگیرێت، بەزمانی ستاندەر بنوسرێت نەك بەزمانی ناوچەیی.

بۆنموونە لەپەروەردەی ئیسلامیدا واتای ئەم ئایەتە"فی جیدها حَبل من مَّسَدٍ" بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە "گوریسێکی چنراو لە پوشی خورمای لەملدایە". باشتروابوو ئەوە روونبکرایەوە، کە پوشی خورما چییە، بۆچی لێرەدا هاتووە، بۆئەوەی بیرێك لای مناڵ دروستبکات، ئەوەی تێبینی دەکرێت، تەنها وەك تووتی مناڵان ئەمە دەڵێنەوە، بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن، زوربەی بابەتەکان بەمجۆرەن. بۆنموونە "لە ئایندەدا ئاگری بەگر ئەیسوزێنێ" وشەکانی "پێ حەسیان، ئارێ، ڕاستبەوە...هتد"

بەکارهێنانی ئەم وشەو دەستەواژەو رستانە، ئامازەیە بۆ نەبوونی زمانێکی ستاندەر لە بابەتەکاندا، زۆرجار بە زمانی ناوچەیی ئەم بابەتانە نووسراون، بەبێ ئەوەی واتاکانیان روونبکرێتەوە، زۆرجار گەنجی وشەو یاساو رێسای زمانەکە تەواونەکراون، لەگەڵ بوونی دوو پێڕەوی نووسین ( کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو) کێشەی گەورەی بۆ خوێندکار دروستکردووە.

لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا، واتای ئایەتو وشەکان زۆر بەقورسیو ئاڵۆزی نووسراون، ناتوانن بەپێی پێویست زانیارییەکان بگەیەننە خوێندکارو بەهاکان بە روونی ئامانجی خۆیان ناگەیەنن، چونکە لێکدانەوە بۆ روونکردنەوەیە، بەڵام ئەم لێکدانەوانە هێندە بەقورسی نوسراون نەك هیچ بیرێك ناگەیەنن، بەڵکو بیرەکانیش لای مناڵ تێکەڵو پێکەڵ دەبن.

خاڵێکی تر کە زۆر بە روونی هەستی پێدەکرێت، خاڵبەندیو دروست نووسینە، چونکە ئەگەر خاڵبەندی تێکدرا، ئەوا پەیوەندی لۆژیکی تێکدەچێت، بیرەکان پچرپچڕ دەبن، خوێنەر نازانێت لەکوێوە دەست پێ دەکات، لەکوێ کۆتایی دێت، بۆ نموونە لە بابەتی پەروەردەی مەدەنیش لەم کەموکوڕییانە بەدەر نییە، ل ٥-٦ لە بابەتی فێربوون دەربارەی دەسەڵاتو لە پێناسەکەیدا دەڵێت "دەسەڵات مافی بەکارهێنانی هێزی یاسایی هەیە، بۆ رێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە هاوڵاتیان خۆیان دەنگیان پێداوە" زاراوەیەك بە زاراوەیەکی نەناسراو دەناسێنێت، لەکاتێکدا خوێندکار هیچ زانیارییەکی دەربارەی هێزی یاسایی نییە، ئیتر چۆن دەسەڵاتی پێدەناسێنی.

له بابەتی پەروەردەی مەدەنیدا، رستەکان دوورو درێژنو زۆرجار واتا ناگەیەننو لاوازنو خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، چونکە خاڵبەندی پەیوەندی لۆژیکی بۆ خوێنەر دروست دەکات.

دیاردەیەکی تر، کە لە پرۆگرامەکاندا بەرچاو دەکەوێت دروست نەنووسینە، بەتایبەت لە رووی رێنووسو ئاڵۆزیو ناڕوونی چەمكو زاراوەو وشەکان، هەڵەی نووسینیش لە فۆرمو نووسیندا، کێشە بۆ واتا دروست دەکات، چونکە رێزمان و یاساو دەستوور بەمەرجی ئاوەزی کۆمەلایەتییەوە بەندن، وێنە هۆشەکیەکان لای منداڵ شێوێندراون، نەتوانراوە بیری منداڵ بوروژێنرێتو ئاراستە بکرێت و بەگەڕبخرێت، لەبەرامبەردا دەبێتە هۆی مراندنی بیر، منداڵان تەنها وەك ئامێرێك ئاراستە دەکرێن، بۆنموونە لە زوربەی وشەکاندا، رێنووس بە دروستی نەنوسراوە، بۆنموونە:

ئیمپراتوریەکان ⟵ ئیمپراتۆرییەکان
هەبوا ⟵ هەبوایە
نیشەنی ⟵ نیشتەنی
کەمی پێچاپێچی ⟵ کەمی پێچاوپێچی
زۆر کەوتنی تیشکی رۆژ ⟵ زۆری تیشکی رۆژ
رێژاکان ⟵ رێژەکان
بەدوای دا ⟵ بەدوایدا
تێ دەکەن ⟵ تێدەکەن
داو و دەمان ⟵ داوو دەرمان
وولات ⟵ ولات
ووزە ⟵ وزە
جەژنە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکان ⟵ جەژنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان
جێنشینە راشدەکان ⟵ جێنشینە راشدییەکان

هەندێك لە زاراوەو وشەو دەربڕاوەکان قورسو ئاڵۆزن، مناڵ تێیان ناگات، هیچ جۆرە زانیاریو بیرێك ناگەیەنن، بیر تێکدەدەن،نووسین و وانە وتنەوەی بابەتەکان کاریگەری زمانانی دراوسێی پێوە دیارە و وشەکان بە عەرەبی چۆنن بەهەمان شێوە لە عەرەبیەکەوە کۆپی کراون بۆ کتێبە کوردییەکان. بۆنموونە:

الثرثار ⟵ سەرسار
الحدیثە ⟵ حەدیسە
روطبة ⟵ روتبە
شتوئەالعەرەب ⟵ کەنداوی عەرەبی
ذی قار ⟵ زیقار

هەروەها چەند رستەو دەربڕاوێك هێنراون کە واتاکانیان قورسە و هەندێکجار ئیدیۆم بەکار هاتووە کە بۆ قۆناغی بنەڕەتی تێگەشتنی ئاسان نییە، بۆ نموونە:

بەرگەی کەمئاوی و شۆرەکات دەگرێت.
میللەتان ئەگەر ویستیان بەسەر ئاگرو ئاسندا سەردەکەون.
بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیا.
هەر بە ئاشکرا بەچاوی سەر دەتاندی.

هەرچەندە خۆیان ئاتاجن.

پەروەردگار نە وازی لە تۆ هێناوەو نە لێت قەڵسە.

دروست نووسینی بابەتەکان بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە یاسا پەیڕەوبەندانەکەوە هەیە، کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەبێت پەیڕەوبکرێت، ئەوەی لەم بابەتانەدا بەرچاودەکەوێت، پەیڕەونەکردنی یاسای SOV ییە، کە لە زوربەی وشەکاندا، ئەم یاسایە شێوێندراوە، بەتایبەتی جێکەوتەی کردارەکە دەبێت لە کۆتاییدا بێت، بەڵام هەندێکجار لەسەرەتاو هەندێکجاری تر لە ناوەڕاستدا، کە لە راستیدا بابەتەکانی ئاڵۆز کردووە، خوێندکار تێی ناگات، تەنها وەك توتی لەبەری دەکات، بەبێ ئەوەی لە ناوەرۆکی پرۆگرامەکان تێبگات، رستەکان دوورو درێژو قورسو هەندێکجار بۆ ئێمەش بێ واتان. بۆنموونە:

ل١٣ خاڵی یەکەم "بەهۆی سروشتی ناوچەکە واتا زۆری بەفروباران شوێنێکی گرنگە بۆ ئاو کۆکردنەوە".

باشتروایە بنوسرێت "بۆ کۆکردنەوەی ئاو شوێنێکی گرنگە، چونکە سروشتی ناوچەکە بەهۆی زۆری بەفروبارانەوە ناوچەیەکی چاکە".

ل١٧ نوسراوە "لەبەرئەوەی زەوییەکی راستەو فراوانەو ئاویشی زۆرە، بۆیە بە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵی دادەنرێت".

باشتروابوو بنوسرێت "ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵییە، چونکە زەوییەکی تەختو فراوانەو ئاویشی زۆرە".

ل١٨ نوسراوە "کێڵگە نەوتی دەوڵەمەندی تێدایە".

بنوسرایە "کێڵگەی نەوتی دەوڵەمەندی تێدایە".

ل١٩ خاڵی سێیەم نوسراوە "زۆر کەوتنی تیشکی رۆژ".

باشتروابوو بنوسرایە "زۆری تیشکی رۆژ".

ل٥٩ نوسراوە "دەوڵەمەندە لە رووی رووکی سروشتیەوە".

باشتروابوو بنوسرایە "لە رووی رووەکی سروشتیەوە دەوڵەمەندە".

یاخود نوسراوە "دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئاو".

باشتروابوو بنوسرایە "بە سەرچاوەی ئاو دەوڵەمەندە".

## ئەنجام

١- پەروەردەو کۆمەڵگا تەواوکەری یەکترن، پەروەردەی دروست کۆمەڵگایەکی دروست بەرهەمدەهێنێت، کۆمەڵگا بەبەردەوامی پێویستی پەروەردە هەیە.

٢- خوێندکار و پرۆگرام بنەمای پەروەردەی سەرکەوتوون، چونکە سەرکەوتنی مامۆستا یەکێکە لە پایەکانی پەروەردە، خوێندکاریش رۆڵی خۆی هەیە و نابێت هیچ خوێندکارێك فەرامۆش بکرێت، مەرجی پرۆگرامی سەرکەوتوو لە قورسییدا نییە ، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ژینگەی خوێندکاردا بگونجێت و پرۆگرامێکی نموونەیی بێت.

٣- فێرکردن تەنها خوێندن و خوێندنەوە نییە، بەڵکو بەستنەوەی بابەتەکان بە کۆمەڵگاوە بۆ خوێندکار گرنگترە تا هەست بە بۆشایی فێربوون و ژینگەی دەرەوە نەکات.

٤- مامۆستاش ڕەگەزێكی سەرەكییە لە گەشەپێدانی پرۆگرامدا، پێویستە بەشێوەیەكی گونجاو ئامادەبكرێت، كە لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت.

٥- پابەندبوون بە پێوەرە سەرەكییەكانی ڕێكخستنی پرۆگرامەوە و جێ بەجێكردنیان لە پرۆگرامی خوێندندا، بەپێی پێوەرەكان پرۆگرامەكانی خوێندنی بنەڕەتیی كەم و كورتی زۆرییان تێدایە و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

## پەراوێزەكان

١- د.ابراهيم خچور، ٢٠٠٩ ص ٢٧.

٢- م.م.انوار محمود، ٢٠١٢ ص ٢١.

٣- عبدالله العبادى ، ٢٠٠٧ من الانترنيت.

٤- د.مجدى مهدى على ،٢٠٠٧ ص ٤٠.

٥- Marcel Danes , 2008 page 85

٦- Lisa A.Petrides and Thad R.Nodsne.

٧- عبدالرحمن محمد القحگانى، ١٩٨٩ ص ٦.

٨- رشدي احمد طعيمة، ١٩٨٧ ص ٢٢.

٩- رائده سالم، ٢٠٠٧ ص ٥٦.

١٠- ا.د.رفعت محمد حسن، ٢٠٠٦ من الانترنيت.

## سەرچاوەكان


**كوردی :**

١- پەروەردەی ئیسلامی، پۆلی چوارەم، فاروق محمد علی عباس و هاوڕێكانی،چاپخانەی جیم ئۆفسێت، توركیا، ٢٠١٠.

٢- پەروەردەی ئیسلامی، پۆلی پێنجەم، عبداللە عبدالرحمن بابان و هاوڕێكانی،چاپخانەی جیم ئۆفسێت، توركیا، ٢٠١٣.

٣- پەروەردەی ئیسلامی، پۆلی شەشەم، عبداللە عبدالرحمن بابان و هاوڕێكانی،چاپخانەی جیم ئۆفسێت، توركیا، ٢٠١١.

٤- بابەتە كۆمەلأیەتیەكان، پۆلی پێنجەم ،وەیسی صالح حەمەدەمین، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، توركیا، ٢٠١٣.

٥- بابەتە كۆمەلأیەتیەكان، پۆلی شەشەم ،لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی الصوره ، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- پەروەردەی مەدەنی، پۆلی شەشەم ،لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، توركیا، ٢٠١٣.

**عەرەبی :**

١- د.ابراهيم خضور، التربية والتغير الاجتماعي، مجلة ٢٥، جامعة دمشق ، عدد الاول والثاني ٢٠٠٩.

٢- م.م. انوار محمود، دور التربية في التغير الاجتماعي، مجلة كلية العلوم الاسلامية، عدد ١٢ ،٢٠١٢.

٣- رشدي احمد طعيمة، تحليل المحتوي في العلوم الانسانية، القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٨٧.

٤- رائدة سالم، تطوير المناهج التربوية، الرياض، السعودية، دار أجنادين للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧.

٥- ا.د.رفعت محمد حسن، اتقان محتوى دروس ماده التخصص، جامعه أسيوگ، كلية التربية، ٢٠٠٦ .

٦- عبدالله العبادي، التربية والرأس مال مصير الانسانية،٢٠٠٧ .

٧- عبدالرحمن محمد القحطاني، تحليل محتوى و استخدامه، الحرس الوطني، الرياض ،عدد ٧٦، ١٩٨٩.

٨- د.مجدي مهدي علي، محاضرة عامة عن عناصر المنهج، جامعة عين الشمس، ٢٠٠٧.

**ئینگلیزی :**

1- Marcel Danes, Linguistic anthropology,Anthropological Anthropak, candian scholar,2008
2- Lisa A.Petrides and Thad R.Nodsne , Knowledge Management and education defining the landscape, published in the Instituted for the study of Knowledge in education, Mirada Roda , Half Moon Ray, CA 94019

## الخلاصة

السبب الرئيسي للاصلاح المجتمع هوالتربية، لأنها تمثل دورا مهما في تقدم الحياة. والوظيفة الرئيسية للتربية هي وظيفة الاجتماعية.

حددت المبادئ الأساسية لنجاح التربية السليمة هي التلميذ والمعلم والبيئة والمنهج الدراسي.

وهناك عديد من الطرائق للتقوية المنهج التربوي مثل اعداد الأشخاص التربويين من حيث التفكير والجانب النفسي ايضا لها دور مهم في وضع الخطة لتقدم المنهج والتعميم بها وبعد ذلك مراقبة تنفيذ هذا المنهج.

في هذا البحث حدد المقياس الأساسي لتنظيم المنهج و هذه المقاييس نفذ في المواضع في عملية التربية والتعليم بحسب القدرة و توضيح التقصير في الختام.

## Abstract

The main reasons for the social reform are education, because it represents an important role in the progress of actual educational function as social function.

The basic principles for the success of education are pupil, teacher, environment and program.

There are many methods to develop education program such as preparing educational people for thinking and psychological sides and ….etc.

This research identified or selected main scale to organization/ regulation the program of study. This measure of these topics in educational implemented according to the capacity and at last clarify the defaults.

# پرۆسەی بەوشە بوون (lexicalization)
# لە زمانی کوردیدا

پ.ی. د. ساجیدە عەبدوولّا فەرهادی - د. رەحیم قادر سورخی


## پوختە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی "پرۆسەی بەوشە بوون (lexicalization) لە زمانی کوردیدا"یە. هەرچەند بە وشە بوون دیاردەیەکی ناوەندیی و بڵاوە لە فەرهەنگی وشە زەینییەکانی هەموو زمانەکاندا، لە پرۆسەکانی پێکهاتنی وشەی کوردیدا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. پێکهاتنی وشە و کۆمەڵەوشەکان تەنیا لەڕەوتە ئاسایی و سروشتییەکانی وشەسازیدا و بەپێی یاسا بەرهەمهێنە ئاساییەکانی زمان سەیر کراوە و لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێزمان و بەڕێزمانی بووندا نەخراوەتە ڕوو.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە دەوری بە وشەبوون لە گۆڕانی زماندا بخاتە ڕوو و هاوشان لەگەڵ پرۆسەی "ڕێزمانی سڕینەوە"دا "لەبەرانبەر پرۆسەی"بەڕێزمانی بوون"دا ڕوونی بکاتەوە. بواری لێکۆڵینەوەکەش پێوەندی بە ئاستی وشەکان(lexicon)، واتا و ڕێزمانەوە هەیە. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەر پێکدێت: لە تەوەری یەکەمدا مەسەلەی لێکۆڵینەوەکە و پێشینەی بە وشەبوون و لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بەم بابەتەوە باس دەکرێ، هەروەها پرۆسەی بەوشە بوون چییە و چۆن درك پێدەکرێ ڕوون دەکرێتەوە. لە تەوەری دووەمدا هەندێ لە لایەنەکانی بەوشە بوون(بەئیدیۆم بوون، دابەشکردنەوە، هاوپێچکردن و پۆلگۆڕین) لە زمانی کوردیدا شیدەکرێتەوە.


وشە سەرەکییەکان: بەوشەبوون، بەڕێزمانی بوون، ڕێزمانی سڕینەوە، جێگیربوون، بەئیدیۆم بوون

## پێشەکی:

### ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە " پرۆسەی بەوشەبوون لە زمانی کوردیدا "یە کە ئامانجی ئەوەیە کە دەوری بە وشەبوون لە گۆڕانی زماندا بخاتە ڕوو و هاوشان لەگەڵ پرۆسەی "ڕێزمانی سڕینەوە"دا "لەبەرانبەر پرۆسەی"بەڕێزمانی بوون"دا ڕوونی بکاتەوە. هەر لەبەر ئەمە، پێشینەی لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بەم بابەتەوە باس دەکرێ، پرۆسەی بەوشە بوون چییەو چۆن درك پێدەکرێ ڕوون دەکرێتەوە و پاشان هەندێ لە دیاردەکانی بەوشە بوون لە زمانی کوردیدا شیدەکرێتەوە. بواری لێکۆڵینەوەکەش پێوەندی بە ئاستی وشەکان(لیکسیکۆلۆجی)، واتا و ڕێزمانەوە هەیە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بەوشە بوون زۆرجار بە دابڕاوی لە ڕێزمانی بوون، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پێکهاتنی وشە( word formation) داباس کراوە. بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بەپێی ئەم تێڕوانینە و لە ڕوانگەیەکی مێژوویی یان ناودانانییەوە بەزمانی کوردی لەم بارەیەدا نەکراوە، **بۆیە هەوڵماندا  بە تایبەتی و بەشێوەیەکی وردتر لەم بابەتە بکۆڵینەوە.**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ، ڕێبازێکی شیکردنەوەی نێوانگیری دەوێ  لە نێوان وشەسازی، واتاسازیی و ڕێزماندا بۆ ئەوەی بتوانین کەرەستەکان بەشێوەیەکی وەسفی شیبکەینەوە. **بۆیە ڕێبازەکەمان ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە.**

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەر پێکدێت: لە تەوەری یەکەمدا مەسەلەی لێکۆڵینەوەکە و پێشینەی بە وشەبوون و لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بەم بابەتەوە باس دەکرێ، هەروەها پرۆسەی بەوشە بوون چییە و چۆن درك پێدەکرێ  ڕوون دەکرێتەوە. لە تەوەری دووەمدا  هەندێ لە لایەنەکانی بەوشە بوون(بەئیدیۆم بوون، دابەشکردنەوە، هاوپێچکردن و پۆلگۆڕین) لە زمانی کوردیدا شیدەکرێتەوە.

## تەوەری یەکەم: پێشینەی بە وشە بوون و گۆڕانی زمان:

زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمان دیاردەیەکی بزێو وچالاکە و بەردەوام بە هۆی ناوەکی و دەرەکییەوە لە گۆڕاندایە. واتە، گۆڕان لە زماندا بێجگە لە هۆی ناوەکی و گرێدراو بە ئاستەکانییەوە، بەهۆی لایەنی زەینی و کارەکیشەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، گۆڕانی زمان تەنیا ڕەوتێکی یەکلایەنەی مێژوویی نییە، بەو جۆرەی پۆلە ئەرکییەکانی وشە لە پۆلە لێکسیکییەکانەوە بەدی بێن(پرۆسەی ڕێزمانی بوون). بەڵکو گۆڕانەکە دەکرێ لە وشەی ئەرکییەوە بۆ وشەی فەرهەنگیش ڕوویدات(پرۆسەی بەوشەبوون).

لە حاڵێکدا کە لێکدانەوەیەکی گشتگیری تیۆرەکانی گۆڕانی زمان لەسەرووی ئەم باسەوەیە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند فاکتەرێك دەکەین کە باسەکانی تایبەت بە وشەبوون ڕوون دەکەنەوە و بریتین لە **بەئیدیۆم بوون، دابەشکردنەوە، هاوپێچکردن و پۆلگۆڕین.**

### ١. خستنە رووی مەسەلەی لێکۆڵینەوە

چەمکی "بەوشەبوون" وەك بەشێکی جیانەکراوەی پێکهاتنی وشە، لە دەوروبەری ئەو وشانەدا کە بۆماوەیەکی زۆر لە زماندا نەبوون و تەنانەت ئێستاش لەلایەن کۆمەڵەی زمانییەوە بەتەواوی نەچەسپاون و پەسند نەکراون ، گرینگن. پرسیار ئەوەیە ئایا بێجگە لە شێوەی پێکهاتنی مۆرفۆلۆجییانە، شێوەی

تری نامۆرفۆلۆجی پێکهاتنی وشە لـە زمـانی ئێسـتای کوردیـدا بـەدی دەکـرێ ؟ ئـەو وشـە یـان لێکـدراوە نوێیانەی بەهۆی بەوشەبوونەوە پێکهاتوون چییان بەسەر دێ؟ چۆن لە فەرهەنگدا جێیان بۆ دەکرێتەوە؟ زاراوەی بەوشە بوون لەبارەی هەموو ئەمانەوەیە.

تاوتوێکردنی تەواوی ئەم بابە پێویستی بە توێژینەوەیەکی وردی مێژووی زمانی کوردییە. چونکە بە وشە بوون پرۆسەیەکی یەکلایەنـەی مێژووییـە کـە بـەپێی گـۆڕانی سـنورداری ئاسـاییانەی زمـان دەچـێتە پێشێ. بەڵام، نەبوونی ئەدەبیاتێکی پەخشانی کۆنی کوردی و دابڕاوی ئەدەبیاتی هـۆنراوەیی نووسـراوی کـوردی بـە پێـی زارە جوگرافییـەکانی زمـانی کـوردی وەك کۆسـپێکی سـەر رێـی ئـەم توێژینەوەیـە و توێژنەوەکانی لەم چەشنەش دێتە بەرچاو.

## ٢. پێشینەی بە وشەبوون و گۆڕانی زمان

پێوەنـدی نێـوان پۆلـە فەرهـەنگیی و رێزمانییـەکان و ئاراسـتەکانی گۆڕانیـان لـە رووی مێـژوویی و ئێستاییەوە ، لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدە بیستەمدا و بە تایبەتی لە دەیـەی نەوەدەکانـدا لـە لایــەن کەســانێکی وەك (هــاپێر و تراوگــۆت ١٩٩٣، ٢٠٠٣)، (برینتــۆن ٢٠٠٢)، و (لێمــان و ١٩٨٩)، رامات(١٩٩٢) و ویشێر (٢٠٠٠ و هانیە(٢٠٠٣)و نۆردە (٢٠٠١) کاری لەسەر کراوە. بە پێـی بۆچـوونی لێمـان (١٩٨٢:٦) یەکەم پۆلین کردنی بەرانبەریی نێوان ***بە وشە بوون*** و ***رێزمانی بوون هی*** "یاکوبسن(١٩٧١)"ە کە یەکەمیان بە پرۆسەیەکی ئیختیاری و دووەمیان بەپرۆسەیەکی ئیجباری پۆلین دەکات. هـەر لـەوە بـە دواوە، بە چەند شێوەی جیاواز ئەو دوو بابەتەیان بیردۆزی کردووە و هەندێك بـە جیـا و هەنـدێك پێکـەوە هەڵیان سەنگاندوون. ئەوەی لە هەموو لێکۆڵینەوەکاندا جەختی لێکراوەتەوە جوتەی (فۆرم و واتـا) بـووە و ئەوەکە ئەوانە پێڕەومەندن یان مەزاجین(idiosyncratic).

لێکۆڵینــەوە نەریتییــەکانی پێکهــاتنی وشــە، بــە شــێوەیەکی تایبــەتی بــەو لێکســیمە ناســادە چەسپاوانەوە خـەریك بـوون وا لـە فەرهەنگەکانـدا تۆمـار کـراون. بـەڵام نموونـە بەرهـەمهێن( productive patterns) و یاسـابەندەکانی پێکهـاتنی وشـە ، واتـە پێکهاتـە بـەناو مەبەسـتدار(ad hoc-formations) و پێکهاتە هەنووکەیی(nonce-formations)ەکـان مـەزاجین، هـەڵاوێردراون. دەکـرێ بڵـێین لێکۆڵینـەوە لـەم نموونانـە بـە وتارەکـەی(Pamela Downing, 1977) دەسـت پێـدەکات کـە نـاوە لێکـدراوەکان، لێکسـیمە ناسادە نەچەسپاوەکان، ئەرکەکانیان و پرۆسەی راستەقینەی داهێنانی وشە لە زمانی ئینگلیزیدا جـەختی لێدەکرێتەوە. پاشان ئیڤ و هێربێرت کلارك(Eve and Herbert Clark ,1979) و پاشان لەلایەن کەسانێکی وەك لیپکا(Lipka,1972, 182) ، کاستاڤۆسکی(Kastovsky, 1982) راستەوخۆ خرانە بەر باس. بە تایبەتی لیپکـــا کەوتنەبـــەر کاریگـــەریی و گـــۆڕانی لێکسیمەناســـادەکانی بـــە پرۆسەی"بەوشـــە بـوون"((lexicalization))نـاو بـرد و پێـی وایـە ئـەم پرۆسـەیە لەگـەڵ پرۆسـە ئاسـاییەکانی وشەسـازی تێکدەچرژێن و ئەنجامەکانیان یەکتر دادەپۆشن. بـە بۆچـوونی ئـەو و کاسـتاڤۆسـکی، ئەگـەر ئەنجامـەکان لایەنی نایاساییان(یاسا ئاساییەکانی پێکهاتنی وشە) زۆرکەم بێ، ئەوە بە "بەوشەبوونێکی پێڕەومەنـد"(

(systematic lexicalization)ناوی دەبەن(Kastovsky (1982a: 166f., 196ff)، بەڵام ئەگەر گۆڕانەکان واتایین و ئەوەندە بنەڕەتین کە واتای کۆی لێکسیمەکە ئیتر ناکرێ لەواتای کەرتەپێکهێنەکانییەوە وەرگیرێ بە ئیدیۆم(idiom) ناوی دەبات(Lipka 1972:75 ff., 1974).

بەگشتی، زۆربەی زماناناس و وشەناسەکان پرۆسەی بەوشەبوون بە پرۆسەیەکی باڵکێش دەزانن کە هەموو جۆرەکانی پێکهاتنی ئاسایی و نائاسایی وشە و دانەزمانییەکان دەگرێتەبەر کە لە ئەنجامدا دانەیەکی واتاییان لێدەکەوێتەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بەپێی ئەم تێڕوانینە و لە روانگەیەکی مێژوویی یان ناودانانییەوە بەزمانی کوردی لەم بارەیەدا نەکراوە، بەڵام کاری پێوەندیدار پێیەوە لە توێژینەوەکانی ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥)، نەسرین محەمەد فەخری(١٩٧٦)،(محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٨٦)، فەتاح مامەعەلی(١٩٩٨) و (شیلان عومەر٢٠٠٩) کراوە.

بەوشە بوون زۆرجار بە دابڕاوی لە رێزمانی بوون ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پێکهاتنی وشە( word formation) داباس کراوە. بەڵام ئێستا تارادەیەکی زۆر پەلی هاویشتووە بۆ توێژینەوەکانی بەرێزمانی بوونیش. کە ئەویش لە سروشتی ئەو کەرەستە(پۆلە فەرهەنگیی و رێزمانییەکان)یانەوە دێ کە ئەم دوو پرۆسەیە پێوەندییان پێیەوە هەیە. هەر وەك ماتیووس لە پێشەکی کورتە فەرهەنگی زماناناسی ئاکسفۆرددا دەڵێ:" هەموو کەس رای وایە کە زماناناسی بە "پۆل"[١]ە فەرهەنگیی و رێزمانییەکانی زمانێکی تایبەتەوە خەریك دەبێ"(٧: ١٩٩٧) بەڵام هەرکام لەو پۆلانە بە پێی دەوروبەری زمانی و لە رەوتێکی پلە بە پلەدا دەکرێ بە ئاراستەی جیاواز بگۆڕێن و دەروێشیان لە گۆڕانی زماندا هەبێت. لەبەر تێوەگلانی چالاکانەی هەرکام لەم دوو پۆلە لە پێکهێنانی دانە زمانییەکاندا، پێویست دەکات پرۆسەکانی"بەوشەبوون" ، "رێزمانی بوون"، "رێزمانی سڕینەوە" روون بکەینەوە و ئاراستەکانیان لە گۆڕانی زماندا بخەینە روو. ناکرێ تێبگەین کە "بەوشە بوون" چۆن چەمکسازی بۆکراوە ئەگەر سەرنجێك نەدەینە ئەو گریمانە بنەڕەتییانەی لەبارەی رێزمان و پێوەندییەکانی بە مکانیزمەکانی گۆڕانی زمانەوە هەیە، چونکە " بە وشە بوون" لەم باسەدا وەك پرۆسەیەکی مێژوویی وێنا دەکرێ کە گرێدراوی گۆڕانێکی سنووورداری ئاسایی زمانە. "بە وشە بوون" هەندێ جار بە گۆڕان لە پێگەی رێزمانییەوە بۆ پێگەی فەرهەنگی بە شێوەی کەرتی یان بە تەواوی تێکەڵ بە "رێزمانی سڕینەوە"دەبێ، هەندێك لە زمانەوانانی وەك دۆر ئاوێرا (٢٠٠٣) بە وشە بوون وەك بەشێك لە رێزمانی سڕینەوە تێدەگەن.

### ٣. رێزمانی سڕینەوە لەبەرانبەر بەرێزمانی بووندا

### أ) رێزمانی بوون (Gramaticalization)

گۆڕانی دانەیەکی زمانی لە یەکەی فەرهەنگییەوە بۆ یەکەی رێزمانی،"یە. رێزمانی بوون" و گۆڕان لە یەکەی رێزمانی بۆ یەکە فەرهەنگی وانییە. کەواتە، رێزمانی بوون بەردەوام لە ئاراستەی وشەییەوە

---

[١] category.

بەرەو ئاراستەی ڕێزمانی بوون دەچێ. (Camoabell, 2002: 124). بە بۆچوونی تراگۆت (٧: ١٩٩٣) ڕێزمانی بوون پرۆسەیەکە کە لەریەوە یەکە فەرهەنگییەکان دەوری ڕێزمانی وەردەگرن یان ئەو یەکانەی خۆیان تایبەتمەندی ڕێزمانییان هەیە، ڕێزمانی تر دەبن. بە ڕێزمانی بوونی سەربەخۆیی یەکە زمانییەکان لە رووی فۆرمی و واتاییەوە کەم دەبێتەوە. گۆڕانی ئەم یەکە زمانیيانە لەم پرۆسەیەدا ڕوتێکی (یەکلایەنەی) تایبەت دەپێوێ." ئەم دیاردەیە لە زاری کوردیی کورمانجیدا و لە زمانی فارسیدا بەدی دەکرێ(تێبینی ئەم رستانەی خوارەوە بکە):

أ) مارەکە (**هات**)ە کوشتن(کوردی کورمانجی).

وشەی " هاتن" لە پاڵ فۆرمی کارێکی سەرەکیدا کە واتای فەرهەنگی خۆی لەدەست دەدا و ئەرکێکی ڕێزمانی لە فۆرمی بکەرنادیار لە کوردی کورمانجیدا وەردەگرێ. دەکرێ کاری "چوون" لە زاری کورمانجیی ناوەڕاستدا وەك دیاردەیەك لە بەرێزمانی بوون لە شێوەی "هاتن" لە زاری کورمانجیی ژووروو دابنێن.

ب)سەری بەتاشین چوو.

یان وەك لە زمانی فارسیدا وشەی (شدن) بە واتای فەرهەنگیی"چوون" واتای فەرهەنگییەکەی لەدەستدەدا و وەك کاری بە یاریدەی بکەر نادیار ئەرکی بکەرنادیاری وەردەگرێ. ئەمە بۆ کاری بەیاریدەی(خواه) لە چاوگی (خواستن)ی ئەو زمانەش راستە کاتێ کە لەگەڵ فۆرمی داهاتووی کارێکی سەرەکیی فارسیدا دەردەکەوێ:

ج) (خواه)م رفت.

لێرەدا فۆرمی (خواه) واتای فەرهەنگیی خۆی کە (ویستن)ە بەجێ هێشتووە و واتا/ئەرکێکی ڕێزمانی کاتی داهاتووی وەرگرتووە.

ت)مار کشته(**شد**).

**ب)ڕێزمانی سڕینەوە (Degrammaticalization)**

بە دوای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی "ڕێزمان بوون" لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا سەرنجی زمانەوانان بەرەوە ئەوە چوو کە تایبەتمەندیی یەکلایەنەی وشەکان ناکرێ پێچەوانەکەشی نەبێت. لێمان بۆ یەکەمجار (١٦: ١٩٩٥) ئەم ڕەوتە بە رواڵەت مەحاڵەی بە ( ڕێزمانی سڕینەوە)دانا، ئەمەی بە وردی خستە بە رباس و بۆچوونی تایبەتمەندی ڕەوتی یەکلایەنەی بە ڕێزمانی بوونی یەکە فەرهەنگییەکان بردە ژێر پرسیارەوە. بە بۆچوونی نۆردە ڕێزمانی سڕینە سروشتێکی نا قۆناغی هەیە تەنیا گۆڕانێکی تاقانە دەگرێتەوە کە گۆڕان (گیرەکی گەردانی)یەوە بۆ (نووسەك)یان لەوشەی ئەرکییەوە بۆ وشەی فەرهەنگی دەگرێتەوە. بە باوەری (نوردە) ئەنجامی هەردوو رەوتی بە وشە بوون و لەرێزمانی سڕینەوە وشەسازییەوە، بەڵام بە وشە بوون ڕەوتێکی بەرە و ئیدیۆم بوون دەپێوێ.

دیاردەی (ڕێزمان سڕینەوە)، هاوشان و پێوەندیدارە بە (ڕێزمان بوون)ەوە واتە، سروشتی ئەو میکانیزمانەی لە هەندێ حاڵەتدا لە هەردوو پرۆسەکە وە گلاون لە هەردووکیاندا دەبێ یەکسان بێ، بەڵام ئەنجامی دژ و جیاوازیان لێی دەکەوێتەوە.

نۆردە( ٢٣٢ ـ ٢٣١: ٢٠٠١) پێی وایە کە زۆربەی دیاردە پێشنیارەکراوەکانی پێچەوانەی ڕێزمانی بوونن، بۆ دوو جۆری (بە وشەبوون)ی دانە ڕێزمانییەکان و ڕێزمانی سڕینەوە هاوپێچی پێکهاتنی ڕاستەوخۆی دانە فەرهەنگییەکانە لە دانەیەکی ڕێزمانیی سەربەخۆوە، وەك پۆلگۆڕین یان دارشتنی سفر، وەك گۆڕانی (dawon) لە پرپۆزشینەوە ( ئاوەڵکار/ پارتیکڵ)ەوە بۆ بەکار بوون (to dawon) ئەم حاڵەتە هەندێ جار بە زاراوەی بە وشەبوون یان بە وشە بوون دانە ڕێزمانییەکان ئاماژەی پێکراوە.

دیاردەی ڕێزمانی سڕینەوە لە زمانی کوردیدا لە گۆڕانی پریپۆزشینەکانی (لە، بە، دە) دا دەردەکەوێ کە دەگۆڕێن بۆ پێشگرێکی وشە دارێژ و لە دارشتنەوەی وشەی فەرهەنگیدا دەوریان دەبێ. گۆڕان لە دانەی ڕێزمانییەوە بۆ دانەی مۆرفۆلۆجی.

١. دەستی دە ئاوەکە نا(دەیەك نا)= تێنان

٢. دوو سەیارە پێکیان دادا(بەیەك دادا)=پێکدادان

٣. بە چەند کەس لێیان دا{لە (ئەو)یان دا } =لێدان

ئەم ڕەوتە بە پێچەوانەی بەڕێزمانی بوون ڕەوتێکی بە وشە بوونە و زمانی کوردی بە پێچەوانەی زمانە ئێرانییەکانی تری وەك فارسی، کە پێشگریان کەمە لە پریپۆزیشنەکانەوە پێشگری وشە دارێژ وەردەگرێتەوە وشەی ناسادەیان لێ پێکدێنی.(لێنان، پێکدادان، تێنان و...).

### ت)چەند ئاماژەیەك لەسەر زاراوەی "بەوشە بوون"

لێکسمی ناسادەی "بەوشە بوون" زاراوەیەکی ئاماژەییە، سەر بە مێتازمان(ی زمانناسییە). واتە بە پێچەوانەی ئەو زاراوانەیە واتای کۆنکرێتیان هەیە. دەکرێ بە شێوەی جیاواز و بەهۆی خەڵکی جیاوازەوە واتای جیاواز وەربگرێ. ئەمەش وادەکات ئاماژە بۆکراوەکانی ئەم زاراوەیە لە زاراوە زمانییەکاندا سەرلێشوان دروست بکات. بۆیە لێرەدا دەکرێ لە سێ یەکەی زمانیدا هەموو جۆرەکانی دەربڕینی زمانی بخەینە ڕوو کە بابەتی بەوشە بوون بن:

١.لێکسیمە سادە یان ناسادەکان، داس، تەورداس، گەسکی کارەبایی، شۆفێری پاس

١. کۆمەڵەوشەکان(هاوڕێیەتی، پێناسە دیاریکراوەکان)، ئاسمان و ڕێسمان، دەست لێکبەردان، سەرۆك وەزیران

٢. ناوە تایبەتەکان(کەمپدەیوید، جۆرج دەبلیۆ بۆش، ئالزایمێر)

بەوشەبوون بە واتا ئێستاییەکەی، ئاماژە بە پانتای ئەو پێوەندییانە دەکات کە لە نێوان نواندنە چەمکی و سینتاکسییەکاندا هەیە و ئەوە کە سروشتی ئەم چەشنە پێوەندییانە چۆن دەکرێ پۆلێن و وەسف بکرێن ڕوون دەکاتەوە، پرۆسەیەکە کە بە هۆیەوە یەکە نوێیەکان کە وەك یەکەی فەرهەنگی

ڕەچاو دەکرێن، بەدی دێن."(Brinton and Traugott 2005:32 ). کە واتە، لە ئەنجامدا بەوشەبوون، دەکرێ وەك (أ)توخمێکی فەرهەنگی(وشەیەك)، (ب)یان زنجیرەیەك لە توخمەکان (فرێزێك) پێکبێت.

لە بەربڵاوترین واتایدا "بە وشە بوون" وەك دیاردەیەکی مێژووی وێنا کراوە، لە زانستی زماندا وەك یەکەکی پەسندکراوی جێگیربووە(institutionalized) لە ناو فەرهەنگی وشەکاندا یان بەواتای داهێنانی وشەی نوێ هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگی وشەکان وەك لیستەیەك لە هەردوو یەکەی (فەرهەنگی) و (ڕێزمانی) درك پێدەکرێ.

پەسند کردن و وەرگرتن دەکرێ لە ئاستی مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و تەنانەت بۆ، خواستن لە زمانێکی دیکەش بێت یان داهێنانێکی وابێت کە فۆرمێکی تەواو نوێی(داتاشین) لێی بەرهەم بێت.

بەم پێیە بەو وشەبوون بریتی دەبێت لە:

١. پەسندکردنی وشەیەك لەناو فەرهەنگی وشەکانی زمانێکدا وەك پێکهاتەیەکی ئاسایی کە لە فەرهەنگی وشەکاندا زەخیرە دەکرێ و سەر لەنوێی لەوێوە بۆ بەکارهێنانێکی دووبارە رابکێشرێتەوە.( Brinton and Traugott 2005:).

بە گشتی بە وشە بوون، ئەو کاتە ڕروودەدات کە فۆرمێك ئیتر نەکرێ لە ڕێی یاسا ڕێزمانییە ئاساییەکانەوە شرۆڤە بکرێ" واتە "هەرکات فورمێکی زمانی دەکەوێتە دەرەوەی یاسا بەرهەمهێنە ڕێزمانییەکان، بە وشەدەبێت."(Anttila,1989:151). واتە،"لێکسیمێك کە بۆخۆی فۆرمێکی هەیە یان فۆرمێك وەردەگرێ کە ناکرێ ئاسایی هەیبێ، ئەگەر بە پێی یاسا بەرهەمهێنەکان بە کار هاتبێ."(bauer,1983: 48).

## تەوەری دووەم: لایەنەکانی بە وشە بوون

### ١. بە ئیدیۆم بوون

بە ئیدیۆم بوون بەو گۆڕانە واتاییانەوە دەگوترێت کە پێوەندییان بە پرۆسەی بەوشەبوونەوە هەیە. زۆربەی زماننا سان پێیان وایە بەوشە بوون دەکرێ وەك زنجیرە ڕۆنانێکی لێکدراوی پڕاوپڕ(full- fleged) درك پێبکرێ کە لە پێکهاتە لێکدراو و بەرهەمهێنەکانەوە بەرەو دەستەواژە چەسپاو و وەستاوەکان چوون. ئەمە لەبەر ئەو راستییەیە کە بەوشەبوون ئەنجامی لێکدانی چەند هۆکارێکە دەکرێ بە شێوەیەکی تەواو یان ناتەواو روو بدات. هەرچەند ڕێککەوتنێکی گشتی لەسەر ئەو پێکهێنانانە نییە، بەڵام گرینگترینیان دەکرێ بریتی بن لە:

(هاوڕێتی زنجیرەیەك، collocation)> ، (چەسپان fixation) > (تایبەتدانی واتایی، semantic specialization)> بەئیدۆم بوون(idiomatization).

وەك لەم ڕەوتە ئاسۆییەی سەرەوەدا دەبینین، بە ئیدیۆم بوون کە ئەنجامی بەوشە بوونە، لە "پێکهاتەی ناسادەوە دەست پێدەکات، و ناسادەیی هۆکارێکی بە ئیدیۆم بوونێتی."(شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٣١). واتە، لە هاوڕێیەتی زنجیرە دانەیەکی زمانییەوە دەست پێدەکات. بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو

هاوڕێیەتییانە بە ئیدۆم بن. چونکە هەندێ هاوڕێیەتی هەن کە نائیدۆمی(non - idiomatic)ن. ئەمانە ئەو هاوڕێیەتییانەن کە دەکرێ واتای هەر کۆمەڵە وشەیەکی هاوڕێ لە واتای پێکهێنەکانییەوە تێبگەی. وەك "درەنگ و زوو"، "شەورۆژ"، "هاتوچۆ". بەڵام، هاوڕێیەتیی ئیدۆمی، زنجیرەیەك لە وشەکان کە واتا گشتییەکەی لەواتای یەکە یەکەی مۆرفیمە پێکهێنەکانی بەدەست نایە و بۆ فێربوونیان دەبێ وەك دانەیەکی یەکپارچە لەبەر بکرێن". کە لە **ئیدیۆمی وشەیی** وەك:

- **ئەم قۆڵبڕە فێڵی لەهەموومان کرد.**
- **دەست بڵاوی ئەوها بەسۆدرەمان دەبا.**
- چاوچنۆکی ئەوهام نەدیوە. و...

**ئیدیۆمی فرێزی** وەك:

- درووی مەموزین(لەمپەر بەیەك گەیشتن و هۆی لێککردنی دوو کەس)،
- ددانی مار(زیت و زیرەك)
- بەیتی بلە
- گوڵی مەجلیس
- بەدەم و زمان
- کەر داغ کردن: بە هیوای شتێك بوون، بەڵام خەیاڵی بوون و بێئاکام بوون

**ئیدیۆمی رستەیی:**

- ئاگری کردووەتەوە: ئاژاوەی ناوەتەوە، بەدفەڕیی دەکات.
- بە ئاگری ئەوان سووتا: تاوانی سوچی ئەوانی دایەوە.
- بە فوویەك بەندە: ناجێگیر و لەرزۆکە.

یان هاتنی ئامرازەکان لە گەڵ وشە فەرهەنگییەکاندا، وشەی نوێ دروست دەکات وەك( لە پێ کەوتن، لە خۆبایی و...). ئەم نموونانە دەریدەخەن کە پرۆسەی بە وشەبوون رەوتێکی بەرەو بە ئیدیۆم بوونە.

ئاخێوەرانی زمانێك ئەم فۆرمە زمانییانە بە پێی بەکارهێنانە ئاساییەکانی زمان بەرهەم ناهێنن. کاتێ کە لێکدانی پێکهێنەکان ئەم پرۆسەیە بەتەواوی دەپێوێ، کەواتە کۆمەڵە وشەیەکی چەسپیومان دەبێ. لەلایەکی دیکەوە، کاتێ کە لێکدانی پێکهێنەکان ناتەواوە(هەموو پرۆسەکە ناپێوێ) دەکرێ بڵێین لە دۆخی بەردەوامبوون و پەیوەستبووندایە.

چەند تایبەتمەندییەکی گشتیی بەوشە بوون دەکرێ لە زمانناسیدا ببینرێن کە بریتین لە:

١. پرۆسەیەکی ئاسایی پێکهاتنی وشە: ئەم پرۆسەیە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە باسی ئەو پرۆسە چالاکانەدا روودەدات، قسەکەران بە شێوەیەکی ئێستایی لەبەردەستیان دان کە دەبنە هۆی بەدیهاتنی فۆرمە تایبەتەکان و لەوانەیە دواتر بەمیرات بمێننەوە، ئاسایی بن یان نەبن و لەلایەنی قسەکەرانی دیکەوە پەسند بکرێن. پرۆسەیەك کە پێی دەگوترێ(جێگیر بوون) یان بە پێکهاتەیی بوون(institutionalization )

٢. پرۆسەی ئاوێتە بوون کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەیەك لە پرۆسە لێکدانییەکان.

٣. پرۆسەی جیابووەنەوە کە دەبێتە هۆی زیاد بوونێك لە یەکە سەربەخۆکاندا (J. Brinton and C. Traugott 2005:32).

٢. **بە پێکهاتەیی بوون (institutionalization)**: لێکسیمێکی ناسادە بە پێکهاتەیی (جێگیر)دەبێ کاتێ کە پێکهاتەیەکی هەنووکەیی(nonce-formation)لەلایەن ئاخێوەرانی ترەوە وەك یەکەیەکی ناسراو، پەسند دەکرێ. واتە، پرسیاری ئەوەی کە چۆن فۆرمێکی نوێی داهێنراو لەسەر بنەمای یاساکانی پێکهاتنی وشە وەك بەشێك لەوشە پەسندکراوەکانی کۆمەڵەیەکی زمانی دێت بۆ ئەوەی باو وئاسایی بێت ؟ لە چوارچێوەی بە پێکهاتەیی بووندا وەڵام دەدرێتەوە، کە هەندێ جار پێشەنگی بەوشە بوونە و بەو پێناسە دەکرێ. لێرەدا بەوردی جەخت ناکرێتە سەر پرۆسە ڕۆنانییەکان، بەڵکوو، بە پێکهاتەیی بوون"ئاماژەدەکات بە پانتای بەکارهاتنی (ڕۆنانێك) بۆ کۆمەڵەیەك و چەسپانی وەك نۆرم/ڕێسایەك"((J. Brinton and C. Traugott 2005:45). کە لەرێی زۆر بەکارهێنانەوە ئاسایی دەبن. بە بۆچوونی ***لیپکا*** بەوشە بوون وەك دیاردەیەك کە یەکە فەرهەنگییە ناسادەکان، لە ڕێگای بەکار هێنانی دووبارەوە، لەوانەیە سروشتی هاونشینییان لەدەست بدەن، ببەن بە یەکەیەکی فۆرمی بە واتا(ناوەۆرك)ێکی تایبەتییەوە. لێرەدایە کە سنووری نێوان لێکسیمە سادە و ناسادەکان لێل دەبێ(Lipka, 1992:96). بلانك(٢٠٠١: ١٥٩٧– ١٥٩٩) بە ئاشکرا جیاوازیی نێوان بەوشە بوون و بە پێکهاتەیی بوون ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ چەمکی پێکهاتەی وشە هیچکات بەتەواوی لەرووی واتای پێکهێنەکانییەوە پێشبینی ناکرێ" و بە ئایدۆم بوون هەر لەسەرەتاوە ئامادەیە و نابیتە هۆی بە وشەبوون. بە باوەڕی هەندێ لێکۆڵەری تری وەك بائێر(Bauer, 1983:45)بە پێکهاتەیی بوون قۆناغێکی پێش بە وشە بوونە. واتە ڕەوتی بەرەو بەوشە بوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پێکهاتنێکی هەنووکەیی > بەپێکهاتەیی بوون > بەوشە بوون

کەسانی تری وەك کویرك وهاوڕێکانی (Quirk et al, (1985:1525ff) وەك بایێر ئەم سێ قۆناغە پێشنیار دەکەن کە بەمجۆرەیە: لەسەرەتا دا شتێك/چالاکییەك/چۆنێتییەك نەناسراوە، دوایە لە هێندێ باس و مشتومڕدا وەك بیرۆکەیەك دەناسێنرێ و لە ئەنجامدا وەك یەکەیەکی زیندوو پەسند دەکرێ. وەك هەموو ئەو زاراوانەی لە ڕێگای داتاشین، لێکدان و هەڵپاچین وتێکەڵکردنەوە دروست دەکرێن. نموونەیەك لەوانە بەکار هێنانی زاراوەی "کۆزمانەوانی"یە بۆ سۆسیولینگویستیکس.

## دیاردەکانی تری بە وشە بوون لە زمانی کوردیدا

- یەکەی وشەیی بە دەرکەوتەی گرێی بەند(لە کەلك کەوتوو/ لە خۆ بایی)،
- یەکەی وشەیی بە دەرکەوتەی گرێی ناوی(لێکدراوی خستنەسەر/ئیزافە)(سەرۆك کۆمار)،
- یەکەی وشەیی بەستنەوە بە دەرکەوتەی گرێی ناوی(بێ سەر وشوێن/ بێ ماڵ و حاڵ).

**٣. هاوپێچکردن(Incorporation):**

"پرۆسـەیەکە کـە تێیـدا ناوێك(کـە ئاسـایی بابـەتی کـارێکی تێپـەڕە) هاوپێچی کارەکـە دەبـێ تـا یەکەیـەکی بەوشـەبووی هـاوپێچ (کـە واتایـەکی دیـاری هەیـە) بەرهـەم بێنـێ" بـەو مەرجـەی کـارە بەرهەمهاتووەکە، واتایەکی لێکدراوی روونـی هـەبێ و یەکـە هاوپێچـە ناوییەکـەش هـیچ بەسـترانەوەیەکی ڕێزمانی یان دیارخەری نەبێ و کارەکەی لە رووی واتاییەوە نەگۆڕابێ(دبیر مقدم، ١٣٧٦). واتە "کردارێك هەمیشـە لێکـدراوێك دروسـت دەکـات لەگـەڵ بەرکارەکـەی خـۆی یـان دەرخـراوە ئەدڤێربلەکـەی ڕۆڵـە بنەڕەتییـە سینتاکسییەکەشـی دەهێڵێتەوە."(شـیلان عومـەر، ٢٠٠٩: ٢٤). دەرکەوتەکـەی یەکەیـەکی بەوشـەبووی کـارە بـە واتایـەکی تایبەتییـەوە کـە لەزمانـدا وەك وشـەیەك بـەدی دێـت و لەلایـەن زمـان بەکارهێنەوە بەکاردێ. بەمجۆرە، بەهاوپێچکردنی ناوی گرێی کاری تێپەڕ کە بـەرکاری کارەکەیـە لەگـەڵ کارەکە پێکەوە بەوشە دەبـن. ئـەم بەرکارانـە کـە لـە جـۆری بـەرکاری راسـتەوخۆی نەناسـراون دەکـرێ پرۆسەی بە وشەبوون(لێکدان) لەگەڵ کارەکەدا بەسەریاندا بێت. نموونەیەکی ئەمجۆرەی بەوشەبوون:

- ڕۆژی پێنجشەمە دەچین بۆ شیرنی خواردن (لە کاتی نیشانە کردنی بووکدا).
- بۆچی کاکە برایم خوازبێنی کچێکی دیکەی کردووەو بۆ ئێمەیان بانگ نەکردە شەکراو خواردنـەوە و داوەت؟

ئەمەجیایە لە کـاری لێکـدراو، چـونکە کـاری لێکـدراو کـەرتی کارەکـەی لـە واتـای بنـەڕەتیی خۆیـدا نایە(سوێند خواردن). "لێرەدا کەرتە ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی نەزێ، دەبنە کـەرتی مۆرفۆلـۆژی. ئـەم کەرتانە لە زۆر رووی واتاییەوە شیاوی پێشبینی کردن نین."

٤. **پۆلگۆڕین:** "پۆلگۆڕین گۆڕانێکی ئەرکییە لـە پۆلێکـەوە بـۆ پـۆلێکی دیکـە"( bauer, 1983: 226- 230). پۆلەکانی وشە لە ڕێزماندا ئاسایی بە پێـی تایبەتمەندییـە واتـایی، وشەسـازیی، و ڕێزمانییـەکانیان پێناسە دەکرێن و وا چاوەڕوان دەکرێ کە هەر وشەیەك بە پێی پۆلەکەی خۆی، رەفتاری ڕێزمانیی دیاری هەبێ بەپێی ئامادە بوونی لە ئەرکی ڕێزمانی یان واتایی تایبـەت بـە پۆلەکـەی خـۆی. بـەڵام هەنـدێ جـار هەڵدەکەوێ کە وشەیەکی سەر بە پۆلێك، لە ئەرکێکی سینتاکسیدا کە سەر بەر پۆلێکی دیکەیە دەرکەوێ، بۆ نموونە وشەیەکی کە سەربە پـۆلی ئاوەڵنـاوە لـە شـوێنی وشـەیەك دەردەکـەوێ کـە تایبـەت بـە پـۆلی ئاوەڵکارە. ئەم حاڵەتانە نموونەیەکە لە پۆلگۆڕین.

- هەژار جوان دەخوێنێ)(گۆڕینی ئاوەڵناو بە ئاوەڵکار)
- ئەنگوستیلەی زێڕ(ناو بە ئاوەڵناو)
- دەبێ ڕێز بۆ گەورەکان دابنرێ(ئاوەڵناو بە ناو)

**٥. دابەشکردنەوە(reanalysis) لە وشەسازیدا**

**زمانناسان دابەشکردنەوە وەك میکانیزمێکی گرنگی گۆڕانی زمان دادەنێن. دابەشکردنەوە دەتوانـێ ببێتە هۆی گۆڕانی زمان لە رووی وشەسازییەوە. لە هێندێ لە گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکاندا قسەکەران ڕۆنانی مێژوویی و سەرەتایی وشەکان رەچاو ناکەن و ڕۆنانی دووەم و بە تەواوی جیـاواز یـان لێپێکـدێنن. ئـەم**

**دابەشـکردنەوەیە، زیـاتر لەبـەر نائاگـایی، کـەم خوێنـدەواریی یـان وردنەبوونـە. وەك (بەرهـەمهێن/ بەرهەمهێنەر).**

نموونەیەکی دیکەی دابەشکردنەوە لەگەردانی خستنی گیرەکەکانی گەردانکردنە کە تێیدا پێکهاتـەی سەرەتایی وشەکە پاش ماوەیەك لەبیر دەکرێ ، وەك وشەی "**یەزدان**" کە لە راستیدا "**ئیزەدان**"، فۆرمی کۆی "ئیزەد" بە واتای خودایان بووە و پێکهاتەی ئێستای وشەکە تـەماوی بـووە و لـەفۆرمی وشـەیەکی سـادەدا بـەکار دێـت. ئـەم حاڵەتـە لـە دروسـتکردنی نـاوی تایبـەت لـە زمـانی کوردیـدا زیـاتر دەبینرێ"پیران"سێئاشان"، "خدران"(ناوی گوند).

## ئەنجام:

١. پرۆسە ئاساییەکانی پێکهاتنی وشە لێکسیمی نـوێ لـە زمانـدا دروسـت دەکـەن، وەك نموونـەکانی "بە وشە بوون"، رەفتار دەکەن. لە رووی مێژووییەوە لێکدراو و دارێژراوەکان بەرچاوترین حاڵەتەکانی بە وشە بوونن، چونکە ئەوانـە لـە پرۆسـەکانی توانـەوە دەگلـێن کـە خزمـەت بـە پاکردنـەوە و سـڕینەوەی سنوری نێوان مۆرفیمە بەندەکان دەکـەن و دەبنـە هـۆی بـەدیهاتنی لێکسـیمە یەکپارچـەکان لـە درێـژایی زەمەندا.(هەڵواسین، هەڵپەساردن).

٢. پۆلگۆڕینـەکان وەك نموونـەکانی بـە وشـە بـوون دەزانـرێن، هەرچـەند دەبنـە هـۆی بـەدیهاتنی سنوورەکان. لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی، پۆلگۆڕین لە پۆلی کەمەوە بۆ زۆر(ئەرکی بـۆ فەرهـەنگی)، زیـاتر وەك بەوشە بوون رەفتار دەکات لەو رووەوە ئەوەش پێوەندیی بە گۆڕانە لە یەکەی فەرهەنگی کەمەوە بۆ زۆر.

٣.بەوشە بـوون و بـە رێزمـانی بـوون لەبەرانبـەر یەکـدان و هەربۆیـە بەوشـە بـوون لەگـەڵ رێزمـانی سڕینەوەدا پێناسە دەکرێ. بەڵام لەگەڵ رێزمانی بووندا وەك تەواو کەری یەکتر دێن.

٤. بێجگە لە پرۆسەئاساییەکانی پێکهاتنی وشە، بە وشەبوون چەند لایەنێکی تریشی هەیە کە لەوانە: بە ئیدیۆم بوون، بەپێکهاتەیی بوون، هاوپێچکردن، پۆلگۆڕین و دابەشکردن.

## سەرچاوەکان:


- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٧)، "وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا": بەغدا" چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.
- شیلان عومەر حسەین(٢٠٠٩)، "ئیدیۆم چەشن و پێکهـاتنی لـە زمـانی کوردیـدا"، سـلێمانی: مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، چاپخانەی رەنج.
- محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١٠)، "لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان"، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشـناو، شێروان میرزا قادر، هەولێر:دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- مەسعود محەمەد(١٩٨٨)، "زاراوەسازیی پێوانە"، بەغدا: چاپخانەی سومەر.
- نەسرین محەمەد فەخری(١٩٧٦)، "هەندێ زاراوە و ئیدیۆمی کوردی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە رووی زمانـەوە "، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە ١٩، بەغدا:دارالجاحظ.
- Bauer, Laurie (1983). English word-formation. Cambridge: Cambridge University Press.
- Laurel. J. Brinton and Elizabeth C. Traugott (2005). Lexicalization and Language Change Cambridge: Cambridge University Press.

- Lehman, Christian (1995). Thoughts on grammaticalization. Munich Newcastle: Lincom Europa.
- Hopper, P.J. & E.C. Traugott (2003). Grammaticalization. Cambridge: Cambridge Universty Press.
- Anttila, Raimo. 1989 [1972]. Historical and Comparative Linguistics. (Current Issues in Linguistic Theory, 6.) Amsterdam and Philadelphia: John Benjamins, 2nd edn.
- Campbell, Lyle (2001). What's wrong with grammaticalization? Language Sciences 23, 113–161.
- Leonhard Lipka (1992). An outline of English lexicology : lexical structure, word semantics, and word-formation /. - 2. ed. - Tübingen : Niemeyer.
- Quirk, Randolph, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech, and Jan Svartvik. 1985. A Comprehensive Grammar of the English Language. London and New York: Longman.

## ملخص البحث

البحث معنون ب (عملية المعجمية في اللغة الكوردية)، وعلى الرغم من أن المعجمية ظاهرة ثانوية و منتشرة في معجم المفردات التجريدية في كل اللغات، لكنها لم يُعنى بها في تشكيل المفردة الكوردية، وقد بُحِث تشكيل المفردة و المجاميع المفردية في طبيعتها الصرفية و في ضوء القوانين اللغوية البنائية من غير ربطها بالقواعد النحوية و القواعدية.

يهدف هذا البحث إلى إبراز دور المعجمية في تغيِراللغة متضامناً مع عملية اللاقواعدية و عملية القواعدية، و يتعلق ميدان هذا البحث بمستوى المفردات و الدلالة و القواعد. و يتألف البحث من محورين إلى جانب المقدمة و النتائج، المحور الأول يتناول موضوع المعجمية و توطئة حول المعجمية و البحوث ذات العلاقة بهذا الموضوع، و مفهوم عملية المعجمية و كيفية التعبير عنها، وفي المحور الثاني حُلِل بعض جوانب المعجمية في اللغة الكوردية مثل (الاصطلاحية و إيعادة التحليل و الإلحاق المتبادلية).

## Abstract

The paper is concerned with the process of lexicalization in the Kurdish language. Although this is a secondary phenomenon in the mental lexicon in all languages, it has not been adequately researched in the Kurdish language. The structure of the lexeme and the lexical groups were studied in the light of the structural rules of language, i.e. without linking them to the grammatical and grammaticalization rules.

The paper aims at exploring the role of lexicalization and degrammaticalization in language change in opposition to the role of grammaticalization. This is related to the lexical, syntactic, and semantic levels of language.

The paper consists of an introduction, two sections, and conclusions. The first section deals with the process of lexicalization and the works done in this area. The second section is an analysis of some aspects of lexicalization, namely "idiomatization", "reanalysis", "incorporation", and "conversion" , in the Kurdish language.

# زمان و
# تەكنۆلۆژیای زانیاری

**د. دارا حمید محمد**

زانكۆی گەرمیان

فاكەڵتی پەروەردە – بەشی زمانی كوردی

**سەرەتا :**

زمان و تـەكنۆلۆژیا دوو پێویستیی گرنگی ژیانی مرۆڤن، یەكـەمیان واتـە زمـان هۆكـاری سـەرەكی بونیادنانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و میكانیزمی سەرەكی لێكگەیشتن و پەیوەندیكردنی تاكەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دووەمیان واتە تـەكنۆلۆژیا لـە هـەموو چـاخ و سـەردەمێكدا هاوتـا و پـارێزەری هاوسـەنگی ژیانی مرۆڤ بووە، بێگومـان بـە ڕەچـاوكردنی جیـاوازی تـەكنۆلۆژیا بـەپێی جیـاوازی و تایبەتمەندییـەكانی قۆناغەجیاوازەكانی ژیانی مرۆڤ. واتە مرۆڤ لەوەتەی هەیە وەك چۆن ناتوانێ دەست بەرداری زمان ببێت، ئاواش هەرگیز ناتوانێ، دەستبەرداری تەكنۆلۆژیا و داهێنان ببێت، ئیتر ئەو تەكنۆلۆژیایە چ لە شێوەیەكی هەرەسادەدابووبێت، یان لە لوتكەی تەكنۆلۆژیای ژمارەییدا بێت، كە لەم سـەردەمەدا مـرۆ بـۆ ڕاییكردنـی ژیانی ڕۆژانەی سوودیان لێوەردەگرێت، و بەكاریان دەهێنێت.

لەم سەردەمەدا و لەژیانی ئەمڕۆی مرۆڤدا تەكنۆلۆژیا هەموو بوارەكـانی ژیـانی تـەنیوە، و مـرۆڤ زۆر چالاكانە توانیویەتی، ئەو زانستانە بـۆ گەشـەپێدانی ژیـانی خـۆی و بونیاتنـانی شارسـتانی بـەكاربهێنێت، یەكێك لەو بوارانەی كە زانست و تەكنۆلۆژیا خزمەتیان تێداكردووە، زمانە. كە ناوەرۆكی ئەم لێكۆڵنەوەیە هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان زمان و تەكنۆلۆژیا لەخۆ دەگرێت. لێكۆڵینەوەكەش بەناونیشـانی (زمـان و تەكنۆلۆژیای زانیاری)یەوەیە. كە بەبۆچوونی ئێمە پێویستییەكی دیـاری زمانناسـی كوردییـە چـونكە لـەم لایەنەوە واتە پەیوەندی نێوان زمان و تەكنۆلۆژیا ئەوا زمانناسی هیچ هەنگاوێكی ئەوتۆی نەناوە، كە ئەمە گرفتێكە لەزمانناسی كوردیـدا و ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵێكـە بۆخسـتەڕووی ئـەو بابەتـە گرنگـە، ئـومێش دەكەین كە كەلێنێك لەزمانناسی كوردیدا بگرێت.

هەرچـەندە لێكۆڵینەوەكـە بـەڕێبازی پەسـنی شیكەرەوەیی ئەنجامـدراوە بـەلاّم لەبـەر پێویسـتی ڕێبـازی مێـژوویش بـەكار هێنـراوە. بـە مەبەسـتی لێكدانـەوەی كاریگـەری تـەكنۆلۆژیا لەسـەر زمـان لێكۆڵینەوەكـە دابەشـكراوە بەسـەر ئـەم پێشـەكییە كورتـە، و دووبـەش و لەكۆتایشـدا ئەنجامـەكان خراونەتەڕوو. بەم شێوەیە:

لە بەشی یەكەمدا: بەكورتی باس لە بەراییەكانی تـەكنۆلۆژیا و ڕۆڵیـان لـە خزمـەتكردنی زمانـدا خراوەتـەڕوو، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـێ قۆنـاغی گرنگـی مێـژووی شارسـتانییەتی مرۆڤمـان دەستنیشـان كردووە، كە ئەوانیش بریتین لە:

ا- قۆناغی داهێنانی نووسین.

ب- قۆناغی داهێنانی ئامێری چاپ.

ت- قۆناغی پەیدابوونی ڕۆژنامە و بلاۆکراوە.

لە بەشی دووەمدا : هەوڵدراوە قۆناغی دووەمی تەکنۆلۆژیای زانیاری کە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات تا تازەترین هۆکارەکانی زانیاری لە net.، facebook،tweeter..تد و کاریگەرییان لەسەر زمان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە کۆتایشدا ئاماژە بە هەموو ئەو ژێدەرانەکراوە، کە سوودیان لێوەرگیراوە. و کورتەیەکی باسەکە بەهەردوو زمانی عارەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم :

## زمان و تەکنۆلۆژیای بەرایی

### ١- زمان و نووسین:

هەنگاوێکی هەرە گرنگ لە مێژووی شارستانییەتی میللەتاندا دۆزینەوە و داهێنانی نووسین بوو، ئەو زانستەی کە نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ پ. ز. داهێنراوە (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦)، و قۆناغی گەشە و گۆڕانی زۆری بڕیوە، دواتر لەناو زۆرینەی هەرە زۆری میللەتاندا بلاۆبووەتەوە، و بەکاردەهێنرێت. ئەو دۆزینەوەیە هۆکارێك بوو بۆ پاراستنی بەشێکی زۆری ئەدەب و کولتور و مێژو و شارستانییەتی زۆرێك لە میللەتان،( داهێنانی نووسین هەنگاوێك بوو بۆ گواستنەوەی بیر و هزر و ئەزموون و تۆمارکردنی ڕوودا و دەسکەوت و پاراستنی زمان.(محمد زەهاوی ٢٠٠٦ : ٧ ). هەروەها هەنگاوێکی باشی خزمەتکردنی زمانانی جیهان بوو. چونکە نووسین دیوی دووەمی ئاخاوتنە، و بەهۆی نووسینەوە ئاخاوتن گوێزراوەتەوە بۆ شوێنە دوور دەستەکانی ولاَتان. نووسین هەر وەك ئاخاوتن هۆکارێکە بۆ لەیەك گەیشتن و گواستنەوەی بیر لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، لێرەوە بەهای نووسین هاوتا دەبێت لەگەڵ بەهای خودی زماندا. چونکە میکانیزمی بەجێهێنانی زمان بۆ ئەرکەکانی نووسینە، و بەبێ نوسین مەحاڵە زمان بتوانێت، وەك پێویست ئەرکەکانی خۆی بەجی بهێنێت. هەروەها بەبێ نووسین هەرگیز ناکرێ، زمان گەشەبکات، ئاشکرایشە کە لێرەدا مەبەست لە زمانی نووسینە، بۆ نموونە مەرجی نووسینێکی بالاَ و ئەدەبیاتێکی بالاَ بوونی زمانێکی بالاَیە، ئەمەش بەڵگەی بوونی پەیوەندییەکی پتەوی نێوان زمان و نووسینە.

میللەتان زۆر لەمێژە گرنگییان بە نووسین داوە، و وەك ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی زمانەکانیان بەکاریان هێناوە، چونکە ڕێنووس دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە (مەسعود محمد، ١٩٨٢ : ٢٦٩)، لەوانە: هیندییە کۆنەکان بایەخێکی زۆریان بە نووسینی دروستی کتێبی ڤیدا دەدا چونکە :

١- مەبەستیان لە ڕێنووسی دروست خزمەتکردن بوو بە زمانی سانسکریتی.

٢- نووسینی دروست واتە خوێندنەوە و واتای دروست

مەبەستی زمانناسی لە سەرەتادا لای گریکیەکان واتای هونەری نوسینی دەگەیاند، چونکە بەلای فەیلەسووفە گریکیەکانەوە زمانەوانی بەر لەهەر شتێك گرنگیدانە بە هونەری نووسین.



تابلۆیەك لەنووسینی مێخی (سۆمەرییەکان)



نووسینی هیرۆگلۆفی سەردەمی(گریك و ڕۆمان)

عەرەبەکانیش بە مەبەستی پاراستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و گەشە پێدانی زمانی عەرەبی گرنگییەکی زۆریان بە دروستی نووسینەوەی قورئان داوە، هەروەها بۆ ئەوەی خوێندنەوە و واتایەکی دروست بگەیەنێت. **(سلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠ : ٢٦٣ ).**

پەیوەندی نێوان زمان و نووسین تەنها لە سنووری ڕێنووسێکی دروستی زماندا نەوەستا، بەڵکو بەتەوی پەیوەندییەکە گەیشتە ئەو ئاستە، کە زمانێکی تایبەت بە نووسین دابهێنرێت، و پێی بوترێت، زمانی نووسین. واتە پەیدابوونی زمان لەناو زماندا(**ئازاد ئەحمەد ٢٠٠٩ : ١١** ). ئەو زمانە خاوەنی تایبەتمەندی و خەصڵەتی خۆیەتی، و جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن، و تایبەتە بە ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیران و دامودەزگا فەرمییەکان، بەپێی بۆچوونی سۆسێر پێویستە زمانی نووسین کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بێت (**سوسور ١٩٨٨ : ٣٣**)، چونکە یاسا سینتاکسییەکان بەتەواوەتی لە زمانی نووسیندا بەرجەستە دەبێت. نووسین کە زیاتر لە دەق فەراهەمبوندا پەیدا دەبێت ، پێویستی بە خوێندنەوەی دروست هەیە، چونکە خوێندنەوەکان شیکارکردنی دەق لای تاکەکان دەخولقێنن (**ڕووخۆش محمد،٢٠٠٨ : ٢٤٣**).

نووسین بەگەلێ شێواز خزمەت بە زمان دەکات. لەوانە :

أ- پابەندبوون بە یاسا زمانییەکانەوە(فۆنەتیکی،مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی )

ب- دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زار.

ت- گەشەکردن و پاراستنی زمان لە لەناوچوون.

## ٢- زمان و چاپ و ئامێری چاپ :

چاپکردن مێژوویەکی کۆنی هەیە، و لە وڵاتانی ئاسیاوە دەست پێدەکات، بەتایبەتی لە وڵاتانی چین و ژاپۆن و کۆریا، کاتێك کە ئەو وڵاتانە لەسەر قوڕ یان تاشەبەرد یان تەختەدار یان هەر شتێکی تری ڕوو تەخت وێنە و نووسینیان کۆپی دەکرد (Grafic)، بەڵام لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی ڕۆژئاوایی و هەستکردنی میللەتان بە پێویستی نووسینی کتێب و بەرهەمە ئەدەبی و زانستییەکانیان


ئامێرێکی چاپی سەرەتایی

بەشێوەیەك كە بپارێزرێ، و بگاتە دەستی زۆرترین خەڵك، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی سێزدەهەمەوە كە ئاستی خوێندنەوە زۆربوو، خوێندەوارانی ناوەندەكانی خوێندن ڕوو لە زیادبوون بوون، بیر لە داهێنانی ئامێری چاپكردن كرایەوە، و توانرا، ئامێری چاپ دروست بكرێت، بەڵام گرفتی سەرەتایی ئامێرەكە و خاوی چاپكردنی لەئارادابوو، تا سەدەی پازدەهەم كە توانرا ئەو گرفتانەش چارەسەر بكرێت.

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی پازدەیەمدا زانایەكی جێرمانی بەناوی( یۆهان گۆتنبێرگ) (Yohan Gotnberg)ئامێری چاپی پێشكەوتووی دروستكرد، كە توانای بەچاپگەیاندنی كتێب و ڕۆژنامەی لەسەر ڕووپەڕی ملیۆنەها پەڕەكاغەز هەبوو، ئەمە سەرەتای هەنگاوێكی زۆر گرنگی مێژووی چاپ و چاپەمەنی بوو، كە خزمەتێكی زۆری بە زمانانی جیهان كرد، و ئینجا هۆكاری پاراستنی مێژوو كەلتوور و ئەدەبیاتی میللەتان و دواتریش پەیوەندیكردن و شارازابوونی میللەتان بوو لە شارستانییەت و مێژوو و كەلتوور و ئەدەب و زانست و زمانی یەكتر.

پەیدابوونی چاپ هۆكارێكی سەرەكی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاربوو، دیارە ڕۆڵی ئەو بڵاوكراوانەش لە گەشەكردنی زماندا ڕوون و ئاشكرایە. وەك لە پاری سێیەمی ئەم بەشەدا زیاتر ڕوونی دەكەینەوە.

## زمان و بڵاوكراوە :

لەدوای بڵاوبوونەوەی چاپ دەرفەتی باش ڕەخسا بۆ بڵاوكردنەوەی كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، ئەم دۆخە جگە لە هۆشیاركردنەوە و ڕۆشنبیركردنی خەڵك بەگشتی، و سوودمەندبوونی توێژی ئەدیب و نووسەر و شاعیران بەتایبەتی، زمانانیش بەهاتنە ناوەوەی ئەم دۆخە گەشەكردنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، گەلێ لەزمانە ئەوروپاییەكان كە تا ئەو سەردەمە وەك زارێكی زمانی لاتینی سەیردەكران (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥ : ١٧ )، لەئەنجامی بەكارهێنانیان بۆ نووسین و بڵاوكردنەوەی ئەو نووسینانە و گەیشتنی بەدەستی خەڵك، دەركەوت، كە ئەو زمانانە هیچیان لە زمانی لاتینی كەمتر نییە، وەك زمانانی ئینگلیسی و فەرەنساوی..تد. ناساندنی ئەو زمانانە و بڵاوبوونەوەیان و گەشەكردنیان لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەردەمی بڵاوبوونەوەی چاپ، و ئینجا كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، كە لە كۆتایی سەدەی پازدەهەم و سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا بڵاوبووەوە.

دەكرێ، زمانی كوردی بە نموونەی هەرە زیندووی سەلماندنی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە گەشەپێدانی زماندا بهێنینەوە، كاتێك كە بڕوانینە زمانی نووسینی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی كەبەناوی (كوردستان)ەوەیە و لەساڵی ١٨٩٨ دەرچووە، دەبینین زمان و ڕێنووسێكی كوردی تێكەڵە **(حسین**

**محمـد عزیـز ٢٠٠٥ : ٤١٦** )، هـەروەها ڕۆژنامــە و گۆڤارەکـانی دوای ئـەویش وە ك( کـوردی١٩٠٧،ڕۆژی کورد١٩١٣،بانگی کوردستان ١٩٢٢ .....تد(**مارف خەزنەدار، ٢٠٠١ : ١١٤**) دەبینین هەمان شێوازن، بـەڵام لە ئەنجامی بەردەوام بوونی بڵاوکردنەوە و هاتنە ناوەوەی نووسەر و شـاعیری زۆری وەك :(گـۆران، شـێخ نووری، پیرەمێرد..تد) کە خاوەنی ئەزموونی زۆر و شارزای زمان و کەلتوور و ڕۆشنبیری میللـەتانیتربوون ، ئینجا ئەو ڕۆشنبیرییەیان لە زمانی کوردیدا بەکارهێنا و بڵاویـان دەکـردەوە، دەبیـنین، لـەماوەی چـەند دەیەیەکدا زمانی نووسینی کوردی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، تا گەیشتە ئـەو ئاسـتەی کـە ئێستا دەیبینین.







**یەکەم ڕۆژنامەی کوردی**

ئەوەی زیاتر مەبەستمانە بەکورتی بیخەینەبەرچاو کتێبخانە و ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانـە ( Electronic Library، کە لە زۆرێك لەوڵاتاندا بەکاردەهێنرێت، دەبینین بـە هـەزاران کتێـب لـە چـەند سـاتێکی کەمـدا دەخرێتە بەردەستی خوێنەر، یان بـە (CD) بڵاودەکرێتـەوە، و بـەنرخێکی زۆر هـەرزان و گونجـاو دەسـت دەکەوێت. ئەم تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەی بواری کتێب و بڵاوکراوە لەگەڵێ لایەنەوە سوودی هەیە لەوانە:

أ- ئابووریکردنە لەکاتی گەڕان بەکتێبخانەکاندا.
ب- ئابووریکردنە لەڕووی داراییەوە.
ت- ئابووریکردنە لەڕووی شوێنەوە.
پ- کار ئاسانیکردنە لە بەدەست هێنانی سەرچاوەی پێویست و مەبەستدا.
ج- ئاسـانکاریکردن لــە گواســتنەوەی زانیــاری و تەنانــەت سەرچــاوەکاندا لــەنێوان هــاوڕێ و هاوپیشەکاندا، چ لەناو یەك وڵاتدا بێت، یان لەنێوان چەند وڵاتێکدا.



ئامێرێکی چاپی سەرەتایی

**نموونەی کتێبخانەی ئەلکترۆنی پێشکەوتوو**

سەرباری ئەو سوودانەی کتێبخانەی ئەلکترۆنی لەڕووی زمانەوانییەوە سوودێکی زۆری دەبێت. بۆنموونە پێداچوونەو و چاککردنی هەڵەکان و تێبینی تۆمارکردن و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار نووسەر یان دەزگای چاپ لەو کەموکوڕی و تێبینییانە. ئاسانکاریکردنە لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و کتێبی زمانەوانی و پاراستنیان لەلەناوچوون یان دەست نەکەوتن، کە بۆنموونە ئەمەیان یەکێکە لە گرفتەکانی خوێنەر و خوێندکاری زمانی کوردی، لەهەر ئاستێکدا بێت.

# بەشی دووەم

## زمان و تەکنۆلۆژیای زانیاری پێشکەوتوو

### ١- گرنگی تەکنۆلۆژیای زانیاری :

مەبەست لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو ( Computar .Net. Facebook، twitter..تد) یە، بەپێی هەندێ لەبۆچوونەکان ئەمڕۆ لەسایەی ئەو تەکنۆلۆژیانەدا جیهان دێیەکی بچووکە، و تەکنۆلۆژیا حکومڕانی دەکات. کاریگەری زۆر بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لەسەر زمانان ڕەنگی داوەتەوە (**دیڤید کریستال ٢٠١٠ : ١٥**). زمانی ئینگلیزیش زمانی سەرەکی ئەو تەکنۆلۆژیایەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو زۆر لە میللەتاندا شان بەشانی زمانی ئینگلیزی تاکەکانی ئەو میللەتانە زمانی نەتەوەیی خۆشیان بەکاردەهێنن ، بەڵام لەزۆر لەمیللەتاندا شوێنی بەزمانی نەتەوەیی لەق کردووە. ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر زمان، ئەم ڕاستییە پێویستی بەڕێگەچارەی زانستی هەیە، کە خۆی لەسیاسەتی زماندا دەبینێتەوە. پێش ئەوەی ئەو باسە ڕوون بکەینەوە، بە پێویستی دەزانین، باسی هەندێ لایەنی گرنگی تەکنۆلۆژیای زنیاری بکەین، ئینجا کاریگەری ئەرێیی و نەرێیی (pozativ. negative)ی ئەو زانستە لە زماندا بخەینە ڕوو.

١- یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری ڕەخساندنی دەرفەتی پەیوەندیکردنی تاکە بە جیهانی دەرەوەوە، و بەئاگابوونە، لە بوارە جیاجیاکانی ژیان بەگشتی، و ئەو بوارانەی کە تاك مەبەستێتی بەتایبەتی.

٢- بە ئاگابوون لە تازەترین زانیاری و هەواڵ و ڕووداوەکان لەجیهاندا، ئەمەش بە دەنگ و ڕەنگ، واتە بە دیکۆمینتی.

٣- لە بواری خوێندن و فێرکردندا تەکنۆلۆژیای زانیاری گەلێ سوودی هەیە. لەوانە :

أ- گەیاندنی تازەترین زانیاری و پێشکەوتنە زانستییەکان بە مامۆستا و خوێندکاران، بەمەش دەکرێ ، لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا تازەترین زانست و داهێنانە زانستییەکان بگەیەنرێت، و سوودیان لێوەربگیرێت، بۆ گەشەپێدانی زانست و زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران.

ب- ڕەخساندنی دەرفەتی گەشەپێدانی توانای مامۆستایان، لەڕێی بەئاگابوونیان لە کۆنفرانسە زانستییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و زۆرجاریش بوونی هەلی بەشداریکردنی مامۆستایان لەو جۆرە کۆنفرانسانەدا کە بێگومان ڕەنگدانەوەی لەناو ناوەندەکانی خوێندن و خوێندکاراندا دەبێت.

ت- گۆڕانکاری لە کەش و هەوای خوێندندا وەك : دەستەبەرکردنی فەزایەکی کراوە، و ئازاد و دوور لە دانیشتنی فەرمی ناو پۆل و نێوان چوار دیوار.

پ- ڕەخساندنی هەلی خوێندن بەسیستمی (فێربوون لەدوورەوە)، کە ئەمەش لەڕێ تۆڕێکی پەیوەندی نێوان زانکۆ و پەیمانگاکانەوە دەبێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا(**عمار يوسف** megaupload.com)، هەروەها هەلی باش بۆ ئەو کەسانە دەڕەخسێنێت، کە ئارەزووی خوێندیان هەیە لەدەرەوە، و لەبەر هەر هۆکارێك بێت ناگەنە ئەو شوێنانە.

ئەمە و دەیان لایەنی تری چاکی ئەو تەکنۆلۆژیایانە کە دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت، بۆ گەشەپێدانی توانای مرۆیی و پێشخستنی شارستانییەت. ئەوەوەی مەبەستی ئێمە بێت زیاتر کاریگەری بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیارییە لەسەر زمان.

**٢- زمان و تەکنۆلۆژیای سەردەم :**

**١- زمان و کۆمپیوتەر :**

میللەتان هەر زوو هەستیان بەگرنگی تەکنۆلۆژیای زانیاریکردووە، لەبواری گەشەپێدانی توانای مرۆییدا، بەتایبەتی لەم سەردەمی بەجیهانکردنەدا، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کۆنفرانسی نێودەولّتی و کۆڕو کۆبوونەوەکان لەوبارەیەوە بەردەوامن، بەلاّم ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە، کە تەنها کۆڕو کۆبوونەوەکان بۆ چۆنییەتی کارکردن لەو بوارەدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە میللەتان زەمینەی لەبار بڕەخسێنن، بۆ چۆنییەتی سوودوەرگرتن لەو زانستە لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەگشتی و بواری زمان و زانەوانی بەتایبەتی(**علی قاسم** Youtube.com)، کە ئەمەیان زیاتر مەبەستی توێژینەوەکەمانە.

ا- ئاشکرایە، کە ئەمڕۆ گەشەپێدانی مرۆیی تەنها وابەستە نییە، بە هەبوونی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی یان کۆمەڵگایەکی پیشەسازیەوە، بەڵکو گەشەپێدانی مرۆیی بەپلەی یەك وابەستەیە بە کۆمەڵگای مەعریفییەوە، کە ئەمەش لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان و گواستنەوەی لەنێوان کۆمەڵەکاندا دەبێت، هەروەها لەڕێی ڕاهێنان و فێرکردنەوە توانای مرۆیی گەشەدەکات، دیارە ئەمانەش تەنها لەڕێ زمانەوە ئەنجام دەدرێن و پێویستییان بە زمان دەبێت بۆ گەیاندنیان، لێرەدا چەند زمانەکە یەکگرتوو بێت ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت، لەبەرئەوە پێویستی فێربوونی ئەو بوارانە بە مەبەستی گەشەپێدانی توانای مرۆیی لەبەکارهێنانی زمانیی نەتەوەیی یەکگرتوودا پتەوتر دەبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە دەگەیەنێت، کە پێویستە هەر میللەتە و زمانی نەتەوەیی خۆی بەکاربهێنێت لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵك لێی سوودمەند ببن، و ڕۆڵی کاراتری لە گەشەپێدانی مرۆییدا هەبێت، نەك زمانی بێگانە کە پێدەچێت توێژێکی کەم و دیاری کۆمەڵگا بەکاری بهێنن.

ب- کۆمپیوتەر و وەرگێران : وەرگێران لەڕێی کۆمپیوتەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش لەڕێ ئەو زانیاریانەوە دەبێت، کە لەشێوەی بیرکاریدا دەبن، و لە یادگەی (memory) کۆمپیەتەرەکەدا هەڵدەگیرێت، وەرگێڕانی کۆمپیوتەری (پشت بەشێواز و یاساکانی ماتماتیك دەبەستێت و دێتاکانی زمان شیدەکاتەوە، و هەوڵدەدات،گوتنی دروستکراو Soeech synthesis بەهۆکاری ئەلیکترۆنی بەرهەم بهێنێت و بەڕێگایەکی تۆماتیکی گوتنی مرۆڤ بناسێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکات. (**یوسف شەریف ٢٠١١ :١٦**) ).

لەڕاستیدا وەرگێران لەڕێ کۆمپیوتەرەوە گەلێ گرفتی زمانەوانی دێنێتە ئاراوە، بەتایبەتی لە ئاستی سیمانتیك و پراگماتیکدا، دەکرێ بوترێ :

١- لەسیمانتیکدا لەبەرئەوەی واتاکان ڕوون و زانراون لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر سەرکەوتووتر دەبێت. بەڵام لەڕاستیدا لەو بوارەشدا گرفتی زمانیی دێتە ناوەوە، بەتایبەتی لە وشە هاوبێژ و فرەواتا و لێڵەکاندا (چونکە لە کردەی وەرگێڕاندا هەڵبژاردنی وشە هاوواتاکان و گونجاندنیان لە دەوروبەری زمانیی ئامانجدا کارێکی ئاسان نییە)(**پەروین عوسمان، ٢٠٠٩ : ١١٨** ) چ جای ئەو دەوروبەرە لەڕێی (net )نێتەوە بێت. ئەوەی ئاشکرایە کە ئەو ئامێرانە توانای بیرکردنەوەیان نییە، (**ماجدە توماس ٢٠٠٨ : ٢٢٧** ) بەڵکو لەڕێی ئەو دێتایانەوە ئەنجامەکان بەدەست دەگەیەنێت، کە لەمیمۆرییەکەیدا پارێزراون. ئەو زانیارییانەش بێگومان هەموو دێتاکانی زمان نییە، لێرەوە گرفت لەوەرگێڕاندا دروست دەبێت، بەڵام گەر توانرا، بەشێوەیەکی زانستیانە زانیارییە پێویستەکان سەبارەت بە وشە هاوبێژ و فرەواتاکان لە ڕووی مرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکەوە لە زەینی کۆمبیوتەرەکەدا بپارێزرێت، ئەوا دەکرێ، بەشێوەیەکی باش سوود لەو ئامێزە وەربگیرێت لە هونەری وەرگێڕانی سیمانتیکیدا.

٢- لە پراگماتیکدا : کێشەی گەورەی وەرگێران لەڕێی کۆمپیوتەرەوە لەواتای پراگماتیکیدایە، چونکە دەکرێ، واتای سیمانتیکی چارەسەری بۆ بکرێت، وەك پێشتر باسمانکرد، بەڵام واتای پراگماتیکی ئەوە زۆر ئەستەمە بە کۆمپیوتەر ئەنجام بدرێت. چونکە لەو حاڵەتەدا پێویستە تەواوی بەکارهێنانە جیاوازەکانی وتنەکانی زمان بەپێی دەوروبەکان لە زەینی کۆمپیەتەرەکەدا هەڵبگیرێت ( Crystal.D2003 463: )، کە ئەمەش کارێکی مەحاڵ دەبێت، لەکاتێکدا کە ئێمە دەزانین مرۆڤ توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێ کۆتای ڕستەی هەیە، و ئەو ڕستە و وتنانەش هەریەکە و دەوروبەری تایبەتی خۆی دەبێت بۆ گەیاندنی واتای پراگماتیکی. کە بێگومان لە توانای هیچ کەس و دەزگایەکدا نییە ئەو زانایاریانە لەزەینی کۆمپیوتەردا هەڵبگرێت. بەتایبەتیش کە واتای پراگماتیکی واتایەکی تایبەتی نێوان قسەکەر و گوێگرە، و لە لێکدانەوەیدا پشت بەزانیاری پێشینەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبەستێت (**محمد معروف فتاح، ٢٠١١ : ١٩٢**).

٣- وەرگێران بۆ چەند زمانێك : وەرگێڕان بۆ چەند زمانێك لەڕێی کۆمپیوتەرەوە چەند بنەمایەکی پێویستی هەیە. لەوانە بوونی گروپێك لە وەرگێر و زمانەوانان و تەنانەت ئەندازیارانیش، چونکە ئەم کارە چەندین چەمکی جیاواز کۆ دەکاتەوە، کە هەریەکە و تایبەتە بە زمانێك. ئینجا کۆکردنەوەی دێتای

پێویست و تایبەت بە هەر زمانێك، هەروەها بۆ وەرگێرانی ڕستەیەك پێویستە کۆمەڵێك فەرهەنگ فەراهەم بێت. شیکردنەوەیکی ورد و قووڵی سیمانتیکی ئەرگویمێنتەکانی ڕستەکە دەکرێت، بەپشت بەستن بە دێتاکان و دواتر ئەو ئەرگویمێنتانە لە کۆنتێکسەکەیدا شیدەکرێتەوە، و پێکهاتەیەکی سیمانتیکی لێ بەدەست دەهێنرێت. ئەمە کردەیەکی ئاڵۆزە، و دەکرێ بۆ لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی تاڕادەیەك لەبار و گونجاو بێت بەڵام بۆ لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی بێگومان نەشیاو دەبێت.(محمد الحناش، ١٩٩٦ : ٨٩).

**٣- زمان و جۆرەکانی نێت :**

ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ژیانی مۆرڤدا و تەنینی بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ لەلایەن ئەو تەکنۆلۆژیا سەردەمیانەوە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. شتێکی ئاسایی دەبێت، کە ئەم دەسەڵاتەی تەکنۆلۆژیا لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە هەموو لایەنەکانییەوە، دیوی چاك و خراپیشی ببێت. ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێت لەم باسەدا کاریگەری (نێت)ە لەسەر زمان.

دەکرێ ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای سەردەمیانەی ئەمڕۆ لەزماندا وەك قۆناغی تەواوکاری ڕێزمانی گشتی سەیربکرێت، ئەو ڕێزمانەی کە لە مێژە مرۆڤ هەوڵی بەدەست هێنانی داوە، و بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و کردنەوەی ئەوروپا بەڕووی زمانانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتدا بەتایبەتی، ئەم هەوڵە یەکێك بوو لە بنەماو مەبەستەکانی تیۆریی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی( Cook 1997 25:)، ئەوەی جێی سەرنج بێت هەموو ئەو هەوڵانە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوونە، لەبەدەستهێنانی ڕێزمانێکی یەکگرتوو، کە زۆرێك لە میللەتان بتوانن، بەکاری بهێنن، و بۆ لەیەکتر گەیشتن سوودی لێوەربگیرێت. ئینجا با بزانین، (net) چۆن دەتوانێت، ئەو ئامانجە دێرینەی مرۆڤ بەدەست بهێنێت؟ ئایا ڕەنگدانەوەی ئەو هەوڵانەی تەکنۆلۆژیا کە زۆرێکیان خۆڕسك و بەرهەم هێنی بەکارهێنەرانی ئەو تەکنۆلۆژیایەن لەزماندا چین؟ ئایا لایەنی چاك و خراپی ئەو زانستە لەسەر زمان چین؟ تا چەند ئەو تەکنۆلۆژیایە خزمەت بەزمان دەکات، و تاچەند زیانی بۆ زمانان هەیە؟

گومانی تێدا نییە، کە چۆن قۆناغەکانی پێشووی تەکنۆلۆژیا وەك (چاپ و گەیاندن....تد) کاریگەرییان لەسەر زمان هەبوو، بەهەمان شێوە ئەم قۆناغە پێشکەوتووەی تەکنۆلۆژیای زانیاری کاریگەری لەسەر زمانان بەگشتی و زمانی تاك بەتایبەتی بەجێدەهێڵێت. (کریستال ٢٠١٠ : ١٥ ) بەمشێوەیە :

١- تەکنۆلۆژیای زانیاری کارئاسانییەکی زۆر بۆ مرۆڤ دەکات، لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا، دیارە پەیوەندیکردنیش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی زمان، گەر ئامانجی هەرەسەرەکی نەبێت لەوانە : ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان بەبێ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی بۆنموونە هێماکاری، یان زمانی جەستە لە پەیوەندیکردندا. لەم ڕووەوە لەگەڵ تیۆری پاراستنی وزە و ئابوریکردن لە پەیوەنیکردندا یەکدەگرێتەوە (Economy) (دەروون عبدالرحمن،٢٠١٠ : ٧ ).

٢- سەبارەت بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری بیرۆکەی (گوندی جیهانی) لەئارادایە(کریستال ٢٠١٠ : ١٦ )، مەبەست لەو گوندە کۆکردنەوەی جیهانە لەڕووی پەیوەندیکردنەوە لەژێر چەتری تەکنۆلۆژیا و ئەو زانستەش تەنها هۆکاری پەیوەنیکردنی تاکەکانی ناو ئەو گوندە بێت، ئەمە بۆخۆی کۆمەڵێ کەموکوڕی هەیە، لەوانە :

أ- گوند پێگەیەکە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش تاکەکانی کۆدەکاتەوە. وەك: یەك زمانی یان شێوەزمانی و زار، خاك، مێژوو، داب و نەریت، کولتور...تد. کە بێگومان ئەمانە لەو گوندە جیهانییەدا بوونی نابێت

ب- ئەگەر گوندی جیهانی دروستیش بێت، پێویستە بپرسرێت، چ زمانێك یان شێوەزمانێك تێیدا بەکاردەهێنرێت، تا چەند ئەو زمانەی تێیدا بەکاردەهێنرێت بەکارهێنەرەکان وا لێدەکات، هەست بە ئینتیما بکەن بۆ ئەو شوێنە، یان خودی ئەو شوێنە کوێ دەبێت، تا بەکارهێنەرانی ئینتیمایان بۆ هەبێت؟ لێرەوە دەتوانین بڵێین بیرۆکەی گوندی جیهانی و یەکزمانی جیهانی دەبێتە ئەفسانە، و وەکو تەم دەڕەوێتەوە.

٣- ئاشکرایە کە زمان لەبەکارهێناندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری باری دەرونی و کۆمەلأیەتی و ئەو هەلۆیستەی قسەکەری تێدایە. بێگومان ئەم دەوروبەرە هەرگیز لە نێتدا بوونی نابێت، بەمەش زمانی بەکارهێنراو و جۆری پەیوەندی لەنێتدا بێگیانی دەوروبەر دەبێت، و لە ڕۆحی زمان کە دەوروبەرە دادەماڵرێت.

٤- ئەگەر نێت هەولێك بێت بۆ یەکخستنی زمان، لێرەدا ئەوە دێتە ئاراوە، کە جۆری زمان بەپێی بەکارهێنەران چۆن دەبێت؟ دیارە کە زمان بەپێی چین و توێژەکان دەگۆڕێت، زمانی ئەدیب و نووسەران، زمانی یاساناسان، زمانی پزیشکان....تد) ئایا دەکرێ، لەبۆتەی زمانی نێتدا هەموو ئەم زمان و شێوە زمانانە جێیان ببێتەوە.؟ چونکە هەرجۆرێ لەو جۆرانەی زمان تاڕادەیەك یاسا و ڕێسای خۆی هەیە لە ڕۆناندا، و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی خۆی هەیە، کە دروست بەکارنەهێنانی دەبێتە مایەی گرفت بۆ بەکارهێنەرەکانی.

٥- لەگرفتەکانی بەکارهێنانی یەك زمان کە وابەستەیە بەخودی زمانەوە :

أ- نووسینی ئەو زمانە بە چ ئەلف و بێیەك دەبێت؟ ئایا هەموو بەکارهێنەرانی نێت ئەو ئەلف و بێیە دەزانن ؟ جۆری نووسین و لاپەڕەکان و هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە وەك(ڕەنگ،وێنە...تد) چۆن دەبن؟ ڕێنووس و بابەتەکانی خاڵبەندی و...تد کە زۆر جار لەنێوان یەك زمان و لە دوو شوێنی جیاوازدا جیاواز دەبن چۆن دەنووسرێت؟ وەك زمانی ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی ئەمریکایی، بۆنموونە وشەی (colour – color ڕەنگ) هەروەها گرفتە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیەکان کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە دەنگییەکانی زمانان بەگشتی یان زمانێکی دیاریکراو دەخەنەڕوونەدا، لەوجۆرە زمانەدا چۆن دەبێت؟ .

ب- گرفتی وشە و وشەسازی یەکێکە لە کێشە گەورەکانی زمانی تەکنۆلۆژیا، چونکە وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانان تەنانەت لەناو زارەکانی یەك زمانیشدا و جیاکردنەوە و بەکارهێنانیان لەگەڵ وشەی تردا لە سیاقێکی دیاریکراودا بۆ بەکارهێنەری نێت گرفت دروست دەکات. وەك(ژن و ئافرەت –

چـوو، خەنجـەر(ز. لـوڕی) و ڕۆیشـت (ز. ناوەڕاسـت) یـەکێکیتر لـە گرفتـە دیارەکـانی ئاسـتی وشەسـازی کورتکردنەوە و گۆڕینی فۆرمی وشەکانە بۆ ژمارە، بۆ نموونە لەجێی وشەی for ژمـارە 4 بـەکاردەهێنرێت یـان لـەجێی to ژمـارە 2 دادەنرێـت (کریسـتال ٢٠١٠: ١٣٧ )کـە ئەمـە هـەموو یاسـا مۆرفۆلـۆژی و ڕێنووسییەکان دەشێوێنێت.

ت- گـرفتی سـینتاکس گرفتێکـی هـەرەدیاری بـواری بـەکارهێنانی تـەکنۆلۆژیای زانیاریـە، چـونکە بەکارهێنانی وشەکان بۆ ڕۆنانی ڕسـتە بـەپێی یاسـا سینتاکسییەکان دەبێـت، ئـەو یاسـایانە وەك پێشـتر ئاماژەمان بۆکرد، دەکەونە، ژێر کاریگەری بۆنمونە چین و توێژی بەکارهێنـەری زمانەکـە، وەك (مامۆسـتا، یاساناسان، کاسبکاران...تد).

پ- بەدەر لەهەموو ئەوانە گرنگی بەکارهێنانی زمان بەپێی دەوروبەر، کە کاریگەری تـەواوی لەسـەر واتا و مەبەستی وتنەکان هەیە، کە ئەمەیان لـە تـەکنۆلۆژیای زانیاریـدا زۆر بەکـەمی بـەکاردێت. وەك (لـە هەواڵەکاندا یان لەپەیوەندییە فەرمییەکاندا..تد). ئەوەی کە زۆر باو و بڵاو بێت لەبەکارهێنانـدا نووسـینە نەك ئاخاوتن، کە ئەمەیان پێچەوانەی ئەرکی زمانە.

ج- گرفتێکی تر لەگرفتە سەرەکیەکانی نێت دابڕاندنی تاکە لە کۆمەڵ، چونکە هۆکـارێکی سـەرەکی پێکەوە بەستنی تاکەکانی کۆمەڵ زمانە کاتێك کـە تاکـەکان ئـالودەی بـەکارهێنانی نێـت دەبـن لەکۆمـەڵ دادەبڕێن. بەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوازبـوون دەڕوات، جگەلەمـە بەکارهێنـەری نێـت زۆرجـار لـە خـودی ئـەو زانیارییانـەی کەبەدوایانـدا دەگـەڕێت دادەبڕێـت، چـونکە کاتێـك کـە زمـان بـەکاردەهێنرێت و بابـەتێکی دیـاریکراو دەنووسـرێت، و سـێرچ(serch) دەکرێـت، نێـت دەیـان ناونیشـانی پەیوەندیدار بەو وشانەوە کـە بەکارهێنەرەکـە نوسـیویەتی دەخاتـە پـێش چـاو، دەکرێ بابـەتی سـەرنج ڕاکێشی تیا بێت، و بەکارهێنەری نێت دادەبڕێ، لەبابەتە سەرەکییەکەی بۆ بابەتەسـەرنج ڕاکێشـەکە، کـە ئەمە لە کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوە و ئاخاوتنیشدا زۆر دەگمەنە.

لەگەڵ هـەموو ئەوانەشـدا بـەڵام تـەکنۆلۆژیای زانیـاری هـەنگاوی باشـی بـەرەو یەکخسـتنی هۆکـاری لێکگەیشتنی ناوە، و قۆناغی باشی بڕیوە لە بونیادنانی ستانداردی جیهانیدا، بۆنموونە بەکارهێنانی وشە و زاراوەگەلێکی زۆری هاوبەش لەنێوان هـەموو بەکارهێنەرانیـدا، وەك : (CD ) و (disk) (driyver)...تـد، ئەمە و سەدان وشەی تری ئەو بوارە، کە دەتوانین بڵێین زمانان بەسەدان ساڵ ئینجا مەگەر بتوانن، لەڕێی کۆمەڵێ پەیوەندی نەژادی و جوگراف و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەوە ئـەویش لـەنێوان میللـەتانی هاوسنوور و لێك نزیکەوە ئەو وشە هاوبەشانە دروست بکەن. کەچی نێت دەیـان و سـەدان واژە و وشـەی لەو جۆرەی لەنێوان سەرجەم میللەتانی سەر ڕووی زەویدا پێکهێناوە، بەبێ پێویستی بـوونی هـیچ یـەکێك لە بنەما (کۆمەڵایەتی و ئابووری...تد)یەکان.

دیسانەوە دەتوانین بڵێین ئەم تەکنۆلۆژیایە کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکات لە خوێندنەوەدا لەڕووی:

ئاسانی بەدەست هێنانی زانیارییەکان چونکە تەنها بەنووسینی ئەو بابەتە یان ئـەو بەشـەی بابـەتێك وتارێك کتێبێك..تد و ئینتەرکردن لاپەڕەکانی داواکراو و مەبەسـتی خوێنـەر دەخاتەبەردەسـت، کـە ئەمـە لەنووسین و کتێبەکاندا هەروا ئاسان نابێت.

یـەکێکیتر لـە سـوودەکانی تەکنۆلۆجـای زانیـاری ئەوەیـە کـە بەکارهێنـەرانی بەتایبـەتی ئەوانـەی بەشـێوەیەکی تەندروسـت و زانسـتیانە بەکاریـدەهێنن فێـری پابەنـدبوونی تـەواو دەکـات بەنووسـین و بـەکارهێنانی زمانـەوە چ بـۆ بەدەسـت هێنـانی زانیـاری بێـت، یـان لـەکاتی پەیوەندیکردنـدا بێـت لەگـەڵ کەسـانیتردا، چـونکە مـەودای هەڵـەکردن زۆر کەمـە هـەموو نووسـینێك نێـت زانیـاری لـەبارەوە دخاتەبەردەست. لەبەرئەوە پێویستەبەکارهێنەری نێت زۆر ورد بێت لە بەکارهێنانی زماندا، جگە لـەوەش وەك کارئاسانی لەبەکارهێنانی زمانـدا مـەودای بیرکردنـەوە لـە پەیوەندیکردنـدا لـە نێتـدا زیـاترە وەك لـە ئاخاوتندا .

## ئەنجامەکان :

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامانە :

١- زمان هەمیشە و لە هـەموو قۆنـاغێکی ژیـانی مرۆڤـدا کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری تـەکنۆلۆژیاوە، و زۆرجاریش ئەو تەکنۆلۆژیایە خزمەتی زمانی کردووە و گەشەی بەزمان داوە.

٢- قۆناغەکانی تەکنۆلۆژیا پێش تەکنۆلۆژیای زانیـاری هـەمووی هـەر لایـەنی چـاکە و خزمـەتکردن بووە بۆ زمان، بەڵام تەکنۆلۆژیای زانیاری لایەنی پێشکەوتووی سەردەم سوود و زیانیشی تێدایە بۆ زمان.

٣- هەروەك چۆن ئەم تەکنۆلۆژیازانیارییە دەکرێ، هۆکارێـك بێـت، بـۆ گەشـەپێدانی زمـان لەهـەمان کاتدا دەکرێ، هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بێت بەسەر هەندێ لەزمانان.

٤- دەتوانرێ سوود لە تەکنۆلۆژیای زانیاری وەربگیرێت، لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەتایبەتی ئـەو بوارانـەی کـە پەیوەنیـدی ڕاسـتەوخۆیان بەزمانـەوە هەیـە، وەك بوارەکـانی نووسـین و ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنەوە، کە هۆکارێکی گرنگی گەشەپێدانی زمانن.

٥- تەکنۆلۆژیای زانیاری دەتوانێت، هۆکارێـك بێـت، بـۆ پاراسـتنی زمـانی نەتـەوەیی و یەکخسـتنی ئەگەر ئەو تەکنۆلۆژیایەدا بەشێوەیەکی دروست بەکارهێنرا.

## سەرچاوەکان :

**سەرچاوە کوردیەکان :**

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ )، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی،بەغدا.

٢- ئازاد ئەحمەد مەحمود (٢٠٠٩ ) بونیادی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ، هەولێر.

٣-پەروین عوسمان عەلاف،( ٢٠٠٩ ) واتا و وەرگێڕان، هەولێر.

٤-حوسێن محمد عەزیز (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، سلێمانی.

٥-دارا حمید محمد (٢٠١٠ ) واتاسازی، سلێمانی .

٦-دەروون عبدالرحمن صالح(٢٠١٠ ) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، نامـەی ماسـتەر، کـۆلێجی زمـان، زانکـۆی سلێمانی.

٧-ڕەوشت محمد (٢٠٠٨ ) ئەلف بێی لاتینی.. زمانی ستاندارد، سلێمانی.

٨-سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، سلێمانی.

٩–سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠ ) زمانەوانی بەرگەکانی (٤–٥–٦–)، هەولێر.
١٠– مارف خەزنەدار (٢٠٠١ ) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر
١١– محمد زەهاوی،( ٢٠٠٦ ) مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، نامەی دکتۆرا، ز. بەغدا.کۆلێجی پەروەردە(ابن رشد).
١٢– محمد معروف فتاح (٢٠١١ ) زمانەوانی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٣– مەسعود محمد (١٩٨٢) چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
١٤– یوسف شەریف سەعید،( ٢٠١١ ) زمانەوانی، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

١– ديفيد كريستال ( ٢٠١٠ ) اللغة وشبكة المعلومات العالمية، ترجمه، احمد شفيق الخگيب،القاهره.
٢– فردينان دى سوسور (١٩٨٨ ) علم اللغة العام، ترجمه يوئيل يوسف عزيز، الموصل.
٣–ماجده توماس حنه (٢٠٠٨ ) اللغة والاتصال في الخطاب المتعدد المعاني، دار كيوان للگبع والنشر، سوريه.
٤–محمد الحناش (١٩٩٦)، برنامج لساني حاسوبي للتعرف الالي على التعابير المسكة في اللغة العربية، مجله التواصل اللساني، المجلد (٣).

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

1- Cook, V.J.. and Newson, Mark.(1997). Chomskys Universal  Grammar
. blakwell Publishers Oxford.

2- Crystal. D.A..( 2003). Dictionary of Linguistics and Phonetics , Blackwell  Oxford
. London .England.

**سایتەکان:**

1- megaupload.com .
2- Youtube.com .

## الخلاصة

تعنى هذه الدراسة الموسومة ب(اللغة و التكنلوجيا المعلوماتي) بشكل اساسي بدراسة تاثير التكنلوجيا بشكل عام، و تكنلوجيا المعلومات بشكل خاص في اللغة، و تقع الدراسة في فصلين تسبقهما مقدمة :

يتناول الباحث في الفصل الاول والتي هي بعنوان( اللغة والتكنولوجيا البدائية) ثلاث محاور :

اما المحور الاول: فخصص لدراسة اللغة و اختراع الكتابة.، و خصص الباحث المحور الثاني لاختراع الالة الطابعة و اثرها في نشر اللغة، والمحور الثالث فيتناول اللاعلام و اثرها في اللغة.

اما الفصل الثاني وعنوانها (اللغة و التكنلوجيا المتقدمة ) فيتألف من محورين : الاول اهمية التكنلوجيا المعلوماتية في الحياة بشكل عام،و في اللغة بشكل خاص.والمحور الثاني :يتناول اللغة و الحاسوب و اللغة و مواقع التواصل الالكتروني (النت ).

وفي الختام قدم الباحث اهم النتائج التي توصل اليه مع عرض للمصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الانكليزية.



## Abstract

This study is concerned with tagged (Language and Information Technology), mainly to study the impact of technology in general, and particularly information technology in the language, and located the study in two Zbgahma Introduction:

The author in the first chapter, which is entitled (primitive language and technology) three axes. The first axis examines the language and the invention of writing, and devoted researcher second axis invention of the typewriter and their impact on the language, and the hub III deals with Allaalam and their impact on the language.

The second chapter, entitled (language and advanced technology) consists of two axes: first axis deals with the importance of information technology in life in general and in the particular language. The second axis deals with language, computer and language and Alenet.

In conclusion, the researcher most important results that reached with the presentation of the sources and a summary of research in both Arabic and English.

# ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا

**پ. ی. د. عوسمان دەشتی**
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە–بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

ماتەمنامە یەکێك لە بابەت و مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کوردی کلاسیك پێکدەهێنێت، لە پاڵ کۆمەڵێ بابەت و مەبەستی دیکە لە وێنەی؛ وەسف، ستایش، شانازی، داشۆرین....تاد. بابەت و ناوەرۆکی شیعر بە شێوەیەکی گشتی لەوانەش ماتەمنامە بە ژیانی کۆلاّیەتییەوە گرێدراوەتەوە، هەربۆیە رەنگدانەوەی دیاردەی خەم و ماتەم و پەژارە لە شیعردا لە کاتی مەرگ و ماتەمینی مرۆڤەکان شتێکی ئاسایی و دێرینە. هەربۆیەشە ئەم دیاردەیە لە شیعری کوردیدا هەم ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، هەمیش پانتاییەکی بەرینی لای شاعیران و لە شیعری کوردیدا گرتۆتەوە.ئەم باسە هەولێکە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم لایەنەی شیعری کوردی و ڕووماڵکردنێکە بۆ چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی. باسەکە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکی پێك دێت بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم:**

أ ـ چەمك وپێناسەی ماتەمنامە.

ب ـ ماتەمنامە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و ئەوروپاییەکاندا.

**تەوەری دووەم:**

أ ـ ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا

ب ـ جۆرەکانی ماتەنامە لە شیعری کوردی.

ئەنجا بە چەند خالێکی ئەنجامگیری و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان و کورتەیەك بە هەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی دێت. میتۆدی پەیرەوکراو لە خستنەڕووی باسەکە، میتۆدێکی وەسفی - مێژووی - پراکتیکییە.

## تەوەری یەکەم

**أ/چەمك و پێناسەی ماتەمنامە/** ماتەمنامە پارچە شیعرێکی لیریکە تیایدا شاعیر هەستوسۆزی خۆی لە ئاست کەسێکی لە دەستچوو دەخاتە ڕوو. لە ڕەخنەی کۆندا ماتەمنامە لەگەل شیعری ستایش وەکو دوو دیوی دراوێك سەیر کراون، کاتێك ڕەخنەگرانی عەرەب و عەجەم وای بۆ چوون کەوا ماتەمنامە هەمان چەشنی شیعری ستایشە و ئەوەندە هەیە بە ڕێژەی ڕابردوو دەهۆندرێتەوە.[1] ئەوان لەو باوەڕەدان کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ماتەمنامە و ستایشدا نییە، تەنها ئەوەی لێکیان هەلاوێر دەکات ئەوەیە کە

لە ماتەمنامەدا هەوێنێك هەیە لە تێکستە شیعرییەکەدا کەوای لێ فام دەکرێت، یا وای لێ دەخوێندرێتەوە کەوا بۆ کەسێکی کوچکردوو گوترابێت.(٢) دیارە ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە دەقاودەق گوێزراوەتەوە بۆ ناو ڕەخنەی کوردیش، بۆیە کەسێکی وەکو د. خەزنەدار سەبارەت بەماتەمنامە، وەکو مەبەستێکی شیعریی دەڵێ :(ئەم جۆرە شیعرە وەکو پیاهەڵدانان و مەدح وایە، بەڵام بۆ مردوو بەکار دەهێندرێ).(٣)لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ناساندن ولێکدانەوەیە بۆ شیعری شینگێڕی(*) و ماتەمنامە تا ئەندازەیەك بۆچوونێکیی وشك و ناواقعییە ئەویش لەدوولایەنەوە: یەکەم هەڵوێستی شاعیر لە نێوان ئەم دووجۆرە گوتارە شیعرییە ڕەچاونەکراوە. چونکە هەم لە ڕووی چۆنیەتییەوە و هەم لە باری شێوازو دەربڕینەوە زۆر لەیەك دوورو جیاوازن.

دووەم ئەو هەست و سۆزەی کە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و ئەو کەش و هەوایەی کە باڵ بەسەر دەقی شیعری دادەکێشێت، کە بە فەزای شیعری دەناسرێت، لەودوو مەبەستە شیعرییەدا جیاوازن.(٤)ماتەمنامە لە بنچینەدا لە سویێ مەرگی پاشاو سەرۆك و سەرکردە و پیاوانی تەریقەت وکەسانی زاناو ناودار، یا بۆ مەرگی دۆستان و کەسە نزیکەکانی شاعیر دەهۆندرێتەوە. تیادا وەسف و سیفەتی باش و پەسەند کراو دەخرێتە پاڵ کەسی کۆچکردوو و وا هەیە وەکو کەسێکی نموونەیی نیشان دەدرێت، کە ڕەنگە لە هەقیقەت و واقیعدا وا نە بووبێت.

وەکو لە سەرەتادا گوترا ماتەمنامە لە ڕووی جەوهەری شیعرییەوە بەشێکە لە ئەدەبی لیریك کە شاعیر هەست و ئیحساساتی دەروونی خۆی تیادا دەردەبڕێت.

لە ڕووی قالب و روخسارەوە یا لە شیوەی پارچەی لیریکی بچوکدا دەبێت، یا لە فۆرمی قەسیدەی دوور و درێژ، ئەنجا چ قەسیدەی ئاسایی بێت، یا قەسیدەی موسەممەت و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند بێت.

**ب/ماتەمنامە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و ئەورووپاییەکان:** ئەم جۆرە ئەدەبە مێژوویەکی دێرینی هەیە و ڕەگو ڕیشالی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروت و ڕێ و ڕەسمە ئایینی و ئەفسانەییانەی لەکاتی ناشتنی مردوودا لە شارستانییەتە کۆنەکاندا پێڕەوی لێ کراوە. بۆ نموونە دەگوترێت بەگوێرەی تیوری ئەفراندن کە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا هەیە، حەرزەتی ئادەم وەك چۆن مرۆڤی خولقێندراوی یەکەمە، زۆر شتی دیکەی یەکەمینی دراوەتە پاڵ، لە وانەش ئەوەیە کە ئەو یەکەمین کەسێك بووە ماتەمنامەی لە سەرەمەرگی (هابیل) دا گوتوە کاتێ بەدەستی (قابیل) کوژراوە.(٥) لە ئەدەبیاتی عەرەبی ماتەمنامە لەسەردەمی جاهیلیدا پلە و پایەیەکی دیاری هەبووە و بەرز نرخێندراوە. یا بەشێوەیەکی گشتی شیعری فەخر و مەدح و ماتەنامە (مەرسییە)، وەکوسێ مەبەستی سەرەکی شیعری کۆنی عەرەبی، کە لەیەك چوار چێوەی گشتیدا کۆ دەکرێنەوە، لە بابەتەکانی تر زیاتر بە چاوی ڕێزو پەسەندییەوە سەیرکراون و بەشێکی گەورە لەشیعر و دیوانی شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و کلاسیکی عەرەبی پێکدەهێنێ. بۆ نموونە ژنە شاعیری دیارو ناوداری عەرەب (الخنساو/ کە لە ساڵی ٢٤ی کۆچیدا مردووە) هەموو دیوانەکەی لەو شیعرە شینگێڕییانە پێکهاتووە کە لە سویێ مەرگی هەردوو براکەیدا(موعایە و سەخر)هۆنیویەتەوە.

لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا، لە ڕۆژگاری پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشدین، ئەم بابەتەی شیعر تا ڕادەیەك ڕووی لە کزی کردووە، لە سۆنگەی ئەوەی کە زیاد پێ لەسەر دەمارگیری هۆزایەتی دادەگرێ و هاندەرە بۆ شەڕ و شۆڕ و تۆڵەسەندنەوە،

ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زیاتر لە ژێر کاریگەری ماتەمنامەسەرایانی عەرەبدا بووە و هەر لە دەورانی سەرەتای ئەدەبیاتی فارسی دەرپییەوە ئەم بابەتە شیعرییە بەدی دەکرێت، لەو ناوەدا (ڕوودەکی/شاعیری سەدەی چوارەمی کۆچی) بەسەرامەدی شاعیرانی فارس لە قەڵەم دەدرێت کە لەو بابەتە شیعریان داناوە، لەو بوارەدا ئەو شیعری ماتەمنامەیەی کەوا (فەرخی سیستانی/ کەلە ٤٢٩ی کۆچیدا مردووە)، بۆ مەرگی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی گوتویەتی بە بەهێزترین بابەتی شیعری ماتەمنامە دەناسرێت لە ئەدەبی فارسیدا.(٦) جۆرێکی دیکە لە شیعری ماتەمنامە لە ئەدەبی فارسی، ئەو بەشەیانە کە لە تازیەباری ئیمامانی شیعە و ئەندامانی ئالی بەیتی پێغەمبەرەوە گوتراون و بە (ماتەمنامەی مەزهەبی) دەناسرێت. ئەمە لایەنێکی گەورە لەشیعری فارسی دوابەدوای دامەزرانی دەولەتی سەفەوی پێك دەهێنێت، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ شیعرێکی تەرکیب بەندی (موحتەشەمی کاشانی/لە ساڵی ٩٩٦ کۆچیدا مردووە) دەکەن، کە بە مەزنترین شاعیری ماتەمنامە خوێنی فارسی وەسف دەکرێت، کە بۆ شین و ماتەمی دوازدە ئیمامەکانی شیعە هۆنراوەتەوە و شیعرەکە خۆیشی لە دوازدە بەندی تەرکیب پێکهاتووە.(٧)

لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواش ماتەمنامە وەکو بابەتێکی شیعری مێژوویەکی کۆنی هەیە.(elegy) کە وەکو زاراوە بۆ ماتەمنامە بەکاردێت، ڕیشەکەی لە زاراوەی (elegia یاخودelegos)ی گریکییەوە هاتووە. لە ئەدەبیاتی گریکی ئەو شیعرانەی کە سەبارەت بە عەشق و جەنگ و مەرگ و ئاوارەبوون و ژیان دەهۆندرانەوە کێشێکی تایبەتیان هەبووە کە بە کێشی ماتەمینی (elegiac) ناسراوە.(٨)

لە ڕۆژگارەکانی ڕۆمانی و لاتینیشدا ماتەمنامە هەر بەو چەمك و پێناسەیە ماوەتەوە، کەوا شیعرێکی کورت، یا گۆرانییەکی ئاهەنگدارە کە بناوانی لە عیشق و خۆشەویستی و مەرگ و لە دەستدانی مرۆڤێکەوە بەرپابووە.(٨)

لە سەدەی شانزەهەم بە دواوە ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی ئەوروپا لە فۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتدا مەییوە. بە نموونە ئەدەبی ئینگلیزی لە رابردوودا چەند نموونەی شیعری ماتەمنامەی ناوداری هەبووە، لە وانە ماتەمنامەی (تێنی سۆن)، بە ناوی (چامەیەك بۆ مەرگی

دۆق ولینگتۆن ode on the death of the duk of wlington ). هەروەها ماتەمنامەی (ئالفرێد تنسیون)، گەورەی شاعیری دەرباری بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کە بە ناونیشانی ( ln memorion)ە و بۆ مەرگی شاعیرێکی دۆستی هۆنیویەتەوە، ئەنجا (ئۆدن auden)ی شاعیری ناودار چامەیەکی شینگێڕی زۆر بە سۆزی بۆ یادی شاعیری ئیرلەندی هاوڕێی (دەبلیو. ب. ییتز) هۆنیوەتەوە.(٩)

جۆرێك لە شیعری ماتەمنامە لە ئەدەبیاتی ئەوروپا بە تایبەتیش لە فەرەنسا و ئینگلتەرا پەرەی سەندووە کە بەشیعری ماتەمنامەی شوانکارەیی ناودێرکراوە، تیایدا هەم ماتەمنامەخوێن و هەم ماتەمنامە

بۆ خوێندرا و لە شێوەو ئاکاری شونکارەو خەڵکی دێهات وێنا دەکرێت، کەوا سروشت و گژوگیا وگوڵ و گوڵزاری تەبیعەتیش دەبنە شەریك و برابەشی ئەو ماتەمینییە.[١٠]

لێرەدا و لەدیدی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەتواندرێت دووجۆری ماتەمنامە دەستنیشان بکرێت، جۆرێکیان لە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینەوە سەرهەڵدەدات کەوا سەرشارە لەو هەست و سۆز و سووتانە و، بە کوڵ لە دڵ و دەروونی شاعیرەوە لە شێوەی لاواندنەوەیەکی خەمناك هەڵقولاوە.

جۆرێکیش ماتەمنامەی ڕەسمی و فارمایشییە، کەوا شاعیرانی دەربار وەکو جۆرێك لە ئەرك و وەزیفە لە تازیەمانەی گەورە و وەلی نیعمەتەکانیان، یا کەس و کاری نزیکەکانی ئەوان، جێ بەجێی دەکەن. کە دوورە لە هەر جۆرە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینە و لە دل و دەرووندا کاریگەرنابێت.

## تەوەری دووەم

### أ/ ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا:

دیارە ماتەمنامە لە شێوە سەرەتاییەکەی و لای هەموو کۆمەڵگاکان بۆ ئەو ڕێ و ڕەسم و نەریتانە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی تازیەباری و لاواندنەوەی مردووەکان لە ئارادا هەبووە، سەرەتا لە شێوەی سروت و دوعا و پاڕانەوە بووە لە خوداوەند لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەری وەکو مەرگ، پاشان بۆتە بەند و سڵاو و پەسن و پێداهەلگوتن بەو ئومێدەی بۆ مردوو لە گۆڕخانەدا ببێتە مایەی ئارامی و ئۆقرەیی.[١١] داب و نەریتی کوردەواریش لە ڕابردوو هەر بەو جۆرە بووە. لە هەنگامی کۆچی میرو مەزن و جوامێراندا، یا جوانەمەرگی کوڕان و کچانی لاو بەناکامی، ژنان بەتایبەتی لە مەراسیمی تازیە باریدا کۆری شینیان بۆ گێڕاوە.

شینگێڕان بە واتای شەپۆڕ و شێوەن و زاری دێت بە دەنگ و بە ئاواز کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەڕێوەدەچێت.[١٢] تازیەباران جلی شین و نیلی، (کە بەخم ڕەنگرێژ دەکرا) دەپۆشن و سەرەژنێك دەبێت بە (شینگێڕ) و بە دەنگ و ئاوازێکی خەماوی بە بەندی شیعر و پەخشان مردووەکە دەلاوێنێتەوە و پێیدا هەڵدەڵێ، ئاکارە ناوازەکانی دەستنیشان دەکات و ئەو نەهامەتی و کۆستەی لەو کوچکردنەدا کەوتۆتەوە باس دەکات، دوا بە دوای ئەویش کۆری ژنانی شینگێڕ بە ئاهو حەسرەت و قولپی گریانەوە، لە سەر ریتمێکی تایبەت وەکو کۆرس بۆی دەسەننەوە.

هەر ئەم نەریتە پەری سەندووە و لەپاڵ جێکەوتەو کاریگەری شیعری فارسی و عەرەبی، وەکو سەرچاوە بوون بە بنەمای چەکەرەکردنی جۆرێك لە باس و بابەتی ناوەرۆکی شیعری کوردی، کە بە ماتەمنامە یاشیعری شین و لاواندنەوە یا شینگێڕی دەناسرێت .

### ب . جۆرەکانی ماتەمنامە لە شیعری کوردی:

هەگبەی شیعری کۆن و کلاسیکی کوردی پڕیەتی لە دەقی شیعری پتەو و پڕلە گەوهەر و هونەر لە بابەتی ماتەمنامەدا، کەوا لێرەدا گەشتێك بە نێو ئەو گوڵ و گولزارەدا دەکەین:

**١ـ لاواندنەوەی میرو پاشایانی کورد:**

یەکەمین تێکستی ماتەمنامە لەو بارەوە کە لە بەردەستمان دابێت شیعرێکی (ئەحمەدێ خانی/١٦٥١ـ١٧٠٧)یە، کە بۆ کۆچی دوایی میری بایەزید، (میر محەمەدی کوڕی بالولی سێیەم)ی هۆنیویەتەوە، خانی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو میرەدا هەبووە، لەسەردەمی ئەو و باوکیشیدا، خانی وەکو میرزا و نامەنووسی دەرباری میرایەتی کاری کردووە، لە دوای کۆچی دوایی میر محەمەد بەگ لە سالی (١٠٩١ك/١٦٨١ز)، خانی بەقەسیدەیەکی ناسك و بەسۆز دەیلاوێنتەوە کە لە فۆرمی بەندی چوارینە دایە و لە (٣٤) بەند پێکهاتووە، کە ئەمە دوو بەندی سەرەتاکەیەتی:[١٣]

**کانێ موحەممەد بەگ گەلۆ**

**کان پادشاهێ سەرحەدان**

**ئیرۆ ژدل بگرین دەلۆ**

**کان پادشاهێ سەرحەدان؟**

**ئیرۆ ببینن عیبرەتێ**

**ئاغا و و خەلقێ هیشەتێ**

**کانێ خودانێ غیرەتێ**

**کان پادشاهێ سەرحەدان؟**

وەداعی (کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە)، ماتەمنامەیەکی لە سەر ڕێوشوێنی تێکستەکەی خانی، لە سالی ١٨٢١ی زاینی لە دوای مەرگ و کوژرانی (شێخەبەگی بەگزادەی هەکاری) هۆنیوەتەوە. کە بریتییە لە (٣٨) بەندی چوارینە، کە بەزمان و شێوازێکی ڕەوان و پاراو هۆنراوەتەوە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**ئیرۆ ژ دەستێ فەلەکێ**

**کانێ جیهانگیرێ جیهان**

**بگرین ژبۆ شێخی بەگێ**

**کانی جیهانگیرێ جیهان**

**میرێ ب ئیمان و کەرەم**

**کانێ صاحب جوود و نیعەم**

**وەصفێ دڤێ هەردێ بدەم**

**کانێ جیهانگیرێ جیهان**

لە بەندی کۆتایشدا مێژووەکەی بە حیساب و حەرفی ئەبجەد تۆمارکردووە:

**یاقەنج ئەوە ئەم ڤێ بکەین**

**ناڤێ ل تاریخێ بدەین**

**بۆغەین و ڕێ و لام و زەین**

١٠٠٠ + ٢٠٠ + ٣٠ + ٧ = ١٢٣٧هـ/١٨٢١ز

**کانی جیهانگیرێ جیهان**[١٤]

تێکستێکی ناوداری (نالی) هەیە، کەوا زۆر هونەرمەندانە و شارەزا دوو مەبەستی دژبەر و پێك ناکۆکی (ماتەم وستایش)ی لە یەك بۆتەدا کۆکردۆتەوە و هاوئامێزی یەکتری کردوون، ئەو لە کاتێکدا سلیمان پاشای بابان (کە لە سالی ١٨٣٨ زاینی مردووە) دەلاوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا ستایشی هاتنەسەرتەخت و دەسەلاتی ئەحمەد پاشای کوری دەکات. تەنانەت نالی توانیویەتی لە یەك تاکە بەیتدا، لابالێکی بۆ لاواندنەوە و لابالەکەی تری بۆ ستایشی ناوبراوان تەرخان بکات وەکو لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێتك:[١٥]

**لابالی یەکەم/ لەلاواندنەوەی سلیمان پاشادا/**

١ـ تا فەلەك دەوری نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو.

٢ـ تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاتی دانەگرت.

٣ـ تا چەمەن پیرا لە سەر ئەصلی دەرختی لانەدا.

٤ـ تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت.

**لابالی دووەم/ لەستایشی ئەحمەدپاشادا/**

١ـ کەوکەبەی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدا نەبوو.

٢ـ گولْ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو.

٣ـ فەرعی تازە خوڕڕەم و بەرز و بولەند بالا نەبوو.

٤ـ (ئەحمەدی موختاری ئێمە) شاهی تەخت ئارا نەبوو.

دیارە کۆکردنەوەی ئەم دوو مەبەستە دژبەیەکە (واتە ماتەم وستایش)، لە یەك بۆتەی شیعریدا کارێکی زۆر سەخت و دژوارە، لە دەسەلاتی شاعیرێکی هەلکەوتووی وەکو نالی نەبێت نەهاتووە.[١٦] ئەم دەقە شیعرییەی نالی پارچەیەکی لیریکی کورتی (٨) دێرییە. لە بەرامبەردا (سالم) قەسیدەیەکی (٤٥) بەیتی هەیە کەوا لە تازیمانە و ماتەمینی مەرگی (سەلیم بەگی شیوەکەلْ)دا گوتراوە، ئەمە یەکەمین ماتەمنامەیە کە لە شێوەی قەسیدەدا هۆنرابێتەوە و بەم شێوەیەیە:[١٧]

**لێم گەڕێن با گریەکەم دیدەم بە دیدەی خونفشان**

**نایەلیْ یەکدەم بە ڕاحەت رابوێرم ئاسمان**

**چونکە سیوەلی قەدیمن حەق لەپاش عەهدی (سەلیم)**

**دایە دەس مەحموودی حاتەمدلْ چراغی دوودمان**

**٢ـ لاواندنەوەی شێخ و پیری تەریقەت:**

کۆنترین تێست کە لەو بوارەدا بەدەستمان گەیشتبێت هی (مەلا عومەری ڕەنجووری)ە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالی (١٨٠٤ی زاینی) و کاتێك لە دوای مەرگی (شێخ ئەحمەدی بۆنخوشی عەودالانی)، کە پیر و مورشیدی بووە، ماتەمنامەیەکی بە کولی نووسیوە. ئەم ماتەمنامەیەی ڕەنجووری لە سەر هەمان فۆرم و کێش و ئاوازی دێرینی شیعری گۆرانییە، کە ئەمە چەند دێرێکە لە دەستپێکی تێکستەکەدا:

**دنیای بەینەت کەم، دنیای بەینەت کەم**

**دنیای نا شنەخت شەرت و بەینەت کەم**

**سیا دل نەسەنگ سکۆی سای ستەم**

**خایین خونخوار خەڵوەتخانەی خەم**

**عەجووزەی عاجز، پۆست ڕوو کنیا**

**تەپل بەد نامیت نە هەر جا ژنیا**

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

**چونکە دونیای دون تۆی مەزهەر پەی گشت**

**هەرچی پێت واچوون حەقم ها نەمشت**

**(ڕەنجووری) تا واد ئاخر هەناسان**

**هەر ئاخ ئاخشەن پەی مەرگ خاسان**(١٨)

بە هەمان شێوە میرزا عەبدوڕڕەحیمی وەفایی چەند قەسیدەی بەرز و سۆزناکی (بە کوردی و فارسی) لە دوای هەواڵی مەرگ و پرسەداری شێخ و پیرەکەی (شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی لە ساڵی ١٨٨٣ دا) نووسیوە. یەکێکیان ئەم تێکستەیە کە بریتییە لە قەسیدەیەکی (٦٠) بەیتی کە لە سەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو: (مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون) ×٢ هۆنراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ماتەمنامەیە شایانی ئەوەیە کە وەکو نموونەیەکی بەرز و باڵا و تەواوی شیعری ماتەمنامە و شینگێڕی لە شیعری کوردی کلاسیکدا چاوی لێ بکرێت.(١٩) ئەمە چەند دێڕێکی سەرەتایەتی:

**درێغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم**

**لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم**

**وەرەق ڕیزان خەزان کەوتە ڕەزان، وەزعی چەمەن گۆڕا**

**بە سەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم**

**خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری**

**درێغا حەسرەتا بۆ گوڵعیزاری سەرو باڵاکەم**

**لە گریان ئاسمان دامانی سووربوو شینی گێڕاوە**

**مەگەر گیراوە یامایل بەشام بوو ڕۆژی ڕووناکەم؟**

دیارە کۆچی شێخ و پیر و زانا و ناودارانی تەریقەت هەستی شاعیرانی بزووندوە و چەندین دەقی ماتەمنامەی پڕلە سۆز و کول و خۆشەویستیان بۆ گوتون کە لێرەدا ماوەی بە سەرکردنەوەیان نابێت.

**٣ - لاواندنەوەی خێزان و هاوسەر و خۆشەویستان:**

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو شاعیری ناسراوی سەدەی نۆزدەی ناوچەی هەورامان و گۆران زەمین دەکەین.

کەیەکێکیان (مەولەوی تاوەگۆزییە/(١٨٠٦ ـ١٨٨٢)، کە بۆ کۆچی دوایی (عەنبەر خاتوونی) خێزانی چەندین تێکستی ماتەمنامەی نووسیون، کە هەر کامێکیان بگریت دەبینی سۆزێکی مرۆڤانەی قوولی لێ هەڵدەقوولێت.[٢٠] ئەمە چەند دێر لە نموونەی یەکێ لەو تێکستانە:

ئیمساڵ نەو وەهار چۆن خەزانی سەرد

بەرگی وەردی باغ مەعدووم بەرد پەی هەرد

مشێو تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ

وەرنە کێ کەی دی وەهار گوڵرێز بۆ!

دڵ وەکەچ بازیی چەپگەرد بازیش وەرد

جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد

بۆی عەنبەر نە تۆی دەماخم دوورکەرد

فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد

ئەوەکەی تر (ئەحمەد بەگی کۆماسی)یە، کەوا قەسیەیەکی زۆر نایابی شینگێڕی داغداری لەسەر گلکلۆی هاوسەرەکەی هۆنیوەتەوە، کەتیایدا هاوار و ئامانی لە دەست تەنیایی و لە دەسدانی هاوسەر و دۆستدا لێ هەڵساوە، ئەمە چەند دێرێکیەتی:

گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکلۆی تازەی لەیل

ئارۆشیم وەسەر گڵکۆی تازەی لەیل

نە پایەی مەزار ئەو لەیلی پڕمەیل

نەدیدەم ڕێزا ئەسرینان چۆن سەیل

شیم وە سەرینش وە دڵەی پڕ جۆش

سەنگی مەزارش گێرتم نە ئاغۆش

کڕووزانەوەی شاعیر لە سەر گلکۆی هاوسەری لە دەستچووی درێژە دەکێشی تا (٥٥) دێری تێکستەکەی خایاندووە، کە لە کۆتاییدا بە مجۆرەیە:

هەر چەند پەرێ من تۆ ئەلوەداتەن

ئاخر سەرەنجام ئی جاگە جاتەن

هێندە خاك و سەنگ وە جەستەم بارەن

نەجاگەی جواب، نەڕای گوفتارەن

ئەحمەد پەرێ کۆچ شای جەمین جامان

ڕەستاخیز کەرۆ تا مەرگ سامان[٢١]

لە بەرامبەردا شینی خێزان و هاوسەرەکانیشمان هەیە کە بۆ مەرگی مێردو سەردارەکانی خۆیانیان گێڕاوە لە کاتی کۆچ وئۆغرکردنیاندا. ئەوەتا هەردوو ژنە شاعیری کورد (ماه شەرف خانمی کوردستانی/ مەستوورە و، زەینەب خاتوونی/ حەزینە) لەکاتی لە دەستدەرچوونی مێردەکانیان، ئەم کۆست و

کارەساتەیان لە ماتەمنامـەی غـەمناك و سـۆزداردا دەربڕیـوە. مەسـتوورە خـانم ماتەمنامەیـەکی لـە دوای کۆچـی دوایـی مێردەکـەی (خوسـرەوخانی ناکـامی مـیری ئـەردەلان) هۆنیوەتـەوە کـە سـەرەتاکەی بـەم شێوەیەیە:

**خەسرەوم ئێشم، خەسرەوم ئێشم**

**جە جەور فەلەك ناسۆرەن ئێشم**

**جگەر کەیل هوون هەناسە سەردم**

**ئەسرین سەروازەن وە چیهرەی زەردم**

**خوسوس فیدات بام شای کەمەر لاڵم**

**ئێمشەو جە سۆزش جگەر زوخاڵم**

**پەریٚ ناکامیت مە گرەوام وەتاو**

**جەبەدبەختی وێم سەرنیام وەخاو**(٢٢)

هەر بەو ڕەنگەش (زەینەب خاتوونی خێزانی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە/ حەزینـە) لـە سـۆزی کۆچـی دوایی مێردەکەی شینی گێراوە، ئەمە چەند دێرێکە لەو تێکستە:

**ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریان و شین**

**حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامیل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین**

**حەیفە بۆ ئەو کۆهی عیرفان و دەلیلی ڕاهی حەق**

**پیشەوای ئەهلی مەحەببەت ئەو(رئیس العاشقین)**(٢٣)

**٤ـ لاواندنەوەی قارەمان و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد:**

چـەند ڕووداوێـك لـە مێـژووی کـۆن و نـوێی کـوردا ڕوویـان داوە، لـە کـاتی خۆیـدا وەکـو کۆسـت و نووشوسـتی و زایعـە سـەیرکراون، لـە وانـە مـەرگی قارەمـان و سـەرکردە و کەسـە شۆڕشـگێڕەکان کـەوا شاعیران وەکو زمانحاڵی میللەت نەیان هێلاوە هەروا تێپەریٚ، بەڵکو داخ و حەسـرەتیان بـۆ هەڵڕشـتوون و بە شیعری لاوانندنەوە و ماتەمنامەی بەسـۆز یادەکانیـان زینـدوو ڕاگرتـووە. یـەکێك لەمانـە شـەهیدکردنی سەرکردەی کورد(شێخ سەعیدی پیران)و دەستەیەك لەو شۆڕشگێڕانەیە کە لە ساڵی (١٩٢٥)دا لە سـێدارە دران. پیرەمێردی نەمر ماتەمنامەیەکی بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتە هۆنیوەتـەوە بەناونیشـانی (شـیوەنی شەهیدانی کوردی سەروو)، کە تیایدا دەڵیٚ:

**ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە**

**تەحلیلی وا کراوە، قوببەی غەمە تەمە**

**چەرخێکی کۆنە ماکینەی ژەنگی گرتووە**

**چەوری نەکا بەخوێن پەتی سووڕانی کەوتووە** (٢٤)

دووبارە پیرەمێرد لە ماتەمانەیەکی دیکەدا بۆ ئەو قارەمانانە دەڵیٚ:

**هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە**

**دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان بستێنەوە**

**شێخ قادرە لە پێشەوە سەرقافڵەی ئەوان**

**چەند جوانە، خوێن و ڕیشی سپی، پیر و نەوجەوان**

**سەیری ئەمانەکە، هەموو کوردی سەف شکەن**

**گیانیان پێشکەش ئەکرد و ئەیان وت: بژی وەتەن**

(سەرچاوەی پێشوو: ١٠٤)

هەر پیرەمێرد، دیسان ماتەمنامەیەکی دیکەی بۆ مەرگی پاشای عێراق (مەلیك غازی / ١٩١٢ – ١٩٣٩) نووسیوە و دەڵێ:

**ئەمڕۆ ڕۆڕۆیە و شین و ماتەمە**

**چەرخی نیلگون خومخانەی غەمە**

**بەهار ڕوو زەردە ڕەنگی وەرەمە**

**هەور بۆمان ئەگری هێشتا هەر کەمە**

**تازە نەمامان سەر لە گەڵایە**

**تازە نەمامان سەر لە گڵایە**

(سەرچاوەی پێشوو: ٣١٧)

کۆچی دوایی (شێخ مەحموودی حەفید زادەی مەلیکی کوردستان) یەکێکی ترە لەو ڕووداوانەی کە شاعیرانی کورد فرمێسکیان لە دڵەوە بۆ ڕشتوە و شینیان بۆ گێڕاوە و ماتەمنامەی وەفاداریان بۆ هۆنیوەتەوە. ئۆغر و ماڵئاوایی شێخ چەندین تێکست و قەسیدەی ماتەمنامەی لە لایان شاعیرانی کوردەوە بە دوای خۆی دا هێناوە، لە وانە: قانع، کەمالی، شێخ نووری، لوتفی، سەودایی، سەی وەهاب، بێبەش و دیلان و[٢٥] گەلێکی دیکە، لە ناو ئەمانەدا ئاماژە بە چەند دانەیان دەکەین: ماتەمنامەکەی قانع بەم چوارینەیە دەستپێدەکات:

**کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵە و ئەم زەعیمە مردووە**

**قارەمانی بێچوە شێری کوردستانە نووستووە**

**پێت بڵێم چی کردووە بۆ خزمەتی کوردی هەژار**

**لاپەڕەی مێژووی بە خوێنی ئالی خۆی نەخشاندووە**[٢٦]

(شێخ نووری شێخ ساڵح)لە قەسیدە ماتەمناکەیدا بە ناوی (شیوەنی شێخ مەحموودی سەرۆك)دا دەڵێ:

**چ نووکی خەنجەرێ بوو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم**

**چ تینی ئاگرێ بوو وا بە جارێ جەرگی سووتانم**

**لەسەر چاوەی تەقیوی دڵمەوە خوێناوی ئاڵ و گەش**

**بەناو شەریانەکانا دێتە سەرچاوەی دووچاوانم[٢٧]**

نموونـەی بـەرزی ماتەمنامـە وەکـو ژانـەرێکی شـیعری[*] لەشـیعری نـوێی کوردیـدا لـەو قەسـیدەیەدا بەرجەستە دەبێت بە ناونیشانی(شێخ مەحموودی زینـدوو)، کـەوا (دیـلان)ی شـاعیر لـە کۆچـی ماتـەمینی شێخی نەمردا هۆنیوەتییەوە کە لە دووبەندی سەرەتاکەیدا وا هاتووە:

**پایز خەزانی تەماوی و مەنگە**

**گەڵا لق و پۆپ خونچە بە ژەنگە**

**ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی**

**نە شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە**

***

**پشکۆ تەمی نارد لە بۆ ئارارات**

**هەناوی ئەزمر بە کاژاو بەنگە**

**بەڵام کوردستان با لە شینابێ**

**گوێ هەڵخراوەی ئاوازی زەنگە[٢٨]**

هەروەها (هەژاری موکریانی) بۆ کۆچی دوایی سەرکردەی شۆڕشگێڕی کورد(مەلا مسـتەفای بـارزانی) قەسیدەیەکی ماتەمنامەی لە ژێر سەردێری (بارزانی نامرێ) داناوە، کە لە سەرەتاکەیدا واهاتووە:

| | |
|---|---|
| **بارزانی پاڵەوانی کورد** | **هیوای پیر و جەوانی کورد** |
| **خەبەریان پێدام تۆ مردووی** | **بە دیمەن لەبەرچاو ون بووی** |
| **من دەزانم تۆ نامری** | **تۆ لە مردن بەهێزتری[٢٩]** |

لە دوایی ئەوەش هەموو ساڵێك بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەی (١١ساڵ)، هـەر سـاڵە و شـیعرێکی بۆ ساڵیادی ئەو کۆچە نووسیوە کە هەموویان لەو چوار چێوەیە دان[٣٠].

**٥/ لاواندنەوەی کەسایەتی و ناودارانی کۆمەڵگە:**

ڕەنگە ئەم بابەتە فراوان بێت و مرۆڤ نەتوانێت پەی بە هەموو لایەن و لـق و پۆپـەکانی ببـات، زۆر وا هەیە لـە کـاتی کـۆچ و ماتـەمینی کەسـایەتییەکی نـاودار و خزمـەتگوزاری نـاو گۆمەڵگـە شـاعیرانی کـورد ماتەمنامەیان بۆ هۆنیوەتەوە، ئەوەی لەبەردەستمان بێت لێرە دا چەند نموونەیەکی دەهێنینەوە.

هەریەکە لە (ڕەمزی وەهبی سلێمانی)و (ئەسـیری کـەرکووکی) ماتەمنامـەیان بۆ(سـاڵح زەکـی بـەگی صاحێبقڕان) هۆنیوەتەوە، کەوا کەسایەتییەکی کورد بووە و لە ساڵی ١٩٤٤ دا کۆچی دوایی کردووە. هـی یەکەمیان بەناوی (شینی سالح زەکی بەگ)ەو تیادادەڵێ:

**لە بێشەی زیندەگانی و هەستیا شێری ژیانم ڕۆ**

**لە باغی ڕاستی و سەربەرزیا سەروی ڕەوانم ڕۆ**

**لە بورجی کوردەواری و ئەوجی دانایی و سیاسەتدا**

**مەهی میهر و وەفا شەهبازی عیرفان ئاشیانم ڕۆ**[٣١]

ماتەمنامەکەی ئەسیری بەناونیشانی (شینی ساڵح زەکی بەگی ساحیبقڕان)ەو بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**نەبوو ئەی پیاوی چاك چاخی نەمانت**

**بۆ گەل لەم چەرخە پێویست بوو ژیانت**

**لە داخی گەل زووانم بەسترابوو**

**لە داخی تۆ کراوە بۆ بەیانت**[٣٢]

هەر لەم بوارەدا بۆ کۆچی دوایی و لەچلەی ماتەمینی کە سایەتییەکی وەکو(محەمەد ئەمین زەکی بەگ)دا، کە لە ساڵی (١٩٤٨) دا کۆچی کردووە، هەریەك لە (پیرەمێرد) و (أ. ب. هەوری) و (بێخود) و (شێخ سەلام) و (بێکەس) و (ئەوڕەحمان بەگی بابان) ماتەمنامەیان بۆ هۆنیوەتەوە، کەوا پاشتر لە نامیلکەیەکدا چاپ و بلاوکراونەتەوە.[٣٣] هەر ئەم شاعیرەی دوایی واتە (ئەوڕەحمان بەگی بابان)، ماتەمنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی (سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکووکی) هۆنیوەتەوە.[٣٤]

(بێخود/ ١٨٧٨ – ١٩٥٥)، لە ساڵی ١٩٥٣ دا، ماتەمنامەیەکی لە بۆنەی وەفاتی (حەپسە خانی نەقیب)ەوە نووسیوە، تیایدا دەڵێ:

**بە خوڕ دیسان ڕژا فرمێسکی باران**

**لە هەوری چاوی سووری دوڕ نیساران**

**تەمی ماتەم وڵاتی کوردی داگرت**

**لە پڕ وەك دووکەڵی ماکینە شاران**

**زەمین بۆ قوڕ نەپێوێ وەك من و تۆ**

**زەمان بۆچی نەشێوێ چەشنی جاران**

**جەنابی (حەپسە خان) تەشریفی ڕۆیی**

**شکا پشتی فەقیران و هەژاران**

(دیوانی بێخود: ٦٣)

حاجی توفیقی (پیرەمێرد)، چەند شیعرێکی ماتەمنامەی بۆ کەسایەتی و ناسیاوەکانی سەردەمی خۆی هۆنیوەتەوە، کە لە دیوانەکەیدا هاتوون، لەوانە، (بۆچلەی مستەفا پاشای یامولکی)، (بۆ کۆچی شێخ عەزیزی برای شێخ نوری شێخ ساڵح)، (بۆ چلەی عەبدولواحد نووری )، (بۆ کۆچی سەید نووری نەقیب) (بۆ شەهیدان مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی)، (بۆ کۆچی جەمیل صدقی زەهاوی)، (شینی مستەفا مەزهەر)، (بۆ کۆچی مەلا ئەفەندی هەولێری/مەلا گچکە)، (بۆ کۆچی شێخ حسام الدین تەوێلە)، (بۆ شێخ قادری گۆپتەپەیی)، (بۆ مەرگی حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم)، (بۆکۆچی عبدالقادری کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا) [٣٥].

شێخ سەلامی شاعیر شیعری ماتەمنامەی بۆ چەند کەسایەتی کورد هۆنیوەتەوە، لەوانە شیوەن بۆ (ئەحمەدی بەگی فەتاح بەگی ساحێبیقڕان)، (خەلەف شەوقی داوودی)، (کاکە حسێنی شێخ عبدالکریمی کربچنە) [٣٦].

لە بەشی (شیوەن وماتەمنامە)، لە دیوانەکەی (شێخ نووری شێخ سالح)دا چەند هۆنراوەی شیوەن و ماتەمنامە هەن کە بۆ کەسایەتی و ناودارانی کورد نووسراون، لە وێنەی، (شیوەنی مەحموود جەودەت)، (کۆچی مەلا ئەفەندی هەولێری) [٣٧].

بێکەس شیوەنی بۆ چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کورد گێڕاوەو لە (شیوەن بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران)ی سالی ١٩٤٧دا دەڵێ:

ئەمڕۆکە ڕۆژی ماتەمە
عالەم دڵی پڕ لە غەمە
ڕووی ئاسمان هەورو تەمە
بۆ جوانەمەرگانی وەتەن

***

وەتەن دەروونی لەتلەتە
گیرۆدەی داوی نەگبەتە
خەوو خۆراکی میحنەتە
بۆ جوانەمەرگانی وەتەن[٣٨].

ئەنجا هەر (بێکەس) شینی بۆ کەسایەتی و ناودارانی کورد لەوێنەی، (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) و (مستەفا مەزهەر) و (قالەی ئایشەخان) گێڕاوە[٣٩].

لە بەشی (شیننامە)ی(دیوانی شاری /عەلی عارف ئاغا)دا چەند دەقی شیعری ماتەمنامە هەیە کە بۆ کەسایەتی و ناودارانی کوردی ڕۆژگاری خۆی هۆنراونەتەوە.[٤٠]

ئەم بابەتە ئەگەر بەدوای دابچین وا بەزوویی کۆتایی نایەت، کورد واتەنی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشی و زۆر تێکستی ماتەمنامە هەیە کە لە وێنەی گەوهەری یەکدانە دیوانی شیعر و گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردیان ڕازاندۆتەوە.

**٦/لاواندنەوەی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی شاعیران:**

زۆر جار وابووە لە مەرگی هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکان، شاعیران فرمێسکی خەم و حەسرەتباریان هەڵڕشتووە و تێکستی خەمنامە و ماتەمباریان بۆ هۆنیوەنەتەوە، دیوانی شاعیرانی کورد لەم بوار و بابەتەدا دەقی شیعری زۆریان بۆ دەور کردووینەتەوە. لێرەدا، تاقە نموونەیەك لە شیعری کلاسیکی دەهێنینەوە کە ئەویش لاواندنەوەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ ١٨٣٧ – ١٩١٠)یە بۆ (قادری وەستا خدر)ی هاوڕێی:

**بۆ نەسووتێ جیگەر و بۆچی نەبێ دڵ بە کەباب**

**بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕووحی ڕەوان میسلی شەهاب**

**بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشمەیی خوێن**

**بۆ لە فەووارەیی موژگان نەچکێ قەترەیی ئاب**

(مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤: ٣٠٩)

ئینجا هەر بۆ نموونە ئاوڕێك لە دیوانی شاعیری بەهرەمەندی کورد (گۆران) دەدەینەوە و دەبینین کەوا مەرگی هەردوو جگەر گۆشەکانی (هیوا) و (گولاڵە) چۆن دووزامی قووڵی خستۆتە پەڕەی جگەریەوە و لە دوو ماتەمنامەی پڕ لە هەنسك و ناڵە و فرمێسکدا چۆن شینی بۆ گێراون. لە (شیوەنی گولاڵە)دا دەڵێ:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**

**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**

**غەرامی کەم دەوامی عومری لاوێم،**

**دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم؟**

**جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم،**

**سەری تاڵەدەزووی ئامالی خاوم.**

**چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،**

**چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟**[٤١].

هەروەها لە بەندی دوایی ماتەمنامەی (لەسەرەمەرگی هیوادا)گوتویە:

**سابۆم بڕوانە تێربەو چاوانە!**

**ڕۆڵە مردنە و فرمێسك بارانە!**

**هیوا ڕۆڵە ڕۆ، کۆرپەم ڕۆلە ڕۆ**

**ئەو کولمە ئاڵە نەرم و نۆڵە ڕۆ**

**ئەو قژە زەردە ئەو چاوانە ڕۆ**

**ئەو نەغمەی (دایە) و (بابە) جوانە ڕۆ**

**تا دەممان ئەکەوێ وەك تۆ:**

**هیوای دایە ڕۆ، هیوای بابە ڕۆ.**

### ٧/ شین و ماتەمنامەی شاعیران لە ناو خۆیاندا:

وا بووە شاعیرانی کورد لە نێو خۆیاندا و لە کاتی مەرگ و ماڵئاوایی یەکێکیان، هاورێکانی لە خەم و تازیەباری لەدەستچوونی شین و ماتەمنامەیان بۆ گێڕاوە و یاد و بیرەوەریان لە مێژووی ئەدەب و لە دڵی ڕۆلەکانی گەلدا بەزیندوویی هێشتۆتەوە.هەم تەعبیریان لە ناسۆری دڵ و هەست و سۆزی خۆیان کردۆتەوە

سەبارەت بە لە دەستدانی هاوڕێیەکیان هەمیشە ئەو کۆست و زیـان و زایەعـەیان بەرجەسـتەکردووە کـەوا لەگەڵ و نیشتیمان کەوتووە. دیـارە ئـەم دیاردەیـە لـە ئـەدەبی هـەموو میللەتانـدا بـەدی دەکرێـت و لـەم ماوەیەدا پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکـات. ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ماتەمنامـەو شـینگێڕی شـاعیرانی کوردەوە هەیە لە ناو خۆیاندا ئاماژە بە چەند نموونەیەك دەکەین.

(کەمالی)لە ماتەمنامەیەکدا بە ناوی(شیوەن بۆ شاعیری بەناوبانگ ئەحمەدی موختار بـەگی عوسمـان پاشای جاف)دا دەڵێ:

**دیسان فەلەك ئەم داخە چ بوو نای بەجگەردا**

**ئەم ئاگرە چی بوو لە دلی عالەمی بەردا**

**دیسان چییە ئەم شۆڕە لە ناو میللەتی کورد**

**عالەم هەموو غەرقە لە قوڕ و شین و چەمەردا**(٤٣)

ئەنجا هەر (کەمالی) ماتەمنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی (بێکەس)ی شاعیر هۆنیوەتەوە.(٤٤)

(شـێخ نـووری شـێخ سـالح) لـە شـیوەنی دا بۆ(مـەلا مـەحموودی بێخـود) ماتەمنامەیـەکی بەسـۆزی هۆنیوەتەوە کەتیادا دەڵێ:

**خەمم نەدیوە کە دڵ هەڵدڕێ وەکو نەشتەر**

**خەمم نەدیوە وەکو تیر بدا بەندی لە جگەر**

**خەمم نەدیوە کە ڕووناکی و فەرەح لەدلا**

**وەها نەهێڵێ، لە جێگەی نەمێنێ شوێن و ئەسەر**

**خەمم نەدیوە لە سەر تەختە نەردی دنیادا**

**وەهابەستێ لە خۆشی و لەپێکەنین شەشدەر**

**خەمم نەدیوە بەری خوێنی دڵوەها بەردا**

**لە فوارەیی دڵەوە هەڵقوڵێتە دیدە وسەر**(٤٥)

لە مەرگ و ماتەمینی (پیرەمێرد)، شاعیرانی کورد هەستو نەستی خۆیان لە چەند دەقـی شـیعری پـڕ لە خەم و ماتەمدا دەربڕیوە کە لەو چلەی ماتەمینییەدا کە بۆی ساز کراوە پێشکەشـیان کـردووە. لەوانـە ماتەمنامەی (بیخـود)، (عبـدالرحمان بـەگی بابـان)، (هیجـری دەدەی کـەرکوکی)، (ڕەمـزی مـەلا مـارف)، (حاجی باقی بەنگینە)، (أ. ب ـ هەوری)، (قانع)، (ئەحمەد شوکری) و (ئەخول) و (هادی سائب)ە.

لـە نێـو ئەمانـەدا (هیجـری دەدە) ماتەمنامەیـەکی خوێندۆتـەوە کـە لـە چـوار بـەش پێکهـاتووە و هەربەشەی بە دیالێکت و زمانێکە بەم شێوەیە: (بەشـی کـوردی مـوکری: ٨)، (بەشـی کـوردی هـەورامی: ١٦)، (،(بەشی فارسـی ٤ بەنـدی پێنجینـی موسـەممەت)، (بەشـی تـورکی:١٩بـەیت). دواتـر ئـەم شـین و ماتەمنامەی شاعیران هەمووی لەتەك کۆمەڵێ وتار و بابـەتی تـر هـەر لـەم بابەتـەدا، لـە کتێبێکـدا چـاپ و بڵاوکرانەتەوە.(٤٦)

هەروەها (گۆران) لە شین و لاواندنەوەی (بێکەس)دا ماتەمنامەیەکی هۆنیوەتەوە بە ناوی (هاوڕێم بێکەس)، لە شێوەی چامەیەکی درێژ کە (٧) لاپەڕەی دیوانەکەی گرتۆتەوە. گۆران بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**ئەی فریشتەی شیعری جوان**
**کۆستی کەوتووی هەردووکمان**
**بۆ ئەم جارە بێ کەسە**
**کەوتمان بێکەس، بەسە**
**شاعیرێك بوو فەننان بوو**
**ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو**
**بۆ باغچەی کزی کوردی**
**بلبل بوو نەغمەی وردی**
**سەرەڕای بەهرەی فەننی**
**دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی**
**نرکەی شیعری رزگاری**
**بێکەس، شتێکە دیاری**
**لە هەموو کوردستانا**
**لە ناو بیر ئازادانا**

لە بەندی کۆتایشدا دەڵێ:

**ئەی شێوە شۆخ ،ئەی پەری**
**دانیشە لای ژوور سەری**
**وەك یاری وەفادار بە**
**بەڕاستی خەفەتبار بە**
**قژی زەرد با پەشێو بێ**
**بەستەم خەم لەسەر لێو بێ**
**تو بڵێ و منی هاوڕێ**
**تا دەستم قەڵەم بگرێ**
**ئەنووسم: دێر دێر، بەن بەن**
**بۆ بێکەس شیعری شیوەن**(٤٧)

کاتێك دڵە گەورەکەی (گۆران) لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، ئەم هەواڵە بە کوردستاندا بلاو دەبێتەوە و دەگەڕێ لە موکریانەوە (هێمن) بانگ و هاواری لێ بەرزدەبێتەوە ماتەمنامەیەك بۆ (شینی گۆران) دەهۆنێتەوە(*). هێمن بەم شێوەیە ماتەمنامەکەی دەستپێدەکات:

**هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران**

**هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران**

**هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن**

**یەخەمان دادڕاوە تا دامێن**

**لە جزیرە هەتا بەحری ڕەش**

**نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش**

**لە دیاربەکرەوە هەتا ورمێ**

**سەر بە قوڕ، مل بەکوینە نێر و مێ**

**هەر لە کەرکوکەوە هەتاکو سنە**

**شین و ڕۆ ڕۆ و فغانی پیاو و ژنە**

بەم ڕەنگەش دوایی پێ هێناوە:

**ڕۆیی ئاواتی بردە بن گلی ڕەش**

**ڕۆیی کورد ماوە بێ کەس و بێ بەش**

**حاجی، گۆران وپیرەمێرد مردن**

**داخەکەم کوردی ئێمە هەر کوردن**

**کوردن و تووشی ڕۆژی تەنگانەن**

**مەردن و دیلی دەستی بێگانەن.**(٤٨)

کاتێك (هێمن) بۆ خۆشی دەمرێ و ماڵئاوایی دەکات شاعیرانی کورد بە کۆمەڵ شینی بۆ دەگێڕن و لە پرسە و تازیەباری ئەو مرۆڤە و شاعیرە بەهرەمەندە، کە وەکو سامان و سیمبولێکی نەتەوەیی لەو ڕۆژگارە و لەو وەختەی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەی سەیرکراوە. مەرگی هێمن لە کوردستانی ڕۆژهەلآت، لانی کەم بۆ چینی خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و ناوەندەکانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کۆستێکی گەورە بووە، کوژانەوەی مەشخەل و بڵێسەیەك لە ڕۆژگارێکدا کەوا ئەو خەڵکە ئومێدی زۆریان پێ هەبوو. بۆیە مەرگ و ماڵئاوایی کردنی قەڵەمی شاعیرانی کوردی بەدەستە جەمعی هێناوەتە شین و فرمێسك هەڵوەراندن. ئەمە بۆتە دیاردەیەك لە مێژووی ئەدەبی کوردی کە پێشتر نموونەی کەم بووە.(*) مەزن شاعیرانی کوردی ڕۆژهەلآت بە گشتی و بە تایبەتیش شاعیرانی موکریان کۆمەڵێك ماتەمنامەی بەرز و هونەری پڕلە هەست و سۆز و کوڵ و کەسەریان بۆ هۆنیوەتەوە، لە وێنەی: حەقیقی، سەید تاهیری هاشمی، مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەبیعی، هەژار، هێدی، خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی، فیدایی، سەید عەبدولقادری سیادەت، ڕاوچی، ئوستا، مارف ئاغایی و ئەمین گەردگیلانی و چەندانی تر، کە هەندێکیان لە دیدی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بە شاکارو سەرتۆپی شیعری ماتەمنامەی کوردی دەردرێنە قەلەم، لێرەدا چەند نموونە دەهێنینەوە و بەپشتبەستن بە گوتەیەی کە دەڵێ، مشتێ نموونەی خەروارێکە دەستبەردار دەبین:(٤٩)

١- شینگێڕیی حەقیقی:

برای بەرزم لە پاش تۆ من ئیتر سەیروسەفاناکەم
بەمەرگی تۆ بەدڵ مەیلی کەژو کێوو چیا ناکەم
بە داخی تۆ وەها جەرگم بڕاوە حەستەمە ژینم
بەزام و ئێشەوە مەرگم دەویَ دەردم دەوا ناکەم
ئەوا دەشت وچیا شینەو لە خاکی نیشتمان شینە
ولاَتی کوردی غەمگینە دەڵێ تەرکی عەزا ناکەم

٢- شینگێڕیی سەید تاهیری هاشمی:

بەهاری کرد بەپایز مەرگی زانای باسەفا هێمن
لەگەل خۆی بردی هۆش و دانش و فەزل و زەکا هێمن
دریَغ زووخاوی خوارد و رەنجی برد و مەینەتی کێشا
کە گەل ڕاحەت بژی و بەڵکو نەچی ڕەنجی بەبا هێمن
کە چل ساڵ دەردی ناکامی و بەلاَی چەوسانەوەو خاری
گوارا کرد لە خۆی بۆ بەرزیەتی گەل مەردی وا هێمن
لە بۆ گەنجی مراد چەند شار و دیَ بەدیَ گەڕیا
لەگەل سروەی بەیانی هاودەمی یادی سەبا هێمن

٣- شینگێڕیی مەلا محەمەدی ڕەبیعی:

لە دونیا دا کەسیَ ڕەنجی بەبابیَ
هەرەس گرتوویە هەرچی کێوە بابیَ
بەهاری بیَ گوڵی بیَ بولبولی کورد
خەزانە کردەوەی وەك کا و با بیَ
لە کۆستێکا کە کوردستانی داگرت
ڕەوایە شیوەن و شین و هەرابیَ

٤- شینگێڕیی سدیق بۆرەکەیی:

خاك خەم نیشتەن وەسەرکوردستان
خار خەم ڕووان جەبەر کوردستان
بولبول مەنالو جەباخ و گوڵزار
ماسی مەگرو و جەدەریا و ڕووبار

چەرخیش خۆکەڕ بیٚ جەغەوغای مەردم

ئای چەند گیان سەختم کەوا نەمردم

٥- شینگێڕیی شێخ عەبدولکەریمی هیرانی (وریا):

گەر هەبیٚ شاعیر لەنێو کوردا بەڕاستی هێمنە

خۆشەویستی ئەو هەمیشە وا لە ناو هەستی منە

شیعرەکانی وەك چرای ڕووناکە بۆ ڕێگەی خەبات

نووکی خامەی ئەو بەوێنەی چقڵی چاوی دوژمنە

مەردی مەیدانی خەبات وبولبولی باخی هونەر

شاعیرێکی پایە بەرز و بیر و باوەڕ ڕۆشنە

٦- شینگێڕیی هەژار:

کاك هێمن برای شیرینم　　چاوان دەگێرم ناتبینم

زل کوێران دەڵێن مردووە　　کۆچی یەکجاری کردووە

دڵەی پڕکلۆڵی هەژارم　　گیانی بیٚ ئۆقرە و قەرارم

بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکا　　چۆن بیٚ منی لە توێی خاکا

٧- شینگێڕی هێدی:

وەرە کە وەك پاییزیٚ زەردە ڕەنگم

دەناڵێنم بەلاٚم ناتکاتیٚ دەنگم

وەرە سەیریٚ سەریٚ هەڵبێنە تاویٚ

وەرە لەو ناوە سیلەی چاویٚ یاویٚ

تا دەڵیٚ:

منیش ناڵێم هێمن کەم هات بەبیرا

ناڵێم هێمن ڕۆیی قەدری نەگیرا

ئێستەش ناڵێم وەرن ڕێزی لیٚ بگرن

من هەر دەڵێم دەگەل کەسی ڕامەگرن[٥٠]

## ئەنجامەکان

وەکو ئەنجامگیری کۆتایی دەکرێ گەوهەری باسەکەمان لەم چەند خاڵانەدا چڕ بکرێتەوە:

١– ماتەمنامە وەکو ژانەرێکی لاوەکی شیعری، بەگوێرەی ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیك، ڕەگو ریشەی بۆ ئەدەبی کۆن و کلاسیك دەگەڕێتەوە.

٢– لە شیعری کوردیدا ماتەمنامە دوو سەرچاوەی بووە: یەکەمیان نەریتی کۆمەڵایەتی ماتەمینی و تازیەباری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، دووەمیش شیعری ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و فارسی.

٣– ماتەمنامە لە وێنەی تەون و ڕایەڵە لە چەندین جۆر و شێوەدا لە هەموو قۆناغەکان باڵاپۆشی شیعری کوردی بووە و لای بەشی هەرە زۆری شاعیران بوون و بەردەوامی هەبووە.

## پەراوێزەکان:

١ـ قدامه بن جعفر والنقد الادبی: ٣٥٦.

٢ـ العمده فی محاسن الشعر، ج ٢: ١٦٦.

٣ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١ : ١٧٦.

(*) لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، شین، شین و لاواندنەوە، شین و شەپۆڕ، تازیمانە و تازیەباری، ماتەمینی، سەرەخۆشی......تاد بۆ ئەم بۆنە و موناسەبەتانە بەکاربراون. سەیری ئەم وشە و زاراوانە بکە لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە).

وەکو زاراوە و مەبەستێکی شیعری (شیعری لاواندنەوە، شین و لاواندنەوە، شیوەن، شیعری ماتەمینی و ماتەمنامە، شیعری شینگێڕی) بەکاردەبرێن، لای ئێمە (ماتەمنامە) وەکو فۆرمێکی زمانەوانی بۆ ئەو مەبەستە شیعرییە دروست و گونجاوە.

٤ـ قدرامه بن جعفر والنقد الادبی:٣٦.

٥ـ ئەفراندن ومردن لە ئەفسانەی کوردیدا:٧٣.

٦ـ فرهنگ اصطلاحات ادبی:٤٣٤.

٧ـ واژەنامه هنر شاعیری: ٢٣٩.

٨ـ سەرچاوەی پێشو:٢٣٩.

٩ـ انواع ادبی :٢٣٧.

١٠ـ فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی:١١٨ .

١١ـ تاریخ الادب العربی: ١٩٦.

١٢ـ هەنبانە بۆرینە :٤٨١.

١٣ـ جواهر المعانی: ٤١،٢٧٨.

١٤ـ دیوانا وەداعی:٢٧،١٠٨.

١٥ـ دیوانی نالی: ٣٧٠.

١٦ـ لە شیعری کلاسیکی عەرەبیدا چەند نموونەیەکی دەگمەنی لەو جۆرە بەرچاودەکەون، یەکێکیان چەند دێڕێکی (عبدالله بن همام السلولی)ە کە لە ماتەمینی موعاویە و پیاهەڵدانی یەزیدی کوڕیدا گوتویەتی. هەروەها (ابو نؤاس)یش قەسیدەیەکی لە سەرەخۆشی کردنی (هارون الرشید) و پیرۆزبایی کردنی لە هاتنەسەرتەختی (ئەمین)دا گوتووە. بگەڕێوە بۆ: العمده فی محاسن الشعر:١٧٠.

هەروەها ئیبن زەیدون (١٠٠٣ – ١٠٧٠ ك)، ماتەمنامەیەكی بۆ مەرگی (ابو الحزم بن جهور)ی پاشای (قرطبة) و هاتنە سەركاری (ابو الولید)ی كوڕی نووسیوە، تیایـــدا دەڵـێ: ئاوابوونی خۆر؛ دەركەوتنی مانگ و ، تەواوبوونی باران؛ گوڵ و گیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

ألم ترَ ان الشمس قد ضمها القبرُ  وان قد كفانا – فقد القمر – البدرُ

وان الحياةَ – ان كان قد اقلع صوبه  فقد فاض في آثره البحرُ

(دیوان ابن زيدون: ١٥٠)

١٧- دیوانی سالم: ٩٠. هەروەها، دیداری شیعری كلاسیكی كوردی:٤٠.

١٨- دیوانی ڕەنجووری: ٢٠٠.

١٩- دیوانی وەفایی: ٢١٠.

٢٠- دیوانی مەولەوی:٦٥٠.

جگە لەمانە، مەولەوی (٢٨) شیعری لاواندنەوەی بۆ دۆستان و كەسانی خۆشەویستی خۆی نووسیوە، لە وێنەی (عەبدولرەحمانی كوڕی مەحموودی یاروەیس، بەگزادەی جاف، شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی، محەمەدی كوڕی خۆی، ئەحمەد بەگی كۆماسی... هتد)

٢١- دیوانی ئەحمەد بەگی كۆماسی: ١٣١.

٢٢- دیوانی مستورە:٣١١.

٢٣- كۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا:٢٦٠.

٢٤- پێرەمێردی نەمر: ١٠٣.

٢٥- شێخ مەحموود لە شیعری كوردیدا:٦١ ـ ١٠٠.

٢٦- دیوانی قانع:٢٢٥.

٢٧- دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح:٣٥٤.

(*) لە سەرچاوەكانی ڕەخنەی ئەدەبیدا جۆرەكانی شیعری؛ (لیریك، ئیپیك، دراماتیك، دیراكتیك) وەكو جۆری ڕەسەن و مێژوویی (ئەسڵی) دراونەتە قەڵەم و مەبەستەكانی شیعری(وەسف وستایش و شانازی و داشۆرین وماتەمنامەو..........) وەكو جۆری دەستی دووەم، لّق و پۆپ، (فەرعی) لە قەلەم دەدرێن: انواع ادبی:٢٣٦.

٢٨- دیوانی شیعر:١٨٩.

٢٩- بۆ كوردستان: ٥٣٩.

٣٠- بەیادی تۆ دەژی دلّم:٥-٦٣.

٣١- گۆڤاری كاروان(٩٣): ٥.

٣٢- دیوانی ئەسیری: ٦٣.

٣٣- محمدئەمین زكی :٢٩- ٤٤.

٣٤- دیوانی ئەورەحمانی بەگی بابان:٥٨.

٣٥- پیرەمێرد، ب ١، ٣٢٩- ٣٦١.

٣٦- دیوانی سەلام: ٩٣، ١٠١، ٢٢٢.

٣٧- دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح: ٣٤٥، ٣٤٦.

٣٨- دیوانی بێكەس:٨٠.

٣٩- دیوانی بێكەس: ١٤٠، ١٤١، ١٥٩.

٤٠- دیوانی شاری: ٢٤١ ـ ٢٥٤.

٤١– دیوانی گۆران: ٩٧.

٤٢- دیوانی گۆران: ٩٣.
٤٣- دیوانی کەمالی: ٢٨.
٤٤- دیوانی کەمالی: ١٥٣.
٤٥- دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح: ٣٤٠.
٤٦- یادی پیرەمێرد: ٥٠.
٤٧- دیوانی گۆران: ٨٣.
(*) ڕۆژنامەی (کوردستان)ی چاپی تاران، ژمارەیەکی خۆی تایبەت کردووە بۆ بیرەوەری کۆچی دوایی گۆران، تیادا نووسەر و شاعیرانی ڕۆژهەلاّت کۆمەلّێك باس و وتار و شیعری ماتەمنامەیان لەو بۆنەیەدا بلاّوکردۆتەوە. بڕوانە:
- کوردستان، ژمارە (٤٣)، سالّی چوارەم، ٢٧ی فوریە ١٩٦٣. هەروەها لە ژمارەیەکی پێشووتریش (عابیدی سیراجەددین) ماتەمنامەیەکی (٢٣) دێری بۆ ئەو کۆچە بلاّوکردۆتەوە. هەروەها (شینی گۆران)ی هێمنیش بۆ یەکەمجار لە ژمارە (٤٦)ی ئەو ڕۆژنامەیە بلاّوبۆتەوە.
٤٨- تاریك و ڕوون: ١٥٣.
(*) من خۆم دواتر لەکاك سەلاحی جوانەمەرگی کوڕی مامۆستا هێمنم بیستووە، کەوا زیاتر لە (٥٠) شیعری شینگێڕی بۆ کۆچی هێمن نووسراوە، کە تائێستا هەندێکیان بلاّونەکراونەتەوە.
٤٩- نموونەکان لەسەرچاوەی جیاجیاوە راگوێزراون. ئێمە لە کتێبێکدا کە بە هاوکاری دۆست و هاوڕێمان (کاك عەلی بواغی)، خەریکی ئامادەکردن و لە چاپدان و بلاّوکردنەوەی داین، نزیك بە هەموو ئەو دەقە شیعرییە شینگێڕیانەمان کۆکردۆتەوە کەدەستمان پێی ڕاگەیشتبێ.
٥٠- دیارە ئێمە لەم باسەدا ڕاگوزەرێکی خێرامان بە شیعری ماتەمنامەی کوردیدا کردووە و ڕوومالّی چەند لایەنێکیمان کردووە و چەند نموونەمان لەو بارەوە خستۆتە ڕوو. دیارە مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نەهاتووە، بەلّکو لە دیوانی شاعیرانی کوردا بە دەیان تێکستی شیعری ماتەمنامە بەدی دەکرێت کە لە بۆنەی کۆچ و ماتەمینی کەسان و ڕووداوی جیاجیادا هۆنراوەتەوە. ئەگەر وردتر بۆ مەسەلەکە بچووینایە و ڕوومالّی هەموو تێکستەکانمان بکردایە ئەوەبێ شك لە قەوارەی ئەم باسەدا جێگای نەدەبۆوە.
( لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ و ٢٦ /٩/ ٢٠١٣) و لە میانەی بەشداریکردنمان لە دووەمین کۆنفرانسی زانستیی سالآنەی (زانکۆی ڕاپەرین) بۆ (زمان و ئەدەب)، ئەم باسەمان لە یەکێك لە سیمینارەکانی کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کرد، هەر لەوێشدا لە ڕێگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانییەوە زانیمان کەوا نامەیەکی ماستەر لەم بابەتەدا لە بەشی کوردی - کۆلیژی زمانی زانکۆی ناوبراو، بە ناونیشانی (لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووودا)، لە لایەن خوێندکار (ئاشنا جلال رفیق)، لە سالّی (٢٠١١)دا ئامادە و پێشکەش کراوە).

## سەرچاوەکان

### أ/ کوردی:

١- ئەفرادن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، فەرهاد عەزیز خۆشناو، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣.
٢- بەیادی تۆ دەژی دڵم، هەژار، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید - کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣.
٣- بۆ کوردستان، هەژار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٤- پیرەمێردی نەمر، محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی (العانی)، بەغدا، ١٩٧٠.
٥- تاریك و روون، هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤.
٦- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمەسەعید حەمەکەریم، دارالحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨٦.
٧- دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی، موحەمەد عەلی سوڵتانی، مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان، سلیمان، ٢٠١٢.
٨- دیوانی ئەسیری، د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٩- دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان، محمود احمد محمد، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٩.
١٠- دیوانی بێخود، محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٠.
١١- دیوانی بێ کەس، محمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٠.
١٢- دیوانی ڕەنجووری، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی أفاق عربية، بەغدا، ١٩٨٣.
١٣- دیوانی سەلام، ئومێد کاکەرەش، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠.
١٤- دیوانی سالم، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧٢.
١٥- دیوانی شاری، ئەحمەد حسێن ئەحمەد، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٢.
١٦- دیوانی شیعر (محمد صالح دیلان)، عبدوڵلا عەزیز خالد، ئەمینداری رۆشنبیری و لاوان، بەغدا، ١٩٧٨.
١٧- دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، ئازاد عەبدولواحید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٨- دیوانی قانع، برهان قانع، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، سلیمانی، ١٩٧٩.
١٩- دیوانی کەمالی، کەمال عەلی باپیر، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٠- دیوانی گۆران، محمدی مەلاکەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٢١- دیوانی مەولەوی، مەلاعبدولکەریمی مودەڕیس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٦.
٢٢- دیوانی مستورە، ماجد مردوخ روحانی، سازمان چاپ و نشر آراس، اربیل، ٢٠٠٥.
٢٣- دیوانی نالی، مەلاعبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
٢٤- دیوانا وەداعی، سەعید دێرەشی، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٨.
٢٥- دیوانی وەفایی، د.عوسمان دەشتی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٦- رۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی بنکەی ژین، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ب٤، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٧- شێخ محمود لە شیعری کوردیدا، لەتیف بەرزنجی، مطبعة الثقافة و الشباب، اربیل، ١٩٩٠.
٢٨- کۆیە لەرەوتی سارستانیەتدا، کەریم شارەزا و کەسانی تر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٩- گۆڤاری کاروان، ژمارە (٩٣)،ساڵی دەیەم، هەولێر، ئاداری ١٩٩٢.
٣٠- محمد امین زکی، علاءالدین سجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٨.
٣١- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ب١، ب٤، هەولێر، ٢٠٠١، ٢٠٠٤.
٣٢- یادی پیرەمێرد، علاءالدین سجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥١.
٣٣- هەنبانە بۆرینە، هەژار، سروش، تهران، ١٣٦٩.

**ب/ عەرەبی:**

٣٤- تاريخ الادب العربى (العصر الجاهلي)، د.شوقى ضيف، ط٣، دارالمعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٠.

٣٥- جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني، تحسين ابراهيم الدوسكي، دار سپيريز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٥.

٣٦- العمدة في محاسن الشعر و آدابه و نقده، ابي على الحسين بن رشيق القيرواني، عبدالحميد هنداوي، ج٢، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٧.

٣٧- معجم المصطلحات الادبية، پول آرون و آخرون، ت: د.محمد حمود، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٢.

**ج/ فارسی:**

٣٨- انواع ادبی، سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ دهم، تهران، ١٣٨٢.

٣٩- فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیماداد، انتشارات مرواريد، تهران، ١٣٨٢.

٤٠- فرهنگ توصیغی اصطلاحات ادبی، ام. ١چ. ایبرمز، ت: سعید سبزیان، انتشارات رهنما، ١٣٨٧.

٤١- واژەنامه هنر شاعری، میمنت میر صادقی، کتاب مهناز، تهران، ١٣٧٣.

# مەرگ لە ئەفسانەدا

## داستانی گلگامێش بە نموونە

**سالار عوسمان**
مامۆستای یاریدەدەر
کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین

### پێشەکی

مەرگ پرسێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتییە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە لە گەڕانێکی قووڵدایە بە دوای ناسین و تێگەیشتن و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی مەرگ، سەرەتا لە ڕێی لێکدانەوە سادەکانی، دواتر لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن و کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری و زانست کە ئەفسانە و ئاییینیش لە تەکیدا هاریکار بوون، توانی قسە لە مەرگ و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مەرگ بکات، لێ قسەکردنێکی یەکلاکەرەوە نا، چونکە مەرگ یەکێ لەو پرسە یەکلانەکراوانەی مێژووی مرۆڤایەتییە کە تا هەنووکەیش دەرگای ڕامان و پرسیار و گەنگەشە بەسەریدا ئاوەڵایە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە (مەرگ لە ئەفسانەدا، داستانی گلگامێش بە نموونە) هەوڵێکی زانستیانەی خاکەڕایە بە ئاڕاستەی ناساندنی مەرگ و پێوەندیی نێوان ئەفسانە و مەرگ.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێك دێت:

بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی زاراوە و چەمکی مەرگ و، لەگەڵیشیدا تێڕوانینێك سەبارەت بە ئەفسانە لە سەرەتای قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتی و هەمدیس پێوەندیی ئەفسانە لەگەڵ ترس و نەمرییدا.

بەشی دووەم لایەنە پراکتیکیەکەیەتی و، داستانی گلگامێش بە نموونە وەرگیراوە، تا بشێین لە ڕێگەی ئەو داستانەوە کە بە دێرینترین داستانی ئەفسانەیی دادەنرێت لە مێژوودا، باس لەو گەڕانە بێهودەی مرۆڤ بکەین سەبارەت بە تێگەیشتن لە مردن و گەڕان بە دوای نەمرییدا.

## بەشی یەکەم

## مەرگ: زارەوە و چەمك و تێڕوانین

### ١-١ زاراوەی مەرگ

مەرگ وشەیەکی کوردییە و لە دوو بڕگە (مە + رگ) پێك دێت، لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر وشەی (مەرگ)دا، (مردن) و (مرن)یش بەکار دێت، مەرگ واتە (ئاکام، مرن، گل، مردن)[١] و ئەگەر فراوانتر لێی بڕوانین، واتە (گیاندان، تێداچوون، لەنێوچوون)[٢] و (ڕووحکێشان، گیانکەندن، تیاچوون، سەرنانەوە)[٣] و

[1] گیوی موکریانی: فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩، لـ٨٥٢
[2] هەر ئەو سەرچاوە، لـ٨٥٧

عەرەبیش هەر وای پێدەلێن و وشەگەلێکی وەك (موت، وفاە، منیە، روی، منون)[4] و (اجل)[5] ـیان بۆ داناوە و، تورکیش (Olum)[6] بە کار دەهێنین و، فارسیش (مرگ)[7] و ئینگلیزیش (Death)[8] بەکار دەبەن.

بەو پێودانە دەکرێ بڵێین، تاڕادەیەکی زۆر سەرجەم زاراوەکان لە مانادا لە یەکەوە نزیکن و، ئاماژەن بۆ لە نێوچوون، یان نەمانی مرۆڤ.

هەر لە نێو باسی زاراوەی (مەرگ)ـدا پێویستە ئەوەیش ڕوون بکەینەوە کە ئایا هیچ پێوەندییەك لە نێوان وشەی (مرۆڤ) و (مردن ـ مەرگ)ـدا هەیە؟

بۆ قسەکردن سەبارەت پێوەندیی نێوان وشەی (مردن ـ مەرگ) لەگەڵ (مرۆڤ)ـدا، پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ زمانە کۆنەکان، چونکە قسەکردن لە پێوەندی نێوان وشەی (مرۆڤ) و (مردن ـ مەرگ) بەر لەوەی قسەکردنێکی زمانەوانی بێت، قسەکردنێکی مێژووییە.

بۆ ئەوەی نزیك بینەوە لە ڕاستیی زانستی، پێویستە ئەم دووخاڵە ڕەچاو بکەین:

١– پێویستە بگەڕێینەوە نێو زمانە کۆنەکان، سەرەتا هەر زمانێك بە تەنیا وەربگرین و بزانین چ پێوەندی، یان لە یەکنزیکییەك هەیە لە نێوان هەر دوو وشەی (مرۆڤ و مەرگ)ـدا لە نێو خودی زمانەکەدا.

٢– زمانەکان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین، واتا هەر زمانێك لەگەڵ زمانەکەی تردا بەراورد بکەین، لە پێوەندی نێوان وشەی (مرۆڤ) و وشەی (مردن ـ مەرگ)ـدا.

هەرێم عوسمان لە لاپەڕە (١١٠ – ١١٢)ـی کتێبەکەیدا (چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا) و لەژێر ناونیشانی (ڕیشەی وشەی مردن لە کوێوە هاتووە)، بەسوود وەرگرتن لە فاروق عومەر سدیق (لە دایکبوونی وشە – لاپەڕە ٦٧، ٧١، ٧٢، ٧٨ و ٨٠) دەیەوێت ئەم پێوەندی و نزیکییە پشتڕاست بکاتەوە، لێ پێموایە ئەم باسە قووڵبوونەوەی پتری دەوێت و، پێویستە ئەم دووخاڵەی پێشتر باسمان کرد، بە وردی لەم قوڵبوونەوەیەدا ڕەچاو بکرێ.

هەرێم عوسمان دەڵێ: (.. گەر بگەڕێینەوە بۆ بنجی وشەی مرۆڤ لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان دەبینین (marta < mr – ta) و، ئاوێستا (mareta) و، فارسی کۆن(martiya) ، پەهلەوەی(mard) ، (mart)، (martum)، (mardom)، گریکی(mortos) ، لاتینی(morotalis) ، ئینگلیزی(mortal) ، هاوکات لە فەڕەنسی (morta)ـە کە لە لاتینییەوە هاتووە(mors) ، لە عیبریشدا دەکاتە (mouth) و، لە فارسی نوێ (مرد، مردم)

[3] هەژیر عەبدوڵڵا پوور: فەرهەنگی هەژیر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، ٢٠٠٧، لـ١١٧٣

[4] فاضل نظام الدین: ئەستێرەگەشە، فەرهەنگی کوردی – عەرەبی ـیە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی الاجیال – بەغدا، ١٩٧٧، لـ٦٨٢

[5] هەر ئەو سەرچاوە لـ٦٧١

[6] مولود ساری: الموارد، قاموس ترکی – عربی،concayayinevi، ٢٤٤،١٩٩١

[7] دکتر حسن انوری: فرهنگ بزرگ سخن، تهران، ١٣٨١،ج٨، ٦٩

[8] ناهدە رفیق حلمی: ڕێبەری ڕێبوار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریە للطباعة، ١٩٨٨ لـ٢٠٥

و تاجیکی (مرد، مردم)، گەر سەرنجی فۆرمی هەریەك لەم وشانە بدەین دەبینین لە یەکنزیکییەکی زۆر بە دی دەکرێت).[9]

تا ئێرە هەرێم عوسمان باشی بۆچووە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی قەناعەت بەخۆمان بهێنین و بڵێین کە پێوەندی و لەیەکنزیکی لە نێوان هەردوو وشەی (مرۆڤ و مردن)ـدا هەیە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەمان، گەر لە زمانی عەرەبیدا وردبینەوە، دەبینین لە بەرانبەر وشەی (مرۆڤ)ـدا وشەگەلێکی وەك (انسان، شخص، بشر، الجنس البشری)[10] بەکار دەبەن و لەبەرانبەر وشەی (مردن)ـیشدا وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە (موت، اجل، وفاه، منیە، روی) بەکار دەهێنن و، هەر بەم شێوەیە لە زمانی تورکیشدا لێکدووریی‌ەك هەیە لە نێوان هەردوو وشەی (مرۆڤ – مردن)ـدا،.. لە زمانی تورکیدا لە بەرانبەر وشەی (مرۆڤ) وشەی (insan)[11] بەکار دەهێنن و پێشتریش ڕوونمان کردووەتەوە کە (olum) بۆ مردن بە کار دەبەن.

## ١-٢ مەرگ وەك چەمك

مەرگ چەمکێکی قسەهەڵگر و فرە ڕەهەندە، بۆیە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە و بیر دەکاتەوە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە و لە دەوروبەر و سروشت و ژیان لێکەوتەکانی ڕادەمێنێ، یەکێك لە پرسیارە گەورە و خەمە قووڵەکانی تێگەیشتنە لە مەرگ، بۆیە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە، هەر لەسەرەتای ئیدراك و پەیبردن بەو ڕاستییەی کە ژیانی مرۆڤ دەورە دراوە بە کۆمەڵێك نهێنی و یەکێ لە نهێنییە هەرە گەورەکانیش مەرگە، ئا لەوساتەوە تا ئێستا، مرۆڤ سەوداسەر و عەودالێ، ماندوو و شەکەت، بەردەوام بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە گەورە و، بە دوای ئاشکراکردنی ئەو نهێنییە مەزنەوەیە.

لە هەر گۆشەیەکەوە لە مەرگ بڕوانین، مەرگ بەجۆرێك خۆی نیشان دەدات، جۆری گۆشەکان و جیاوازییەکانیان جیاوازیی دەخاتە نێو پێناسەکانەوە، لێ لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە، لەوەتەی ئیدراك و گەڕان بە دوای وڵامی پرسیارەکان سەری خستووەتە نێو زانست و دەگەڵێشدا زانستەکان هەڵدەکشێن، مەرگ پێناسەی جۆراوجۆر و جیاوازی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەو جۆر و جیاوازییانە، کە هەریەکەیان سەربەشوێنێك دا دەکەن و، لەتەك ئایین، یان ئەفسانە و ئایدیا و ئاراستەیەکی هزریدا لەنگەر دەگرن، بەڵام دواجار هەر هەموو ئەو پێناسانە، بەتەواوی جیاوازییەکانیشیانەوە، لە دوو ڕوانگەی جیاوازدا کۆدەبنەوە کە بریتیین لە :

---

[9] هەرێم عوسمان: چەمکی مردن لە زمانی کوردییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ٢٠١٣، لـ١١٠ – ١١٢

[10] فاضل نظام الدین: ئەستێرەگەشە، لـ٦٢٧

[11] Alāadin Karkmaz, Müjgān Karkamz: TuRKCE SöZLük, Turky, Dyanet VaKF: yay INLarI ANkara – 1994 - 242

١- ڕوانگەی ئایینی.
٢- ڕوانگەی مەتریالی.

### ١- ڕوانگەی ئایینی:

ڕوانگەی ئایین، ڕوانگەیەکی پیرۆزە بۆ مەرگ، ئایینەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە مەرگ وەك ڕووداوێکی پیرۆز سەیر دەکەن و هەر بەو پیرۆزییەشەوە بەرخوردی دەگەڵدا دەکەن، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لە ڕوانگەی ئاییندا کائینێکی پیرۆزە، تەنانەت هەندێ کەڕەت پیرۆزییەکەی نزیك دەبێتەوە لە جێنیشینی خوا، (هەر بۆ خۆیشی ئێوەی کردە جێ نشینانی زەوین....)[١٢] ، بە واتایەکی تر بە پیرۆز سەیرکردنی مەرگ لە ئاییندا واتا بە پیرۆز سەیرکردنی مرۆڤ، چونکە دواجار ئەوە مرۆڤە دەمرێ و، هەر بۆیەشە سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی مەرگ لە چوارچێوەیەکی شکۆدار و شایستە بەو پیرۆزییەی مرۆڤ ڕێکخراون.

لە ڕوانگەی ئاییندا مەرگ بریتییە لە :

- هاتنی وادەی فەرمانی خوا بۆ ڕۆحکێشانی مرۆڤ.
- جیابوونەوەی ڕۆحی مرۆڤ لە جەستەدا و هەڵکشانی ئەو ڕۆحە بۆ لای خوا.
- کۆتاییهاتنی تەمەنی پێشوەختە نووسراوی مرۆڤە لای خوا.
- کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤ لە دونیا و دەستپێکردنی ژیانی دوایی.
- مردن نێوەندێکە لە نێوان دونیا و دواییدا، (مەنزڵگایەکە بۆ دووبارە ژیانەوە)[١٣].

### ٢- ڕوانگەی مەتریالی

ئەم ڕوانگەیە تەواو پێچەوانە و دژە لەگەڵ ڕوانگەی ئایینیدا، سەرلەبەری ئەو پێناسانە مرۆڤ تەنیا بە (بوون)ـەوە گرێ دەدەن، چونکە (لای مەتریالیستەکان، جیهان تەنیا لە یەك شت پێکهاتووە، ئەوەیش ماددەیە)[١٤]، ئەم باوەڕە لەگەڵ مێژوودا هاتووە و ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و، (تالیس ٦٢٤ – ٥٤٦ پ.ن) پێیوایە (بنەما و جەوهەری هەموو شتەکان (ئاو)ـە)[١٥] و، (دیمکرێتس ٤٦٠-٣٧٠ پ.ن) پێیوایە مردن کۆتایی یەکجاری مرۆڤە، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا (ڕۆح نەمر نییە، زیندووبوونەوەش نییە)[١٦] و، سەبارەت بیریار و فەیلەسووفە هاوچەرخەکانیش، (مارتن هیدگەر ١٨٨٩ – ١٩٧٦)یش کە خودان تێزی

---

[12] ئایەتی (١٦٥)، سوورەتی (ئەنعام)، قورئانی پیرۆز: و: هەژار، چاپخانەی گەورەی قورئانی پیرۆز، لاپەڕە ١٥٠

[13] میشێل مالرۆب: مرۆڤ و ئایینەکان، و: هیوا مەلا عەلی سوورەدێی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، لـ١٢٢

٢www.shatharat.net ٢٠١٤/٢/٧ د.محمد خطاب: المادية ـ تعرفها، مرحلها،

[15] هەر ئەو سەرچاوە

[16] سیروان ئەحمەد سەعید: دەروازەیەك بۆ فەلسەفە/ کلاسیك، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٩، لـ٦٧

(دازاین – بوونەوەری مرۆیی)ـیە، مەرگ وا پێناسە دەکات کە (کۆتایی بە بوونەوەری مرۆیی هێناوە)[17] و، پێیوایە کە مردن (لایەنێکی دیاریکراوە لـە لایەنـەکانی وەقائیعییـە –لـە پێنـاو خۆیـدا – )[18] و، (مـۆریس بلانشۆ ١٩٠٧–٢٠٠٣)یش مردن وەك ڕێکەوتێك دەبینێ و پێیوایە ئەوە (ڕێکەوتی مەرگە وا دەکات بێ توانا بین لە پێشبینیکردنی مەرگ)[19] و، جاك شورون ـ یش لە چەمکی (دیاردە)ـدا چڕی دەکاتـەوە و، وای بـۆ دەچێت کە (مردن دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیان)[20].

ئەگەر لەم پێناسانە وردبینەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە چەمککەگەلێکی وەك (مادده ـ سروشت و واقیعی بابەتیانە، ئاو، نەمرنـەبوونی ڕۆح، توانـای کۆتاییهـاتن بـە بوونـەوەری مرۆیـی، ڕێکـەوتی مـەرگ و دیاردە) ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ڕوانگەی مەتریالی ـ لەگەڵ هەبوونی جیاوازی نێوانیان ـ لەسەر ئەوە کۆکن کە مردن وابەستەیە بە بوون و تێکەڵی مەسەلە نادیار و غەیبیەکان و شـیکردنەوە وەهمییـەکان نـاکرێ و، تەنێ لە سنووری ئەقڵ و بوون ـ ەوە و، دوور لە هەر پێدانی پیرۆزییەکـەوە خوێندنـەوەی بۆ دەکرێت و شیدەکرێتەوە، کەواتە مەرگ لە ڕوانگەی مەتریالییەوە بریتییە لە:

- کۆتایی بوون ـ ێك کە هەیە.
- کۆتایی ژیانی مرۆڤ و وەستان لەوێدا.
- ئەو توانایەی کۆتایی بە بوونەوەری مرۆیی دەهێنێت.
- ئەزموون نەکردن، چونکە ئەوە بوون ـ ە ئەزموون دەکـرێ و مـەرگ ـ یـش کۆتـایی بـەو بـوون ـ ە دێنێت.
- پێشبینی ناکرێت، چونکە ئەزموون نەکراوە.
- نهێنییەکە ئاشکرا ناکرێ، چونکە نهێنی بوون ـ ێك نییە تا کاری لەسەر بکرێت و هەوڵی شیکردنەوە و ئاشکراکردنی بدرێت.
- هێزێکە و مرۆڤەکان تێیناگەن، بۆیە لێشی دەترسن.

### ١–٣ مەرگ لە ئەفسانەدا

لە نێو ئەفسانەدا مەرگ حزورێکی پان و بەرین و فراوان و فرە لایەنی هەیە، چونکە مەرگ لـە یەکـەم چرکەساتی نمایشی پڕ هەیبەتی خۆیدا ئەو پرسیارە گەورەیەی خولقانـدووە، کـە لـەو سـاتەوە تـا ئێسـتا مرۆڤ بە دوای وەڵامیدا وێڵ و سەرگەردانە، ئاخۆ ئەمە چییە؟. ئەم هێزە چییە کە ڕۆح لە جەسـتەی مـرۆڤ هەڵئەقەنێ و، دواجار جەستەیەکی سارد و سڕ، بێڕۆح و جوولە جێدەهێڵێت؟. ئەم ڕووداوە چییە و چـۆن ڕوویدا و، لە کوێوە هات و بەرەو کوێ؟. هەموو ئەمانە پرسیاری مـرۆڤن لـە چرکەسـاتی تراژیـدیا ئـامێزی

---

[17] جاك شورون: الموت فى الفكر الغربى، ت: كامل يوسف حسين: عام المعرفه ٦٧٦، كويت ، ١٩٩٠، ص٢٢٣
[18] هەر ئەو سەرچاوە ص ٢٨١
[19] هەرێم عوسمان: چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، ل ١٥١
[20] جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ص ٢٦٦

بینینی یەکەم مەرگدا، پرسیارگەلێك کە تا ئێستایش مرۆڤەکان پێیوە مژوولن و زانستیش دەگەڵیدا ماندوو و شەکەت، لێ هەموو ئەو پرسیارانە هێشتا سەریان بە وەڵامێکی قایلکەردا نەکردووە کە ئاوی دڵی مرۆڤ بداتەوە.

بەر لەوەی بچینە نێو قوڵایی قسەکردن سەبارەت مەرگ لە ئەفسانەدا و پێوەندییەکانیان، پێویستە ئەگەر بە کورتیش بێت، پێناسەی ئەفسانە بکەین.

پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە کونجێکی فەلسەفەییەوە لە ئەفسانە دەڕوانێ و پێیوایە کە (جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی)[21] یە و (بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ دەزانرێت بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت)[22] ، بەو پێودانە ئەگەر ئەفسانە جۆرێك بێت لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە ئاراستەی جیهانناسیدا، ئەوا لە نێو لاپەڕە مێژووییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ـ تایبەت پاژی ئەفسانە – بابەتگەلێکی زۆر بۆ نەوەکان ماوەتەوە کە بریتیین لە قسەکردن لە مەرگ و هەموو ئەو پرسیار و ڕامان و خەم و ئەندێشانەیشی لەگەڵ خۆیدا کۆکردووەتەوە کە هەم بۆ توێژەران مایەی ئاوڕلێدانەوەن، هەمیش قۆناغەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیمان بۆ شی و پۆلێن دەکات و دەستمان دەگرێ تا زانستیانەتر لە مەرگ بدوێین، چونکە وەك(د. ڕانیا سەمارە) گوتەنی: (ئەفسانەکان ئاکامی کۆششی باوانی سەرەتان بۆ لێکدانەوەی ئەو شتانەی لە دەورووبەریان ڕوویانداوە)[23] ، بۆیە لێرەدا بە گەڕانەوەمان بۆ لێکدانەوە سەرەتاییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە مەرگ، ڕووناکی دەخەینە سەر بەشێکی هەرە گرینگ لە تێگەیشتن لە مەرگ، لێ تێگەیشتنێك (کارل گوستاف) گوتەنی: (وێنەیەکی سەرەتایی کۆنەستی مرۆڤەکانە کە لە ئەزموونە خودییەکانەوە بەرهەم هاتووە)[24] ، کەواتە ئەوەی سەبارەت مەرگ لە نێو ئەفسانەکاندا دەبینرێت بریتییە لە ئەزموونی خودی مرۆڤەکان و، وێنەیەکی تێگەیشتنی مرۆڤە سەرەتاییەکانە بۆ مەرگ، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، کە ڕاستە ئەو (ئەزموون–ئەزموونی خودی مرۆڤەکان، وێنە ـ وێنەی تێگەیشتنی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ مەرگ) لەسەر هیچ بنەمایەکی زانستییانە هەڵنەچنراوە، لێ زانست لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا سوودێکی زۆری لێ بینیوە، سوودوەرگرتنێك بە ئاراستەی باشتر ناسین و تێگەیشتن لە مەرگ.

بەر لەوەی باس لە ئەفسانەکان بکەین، کە ئایا چۆن و بە چ شێوەیەك مەرگ تیایاندا بەرجەستەیە، یان چۆن و بە چ بیر و ڕا و بۆچوون و بینینێکەوە سەرەدەرییان دەگەڵ مەرگدا کردووە، بە پێویستی دەزانین لا لە دوو مەسەلەی گرینگ بکەینەوە.

---

21 د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١٠، لـ١٧

22 هەر ئەو سەرچاوە، ل١٧

23 د.ڕانیا سەمارە: ئەفسانە و ئەدەب، و: حسێن سابیر عەلی، چاپخانەی شەهاب – هەولێر ، ٢٠٠٨،ل٨

24 ستانلی هایمن: النقد الادبی و مدارسه الحدیثة، ت: احسان عباس و یوسف نجم، ج١، ص٢٤٦

### ١-٣-١ ئەفسانە: منداڵیی هزری مرۆڤایەتی

ئەفسـانە شـیکردنەوەی سـەرەتاییانەی مرۆڤـە بـۆ دەورووبـەر و دیـاردە و نهێنییـەکان، لـێ شیکردنەوەیەکی سادە، چونکە ئەوکات، لەکاتی ڕسکانی بیرە ئەفسانەییەکان مرۆڤ لە بەرانبەر دەورووبەر و دیاردە و نهێنییەکان، وەك کاراکتەرێکی بێدەسەلات، بێزانیاریی و تەنانـەت ترسـاو خـۆی بینیوەتـەوە، هەربۆیە هەوڵیداوە بەو بێدەسەلاتی و بێزانیارییەی خۆیەوە ڕووبەڕووی ئەو ترسە ببێتەوە، ئەو ترسەی لە ڕێگـەی ڕووداوە کـت و پڕەکـان، کـە ئەوسـا بـۆ ئـەو کـت و پـڕ بـووە و دواتـریش بۆتـە نهـێنی و هـەوێنی لێکدانـەوە، پێدەچـێت لێکدانـەوەکان تـا زەمـەنێکی زۆریـش فریـای نەکـەوتبێت و، لـە بـەردەم ڕاسـتی ڕووداوەکاندا بە ئاراستەی ئاشکراکردنی هیچ لەو نهێنییانەدا، هێور و ئارام ڕاینـەگرتبێت! . هەربۆیـە مـرۆڤ سەرەتا مرۆڤێکی توڕە بووە، توڕەبووە لەبەرئەوەی زەمەنێکی زۆر لە نێوان تێگەیشـتن لـە دیاردەکـان و پێگەیینی ئیدراك هەبووە، زەمەنێك کە مرۆڤ لە ململانێیەکی قورسدا بووە لەگەڵ خۆی، لەگەڵ سروشـت و دەورووبەر و ڕووداوەکاندا،.. ئا لەو زەمەنەدا مرۆڤ بیرکردنـەوە و لێکدانـەوە سـادەکانی خـۆی دەهەمبـەر ڕووداوەکان ـ مەرگ لە نێویدا ـ دەربڕیوە، دەربڕینێك ئێستا وا لە نێو ئەفسانەکاندا بە فراوانـی ماوەتـەوە و، ئێمەیش لە خوێندنەوە و شرۆڤەکردنیاندا وا تێی دەگەین کە ئەم لێکدانەوە و خوێندنەوە سـەرەتاییانە بریتین لە لێکدانەوەی قۆناغی منداڵیی مرۆڤایەتی.

لـەو قۆناغـەدا مـرۆڤ و لێکدانـەوەکانی، مرۆڤایـەتی و هـەموو ئالۆزییـەکانی لـە بـواری لێکدانـەوەی ڕووداوەکان ـ مەرگ لە نێویدا ـ ڕێك لە لێکدانەوەی منداڵ دەچێت بۆ ڕووداوەکان، چونکە هەم ڕووداوەکان نوێن، هەمیش کت و پڕن و، هەمیش تێیان ناگـات و لـە هـەوڵی تەفسـیرکردنیاندایە، چـۆن تەفسـیرکردنی منداڵ بۆ دیارەکان بێزانیاری و بێئەزموون تێدەپەڕێت تـا دەگاتـە قۆنـاغی زانیـاری و پێگـەیینی ئیـدراك، هەروایش مرۆڤایەتی زەمەنێکی زۆری بڕیوە، زەمـەنێك پـڕ لەسـەر ئێشـە و دەردیسـەر تـا زانیـاری پەیـدا کردووە و گەیشتووەتە ڕادەیەك لە ئیدراك، بۆیە دەڵێین ڕادەیەك لە ئیدراك، چونکە تا هەنووکە مرۆڤایەتی بە هەموو ئەو زانستەیش کە بە سەریدا کەڵەکە بووە، نـاتوانێ وەڵامـی تـەواوی هەنـدێ پرسـیار بداتـەوە، ـلەنێویاندا وڵامی پرسیاری مەرگ ـ، کەواتـە دەکـرێ بڵـێین ئەفسـانە منـداڵیی هـزری مرۆڤایەتییـە و، ئـەو دەرازینگەیـە کـە مـرۆڤ لەسـەرەتادا سـەرجەم لێکدانـەوەکانی خـۆی تێـدا جێکردووەتـەوە، هەربۆیـە ئەفسـانەکان پڕاوپـڕن لـە لێکدانـەوەی جیـاواز و، سـەیر و سـەمەرەیی لـە بـیر و تێـڕوانین و دەربـڕین و چارەسەر..!

(گیزیلGesell) لە کتێبەکەیدا (منداڵ لە پێنج تا دە) لێکدانەوەی منداڵ بۆ بیرکردنەوە لە مەرگ بـەم شێوەیە دابەش دەکات:[٢٥]

ـ منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا: منداڵ لەو تەمەنەدا ناتوانێ هەست بە بوونی ژیانی خۆی و ئەوانـەی پێش خۆی بکات و، پێیوایە ئەگەر مردنیش هەبێت کاتییـە و مـرۆڤ زینـدوو دەبێتـەوە، دوور لـە هەڵچـوون نایەوێت خۆی ڕادەستی مەرگ و بیرکردنەوە لە مەرگ بکات.

[25] جاك شورون: الموت فی الفکر الغربی، ص١٦

ـ منداڵ لە تەمەنی شەشساڵیدا: ئەو سەرەتا هەڵچووە دەست پێدەکات کە تێیدا ئەو نیگەرانییە درووست دەبێت، کە لەوانەیە دایکی بمرێت و جێی بهێڵێت، لەو تەمەنەدا منداڵ مردن بە کوشتن، یان پیری و نەخۆشی دەبەستێتەوە و مردن وەك جۆرێك لە دوژمنکاری وێنا دەکات، لێ هەر دان بەو ڕاستییەدا نانێت کە خۆی دەمرێت.

ـ لە تەمەنی حەوت ساڵیدا: گومان لە بیرکردنەوەیدا دەست پێدەکات، گومان لەو بیرکردنەوەیەی کە بەردەوام مەرگی بۆ خۆی ڕەت کردووەتەوە، بە واتایەکی تر لەوانەیە مەرگ بگاتە خۆیشی.

ـ لە تەمەنی هەشت، نۆ ساڵیدا: ئەم قۆناغە بە هەنگاوی یەکلاکەرەوە دادەنرێت و منداڵ تێیدا تێدەگات کە نەك هەندێك، بەڵکوو هەموو دەمرن، جا بە کوشتنیان بێت، یان بە نەخۆشی و پیری.

ئەگەر سەیری ئەم دابەشکردنەی (گیزیلGesell ) بکەین دەبینین جۆرێك لە نزیکی و پێوەندی هەیە لە نێوان بیرکردنەوەی منداڵ بۆ مەرگ و لێکدانەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ مەرگ، هەر بۆیە دەکرێ بێژین کە ئەفسانە قۆناغی منداڵیی هزری مرۆڤایەتییە سەبارەت بە ڕووداوەکان –مەرگ لە نێویدا –، چونکە مرۆڤە سەرەتاییەکانیش هەر بەو شێوەیە و، بەم قۆناغبەندییە تێپەڕیون تا گەیشتوونەتە ئەو ئیدراکەی کە بەڵێ مەرگ ڕووداوێکی حەتمییە و دەگاتە هەموو مرۆڤەکان و تەنانەت گیانلەبەرانیش، بێگومان ئەمەیش لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە بووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ سەرەتا مردنی بینیوە ـ تەنها بینین ـ، لێ هیچ زانیارییەکی لەبارەوە نەبووە، بەلام دواتر لە ڕێگەی (ئەزموونکردن)ـەوە زانیاری چنگ کەوتووە، ئەم پێوەندییە لەم هێلکارییەی خوارەوەدا پتر ڕوون دەبێتەوە.




**١-٣-٢ ئەفسانە لە نێوان ترس و نەمرییدا**

ئەفسانە چۆن سەریهەڵداوە؟ بەرسڤی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، تەنیا هەر ئەوە نییە بڵێین هۆی دروستبوونی بریتییە لە لێکدانەوەی خەیاڵئامێزی مرۆڤەکان لەسەردەمی زوودا، یان بێژین داتاشینی وێنە

خەیاڵییەکانە بۆ ڕووداوەکان و، ڕووداوەکان هۆکارن، نا،.. پێدەچێت پرسەکە لەوە قووڵتر بێت.

بەر لەوەی ئەفسانە دروست بێت مرۆڤ هەبووە، لێ مرۆڤێکی بێزانیاری و بێدەسەلات، مرۆڤێك نەیتوانیوە تەنانەت پێناسەی دروستی خۆیشی بکات، مرۆڤێك دەوردراو بە ڕووداوگەلێکی نوێی ئەوتۆ کە بەردەوام لەبەردەم چەندین پرسیاری قورس دۆش داماوە، بەڵام بەرلەوەی پرسیاریشی لا دروست بێت، لە بەرامبەر هەموو ئەو ڕووداوە نوێیانەدا، ترس مرۆڤی بە ڕادەیەك تۆقاندووە کە نەتوانێت زاتی ئەوە بکات باش لە جەستەی خۆیشی ورد بێتەوە، مرۆڤ ترسی لە هەموو شتێك بۆ دروست بووە، ترس لە خۆی و جەستە و خەون و حەز و خەمەکانی، سروشت و باوبۆران و ڕووناکی و هەورەتریشقە و، ئینجا چاوی برسی مرۆڤەکانی دەروبەر و، دواتر برسیەتی و سەرما و ململانێی ژیان و.. هتد، کەواتە مرۆڤ لەهەر هەموو شتەکان ترساوە، تەنانەت لە شتە خۆشەکانیش چونکە هیچی لە بارەوە نەزانیون، بەو پێودانە مرۆڤ لە سەرەتادا مرۆڤێکی ترساو بووە، ئەم ترسە لەگەڵی هاتووە و تا ئێستایش لەگەڵیدایە و لێی نابێتەوە، لە کوێ وەلامی پرسیارێکی چنگ کەوتبێ، لە کوێ نهێنییەکی بۆ ئاشکرا بووبێ، لە کوێ چارەسەری بۆ گرفتێك دۆزیبێتەوە، لەوێ ترسەکەی کەمێك سووك بووە، لێ هەر ماوە.

ترس بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە مرۆڤ، بەشێك لە پێکهاتە و هزر و دەروون و تەنانەت ڕەفتارەکانیشی، کەواتە مرۆڤ لەگەڵ ترسدا هاتووە و گەورە بووە و پێگەییوە.

چی لەو ترسە بکات؟ چۆن دەگەڵیدا بەرخورد بکات و، چۆن لە خۆی دوور بخاتەوە؟. هەوڵی مرۆڤ لەمبارەیەوە هەوڵێکی شێلگیرانە بووە، لەوانەیە سەدان کارەساتی گەورەی بەسەردا هاتبێ تەنیا لە سەرینی ئەوەی لە ترس ڕزگاری بێ، بە حوکمی ئەزموون ئەم هەولانە برێکیان سەری گرتووە و بەشی زۆریشی ماوەتەوە، بۆ ئەم بەشە زۆرە هەڵساوە لە ڕێگەی ئەو کەمە ئەزموونەی کە هەیبووە چێرۆکگەلێکی لە خەیاڵدانی خۆیدا چێکردووە و لێکدانەوەی چارەسەرئامێزی بۆ ڕووداوەکان –کە ترس لە پشتیەوەن– درووست کردووە، ڕووداوە هەرە گەورەکەش مەرگ بووە، (ئۆشۆ ١٩٣١ – ١٩٩٠) دەڵێ:(ترس لە مردن دایك و ڕەگ و ڕیشەی هەموو ترسەکانی ترە)[٢٦] ، ڕووداوی گەورە –مەرگ –، ترسی گەورە – ترس لە مەرگ– ی خولقاندووە و[٢٧]، تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، مەرگ هەر ڕووداوە گەورەکەیە و ترسیش لە مەرگ هەر ترسە گەورەکەی مرۆڤە.

زۆربەی ئەفسانەکان، یان تایبەتن بە مەرگ، یان بە جۆرێك مەرگ تێیاندا لا لێکراوەیە، یانژی لە گۆشەیەکا ئاماژەیەکی بۆ کراوە، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا مرۆڤ بشێ لە ڕێی ئەفسانەکانەوە ترسە بێسنوورەکەی لە مەرگ سنووردار بکات، باشترین ڕێگە و چارەسەر و دەلیڤە بۆ سنووردارکردنی ئەم ترسە و خۆپاراستن لە مەرگ، (نەمری)یە، ئا لێرەدا نەمریی وەك جۆرێك لە دەرەتان و چارەسەر خۆی دەنوێنێت، چارەسەرێك ئێستاش مرۆڤەکان لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدان لە پێناویدا، کەواتە:

---

[26] ئۆشۆ: ترس لە مردن دایکی ترسەکانی ترە، و: جەواد حەیدەری، پاشکۆ، کاکێشان، ژ١٠٢، ل١٣ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ٥٨٩٥، ٣/١٠/ ٢٠١٢

[27] الاسطورة ئەفسانە لەسەر بنەمای ترس دروست بووە): پێیوایە (دایڤید هیوم) ٢ ڕاستە www.alarab.net بەڵام ،٢٠١٣/٢/٨ ، ئێمە پێمانوایە ترسەکە پتر لە مەرگ بووە.

مرۆڤ هەیە و ترس، ترس هەیە و خەیاڵ و لێکدانەوە دێنێتە پێش، خەیاڵ و لێکدانەوە ئەفسانە بەرهەم دێنێت، ئەفسانیش سەرێکی گەورەی وا لە نێو قسەکردنە لە نەمریی.

ئێمە پێمانوایە ترس لە مەرگ ئەفسانەی خوڵقاندووە، ئەفسانەیش وا بە کۆمەڵێ ئاماژە و هاوار و گریان و وێناوە بەدوای نەمرییەوەن.

## بەشی دووەم:

## داستانی گلگامێش: گەڕانێکی بێهوودە بەدوای نەمرییدا

لەنێو قووڵاییەکانی شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا و لەبەرەبەیانی مێژوووەوە تا ئێستا، داستانێکی ئەفسانەیی ڕووە و نەمریی، خۆیشی نەمر، وەردەگێڕدرێتەوە سەر زمانەکانی دونیا و، خوێندنەوە و شرۆڤە و ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەم داستانە ئەفسانەیە (گلگامێش)ـە، کە (پاش ئەوەی ئیسمیت لە وێرانەکانی ئاشور بانی باڵ دا ئەم دوازدە رووبەرگەی دۆزیەوە و توانی بیخوێنێتەوە، بەڕاستی سامانێکی گەورەی مرۆڤایەتی دوای هەزاران ساڵ چاوی بە ڕووی دونیای تازەدا کرایەوە، مرۆڤی ئەم چاخە بە ناباوەڕێکی چەسپاوەوە بۆ شارستانییەت و کلتووری ڕابردووی مرۆڤایەتیی هاتە سەر چۆك، داستانی گێل گەمێش یەکێکە لە جوانترین و پڕناوەرۆکترین و کۆنترین گۆشەکانی بیر و هزر و ئاوەزەی مرۆڤ لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا،.......... خەمی مەرگ و کرانەوەی گرێکوێرەی ژیان و مان، لەم شاکارەی ئەندێشەی مرۆڤدا هەموو ئاکارەکانی چاکە و خراپە و دەسەڵات و سامان و نەبوون و هەژاری لەگەڵ چارەنووسی نەگۆڕی مەرگ و ژیاندا بەیەکەوە گرێدراون و ئاوێنەی بەلانوێنی مرۆڤ و چارەنووسی مسۆگەری ئەون)[28]

(گلگامێش) کە لەلایەن هەر سێ خواوەند – خواوەندی هەورەتریشقە و خواوەندی خۆر و خواوەندی زەریا – بە پاشای ئوروك هەڵبژێردرا، زانا و فرەدەسەڵات، لە سێ بەشان دوو بەشی خوا، سەرجەم ململانێکانی بۆ باڵایی بوو، لە باڵاییدا پێیوابوو نامرێت، بەڵام کە (ئەنکیدۆ – هاودەمە گیانییە بەهێزەکەی –) دەمرێت، ئیتر مەرگ لە نمایشی پڕهەیبەتی خۆیدا (گلگامێش) دەخاتە سەرچۆکان و، لەوساوە لە هەوڵی بێ پسانەوە بۆ نەمریی و بە ترسێکی گەورەوە خۆی لە شاخ و دەشت، دەر و دەریا، لافاو و زریان، ئاگر و تۆفان دەدات، بەر لەوەی (ئەنکیدۆ)-یش بمرێت، ئەو ترسە – ترسی مەرگ – هەر لە گەڵیدا بوو، بەڵام پێیوابوو باڵایی و دەسەڵات ئەو ترسە ناهێڵێت و دەتوانیت بەسەریدا زاڵ بێت، ئەوەتا کە دەرگاوانەکەی (خومبەبە) لە خوێن دەگەوزێنن و، بەنیازن بگەنە (خومبەبە) و بەهەمان دەردی ببەن، (گلگامێش) ئاوا لەگەڵ (ئەنکیدۆ) قسان دەکات:(بێتوانا مەبە، بێهیممەت و تۆقیو مەبە هاوڕێکەم! دەبێت لێرەدا بڕۆین و ڕووبەرووی (خومبەبە) بوەستینەوە، بۆ مەگەر هەر ئێمە نەبووین دەرگاونەکەیمان لە خوێن گەوزان؟....... لەیادتدا واز لە مەرگ بێنە، بۆ ئەوەی ترس وازت لێ بێنێ...!)[29]

---

[28]. جەلیل ئازادیخواز: گێل گەمێش، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥ لاپەرە ٧ و ٨

٢ ئەحمەدی شاملۆ: داستانی گلگامێش، وەرگێرانی ئیدریش شێخ شەرەفی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٤، لاپەرە ٢.

زۆر بەڕوونی لە (یادتە واز لە مەرگ بێنە، بۆ ئەوەی ترس وازت لێ بێنێ!) وەدیار دەکەوێت کە (گلگامێش) مەرگ و ترسی مەرگ ڕۆحی کۆڵیوە، یانژی دوای ئەوەی لەگەڵ (ئەنکیدۆ)، (خومبەبە) دەکوژن و سەرە شاخدارەکەیشی دەبەنە سەر دارێکی بەرز وەك هێمایەك بۆ سەرکەوتن، لە پڕ دەنگێك: (هۆی بگەڕێنەوە، کارەکەتان بەئاکام گەیشتووە، ئێستا بۆ شار، بۆ ئوروك بگەڕێنەوە کە چاوەڕوانی ئێوە دەکات، هیچ بمرێك پێ نانێتە شاخی پیرۆز، ئەو شوێنەی خوداکان لێی نیشتەجێن.....)[30]

دیسان زۆر بە ڕوونی لە (هیچ بمرێك پێ نانێتە شاخی پیرۆز، ئەو شوێنەی کە خواکان لێی نیشتەجێن) وەدیار دەکەوێت کە :

-ئەوانەی دەمرن ناتوانن پێ بنێنە شاخی پیرۆز، پێ بنێنە ئوروك، گلگامێش پادشای (ئوروك)ـە، کەواتە دەبێت ئەو نەمر بێ.

-شوێنی خوداکان – ئوروك لەنێویدا – شوێنی نەمرەکانە .

دیارە دوای کوشتنی (خومبەبە)، ململانێکان بەردەوامن، ململانێ لەگەڵ (عەشتار)، کوشتنی کەڵەگای ئاسمان، تووڕەبوونی (شەمش)ـی خواوەند، سووتانی خۆر لەسەر کوشتنی کەڵەگای ئاسمان و چەندین گێرمەوکێشە و گفتوگۆ، لێ هەر هەموو ململانێکان بۆ مانەوەن، مانەوە لە ژیان.!

لە تابلۆی حەوتەمی داستانی ئەفسانەیی (گلگامێش)ـدا، (گلگامێش) ڕوو لە (ئەنکیدۆ)، ئەوا دەدوێت: (ئەو هاوڕێ، خوا مەزنەکان نیازیان چییە؟ بۆچی خواوەندە مەزنەکان نەخشەی فەوتاندنی ئێمە دادەڕێژن؟ خەونێکی سەیرم بینیوە کە ئەنجامەکەی هەواڵی بەڵایەکی پێیە، بە چرنووکە مەفرەغییەکانی خۆی منی فڕاندبوو....)[31] ئەم دواندنە پتر دواندنێکە داپۆشراو بە ترس لە مەرگ و، پرسیارێکە تژی لە مەرگ و، خەونەکە و چرنووکی هەڵۆکەش ئاماژەیە بۆ مەرگێك کە پێیوایە – گومان لە مەرگ – دواتر ڕوو دەدات.

هەر لەو تابلۆیەدا و لە شوێنێکی تردا (ئەنکیدۆ) لە تاو گەرمی تایەکەیدا، ئاوا بە گلگامێش دەڵێ: (ئەی هاوڕێ! خواوەند نەفرەتی لە ئاوی ژیانی ئێمە کرد، من لە نێو جەنگدا نەکەوتمە سەر زەوی، دەبێت بێ هیچ شانازییەك بمرم)[32]

بەر لەوەی (ئەنکیدۆ)ـیش بمرێت، (گلگامێش) بەدەم گریانەوە ئاوای وت: (ئەنکیدۆ ئەی هاوڕێی گەنج! هێز و دەنگی تۆ لە کوێ ماوەتەوە؟ ئەنکیدۆی من لە کوێیە؟.... تۆ سەری خومبەبەت لەگەڵ مندا بۆ ئوروکی بەشوورە دەورەدراو هێنایەوە، بەجۆرێ کە چیانشینە زوڵملێکراوەکان، ئازاد لە بێداری دێو، بەردەوام بۆمان دەپاڕێنەوە، کەڵەگای نەڕەکەری ئاسمان ئێمە لە خوێنمان گەوزاند، ڕەنگە پەسەندی خواوەندەکان نەبووبێ کە ئێمە بە تووڕەیی پەلاماری ئیشتار بدەین و ئەو کەڵەی کە لە ئاسمانەوە بەرەڵایان کردبوو لە خوێن بگەوزێنین)[33]. لێرەدا دەبینین:

[30]. هەر ئەو سەرچاوە، ل ٢٧
[31]. هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٤
[32]. هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٥
[33]. هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٦ و ٣٧

-هاوار، هاواری مەرگ

-پەسنی ئازایەتیی (ئەنکیدۆ) جۆرێکە لە پاساو و خۆحەشاردان لە ترسی مەرگی چاوەڕێکراو.

-هەوڵی ئەوان – گلگامێش و ئەنکیدۆ– لە بەرقەرارکردنی عەدالەت بۆ چیانشینەکان، جۆرێکە لە پاڕانەوە.

-ئاماژەدان بە پاڕانەوەی ئازادبووان لە بێداری، جۆرێکە لە چارەسەر و چاوەڕوانی.

-نیشاندانی هێز (کەڵەگای نەڕەکەری ئاسمان ئێمە لە خوێنمان گەوزاند) جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام دەوردراو بە ترس.

-تەسلیم بوون بە مەرگ (ڕەنگە پەسەندی خواوەندەکان نەبوویێت کە ئێمە بە تووڕەیی پەلاماری ئیشتار بدەین).

- (ئەنکیدۆ) دەمرێ، (گلگامێش) درەنگ، دوای حەوت ڕۆژ سپاردەی خاکی دەکات، ئەم درەنگ بەخاکسپاردنەیش دەلالەتی قورس قەناعەتکردنە بە مەرگ، بەلاّم لە چرکەساتی مردنی (ئەنکیدۆ)دا (گلگامێش رووی هاوڕێکەی خۆی –ڕووی ئەنکیدۆ – داپۆشی هەر بەو چەشنە کە رووی بوکان داپۆشن، وەکوو نێرە شێرێك دەینەڕاند، وەکو دێڵە شێرێك کە زامی ڕمی بەرکەوتبێ هاواری شیوەنی لێ هەستا، مووی خۆی داڕنی و پەرش و بلاّوی کردەوە، جلەکانی خۆی دادڕی و بەرگی تۆزاوی پرسەی لەبەرکرد، هەر کە یەکەمین کازیوەی بەرەبەیان درەوشاوە، گلگامێش شیوەنی دەست پێکرد، شەش شەو و شەش ڕۆژ لە سەری – لەسەر ئەنکیدۆ – گریا تاکو سوورایی بەرەبەیانی حەوتەمین ڕۆژ وەدەرکەوت، تا ئەو کاتە، هێشتا بە خاکی نەسپاردبوو)[٣٤]

مەرگی (ئەنکیدۆ)، (گلگامێش)ی خستە سەر چۆکان و لەبەردەم حەقیقەتی مەرگی دانا، چونکە (ئەنکیدۆ) نموونەیەکی بالاّ، ئازا و چاونەترس، لە ڕوانگەی (گلگامێش) شایستەی ژیان و نەمریی بوو، کەچی مرد ! ! دوای مردنی (ئەنکیدۆ)، (گلگامێش) ڕوو لە دەشت دەکا و وێڵی دۆزینەوەی (ئەنکیتۆ)ـیە، بەلاّم مەرگ بە جۆرێك حەپەساوی کردووە، ڕوو لە نێچیرڤانێك دەکا و لێی دەپرسێ: (ئایا منیش ئەگەر بمرم هەر وەك ئەنکیدۆم لێ نایەت؟. ئازار سواری دڵم بووە و ترسی مەرگ دایگرتووم، بۆیە بۆلای دەشت غارمدا)[٣٥] .. پاشای ئوروك ـی مەزن، زانا و فرەدەسەلاّت و هەموو شت دیتە و، لە سێ بەشان بەشێك خوا،.. بنۆڕە مەرگ چۆن هەترەشی بردووە و لە دەشتان غار دەدا و ئازار سواری دڵی بووە، لە وەلاّمی نێچیرڤاندا کە لێی دەپرسێت: (.. لە کوێوە ڕووخساری تۆ بەمجۆرە زەرد هەڵگەڕاوە، بۆچی ڕووت بەم چەشنە ژاکاوە؟ بۆچی هاواری شیوەن لە دڵی تۆ هەڵدەستێ؟ بۆ وەك سەرگەردانی ڕێگا دوورەکانت لێ هاتووە؟ بۆچی ڕووخسارت بە با و باران و هەتاو سووتاوە؟ بۆ ئاوا بە تاو بە کێڵگەکاندا تێدەپەڕی؟)[٣٦] ، (گلگامێش) دەڵێ: (.. هاوڕێیەکەم، ئەوەی خۆشم دەویێ، بۆتە خاك! ئەنکیدۆ ـی هاوڕێم بووە بە خاکی

[34] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٧

[35]. هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٨

[36] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٨

ڕوس، ئایا منیش نابێت بکەومە هێمنییەوە؟ ئایا منیش نابیٚ ئیدی تا ئەبەد هەڵنەستمەوە؟)[٣٧]، ترس و گومان، — ئایا منیش نابیٚ بکەومە هێمنییەوە؟ .. تا ئەبەد هەڵنەستمەوە؟— لەم چەند پەیڤەدا بە ڕوونی (گلگامێش)ـی خستووەتە بەردەم ڕاستی ڕووداوێك ـ ڕووداوی مەرگ ـ کە حەتمییە و دەبیٚ ڕووبدات.

(گلگامێش) بە دەشت و بیابانەکاندا تێدەپەڕیٚ و بە دەم ئەو پرسیارەوە کە تژییە لە ترس و گومان لە مەرگ، (ئایا منیش وەکوو ئەنکیدۆ نابێت بمرم)[٣٨] ڕووە و ئاسمان و لەبەر دەرگای (سین ـ خواوەندی مانگ) و، (نین ئوروم — خاتوونی تاوەری ژیان) دەپاڕێتەوە و دەڵیٚ: (ژیانم لە زیانان بپارێزن)[٣٩] ، زیان لێرە مەرگە و پاراستنیش واتە نەمری.

(گلگامێش) لە گەڕان و سۆراخ و کۆشش بەردەوامە و، لە گفتوگۆیدا لەگەڵ (دووپشکی نێر):

- (گلگامێش): (ئێستا ترسی مەرگم لیٚ نیشتووە.. بە شاخاندا هەڵگەڕام و هاتمە لای تۆ، بڕیرم کردەوە بچمە لای باوانی مەزنی خۆم، بچمە لای ئوت نە پیش تیم، ئەو ـ ئوت نە پیش تیم ـ گەیشتە ئەوەی بگاتە جەرگەی خواوەندان،. هێندە تا خۆی ژیانی نەمری دۆزییەوە، من نیازمە بچمە لای و پرسیاری مەرگ و ژیانی لیٚ بکەم)[٤٠].

- دووپشکی نێر: (.. ئەو دیوی شاخەکان، دەریایە کە سەرزەوییە خاکەکانی داگرتووە، لەم خەرەندەی تاریکی هیچ کاتێك مرۆڤێك نەگەڕاوەتەوە.... سەرای ئوت نە پێش تیم ـی دوور لێرە، لە دەم ڕووبارە، لەوبەری ئاوەکانی مەرگ، هەربۆیە هەرگیز هیچ کەشتییەك تۆ بۆ ئەو لایەنە نابات)[٤١].

- (گلگامێش): (.. مۆڵەتێك بدە با بچمە چیا، با ئوت نە پێش تیم ببینم و پرسیاری ژیانی لیٚ بکەم، چونکە ئەو بەدەستی هێناوە، . لیٚ گەڕیٚ با تێپەڕم، وا بیٚ منیش ژیان وەدەست بێنم)[٤٢] ،

لە نێو گفتوگۆیەکەدا هەوڵ و کۆششی (گلگامێش) بە دوای نەمرییەوەیە، بەڵام هەوڵێك چنراو بە ترس و نیگەرانی و گومان، (گلگامێش) ڕێگەکە دەبڕیٚ و سەفەرەکە دەست پێدەکات، کە دەشیٚ ناوی لێنێین سەفەر بە دوای نەمرییدا، سەفەرێکی قورس و دوور و درێژ و، دواتر لەگەڵ (شەمش —خوای سووتێنەری خۆر—) بەدەم دەستی بەرزکراوەی پڕ لە پاڕانەوەوە، (گلگامێش) دەڵیٚ: (.. ڕێگەی ماڵی ئوت نە پێش تیم ـی دوورم پیشان بدە! کەشتیوانەکەم پیشان بدە، کە بتوانیٚ لە زەریا قووڵەکانی مەرگ بە ساخلەمی تێپەڕم بکات، هەتاکو بتوانم هەواڵیٚ لە ژیانم وەربگرم)[٤٣] ، (شەمش)ـیش پێی دەڵێت: (گلگامێش! بۆ لای کویٚ ڕادەکەیت؟ ئەو ژیانەی کە بە دوای کەوتوویت، نایدۆزییەوە)[٤٤] ، دیارە

37 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٨
38 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٣٩
39 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤١
40 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤١
41 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤١
42 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٢
43 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٣
44 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٣

(گلگامێش) بە دوای نەمری کەوتووە و، سەفەر و هەوڵیش سەفەر و هەوڵی گەڕانن بەدوای گەیشتن بە نەمرییدا، بەڵام ئەوەتا (شەمش ـ خوای خۆر–) ڕاستی نەدۆزینەوەی نەمری و، حەتمییەتی مردنی لەبەردەمدا دادەنێت، کەچی ئەو –گلگامێش– هەر سوورە و لە هەوڵ ناکەوێت، ئەوەتا بە (شەمش) دەڵێ: (.. لەبەرچی نابێت منیش بە دوای ژیاندا بگەڕێم، لەبەرچی نابێت من ژیان بۆ ڕۆژانی هەتاهەتایی بدۆزمەوە)[45].

– (شەمش): (بڕۆ بۆ لای سی دوری سابی تو خاتوونی زانای کێوی ئاسمان، ماڵەکەی لەوبەری دەروازە، لە ئاستانەی باخی خواوەندان، لە قەراخ دەریایە، سی دوری سابی تو پاسەوانی درەختی ژیانە...... ڕێگای مەنزڵگای ئوت نە پێش تیم ـی دوورت پیێ نیشان دەدات)[46].

(گلگامێش) لە هەوڵدان بەردەوامە، لە هەموو دەرگاکان دەدات و سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکات، کە نزیك دەبێتەوە لە ماڵی سی دوری سابی تو، دەرگاکە بە ڕووی (گلگامێش)ـدا کلۆم دەدرێت و، ئەم داخستن و کلۆمدانەیش ئاماژەیە بۆ بێ هودەیی هەوڵەکان، بەڵام (گلگامێش)ـی بەدەشت و بیابان کەوتوو بە دوای نەمرییدا، دەیەوێت هەموو کلۆمدانێك بکاتەوە و ژیان و گەڕان بە دوای نەمری لە کەللەی سەریداوە و تا دواهەناسە واز ناهێنێت، (سابی تو! چیت بینیوە کە دەرگام بە ڕوودا دادەخەیت؟.. ئەو پڕکێشییەم هەیە کە دەروازەکە یەکڕاست لە بنەوە هەڵتەکێنم...)[47]، (سابی تو) دەرگاکە دەکاتەوە و، ئەویش هەر ئەو پرسیارە، پرسیاری ئەوەی کە بۆ وا چەماوە و ژاکاو و ئازاردیدەیە و، ئەویش (گلگامێش) بەهەمان شێوەی پێشوو وەڵامی (سابی تو –پاسەوانی درەختی ژیان–) دەداتەوە کە مەرگ (ئەنکیدۆ)ـی لێ سەندووە، بۆیە وای لێ هاتووە و ئاوا بەدەشت و سەحرا کەوتووە، بەدوای نەمریدا و هۆی هاتنیشی بۆ لای ئەو (لای سابی تو) بەم چەشنە ڕوون دەکاتەوە: (ئێستا سابی تو من لە تۆ ڕادەمێنم تا لەو مەرگە ڕانەمێنم کە لێی تۆقیوم)[48]، (سابی تو) لە وەڵامدا ڕاستییەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە: (گلگامێش، نیازی کوێت هەیە؟ ئەو ژیانەی خواستی تۆیە نایدۆزییەوە، خوداکان کاتێك مرۆڤیان خولقاند، مەرگیان کردە بەهری ئەوان، نەمرییان کردە هی خۆیان.... بگەڕێوە بۆ شاری خۆت کە تێیدا پاشای پەسەندکراوی خەڵك، کە تێیدا پاڵەوانی)[49]، (گلگامێش) وازناهێنێ و نایەوێت خۆی ڕادەستی واقیع بکات، بۆیە داوای لێ دەکات ماڵی (ئوت نە پێش تیم)ـی پیشان بدات، لەبەرئەوەی هەوڵی (گلگامێش) بۆ نەمری هەوڵدانێکی بێ پسانەوەیە و، نەگەڕانەوەیشی بۆ (ئوروك) نە گەڕانەوەیە بۆ مەرگ، (سابی تو) دەیەوێت (گلگامێش) خۆی لەو ڕێگەیە نەدات، چونکە (ئەو ڕێگەیە بەرەو لای ئاوەکانی مەرگ دەچێت)[50]، بەڵام (گلگامێش) بڕیارێکەو داویەتی، بڕیاری ئەوەی هەموو ڕێگاکان، هەموو سەختییەکان، تەنانەت ململانێ لەگەڵ بێئامانی

45 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٤
46 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٤
47 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٦
48 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٧
49 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٧
50 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٨

دەریاشدا بکات تا دەگاتە یەقین، چونکە لای ئەو دۆزینەوەی ژیان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی، زاڵ بوون بەسەر مەرگ و گەیشتن بە نەمریی خاڵی گەیشتنە بە یەقین، (گلگامێش) دەگاتە دەریا، سندوقی پڕ لە بەرد لە کەنار دەریان و، هاوار دەکات، هاوار بۆ کەشتیوان: (کەشتیوان! بە دواتا دەگەڕێم، من لەوبەری دەریا ببە ئەوبەری دەریا! من لە ئاوەکانی مەرگ بۆ ئەوپەڕ ببە!)[51] ، چ وەڵامێك نابیستێ، لە قەهران سندووقە بەردەکان تێك دەشکێنێ، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆلای جەنگەڵەکە، (ئورشەنەبی – کەشتیوانی ئور نە پێش تیم–) کە گلگامێش دەبینێ، لێی دەپرسێ تۆ کێی و، بۆ وا ڕووخسارت ژاکاوە، هەر ئەو پرسیارانەی لێ دەکات کە پێشتر لێی کراوە، ئەویش (گلگامێش) هەمان وەڵام دەداتەوە و، دواتر پرسیاری چۆنیەتیی پەڕینەوەی لێدەکات و، ئەویش (کەشتیوان) پێی دەڵێت کە چی بکات، هەموو شتەکان دەکات، بەڵام لەوە وریای دەکاتەوە کە (ئاوی مەرگ وەدەستت نەکەوێ، ئەگینا لە جێی خۆت دەمری!)[52] ، (گلگامێش) هەموو هەنگاوەکان جێبەجێ دەکات و سەد و بیست تیر لە بنی گێژاوی مەرگ دەکوتێت، ئەگەر سەیر بکەین:-

-دەریا و بێئامانی ئاو و، ململانێکانی

-جێبەجێکردنی هەنگاوەکان – لێدانی سەد و بیست تیر لە بنی گێژاوی مەرگ

-وریایی لەوەی دەستی بە ئاوی مەرگ نەکەوێت.

هەموو ئەمانە هەوڵی بێ بڕانەوەی (گلگامێش)ـن بۆ ژیان، لێ بە دیوەکەی تردا نزیکبوونەوەیە لە مەرگ، چونکە: دەریا و ئاو، ململانێی دەریا و بێ ئامانی ئاو بەهێزترن لە ئیرادەی (گلگامێش)ـێك کە ترسی مەرگ وەدەشتانی خستووە و بێ (ئەنکیدۆ)-یی ڕۆحی کلۆر کردووە .

لەگەڵ هەموو سەختییەکاندا (گلگامێش) دەگاتە کەناراو و، ئەو هەوڵەیشی وەئاکام دەگات و چاوی بە (ئوت نە پێش تیم – ئەوەی ژیانی دۆزیوەتەوە) دەکەوێت.

دوای یەکتر ناسین، (ئوت نە پێش تیم) پرسیاری ڕەنگ زەردی و پەشۆکاوییەکەی لێ دەکات و، ئەویش هەمان هۆکار و هەمان وەڵام –خەمی مەرگی ئەنکیدۆ– دەداتەوە و، دواتر لە وەڵامی داواکاری (گلگامێش)ـدا (ئوت نە پێش تیم) یەژێ: (.. نەمریی پشکی مرۆڤان نییە، مەرگ تۆقێنەرە، ئامانجی هەموو ژیانێکە، ئایا بەنەمریی ماڵ چێ دەکەین، یان نەمران پەیمان دەبەستن؟ براکان ئایا میراتی باوك نەمرانە دابەش دەکەن؟ ئایا مرۆڤ نەمرانە لە شادی بەرهەمهێنان بەرخوردار دەبێ؟ ئایا هەموو ڕۆژ ڕووبار هەڵدەچێت و خاك زەوی دادەپۆشێ؟ ....... ڕۆژەکانی ژیان بە ئەژمار دەدەن، بەڵام ڕۆژەکانی مەرگ ناژمێردرێن)[53].

لە تابلۆی یازدەهەمی داستانی ئەفسانەیی (گلگامێش)ـدا، (ئوت نە پێش تیم) زۆر ڕاستی بۆ گلگامێش ئاشکرا دەکات، تایبەت لە ڕێگەی گفتوگۆکانی لەگەڵ خوای خۆی (ئائا)، ئەوەتا لە زاری

---

[51] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤٩

[52] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٥١

[53] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٥٥

(ئەئا)ـوە کە ڕوو لە خوای خۆی (ئن لیل) دەکات، کۆمەڵێ نهێنی ئاشکرا دەکات، تایبەت نهێنی تۆقان، دواتر (ئوت نە پێش تیم) بە (گلگامێش) دەڵێ بۆ ئەوەی خودای بەهێز بتباتە جڤاتی خواوەندەکان (دەبێ هەوڵ بدەی تا شەش شەو و ڕۆژ نەخەوی)[54] ، کە گلگامێش خەوت، (ئوت نە پێش تیم) وای بە ژنەکەی گوت: (بڕوانە ئەو پیاوە قارەمانەی لە ژیان دەگەڕێ، لەو خەوەی کە هەر وەك با بەسەریا هەڵی کردووە، توانای ڕابوونی نییە)[55] ، گلگامێش هەموو توانەیەك، هەموو ئامادەییەکی تیایە —بەنوستنی شەش شەو و ڕۆژیشەوە— تەنیا بۆ ئەوەی بگاتە یەقین، یەقینی ئەوەی ئایا ناکرێ تاهەتایە بژی؟ چونکە گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ (گلگامێش) گەیشتن بوو لە گومانەوە بە یەقین.

-گلگامێش: (ئێستا دەبێ چی بکەم، ئەی ئوت نە پێش تیم؟ ڕوو لە کوێ کەم؟ خەو وەکو دز ڕفاندبوومی، مەرگ لە خەودا دانیشتووە، من لە کۆلیتەکەم و لە هەر جێیەك بم مەرگ لەوێ ئامادەیە)[56].

-ئوت نە پێش تیم: (لێ گەڕێ با ڕازێکت بۆ ئاشکرا کەم، لێ گەڕێ با سەمەرەیی گیایەکی شاراوەت پێ بڵێم. ئەم گیایە وەك دڕك وایە کە لە قووڵاییە دوورە دەستەکان، لە قووڵاییی قووڵاییەکانی دەریادا دەڕوێ، دڕکەکانی هەر دەڵێی چقڵی ژوژکن، بەرەو دەریای ئاوی شیرین بۆ دوور دەچێ، ئەگەر بێتو ئەو گیایە وەدەست بێنی و لێی بخۆی، گەنجیت دەگەڕێتەوە، گەنجیت پایەدار دەبێ)[57] ، ئەگەر لەم چەند دێرەی دوایی ورد بینەوە، دەبینین:

– ڕاز: هەمیشە لە پشت ڕازان ڕاستییەکی شاراوە هەیە، بۆیە ئەفسانەکان بە بایەخەوە لە (ڕاز)ـیان ڕوانیوە و، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ هەموو شتە نەزانراوەکانی مرۆڤ و خواوەندەکان.

– گیایەك وەك دڕك: جۆرێك لە دژایەتی و، وێکنەچوونی تیایە، چونکە (گیا —دڕك) کەمجار لەگەڵ یەکدا کۆدەبنەوە و، ئەمەیش لایەنە ئەفسانەییەکە بەرجەستە دەکات.

– ئاوی شیرین: ئاماژەیە بۆ ئاوی حەیات، ئاوی ژیان و نەمریی، لێرە (شیرینی) ئەو ئاماژەیە قوڵتر دەکاتەوە.

– گیا و گەنجی: نزیکییەك لە نێوانیاندا هەیە، لەبەرئەوەی گیا وەك گەنجی، تولاز و کورت تەمەنە، یان چێتر بڵێین لەیەك قۆناغی تەمەندان، ئەو گیایە —ئەگەر چنگ کەوێت— (گلگامێش) گەنج دەکاتەوە.

لە دوا تابلۆدا — تابلۆی دوازدەهەم — (گلگامێش) دوای ئەو سەفەرە سەختە لێوانلێو لە ململانێیە دەگەڕێتەوە (ئوروك)، ئەم گەڕانەوەیە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ مەرگ —چونکە کە پشتی لە (ئوروك) کرد بەرەو نەمریی هەنگاوی هەڵێنا، کەچی هەنووکە وا لە (ئوروك)ـە، (گلگامێش) لە (ئوروك)ـە و، کاهینە سیحرباز و ڕامکەرانی ڕۆحی کۆکردۆتەوە و دەڵێ: (گیانی ئەنکیدۆم بۆ بانگ بکەن! پێم بڵێن، چۆن دەتوانم سێبەری ئەنکیدۆ ببینم، دەمەوێ چارەنووسی مردووەکانی لێ بپرسم)[58]، ڕاستە گەڕانەوەی

---

[54] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦١

[55] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٢

[56] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٣

[57] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٣ و ٦٤

[58] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٦

(گلگامێش) بۆ (ئوروك) ئاماژەیە بۆ مەرگ، بەڵام (گلگامێش) نەوەستاوە و بۆ ساتێکیش لە هەوڵەکانی لەپێناو گەیشتن بە نەمریی ناوەستێ.

پیرترین کاهین ئامۆژگاری و ڕێنوێنی گلگامێشی کرد کە چۆن و بە چ شێوەیەك بچێتە دونیای ژێرینی خاك، گلگامێش هەموو ڕێنوێنییەکانی جێبەجێکرد و، لەوێ:

-گلگامێش: (لێگەڕێ با ئەنکیدۆ، هاوڕێکەم بێتە لام، دەمەوێ چارەنووسی مردووەکانی لێ بپرسم)[59]

-لە وەڵامیدا، ئەرەش کی گەل:– (ناتوانی مردوو ببینی! تۆیان بۆ ئێرە بانگ نەکردووە)[60] ، دوای ئەوەی بە غەمگینییەوە لە سەرای مەرگ گەڕایەوە، گەیشتە ئاوێکی قووڵ لە لای (ئەئا) و پێیووت: (سێبەری ئەنکیدۆم لە قووڵایی خاکەوە بۆ بنێرە...)[61] ، دوای ئەوەی باوکی قووڵاییەکان گوێی لە ناڵەی (گلگامێش) و داواکارییەکەی دەبێت، بە (نێرگەل) دەڵێ: (بەلەز کونێك لە زەویدا بکەوە! با گیانی ئەنکیدۆ بێتە دەر و لەگەڵ برای خۆی گلگامێش، بدوێ)، سێبەری (ئەنکیدۆ) لە کون هاتە دەر و، لەگەڵ (گلگامێش)دا:

-گلگامێش: (قسە بکە یارەکەم! قسە بکە یارەکەم! ئێستا لە یاسای ئەو خاکەی بینیت ئاگادارم بکەوە)[62]

-سێبەر: (ئەی هاوڕێ، ناتوانم لە هەمبەرییەوە لەگەڵتا بدوێم، ناتوانم قسەیەك بکەم، ئەگەر لە یاسای ئەو خاکەی کە بینیومە لەگەڵت بدوێم، لەسەر زەوی دادەنیشی و بە ناڵە و کوڵ دەگری)[63].

دوای گفتوگۆکەیان، (گلگامێش) گەڕایەوە (ئوروك)، بەڵام لەوە گەیشت، ژیانی ژێر خاك –مەرگ– چ کارەساتێکی گەورەیە و پێویستە لەسەر زەوی دانیشی و بە ناڵە و کوڵ بگری، کە گەڕایەوە کەوتە سەر زەوی تا بخەوێت، بەڵام لە تەلاری درەوشاوەی کۆشك، کۆشکی بەرز و پڕ هەیبەت، کۆشکی دەوردراو بە شوورە، مەرگ هات و لە ئامێزی گرت)[64].

دواجار، دوای هەوڵدانێکی زۆر، دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ خۆی، لەگەڵ سروشت، لەگەڵ خواوەندەکان، دوای ئەوەی هەموو دەرگا کلۆمدراوەکانی کردەوە، تەنانەت چووە دونیای ژێرخاك، دونیای مردووەکانیش، دوای ئەوەی لەگەڵ سێبەری (ئەنکیدۆ)ی هاودەم و یاری گیانی بەگیانی یەکتریان لە ئامێز گرتەوە و کەوتنە گفتوگۆ، لێ دواجار خەونەکە هەر نەهاتە دی، گومانەکە هەر نەبوو بە یەقین، خەونی ژیانی ئەبەدی و، گەیشتن بەو یەقینە بە گومان داپۆشراوەی پێی دەگوترێت نەمریی!

(گلگامێش) مرد، لێ بە نەمریی مایەوە، ئەمەیان ئەفسانەکەیە و دەکرێ وا بیخوێنینەوە، چونکە ئەوەتا لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستێ بەردەوام (گلگامێش) لە نێوماندایە، لەسەر زار و لەنێو تێکستەکاندایە، لەنێو هونەر و دیوار و تاشەبەرد و توێژینەوەکاندایە، ئەی ئەگەر ئەمە (نەمریی) نەبێت، چییە ؟..!

59 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٧
60 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٧
61 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٨
62 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٨
63 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٨
64 هەر ئەو سەرچاوە، ل ٦٩

## ئەنجام

١- هیچ پێوەندییەك لە نێوان وشەی مرۆڤ و مەرگ ـدا نییە.

٢- پێناسـەی مـەرگ لەسـەر دوو ڕوانگـە: ڕوانگـەی ئـایینی و ڕوانگـەی مـەتریالی دابـەش بـووە، هـەر پێناسەیەکی تری جیاوازیش هەبێ لەیەك لەو دوو ڕوانگەیەوە نزیکە.

٣- یەکەمین پێناسەی مەرگ لە مێژوودا پێناسەیەکی ئەفسانەییە.

٤- ئەفسانە بەرهەمی ترسی مرۆڤ و گەڕانی مرۆڤە سەرەتاییەکانە بە دوای نەمرییدا.

٥- داستانی گلگامێش یەکەمین پرسیار و یەکـەمین ڕامـان و یەکـەمین گـەڕانی مرۆڤـە بـۆ تێگەیشـتن لـە مەرگ و گەڕان بەدوای نەمرییدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### ا/ پەرتووك


١- قورئانی پیرۆز: و: هەژار، چاپخانەی گەورەی قورئانی پیرۆز.

٢- ئەحمەدی شاملۆ: داستانی گلگامێش، وەرگێڕانی: ئیدریسی شێخ شەرەفی، لە بڵاوکراوەکانی سـەنتەری فکـری و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٤.

٣- جەلیل ئازادیخواز: گێل گەمێش، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

٤- رانیا سەمارە (د): ئەفسانە و ئەدەب، و: حسێن سابیر عەلی، چاپخانەی شەهاب – هەولێر ، ٢٠٠٨.

٥- سیروان ئەحمەد سەعید: دەروازەیەك بۆ فەلسەفە/ کلاسیك، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦- عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ (د): لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١٠.

٧- فاضل نظـام الـدین: ئەستێرەگەشـە، فەرهـەنگی کـوردی – عـەرەبی ـیە، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی، چاپخانەی الاجیال – بەغدا، ١٩٧٧.

٨- گیوی موکریانی: فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩.

٩- میشێل مالرۆب: مرۆڤ و ئایینەکان، و: هیوا مەلا عـەلی سـوورەدێی، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.

١٠- ناهدە رفیق حلمی: ڕێبەری ڕێبوار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریة للطباعة، ١٩٨٨.

١١- هەرێم عوسمان: چەمکی مردن لە زمانی کوردییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چـاپخانەی حـاجی هاشـم – هەولێر، ٢٠١٣.

١٢- هـەژیر عەبـدوڵلا پـوور: فەرهـەنگی هـەژیر، دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چـاپخانەی خـانی (دهۆك)، ٢٠٠٧.


### ب/ڕۆژنامە


١- ئۆشـۆ: تـرس لـە مـردن دایکـی ترسـەکانی تـرە، و: جـەواد حەیـدەری، پاشـکۆ، کاکێشـان، ژ١٠٢، ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ: ژ٥٨٩٥، ٢٠١٢/١٠/٣

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**ا/ پەرتووك**

١- جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ت: كامل يوسف حسين: عام المعرفة ٦٧٦، كويت ، ١٩٩٠.

٢- ستانلي هايمن: النقد الادبي و مدارسه الحديثة، ت: احسان عباس و يوسف نجم، ج١.

**ب/ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

١- الاسطورة www.alarab.net ، ٢٠١٣/٢/٨

٢- محمد خطاب (د): المادية – تعريفها، مراحلها، www.shatharat.net، ٢٠١٤/٢/٧.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

**ا/ پەرتووك**

١- حسن انورى (دكتر): فرهنگ بزرگ سخن، تهران، ١٣٨١،ج٨.

**چوارەم: سەرچاوە تورکییەکان:**

**ا/ پەرتووك**

١- Alāadin Karkmaz, Müjgān Karkamz: TuRKCE SöZLük, Turky, Dyanet VaKF: yay INLarI ANkara – 1994

٢- مولود سارى: الموارد، قاموس تركى – عربى، concayayinevi، ١٩٩١.

## ملخص

منذ ان وُجِدَ الانسان في هذه الدنيا وهو يتأمل و يتساءل ، و من خلال التأمل و السؤال يبغي الوصول الى الحقيقة و من خلال الوصول الحقيقة ان يكشف الاسرار، الموت هو التأمل والتساؤل والسر الاكبر، ما هو الموت، من اين يأتي، والى اين يأخذنا ؟

هذا البحث (الموت في الاسطورة ، ملحمة كلكامش نموذجا) محاولة علمية متواضعة لتعريف الموت والعلاقة بين الاسطورة والفناء. و يتألف البحث من قسمين:

القسم الاول: يختص بتعريف مصطلح و مفهوم الموت مع نظرة الى الاسطورة في بداية المراحل البشرية و كذلك علاقة الاسطورة بالرهبة و الخلود.

القسم الثاني: الجوانب التطبيقية للبحث مأخوذة من ملحمة كلكامش كنموذج، وذلك لكي نتمكن من خلال هذه الملحمة التي تعتبر أقدم ملحمة اسطورية في التأريخ، ان نتحدث عن البحث العبثي للانسان و تقصيه لمفهوم الموت و البحث عن الخلود.



## Abstract

From the moment that mankind in the world started asking and gazing about things, so that from this gazing wants to reach secrets.

The death, gazing and asking is the big secret, What’s death?, where it comes?, where the death taking us?

This Research, (Death in the legend, Epic Gilgamesh as example), modest attempt scientific definition of death and the relationship between the legend and the yard, the research contains two parts:

Part 1: Respect to the definition of the term and the concept of death with the perspective of the myth of the beginning of the early stages of mankind as well as the relationship of the legend of awe and immortality.

Part 2: Aspects of Applied of the search taken from the Epic of Gilgamesh as an example, so that we can during this epic, which is the oldest of what is known of the legendary grand epics in history, to talk about the unavailingly Search of human and understanding the concept of death and the search for immortality.

# چەمکی نوێی نیشتمانپەروەری
# لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا


**پ.ی.د. فوئاد رەشید محمد**

**م.ی. کارزان کریم أمین**

بەشی کوردی –کۆلیژی زمان– زانکۆی سەلاحەدین


## پێشەکی:

ئامادەبوونی چەمکی نیشتمان لەنێو ئەدەبدا بابەتێکی تازە نییە، بەڵام دەکرێت گۆڕانکارییە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دید و تێڕوانین بۆ ئەم چەمکە بگۆڕن، لە گۆشەنیگا و ڕەهەندی نوێ و تازەوە شاعیران وێنای نیشتمان بکەن، کە کاریگەری ڕوون و ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەی پێوە دیاربێت.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی وێنە جیاواز و تازەکانی چەمکی نیشتمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا.

برگە و بابەتەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لە دوو توێی پێشەکی و ئەنجام و سێ تەوەری سەرەکیدا چڕکردۆتەوە. لە تەوەری یەکەمدا، جەخت لەسەر ناساندنی چەمکی نیشتمان و ئەو چەمك و زاراوانە کراوە کە پەیوەندییان بەم چەمکەوە هەیە، یاخود تێکەڵی ئەم چەمکە کراوون. لە تەوەری دووەمدا، خستنەڕوو و پێداچوونەوەیەکی خێرا بۆ چۆنییەتی و چەندێتی ئامادەبوونی چەمکی نوێی کوردیدا کراوە، لەسەرەتای ئەم تەوەرەیەشدا، بەکورتی ئاماژە بۆ دید و تێڕوانین و ڕادەی ئامادەبوونی چەمکی نیشتیمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا کراوە. لەتەوەری سێیەمیشدا لەچەند خاڵ و سەرەبابەتێکدا. گرنگترین و زەقترین ئەو گۆڕانکاری و تازەگەرییانەی کە وەکو دید و تێڕوانینی تازە هاتونەتە نێو بابەتی نیشتیمانی لەشیعری هاوچەرخی کوردی (دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١)دا خراونەتە ڕوو.

**تەوەری یەکەم:**

## چەمکی شیعری نیشتمانی

یەکێك لەو ڕەهەندە قوڵانەی کە ئەدەب وابەستەی دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی دەکاتەوە، نیشتمانە، پەیوەندی مرۆڤ بەخاك و زێدەوە، پەیوەندییەکی ئەزەلی و ئۆرگانی فرە جەمسەرە، دەقی ئەدەبیش ئەفرێندراوی چالاکی مرۆڤێکە، کە دەقنووسە، چالاکییەکانی مرۆڤیش زیاتر لە ئەنجامی ئەو پرۆسە دیالێکتیکییە دروست دەبێت، کە تاك بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە، لێرەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆبێت، خۆ ویستانە یان ناخۆ ویستانە بێت، یەکێك لەو بەها مرۆڤایەتییانەی کە دەمەزرێندرێتە نێو ئەزموونی دەقی ئەدەبی، بەهای نیشتمانپەروەرییە، چۆنیەتی و چەندێتی ئامادەبوونی ئەم بەهایەش

لەلایـەك وابەسـتەیە بـە هەسـت و هەڵوێسـت و هۆشـیاری کۆمەڵایـەتی و جیهـانبینی و ئایـدیۆلۆژیای دەقنووسەوە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە سروشتی ئەم بەها مرۆڤایەتییەوە هەیە، لـە ژینگـە و زۆنـی کلتوری و قۆناغە جیاوازەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە یەکێك لەو بابەت و ڕەهەندانـەی کـە لـە نـاوەڕۆکی دەقـی شیعرییدا بەدی دەکرێت، پێی دەگوترێت شیعری نیشتمانی.

نیشتمان لە سادەترین پێناسەیدا، ئەو پانتاییە جوگرافییەیە کە مرۆڤ لـەخۆ دەگرێت، هـەر بۆیـە لـە چوارچێوەی مانا گشتییەکەیدا، هەر لە ماڵەوە تا گەڕەك و زێد و گوند و شار و وڵات و زەوی دەگرێتـەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە، لە ڕووی زمانەوە وشەی نیشتمان لەزمانی کوردیـدا لـە بنەڕەتـدا بـەمانای ((دیمـەن، جێگەی دانیشتن، ژینگە، زێد، مەوتەن دێت))[1]، لە زمانی عەرەبیدا، لە بەرامبەر وشەی نیشـتمان وشـەی (الوطن) بەکاردێت، کە بەمانای زێد و شوێنی نێشتەجێبوونی مرۆڤ دێت، کە مرۆڤ هەست و هەڵوێستی بۆی هەیە، جا لەو شوێنە لە دایکبووبێت یاخود لە شوێنێکی دیکـەوە بـۆ ئـەوێ کۆچـی کردبێـت[2]، لـە زمـانی ئینگلیزیشدا زیاتر وشەی (Home – Homeland) بەکاردێت، کە بەمانای شوێنی لە دایکبوون، وڵاتی مـرۆڤ دێت، شوێنێك کە ژیانی تێدا بەسەربەبەیت و بـۆ ماوەیـەکی زۆر تێیـدا بمێنیتـەوە[3]، بـەم چەشـنە وشـەی نیشتمان لە هەرسێ زمانەکەدا هەمان واتا لەخۆیدا بار دەکات.

هەرچی پەیوەستە بە زاراوەی شیعری نیشتمانییەوە، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی لەنێو توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵێك زاراوەی دیکـە هـەن، کـە هاوشـان لەگـەڵ ئـەم زاراوەیـە بـەکارهاتوون، لەوانـە شیعری شۆڕشگێڕی، شیعری بەرگری (بـەرەنگاری)، شـیعری نەتـەوەیی، شـیعری سیاسـی.... تـد، تـاکو ئێستاش بە وردی زەمینەسازی بۆ لێك جیاکردنەوەی ئەم چەمك و زاراوانە نەکراوە، ئەمەش پەیوەندی بە کۆمەڵێك هۆکارەوە هەیە، وەکو: نەبوونی ڕوانین و تێگەیشتنێکی ڕوون و دیاریکراو بـۆ هـەر بابـەتێك لـەم بابەتانە لەلایەن توێژەرانەوە، مەزراندن و ڕەنگدانـەوەی ئـەم مەسـەلانە بەیەکـەوە لـەنێو یـەك ئـەزموونی شیعریدا، هەروەها ئەم بابەتانە لە دەرەوەی ئەدەبناسیشدا، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، وێڕای هـەموو ئەمانـە دەکرێـت لەچوارچـێوەیەکی تیـۆری و تـا ڕادەیـەك پراکتیکیشـدا سـنوورێك بـۆ لێـك جیاکردنەوەیان بکرێت.

زاراوەی شیعری شۆڕشگێڕی، زادەی ئـەو گوتـارە یاخییەیـە، کـە شـۆڕش لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێتـە کایەوە، شۆڕشیش زیاتر چەمکێکی سیاسییە، لە نێو بواری سیاسەتیشدا، شۆڕش ((جۆرە وەچەرخانێکی لەناکاوی چۆنایەتی و توند و تیژە، کە لە ڕەوشی کۆمەڵگایەکدا دروست دەبـێ و لـە ئەنجامـدا حکومـەتی ڕابردوو بە هەموو هەلومەرج و سیستەمی کۆن و داڕزیو بە سیستەمێکی نوێ و پێشـکەوتووی کۆمەڵایـەتی دەگۆڕدرێ))[4].

چەمك و مانای شیعری شۆڕشگێڕیش یەك شوناس و ڕەهەنـدێکی سـتاتیکی نییـە، بـەڵکو لـە بازنـەی ناساندنی جیا جیادا هەوڵی پێناسەکردنی دراوە، لـە دیـدی هەنـدێك لـە توێژەرانـدا، شـیعری شۆڕشـگێڕی بریتییە لە گوزارشتکردن لە ویستی گۆڕانکاری و ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی لەچوارچـێوەیەکی ئیسـتاتیکیدا[5]. لە ڕوانگەی مارکسییەکاندا، چەمکی شیعری شۆڕشگێڕی لە چوارچێوەی سەرخستن و ڕەنگدانەوەی مـاف

و خەباتی چینی پرۆلیتاری خۆی دەبینیتەوە، هەروەکو (کارل مارکس) دەڵێت: ((ئەو هونەرمەندەی کە پەنا بۆ شۆرشی تاکە کەسی و خودی دەبات، خۆی پابەندی خەباتی چینی چەوساوەکان ناکات، هیچ جدیەتێك لە شۆرشگێرییەکەی نییە))[٦]، هەندێکی دیکە چەمکی ئەم بابەتە شیعرییە لە گۆرانکاری و یاخیبوون لە خودی شیعر خۆی دەبیننەوە، کە مانای رەتکردنەوەی هەموو ئەو فۆرم و گوزارشتە زمانی و بەها رۆشنبیری و ئیستاتیکیانە دەگرێتەوە، کە شیعری لەچوارچێوەیەکی چەقبەستوودا هێشتۆتەوە[٧].

لەم روانگەیەوە، شیعری شۆرشگێری سەرخەر و ئامرازی گوزارشتکەری هەموو ئەو یاخیبوون و راپەرین و گۆرانکارییە شۆرشگێرانەیە، کە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و بێدارکردنەوەی کۆمەڵ و رەتکردنەوەی واقیعی دۆگمایە، سووربوونە لەسەر گۆرانکاری و چەسپاندنی و پاراستنی ئامانج و دەسکەوتەکانی شۆرش، ئەم شۆرشەیش تەنیا بە کەس و توێژو چین و میللەتێکی دیاریکراوەوە تایبەت نییە، بە گوێرەی ئامانج و مەودای شۆرشەکە دەگۆرێت، لێرەوە روانینی دەقنووس و روانینی کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکیدا ئاوێتەی یەك دەبن، ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ سروشتی شیعر یەکدەگرێتەوە، کە ((روانین و گیانێکی یاخییانەی تێدایە، کە سرەوتن و چەسپاوی رەتدەکاتەوە))[٨]، ئەمانەش گرنگترین سیما و خەسڵەتی ئەم بابەتە شیعرییەیە، کە پێی دەگوترێت شیعری شۆرشگێری.

زاراوەی شیعری بەرگری (بەرەنگاری) جۆرێکی دیکەی بابەتی شیعرییە، کە زیاتر وەکو دژە داگیرکاری خاك و نیشتمان خۆی فۆرمەلە دەکات، ئەم بابەتە شیعریەش پتر بابەتێکی سیاسییە کە شاعیر تێدا زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی ئەو گوتار و تێزە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە دەکات کە میللەتان لەبەرامبەر داگیرکردنی نیشتمان و خاکیان بونیادی دەنێن[٩]، هەر بۆیە لە هەندێك لە توێژەرانی ئەدەبی کوردی بەم شێوەیە پێناسەی شیعری بەرگری کراوە ((شیعری بەرەنگار کە ئەرکی سیاسی پێ بینراوە، تیایدا شاعیرانی کوردپەروەر و خەمخۆری نیشتمان هەریەکەیان بە جۆرێك لە شیعرەکانیان بەرەنگاری دوژمن و نەیارانی میللەتەکەیان دەبوونەوە، ئەم جۆرە شیعرە ئەرکەکانی زیاتر لەکاتی جەنگ و شکستەکانی نەتەوە و ولات و شەهیدبوونی لاوە کوردەکان و هەندێ جاریش لە پێناو خۆراگری و پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکاندا دەربراوە))[١٠].

هەروەها زاراوەی شیعری نەتەوەیش، زیاتر خۆی لەگەڵ چەمکی نەتەوە دا رایەڵە دەکات، نەتەوە (Nation ـ القومية) زاراوەیەکە لە بنەرەتدا بە مانای رەگەز، نەژاد، نەوە دێت[١١]، نەتەوەش کۆمەڵە خەڵکانێك دەگرێتەوە، کە قەوارەیەکی سیاسی دەگرێتەوە، کە رەگو ریشەیەکی نەژادیی و نیشتمان و کلتور و زمان و ئامانج و هیوای هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە[١٢]. هەرچی نەتەوایەتیی (ناسیۆنالیزم ـ Nationalism)یە وەکو ئایدیۆلۆژیا، یاخود تێزێکی فیکری، ئەوا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە، کە ئەویش بریتییە لە بیروباوەری پەیوەستبوون بە ویست و ماف و داواکارییەکانی نەتەوە، بە ئامانجی دامەزراندنی قەوارە و دەولەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ[١٣]، ئەرکی ئەم بیروباوەرە بەرگریکردن و سەرخستنی ئامانجە هاوبەشەکانی نەتەوەیەکە لە رووی خاك و نیشتمان و زمان هەست و هەڵوێست و کەلەپوری هاوبەشەوە تا رادەیەکی زۆر بەیەکەوە بەستراونەتەوە[١٤]، لەم روانگەوە،

شیعری نەتەوەیی ئاراستەیەکی شیعرییە، کە شاعیر لە ڕێگەی پەیامی شیعرەوە، بنەما و خواست و ئامانج و ویست و ئاسایشی نەتەوەیەك بەرجەستە دەکات و بەرگریان لێ دەکات[١٥]، سیماکانی شیعری نەتەوەیش زیاتر خۆی لە هۆشیارکردنەوەی نەتەوە و پاراستنی بنەما و پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و دزێوکردنی نەیار و دوژمنانی نەتەوە و هاندان بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و گەڕانەوە بۆ مەسەلە و بابەتە ڕەسەنەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراودا دەبینێتەوە.

هەرچی زاراوەی شیعری سیاسییە ئەوا چەمکێکی گشتگیرتری هەیە، مەودای بەکارهێنانی بەرفرەترە، چونکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە گوتاری سیاسییەوە هەیە، سیاسەتین (Politics) زاراوە و زانستێکە لە پەیوەندی فرە لایەنی نێوان هەموو ئەو سیستەم و پرونسیپانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە پەیکەر و لۆجیکی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کۆمەڵ و شێوازی گەشەپێکردن و پەرەپێدانییانەوە هەیە[١٦]، ئەمەش ئەوە بەرزەفت دەکات کە هەر شیعرێك هیولای پەیام و ستراتیژیەتی جیهانبینی خۆی ڕادەستی ویست و بابەتێکی سیاسی بکات، ئەوا شیعرێکی سیاسییە.

لەم ڕوانگەیەوە شیعری سیاسی بریتییە لە هەڵوێست و ڕوانینی شاعیر وەکو هاوڵاتییەك بەرامبەر شێوازی بە فەرمانڕەوایەتی ڕێکخستنی ژیانی خەڵك و ماف و ئەرکەکانی لە چوارچێوەی فۆرمێکی ئیستاتیکیدا.

لەم گۆشەنیگایەوە، پەیوەندی نێوان ئەم چەمك و زاراوانەی لە پێشتر باسکران لەگەڵ چەمکی نیشتمان و شیعری نیشتمانیدا پەیوەندییەکی فرە جەمسەرە، زاراوەی نیشتمان (Homeland) ((بە مانا گشتییەکەی شوێنی نیشتەجێبوونی و حەوانەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە مرۆڤ تێیدا لەدایك دەبێت، یاخود تێیدا فراژیی دەبێت و دەمێنێتەوە، هەروەها بەمانا تایبەتییەکەی ئەو ژینگە روحییەیە، کە هەستە نیشتمانییەکانی مرۆڤی تێیدا دەڕسکێت))[١٧]، هەروەها نیشتمان وەکو زاراوەیەکی سیاسی و سۆسیۆلۆژی ((بەو وڵاتە دەگوترێن کە گەلێك تێیدا نیشتەجێیە و لەڕووی هەست و هەڵوێستە لایەنگیریان بۆی هەیە))[١٨].

هەر لەم بازنەیەدا، شیعری نیشتمانی (Patriotic Poetry) ئەو شیعرەیە کە شاعیر هەستی ناخی خۆی تێیدا بۆ نیشتمانەکەی دەردەبڕێت، بەرگری لە سەروەریەکانی دەکات، شانازی بە بوونییەوە دەکات، گوزارشت لە هەموو حالەت و هەست و هەڵوێستانە دەکات کە مرۆڤ بە خاکەکەیەوە دەبەستێتەوە[١٩]، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەم چەمکانە پەیوەندی زۆریان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە کە چەمکی شیعری سیاسی پەیوەندیەکی پتەوی بە چەمکی شیعری نیشتمانییەوە هەیە، شیعری سیاسی چەمکێکی گشگیر و هەمەلایەنە، زیاتر هەڵوێستە، بەڵام شیعری نیشتمانی جگە لەوەی گوزارشت لە هەندێك مەسەلەی باوی کۆمەڵ دەکات، بەڵام لە هەندێك باردا گوزارشتکردنە لە هەست و ڕەهەندی دەروونی و خودی شاعیر لە هەمبەر دووری و نامۆبوونی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی لە نیشتمانەکەی.

لە سۆنگەی هەموو ئەوانەی باسکران، مەودای تێ گەیشتن لەو چوارچێوەیەدا بەرزەفت دەبێت، کە دەقی ئەدەبی لەڕووی پێکهاتەوە ئەرك و بەهاوە بەسەر دوو سەری سەرەکیدا بەش دەبێت. یەکێکیان

لایەنی شێوە و ڕووخسار و ئەرك و بەهای ئیستاتیکی دەق دەگرێتەوە، ئەوی دیکەیان ناوەڕۆك و بابەت و ئەرك و بەهای مرۆڤایەتی و ئایدیۆلۆژی دەقی ئەدەبی دەگرێتەوە. بەها ئیستاتیکی و ئایدیۆلۆژییەکانی دەقیش لە بنەڕەتدا یەکەیەکی یەکگرتوون و جودانین، چونکە ((ستراتیژییەتی پرۆسەی داهێنانی دەق لەلای دەقنووس بریتی نییە لە نووسینی (ناوەڕۆك - بابەت) دەق بە جودا لەلایەك، دارشتنی (شێوە - ڕوخسار)ی دەق لەلایەکی دیکەوە، یان بە پێچەوانەوە)) [٢٠] بەڵکو میکانیزمی توێژینەوەی ئەدەبی بۆ دیاریکردنی ئامانج و گەیشتن. و تێ گەیشتن لەلایەن و ڕەهەندە جیاجیاکانی دەق ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدات، هەروەکو (تێری ئیگلتۆن) دەڵێت: ((جیاکردنەوەی ڕەگەزە ئیستاتیکی و ڕەگەزە ئایدیۆلۆژییەکان لە یەکتری، جیاکردنەوەیەکی میتۆدیانەیە، نەك ڕاستەقینە،ئەم مەسەلەیە کۆکردنەوە و بەستنەوەی هەموو ڕەگەزەکانی دەق نییە لەژێر یەك ناونیشاندا، بەڵکو مەسەلەکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی خودی دەق وەك بەرهەمێکی ئیستاتیکی پشت ئەستور بە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیادا))[٢١]. هەر لەم بازنەیە دامەزراندنی بابەتە سیاسی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان لەنێو دەقی ئەدەبیدا شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەکانی ئەم بابەتە لەنێو پرۆسەیەکی ڕەخنەییدا پرۆسەی مەرگی سەربەخۆی دەق و بە پاشکۆکردنی ئەدەب نییە، بۆ زانستی سیاسی یان هەر زانستێکی دیکە، بەڵکو پەیوەندی ئەدەب لەگەڵ سیاسەت و نیشتمان و شۆڕش و نەتەوە زۆر کۆنترە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و زانستی سیاسی، ئەمە پەیوەندی بە ژیان و هەڵوێست و جیهانبینی و ویژدانی دەقنووسەوە هەیە، بەڵام زەقترین خاکی هاوبەش کە کۆیان دەکاتەوە، خزمەتکردنی بەها ویست و ئامانجە مرۆییەکانە. هەر بۆیە بابەتە سیاسەکان وەك ڕەهەندێك ئامادەبوونی خۆیان لەنێو دەقی ئەدەبیدا مسۆگەر دەکەن.

ئەو ئاریشەی کە زۆرجار لە جوغزی توێژینەوە ئەدەبییەکاندا ئاماژەی پێدەکرێت، لە بارەی بە پاشکۆبوونی ئەدەب لە ئەنجامی پابەندبوونی بە دەستکەوت و ئامانجە سیاسی و زانستی و ئایدیۆلۆژیەکان زیاتر پەیوەندی چۆنیەتی و چەندێتی مەزراندنی ئەم بابەتانەوە لەنێو دەقی ئەدەبیدا هەیە، کە پێویستە بەهای ئیستاتیکی و شێواز و فۆرمەلەکردنی ئەم بابەتانە پێداویستییە هونەرییەکانی دەق پڕبکەنەوە، هەروەکو (فلۆبێر) جەختی لێ دەکردەوە، دەیگوت: ((ئەو ڕۆماننووسەی کە ڕۆمانەکەی دەخاتە ژێر خزمەتی تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی، ئەوا خیانەت لە ئەرکی شاعیربوونی خۆی دەکات))[٢٢].

لەم ڕوانگەیەوە کێشەی بە سیاسیکردنی ئەدەب لەگەڵ ئەدەبی سیاسی لەیەك جیادەبنەوە، بەو مانایەی ئەدەبیش وەك سیاسەت وەکو زانستێك ئەرك و بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ناکرێت هیچ کامێکیان پاشکۆ بن بۆ ئەوی دیکە، بەڵام شێوازی دارشتن و مەزراندن و گوزارشتکردن لە بابەتە سیاسییەکان لەچوارچێوەی پێداویستی قۆناغ و جیهانبینی شاعیران بەشێوەیەك لە شێوەیەکان خۆیان دەخزێننە نێو پێکهاتە هونەرییەکانی ئەزموونی ئەدەبی هەر هەموویان بەیەکەوە بەرهەمێك دەهێننە کایەوە، کە پێی دەوترێت دەقی ئەدەبی، بەم شێوەیە ماهیەتی خۆیان لەسەر نەخشەی جوگرافی دەقی ئەدەبیدا ڕەنگرێژ دەکەن.

**تەوەری دووەم:**

## ئامادەبوونی بابەتی نیشتمانپەروەری لە شیعری نوێی کوردیدا

**( خستنەڕوو ـ پێداچوونەوە )**

نیشتمان وەك تخوب و جوغزێكی مرۆڤ خودان پەیوەندی بایۆلۆژی و سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتی و ڕووحییە لەگەل مرۆڤدا، مرۆڤیش ئەم پەیوەندییەی هەمیشە بە شێوەیەك لە شێوەكان لە ماهیەتی خۆیدا بەرزەفت كردووە، شیعریش وەك كەناڵی و ئامرازی گوزارشت و ئامانجی مرۆڤ لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەكاندا بە چەشنێك نیشتمان لە سنووری گوتاری خۆیدا ڕەنگرێژكردووە،ئەدەبی كوردیش لە هەرسێ قۆناغە سەرەكییەكەی دیرۆكی خۆیدا بە گوێرەی ویست و خواستی سەردەم لە بازنەی گوتنەكانی گوتاری شیعری خۆیدا جێ كردۆتەوە.

ئەگەر سەرەتا سادەبێت، بەشێك لە هۆكارەكەی ئەوەیە، سەرەتا ناكەوێتە دوای هیچ شتێك ،بەڵكو شتێك بەدوای خۆیدا دەهێت. ئەدەبی كۆنی كوردیش وەك دەسپێك و سەرەتای مێژووی ئەدەبی نووسراوی كوردی هەرچۆنێك بێت سیما و ڕەهەند و مانای نیشتمانی لە نێو خۆیدا جێ كردۆتەوە، چەمكی نیشتمانپەروەری لە شیعری كۆندا زیاتر لە چوارچێوەی دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ ناوچە و میرنشین و شار و زێدی لەدایكبوون دەگرێتەوە، هەروەها یادكردنەوەی كوردستان، دەربڕینی هەستی دوورەوڵاتی و وەسفی كەسایەتییە نیشتمانییەكان، هاوسۆزی بۆ میرنیشە كوردییەكان، ئەمانە گرنگترین سیماكانی شیعری نیشتمانین لە شیعری كۆنی كوردیدا، بەو مانایەی بە گوتاری شیعری كۆنی كوردی لە هەمبەر بابەتی نیشتمانپەروەری وەكو ستراتیژیەتێكی شیعری ئامادەبوونێكی بەرفراوان و زەقی نییە، زیاتر حالەتە، نەك دیاردە، پتر هەستە، كەمتر پرۆژە و هەڵوێستە، زۆرتر بابەتێكی ناباو و لاوەكییە، نەك هەمە لایەنە و سەراپاگیر، هەر بۆ نموونە بابەتی نیشتمانپەروەری لە شیعری مەلا جزیری دا چەق و كرۆك و پانتاییەكی بەرفراوان و دەركەوتەیەكی ڕوون و زەقی نییە، زیاتر لە چوارچێوەی هەست و یادكردنەوەی ناوی نیشتمان (كوردستان)دا خۆی نواندووە، هەروەكو دەڵێت:

**عاشقی نازك و مەحبوبانم** — **تو مەبین بێ سەر و بێ سامانم**
**گوڵی باغێ ئیرەمێ بوهتانم** — **شەپ جراغێ شەبێ كوردستانم**
**چطەبیعەت بەشەر و ئینسانم؟** — **لله الحمد چعالی شانم** (٢٣)

هەروەها لای (نالی)دا، چەمكی نیشتمان زیاتر لە بازنەی هەستی دووره وڵاتی، یاخود وردتر هەستی دووری لە زێدی باب و باپیران، وەسف و پیاهەڵدان و شانازیكردن بە میرەكانی میرنشینی بابان وا خۆی دەرخستووە، هەروەكو لە جامە ناودارەكەی خۆیدا دەڵێت، لەم چامەیەدا زیاتر وەسف و هەستی غەریبی و دووری لە زێدی لە دایكبوون دەركەوتووە:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروو!**
**ئەی پەیكی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوو)!**
**داخل نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)**

**هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی) یاھ بوور**

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!**[٢٤]

ئـەوەی شـیاوی ئاماژەیـە، کـە لـەنێو ئـەدەبی کـۆنی کوردیـدا، چـەمکی نیشـتمانپەروەری وەك پرۆسەیەکی ستراتیژی و دیاردەیەکی شیعری لەنێو شیعری دوو شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، کـە ئـەوانیش: ئەحمەدی خانی لە ئـەدەبی دیـالێکتی کرمـانجی ژوورو ، لـە ئـەدەبی دیـالێکتی کرمـانجی خـواروو حـاجی قادری کۆیی وەکو شاعیرێکی نیمچە کلاسیك.(*) سـەرەڕای ئـەوەی کـە بابـەتی نیشـتمانپەروەری وەکـو هەستی خۆشەویستی تێکەڵی بابەتی نەتەوەیی و سیاسیش کراوە، کە ئەمەش خـۆی لەخۆیـدا پەیوەنـدی بە سروشتی ئەم بابەتانەوە هەیە، کە تا ڕادەیەك تخوبی نێوانیان لە گەلێك جەمسەرەوە تێکچرژاوە.

لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، کە کرۆکی سەرەکی ئەم تەوەرەیە، شیعری نیشتمانی پانتاییەکی فـراوانتر و ئەزموونێکی هەمە لایەنەتر و مەودایەکی تێ گەیشتنی قوڵتری لەخۆیدا بارکردووە، هۆکاری گـۆڕانی ئـەم ڕوانینەش بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە دەگەڕێتەوە، کە ئەدەبی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، بەو تێگەیشتنەی کـە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێك گۆڕانکاری مـەزن بەسـەر ژیـانی سیاسی کۆمەڵی کوردەواری داهات، لەوانە: دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی: (عێراق ، ئێـران ، تورکیا ، سوریا)دا، هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییـەکان، هەڵگیرسـانی شـەڕی یەکـەم و دووەمـی جیهانی[٢٥]، ئەمانە و چەندان هۆکاری دیکە وایانکرد، کە چەمکی شیعری نیشتمانی سیماو تێڕوانینی تازە بەخۆیەوە ببینێ، ئەمە جگە لە بوونی ڕوانینەکانی دیکە، کە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا هەبوون.

گـرنگترین خاسـیەتەکانی شـیعری نیشـتمانی لـە شـیعری نـوێی کوردیـدا خـۆی دەبینێتـەوە لـە بـەدیاردەکردنی وەسـفی سروشـتی کوردسـتان و لاواندنـەوە و دەربڕینـی هەسـتی خۆشەویسـتی بـۆی، ئاراستەکردنی گوتاری شیعری بەرەو ڕووی دوژمنانی کوردستان، شانازیکردن بە کوردستان، بـەکارهێنانی زمانێکی سادەتر لەچاو ئەو زمانەی کە بابەتی دیکەی شیعری پێ دەنووسرێت، هاندان بـۆ بـەرگریکردن و خۆبەخت کردن لـە پێنـاوی نیشـتماندا، بەستنەوەی ڕاستەوخۆ و زەقـی چـەمکی نیشـتمان بـە مەسـەلە سیاسـی و نەتەوەییـەکان ڕەتکردنـەوەی دابەشـکردنی کوردسـتان بەسـەر چـەند سـنوورێکی دەسـتکرددا،داواکردن بـۆ سەربەسـتی و ئـازادی نیشـتمان دورخسـتنی جـەور و سـتەم لەسـەر کوردستاندا...تد.

(گۆڕان) وەکو یەکێك لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی لـە زۆرێـك لـە شـیعرەکانیدا بـە تێڕوانینێکـی ئیسـتاتیکیانە وەسـفی جـوانی سروشـتی کوردسـتان و شـانازیکردن بـە نیشـتمانی مەزراندۆتـە نێـو دەقەکانیەوە، هەروەکو دەبێژێت:

**کوردستان جێگای می ساحێبی هەزارساڵەم** — **پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکەو باڵەم**

**هەناسەم تێربۆنی بای کوێستانتە** — **دوو لێوم پاراوی بەفراونتە**

**سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەڕکەفتە** — **بە زەردی سەر بەفری ئێوارە وەختە**

**گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە** — **لەو عاستەی ژوور بەفرە داوێن گیای سەوزە**[٢٦]

هەروەها لە شیعرێکی دیکە، ڕووی شیعر بەرەو مەسەلەی ئازادی و سەربەستی کوردستان واز دەکات، بە زمانێکی سادە و ڕەوان گوزارشت لە پیشمان دەکات.

**کوردستان کوردستان!**

**نیشتمانی جوان!**

**هەر بژی بە شادی**

**سەربەستی و ئازادی**

**هەربرژی! هەربژی! هەربژی!** (٢٧).

(شێخ نوری شێخ سالح)یش لە دوو توێی گوتاری شیعری خۆیدا، بەچڕی و پانتاییەکی بەرچاو، مەسەلەی هاندان بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و دەرخستنی جەور و ستەم دەرهەق بە کورد و کوردستان دەهێنێتە ناو شیعرەکانییەوە، هەروەکو دەنووسێت:

**ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین**

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**

**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕابوون**

**لە پێشمانەوە هەروا، بەیداخی ڤەفەر ئەڕوا**

**ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین، حەق بە دەستی خۆمل بستێنین**

**بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی**

**تەپڵی بازیان لێدا بە شۆخ و شەنگی** (٢٨).

هەر لە بازنەی شیعریی نوێی کوردیدا، (دیلان) شاعیری هەوڵیداوە، لە هەندێك نموونەی شیعریدا، هەستی نیشتمانپەروەری خۆی و وەسفی سروشتی کوردستان و مەسەلەی سیاسی لەنێو تاکە دەقێکدا بمەزرێنێت، وەك میکانیزمێك بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی نووسینی دەقێکی شیعری بەکاری بهێنێت.

**هەروەکو دەنووسێت:**

**گوڵ وتی ئاسمانی پاکی نیشتمان**

**پڕ تەم و هەوری بەد و ناڕەسەنە**

**وا لەژێر تیشکی گڕی داگیرکەرا**

**هەردەیی ڕەنگینی خاکم ڕووتەنە**

**هەر زڕەی زنجیر و زرمەی پێوەنە**

**سەیری پەنجەی دوژمنی تینو بەخوێن**

**نەو گوڵی لاوان ئەکاتە دەسکەنە**

**من ئەڵێم ئەی گوڵ گەشەت بێ و پێکەنە**

**نەختێ نرخ و فەڕبدە بەم چیمەنە** (٢٩).

لە ڕوانگەی ڕوانین و ڕەهەندێکی دیکە، هەندێك دەقی شیعری نوێی کوردی هـەن، بـە زمـانێکی زبـرو تووڕە و نزیك لە داشۆرین ڕووی ئاراستەی گوتاری شیعریان لـە دوژمنـانی کوردسـتان کـردووە، هـەروەکو (قانع) کە لە شیعرێکدا ڕوو لە دوژمنانی کورد دەکات و دەنووسێت.

**ئەو دەسبڕە چەن ساڵە بڕی دەستی من و تۆ**

**ڕەبی لەبنا دەستی بڕن کافری بێ دین**

**گشت زاڵم و زۆردار و هەموو خوێنمژ و دەسبڕ**

**دوژمن بە گەلی کورد و هەموو قابلی نەفرین**

**ئەم کۆمەڵە بەدکارە، لەبۆ نەفعی خسووسی**

**پامالّی ئەکا حەقی هەموو میللەتی بێ تین** (٣٠).

ئەمانە و چەندان نموونەی دیکەی شیعری گەواهیـدەری ئـەو ڕاسـتیەن کـە بابـەتی نیشـتمانپەروەری وەك دیاردە و جەمسەرێکی سەرەکی گۆڕانکاری بۆتـە کـرۆك و تیمـەی ئـەزموونی شـیعری نـوێی کـوردی، ئەمەش پەیوەستێکی بەتین و تۆڵی بە ئەو قۆناغە مێژووییەوە هەیە، کە کوردستان لەو سـەردەمەدا پێـدا تێپەڕیوە، وەکو ڕەنگدانـەوە و پەرچـەکرداری شـاعیرانی کـورد لـە دژی واقیـع و سـەپێنراو لـە دوو تـوێی چەمك سیماکانی شیعری نیشتمانی دەرکەوتوون.

**تەوەرەی سێیەم:**

## چەمکی نوێی نیشتمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

ئەدەب لە قۆناغە مێژووییەکان دانابڕێت، پەیوەندییەکی پتەو دینامیکی بەو پەرەسەندن و پێشهات و ڕووداوە کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسی و کلتوریانـەوە هەیـە، کـە هـەر قۆناغێـك لـە قۆنـاغێکی دیکـەی مێـژوویی دەترازێنێـت، ئـەدەب لـە ئاسـتانەی هەڵبـەز و دابـەزەکانی مێـژوو، بـە گـوێرەی پێویسـتی و داخوازییەکانی سەردەم و پاراستنی هەلومەرجە تایبەتییـەکانی خـۆی هـەوڵی گـۆڕینی ئـەزموونی بـاو بـۆ ئـەزموونی تـازە و گـۆڕاو، نـەرینی سـواو بـۆ نـەریتی تۆکمـە و خواسـتراو دەدات، بـەهای ئیسـتاتیکی و مرۆڤایەتییەکان لە تەلبەنـدی ویسـتی و تێزەکـانی سـەردەم فۆرمولـەدەکات، چـونکە ((هـەر قۆناغێـك لـە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا پەیوەندی ئیستاتیکیانەی خۆی بە جیهان و ژیانـەوە لـە ڕێگـەی چـەند ژانرێکـی ئـەدەبی دیـاریکراوەوە دەردەبڕێـت، بـە شـێوەیەك کـە گونجاوبێـت لەگـەڵ بـارودۆخی ئـەو قۆناغەدا))(٣١).

لەم سۆنگەیەوە، چەمکی نیشتمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییـەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و دەرهاوێشتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، تواناو بڕستی خۆی بە ئاوێتەبوون و خـۆ گونجانـدن لەگـەڵ کۆمـەڵێك چـەمك و زاراوە و ئەرکـەکانی قۆنـاغ تاقیکردۆتـەوە، ئەمـە بەشـێوەیەك لـە شێوەکان ماهیەتی ئـەرك و مـەودای تێگەیشـتن و سـتراتیژییەتی پـەیام و پرسـیارەکانی گوتـاری شـیعری

نیشتمانی گۆڕیوە یاخو نوێی کردۆتەوە، جگە لەوەی کە گوتارە باوەکەش کەمو زۆر ئامادەبوونی خۆی خەفە نەکردووە، هەر لەم چوارچێوەیەدا، گرنگترین ئەو گۆڕانکاری و چەمك و زاراوە و ئەزموونە نوێیانەی کە شیعری هاوچەرخی کوردی لە بابەتی شیعری نیشتمانیدا بەدی دەکرێت، ئەمانەن:

**١ـ هاوڵاتیبوون (هاونیشتمانیبوون_المواطنة _Citizenship)**

زاراوەی هاوڵاتیبوون لەڕووی مێژووییەوە وماناوە پەیوەستێکی زەقی بە گەشەکردنی کۆمەڵێك سیمای هاوچەرخی کۆمەڵگای ئەوروپی، دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، جیهانگەرایی، ئازادی ماف و ئەرکەکانی تاك و دەوڵەتەوە هەیە. هەر بۆیە زاراوەی (Citizenship) لە وشەی (هاونیشتمانی – Citizen)ەوە پێکهاتووە، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی(شارنشین– Civatas) بەلاتینیەوە هاتووە، کە بەمانای کۆی هاووڵاتی و هاونیشتمانیان هاتووە، بەتایبەتی دانیشتوانی تاکە شار (City)ێکی دیاریکراو دواتر ماناکەی بەرفراوان بووە بۆ هاونیشتمانیانی نیشتمانێکی تەواو بەکارهاتووە(٣٢).هاوڵاتیش ئەو مرۆڤەیە کە لە نیشتمانێکی هاوبەش لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا لەدایك دەبێت و گەورە دەبێت، یاخود لەو نیشتمانەدا نیشتەجێ دەبێت و ڕەگەزنامە وەردەگرێت(٣٣)، هەروەها هاوڵاتی لە سادەترین ناساندندا، ئۆرگانێکی کۆمەڵگایە کەکۆمەڵێك ئازادی و مافی پێ ڕەوا بینراوە، لەگەڵ هەندێك ئەرك و ڕۆڵ و لێپرسراویەتیدا(٣٤).

زاراوەی (هاوڵاتیبوون)یش بەوە دەناسرێتەوە، کە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە هاوڵاتی لەگەڵ دەوڵەت (نیشتمان) لەلایەك، هەروەها پەیوەندییە سیاسییەکانی هاوڵاتی لەنێو خۆیاندا بەرجەستە دەکات، بەو مانایەی کە هاوڵاتیبوون هەموو ئەو ماف و ئەرك و چالاکی و کاریگەری و ڕادەربڕینانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندی نێوان تاك لەگەڵ دەوڵەت و تاکەکانی کۆمەڵ لەنێوان خۆیاندا هەیانە(٣٥).

ئەم پەیوەندیانەش لە دەوری سێ جەمسەر و ڕەهەندی سەرەکیدا شێوەگیر دەبن، یەکەمیان هاوڵاتیبوون لەڕووی یاساییەوە، کە ئەمە خۆی لە پیادەکردن و بەکارهێنان و پابەندبوون بە هەموو ئەو ماف و ئازادی و ئەرکانەی کە هاوڵاتییەك لە چوارچێوەی یاسادا هەیەتی، دووەمیان هاوڵاتیبوون لە بەشداری سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە هاوڵاتی وەکو ئۆرگانێکی سیاسی دەتوانێت چالاکانە بەشداری لە هەموو بڕیار و کاروبارەکانی دەوڵەت بکات، هەرچی سێیەمیانە ئەوا هاوڵاتیبوون لەڕووی هەڵوێستی نیشتمانیەوە، کە ئەمەش ڕادەی لایەنگیری هەڵوێستی و پشتگیری و دڵسۆزی هاوڵاتی بۆ نیشتمانەکەی دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای هەستکردن بە هاوڵاتیبوون دادەمەزرێت، هەستکردن بە هاوڵاتیبوونیش خۆی لە فەراهەمکردن و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی و پێداویستییەکانی ژیانی هاوڵاتیدا دەبینێتەوە(٣٦). چەندێتی و چۆنیەتی دابینکردنی ماف و پێداویستییەکانی ژیان ڕادەی بەهێزی و لاوازی پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت نیشان دەدات.

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی لە دوای ڕاپەڕین کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری بەسەر کۆمەڵگای کوردی داهاتوون، تاکی کورد ئاستی بیرکردنەوە و پێداویستییەکانی گۆڕاوە دروشمی ئازادی ڕادەربڕین، دابینکردنی پێداویستی و

خزمەتگوزارییەکانی ژیان، مافی بەشداری سیاسی و یەکسانی لە مافدا ئەمانە و چەندانی دیکەی بەرزکردۆتوە، ئەمانەش خۆی لە ماهیەتی خۆیدا، لەگەڵ چەمکی هاوڵاتیبوون یەکدەگرێتەوە، هەموو ئەو بابەت و دیاردانەی سەردەم، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش نەبێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی پتەوی بە بار و ئاست و ڕوانینی ئەدەبیەوە هەیە، هەروەکو چۆن ((گەشەسەندنی هونەر و ئەدەبی یۆنانی کۆن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ئازادییە سیاسییەوە هەبوو، کە هاوڵاتی یۆنانی بۆی فەراهەم کرابوو))[٣٧].

لەم ڕوانگەیەوە، لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چەمکی نیشتمان گۆڕاوە، یەکێك لەو جەمسەرانەی گۆڕانکاری خۆی لە چەمکی هاوڵاتیبوون دا دەبێتەوە، هەر بۆیە لەلای هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخ نیشتمان ئەو پانتاییە جوغرافیە کە هاوڵاتیانی هەست بە ئارامی و دابینکردنی پێداویستی ژیان و ماف و بوون و بەشداری چالاکانەی بڕیاردان بکەن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە لە هەندێك شیعردا ئەمە بەڕوونی زەق بۆتەوە، کەوا چەمکی نیشتمان ئاوەژووبۆتەوە، یاخود لای هەندێکیان نیشتمان بوونی نییە، چونکە هەستکردن بە هاوڵاتیبوون و ماف و ئازادی و پێداویستییەکانی ژیانی تێدا نییە.

(قوبادی جەلی زادە) لە ئەزموونی شیعری خۆی دا، لە زۆربەردا یاخییە لەو نیشتمانەی کە تێیدا دەژی لە ڕوانین و جیهانینی شیعری ئەودا، نیشتمانێك ژیان و ئازادی تێدا نەبێت نیشتمان نییە، هەروەکو لە بەشێك لە شیعری (وڵاتی ڕەژوو)دا، دەڵێت:

**نەخشەی وڵاتێکی سەرفرازیان دایە دەستی سوالکەرێك**
**چونکە کولێرەی تیانەبوو، پچڕ پچ ڕی کرد . دڕانی!**
**نەخشەی وڵاتێکی پڕ لە نانیان دایە دەستی زیندانییەك**
**چونکە ئازادی تیا نەبوو، کردی بە جوکلێتە نامە و**
**لە گۆشەیەکدا سووتانی!**
**نەخشەی وڵاتێکی سەرفراز و پڕ لە نانیان**
**خستە ناو دەستی منداڵێ**
**چونکە شاری نوقڵ و یاری تێدا نەبوو،**
**کردی بە کۆلارەیەك و بە گەردەلوولا فڕانی** [٣٨].

کۆکردنەوەی فرە دەنگی، دەنگی سواڵکەر و هەژارێك، دەنگی زیندانیەك، دەنگی منداڵێك، گەواهیدەری ئەمەن کە جیهانینی شاعیر بەرەو ئەوەمان ئاراستە دەکات، کە نیشتمانێك نان و ژیان و ئازادی و پێداویست و خواستەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ پڕ نەکاتەوە، کە بەهای نیشتمانبوونی خۆی ترازاوە و داماڵدراوە.

لە شیعرێکی دیکەدا ڕوونتر ئەمە پات دەکاتەوە، دەنووسێت:

**بستێك لە خاك نەماوەتەوە، پێی بگوترێ نیشتمان!**

**تکا لەبەرد دەکەم**

**پەنجەرەیەکم لێ بکاتەوە** (٣٩).

(قوبادی جەلی زادە) لە شیعرێکی دیکە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی شەهیدێك جیاوازی لە نێوان ئەو دوو نیشتمانە دەکات، کە یەکێکیان لە کۆندا، نیشتمانی جوانی و هەڵوێست و ڕابوون بوو، کەچی نیشتمانی ئێستا، نیشتمانی زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانە، هەروەکو دەبێژێت.

((**ئەو شەهیدەی**

**گۆڕەکەی خۆی وون کردبوو**

**سەری هەڵگرتەوە بۆ شار**

**شاری گوڵ و نان و ڕووبار**

**پێی سەیربوو**

**لەسەر دەرگەی ماڵەکەیان نووسرابوو**

**بەندیخانەی ژمارە هەزار!**))(٤٠).

هەمان ئەم ڕوانینە لە شیعری (پەشێو)یش پانبۆتەوە، هەوڵیداوە نیشتمان لە ئاستانەی نەبوونی ماف و ئازادی و ژیانێکی ئابڕومەندانە وەکو گۆڕستان و مەزار وێنا بکات، هەر بۆیە بەدەربڕینێکی ئایرۆنیانە دەنووسێت:

**کوردستانیان هێندە خۆشدەوێ**

**ئەوا دەیکەن بە مەزارێك**

**تاکی ئەبێ لە جیهانا**

**ئێمەشیان هێندە خۆشدەوێ**

**شادمان دەکەن بە فیدڕاڵی**

**لەچوارچێوەی گۆڕستانا!** (٤١)

دەرکەوتەکانی هاوڵاتیبوون هەر بە یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی واقیعی نیشتمان ناوەستێت، بەڵکو پەلی بۆ دوژمنایەتیکردنی نیشتمانیش دەهاوێژێت، ئەمەش نەك بەو مانای کە شاعیران ڕقیان لە نیشتمانە، بەڵکو ڕقە لەپێناو خۆشەویستیدا، ڕقە لە کەموکوڕی و ونکردنی ئەرك و خاسیەتەکانی نیشتمان وەك پەناگە و داڵدەی مرۆڤ. هەر بۆیە (دلاوەر قەرەداغی) پەیوەندی نێوان خۆیی و نیشتمان لە پرۆسەی ڕەنگرێژکردن گوتاری شیعری بە پیاهەڵدانی نیشتمان و دەربڕینی خۆشەویستی دەگۆڕێت بە گوتارێکی تازە، کە نیشتمان تێیدا دوژمنە، بەڵام دوژمنی ناتەواوی و دەستەبەر نەبوونی مافی هاوڵاتیبوون لەم نیشتمانەدا، لەم دیدگایەوە دەنووسێت:

**من و نیشتمان کێشەمان لەگەڵ یەکتردا هەیە**
**ئەو کێشەی لەگەڵ جێگە بە خۆ نەگرتم و**
**من کێشەم لەگەڵ خۆ گۆڕیندا هەیە**
**من و نیشتمان**
**تازە ئاشت نابینەوە**
**من و ئەو**
**دوژمنایەتیی کۆن**
**من و نیشتمان خوێنمان لەبەینایە!** (٤٢).

هەر لـەم ڕوانگەیـەوە (شـێرکۆ بێکـەس) لـەم دواییانـەدا، بـە ناونیشـانی (ئێسـتا کچـێك نیشـتمانمە) کۆمەڵێك دەقی بڵاوکردەوە کە هەر لە خوێندنەوەی ناونیشانی ئەم کۆمەڵە دەقە درك بە گۆڕانی ڕوانین بۆ نیشتمان دەکـەین، کـە دەکـرێن ڕەهەنـدێکی مانـای ئـەم ناونیشـانە ئـەوەبێت، کـە لـە دوێنێـدا نیشـتمان بەڕاستەقینەی نیشتمان بوو، بەڵام ئێستا نیشتمان هەمان ئەو مانـاو موڵگـەی جـاران نییـە، لـە بـڕی ئـەو کچـێك بۆتـە نیشـتمانی شـاعیر، لـە دوو تـوێی دەقەکانیشـدا زۆر ڕاشـکاوانە داوا و ویسـتی هـاوڵاتی لـە نیشـتمانەکەی خۆیـدا بەرجەسـتە دەکـات، کـە تێیـدا درك بـە بێـزاری و پەسـتی دەروونـی شـاعیر لـە نیشتمانەکەی دەکرێت، هەروەکو دەنووسێت.

**بێزارم بێزار لەو هەموو حیکایەتە ژەنگ**
**گرتووانەی کە هەر لە منداڵییەوە گوێیان تەفرەداوم**
**چاویان لێ دزیم و**
**هەستیان بە سڕبوون سپاردم**
**من چیم ئەویست لە نیشتمان**
**جگە لەوەی کە نانێك و کە کونجێکی**
**دڵنیایی و گیرفانێکی بە حورمەت و شتێ**
**هەتاوی ئارام و بارانێکی خۆشەویستی**
**پەنجەرەیەکی کراوەی سەر بە ئازادی و عەشقم**
**بداتێ** (٤٣)

هەر لە هەمبەر ئەم بابەتەدا، لە شیعرێکی دیکەدا، هەست و هەڵوێسـت و خۆشەویسـتی نیشـتمان لـە دوو توێی ماف و ئازادی و هاوڵاتیبووندا ڕایەڵە دەکات، دەنووسێت.

**((کە وڵات بوو بە چەتەوڵی هەڕەشە و**
**چی دەرگایە لێی داخستی**
**ئیتر شتێك نییە لەوەدا هەرگیز**
**تۆ پێی بڵێی خۆشەویستی))**

هەروەها لە كۆپلەیەكی دیكەدا، دەڵێت:

تۆ نیشتمان..!

ئەم سرووده چی لێبكەم؟![٤٤]

ئەگەر هێناوتە بۆ ئەوەی وەك هەموو جار

لە جێگەی نان، قسەی سەوز و سوورم باتێ

بیبەرەوە! با شاخ و داخ گوێی لێبگرێ!

ئەگەر هێناوتە بۆ ئەوێ

لە باتی ماڵ، لەبڕی كار، لەجیاتی ژن

بەڵێنی بێ قاچم بداتێ

بیبەرەوە، با كورسیەكانی پەرلەمان

گوێی لێبگرن! [٤٥]

وێڕای ئەم نموونانە و چەندانی دیكە، ئاماژەن بۆ ئەوەی كە دید و جیهانینی شاعیران بۆ نیشتمان لەگەڵ چەمكی هاوڵاتیبوون لە گەلێك جەمسەردا یەك دەگرێتەوە، ئەو نائومێدی و ڕەشبینی و یاخیبوونەی كە شیعری هاوچەرخی كوردی بۆ نیشتمان هەیەتی، لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە كە شاعیری نیشتمانپەروەر هەموو هەوڵ و خەبات و هیوای بۆ ئازادی نیشتمانێك هەلچینی بوو، كە لە سایەیدا بە ئارامی و ئازادی و سەرفرازییەوە وەكو مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەرببات.

كە ژێدەر ئومێد و هیواش بكوژێتەوە و ئاوەژووبێتەوە ئەوا ئەو ڕوانینەش كە هەبوو بۆ نیشتمان بەتاڵ دەبێتەوە.

## ٢ـ نوستالجیای نیشتمان:

زاراوەی نوستالجیا Nostalgia لە بنەڕەتدا بە مانای پەرۆشی و ئازار چەشتن بۆ گەڕانەوە بۆ ژینگە و ڕابردوو و نیشتمان دێت[٤٦].ئەم زاراوەیە ڕەهەندێكی دەروونی هەیە، هەر بۆیە لەناو زانستی دەروونناسیدا بەوە پێناسە كراوە، كە ((زاراوەیێكی باوە بۆ ئەو كەسانەی كە لە وڵات دوور ئەكەونەوە و بیری وڵاتەكانیان ئەكەنەوە و بێ ئارام ئەبن))[٤٧]. لەنێو ئەدەبیشدا، نوستالجیا وەكو زاراوەیەك ئەو هەست و پەرۆشی و دووری هەلپەیەیە بۆ گەرانەوە بۆ ڕابردوو و نیشتمان، كە شاعیران لە دەروونی خۆیانەوە بۆ نێو دەقی ئەدەبی دەیگوازنەوە، جا ڕەنگە ئەم شاعیرە لە تاراوگە و دوورە وڵاتدا بێت، یاخود هەر لە ناخی خۆیدا، لەنێو نیشتمانی خۆیدا ئەم هەستەی بۆ دروست بێت[٤٨].

زاراوەی دەردەماڵ (Homesick) یاخود (Homesickness)یش، زاراوەیەكی سایكۆلۆژییە، پەیوەندییەكی پتەو لێكچووی بە واتای وشەی نوستالۆجیاوە هەیە، كە بە مانای نەخۆشی دووری لە ماڵ دێت دروست دەبێت، ئەم حاڵەتە وەكو گرفت و نەخۆشییەكی دەروونی لە ئەنجامی دووركەوتنەوەی مرۆڤ لە ماڵ و خوێشەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم نەخۆشییەش زیاتر وەكو تێكچوون و ناهاوسەنگییەكی

دەروونـی لـەلای ئـەو هەرزەکارانـەوە دروسـت دەبێـت کـە بـۆ یەکـەمین جـار تووشـی هەسـتی غـەریبی و نامۆبوون دەبن[٤٩]. ئەم زاراوەیـە، لـەڕووی واتـاوە پەیوەندییـەکی تۆکمـەی بـەزاراوەی مـاڵ (Home)ەوە هەیە، ماڵیش بە مانای شوێن و جێگەی نیشتەجێبوون و سەقامگیری دێت، شـوێنێکە کـە مـرۆڤ تێیـدا لـە دایکبووە و پەیوەندی نزیکی و خزمایەتی بە ئەندامەکانی ناوییەوە هەیە، دوورکەوتنـەوە و لەدەسـتدان و تێکچوون و شلەژانی بارودۆخی ماڵ واتە لە دەسـتدانی هـەواری حەوانـەوە و شـوێنی نیشـتەجێبوون، کـە مــرۆڤ بــەردەوام بــۆی دەگەڕێتــەوە و وابەســتەیە پێیەوە،ئەمــەش (شــاربەدەر ـ Homeless)ی لێدەکەوێتەوە[٥٠].

بەشێوەیەکی گشتی هەستی نوستالجی لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردیـدا ئامـادەبوونی هەیـە، بەڵام ئەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەدی دەکرێت، جۆری ئەو هەستە نوستالجیە زیاتر کشـاوە و قووڵتربۆتەوە باری دەروونی شاعیران لـە هەنـدێك نموونـەی شـیعریدا، هەسـتی غـەریبی و دوورە وڵاتـی و حەزکردن و عەودالی بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی باب و باپیران بەدی دەکرێت، لە هەمان کاتدا درك بەوە دەکـەن گەڕانەوە بۆ ماڵیش هەر ئازارە، کەواتە ئەم بارە دەروونییە گوزەرکردن و شلەژان و سەراسیمەبوونێکە کە هەم پەرۆشییە بۆ گەڕانەوە، هەم نەگەڕانەوە، هەمە هەڵاتنە لە ماڵ و هەم بیرکردنی ماڵە، لە یەکاتدا هەم ویستنی ماڵە، هەم نەویستنی، ئەمەش خۆی لەبارێکدا هێشتۆتەوە، کە شاعیران ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵ و نیشتمان بە جوانتر لە نیشتمان خۆی دابنێن.لەکۆی ئەم بۆچوونانەوە دوو ڕەوتی ڕوانین بۆ ئەم مەسەلەیە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە:

- هەستی نوستالجی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و پەرۆشی گەڕانەوەی بۆی.
- هەستی نامۆبوون و بیٚ نیشتمانی لە نێو نیشتماندا.

ئەم تێڕوانینە نوێیە نەك هـەر لای شـاعیرانی شـیعری هاوچـەرخی کـوردی، بـەڵکو لـەنێو ئـەدەبیاتی میللەتانی دیکەش بەدی دەکرێت هـەر بـۆ نموونـە (مـەحموود دەرویشـی)ی شـاعیرانی ناسـراوی عـەرەبی لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئەو دەمەی لە دەرەوەی نیشتمان بووم، لەو بڕوایەدابووم کـە ئـەو ڕێگەیـە بـەرەو ماڵــوەت ئەباتــەوە و دواجــاریش مــاڵ جــوانترە لــەو ڕێگەیــەی ئەتگەیەنێتــە ماڵــەوە، بــەڵام ئەوکاتــەی گەڕامەوە، ئەو شوێنەی کە پێی دەوترێت ماڵەوە و ماڵی ڕاستەقینەش نییە، ئەوکات ئـەو قسـەیەم گـۆڕی وتم، هێشتا کە ڕێگای چوون بەرەو ماڵەوە جوانترە لـە مـاڵ خـۆی...، چـونکە ئـەو خەونـەی هـەمبوو زۆر جوانتر و بێگەردتربوو لەو واقیعەی کە لە خەونەکە کەوتەتووە..))[٥٠].

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەندێك نموونەی شیعری نیشتمانی هەن، کە شاعیر لـە نێـوان دوورە وڵاتی لە هەندەران و هەستی نامۆبوون لەنێوانیشماندا هەڵوەستە دەکات، بەو واتایەی لە کاتێکـدا هەسـت بە ناسنامە و بوونی خۆی نەکات لەنێو کلتور و کۆمەڵگایەکی بێگانە، لە هەمان کاتدا لـە گەڕانەوەشـی بـۆ ماڵ ویستمان جارێکی دیکە نامۆ دەبێت بەو نیشتمانەی کە لە ئاستی هیوا ئومێد و هەوڵ و پێداویسـتی و ویسـتەکانی ئـەودا نییـە، هـەر بۆیـە لـە حاڵـەتێکی دەروونـی تێکچـڕژاو و شـلەژاو و نـا هاوسـەنگدا خـول دەخوات.

لەم ڕوانگەیەوە (هێمن مام نادر) هەستی نامۆبوونی خۆی لەنێو نیشتماندا دەخاتەڕوو و دەنووسێت:

**هەستێکە پێناسە ناکرێ غوربەتم**
**بەردیش گریا لە ئاهی من کەووتم**
**ئەوا لێرە لەسەر حاڕەق هەڵاتم**
**بمبەنەوە من کوڕی ڕۆژهەڵاتم**
**عومرم بەخشی فیدای خۆشەویستمان**
**کوا باوەشی گەرمی تۆ ئەی نیشتمان؟**
**لە سوتانا گۆرانیم بۆ تۆ ئەچڕی**
**بۆ لە ئاستم وەك بەفر سار دەسڕی))**[٥١].

(دلاوەر قەرەداغی) لە باسکردنی نیشتمان بە چەمکە کۆن و باوەکەی بازیداوە کرۆکی مانای یەکێك لە دەقەکانی خۆی ڕادەستی هەستی ساردی نیشتمان دەکات بە ئاست ئەو ماناو گەرموگوڕی و ئارامییەی کە دەبێت بە ڕۆڵەکانی ببەخشێت لە دیدێکی بێ ئومێدانەوە دەنووسێت:

**نەمزانیبوو**
**نیشتمان بەو ڕادەیە ساردە**
**کە بەشی ڕەقبوونەوەی سێ چوار نەوە دەکات**
**نەمزانیبوو نیشتمان خاوەن ئەو هەموو**
**کانگەی سەرمایەیە**
**کە بەشی هەموو زستانەکانی مێژوو دەکات**
**نەمزانیبوو نیشتمان هێندە دڵڕەقانە**
**پڕ پڕ لەو هەموو ڕەقبوونەوەیەیە !** [٥٢].

لە شیعرێکی دیکەدا، هەستی نوستالجی و بێ وڵاتی خۆی، لێکترازانی پەیوەندی نێوان تاك و نیشتمان بەرجەستە دەکات ڕووی پرسیار ئاراستەی ئەو بارە دەروونییە دەکات کە هەم ڕێگای چوونەوە بۆ ماڵ، هەمە ڕێگای دوورکەوتنەوە لەماڵی لێ لێڵ کردووە، هەروەکو دەڵێت:

**کێ دەمانبتەوە بۆ نیشتیمان**
**کێ نیشتیمان دەهێنێت بۆ لامان**
**نامەکانی نیشتیمان بۆ کێ دێن**
**کێ لەنیشتیمانەوە نامەی بۆ دێت**
**کێ لای نیشتیمان بووە میوان**
**کێ لای نیشتیمان بووە کریار**
**کێ لەحەوشەی گەورەی نیشتیماندا بووە کرێچی ...** [٥٣]

(قوبادی جلیلـزادە) لەشیعری (کڵاو قاسـم)دا. هەسـتی بێـزاری لـەنێو نیشـتیمان لەگـەڵ نـاقوڵی و پەرۆشی بۆ نیشتیمان لـەدوورەوە وڵاتـی لەبۆتەقـەی یـەك دەقـدا قورمەڵـە دەكات، كـە لەكاتێكدا لـەنێو نیشتیمان دایە بێزارە، هەست بەبوونی نیشـتیمان ناكـات، كـە دەچـێتە تاراوگـە و دوورە وڵاتـی بەهـەمان شێوە، ئەم جـوغزەش بەنیشـتیمان نازانێـت. جـارێكی دیكـە هەسـتی نوسـتالجی نیشـتیمان دەسـتەمۆی دەكات:

**ئێوە لەشیعرەكانی من و منیش لە رەزا قورسی ئێوە و**
**هەمووشمان لەنیشتیمان بێ نان و ماچ**
**بێزارین ....**
**كەچی لەسەر سنوورە سەرمابردووەكانا**
**لەنێو بەلەمە بێ سەروو شوێنەكانا**
**بەپەككەوتووخانە و مووتاشخانە و مەیخانە و مێخانە سیاحییەكانی ئەوروپادا پێكدەگەینەوە.**
**لەوێدا، شێتانە، بۆ شیعرە شیرینەكانی من و**
**بۆ ئێسك سووكی ئێوە و**
**بۆ كوردستانە ئازیزەكەمان و**
**بۆ ئاوارەبوونی خۆمان دەكروزێینەوە!!)**[٥٤]

(ئیسماعیل بەرزنجی)یش هەر لەنێو پانتایی خاك و زێدی خۆیدا، هەستی بێزاری و پەسـتی و نـامۆیی خۆی لەدەقێكی شیعریدا وێندەكات:

**وەتەن**
**بەهەمووی بێزاری و غوربەتی خۆیەوە**
**وەك سەركردەیەكی تێكشكاو**
**لەبەردەرگای (گیانی وێران) مان دەوەستێ**
**گەردەلوولی پڕ بێزاری**
**بەچواردەوری (گۆڕی غریب) ماندا هەڵدەكات و**
**چرایەكی كز**
**لە (ژووری لاتەریك)مان دەكوژێتەوە**[٥٥]

بەشێوەیەكی گشتی لەم نموونانەدا، باری دەروونی شـاعیران لەحالەتێكـە، كـە گەڕانـەوەو هـەڵاتن و كۆچكردن لەماڵ و نیشتیمان هـەردووكیان سـەختن، بۆیـە ناسـنامەی كەسـێكی بـێ ناسـنامە و بێـی مـاڵ (Homeless) یان هەڵگرتووە، كە نامۆیە بەئەتواری نیشتیمان و كەشی تاراوگە.

### ٣- وێناکردنی نیشتمان:

ئەگەر سەرنجێکی شیعری هاوچەرخی کوردی بدەین، بەتایبەتی لەدوای (ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١)ەوە، چەندین سیما و ئەدگاری نوێ ... چ لەرووی فۆرم و تەکنیك و چ لەرووی بابەت و ڕوانینەوە بێت ـ تیا بەدی دەکەین. لەمانەش وێناکردنی چەمکی نیشتیمان کە بەدەربڕینی جیاواز و لەدیدی جیاوازەوە وێناکراوە، وەکو لەم چەند نموونەیەدا دیارە:

* ناشرین کردنی دیمەن و ڕووی نیشتیمان:

(قوبادی جەلیل زادە) لەدەقی (فیشەکی رەحمەت)[٥٦] دا، دەڵێت:

**کێ نیشتیمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم**
**ڕەش کرد؟**
**کێ نیشتیمانەکەمی لەبەرچاوی نەتەوەکەم**
**ڕەش کرد؟**
**نیشتیمانەکەم زوو قژی رووتایەوە....**
**نیشتیمانەکەم ددانەکانی زوو هەڵوەرین...**
**درێغا ، نیشتیمانە سەر لێشێواوەکەم . درێغا...**
**ئەو نیشتیمانە بەدوومەی لەوەتەی هەیە**
**تاتەشۆری خەونە پەمەییەکان و قەبرستانی ئازیزانە**

هەروەها (قوباد) لەدەقی (شمشێری ژن ـ شمشێری تەسلیم بوون) لەبەرانبەر نیشتیمان گوتوویەتی:

**من و نیشتیمانە زەلیلەکەم لەیەکدەچین**
**ئەو هەر رۆژەی پیاوێك داگیری دەکات**
**منیش هەر ڕۆژەی ژنێك!**

(بەرزان حەسەن) لەدەقی (بەتەنیشت فەنابوونەوە)[٥٧] دەڵێت:

**کێ نیشتیمانێکی دیوە بەکراسێکی چڵکن و**
**جووتێ کەوشی دڕاوەوە، دەهری بووبێ و**
**لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نەشاز گۆرانی بڵێ**
**ئەوە نیشتیمانە سەر شینەکەی منە...**

(شێرکۆ بێکەس) لەدەقی والای (ئێستا کچێك نیشتیمانە)دا کە لە نێو دەیان چوارچێوەی دزێوی جیاوازدا، وێنەی چەمکی نیشتیمانی بەرجەستە کردووە:

**هۆ نیشتیمان**
**لە ئێستەدا تۆ بەقەد بەرەیەکی کۆن و دڕاو**
**یان ئاوێنەیەکی شکاو، یان تەنەکەیەکی نەوتی بەتاڵ**
**یان جامێکی قۆپاو و**
**قوتیلکەیەکی خۆشەویست نیت![٥٧]**

هەر لەچوار چێوەی بەدزێوکردنی وێنەی نیشتیمان (شێرکۆ بێکەس) لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**من نیشتیمانەکەم گێلە**

**لەخوێن ساردی و بیرچوونەوە و**

**بێباکیدا**

**لەهیچ نیشتیمانێکی تر ناچێ**

**بۆیە منیش بڕیارم دا**

**وەکو کراسێکی کۆن**

**چاویلکەیەکی شکاو و**

**نامەیەکی بزرکراو**

**ئەوم لەبیر بچێتەوە**(٥٨)

لەچوارچێوەیەکی دیکەدا وێنەیەکی دی دەخاتە بەرچاو و دەڵێت:

**نیشتیمانیشم وا ئەبینم**

**بووە بەگسکێکی گەورە**

**هەموو رۆژێك لەبەردەمی مێژوویەکی**

**بێ دەربەستدا، گسکم ئەدات!** (٥٩)

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم نموونە شیعریانەدا بدەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە شاعیران لەرێگەی لەلایەك بەمرۆڤکردنی چەمکی نیشتیمان و لەلایەکی دیکەشەوە بەکاڵاکردنی چەمکەکە، چەندین و ئەدگار و ڕەفتاری دزێو و ناشرینیان داوەتە پاڵ نیشتیمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

* لەکردەی بەمرۆڤکردندا:

بەدزێوکردنی وێنەی نیشتیمان لەکردەی بەمرۆڤکردنەدا لەدوو ئاستدایە:

أ ـ سیمای جەستەیی (قژ ڕووتاو، ددان هەڵوەریو، کوێر، ... )

ب ـ سیمای کەسایەتی کەسێکی (خەمسارد و بێ باك، گێل، سەر لێشێواو، رەیزل، ...)

* لەکردەی بەکاڵاکردنی نیشتیماندا:

شاعیران بۆ زیاتر بەدەرخستنی ڕووی ناشرینی نیشتیمان، پەنایان بۆ لێك چواندنی نیشتیمان بەکاڵا و شمەك بردووە، بەڵام کاڵایەکی کەم بایەخ و تاڕادەیەك نەویستراو. نیشتیمان بە (تاتە شۆر، بەڕەی کۆن و دڕاو ، جامی قۆپاو، گسك، ...) دانراوە.

هەڵبەت نیشاندانی وێنەی نیشتیمان وەکو مرۆڤێکی لەدەرەوەدا ڕواڵەت ناشرین و لەناوەوەشدا (خەمسارد و گێل و سەر لێشێواو) ئەمە زادەی ئەو گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کەفەزای کۆمەڵگای گرتۆتەوە و دەستەڵاتی سیاسی کوردی چەندین دیاردەی نێگەتیڤ و نەخوازراوی هێناوەتە ئاراوە، بەشێوەیەکی گشتی هێندە خراپی کردووتە سەر تێکرایی لایەنەکانی ژیان، تەنانەت ڕوانینی تاکەکانیش بۆ خودی نیشتیمان گۆڕیوە.

* لەدەست دانی خۆشەویستی نیشتیمان:

بێگومان ئەگەر نیشتیمان ئەوە روخسار و ناوەڕۆکی بێت (نیشتیمانێکی گێل و شورلێشێواو) بێگومان شتێکی چاوەروانکراوە ، کە ئەو کەسەی نیشتیمان ئاوا ببینێت، ئیدی نیشتیمانێکی ئاوهای خۆش نەوێت و لێرەوە چەندین وێنەی دابڕانی نێوان تاك و خاك لەشێوەی هاوچەرخی کوردیدا بەدی دەکەین.

(قوبادی جەلیلزادە) بەئاشکرا دەڵێت:

**لەدەستم داوە، من خۆشەویستی نیشتیمانەکەم لەدەست داوە**

**لەدەستم داوە، من خۆشەویستی گەلەکەم لەدەست داوە**

(دلاوەر قەرەداغی) لەدەقی (کەلار)دا[٦٠] دەڵێ :

**کێ دەمانباتەوە بۆ نیشتیمان**

**کێ نیشتیمان دەهێنێتەوە بۆ لامان**

**دیارە ئاماژەپێدانە بەپچراندنی پێوەندی خەڵك و خاك.**

٤ـ ئاراستەی گوتاری شیعری نیشتیمانی:

ئەو دەقە شیعریانەی کە ڕوانینێکی نوێیان لەخۆ گرتووە لەمەڕ چەمکی نیشتیمان، بەو مانایەی وەکو دوێنێی شیعری کوردی (بەر لەڕاپەڕین) نەك هەر نیشتیمان بەبەهەشتی ڕەنگین و فیردەوسی سەر زەوی و بەگیان و هەناسەی دانانێن، بەڵکو نیشتیمان وێنەیەکی زۆر جیاوازی بۆ کێشراوە کە بریتییە لە (نیشتیمانێکی گێل، رەزیل، ڕەزاگران، ...). لەم چوارچێوەیەدا چەند خاڵێك جێگای سەرنج و تێڕامانە:

ـ لەدەرەوەی شیعرەکانەوە، ئەم جۆرە وێنەو ڕوانینانە، زادەی قۆناغی مێژوویی خۆیانن و بەرهەمی ئەو بارودۆخەن کە تیایدا لەدایك بوون.

ـ لەناوەوەی شیعرەکاندا:

أـ لای هەندێ لەشاعیراندا ڕاستەوخۆ نیشتیمان تاوانبار کراوەبەو دیاردە دزێوە و نەخوازرانەوەی کە نیشتیمانن ناشرینکردووە. وەکو لەدەقی والای (ئێستا کچێك نیشتیمانە) بەدی دەکرێت.

ب ـ بەر لەراپەرینی (١٩٩١) ئاراستەی گوتاری شیعری کوردی لەخستنەڕووی ئێش و ئازێشەی تاك و نیشتیماندا، دوژمنی دەرەکی (ئەویدی) بوو، بەڵام دواتر ڕووی کردۆتە ناوەوە (دەستەڵاتی ناوەخۆیی).

لێرەشدا دید و بۆچوونی جیاوازیان خستۆتە ڕوو:

بۆ نموونە (قوبادی جەلیلزادە) بۆ هۆکاری مەینەتیەکانی نێوان تاك و خاك، پرسیار ئاراستەی خوێنەر دەکات و وەڵامیشی هەر بۆ ئەم بەجێدەهێڵێت:

**کێ نیشتیمانەکەمی لەبەر چاو نەتەوەکەم**

**ڕەش کرد؟**

**کێ گوڵە سوورەکانی فەسادکرد و ئابڕووی پەپوولانی هەڵوەران؟**

**کێ خۆری تاڵان کردوو ئەژنۆ ڕەشەکانی شەیتانی پێ گەرم کردەوە ؟**

ج ـ بەڵام لەهەندێ دەقی شیعریی دیکەدا، شاعیر ڕاستەوخۆ سەرکردەکانی کورد تاوانبار دەکەن و ئۆباڵی مەینەتییە سیاسی و نیشتیمانییەکان دەخەنە ئەستۆی ئەمانە. ئەوەتا (عەبدوڵا پەشێو) بەڕاشکاویی لەدەقی (چما من چۆڕە خوێنە ...)دا دەڵێت:

**تا سێبەری ئەوان مابێ**
**کوردستانمان وەك دێڵەیەك**
**دەبێ جێگەی بەردەرگابێ....**
**توتکە بەعس و براکوژی لێ پەیدابێ...**
**کوردستانی ئێمە ئاشە و**
**سەرکردەکانیش ئاشەوان**
**کورد باراشە و لێکردنیان**
**بەقۆنتەرات داوە بەوان.** ل ٤٤٩ (هەسپم هەورەو رکێفم چیا)

## ئەنجام:

گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر چەمکی نیشتیمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا هاتووە، دەتوانین لەم چەند خاڵە چڕی بکەینەوە:

١ـ ئەگەر لەشیعری کوردی قۆناغی پێش ڕاپەڕین (١٩٩١)دا، چەمکی نیشتیمان ئەو پانتاییە جوگرافیە بووبێت کە شاعیر وەکو زێدی خۆی هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیوە، ئەوا لە شیعری هاوچەرخی کوردی دوای ڕاپەڕیندا. چەمکی نیشتیمان خۆی لەو ڕووبەر و پانتاییەوەدا دەبینێتەوە، کە پێداویستیەکان ژیان و ماف و ئازادییەکانی تاك وەکو هاوڵاتییەك فەراهەم دەکات.

٢ـ ئەگەر لەشیعری دوێنێی کوردیدا، نیشتیمان بەهەشتی ڕەنگین و نموونەی جوانی و شکۆمەندی وەسف کراوە، ئەوا ئەمڕۆ نیشتیمان لەچوارچێوەی وێناکردنێکی دزێو و کریت و نەخوازراو دایە. ئەم وێناکردنە تازەیەش نیشانەی نەبوونی هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان نییە، بەڵکو هێمای گۆڕانی تێڕوانینە بۆ چەمکی نیشتیمان و شێواز و مۆدیلێك و لەبەر گگرتنەوەیەکی دیکەیە بۆ خۆشویستنی نیشتیمان.

٣ـ ئەگەر لە دوێنی شیعری کوردیدا، گوتاری شیعر ئاراستەی دەرەوەی نیشتمان (دوژمن ـ ئەویدی) کرابێت و ئۆباڵی نەهامەتی و مەینەتییەکان خرابێتە ئەستۆی نەیاران و داگیرکارانەوە، ئەوا ئاراستەی گوتاری شیعری هاوچەرخی کوردی ڕووی لە دەسەڵاتی خۆماڵی و ناوەوەی نیشتمانە، تا ڕادەیەك زمانێکی زبر و توند و تیژ و زبری بەکارهێناوە تا دەگاتە ئاستی بەکارهێنانی شێوازی داشۆرینی سیاسی.

٤ـ لە ئەنجامی ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی دۆخی ناوخۆی نیشتمان لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە حەسرەت و پەرۆشی بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان لە تاراوگەدا، ئەمە قەیرانێکی ناسنامەیی (بوون و نەبوونی نیشتمان) بۆ شاعیران هێناوەتە ئاراوە، کە لە هەندێك باردا بەرەو گرفتی دەروونی هەڵکشاوە، ئەمەش وایکردووە لای هەندێك شاعیر لەنێو نیشتمانیشدا هەست بەبێ نیشتمانی بکات.

## پەراوێزەکان:

١ـ هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کوردی ـ فارسی، سروش (انتشـارات صـدا و سـیما)، چـاپ ششـم، تهـران ـ ١٣٨٨، ص ٨٩٥.

٢ـ د. صلاح الدين الهواري، المعجم الوسـيط (عربـى ـ عربـى) دار و مكتبـة الهـلال للطباعـة وللنشـر، الطبعـة الاولى، بـيروت، ٢٠٠٧، ص ١٨٥٧.

٢ـ أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ابن منطور)، لسان العرب، الجزء الخامس العشر، دار صادرى، ٢٠٠٣، ص ٢٣٩.

3- Cambridge University, Cambridge Learners Dictionary, Cambridge University press, second edition, Cambridge – 2004, P. 322.

2- -----, The world Book Student Dictionary, Printed in the United States of America (1 SBN), Chicago – 2005, P. 364.

٤ـ ئازاد وەلەد بەگی، فەرهەنگی ڕامیاری نیگا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر ـ ٢٠٠٠، ل ٢٨١ ـ ٢٨٢.

٥ـ د. عزالدين اسماعيل، للشعر في اطار العصر الثوري، دار القلم، الطبعة الاولى، بيروت ـ ١٩٧٤، ص ٤٩ ـ ٥٠.

٦ـ كارل ماركس، الادب والفن في الاشتراكية، ت: د. عبدالمنعم الحفنى، للطبعة الثانية، ١٩٧٧، ص ٥٣.

٧ـ أدونس، زمن الشعر، دار الساقي، الطبعة السادسة، بيروت ، ٢٠٠٥، ص ٢٢٤ ـ ٢٢٥.

٨ـ د. عزالدين اسماعيل، الشعر في اطار العصر للثوري، ص ٧٩.

٩ـ نواف نصار، معجم المصطلحات الادبية، دار المعتز، الطبعة الثانية عمان ـ ٢٠١٠، ص ١٩.

١٠ـ ئەرکی شیعر، لە ئەدەبی کوردیدا سالآنی (١٩٢٠– ١٩٥٨) ل ١٣٥.

١١ـ ريموند وليمز، الكلمات المفاتيح، ت: نعيمان عثمان، المركز الثقافى العربى، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٢٠١٤.

١٢ـ المجمع اللغة العربية، المعجم الفلسفي، الهيئة العامة الشؤن المطابع الاميرية، القاهرة، ١٩٨٢، ص ٢٣.

١٣ـ ريموند وليمز، الكلمات المفاتيح، ص ٢٠١٤.

١٤ـ د. اسماعيل عبـدالفتاح عبـدالكافي، معجـم مصـطلحات حقـوق الانسـان، الكتـب الالكترونيـة. www.kotobarablca.come ،ص٣٦٨.

١٥ـ د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الادب، الجزء الاول، دار الكتب العلمية، للطبعة للثانية، بيروت ـ ١٩٩٩، ص ٦٨.

١٦ـ د. جميل صليبا، المعجم الفلسفي، الجزء الاول، منشورات ذاوى القربى الطبعة الاولى، ١٣٨٥، ص ٦٧٩.

١٧ـ احمد زكي بدوي ، المعجم المصطلحات السياسية والدولية،دار الكتاب اللبنانى للطباعة والنشـر والتوزيـع الطبعـة الاولى، ١٩٨٩، ص ٩٣.

١٨ـ احمد زكي بدوي، معجم المصطلحات السياسية والدولية، دار الكتاب للبنـانى للطباعـة والنشـر ولتوزيـع، الطبعـة الاولى، ١٩٨٩، ص ٩٣.

١٩ـ د. راميل يعقوب، د. بسام بركة، فى شيخانى، قاموس المصطلحات اللغوية والادبية، دار العلـم للملايـين، الطبعـة الاولى، بيروت ـ ١٩٨٧، ص ٢٣٩.

٢٠ـ محمد عزام، المنهج الموضوعي، منشورات اعتماد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، ص ٨٢.

٢١ـ تيري ايجلتون: النقد والايديولوجية، ت: فخرى صالح، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٢، ص ٢١٠.

٢٢ـ د. على جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب العربى، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد ـ ١٩٨٣، ص ٣٠.

٢٣ـ دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهور بەمـەلای جزیـری، هـەژار شـەرعی لی کـردووە، انتشـارات سـروش، چاپ اول، تهران ـ ١٣٦١، ل ٥٣٤.

٢٤ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبـدالکریم، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل ١٧٤ ـ ١٨١ ـ ١٩٧.

(*) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم مەسەلەیە، چەندێك توێژینەوە هەن، كە زۆر بە زەقی و وردی ئەم باسەیان تاوتوێ كردووە، بڕوانە: ١– فەهمی شوكری عەبدوللا، نەتەوە و دەولەت و ئایین لەهزری ئەحمەدی خانی ١٦٥٠–١٧٠٧،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر– ٢٠١٠.

٢ـ د. كەمال مەعروف، ڕەخنەی نوێی كوردی، چاپكراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩ – ٧٦.

٢٥ـ بۆ زیاتر زانیاری و شارەزابوون بڕوانە:

١ـ د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، كوردستان لە ساڵەكانی شەری یەكەمی جیهاندا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٢ـ د. مارف خەزنەدار، شیعری سیاسی كوردی لە كوردستانی عێراقدا ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی، گۆڤاری كولێجی ئەدەبیات، ژمارە (١٥)، بەغدا، ١٩٧١ ـ ١٩٧٢، ل ٤٥ ـ ٦٨.

٢٦ـ دیوانی گۆران، كۆكردنەوەی محمدی مەلا كریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٨٩.

٢٧ـ دیوانی گۆران، ل ٣٠١.

٢٨ـ دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحید، كۆی كردووەتەوە و ساغی كردووەتەوە، بەرگی یەكەم، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٩٩.

٢٩ـ دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەكردن و لێكدانەوەی پەراوێز نووسین و پێشەكی: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٧٣ ـ ١٧٤.

٣٠ـ دیوانی قانع، كۆكردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی دالاهو، چاپی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٩٦.

٣١ـ د. عبدالمنعم تلیمة، مقدمة في نظریة لادب، دار العودة، للطبعة للثانیة، بیروت ـ ١٩٧٩، ص ١٣٧.

٣٢ـ بڕوانە: ریموند ولیمز، الكلمات المفاتح، ص ٦٤ – ٦٥.

٢ـ طونی بینیت و اخرون، مفاتیح اصطلاحیة جدیدة، معجم مصطلحات الثقافة و المجتمع، ت: سعید الفاغي، المنظمة العربیة للترجمة، الطبعة الاولی، بیروت، ٢٠١٠، ص ٦٥٧.

٣٣ـ محمد احمد درویش، للهولمة والمواطنة والاتجاء الوطنی، عالم الكتب، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ١٤٣.

٣٤ـ ادواردسی. بانفیلد، السلوك الحضاری والمواطنة ت: احمد یعقوب المجدوبة، دار النسر للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، عمان، ١٩٩٥، ص ٦٤ ـ ٦٨.

٣٥ـ ریان ڤوت، النسویة والمواطنة، ت: ایمن بكر، سمر الشیشكلی، المجلس الاعلی للثقافة، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠٠٤، ص ٣٢.

٣٦ـ محمد احمد درویش، العولمة والمواطنه والانتماء الوطنی، عالم الكتب، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ١٤٤ ـ ١٤٥.

٣٧ـ د. عماد هاشم، مدخل الی تاریخ الادب الاوروبیة، الدار العربیة للكتاب، تونس، ١٩٧٩، ص ٥٠.

٣٨ـ قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست چاپكراوی بەستە، ، ل ٣٠٧ ـ ٣٠٨.

٣٩ـ قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست، ل ٣٩.

٤٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

٤١ـ عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، كتێبفرۆشی زانكۆ و چرا، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٤٥٦.

٤٢ـ دلاوەر قەرەداغی، ڕۆیشتنێك بەڕێوەیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٧٦)، كانوونی دوومی (٢٠١٢)، ل ٤.

٤٣ـ شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٨٦.

٤٤ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٤٥ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٤٦ـ جبور عبدالنور، المعجم الادبی، دار العلم للملایین، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٩، ص ١٠٠.

٤٧ـ د. عبدالستار طاهر شریف، قامووسی دەروونناسی، مطبعة علاء، چاپی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٤٣.

٤٨ـ د. محمد التـونجى، المعجـم المفصـل في الادب، الجـزء الاول، دار الكتـب العلميـة، الطبعـة الثانيـة، بـيروت ـ ١٩٩٩، ص ٣٨٥.

٤٩ـ بڕوانە: ١ـ د. عبدالمنعم الحفنى، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مكتبة مدبولى، الطبعة الرابعـة، القـاهرة، ١٩٩٤، ص ٣٥٧.

2- The world Book Dictionary. P: 364.

٥٠ـ طونى بييث واخرون، مفاتيح اصطلاحية جديدة، ص ٦٥٣ ـ ٦٥٦.

٥٠ـ مەحموود دەروێش، هەڵدانـەوەی دەفتـەرەکانی شـیعر و سیاسـەت و تازەگـەریی (هەڤپـەیڤین)، وەرگێڕانـی: جـەمال غەمبار، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١١٢.

٥١ـ هێمنی مام نادر، فڕین بەرەو نا سنوور، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل ٤٧.

٥٢ـ دلاوەر قەرەداغی، ڕۆیشتنێك بەڕێوەیە، ل ٤.

٥٣ـ دلاوەر قەرەداغی، پاییزانە.

٥٤ـ قوبادی جەلی زادە، هەمیشەڕوو لەخودا هەمیشە مەست، ل ١٥.

٥٥ـ ئیسماعیل بەرزنجی، پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان، دەزگـای ئـاراس، چـاپی یەکـەم، هـەولێر، ٢٠٠٧، ل ٥٧.

٥٦ـ قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست، (شیعر)، چاپکراوی بەستە، ٢٠٠١، ل ٧٩ — ٨٧.

٥٧ـ بەرزان هەستیار، بە تەنیشت فەنابوونەوە (شیعر)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٠.

٥٧ـ شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، ل .

٥٨ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢.

٥٩ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٦٠ـ دلاوەر قەرەداغی، پاییزانە، ل ٢٣.

## سەرچاوەكان

### ١- بە زمانی كوردی

#### أ-كتێب

- ئازاد وەلەد بەگی، فەرهەنگی ڕامیاری نیگا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم، هەولێر ـ ٢٠٠٠
- ئیسماعیل بەرزنجی، پەست وەك ئێوارە نارنجییەكانی نیشتمان، دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
- بەرزان هەستیار، بە تەنیشت فەنابوونەوە (شیعر)، چاپی یەكەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- د. عبدالستار طاهر شریف، قاموسی دەروونناسی، مطبعة علاء، چاپی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٥.
- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، كوردستان لە ساڵەكانی شەری یەكەمی جیهاندا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.
- د. كەمال مەعروف، ڕەخنەی نوێی كوردی، چاپكراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحید، كۆی كردووەتەوە و ساغی كردووەتەوە، بەرگی یەكەم، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨
- دیوانی گۆران، كۆكردنەوەی محمدی مەلا كریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
- دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهور بەمەلای جزیری، هەژار شەرعی لێ كردووە، انتشارات سروش، چاپ اول، تهران ـ ١٣٦١.
- دیوانی قانع، كۆكردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی دالاهو، چاپی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەكردن و لێكدانەوەی پەراوێز نووسین و پێشەكی: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، هەولێر-٢٠١٣.
- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.
- شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١١ .
- عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، كتێبفرۆشی زانكۆ و چرا، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
- فەهمی شوكری عەبدوللا، نەتەوە و دەولەت و ئایین لەهزری ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧،چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر- ٢٠١٠.
- قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست چاپكراوی بەستە-٢٠٠١.
- مەحموود دەروێش، هەڵدانەوەی دەفتەرەكانی شیعر و سیاسەت و تازەگەریی (هەڤپەیڤین)، وەرگێڕانی: جەمال غەمبار، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ كوردی ـ فارسی، سروش (انتشارات صدا و سیما)، چاپ ششم، تهران ـ ١٣٨٨.
- نەسرین رەئوف ئیسماعیل، ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردیدا ساڵانی (١٩٢٠- ١٩٥٨)،چابخانەی رۆژهەلات، چاپی یەكەم،هەولێر- ٢٠١٠.
- هێمنی مام نادر، فڕین بەرەو نا سنوور، چاپی یەكەم، ٢٠١٤.

#### ب- گۆڤـــــار:

- گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٧٦)، كانوونی دووەمی (٢٠١٢).
- گۆڤاری كولێجی ئەدەبیات، ژمارە (١٥)، بەغدا، ١٩٧١ ـ ١٩٧٢.

**٢- بە زمانی عەرەبی:**


- أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ابن منظور)، لسان العرب، الجزء الخامس العشر، دار صادرى، ٢٠٠٣.
- احمد زكي بدوي، معجم المصطلحات السياسية والدولية، دار الكتاب للبنانى للطباعة والنشر ولتوزيع، الطبعة الاولى، ١٩٨٩.
- ادوارد سى. بانفيلد، السلوك الحضارى والمواطنة ت: احمد يعقوب المجدوبة، دار النسر للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ١٩٩٥.
- أدونيس، زمن الشعر، دار الساقي، الطبعة السادسة، بيروت ، ٢٠٠٥.
- المجمع اللغة العربية، المعجم الفلسفي، الهيئة العامة الشؤن المطابع الاميرية، القاهرة، ١٩٨٢.
- تيري ايجلتون: النقد والايديولوجية، ت: فخرى صالح، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٢.
- جبور عبدالنور، المعجم الادبى، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٩.
- د. جميل صليبا، المعجم الفلسفي، الجزء الاول، منشورات ذاوى القربى الطبعة الاولى، ١٣٨٥.
- د. راميل يعقوب، د. بسام بركة، فى شيخانى، قاموس المصطلحات اللغوية والادبية، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت - ١٩٨٧.
- د. صلاح الدين الهواري، المعجم الوسيط (عربى - عربى) دار و مكتبة الهلال للطباعة وللنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٧. م
- د. عزالدين اسماعيل، للشعر في اطار العصر الثوري، دار القلم، الطبعة الاولى، بيروت - ١٩٧٤.
- د. على جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب العربى، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد - ١٩٨٣،
- د. عماد هاشم، مدخل الى تاريخ الادب الاوروبية، الدار العربية للكتاب، تونس، ١٩٧٩.
- د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الادب، الجزء الاول، دار الكتب العلمية، للطبعة للثانية، بيروت - ١٩٩٩.
- د.عبدالمنعم الحفنى، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مكتبة مدبولى، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٩٤
- ريان ڤوت، النسوية والمواطنة، ت: ايمن بكر، سمر الشيشكلى، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٤.
- ريموند وليمز، الكلمات المفاتيح، ت: نعيمان عثمان، المركز الثقافى العربى، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٧.
- كارل ماركس، الادب والفن في الاشتراكية، ت: د. عبدالمنعم الحفنى، للطبعة الثانية، ١٩٧٧.
- محمد احمد درويش، للهولمة والمواطنة والاتجاء الوطنى، عالم الكتب، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٩.
- محمد عزام، المنهج الموضوعي، منشورات اعتماد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩.
- نواف نصار، معجم المصطلحات الادبية، دار المعتز، الطبعة الثانية عمان - ٢٠١٠.
- د. عبدالمنعم تليمة، مقدمة في نظرية لادب، دار العودة، للطبعة للثانية، بيروت - ١٩٧٩،
- د. محمد التونجى، المعجم المفصل في الادب، الجزء الاول، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانية، بيروت - ١٩٩٩.
- د.اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي، معجم مصطلحات حقوق الانسان، الكتب الالكترونية. www.kotobarablca.come.
- طونى بينيت و اخرون، مفاتيح اصطلاحية جديدة، معجم مصطلحات الثقافة و المجتمع، ت: سعيد الفاغي، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٠.
- محمد احمد درويش، العولمة والمواطنه والانتماء الوطنى، عالم الكتب، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٩.


**٣- بە زمانی ئینگلیزی:**


3- Cambridge University, Cambridge Learners Dictionary, Cambridge University press, second edition, Cambridge – 2004, P. 322.

2- -----, The world Book Student Dictionary, Printed in the United States of America (1 SBN), Chicago – 2005, P. 364.

## مفهوم الحديث للوطنية فى الشعر الكوردي المعاصر

بعد الانتفاضة الربيعية للشعب الكردي عام (١٩٩١) دخل المجتمع الكردي مرحلة جديدة بل مغايرة لماقبلها، حيث تغيرت الحياة السياسية ولاجتماعية والثقافية وشهد الفرد الكردي ظرفا جديدا لم يشهده من قبل .

فمن الناحية الادبية، انجبت هذه المرحلة نصوصا ادبية جديدة من حيث الرؤية والاسلوب. يتناول هذا البحث تلك التغيرات والتحولات التي طرأت على مفهوم الوطنية ومن ثم الشعر الوطني لدى شعراء الكرد المعاصرين.

.يتضمن البحث ثلاثة محاور، ففي المحور الاول تم تناول مفهوم الشعر الوطني وفي المحور الثاني تطرق البحث الى مسالة حضور الشعور الوطني في الشعر الكردي الحديث، بينما خصص المحور الثالث لملامح تلك التغيرات التي طرأت على الرؤية الوطنية والشعر الوطني في الشعر الكردي المعاصر، حيث اصبح في هذه المرحلة انتقاد الوطن والهروب منه واظهار صورته في شكل مزري، من ملامح هذه الرؤية الجديدة.

## The Modern Concept of Patriotism in the Contemporary Kurdish Poetry

After the uprising of the Kurdish people in 1991 the Kurdish community entered a new and different phase that involved changes in the political, cultural and social life of the Kurdish individual. Concerning the literary aspect, this phase gave birth to new literary texts in terms of the vision and style. This research deals with those changes and transformations in the concept of patriotism and the patriotic poetry written by the contemporary Kurdish poets.

The research consists of three sections. The first section tackles the concept of patriotic poetry. The second section deals with emergence of the patriotic emotions in the modern Kurdish poetry. The third and last section sheds light on the characteristics of the changes in the patriotic vision and patriotic poetry in the contemporary Kurdish poetry, and this involves criticizing and abandoning the homeland and showing it in a miserable image.

# ڕاڤەکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکیی پەندی پێشینان لەزمانی کوردیدا

**د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**
زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی پەروەردەی چەمچەماڵ
سکوڵی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی

**د. دارا حمید محمد**
زانکۆی گەرمیان / فاکەڵتی پەروەردە
سکوڵی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

زمانەوانی بەگشتی و واتاسازی بەهەردوو لقییەوە ( pragmatics) بەتایبەتی هەنگاوی باشی ناوە لەبونیاتی پەیوەندی لەگەڵ زانستەکانی تری وەك : کۆمەڵایەتی، دەروونزانی، فەلسەفە، لۆژیك، بایۆلۆژی...هتد. پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و هەندێ لەو زانستانە گەیشتۆتە ئاستێك کە زانستگەلێکی نوێی هێناوەتەکایەوە، بۆ نموونە : کۆزمانەوانی (sociolinguistics ) (Bernard Spolsky,2008.p3)، زمانەوانیی دەروونی (psycholinguistics ) (John Lyons.2002,p258 )، فەلسە و زمان، زمان و کەلتوور، زانستی زمانی جوگرافی...هتد. واتە زمانەوانی چالاکانە ئەوەی تێپەڕاندووە، کە زانستێك بێت تەنها لە ئاستەکانی ناوەوەی زمان وەك : دەنگسازی ( phonetics – phonology )،وشەسازی (Morphology ) و ڕستەسازی (Syntax ) بکۆڵێتەوە، بەڵکو زمانەوانی لەدۆخی ئێستایدا بەناو هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕۆچووە، و لێکۆڵینەوەکانی ئەنجام دەدات.

یەکێك لەو بابەتانەی کە زمانەوانی لەکۆنەوە بەناخیدا ڕۆچووە (ئەدەب) ە، هەڵاوێردکرنی بابەتی زمان و ئەدەب گەر مەحاڵ نەبێت ئەوا زۆر ئەستەمە، چونکە باڵابوونی زمان و ئەدەب وابەستەن بەیەکەوە،"زمان و ئەدەب ناوەندێکی یەك چەقییان هەیە، لێکهەڵاوێردکردنیان دوورکەوتنەوەیە لەو ڕاستییانەی کە زانستی زماننانسی و ئەدەبناسیی تازە بەدەستیان هێناون" (**ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩ : ٥)**). "داهێنان لەئەدەبدا پەیوەستە بە پابەندبوونی ئاخێوەر یان شاعیر بە یاسا زمانییەکانەوە، یان هەندێکجار لەڕێی لادانەوەدەبێت لەو یاسا زمانییانە" (**محەمەد مەعروف،( ٢٠١٠ : ٤٠٣ )**). لەم سۆنگەیەوە بەپێویست زانرا ئەم باسە بۆ ڕاڤەکردنی پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب تەرخان بکرێت، لەئەدەبیشدا بابەتی پەندی پێشینان بژاردەیە. لێکۆڵینەوەکەش کە بە ناونیشانی (ڕاڤەکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکیی پەندی پێشینان لەزمانی کوردیدا) یە، کار لەسەر شیکاری واتایی پەندی کوردی دەکات، لێکدانەوە واتاییەکانی پەندەکان بەپێی بنەماکانی هەردوو ئاستی واتا سێمانتیك و پراگماتیك ئەنجامدراون.

پەندی پێشینان وەك دەربڕینێکی چەسپاو، نە لە بارەی پێکهاتەی سینتاکس‌و نە لەبارەی سێمانتیك‌و پراگماتیکەوە وەك پێویست لێینەکۆڵراوەتەوە.کە ئەمە گرفتێکە لەزمانەوانی کوردیدا، بەو پێیەی دەبێت هەموو لایەنەکانی زمانی کوردی شیبکرێنەوە و بخرێنە بەردەست، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گرنگ و پێویست دەزانرێت، ئومێد دەکرێت گرفتێکی زمانەوانیی کوردی چارەسەربکات.

ئەو پەندانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهێنراون، زیاتر لە زمانی قسەپێکەرانی سنووری شاری سلێمانییەوە وەرگیراون. ئەمەش سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشاندەکات، کە شێوەزاری سلێمانییە. بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

لەدیارترین گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە سەرچاوەبوو، چونکە سەرچاوەی پێویست بۆ باسی پەند لەڕووی ئەدەبییەوە لەبەر دەستدا بوون. بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە زۆر بەکەمی باسی پەندی پێشینان کراوە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم کە بەناونیشانی (فۆرم و ناوەرۆکی پەندی پێشینانی کوردی)یەو دوو پارە، پاری یەکەمی بەشی یەکەم بۆ باسی پەندی پێشینان لەڕوانگە ئەدەبیەکەوە تەرخانکراوە. لە پاری دووەمدا باس لە جۆرەکانی واتا و پراگماتیك و بنەماکانی هاریکاری لای گرایس کراون.

هەرچی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیە، بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی پەند لە ڕووی سێمانتیکی‌و پراگماتیکییەوە تەرخان کراوە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا جگە لە لیستی سەرچاوەکان، چەند ئەنجامێك خراونەتە بەرچاو. دواتر کورتەیەکی باسەکە بەزمانی عارەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

لەم لێکۆلینەوەیەدا هەر ڕستەو فرێزیك بەکارهێنرابێت، بەم جۆرە دەستنیشانکراوە > ڕستەو فرێز<، هەموو وشە لێکدراوەکانش خراونەتە نێوان دوو هێڵی لارەوە /وشەی لێکدراو/.

## بەشی یەکەم
## فۆرم و ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کوردی

### ١/١) پەندی پێشینان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا :

لای زۆربەی گەلان ئەدەبیات بە ئەدەبی فۆلکلۆر دەستپێدەکات. (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ١١))لای کوردیش " فۆلکلۆری کوردی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبیمانەو بناغەی پتەوی گەشەپێدانی ئەدەبی ئەمڕۆمانە".( عەلادین سەجادی، (١٩٥٢: ١٢٦)

لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی فۆلکلۆر، بەم جۆرە پێناسەی پەندی پێشینان دەکەن : "پەندی پێشینانمان بەشێکە لە فۆلکلۆری میللیمان کە ئەمانەن، یان ژانرەکانی فۆلکلۆر برتیین لە : پەندی پێشنان، گۆرانی، گاڵتەوگەپ، نوکتە، مەتەڵ...هتد". (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ٨٦)) "پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردیی پێکەوە نوسێنراونو مەعنایەکی بەرزیان هەیە" (بڕوانە: عەلی معروف شارەزووری، (١٩٨١: ٩))، (شوکریە ڕەسووڵو جلال تەقی، (١٩٨٤: ١٢)) یان "بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك. ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتاییو سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەك بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە"((عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ٨٦)). یان "پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ئەو بەرهەمە کۆنانەی گەلن، کە هەموو باری ژیانو کۆمەڵایەتیو مێژوویيان تێدا دەرئەکەوێ و لە ڕووداوی ژیان و کارەساتی کاتە هەرەکۆنەکاندا پەیدابوون و پەرەیان سەندووە و ئاوێنەیەکی ڕوونی کاتی جیاجیای ژیانی گەلن" (شوکریە ڕەسووڵو جلال تەقی، (١٩٨٤: ٧٠)). ئەو پێناسانە لە ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە کراون، لێکۆڵەرەوەکان وەك بەشێك لە ئەدەبی فۆلکلۆر، لە پەندیان ڕوانیوە و پێناسەیان کردووە.

لێکۆڵەرێکی زمانیش بەم شێوەیە پێناسەی پەند دەکات، "وتەیەکی کورتو پتەو و تێرو تەسەلە، باوەڕێك یان حەقیقەتێکی لە پشتەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ نەریتێك یان حیکمەتیك دەکات. هەندێکجار دەکرێت بە بەشی یەکسانەوەو واتایان پەیکاڵی سینتاکسە. هەندێکجاری دیش بە ئاوازوو قافییەی هاوچەشن دەچەسپێن( Crystal. D, (1992:319) .

ئەوەی بەلای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە گرنگە، لەم پارەدا ناساندنێکی گشتیی پەندە، و خستنەڕووی لایەنی ڕوخسارو ناوەرۆکییەتی.

### ١/١/١) ڕوخساری پەندی پێشنانی کوردی:

ڕوخساری پەندی پێشینانی کوردی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، هەوڵدەدرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕوو:

١- زمان لە پەندی پێشینناندا، زمانێکی سادەو ساکارە، زمانی خەڵکی ڕەنجدەرو ڕەشوڕووتی کوردستانە. دوورە لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو یان فەلسەفییەوە.

٢- زۆرجار بەیتێکی تەواوی شاعیرێکەو دەکەوێتە سەر زمان و دەبێت بە پەند، "پەندو سوودی لەبویەر و کەلتووری میللەتەکەی خۆی وەرگرتووە" (ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩ : ٢٨ ))، ئاشکرایشە کە شاعیر لە نووسینی ئەو جۆرە بەیتانەدا خۆی پڕ لەهۆشیاری کردووە (بڕوانە (١)).

٣- لە ڕووی فۆرم و زمانەوە هەندێ لەپەندەکان وشەی زمانێکی بێگانەیان تێدایە (بڕوانە (٢)).

٤- هەندێکیان وەك هۆنراوە خاوەنی کێش‌و سەروان (بڕوانە (٣)). زورجار هۆنراوە نین، بەڵام دوو بەشەو کۆتاییشیان بە سەجعێکی یەك قافیە دێت. (بڕوانە (٤)).

٥- پەند هەن  لەشێوەی پرسیارو وەڵامدان (بڕوانە (٥)).

٦- زۆرجار پەندەکان بە زمانی ئاژەڵەوە یان ڕووەك‌و بێگیانەوە وتراون، کەچی گوازارشت لە ناخ‌و دەروونی ئادەمیزاد دەکەن (بڕوانە (٦)).

(١) <بێ بەرگییە عیلەت کە هەتیو مایل بە هەتاوە>

(٢) <**حەیا** **قەترەیەکە** تکا، تکا>.

(٣) <حەوتی بمرێ لە **باوان**

(کلی) سورمەی نابڕێ لە **چاوان**>

(٤) <تەمەڵ دەڵێ هەمووی دەخۆم، دوایی دەڵێ چیم کرد بە خۆم>

(٥) <لە ڕێوییان پرسی کێ شاهێدتە ؟ وتی کلکم >

(٦) ا- <**ڕێوی** دەمی نە دەگەشتە ترێ، دەیگوت ترشە> !

ب- <**جام** دەڵێت بشکێم، بەڵام نەزرنگێم>

### ٢/١/١) ناوەڕۆکی پەندی پێشنانی کوردی:

پەندی پێشینانی هەموو میللەتێك، ئاوێنەی خستنەڕووی مێژووی ئەو میللەتەیەو نیشاندانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەتی، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێك ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی خۆش‌و ناخۆشی ژیانی چینەکانی گەلەوە هاتوون. پەندەکان بە شارەزایی‌و پسپۆڕی پێشینانەوە پەیوەستن، لە دڵ‌و دەروون‌و بڕوایانەوە هەڵقوڵاون، بە یاسای ژیانیان زانیون و تاڕادەیەکی زۆر میللەت نکوڵی لێنەکردوون.

مەبەست لە بەکارهێنانی پەند، بۆ بەهێزی‌و بە پێزی قسە و پەندو عیبرەت لێوەرگرتنە. پیاوانی دنیادیدە کۆمەڵێك هەڵەو کەموکووڕی یان کاری چەوت‌و ناڕەوا، لە پاڵ کردارو گوفتاری شیریندا لە شێوەی پەنددا دەخەنەڕوو. بە مەبەستی پەروەردەکردنی نەوەی نوێ‌و تێگەیشتن‌و فێرکردنیان. لێکۆڵەرەوەکان فێربوونی دەربڕینە چەسپاوەکان (ئیدیەم، پەند، میتافۆر(Metaphor )، وشەی لێکدراو، کۆمەڵەوشە /Collocation/...هتد)، کە پەندیش یەکێکە لەو دەربڕینانە دەبەنەوە بۆ تەمەنی پێنج ساڵی،

کە منداڵ وردە وردە درکی پێدەکات و جیای دەکاتەوە، ئیتر ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، تا تەمەنی گەورەیی بەردەوام دەبێت (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٢٣٠).

دەکرێت خاڵی دەستپێكو سەرەتا بۆ فێربوونی ئەم دەربڕینە چەسپاو جێگیرانە دابنێین، بەڵام ناتوانین بڵێین، مرۆڤ لەو تەمەنەدا هەموو دەربڕینەکان فێر دەبێت، چونکە فێربوونی ئەم دەربڕینانە، پەیوەندی بە کلتووری ئەو نەتەوانەوە هەیە (فۆرمان فارکۆلف (٢٠٠٩ : ٢٥٩ ))، کە ئەم دەربڕینانە بەشێك لە زمانی میللەتەکە پێکدەهێنن. هەرلەبەر ئەم هۆیەیە ئەوانەی لە پەندیان کۆڵیوەتەوە ئەگەر شارەزایی کلتووری میللەتەکەیان نەبووبن، ئەوا سەرکەوتوو نەبوون (شوکریە ڕەسووڵو جلال تەقی، (١٩٨٤: ٣١).

لە پەنددا ئاوەزمەندی میللەتان و جیاوازیی ژینگەو جوگرافیا جیاوازەکان، بە ئاشکرا هەستپێدەکرێن، جیاوازیی باری ڕۆشنبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو جوگرافی، پەندی جیاواز دەخاتەوە ( بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٢٤٦) (بڕوانە ٧)).

(٧) ا– <لسانك حصانك ان صنته صانك>.

<زمانت پارێزەرتە بیپارێزی ئەتپارێزێت>. قسەکەری زمانی عەرەبی

<دوژمنی دوژمنم دۆستمە>. قسەکەری زمانی کوردیی

تەنانەت دیالێکتە جیاوازەکانیش خاوەنی پەندی جیاوازن، بەڵام ئەم جیاوازییە لە ڕوخساردایە نەك لە واتاو ناوەڕۆکدا (بڕوانە (٨)).

(٨) ا– <خەسوو لەگەڵ تۆمە، بووکێ گوێت لێ بێ>. / زاری ناوەڕاست

ب– <دیوار تەڕا دبێژم، بۆکێ تۆ گوهداربە>. / زاری ژووروو

لەبەرئەوەی پەندەکان ئەزمونی کەسانی بیرمەند و شارەزای کۆمەڵن، ئەوجۆرەکەسانەش لەهەموو کۆمەڵێکدا هەن، زۆر ئاسایی دەبێت کە پەندی هاوبەش لەناو میللەتاندا هەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەشی پەندی کوردیو فارسیو تاجیکیو عەرەبی...هتد زیاترە (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ٨٩)، وەك لە هاوبەشی پەندی کوردی و میللەتانی دووری وەك چینیو ئەمریکیو ئەوروپی. هۆیەکەشی بۆ هاوبەشیی ژیانو باری مێژوویيو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو سیاسیی ئەم گەلانە دەگەڕێتەوە. زۆربەی ئەم گەلانە خاوەنو هەڵگری یەك چەمکی ئاینین کە ئیسلامە، زۆرینەیان کۆمەڵی کشتوکاڵین، دەتوانین بڵێین خەمی مرۆڤایەتی تا ڕادەیەك خەمێکی هاوبەشە، هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە جاری وەها هەیە و ڕێکدەکەوێت، دوو میللەتی دوور لەیەك لە کۆمەڵێك پەندی کەمدا هاوبەشییان هەبێت. لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەشدا پەندی هەرمیللەتێك لە ڕووی ڕوخسارەوە نەك واتاو چەمکەوە لە پەندی میللەتێکی دیکە جیاوازە.

ئەوانەی لە ناوەڕۆکی پەندی کوردییان کۆڵیوەتەوە، پەندیان بۆ چەند جۆریك پۆلێنکردووە: مێژوویيو ڕامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی (شوکریە ڕەسووڵو جلال تەقی، (١٩٨٤: ٥٠)، هەروەها (عەلی معروف شارەزووری، (١٩٨١: ٨)، لەناو پەندە کۆمەڵایەتییەکانیشدا چەند چەشنێکیان دیاریکردووە،

وەك: ژنهێنان، مێرکردن، ماڵداری، دراوسێیەتی، جلوبەرگ، میوانداری...هتد (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (٢٠١٠: ٨٩)).

بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە ناوەرۆکی پەندی کوردی هەڵقوڵاوی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی خاوەن بیروباوەڕی ئاینییە (ئاینی ئیسلام)، لەگەڵ ئەوەشدا خانەدانیو ئازاییو ئیشکەریی...هتد، بەم پەندانەوە دیارە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکاری خۆی نازانێت، نموونەی جۆراوجۆری پەند لە هەموو ناوەرۆکەکان بخاتەبەردەست. ئەوەندەی قسەکردن لە مەغزاو واتای ئەم پەندانە بە گرنگ دەزانیت. ئەمانەش چەند نموونەیەکی کەمن لە خەرمانی پەندی ناوەڕۆك جیاواز. (بڕوانە(٩)).

(٩) / ا- >گیا لە سەربنجی خۆیی دەڕوێتەوە< /سەلماندنی کۆمەڵی کشتوکاڵی.

ب- >ئەو کەسەی گیان دەدا گیانیش دەستێنێت<، >بانگی موحەمەد بە ئاشکرا خۆشە<، >تا فەرز وەستابێ سوننەت حەرامە<، سەلماندنی کۆمەڵی ئاینی/ ئاینی ئیسلام.

پ->دۆستت هەزاربێ کەمە، دوژمنت یەك بێت غەمە</ سەلماندنی کۆمەڵی ئاشتیخواز.

لەگەڵ ئەوەی دۆزینەوەی سەرچاوەو چیرۆکی هەموو پەندێکی کوردی ئەرکێکی گرانە بەڵام هەموو پەندێکی کوردی چیرۆکێکی لە پشتەوەیە، پەندەکە کورتکراوەی چیرۆکەکەیە. بۆ نموونە چیرۆکی ئەم پەندانەی خوارەوە لە سەرچاوەکاندا بە تێرو تەسەلی باسکراون، لێکۆڵەران بە پێویستی نازانن، جارێکی تر ئەم چیرۆکانە بخەنەوەڕوو (بڕوانە(١٠)).

(١٠) ا- >خوا لە سولتان مەحموود گەورەترە<

ب- >بوە بە خوێنەکەی سیاوەحش<

پ- >گۆشتی ڕانی خۆم دەخۆم، منەتی قەساب هەڵناگرم< بۆ زانینی چیرۆکی ئەم پەندانە، بڕوانە: (شوکریە ڕەسووڵو جلال تەقی، (١٩٨٤: ٧١-٧٢)).

لە کۆتایی ئەم پارەدا، پێویستە هەریەکە لە پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی لە یەکدی جیابکرێنەوە. لێکۆڵەران بڕوایان وایە، پەند وتەی بەنرخ و دەربڕینێکی چەسپاون، بەڵام قسەی نەستەق لە کاتی قسەکردنداو بەپێی هەلۆیستە جیاوازەکان، لە سەر زاری قۆشمەچییانو قسەخۆشانەوە دروستدەبن. لە لایەکی ترەوە جیاوازیی نێوان پەندو وتەی بەنرخ لەوەدایە، پەند خاوەنەکەی دیار نییە، ناتوانرێت بدرێتە پاڵ کەسێك، بەڵکو میللەت خاوەنییەتی. بەڵام وتەی بەنرخ ئاسایی دەدرێتە پاڵ کەسەکەو ناوی خاوەن وتەکە، لەگەڵ وتەکەدا دێت.

هەندێك لە لێکۆڵەروان جەختیان لەوە کردوەتەوە، کە پەند "مانایەکی فراوانو قووڵی تێدایە" (عیزەدین مستەفا ڕەسوول، (٢٠١٠: ٨٧)، بەڵام ڕوونیان نەکردوەتەوە ئەم واتا فراوانە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە و هاتووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە بەشەکانی داهاتوودا، فراوانیی واتای پەند لەڕووی سێمانتیکییەوە ڕوونبکاتەوە.

**۲/۱) پێکهاتەی سیمانتیك و پراگماتیك:**

سیمانتیك (Semantics) وەك پێکهاتەیەکی زانستی زمان، زانستێکە لەواتا دەکۆڵێتەوە (احمد مختار، ۱۹۸۲ :۱۱ )، واتای وشەو فرێزو هەموو دروستەکانی دیکەی زمان. واتە "لە دروستبووە واتایەکانی زمان (دەق/ پەخشان) دەکۆڵێتەوە" محەمەدی مەحویی، (۲۰۰۹– ب– : ۹۵). " یان " سیمانتیك ئەو بەشەی زانستی زمانە، کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە واتاییەکانەوە هەیە". ( عەبوالواحید موشیر دزەیی (۲۰۱۰: ۱۷) (Crystal. D, 2003:48 )

ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگ بێت، جۆرەکانی واتایە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی دەزانێت، هەریەك لە: واتای فەرهەنگی، واتای ڕێزمانی/ گراماتیکی، واتای میتافۆری، واتای ئیدیەمی و واتا و مەبەستی پراگماتیکی ڕوونبکاتەوە و جۆری هەریەك لەو واتایانەو سنووری کارکردنیان دیارییبکات.

**۱/ ۲ – ۱) واتای فەرهەنگی:**

ئەم واتایە لەناو فەرهەنگدایە و لەناو کێڵگەی واتایی یان کێڵگەی وشەدایە (پەروین عوسمان عەللاف، (۲۰۰۹: ۹۷))، یان لەناو مێشکی قسەکەری زمانەکەدا جێگیرو چەسپاوە. "لە فەرهەنگدا هەم واتای فەرهەنگیی وشەیەك و هەم بەهای نیشانەکانی "–"، "+" دیارییکراون" (محەمەدی مەحویی، (۲۰۰۹ – ا– : ۱٤۷) (بڕوانە (۱۱)).

(۱۱) هەریەك لە وشەی /ژن/، /پیاو/ لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە تۆمارکراون:

/ژن/ [+ مرۆڤ، + پێگەیشتوو، + شووکردن، + مێ]

/پیاو/ [+ مرۆڤ، + پێگەیشتوو، ± ژنهێنان، – مێ]

لە (۱۱)دا، هەریەك لەوشەی /ژن/، /پیاو/ سەر بە پۆلەڕەگەزی ناون، لە ناو ناویشدا مرۆڤن، تاکە جیاوازی کە هەیانبێت بریتییە لە /ژن/ [+ مێیە]، /پیاو/[– مێیە].

ئەم دوو وشە فەرهەنگییە دەتوانرێت لە چێوەی جۆری واتاکانی دیکەدا بەکاربهێنرێن (بڕوانە (۱۲)).

(۱۲) >ئەحە لە ماڵەوە **پیاوە**<. /**پیاو**/ لێرەدا بەمانا خواستراوەکەی بەکارهاتووە، واتە خاوەن هەژموون و دەسەڵاتە، ئەگینا کەس گومانی لە نێریی /ئەحمەد/ نییە.

لە کۆتایی ئەم جۆرە واتایەدا، پێویستە بگوترێت، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە واتایە بە کرۆکە واتا و واتای هۆشەکی یان بنەڕەتیش باسکراوە. (محەمەدی مەحویی، (۲۰۰۹– ب– : ۷۲))، (محمد معروف فتاح، (۲۰۱۱: ۱٦۱)).

**۱/ ۲ – ۲) واتای ڕێزمانی/ گراماتیکی** Grammatical meaning :

وشە ئەرکییەکان بۆ گەیاندنی واتاو مەبەستی دیکە، لە کردە مۆرفۆلۆژیو سینتاکسییەکاندا بەکاردەهێنرێن. یان بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو لەگەڵ لاگرەکان/ گیرەکەکان و لە فرێزو ڕستە جۆربەجۆرەکاندا، واتای گراماتیکی لێدەکەوێتەوە.

ئەمەش لە دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- بەکارهێنانی مۆرفۆلۆژییانە: کاتێك وشەیەکی فەرهەنگی وەك /پیاو/، لە فۆرمی /پیاوەکە/، /پیاوێك/، /پیاوان/...هتد بەکاردەهێنرێت، ئەوا جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی تر بارکراوەتە سەر واتا فەرهەنگییەکە، کە ئەم واتایە لەو کردە مۆرفۆلۆژییانەوە دروستبووە، کە بەسەر وشەکەدا هاتوون. بۆ نموونە /پیاوێك/ جگە لە نەناسراوی واتای تاکییەتی دەگەیێنێت.

ب- بەکارهێنانی سینتاکسی: ئەگەر وشە فەرهەنگییەکانی هەر زمانێك(کە خاوەنی ئەلفوبێ بێت) بە نموونە وەربگرین، ئەوا بەپێی پێڕەوێك ڕیزدەکرێن، کە تێیدا ڕەچاوی پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان (ئاستی ئاسۆیی‌و ستونی) (Sentagmatic – Paradigmatic ) زۆر بە چاکی دەکرێت. نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین هەموو جارێك واتای وشە لیکدراوەکان‌و فرێزو ڕستەو...هتد. پەیکاڵی واتا فەرهەنگیەکان بێت، چونکە وشەکان لە پێکهاتەی گەورەتر لە خۆیاندا واتایەك دروست دەکەن، پێیدەگوترێت واتای ڕێزمانی/گراماتیکی (ریمۆ لۆبلان، (٢٠٠٦: ١٦))، (محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩- ب -:١١٤- ١١٥ ))، (بڕوانە (١٣)).

(١٣) >تەنها **<u>پیاوان</u>** کاری وەها دەکەن<.

لە (١٣) دا وشەی /پیاوان/ پەیوەندییەکی بە واتای فەرهەنگیی پیاوەوە هەیە. لە واتادا جیاوازنین بەڵام لە حالەتی ڕێزمانیدا جیاوازن، وشەی /پیاو/ دەکرێت مەبەست یەك پیاو بێت، هەرچەند گشتییەتی تێدایە، بەڵام پیاوان چەمکی کۆ دەگەیێنێت، واتای فەرهەنگی‌و واتای گراماتیکی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. ناتوانرێت واتای فەرهەنگی بزانرێت تاوەکو واتای گراماتیکیی ڕستەکان ڕوون نەبن. بەو واتایەی واتای وشە لە بەکارهێنانی لە ڕستەدا دەردەکەوێت. بە پێچەوانەشەوە واتای فەرهەنگی یارمەتیدەرە بۆ زانینی واتای گراماتیکی، بەو واتایەی هەموو واتاکانی تر (گراماتیکی‌و میتافۆری‌و ئیدیەمی‌و پراگماتیکی) باردەکرێنە سەر واتای فەرهەنگی.

### ١/ ٢ – ٣) واتای میتافۆری metaphor :

" بۆ دروستبوونی واتای مێتافۆری پێویستە وشەیەك لە کێڵگەی واتایی دیاریکراوی خۆیەوە بگوازرێتەوە، بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە. (Finch, (2005: 161.

(بڕوانە (١٤))

(١٤) >لەبەهاری ١٩٩١دا میللەت دژی بەتاریکیدا<.

لە (١٤)دا ناوی واتایی /تاریکی/خاوەنی کێڵگەی واتایی خۆیەتی، و نیشانەی واتایی دیاری هەیە. بەڵام لەم نموونەیەدا لە کێڵگەی واتایی خۆیدا بەکارنەهێنراوە، بۆیە واتای مێتافۆری دروستدەکات. ماناکانی داگیرکار و جەورو زۆرداری...هتد دەگەیەنێت.

واتای مێتافۆری لە بەکارهێناندا لە کردە مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکسییەکاندا دروستدەبن (بڕوانە (١٥)).

(١٥) ا– /دەمپیس/، /زمانلوس/، /دەستبڕ/...هتد/ مۆرفۆلۆژی

ب– >ئازاد پارەکەی خوارد<، > ئەو هەمیشە ڕادەکات، بەڵام پێناگات<>بەختی ڕەش<، >ڕووی سپی<،...هتد. / سینتاکسی

هەموو ئەو وشەو فرێزو ڕستەو دەربڕاوانەی، کە واتای مێتافۆریان هەیە، واتای فەرهەنگییشیان هەیە، بەڵام گوێگر هەمیشە بیری بۆ لای واتا میتافۆرییەکە دەچێت، نەك واتا فەرهەنگییەکە (بڕوانە (١٦)).

(١٦) >لە هەر وڵاتێکدا پیاوی بچووك سێبەری گەورەی هەبوو، ئەوا خۆر لەو وڵاتەدا لە ئاوابووندایە<.

لە (١٦)دا، ڕاستییەکی زانستی هەیە، کە خۆر لە ئاوابووندا بێت، سێبەری هەموو تەنێك زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆی دەردەکەوێت، کە ئەمە واتا فەرهەنگیو حەرفییەکەیە. هەرکاتێك پیاوی بودەڵەو بچووك لە دنیابینیو ئاوەزدا، بە گەورەو مەزن سەیرکرا بە پیرۆز زانرا، ئەوا ئەو وڵاتە نەگبەتییەتی، خۆر بە مانای ئازادی/ پێشکەوتن/ چالاکی...هتد. لە نەمانو بزربووندایە. ئەمە واتا مێتافۆرییەکەیەتی.

پێویستە بگوترێت، واتای مێتافۆری لە بەکارهێناندا چالاکانە، واتە لە کردە مۆرفۆلۆژیو سینتاکسییەکاندا دروستدەبێت. چونکە ئەم واتایە لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانی دروستەکەوە دەستناکەوێت، وەك واتای فەرهەنگی/ حەرفی، نەك هەر واتای میتافۆری بگرە واتای گراماتیکیش، یان "دەربڕینە فرە– خراوەتەکییەکەکان، ژمارەیان گەلێك زۆرە و دەیشتوانن بێکۆتابن. ئەوانە دەتوانرێن هەمیشەو بەردەوام دروستبکرێنو بەرهەمبهێنرێنو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەردەوام بەرهەمدەهێنرێن. لەبەر ئەوە شاکاری وەك وشەنامەکان بۆ واتای ئەم یەکە ئاڵۆزانە بەرهەمێکی هێجگار گەورەو کۆتایی نەهاتوو دەبێت" (محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩– ب –: ١١٦ ))، بەڵام واتای فەرهەنگی وشەکان لە فەرهەنگی زمانەکاندا تۆماردەکرێت. واتای یەکە واتاییەکانی وەك (ئیدیەمەکان، پەندی پێشینان، کۆمەڵەوشەکان...هتد) لە فەرهەنگی تایبەت بەخۆیاندا ڕووندەکرێنەوە.

لە کۆتایی ئەم جۆرە واتایەدا، پێوسیتە بگوترێت لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە واتایە بە توێکلە واتاو واتای بارکراو باسکراوە (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩– ب– : ٧٢))، (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٦١ – ١٦٢)).

### ١/ ٢ – ٤) واتای ئیدیەمی :

"ئیدیەم کۆمەڵە وشەیەکە، کاتێك پێکەوە بەکاردێن واتای جیاواز دەبەخشن، لەو واتایەی کە وشەکان جیا بە جیا هەیانە" (Sinclair, (1996: iv) ). ئیدیەمەکان لەڕووی سینتاکسییەوە ئازاد نینو کۆت و مەرجیان هەیە، لەڕووی سێمانتیکییەوە واتایان لێڵە، واتایەك دەبەخشن زۆر جیاوازە لە واتای دانە دانەی یەکەپێکهێنەرەکانیان.

ئیدیەم یەکەیەکی واتاییە، دەکرێت وشە یان فرێز یان ڕستە بێت، هەرچەندە ئیدیەمەکان لەڕووی چەقبەستوویی‌و لێڵی‌و تەمومژی واتاییەوە وەك یەکنین، هەیانە تا ڕادەیەك نەرمەو هەیانە بە لێکسیمبوو یان بە بەردبوو/Lexicalization/دەژمێردرێن( شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩: ٩٠–٩٤).

جیاوازییەکی تاڕادەیەك گونجاو لە نێوان واتای مێتافۆری‌و واتای ئیدیەمدا ئەوەیە، واتای مێتافۆری زۆر لێڵ‌و تەمومژاوی نییە، دەکرێت مرۆڤ یەکەمجاری بێت بیبیستێت و بە هۆی چوارچێوەی باری وتنەکانەوە واتاکە بزانێت (بڕوانە (١٧)).

(١٧) >ئاگر لە مالیاندا ناکرێتەوە<، >پێپڕشت<، >ئاوی کردەژێر<، >بە شویدا<، /قوڕبەسەر/، /جنێوفرۆش/...هتد.

هەرچی واتای ئیدیەمییە تەمومژاوی‌و لێڵە، لێکدانەوەی ئاسان نییەو مرۆڤ یەکەمجاری بێت بیبیستێت، بە هۆی چوارچێوەی باری وتنەکانەوە هەرگیز واتاکە نازانێت، بە شێوەی پەندی پێشینان چیرۆکێکی لە پشتەوەیەو پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی بە مێژوو و کلتووری نەتەوەی خاوەن زمانەوە هەیە (بڕوانە (١٨)).

(١٨) >کەر لەمالیاندا بکەوێت دانی دەشکێت<، >دەزووی وشك دانییەتی<،>چنگ لەسەر شان<، /یەکشەوە/، /ژەقنەمووت/، /سەرشین/...هتد.

ئەگەر سەرنجی نموونەکانی (١٧، ١٨) بدەین، دەبینین دروستەی >ئاگر لە مالیاندا ناکرێتەوە<، لەریزی واتای مێتافۆریدا دانراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاڕادەیەك فۆرمی دروستەکە، پەیوەندی بە واتای دروستەکەوە هەیە. چونکە ئاگر یەکێکە لەو پێویستیانەی یان یەکێکە لەو کردانەی، کە لە سازکردنی خواردندا پێوستە، بەڵام دروستەی >کەر لەمالیاندا بکەوێت دانی دەشکێت< لە ریزی واتا ئیدیەمییەکاندا دانراوە، چونکە بە هیچ شێوەیەك فۆرمی دروستەکە واتای دروستەکە ڕووناناکاتەوە. هەردوو دروستەکەش هاوواتان، یان هیچ نەبێت واتایان لەیەکەوە نزیکە، کە /هەژاری/، /نەداری/و /نەبوونی/و /چرووکی/و /ڕەزیلی/ دەگرێتەوە.

**١/ ٢ – ٥) واتاو مەبەستی پراگماتیکی :**

"پراگماتیك لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە، کە ناچنە ناو سیمانتێکسەوە، واتە پراگماتیك لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە، کە فەرهەنگی نەبن، هەرچی واتایەك نەچێتە ناو فەرهەنگەوە پراگماتیکە" (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٨٨– ١٩٠)) یان " پراگماتیك لێکۆڵینەوە نییە لە واتای فەرهەنگی، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە واتای گەیەنراو (واتای قسەکەر) و توانای قسەکەر نیشاندەدات لە تێگەیاندنی گوێگر بەشێوازێك، کە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەدا یەك نەگرێتەوە" (عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١: ١٥)). یان "مەبەست لە واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە لە ڕێگەی کەرەستەیەکی ئاساییەوە ناگات، بەڵکو هەڵهێنجانە لەوەوە کە لە پشت وتراوەکانەوەیە" هۆگر مەحموود فەرەج، (٢٠١٢: ١٩٢)لەپراگماتیکدا قسەکەر شتێك دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە، گوێگریش شتێك دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە.

سێمانتیك لێكۆڵینەوەیە لە واتای فەرهەنگی، گراماتیكی، مێتافۆری، ئیدیەمی ئەگەر بە مەبەستی پراگماتیكی بەكارنەهێنرابن. واتە ئەوەی كە تا ئێرە باسكرا كاركردن بوو لە سێمانتیكدا. بەڵام لە هەندێك باردا"قسەكەر لە هەڵوێستە جۆراو جۆرەكانی ڕۆژانەی ژیاندا زمان بەكاردەهێنێت، لەوە زۆرتر مەبەستێتی (واتای زۆرتر دەردەبڕێت)، كە بە ڕاستیی و بەكردەوە دەیەوێت بیڵێت". محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩– ب – ٢١٠) :

"هەر كە قسە دەكەین، هەندێك مەبەست و قەسدمان هەیە. هەندێك جار مەبەستو قەسدەكە بە شاراوەیی و بەخشكەییە. بە واتا، كە ڕاستەوخۆ لە ڕێی دەربڕاوە بەرهەمهێنراوكەوە بە دەستەوە نادرێت و نادرێت بە كەسی بەرانبەر (بڕوانە(١٩)).

(١٩) خوێندكارێك بەهاوڕێكەی :

>كاتژمێر چەندە<؟

– >موحازەرەكە دوو كاتژمێرییە< (دەبڵە).

لە (١٩) داو بەوەڵامی گوێگردا خوێندكارەكە تێدەگات، كە:

- وانەكە زۆری ماوە ،

واتە بەپێی دەوروبەری گفتوگۆكە، یەكەم پرسیاری كاتی وانەكەی كردووە و گوێگریش وەڵامی داوەتەوە و تێیگەیاندووە كە زۆری ماوە، بێ ئەوەی هیچ یەكێك لە كەسەكان ڕاستەوخۆ پرسیاری مەبەست ئاراستەی ئەوی تریان بكەن.

لەگەڵ ئەوەی پێناسەیەكی زۆر بۆ پراگماتیك خراونەتەڕوو، بڕوانە: (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٨٨– ١٩٢))، بەڵام ئەم لێكۆڵینەوەیە قورسایی دەخاتە سەر ئەو پێناسانەی كە لە بەشی دووەمدا، بۆ ڕاڤەكردنو شیكردنەوەی پەندەكان كەڵكیان لێوەردەگیرێت.

پەیوەست بە پراگماتیكەوە پێویستە ئاماژە بدەین بە: بنەماكانی هاریكاری لای گرایس بڕوانە: (عومەر محمود كەریم (٢٠٠٩: ٥))، (دارا حەمید محەمەد، (٢٠١٠: ١٨٥))، (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ٢١٣– ٢١٥)، عمر محمود و شێركۆ محمد ئەمین(٢٠١٠: ١٦٦ )).

### ٣/١) بنەماكانی هاریكاری لای گرایس

گرایس بەمەبەستی هاریكاری چوار بنەما دەخاتەڕوو، كە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١– بنەمای چەندێتی: جەخت لەوە دەكاتەوە، كە بڕی گوتنەكە بە پێی پێویستی بێت.

٢– بنەمای چۆنییەتی: جەخت لەسەر دروستی گوتنەكان دەكاتەوە.

٣– بنەمای پەیوەندی: باس لەوە دەكات، ئەو گوتنەی كە دەردەبڕێت دەبێت پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەكەوە هەبێت.

٤– بنەمای شێواز: پێماندەڵێت، دەبێت گوتنەكە دوور بێت لە هەموو لێڵیو تەمومژییەك.

## بەشی دووەم

## ڕاڤەکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکی پەندی پێشینانی کوردی

### ١/٢) سێمانتیك و پراگماتیکی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا:

پەندی پێشینان لەڕووی زمانەوانییەوە، دەچێتە خانەی ئەو دەربڕینانەی، کە بە دەربڕینە چەسپاوەکان یان جێگیرەکان ناو دەبرێن، کە بریتیین لە (ئیدیەم و کۆمەڵەوشەو پەندو میتافۆرو وشەی لێکدراوی واتا میتافۆری...هتد).ئەم دەربڕینانە بەرانبەر بە پێکەوەهاتنە ئازادەکان دەوەستن ) Wouden,(1997: 8-9))

لەگەڵ ئەوەی "پەند دروستەی داڕشتنی تەواو پەیکاڵی لەگەڵ ڕێساو یاساو مەرجەکانی ڕێزماندا هەیە". (محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩– ا –: ١٦٥)). بەڵام لە بەخشینی واتادا بە کەمترین وشە فراوانترین و قوڵترین واتا دەبەخشێت. واتە لەڕووی سێمانتیکییەوە جگە لەوەی واتای فراوانە، لە هەندێك پەندا واتاکە بەتەواوی ڕوونە، بەڵام لە هەندێك پەندی دیکەدا تەواو لێڵ و تەمومژاوییە، هەرچەندە بەپێی واتای پەندەکان، جیهانبینی کەسە جیاوازەکان دەگۆڕێت. پەند بەیەکەیەکی چەقبەستوو چەسپاویش دادەنرێت. هەندێك لە لێکۆڵەرەوان بە فرێزیۆلۆژی فرەواتا ناویان بردووە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٥: ٦٦)).

### ١/٢/٢) سێمانتیکی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا :

واتای هەندێك لە پەندەکان، لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دوور نییە، واتە واتا و ڕوخسار تاڕادەیەك پەیکاڵی یەکترین (بڕوانە (٢٠)).

(٢٠) ا– >برا لە پشت برابێ، مەگەر قەزا لەلای خودابێ<.

ب– >برامان برایی، کیسەمان جیایی<.

لە (٢٠–ا–) دا، ناوەرۆکی پەندەکە باس لە /برایەتی/ دەکات، ئیتر /برایەتی/ نێوان چەند برایەك بێت، یان لە ئاستێکی فراوانتردا باس لە برایەتیی نێوان گەلێك یان چەند گەلێك بکرێت. هەروەها لە (٢٠–ب–)دا، ناوەروك و واتای پەندەکە بریتییە لەوەی، با برابین، بەڵام هەریەکەو پارەو گیرفانی خۆی. ئەم لێکدانەوەیەش تەواو پەیکاڵە لەگەڵ دانەو یەکە پێکهێنەرەکانی پەندەکەدا.

لە نموونەکانی (٢٠) دا واتای فەرهەنگی دانە دانەی وشەکان واتایەکی گراماتیکییان پێکهێناوە، کە لەگەڵ دانەو یەکە پێکهێنەرەکانی هەردوو پەندەکەدا پەیکاڵە.

لە ناو پەندی کوردیدا ژمارەی ئەو جۆرە پەندانەی، کە واتای گراماتیکی و واتای میتافۆرییان هەیە، بێشومارن. لە کاتی بەکارهێنانیاندا ئەم پەندانە، هەرگیز گوێگر بیری بۆ لای واتا گراماتیکییەکە ناچێت، بەڵکو هەردەم بیری بەرەو ئاڕاستەی واتاکەی تریان دەڕوات. تەنانەت ئەو پەندو ئیدیەمانەی، کە واتا میتافۆرییەکانیان تابۆن، ئەم واتایە، واتا گراماتیکییەکەی یاساغکردووە. لە (٢١) دا کۆمەڵێك لەو پەندانە دەخرێنەڕوو، کە واتاکانیان گراماتیکییە (بڕوانە (٢١)).

(٢١) ا– >گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە<.
ب– >کاسە کە پڕبوو، لێیدەڕژێت<.
پ– >سوار تا نەگلێت، نابێت بە سوار<.
ت– >یاخوا تونچی، نەبێت بە حەمامچی<.
ج– >ئەوەی ماڵی لە شوشە بێت، با بەرد نەگرێتە ماڵی کەس<.

هەریەکێك لەم پەندانەی سەرەوە وەربگرین، کۆمەڵێك لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، یان دەتوانرێت لە کۆمەڵێك هەلومەرجدا بهێنرێنەوە. بەکارنەهێنانی ئەم پەندانە بە واتا فەرهەنگییەکانیان وەهای لێکردوون، بۆ هەموو حاڵەتێك بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە >سوار تا نەگلێت، نابێت بە سوار<، لە ئاستێکی زۆر تەسکدا پەیوەندی بە سوارەوە هەیە. بەڵکو واتایەکی فراوانتر لە خۆ دەگرێت، کە ئەویش پەیوەندی بە هەموو جۆرە گلانێکەوە هەیە. ئەمەش واتا فراوانەکەی دروستکردووە. دەکرێت ئەم پەندە ڕاهێنەرێك لە ئاست سوارچاکێکدا بیڵێت. ئەو کات فۆرمی پەندەکە زۆر نزیك دەبێت لە واتاکەیەوە (کە واتایەکی فەرهەنگییە). یان مامۆستایەك لە بەرانبەر خوێندکارێکی کەوتوو بیڵێت. یان ڕاهێنەرێکی شۆفێریی بەرانبەر بە تازە شۆفێریك بیڵێت، کە توشی ڕووداوی هاتوچۆ بووبێت، یان لە تاقیکردنەوەی شۆفێری دەرنەچووبێت. یان هاوڕێیەك بەرانبەر هاوڕێکەی بەکاری بهێنێت، کە لە کارێکی بازرگانیدا شکستی هێنا بێت. لەم حاڵەتەدا واتای پەندەکە لە فۆرمەکەیەوە نزیك نییەو واتایەکی میتافۆری دروستدەکات.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین، ئەم جۆرە پەندانە قسەی ئامادەی زمانن‌و هەمیشە بەدەست قسەکەرانەوەن و گوتنەکانیان پێ بەهێز دەکەن‌و قەناعەت بە بەرانبەرەکانیان دەهێنن.

لە هەندێك باردا پەندەکە، لە ڕووی ڕوخسارو لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە بە تەواوی تابۆیە، بۆ قسەکەری زمانی کوردی، هەندێکجار، ناچاردەبێت ئەم پەندانە بۆ بارێك بگۆڕێت کە تابۆیی کەم بێتەوەو بواری گوتن‌و بەکارهێنانیان هەبێت (بڕوانە (٢٢)).

٢٢) ا– >کەری تیا.........، کەس ناڵێت بۆ وادەکەیت<. (واتای چۆڵی دەگەیەنێت)

ب– > ئەو خورمایەی تۆ خواردت، من هەر زوو فەلاحەکەیم.....<. (واتای زۆرزانی‌و بە ئاگایی دەگەیێنێت)

پاش گۆڕانکاری، قسەکەری زمانی کوردی، ئەم پەندانەی بەم شێوەیە لێکردوو ە(بڕوانە (٢٣)).

٢٣) ا– >کەری تیا بلەوەڕێنە، کەس ناڵێت بۆ وادەکەیت<.
ب– > ئەو خورمایەی تۆ خواردت، من هەر زوو فەلاحەکەیم ناسیوە<.

هەندێك لەو جۆرە پەندانەی کە واتایان فراوانە، واتە بۆ زۆر بارو دۆخ دەبن. لە ئەنجامی بڵاوییان و زۆر دووبارەکردنەوەیان، لەڕووی ڕوخسارەوە کورتدەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی کورتکردنەوەی ڕوخسار کاریگەری لە گەیاندنی واتای پەندەکان بکات (بڕوانە (٢٤)).

(٢٤) ا– >نانی شوانی خواردووە<.

ب– >حەوشەكەی لارە<.

پ– >میزی حوشترە<.

لە بنەمادا ئەم پەندانە بەم شێوەیەی لای خوارەوەن (بڕوانە (٢٥)).

(٢٥) ا– >بزن كە نەگبەتی هات، نانی شوان دەخوات<.

ب– >كابرا نەیدەزانی هەڵپەڕێت، دەیگوت حەوشەكەی لارە<.

پ– >بووە بە میزی حوشتر، هەربۆ دواوە دەگەڕێتەوە<.

لە هەندێك باری دیكەدا پەندەكان گۆڕانیان بەسەردا دێتو لەڕووی گەیاندنی واتاوە واتایەكی توندتر، لە واتای یەكەمجار دەگەیێنن (بڕوانە (٢٦)).

٢٦) ا– >ئاشی نەزانەو خوا دەیگێڕێ< بووە بە >ئاشی خوایەو نەزان دەیگێڕێ<.

ب– >ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە< بووە بە > ئەو نانە نانە، گونكەكەی جوانە<.

ئەگەر بمانەوێت ئەم پەندانە وەربگێڕین بۆ زمانێكی دیكە، ئەوا نابێت وەرگێڕانێكی فەرهەنگی بكەین، چونكە ئەوكاتە وەرگێڕانەكە لە زمانی بۆ وەرگێڕاودا نوكتە دەردەچێت، بەڵكو دەبێت بە دوای پەندی هاوواتای پەندە كوردییەكەدا بگەڕێن، لە زمانی بۆ وەرگێڕاودا.بۆنموونە بڕوانە (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢: ٢٤٥–٢٤٦)

لەبەر ئەوەی واتای ئیدیەمی واتایەكی لێڵو تەمومژاوییە، پێویستی بە لێكدانەوە هەیە، كەسێك شارەزاو بە ئەزموون نەبێت لێیتێناگات. نموونەی هەندێك پەند بەرچاو دەكەون، كە ڕوخساری پەندەكان هیچ پەیوەندییەكیان بە ناوەڕۆكو واتاكانیانەوە نییە. كەسێك زمانی كوردی زمانی دایكی نەبێت، بە هیچ شێوەیەك لەم پەندانە ناگات (بڕوانە (٢٧)).

٢٧) ا– >كەر لەماڵیاندا بكەوێت دانی دەشكێت<. _ واتاكەی/ نەبوونیو ڕەزیلییە.

ب– >لە كەری تۆپیو دەگەڕێت ناڵی بكێشێت<. _ واتاكەی/ سەرسواڵكەرو چاوچنۆكو شڕەخۆرییە.

پ– >لە سەد ئاوی داوەو قولی تەڕ نەبووە<. _ واتاكەی/ زۆرزانو ساختەچییەتییە.

واتای هەریەكێك لەم پەندانە، لە یەكە پێكهێنەرەكانیانەوە دەستناكەوێت، چونكە واتایان ئیدیەمییەو واتای ئیدیەمیش ناداڕشتەییە، بەڵام لەبەرئەوەی لای زۆرینەی خەڵك واتا ئیدیەمییەكە زانراوە سیفەتی واتای سیمانتیكی پێ دەبەخشرێت.

### ٢/٢/٢) پراگماتیكی پەندی پێشینان لە زمانی كوردیدا :

ئەگەر هەندێك دەوروبەری زمانی دروستبكەین، ئەوا بە ڕوونی، پەنامەكی دەربڕین/بەخشكەیی دەربڕین لە هەندێك پەنددا هەستپێدەكرێت (بڕوانە (٢٦، ٢٧)).

(٢٥) ئەگەر کەسێك پارەی لێدزرا، کەسی پارە لێدزراو قسەکەر بوو، کەسێکی دی گوێگر بوو، کەئاسایی ئەم ڕۆڵانە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت. کەسی سێیەم لەم حاڵەتەدا دەبێتە گوێهەڵخەر (محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٩٩))، کاتێك کەسی دووەم بە کەسی یەکەم دەڵێت >پارە چڵکی دەستە<. ئەم واتایانەی لێهەڵدەهێنجرێت.

١– دووپاتی دەکاتەوە، کە پارەکە دزراوە.

٢– پارە هیچ نییە جگە لە چڵکی دەست نەبێت، واتە پارە بێ بەهاو نرخ دەکات.

٣– پێی دەڵێت، کە پارە دەڕواو دێتەوە.

٤– تاڕادەیەك واتای بێهیوایی دەبەخشێت بەکەسی یەکەم، سەبارەت بەدۆزینەوەی پارەکەی.

بەڵام ئەگەر کەسی دووەم بە کەسی یەکەم گوت: >پارە مەلا لە مزگەوت دەهێنێتە دەرەوە<. ئەم واتایانە دەگەێنێت:

١– دووپاتی دەکاتەوە، کە پارەکە دزراوە.

٢– خەفەتێکی زۆر دەدات بە خاوەن پارەکە واتە کەسی یەکەم.

٣– بەهاو نرخێکی بێپایان دەبەخشێتە پارەوپول.

خۆ ئەگەر پێیگوت >سوار تانەگلێ نابێت بە سوار<. ئەوا لە ئەنجامدا بە سوارێکی گلاو و کەسێکی سەرنەکەوتوو دراوەتە قەڵەم.

هەر بەم شێوەیە ئەم پەندانەی دیکە، ئەم واتایانە دەگەێنن:

>برامان برایی کیسەمان جیایی<. واتا پەنامەکییەکەی بریتییە لە: (پارەت نادەمێ یان پارەی خۆت بۆ خۆتو هی خۆم بۆ خۆم).

>برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خودا بێت < واتا پەنامەکییەکەی بریتییە لە: ( خەفەتی ناوێت، من براتم پارەت دەدەمێ و هەرگیز ناهێڵم بێ پارە بیت، من لە پشتتم).

>بزن بۆ شەوێك جێ خۆی خۆشدەکات<، لە گوتنی ئەم پەندەداو لەو دەوروبەر و بارەدا هیچ واتایەکمان دەستناکەوێت، نە واتای سێمانتیکیو نە واتای پراگماتیکی، چونکە ئەوەی لە سیمانتیکدا لێکنەدرایەوە دەبێت لە پراگماتیکدا بۆ واتاکەی بگەڕێین چونکە "ئەوەی سیمانتیك چارەی ناکات، دەبێت پراگماتیك لێکیبداتەوە" (عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١: ١٣). ئەم پەندە هیچ پەیوەندییەکی بەو هەلومەرجەوە نییە، یەکێك لە بنەماکانی هاریکاری لای گرایس، کە بنەمای پەیوەندییە پێشێلکراوە، دەتوانرێت ئەم بابەتە، هەندێکجار وەك سەرچاوەی پەیدابوونی نوکتەو پەیڤی گاڵتەئامێز ئەژماربکرێت. چونکە ئەم حاڵەتە پێکەنینی لێدەکەوێتەوە.

(٢٧) ئەگەر خوێندکارێك نمرەی کۆتایی ساڵی وەرگرت و لەگەڵ کەسی دووەمدا کەوتە گفتوگۆ. کەسی سێیەمیش وەك گوێهەڵخەر ئاگاداری گفتوگۆکەبوو، کەسی دووەم بە کەسی یەکەمی "کە خوێندکارەکەیە" گوت. >هەموو کەس بەری ڕەنجی خۆی دەخوات<، ئەوا کەسی سێیەم "کە گوێهەڵخەرە"، هیچی بۆ ڕووننابێتەوە و گوتنێکی تەمومژاوی دەستکەوتووەو هیچ هەڵناهێنجێت. بەڵام

ئەگەر گوێی لەم پەندە بوو >سوار تا نەگلێ نابێت بە سوار<، ئەوا واتاکەی کەوتن و دەرنەچوونە. ئەگەر ئەم پەندەی تریان کەوتە بەرگوێی >دەستی ماندوو لە سەر سکی تێرە<، گوێهەڵخەر بۆیی ڕووندەبێتەوە، کە خوێندکارەکە سەرکەوتووەو نمرەیەکی بەرزی هێناوە. لەکاتی گوتنی ئەم پەندەشدا >ئەگەر گوڵنیت درکیش مەبە<، گوێگر لە هیچ شتێك تێناگات. چونکە یەکێك لە بنەماکانی گرایس، کە بنەمای پەیوەندییە بەزێنراوە. واتە ئەو پەندە هیچ پەیوەندییەکی بەو بارو حاڵەتەوە نییە.

## ئەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەیەدا ئەم ئەنجامانە دەخرینە بەرچاو :

١- پەند لە زمانی کوردیدا، زۆربەکەمی بەمانای فەرهەنگییان بەکاردەهێنرێن.

٢- زۆرینەی پەندی زمانی کوردی بەپێی هەلومەرجە دیاریکراوەکان، واتایان دەگۆڕێت.

٣- زۆرینەی پەندەکانی زمانی کوردی خاوەنی واتایەکی،فراوانن. ئەم واتا فراوانەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەکرێت پەندێك لە چەند بارو هەلومەرجێکی لەیەکچوودا چەند بارە بکرێتەوە.

٤- پەندەکانی زمانی کوردی بەکارهێنانی پراگماتیکییان هەیە، دەکرێت گوێگر یان گوێهەڵخەر بە هۆی پەندەکەوە، لە مەبەستی قسەکەر بگات. پێش ئەوەی قسەکەر مەبەستەکەی بخاتەڕوو.

٥- سەرجەمی پەندە کوردییەکان خاوەنی واتای سیمانتیکین و لەچوارچێوەی واتای سیمانتیکیشدا واتای میتافۆرییان هەیە، کە زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەهەندێ دەوروبەری تایبەتیشدا و بەپێی بەشداربووانی ئاخاوتن لەقسەکەر و گوێگر، گوێهەڵخەر، پەندەکان دەکرێ، بۆ مەبەست و واتای پراگماتیکیش بەکاربهێنرێن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**ا/ کتێب**

١- ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩
٢- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
٣- بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، واتاو وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥- دارا حەمید محەمەد، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیكو پراگماتیكی كوردی، چاپەمەنی ژیر، ٢٠١٠.
٦- شیلان عومەر حسەین، ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٧- شوکریە ڕەسوڵ، وەرزو ساڵنامەی میللی لە پەندو شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
٨-................، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.
٩-................، و جلال تەقی، پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی، چاپخانەی الادیب، هەولێر، ١٩٨٤.
١٠- عبدالواحید مشیر دزەیی، واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکیو پراگماتیکییە، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
١١-................، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
١٢-................، زانستی پراگماتیك، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠١١.
١٣- عەلی معروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨١.
١٤- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢.
١٥- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.
١٦- عومەر مەحمود کەریم سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان ( ٢٠٠٩).
١٧- کلۆد جێرمانو ڕیمۆ لۆبلان، واتاسازی، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: یوسف شریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٠٦(ساڵی وەرگێڕان)).
١٨- محەمەدی مەحویی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم -ا- و دووهەم -ب -، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، ٢٠٠٩.
١٩- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.
٢٠- محمد معروف فتاح لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٠

**ب/ گۆڤار**

١- هۆگر مەحموود فەرەج، هێندێك لایەنی زمانی لە چەند شیعرێکی دیلاندا، زانکۆی سلێمانی، ژ. (٣٤)، ٢٠١٢.
٢- عمر محمود کریم و شێرکۆ حمە ئەمین قادر بنەمای هاریکاری لەگوتاری سیاسی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژ ١٥، ( ٢٠١٠ ).

**بەزمانی عارەبی :**

١- د. احمد مختار عمر، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزیع، الكويت، ١٩٨٢.
٢-نورمان فاركلوف، تحليل الخطاب، ترجمة د. طلال وهبة، مركز دراسات الوحدة، بیروت، ٢٠٠٩

**دووەم: بە زمانی ئینگلیزی :**

1- Bernard Spolsky.(2008 ). Sociolinguistics. Oxford University press.

2- Crystal D. (2003), The Cambridge Encyclopedia of the English Language, Second edition. Cambridge University press.

3- Crystal D. (1992), AnEncyclopededic Dictionary of Language and Languages. Black WELL.p.u blishers/ UK

4- Finch G. (2005), KEY Concepts IN Language and Linguistics, PAL Grave MACMILAN Press, Second edition.

5- John Lyons. 2002 , Language and Linguistics, Cambridge University press.

6- Wouden T. (1997), Negative Contexts: Collocation, polarity and multiple negation.

## الملخص

يتكون هذا البحث الموسوم ب (المعنى الدلالي و التداولي للامثال فى اللغة الكردية) من قسمين، القسم الاول تضمن مبحثين، المبحث الاول خصص للامثال الشعبية من المنظور الادبي، اما المبحث الثانى فخصص للحديث عن انواع المعنى و براكماتيك و اساس التعاون عند غرايس.

القسم الثانى فاختص بتحليل الامثال من جانب علمي الدلالة و التداولية، وفى ختام البحث عرض لاهم النتائج التي توصل اليها البحث مع الاشارة الى المصادر و المراجع.

## Abstract

The research’s title is ( Semantics and Pragmatics of Proverbs in the Kurdish language). It consists of two chapters. The first chapter contains two parts; the first section of chapter one is devoted to study proverbs in literary perspective. The second section deals with the types of meaning, Pragmatics and cooperative principles according of Grice.

The second chapter of the research is devoted to analyze proverbs in accordance with Semantics and Pragmatics. The research ends with the references and some results.

# خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعری (دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم)ی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

م.ی لە نجە عبدالرحمن غەریب
زانکۆی ڕاپەڕین/ فاکەڵتی پەروەردە/ سکوڵی زمان/ قەڵادزێ

## پێشەکی

میتۆدەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی وەك کەرەستەیەك بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبیەکان بەکار دەهێنرێن، کە هەر یەکێکیان کار لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی دەقە ئەدەبیەکان دەکەن و ڕووی نادیارو شاراوەی دەقەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکەن، ئەو میتۆدانەشی کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت دەقی ئەدەبیان پێ شیبکرێتەوە میتۆدەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بونیادگەری و دەروونین، چونکە لە تێڕامان و وردبوونەوەو خوێندنەوەی دەقەکاندا توێژەران بەسەرنجدان لە ناوەڕۆکی دەقەکان درك بە لایەنی نادیارو پەنهانی دەقەکان دەکەن و لەو ڕێگەیەشەوە دەزانن کە نووسەر لە ژێر کاریگەری کام لەو میتۆدانە دەقەکەی نووسیوە بۆ ئەم مەبەستەش گونجاوترین میتۆد بۆ خوێندنەوەی دەق بەکاردەهێنن، هەرچەندە هەندێ دەق خاوەن چەندین ڕەهەندی جیاوازەو دەشێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بخوێندرێتەوە، چونکە سروشتی هەندێ دەق زۆر جار ئەوە دەخوازێت کە بازنەو چوار چێوەکەی بەشێوەیەك والاّ بکات، کە زیاتر لە گۆشەنیگایەکی هەبێت بۆ خوێندنەوەی، بەڵام هەندێ دەقیش خاوەن یەك ڕەهەندەو لە ناوەڕۆکیدا لەیەك بابەت دەدوێ، ئەگەر لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بڕوانین دەبینین، کە فرە ڕەهەندن و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن، لایەنی دەروونیش وەك لایەنێکی دیارو زاڵ لە ناو شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێت، کە ئەویش ڕەنگە پەیوەندی بە بارودۆخی تایبەتی ژیانی شاعیرەوە هەبێت، کە وای لێکردووە ڕۆبچێتە ناو قوڵاییەکانی دەروونی و لە ڕێگەی دەقی شیعرییەوە هەوڵی دامرکاندنەوەی هەڵچوونەکانی ناخی بدات، هەتا دەستبەرداری ئەو مۆتەکەیە ببێت کە ناخی دەخوات، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها دەقی شیعری (دوو گۆرانی بۆسەرەتای کاروانی خەم)مان وەرگرتووە، کە دەقێکە دەتوانرێت لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەقەکەیە لە روانگەی میتۆدی دەروونییەوە، کە یەکێکە لەو میتۆدانەی لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت پەی بە هەموو ئەو نهێنییانە ببرێت کە لە ناخ ودەروونی شاعیردا مەڵاس دراون. بۆئەم مەبەستە باسەکەمان بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە، بەشی یەکەم دوو باسی لە خۆگرتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە سایکۆلۆژیاوە، لە باسی دووەمیشدا باسمان لە میتۆدی دەروونی لە لێکدانەوەی دەقی شیعریدا کردووە. بەشی دووەم لە سێ باس پێك هاتووە، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ باس کردن لە زمانی دەقەکە، لە باسی دووەمدا ڕۆمانسیەتی دەقەکەمان خستۆتە ڕوو، لە باسی سێیەمیشدا دەقەکەمان لە روانگەی میتۆدی دەروونییەوە هەڵسەنگاندووە.

## بەشی یەکەم

### باسی یەکەم: پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە سایکۆلۆژیاوە

ئاشکرایە نووسەران چ لە بواری شیعردا بێت یان بواری نووسینی پەخشان ناتوانن دەقەکەیان دابڕاو بکەن لەڕەنگدانەوەی ئەو لایەنانەی، کە خۆیان دەخزێننە نێو پێکهاتەی دەقەکەوە، ئەگەرچی هەندێ جار نووسەری هەر دەقێکی ئەدەبی بە خواستی خۆی وادەکات، کە لایەنێکی وەکو کێشەی کۆمەڵایەتی یان بارودۆخی ڕامیاری یان دەروونی لە دەقەکەیدا زەقترو ئاشکراتر دەربکەوێت و بابەتی دەقەکەی لەم لایەنەدا زیاتر خۆی بنوێنێ ئەمەش وادەکات، کە خوێنەر وەك هەلێك بیقۆزێتەوەو تێڕوانینی خۆی لە بارەوە دەربخات، چونکە دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لە بنەڕەتدا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێك دەگاتە دەستی خوێنەران و، لە هەردوو باری باشی و خراپیشدا دەکەوێتە ژێر تێڕوانین و هەڵسەنگاندن. بە تایبەتیش شیعر دەشێ بە ئەندازەی پەیام گەیاندن و گرنگیەکەی خوێندنەوەی جۆراو جۆری بۆ بکرێت، چونکە:

**( کاری شعر**
**نە ئاکامی بۆ هەیە**
**نەسەرەتا**
**شاعیر ئەو باخەوانەیە**
**چەپکێ گوڵ دەچنێ**
**بێ ئەوەی بزانێ**
**دەی داتە دەست کێ**
**یان دەیخاتە بەر پێی کێ)** (عبدالخالق یەعقووبی: ٢٠٠٥: ١٣٧)

لە هەردوو بارەکەدا شیعر گەر خاوەنی سەرەتا و ئاکامێکیش نەبێت و چ بخرێتە گوڵدانەوەو چ بخرێتە ژێر پێوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت خاوەن ئامانج و پەیامێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەمەش وا دەکات پرۆسەی شیعر نووسین و شاعیران پەکی نەکەوێت و نەوەستێت و ئەزموونی جوانتر بێنێتە ئاراوە و سڵ لە خۆنواندنی خۆی نەکاتەوە، چونکە دواجار خودی شیعر ئەو حەقیقەتە بە ئاکام دەگەیەنێ، کە ڕەخنەیەك هەیە کە ئامانجی برەودانە بە شیعر وەك بابەتێکی ئەدەبی، هەر وەك ئەوەی (ماتیۆ ئارنۆڵد) پێناسەی دەکات (( ڕەخنەی ئەدەبی، هەوڵێکی بێ لایەنانەیە بۆ فێر بوون و برەو پێدان بە باشترین بابەتێك کە لە جیهاندا دەناسرێ و دەزانرێ)) (چارلز برێسلێر: ٢٠٠٢: ٢١)

ئەوەی کە لەم پێناسەیەی (ماتیۆ ئارنۆڵد) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە، کە کاری ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی خاوەن بەرنامەیە، کە هەوڵی ئەوە دەدات بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنێتەوەو ڕاڤەی بکات و هەڵیسەنگێنێ و بە پێی پێویست تێدەکۆشێ چەمك گەلێکی جوانناسانەو شێواز ناسانە لەمەڕ دەق بەدی بێنێ بە پشت بەستن بە توانای ڕەخنەگر لە پراکتیزە کردنی ئەو بەرنامەیە، چونکە دەبێ ڕەخنەگر ئەو توانایەی هەبێت، کە لە ناخی دەقەکە تێبگات تا لەو ڕێگەیەوە

پەی بە نهێنییەکانی ناخی نووسەر ببات و لەو بارودۆخە دەروونییە بگات، کە نووسەر تێی کەوتووە ((زۆربەی پێکهاتەی کارە ئەدەبییە هاوچەرخەکان لە ڕێگای چەندین فاکتەری بەهێزەوە بەدەرهاویشتەو بوارەکانی سایکۆلۆژیاوە پەیوەستن، خودی ئەدەبیش بۆ خۆی هەوڵدانێکە بۆ بالاکردن و پیرۆز ڕاگرتنی دەروونی مرۆڤایەتی هەر ئەمەشە هەمان ئامانج کە سایکۆلۆژیا دای دەڕێژێ و دەی نەخشێنێ )) (صابر بکر بۆکانی: ١٩٩٩: ١٠).

کەواتە ئەدەب هەمیشە بە جۆرێ لە جۆرەکان هەوڵی خستنە ڕووی نهێنی و لایەنە شاراوەکانی ناخی نووسەرانی داوەو، هەموو نوسەرێکیش هەوڵ دەدات دەقەکەی بە جۆرێك بەرهەم بهێنێت تا زۆرترین کاریگەری لای خوێنەر بەجێ بهێڵێت، ئەم کاریگەربوونەش پەیوەندی بەو دەربرینانەی ناخی نوسەرەوە هەیە کەلەناو دەقەکەدا هەستیان پێدەکرێت، بەمەش پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەو ئەدەب بە سایکۆلۆژیاوە دەبەستێتەوەو دەبنە تەواوکەری یەکترو هەر لەبەر ئەوەش ((خوێندنەوەی تێکستەکان بە پێی میتۆدی سایکۆلۆژی چەندین دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە بۆ بینینی لایەنە نادیارو شاراوەکانی و هەروەها بۆ خستنەڕووی دەرکەوتەکانی نائاگایی و نائاگایی کۆ لە ناواخنی تێکستدا)) (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠١١: ١١٤) لەو ڕوانگەیەشەوە دواجار سایکۆلۆژیا دەبێتە ڕوگەو ئاوێنەی دیار خستنی ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەدەب لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەدەب ((بریتییە لە گونجان و هاوسەنگییەکی دەروونی و زەینی کە لە ئەنجامی هۆکاری مەعریفییەوە بەدەست دێت و لە بارێکی هەستیدا دەردەکەوێت، وەستان وهەستی مرۆڤ بەرامبەر ئەو هەماهەنگییەش بڕیاری(جوانناسی) لێدەکەوێتەوە))(هیمداد حوسێن: ٢٠٠٧: ١٠٠).

کاری ئەدەب ئەوەیە ئەو حاڵەتە دەروونییانە بخاتە ڕوو، کە هانی نووسەران دەدات بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن و زانستی دەروونناسی و خوێندنەوەی سایکۆلۆژیانەی ڕەخنەگریش دەبێت بە پێوانە بۆ ڕەهەندە دەروونییەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکە.

داڤید دایچز لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ڕەخنەگر ئەو ئەلقەیەیە کە کاری ئەدەبی و ژیان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە دیاری بکات)) (لوقمان ڕەئوف:٢٠٠٠: ٢٠).

فرۆید وەك سایکۆلۆژی ناسێك لە بواری ئەدەبدا تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان ڕووداوە نوێکانی ژیانی تاك و ڕووداوە زیهنییەکانی و پەی بەوە دەبات، کە زۆر جار ئەم ڕووداوانە بارێکی نائاسایی و شڵەژاو لای نووسەران و شاعیران درووست دەکەن و ئاکامەکەشی دەبێتە هەڵڕشتن و خستنە ڕووی ئارەزووە تێر نەبووەکانی ژیان و دەڵێت: ((ڕووداوێکی گرنگی ئێستا لەلای داهێنەر بیرەوەری ڕووداوێکی کۆن زیندوو دەکاتەوە کە زۆر جار ئەم ڕووداوە ڕووداوی سەردەمی منداڵییە. لەم ڕووداوەوە ئارەزوویەك سەر هەڵ ئەدا کە دەیەوێ لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئەو ئارەزووە تێر بکات)) (نەوزاد احمد اسود: ١٩٩٩: ٨٦)

واتە کە مرۆڤ نەتوانێ گوزارشت لە هەندێ لایەنی باری دەروونی خۆی بکات جا بە هۆی هەر هۆکارێکی نێگەتیڤەوە بێت، ناچار بەدوای ڕێگا چارەیەکدا دەگەڕێت تا بتوانێ گوزارشتی پێ لەو بارە دەروونییە بکات، چونکە ((بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە مرۆڤ خاوەنی دەروونێکی ئاڵۆزەو سەرجەم ئارەزووە سەرکوتکراوەکان و سۆزە تێکشکاوەکان وورێڕەوە شاراوەکانی لەخۆ گرتووە،

بۆیە بیریشی پەیوەستی ئەو گرێ دەروونیانەیە)) (عەلی وەردی: ٢٠٠٢: ٥٨). بواری ئـەدەبیش هەنـدێ جـار دەبێتە باشترین ڕێگا چارە بۆدەربرینی هەست و نەستە پـەنگ خواردووەکـانی نوسـەران و شـاعیران لـە ڕێگەی دەقەکانیانەوە.

## باسی دووەم: میتۆدی دەروونی لە لێکدانەوەی دەقی شعریدا

دەتوانین بڵێین هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی یان دەقێکی شیعری بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بە دەروون و ناخی نووسەرەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانـەوەی خـودی خۆیـەتی ((چـونکە شـیعر بـەهۆی تێکـەڵاوبوونی خـەیاڵ ئـەنگێزی خـۆی لەگـەڵ مەسـەلە زەینییـەکان و هەروەها بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ مەسەلە مادییـەکان نیشـاندەری ئـەم مانایەیـە کـەژیان بـەکارگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئێمەیە))(جـەمال ئەحمـەد زادە:١٩٩٩:١١٥). بۆیـە شـیعر هۆکارێکـە بۆخـاڵی بوونەوەی نـاخی شـاعیرو کردنـە دەرەوەی ئـەو ئـاڵۆزی وگـرێ دەروونییانـەی لـە ناخیـدا کەڵەکـە بـوون، میتۆدی دەروونیش یەکێکە لەو میتۆدانەی، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە دەقی ئـەدەبی پـێ شـیبکرێتەوەو لایەنە جیاوازەکانی پێ هەڵبسەنگێنرێت. فرۆید وەك دەروونناسێك توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لە دەقە ئەدەبییەکان بنەماکانی ئەم میتۆدە دابڕێژێت و گەشەی پێ بدات بە تایبەتی (( لە ڕێگـەی شـیکردنەوەی کەسایەتی پاڵەوانەکانی هەریەکە لە سۆفۆکلیس و داڤنشی و دیستۆفسکی و مـارکیزەوە)) (ڕۆشـنا ئەحمـەد ڕەسـول:٢٠٠١: ٥٥). پـەرەی بـەم میتـۆدە داو دوای ئـەویش چـەندین دەروونناسـی دیکـە لـەم بـوارەدا کاریانکردووە وەك کارل یۆنگ و ئەدلەرو...کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ خوێندنەوەی دەقی ئـەدەبی لـە ڕێگەی میتۆدە دەروونییەکانەوە، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت پەی بە هەموو ئەو نێهنیانـە ببرێـت کـە لـە ناخی شاعیر یان نووسەردا پەنگیان خواردۆتەوە، چونکە دەقـی ئـەدەبی ئاوێنـەی نـاخی نووسـەرەو بـەو هۆیەوە داهێنانەکان لە دایك دەبـن، شـاعیریش وەك هـەر مرۆڤێکـی دیکـەی ئاسـایی ئەنـدامێکی کۆمەڵـەو بەشێکی دابڕاو نییە لە کۆمەڵ و خاوەن هەست و نەستی تایبەت بە خۆیەتی، ڕۆژانەش لە ناوچوار چێوەی خێزان و کۆمەڵەکەیدا دووچاری چەندین گرفت و ناهەمواری و ناخۆشی، یاخود خۆشی و شادی دەبێتـەوە و هەریەك لـەم لایەنانـەش بـە جۆرێـك کـاری تێدەکـەن و لـە ناخیـدا ڕەنگدەدەنـەوەو دەبنـە هـەوێنی لـە دایکبوونی دەقی شیعری و، هەر شاعیرێکیش ڕووداوەکان بە شێوازی تایبەتی و بـە پێـی ڕادەو چۆنیەتی کاریگەر بوون پێیان دەچنێ و گوزارشتیان لێ دەکات و دەقەکەی دەبێتە هۆکارێـك بـۆ خـاڵی کردنـەوەی ئەو لایەنە خەفەکراوانەی، کە لە ناخیدا کەڵەکە بوون وئەو مەبەستانەی، کە ناتوانێت بە زمان گوزارشتیان لێ بکات لە ڕێگەی نووسینەوە دەریاندەبڕێت، لەو ڕوانگەیەوە فرۆید دەڵێت: (( ئارەزووە خەفـەکراوەکان لای کەسـانی ئاسـایی لـە خەونـدا تێـر دەکـرێن و ڕەنگـە ببنـە کەسـانی نـەخۆش، بـەڵام لای داهێنـەرو بلیمەتەکان ئەو ئارەزووە خەفەکراوانە چەند قۆناغێکی کارلەیەککردن دەبڕن و لە ڕێگەی نواندنی چالاکی داهێنەرانـەوە تێـر دەکـرێن و لەوێشـەوە دەگەڕێنـەوە جیهـانی ئاگـایی وجیهـانی واقیـع)) (ڕۆشـنا ئەحمـەد ڕەسول:٢٠٠١ :٥٨).

هەربۆیە دەقـی شـیعری دەبێتـە ئاوێنەیـەك و ڕووی ڕاسـتەقینەی شـاعیر بـۆ خوێنـەر والا دەکـات و، باشترین هۆکاریشە کە شاعیر لە ڕێگەیـەوە بتوانێـت ئـاڵۆزی و گـرێ دەروونییـەکانی پـێ بڕەوێنێتـەوەو،

خوێنەریش بخاتە ناو جیهانە تایبەتییەکەی خۆیەوەو، لەخۆشی و ناخۆشییەکانیدا بەشداری پێبکات، لە ناوەوەی هەر دەقێکی شیعریشدا کۆمەڵێك دەلالەت و مانا حەشار دراوە، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت لایەنە شاراوەکانی دەق ئاشکرا بکرێت و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە مەرج نییە هەر دەقێك تەنیا خوێندنەوەیەك لە خۆ بگرێت، بەڵکو ڕەنگە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانین شارەزای کەسێتی دەروونی نووسەر ببین و بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر یان نووسەر تا چەندێك خاوەن  تێڕوانینێکی گەشبین یاخود ڕەشبینە بەرامبەر ژیان و تا چەندێکیش هەستیارو کاریگەرە بەو ڕووداوانەی کە لە دەورووبەرو چوار دەورەکەیدا ڕوودەدەن. کەواتە لە ڕێگەی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی بۆ دەقی ئەدەبی دەکرێت دەتوانرێت هەموو ئەو گرێ کوێرانە بکرێتەوە، کە نادیارو شاراوەن و بەو هۆیەشەوە شێوازی نووسەرەکە دەست نیشان بکرێت.

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم: زمانی دەقە شیعریەکە

وەك ئاشکرایە ئەو زمانەی شاعیر لە هۆنینەوەی دەقێکی شیعریدا بەکاری دەهێنێ، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو زمانەدا هەیە، کە ڕۆژانە لە لایەن کەسانی ئاساییەوە بەکار دەهێنرێت، هەرچەندە وشەو زاراوەکان هەمان شتن، بەڵام ئەو بەکار هێنانە تایبەتییەی زمان لە لایەن شاعیرەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو جیاوازییە، زمانیش لە کۆمەڵێك وشەو زاراوە پێکدێت بۆیە پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، چونکە(( زمان وەك خاك وایە چەند بەپیت بێت ڕەنگە تووشی قڵیشان ببێت و بە پیتییەکەی لە مەترسی قۆرخکردنی زیندەگییەکەیایەتی، بۆیە پێویستی بە بوژانەوەیەکی بەردەوامە هەتاوەکو تووشی وشکەڵانی وبێ پیتی نەبێت)) (محمد العبد حمود: ١٩٩٦: ١٦٧) لەو ڕوانگەیەوە پێویستە لەسەر شاعیر بەردەوام لە هەوڵی نوێکردنەوە دابێت و داهێنان بەرپا بکات لە بواری بەکارهێنانی وشەکانی زماندا، چونکە هەر زمانە کە شێوازو دەنگێکی تایبەتی بە شاعیر دەبەخشێت و دەبێتە ناسنامەیەك بۆی و جیای دەکاتەوە لە کەسانی دیکە.

شاعیر هەرچەندە خاوەن بەهرەو ئەزموون بێت زیاتر لەسەرکەوتن نزیك دەبێتەوە، چونکە لە ڕێگەی لادان لە یاساکانی زمان و یاریکردن بە وشەکانەوە دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، هەر ئەم لادانەشە کە دەبێتە خاسیەت و سیمایەکی دیکەی جیاکەرەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی و لێرەشەوە توانا و ئاستی شاعیر لە بەرهەمهێنانی دەقی ڕازاوەو سەرکەوتوودا دەردەکەوێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی شیعر زمانێکی تایبەتە ((بریتییە لە زمانی وێناندنێکی چڕو ئەندێشەی ئاوەزی بەدیهێنەر، کە ئەمە جوڵەیەکە لەسەرەوە دەست پێدەکات و پاشان دەچێتە بەرزاییەکان و لە قوڵاییەکاندا ڕوودەچێت، ئەمەش پەڕینەوەیە لە جێگیرییەوە بۆ جوڵەو گۆڕان، وە لە سنوور دارییەوە بۆ بێ سنووری، وەدەرچوونە لە پابەندییەوە بۆ ئازادی، ڕێگەی نموونەییە بۆ بەدیهێنانی جوانییەکی تەواو لە پەیوەندی دەنگە ئاواز دارەکاندا)) (عبدالقادر الرباعی: ١٩٩٩: ١١٠)

هەروەها زمانی شیعر زمانێکە لێوان لێوە لە هەست و سۆزو خەیاڵ، چونکە لە ناخ و دڵ و دەروونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و، وای لێدەکات ئازادانە ئەوەی لە دەروونیدا حەشار دراوە لە ڕێی وشە پڕ لە جوڵەو ئاواز دارەکانەوە دەری ببڕێت و، خوێنەریش پەلکێش بکاتە ناو جیهانە تایبەتییەکەی خۆیەوە .

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە هۆنینەوەی شیعردا ڕێچکەیەکی تایبەتی گرتووەو توانیویەتی ببێتە خاوەن دەنگ و جیهانبینیەکی تایبەت بە خۆی، هەرچەندە بە زمانێکی سادەو ساکار دەنووسێت، بەڵام دەقە شیعرییەکانی مانایەکی قوڵیان لە خۆ گرتووە، لە ڕێگەی ئەو زمانەوەیە کە چێژێکی تایبەتی بە خوێنەرەکانی دەبەخشێت، هەربۆیە تواناو بەهرەو داهێنانی شاعیرێتی لەوەدا دەرناکەوێت کە کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی ئاڵۆز لە ناو دەقەکەیدا ڕیز بکات، هەروەك (حەمەسەعید حەسەن) لە بارەی زمانی شیعری هەردوو شاعیری عەرەب ( نزار قەبانی و ئەدۆنیس )ەوە دەڵێ: ئەمیان ڕوون و ئاشکرا ئەویان تەم و مژاوی دەنووسێت، کەچی هەردووکیان مامۆستای هونەری شیعرن، هەر بۆیە گومان لە تواناى هەموو ئەو شاعیرانە دەکات بە شێوازێکی ئاڵۆز دەنووسن، کە ڕەنگە بێ توانایی خۆیان لەو دیوو پەردەی ئاست نزمی خوێنەرەوە بشارنەوە (حەمە سەعید حەسەن: ٢٠٠٩ :٢٦).

کەواتە زمانی شیعری فەرەیدوون بەرزنجی زمانێکی هونەری سادەیە، بەڵام قوڵ و پڕ واتا، کە خوێنەر دەباتە ناو کەش و هەوایەکی تایبەتییەوەو تێکەڵی ئەو ئاوازو ڕیتم و مۆسیقا ڕەنگاڵەییانەی دەکات کە لە وشەکانەوە بەرز دەبنەوە.

دەقی شیعری ( دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم ) بە زمانێکی سۆزدارانەی پڕ لە ڕەشبینی و نائومێدی نووسراوە، کە شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ کۆمەڵێك وشەی وەك ( تەنیایی، مردن، پایز، خەم، شەو، لافاو، سەخت، ڕووخاو، هەور،...تاد) کە لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێن و مانایەکی ڕەشبینی لای خوێنەر جێدەهێڵن، جگە لەوە شاعیر لە ڕێگەی هێنانی کۆمەڵێك دەستەواژەوە توانیویەتی وێنەیەکی هۆنراوەیی سەرنج ڕاکێش لە بینای هونەری دەقەکەدا بنەخشێنێت وەك ( گۆشەی خەم، بوکی ئاوات، بەهاری ژین، پایزی خەم، دێوانەی دڵ،...تاد) کە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەروون و ناخی خوێنەر دروست دەکەن و دەیخەنە بارێکی دەروونی پڕ لە هەڵچوونەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە ڕێگەی لادان و بەزاندنی یاساکانی زمانەوە توانیویەتی دەقەکە ڕازاوەتر بکات کاتێك لە هەندێك لە دێڕەکاندا پەنای بردۆتە بەر لادانی ڕێزمانی وەك لەم نیوە دێڕەدا دیارە: چونکە ئەزانم دوای بەهار تەمەن ئەڕوا بەرەو پایز، کە لە ڕاستیدا دەبوو لە ڕووی ڕێزمانییەوە بوترایە ( چونکە دوای بەهار ئەزانم تەمەن بەرەو پایز ئەڕوا ) جگە لەم لادانە زمانیانە شاعیر چەند لادانێکی واتاییشی دروست کردووە وەك لەم نیوە دێڕەدا دەڵێ: بە تەنیایی بەبێ چرپە لە گۆشەی خەما وەستاوم، یاخود کاتێك دەڵێ: بوکی ئاواتم داوەتە بەر خەنجەری ڕق کینە.

ئەم شێوازە تایبەتییەی بەکارهێنانی زمان لە لایەن شاعیرەوە توانا و باڵا دەستی شاعیری لە ڕووی شارەزابوون لە وشەو زاراوەو یاساکانی زمانەوە خستۆتە ڕوو، بە تایبەتی بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە کە لە بنەڕەتدا گوزارشت و دەلالەت لە گەشبینی و هیواو ئاوات دەکەن، بەڵام تەنینی چوار دەوری ئەم دەستەواژانە بە کۆمەڵێك وشەی خەم ئامێزەوە واتای ئەم دەستەواژانەشیان بەرەو بێ

هیوای گۆڕیوەو شاعیر بە جۆرێك بەکاریهێناون، کە دەلالـەتی ڕەشبینی دەبەخشـن و خوێنـەر بـۆنی بـێ ئومێدیان لێدەکات وەك ( ڕووناکی ئاسمان، زەردە خەنەی تاو تاو، بەهاری ژین، بووکی ئاوات).

## باسی دووەم: ڕۆمانسییەتی دەقە شیعریەکە

ڕۆمانسیزم وەك ڕێبازێکی ئـەدەبی لەسـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهەمـدا لـە ئـەوروپا سـەری هەڵدا، پاشان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لە ناو شیعری کوردیدا ڕەنگی دایەوە، کە بـووە مایـەی ئازادبوونی شاعیرلە دەربرینی ئەو مەبەستانەی لەناخیدا مەلاس درابوون، واتە دەرگای بۆ شـاعیر والاکـرد کە بەشێوازێکی خودیانە گوزارشت لەهەست و سۆزە تایبەتییەکانی بکات و، بەدوای نهێنییەکاندا بگەڕێت و ڕۆبچێتە ناو کانگای نـاخ ودەروونـی و ئـەو خۆشـی وشـادی و بارگرژییـە دەروونییانـە دەربـبڕێت کـە لـە قوڵاییەکانی نائاگایدا حەشاردرابوون.

فەرەیدون بەرزنجی وەك شـاعیرێك خـاوەن دەنگـی تایبـەتی خۆیـەتی لـەبواری هۆنینـەوەی شـیعری ڕۆمانسیداو، ئەگەر سەیری شیعرەکانی بکەین بەروونی ڕەگەزەکانی رومانسیەتیان تێدا دەبینرێت.

ئەگـەر لـەدەقی ((دوو گـۆرانی بۆسـەرەتای کـاروانی خـەم)) بـڕوانین هـەر لـە ناونیشـانەکەیەوە ڕومانسیەتی دەقەکەمان بۆدەردەکەوێت، لەسەرجەمی دەقەکەدا کەسی یەکەمی تاك یان ئەگەر بڵێین ئەم کەسی یەکەمە کە خودی شاعیر بێت، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەیەوێت هەموو ئەو گرێیانەی لـە دەرونیدان بیانکاتەوە تا هەست بە ئاسوودەیی بکات، چونکە کاتێك مرۆڤـ هەسـت بـە ناهاوسـەنگییەکی دەروونی و کێشەو گرفتێـك دەکـات بـە هـەر شـێوەیەك بێـت هـەوڵی دەربڕینـی دەدات تـا هاوسـەنگی بـۆ دەروونـی بگەڕێتـەوەو ئـارام ببێتـەوە(( ڕۆمانتیکیـەکان بـە شـاعیرو ئەدیبـەوە بـە چـاوی هەسـت و سـۆز سەرنجی کێشە سەختەکـانی ژیانیان داوەو بە ئەسپی باڵداری ئەندێشەو خەیاڵ لە بـەرزایی ئاسمانـدا لـە شەقەی باڵیان داوەو خەونەکـانیان دەربڕیوە)) (حەمید عـەزیز: ٢٠١٠ :١٧٥) یەکێك لەو سیمایانەشی کە لـە شیعری ڕۆمانسیەتدا بەدی دەکرێت بەدەسـت هێنانـەوەی ئـازادی و ڕۆچـوونە بـە نـاو قوڵاییـەکانی نـاخ و بەیان کردنی خەون و حەزو ئارەزوو، گوزارشتکردنە لە نهێنییە کەڵەکە بووەکانی دنیای ناوەوەی شاعیر، بەشێوازێکی کاریگەرو هەست بزوێن، هەربۆیە (لە شیعری ڕۆمانسیەتدا (من) تەوەرەی سەرەکی نووسینە، شاعیر بە راستگۆیی لە خەم و ئازارەکانی دەدوێـت و ڕووی راسـتەقینەی دەخاتـە ڕوو، بـەلاوازی و هێـزو، خۆشی وناخۆشی و، ڕق وخۆشەویستییەوە، سەرقاڵی خستنە ڕووی هەستە تایبەتییەکانییەتی)(انطونیـوس بطرس:٢٠٠٥:٣٠٣ )، سەرچاوەی ئەو ئازارەی شاعیر پێوەی دەتلێتەوە ئەو تەنیایی و خەڵوەت و گۆشەگیری و بێزارییەیە کە گیرۆدەی بووە، هەروەك لە سەرەتادا بەم جۆرە دەست پێدەکات و دەڵێ:

**بە تەنیایی، بەبێ چرپە، لە گۆشەی خەمـا وەستاوم**

**ئەگریم بە کوڵ وەکو هەور، فرمێسك ئەبارێنێ چاوم**

ئەو هۆکارەشی کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو تێکشـکان و تـەنیایی و لاوازییـە پەیوەنـدی بـەخودی ژیانەوە هەیەو شاعیر دەیەوێت لەو هاوکێشەی ژیان و مردنە تێبگات، چونکە مرۆڤـ لـە ژیانیـدا کۆمـەڵێك خەون و ئارەزووی هەیە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی دێنە سەرڕێی و لە لایـەکی دیکەشـەوە بـە هۆی کورتی تەمەنەوە نەتوانرێت سەرجەم خەونـەکان بـەدی بهێنـرێن، بۆیـە ژیـان لای شـاعیر بۆتـە گـرێ

كوێرەیەك و كردنەوەی ئەستەمە و هەر ئەمەش ڕەشبینی لە ناخیدا چاندووە و، وای لێكردووە هەست بە تەنیای و خەمگینی و نیگەرانییەكی قووڵ بكات و بە ئازارەوە بتلێتەوە. بێگومان ڕەشبینی لە ئاكامی نەهاتنەدی ئارەزوو خواستەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، یاخود لە ئەنجامی وەدەستنەهێنانی وەڵامی پرسیارە یەك لە دوای یەكەكانەوە، مرۆڤ ڕەشبینی بەرچاوی دەتەنێ و هەست دەكات هەموو پەنجەرەكان لە ئاستیدا داخراون.

ڕەشبینی بەیەكێك لە سیماكانی ڕۆمانسیەت دادەنرێت، چونكە كاتێك ژیان لە هەگبەیدا لە ئومێد و هیواو ئاوات خاڵی دەبێت، جگە لە نائارامی و ناخۆشی و نائومێدی هیچی دیكە نامێنێتەوە، بۆیە دەبینین ((لە هەر شیعرێكی لیریكی ڕۆمانسیەتدا گرژیەكی دەروونی، نائارامیەك، بەربەرەكانی و ناكۆكیەك لە نێوان هیواو ترسدا، خەون و تێكشكاندا، ئارەزوو ئاستەنگدا هەیە)) (كەمال میراودەلی:٢٠٠٧ :١٢) كە هەندێك جار ترس و ڕەشبینی و تێكشكاندن و ئاستەنگەكە زاڵ دەبێت، بەسەر هیواو خەون و ئارەزووەكانداو ئەمەش بە ئاشكرا لای شاعیر ڕەنگی داوەتەوە كاتێك دەڵێ: ( بەهاری ژین كە ئاوا بێ ئەبێ پایزی خەم چۆن بێ)، كە لێرەدا ژیانی شاعیر سەراپای بۆتە خەم و هیچ تروسكاییەكی تێدا نەماوە هەرچەندە جار جار بەزەردەخەنەیەك ئومێد بە ناخی خۆی دەبەخشێت، بەڵام ئەم زەردەخەنەیەش هەرگیز مانای ئەوە نییە كە خاوەن دڵ ودەروونێكی پڕ لە شادی و خۆشی ڕاستەقینەیە، چونكە ئەوەی لا ڕوونە كە خەمەكانی ژیان هەرگیز دەستبەرداری نابن و گوڵی  ئومێدی وەك پایزی خەزان ژاكاوە، پایزیش لای ڕۆمانسیەكان گوزارشتێكی تایبەتی هەیەو بە تێڕوانینێكی جیاوازەوە لەم وەرزە دەڕوانن و زۆر بایەخی پێدەدەن، هەر بۆیە( وەرزی پایز لە هەموو وەرزەكانی دیكەی ساڵ پەسەندو دڵگیر ترە لە لایان، چونكە لەگەڵ ڕەشبینیاندا دەگونجێت ) (خورشید ڕەشید ئەحمەد: ١٩٨٩: ٤٥).

پایز گوزارشت لە خەم و ئازارو نەهامەتییەكانیان دەكات، ماتەمی و هێمنی و كش وماتی ئەم وەرزە لەگەڵ خەونەكانیاندا یەك دەگرێتەوە، پایز وەك ڕەمزێك بەردەوام لە ناو دەقە شیعرییەكانیاندا دووبارە دەبێتەوە، شاعیریش لە ناو ئەم دەقەدا چەند جارێك وشەی پایزی بەكارهێناوە، كە لەڕێگەیەوە گوزارشتی لە خەم و ئازارەكانی دەروونی كردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ڕووخان و نائومێدییە كە شاعیر لە ئەنجامی بیركردنەوە لە مانا قوڵەكانی ژیان گیرۆدەی بووە، بەڵام لە دوا جاردا وەك شاعیرێكی ڕۆمانسی گەشبین لە ژیان دەڕوانێ و هەست بە بوونی تروسكاییەك لە پەنجەرەی دڵیەوە دەكات، كە ئەویش بوونی باڵای شەمە كە جارێكی دیكە زیندوێتی پێ دەبەخشێ و وابەستەی ژیانی دەكات و وای لێدەكات لە پێناو ئەو ئەوینە پیرۆزەدا بگاتە ئەو ڕاستییەی، كە ژیان بە بێ خەم نابێت و هەموو مرۆڤێك دەبێت هیوایەك لە ناخیدا هەبێت تا لە پێناویدا بژی.

### باسی سێیەم: خوێندنەوەیەكی دەروونی بۆ دەقە شیعرییەكە

بۆ شیكردنەوەی ئەم دەقە شیعرییە چاكترین دەروازە بۆ چوونە ژوورەوەو ئاشنابوون و هەڵسەنگاندنی دەقەكە دەكرێت لە ناونیشانی شیعرەكەوە دەست پێ بكەین. چونكە ناونیشان تێگەشتنێكی سەرەتایمان لە بارەی كرۆكی دەقەكەوە دەخاتە بەردەست. لە تێڕوانین بۆ دەقەكە

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر باس لە بارودۆخێکی دەروونی نا سەقامگیرو نائاسایی دەکات ئەمەش بە بەڵگەی وتنی دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانێك کە ئەویش کاروانی ( خەم )ە، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە کاروانی ژیانی شاعیر کاروانێکی خەماوییە، ئەویش خۆی لە نێو ڕێبواران و پیادە ڕۆیانی ئەم کاروانەدا دەبینێتەوە، هەرچەندە بە دیوێکدا وشەی گۆرانی دەشێ دەلالەتی بەخشینی ئاسوودەیی و خۆش بەختی بێت و خەم ڕەوێن و خەم تارێن بێت، وەك ئەو جۆرە گۆرانی و ئاوازو ڕیتمەی کە بۆ دەربڕینی هەستی خۆش بەختی و شادی و هەڵپەڕکێ دەوترێن، بەڵام دیوەکەی دیکەی گۆرانی لەو جۆرەدا خۆی دەبینێتەوە کە زۆرجار بۆ دەربڕین و کەم کردنەوەی ئازارو نەهامەتییەکانی مرۆڤ لە شێوەو ڕێچکەی لاواندنەوەدا دێنە گوتن. شاعیریش لەم ناونیشانەدا هەر ئەم دیوەی گۆرانی مەبەستە ئەویش بە وتنی دوو گۆرانیە بۆ سەرەتایەك کە ئەویش سەرەتای کاروانی خەمێکە، بۆیە دەکرێ بڵێین مەبەستی شاعیر لەم گۆرانیەدا ئەو دیوەی گۆرانیە کە دڵدانەوەو ئارام بەخش و هێورکەرەوە بێت بۆ ئەو ساتەی، کە مرۆڤ بە ناو قوڵایی خەم و ئاستەنگەکانی ژیاندا ڕۆچووبێتە خوارەوەو گۆرانی بۆ خەمەکانی زیندەگی خۆی بچڕێت بەتایبەتی کاتێك هەست بە تەنیایی بکات.

**بە تەنیایی ، بە بێ چرپە ، لە گۆشەی خەما وەستاوم**

**ئەگریم بەکوڵ وەکو هەور ، فرمێسك ئەبارێنی چاوم**

شاعیر لە یەکەم دێڕدا بە تەنیای و بەبێ چرپە لە گۆشەیەکدا وەستاوە کە ئەویش گۆشەی خەمە، ((خەم جگە لەوەی سەرچاوەیەکی لە دەستدانی خۆشیەکانە، لە هەمان کاتیش بەشێکی گەورەی دڵەڕاوکێ و دوورە پەرێزی و تەنیایشی هەیە، کە لەگەڵ هەست و ویژدانی مرۆڤدا تێکەڵ دەبێت و زۆرجاریش هونەرمەندو نووسەران پەنا دەبەنە بەر نووسین بۆ ڕەواندنەوەی خەم و ئازارەکانیان و، بەشێوەیەکی هەستی و نەستی، ئەو دیاردەیە لە نووسینەکانیان ڕەنگدەداتەوە بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەرن لە دروستکردنی خەم و شێوەیەکی دووبارەبووی هەمان حاڵەت بن))(هەڵمەت بایز ڕەسول: ٢٠٠٦:١٢٨)، بۆیە لێرەدا (من)ی شاعیر خەمەکانی وەك لێزمەی باران هەڵدەڕێژێت تا دەروونی پاك وئارام ببێتەوە، لەم دێڕەدا شاعیر ئەوە دەخاتە ڕوو کە سەرجەم ئەندامەکانی جەستەی لە کارو جوڵە کەوتوون، بەڵام لەم گۆشەیەشدا تەنیا ئەندامێك کە بتوانێ گوزارشت لە ناخ ودەروونی بکات چاوەکانیەتی، کە چۆن هەور باران ئەبارێنی، چاوەکانیشی بە وێنەی هەور فرمێسك دەبارێنن و بە ووردبوونەوەش لە دەستەواژەکانی:( تەنیایی، بەبێ چرپە، وەستان لە گۆشەی خەم، گریانی بەکوڵ، فرمێسك بارین وەکو هەور )، ئەوە دەردەکەوێت کە چەمکە گەلێکی دەربڕینن کە مرۆڤ لە بارودۆخێکدا هانایان بۆ دەبات، کە هەست بەو پەڕی بێزاری بکات و لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت و دژواردا خۆی ببینێتەوە، ئینجا ئەو وشەو دەستەواژانە لە دێرێکدا ئاوێتەی یەکتر دەکات و باردۆخی شڵەژاوی دەروونیی خۆی پێ دەخاتەڕوو، چونکە زۆرجار مرۆڤ کە هەست بکات لە ژیاندا شکستی هێناوە، تەنیاو دورەپەرێزو کەنارگیر دەبێت، کاتێ بەبێ چرپە ئەوەستێ و لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، کە هەست بە بۆشاییەکی فراوان بکات وناچاری ئەوە دەبێت کە خۆی بخزێنێتە گۆشەی تەنیایی و خەمەوە، هەر بۆیە لە وەها کاتێکدا ئاوازی گریانێکی بەسۆزو بێ کۆتایی ژێیەکانی قورگی دەگرێت و چاوەکانی لێوان لێو دەکات لە فرمێسك

بەجۆرێك دابارین و گڕوتینی فرمێسك ڕشتنەکەی دەچوێنێ بەدابارینی بەخوڕی باران و هەموو ئەوانەش بە کەین و بەینی ڕۆژگارەوە دەبەــــستێتەوە.

**لە کەین و بەینی ڕۆژگارا ئەمــن تا مــاوم تێ مــــــــاوم**

**دڵی خۆم خۆش ئەکەم جار جار بە زەردە خەنەی تاو تاوم**

گەڕان بە دوای نهێنی و ماناکانی ژیان یەکێکە لەو پرسیارانەی، کە هەر لە کۆنەوە بیری فەیلەسوف و نوسەران و شاعیرانی خاوەن بەهرەو ئەزموونی هەژاندووە، لەم دێرەشدا شاعیر دیدو بۆچوونێکی فەلسەفیانەی خۆی دەخاتەڕوو، کە بەدەست بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی ژیان گرفتارەو ناگاتە ئەنجام، ناچار کاتێك لە کەین و بەینی ڕۆژگار ناگات بەزەردە خەنەیەکی درۆ ئامێز دڵنەوایی و دڵ خۆشی خۆی دەداتەوە، چونکە کاتێ مرۆڤ لە خەڵوەت و تەنیایی بەبێ چرپە لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت و ناگاتە ئامانج، ناچار بۆ خۆ دەربازکردن لەو سەرسامی و ڕۆچوون و تێڕامانە پەنا دەباتە بەر هەر هۆکارێك بۆ دڵ نەوایی خۆی، وەك دیارە زەردەخەنە و پێکەنینیش مرۆڤ دەخەنە بارودۆخی ئارام بوونەوەو بۆ کاتێکی کەمیش بێت ئاسوودەیی لە ناخیدا دەچێنێ و، ئەم زەردەخەنەو دڵ نەواییەشی بۆ خۆ ڕزگار کردنە لەو بارودۆخەی کە تێی کەوتووە:

**بەڵام چی بکەم ، گەر وانەکەم وەك دیوارێکی ڕوخاوم**

**یان پارچەیەکی بێ گیانم لەسەر ڕێی لافاو وەستاوم**

لەم دێڕەدا شاعیر ئەوە دەردەخات کە ئەگەر جار جار بەهۆی زەردەخەنەیەکەوە دڵ نەوایی خۆی نەکات و خەمەکانی پێ ئاوێزان و زیندە بە چاڵی مەرگ نەکات، ئەوا ئەو ترسە دایدەگرێت کە ڕەنگە تێکشکان و ڕووخانێك لە ناخیدا ڕووبدات کە وێرانی بکات، بەجۆرێك وەکو جەستەیەکی بێ گیان و لە جوڵە کەوتوو بەرەو فەنا بوون گەڕا بێچەی بدەن.

**سەردەمێکە بۆیــە لاشەم هــــەروا لاوازو بێ تیینە**

**بووکی ئاواتـــم داوەتە بـەر خەنجەری ڕق و قینـە**

ئاشکرایە زۆر جار مرۆڤ لە حاڵەتێکدا کە تەواو پەیوەست بێت بە چێژو ڕووناکیەکانی ژیانەوە هیواو خۆزگەکانی بە جۆرێك چرۆ دەکەن، کە لە بووکی ئاواتدا گەلاڵەیان دەکات و خەونی ڕەنگالەیی و ئاڵ و والآیان پێوە دەبینێ، بەڵام کاتێ لە مەرام و خواستە چەپەڵەکانی ڕۆژگار تێدەگات نائومێد بوون بەجۆرێك تەنگی پێ هەڵدەچنێ کە سەرجەم هیواو ئاواتەکانی نەك هەر لەبەر چاو ڕەش دەبن، بەڵکو لەجێی خۆشەویستی و بە ئاکام گەیشتن پێیان بەتەم و مژی ڕق و کینە دایان دەپۆشێت و دەیەوێت هەموویان لە دڵی خۆیدا گۆڕ حەشاربدات. ئەمەش بە پێی لێکدانەوە دەروونییەکان ئەوپەڕی ڕادەی لەخۆبێزاربوونی ناخی خود ئاشکرا دەکەن و ئەم جۆرە هیوا کوشتنەش مرۆڤ بەرەو باوەشی زەرد هەڵگەڕان و بێ هێزی و لاوازی دەبەن، ئەمەش لە ئەنجامی بەدی نەکردنی ڕووناکی و ئومێدە لە ژیاندا.

**ڕووناکــی ئاسمانی ژینم تاریکییەکی چین چینە**

**ڕۆژگـارێکم ڕۆژم لەشەو شەوم لە ڕۆژم بەقــینــە**

وەك دیارە مرۆڤ کاتێك هەست بە کامەرانی دەکات کە ئاسمانی ژیان و ژینی پڕ لە ڕۆشنای و بەختەوەری بێت و، درك بەسەرجەم ئەو پرژەو ترووسکە ڕووناکییانە بکات کە ئاسمان لە باوەشی گرتوون وەك گڕو بڵێسەو ڕووناکی خۆرو، تریفەی مانگە شەوو جوڵەو جریوەی ئەستێرەکان، کە لە شەوو ڕۆژدا بەجۆرێك پێیان ئاسوودەیە، وادەزانیّ سرووشت بۆ ئەوی خوڵقاندوون، کەچی ئاسمانی شاعیر ئاسمانێك نیە ڕوون، بەڵکو ئاسمانێکە پەڵە هەوری ڕەش و چڵکنی خەم داپۆشیوەو سەرجەم ڕووناکی و تروسکاییەکانی گۆڕیوە بە تاریکی، کە لە دیدی شاعیردا هێندە ڕەشبینانە تەنراوە بەیەکچین نایەتە بەرچاوی، بەڵکو چەند چینێکەو بەتەواوی بەڕەنگی ڕەش ڕەنگکراوەو، هەموو ڕووناکیەکانی ئاسمانی ژیانی لیّ پەنهان کردووە ئەمەش وایکردووە کە نەك هەر ڕۆژگار دەیهاڕیّ، بەڵکو شەویش کە کاتی حەسانەوەو ئارامیە لێی بەڕقدا چووەو بەزەیی پێدا نایەتەوە.

بەگشتی شاعیر لەبەشی یەکەمی شیعرەکەیدا بە شێوەیەکی ڕەها باس لە خود دەکات و، لە پشتی جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە ( جێناوی/م) قسە دەکات و، گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات و ئازارو نەهامەتی و ئەو بارو دۆخە دەروونیە نائارامەی، کە بە پەرژینی ناخۆشی و نەهامەتییەکان چنراوە دەریدەبڕێت و، بۆیە دەنگی (من) ی شاعیر دەنگێکی زاڵە کە دەیەوێت بێزاری و بێئارامی خۆی لە ناو واقیعی ژیاندا بەیان بکات.

شاعیر لە گۆرانی دووەمدا بەم جۆرە دەست پێدەکات و دەڵێت:

**هەر ورتەم دیّ و هاوار دەکەم هەروا خۆشم لە خۆم ناگەم**

**هەر فرتەم دیّ و لە ڕێگادام هەرچەند ئەکەم بە خۆم ناگەم**

شاعیر لەم دێڕەدا خاوەن خودێکی سەر لێشێواوەو دوچاری نامۆ بوون بۆتەوە((چونکە پلەی نیگەرانی مرۆڤەکان چەند تەشەنەو بڵێسە بستێنیّ ئەوەندە ڕووەو بازنەکانی نامۆ بوون دەبێتەوە))(ستاری پیرداود: ٢٠١٠: ٥٨) بە جۆرێك لە بارودۆخی ورتە کردنەکەوە دەچێتە بارودۆخی هاوارکردن و دەنگ هەڵبڕین بەچوار دەوری خۆیدا، کەچی هیچ کەسێك شك نابات گویّ لەناڵەو هاوارەکانی بگرێت، تەنانەت لە خودی خۆشی ناگات و بەجۆرێك ڕێی ژیانی لیّ ونبووە، کە دۆزینەوەی ئەستەمەو بەشێوەیەك کە بۆتە مایەی لە دەستدانی خودی خۆشی، دیارە خۆ لیّ ونبوونیش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە مرۆڤ پرسیارەکانی بیّ وەڵام دەمێننەوەو ناگاتە ئەنجام و وێڵ و سەرگەردان دەبێت، ئەمەش جۆرێکە لەو بارە دەروونییەی کە مرۆڤ ناسنامە و کەسێتی خۆی وندەکات و جۆرە سەرلێشێوانێك لە خودی خۆیدا دەبینیّ و، پاش ئەوەی لە سەرجەم ئەو ڕێگاو ڕێچکانەی کە گرتوویەتیە بەر بۆ ڕزگار بوون شکستی خواردبیّ و ڕێگرو ئاستەنگی هاتبێتە پێش و دواجار دوای تاقیکردنەوی گشت ڕێگاکان چووبێتەوە چەقی بازنەی گرفتەکان و لە خاڵی سفردا وەستابێتەوە لە کاتێکدا ڕێگای ئەم خۆدۆزینەوەیەی دوورە، کە ئەمەش مرۆڤ بەرەو نامۆبوون دەبات و خەونە ڕەنگاڵییەکانی ژیانی لیّ ون دەکات.

بۆیە لە سەراپای دەقەکەدا لە ناو (من)ی ونبوو نامۆی شاعیردا (منی باڵا) بەرچاو دەکەوێت کە هەوڵی گەیشتن و دۆزینەوەی بنەماو یاساکانی ژیان دەدات، چونکە (منی باڵا لە خۆیدا هەڵگری بەشێکی ستراکتۆری کۆمەڵگایە، شاعیر لە ناو شیعردا کاتێك دەکەوێتە ناو خواستنی ئاواتەکانییەوە، منی باڵا

ریزبەندێك لە خواستی باڵای دەداتێ...کە ئەم خواستانە خواستی باڵاو تارادەیەك نەمرن، ئەو ڕۆحەن کە بنەمای کۆمەڵگاکانن )(پێشرەو عەبدوللا :٢٠١٣:١٢٤).

**ڕێگا دوورە تەمەن کورتە ، هەتا بڕۆم، هەر پێ ناگەم**
**کە من ئەژیم بۆچی ئەمرم لەم کارو بارە تێنــــاگــــەم**

شاعیر ئەو گرێ دەروونییە یان ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوەو هەر لە سەرەتای شیعرەکەدا مەبەستێتی و بە دوایدا دەگەڕێ لەم دێڕەدا دەیخاتە ڕوو، کە ئەویش فەلسەفەی بیرکردنەوەیە لە بوون و مردن، واتە سەرچاوەی گرێ دەروونییەکە لە خود و ناخی شاعیردا بەرجەستە بووە کە ژیان و مردنە. مرۆڤ جاری واهەیە وێڵە بەدوای نهێنیەکانی ژیان و سەرجەمی بیرکردنەوەکانیشی لە تەوەری مردن و فەنا بووندا خۆی دەبینێتەوەو، وا هەست دەکات کە ژیان و چێژەکانی ژیان کاتییەو ئاکامی نادیارە، چونکە هێزی مردن لە پشت هەموو خۆشیەکانی ژیانەوە خۆی حەشار داوەو لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە بە فەرمانێکی شاراوەی غەیبی نادیار لە چرکە ساتێکی کەمدا کۆتایی بەسەرجەم ئاوات و خەونەکانی مرۆڤ بهێنێ و هەموویان ڕاپێچی گۆڕو مەرگ بکات. ترس لەم چرکە ساتە نادیارە مەحکەمیە ناخی مرۆڤ بەرەو ئەفسوون و سیحری دڵەڕاوکێ و شپرزەبوون و بێ هیوایی و بارودۆخی دەروونی نائارام دەبات و وادەکات هەردەم بەدوای ئەم پرسیارە بێ وەڵامەدا بگەڕێت، کە بۆ دەبێ بمرین چونکە ((هەموو مرۆڤێك ئارەزوویەکی بایولوجی هەیە بۆ ژیان کە یەکێکە لە بنچینەکانی خاوەنداریێتی، جەستەمان پاڵمان پێوە دەنێت حەز بە بەردەوامی ژیان بکەین، شادبین یان دڵتەنگ، مردن ڕەفز دەکەین، هەرچەندە دەزانین کەدەبێت بمرین کەچی لە هەوڵداین بۆئەوەی نەمر بین))(سابیر بەکر بۆکانی: ٢٠٠٤ :٧٦)، هەرچەندە مردن ڕاستیەکە کە ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبۆتە هۆی وەستانی ڕەوڕەوەی ژیان و بەردەوامیش ژیان لە نوێبوونەوەدایە سەرباری سەرجەم سەختی و ناخۆشیەکانی:

**ڕێی ژین سەختە، ترسناکە، دڕکێکی زۆر لە ڕێیدایە**
**ئەوەی نەیدیوە بۆی دێت و ئەوەی تێیدایە پێیدایە**

(من) ی شاعیر لەم دێڕەدا خودێکی ترساوو ئەژنۆ شکاوە، لە سەختی و مەحاڵەکانی ژیان و ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەمی سڵ دەکاتەوە، بەجۆرێك کە هەست دەکات کە ئەوەی کەوتۆتە نێو دڕکەڵانی ئەم ژینە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ڕزگار بوونی و ئەوەشی، کە ئاوێتەی ئەم سەختی و ناچاریە نەبووە تێدەکۆشێ، کە خۆی بخاتە نێو دڕکەڵانی ئەو ڕێگایە ترسناکە لە کاتێکدا هەموو ئەو ناخۆشیانە لە وەرزی بەهاردایە، بۆیە ترسی خەمەکانی پایز هەراسانی دەکات، یاخود بە واتایەکی دیکە دەکرێت بەهاری ژین بە تەمەنی گەنجی ولاوی شاعیر دابنێین کە بۆتە پارچەیەك لە خەم :

**بەهاری ژین کە ئاوابێ ئەبێ پایزی خــەم چۆن بێ**
**ئەبێ خەمێکی تازە بێ هەتا هاوڕێی خەمی کۆن بێ**

سکالاّی شاعیر هەر بە تەنیا یەك وەرزی سالّی نەگرتۆتەوە، بەلّکو سەرجەم وەرزەکانی گرتۆتەوە بە وەرزی بەهاریشەوە لە کاتێکدا کە وەرزی بەهار وەرزی ژیانەوەو سەوز بوون و چرۆکردنەوەی هیواکانی مرۆڤە، کەچی ئەم خودە ڕەشبینە لە بێ هیواییدا ئەوە نیشاندەدات، کە ئەم وەرزەش بۆ ئەم پڕە لە خەم و بێ ئومێدی، بۆیە لە چاوەڕوانی هاتنی خەمەکانی پایزدا بێ ئۆقرەیی دایدەگرێت. بێ ئەوەی خەمە کۆنەکانی بەرەو لە ناوچوون بچن لە چاوەڕوانی خەمێکی دیکەیە تا ببێتە هاوڕێی خەمە کۆن و کەڵەکە بووەکانی، بۆیە لە چرکە ساتی جار بەجار پێکەنینیشدا دڵ خۆش نیەو دەست بەرداری بێ هیوایی نابێت وئەوەی لەلا ڕوونە کە دوای بەهاری تەمەن بەرەو پایز هەنگاو دەنێت:

**کە جار جار پێ ئەکەنم مەزانە دڵ خۆشم هەرگیز**

**چوونکە ئەزانم دوای بەهار تەمەن ئەڕوا بەرەو پایز**

لە کاتێکدا شاعیر لە دێڕی پێشووتردا ڕووی سکالاّی لە وەرزی بەهارە، لێرەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (هەرگیز)ەوە ئاماژە بەوە دەکات کە جار بەجار پێکەنینی ئەو هەرگیز نیشانەی دڵ خۆشی و کامەرانی نیە، چونکە لێی ڕوونە کە دوای بەسەرچوونی بەهار وەرزی ماتەم و گەلاّ وەرینی خۆزگەکانی بەڕێوەیەو لەگەڵ خۆیدا کەشکۆڵی خەمی بۆ دێنێتەوە، لە کاتێکدا هێشتا خەمە کۆنەکانی لانەی دڵیان جێ نەهێشتووە، یاخود ئەوەی لاڕوونە کە پاش ڕۆشتنی بەهاری تەمەنی، وەرزی پیری و لاوازی دەست پێدەکات، کاتێکیش مرۆڤ پیردەبێت چاوەڕێی مەرگ دەکات، بەلاّم ئەمە بە ڕاستی ژیان دەبینێت بۆیە لە دوا دێڕدا دەڵێت:

**بەڵێ گیانە ژیان وایە کەسێ گەر خەم نەبێ نابێ**

**کەچی تازە دێوانەی دڵ گەر بالاّی شەم نەبێ نابێ**

شاعیر لە دوا دێڕدا لە جۆرە دان پێدانان و خۆبەدەستەوە دانێکدا خۆی دەبینێتەوەو نکۆڵی لەوە ناکات، کە ژیان ئاوێزانی خەمە و کەسێك نییە کە بەبێ خەم بژی، چونکە خودی ژیان لانەی خەمەو مرۆڤیش دەبێت لەگەڵ ئەم ڕاستیەدا بەناچاری هەڵبکات، هەموو مرۆڤێکیش لە ژیانیدا هیوایەك لەناخیدایە کە بۆی بژی، بۆیە بە تێڕوانین لە دەقە شیعریەکە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خودی شاعیر خودێکی بێ هێزو لاوازەو گیانی بەرگری کردنی لانیە بەرامبەر بە هەورازو نشێوەکان و سەختی و مەحاڵەکانی ژیان و، ڕۆچووە بەناو فەلسەفەی ژیانداو لە فەلسەفەی بوون ورد دەبێتەوە خۆی لە نێو بازنەی داخراوی خودی خۆیدا لێ ونبووە، بەلاّم لە کۆتایدا ناچار تەسلیم بەئیرادەو خەمەکانی ژیان دەبێت و بریار دەدات لە پێناو مەعشوقەکەیدا بژی، چونکە ((لێرەدا مەعشووق ئەویترێکە هەموو ئەوانی تر دەردەکات و سەبارەت بە عاشق دەبێتە سەنتەری هەموو جیهان))(زەکەریا ئیبراهیم :٢٠١٣ :٣٠٦)، بۆیە شاعیر سەرجەم هیواو ئاواتەکانی بە مەعشووقەوە دەبەستێتەوە، بە بوونی ئەو دەگەرێتەوە ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤی ئاسای تیایدا دەژێت و، خۆشەویستی و عەشق دەبنە مایەی درێژەپێدانی ژیان لای شاعیر.

## ئەنجام:

لە ئاكامی تێڕوانینی ئەم باسەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین :

ـ هێزی پەیوەندی نێوان ئەدەب و سایكۆلۆژیا پەیوەندییەكی بەتینەو، زۆرێك لە دەقە ئەدەبیەكان چ شیعرو چ پەخشان بەسەرجەم بەشەكانییەوە گوزارشت لە باری دەروونی دەكەن، هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كە نووسەران زۆر جار لە ڕێی دەقەكانیانەوە دەربڕی گرێ دەروونیەكانیانن بۆ پاك بوونەوەی ناخیان و ئاسوودە بوونیان.

ـ دەشێ دەقێكی ئەدەبی گوزارشت لە چەند لایەنێكی ژیان بكات، ئەم جۆرە دەقەش دەتوانرێت لە چەند گۆشە نیگایەكەوە بخوێندرێتەوەو هەروەكو چۆن لەم دەقە شیعریەدا ئەوە دەردەكەوێت، كە جگە لە لایەنی دەروونی دەتوانرێت لە ڕوانگەی فەلسەفیشەوە بخوێندرێتەوە.

ـ شاعیر لە هۆنینەوەی دەقەكەدا زمانێكی سادەو ساكارو تۆكمەی بەكارهێناوە، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەتینەی كەلەنێوان وشەكاندا دروست بووە، كە لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی خوێنەر بۆناو قووڵاییەكانی دەقەكەی پەلكێش بكات .

ـ لەدەقەكەدا هەندێك لە ڕەگەزەكانی ڕۆمانسییەتی تێدا دەبینرێت وەك گوزارشت كردن لە هەست و ناخ و دەروون، خەڵوەت و تەنیای، ڕەشبینی و نائومێدی و بێهیوای ...

ـ نووسەران و شاعیران گەلێك جار بۆ دەرخستنی بارودۆخی دەروونی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر داهێنانی دەقی ئەدەبی و خودی خۆیان لە پشتی وشەكانەوە وێنەكێشاوە بە تەواوی ناسنامەو باری دەروونی خۆیان بۆ خوێنەر ئاشكرا كردووە، ئەمەش تێڕوانینی فرۆیدە بۆ پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە سایكۆلۆژیاوە.

ـ لە دەقەكەدا ڕەشبینی و نائومێدی ناخی شاعیریان تەنیوە، ئەویش لە ئەنجامی قولبوونەوەی وردی لە ژیان و بوون و مردنە، بەڵام لە كۆتاییدا وەك هەر شاعیرێكی رۆمانسی گەشبین لە داهاتوو دەڕوانێت و خەم و ناخۆشیەكانی ژیان وەك دیاردەیەكی سروشتی دەبینێت.

## سەرچاوەكان:

**بە زمانی كوردی(كتێب):**

- ئەریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، و/ سابیر بەكر بۆكانی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریان، ٢٠٠٤.
- پێشرەو عەبدوڵڵا، دەرونشیكاری شیعر، چ/ حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
- حەمید عەزیز، فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیكی، چ/ موكریان، هەولێر، ٢٠١٠.
- خورشید رەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیكی لە ئەدەبی كوردیدا، مگبعە الجاحڤ، بغداد، ١٩٨٩.
- رۆشنا ئەحمەد رەسول، داهێنان لە روانگەی چەند تێوریەكەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١.
- چارلزبریسلێر،ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكانی، و/عبدالخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
- زەكەریا ئیبراهیم(د)، كێشە فەلسەفییەكان–كێشەی خۆشەویستی، و/د.محەمەد تاتانی، چ/شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.
- ستاری پیرداود، خوێندنەوەی میتافۆر، چ/خانی، هەولێر ،٢٠١٠.

- عبدالخالق یەعقووبی، دەنگی بلوورینی دەق،چ/ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- عەلی وەردی ،نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، و/سەمەد زەنگەنە، چ/تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی(دیوان)، چاپخانەو ئۆفیسی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کەمال میراودەلی، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چ/شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چ/بینایی، سلێمانی،٢٠١١.
- هەڵمەت بایز ڕەسول، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی(ئیبن روشد)، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦.
- هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ/دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

**گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

- جەمال ئەحمەد زادە، بایەخی شیعر(لە فارسییەوە وەرگێردراوە)، گ/ئایندە، ژ١، ١٩٩٩.
- حەمە سەعید حەسەن، شیعری نوێ، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ١١، ٢٠٠٩.
- صابر بکر بۆکانی، سایکۆلۆژیای ئەدەب، گ/ ئێستا، ژ/ ٢٠، ١٩٩٩
- لوقمان ڕەئوف، ڕەخنەو قەیرانی ڕەخنەی کوردی، گ/ ئایندە، ژ/١١، ٢٠٠٢.
- نەوزاد احمد اسود، فرۆیدو ئەدەب و ئۆدیب، گ/ ئایندە/ژ١، ١٩٩٩.

**بەزمانی عەرەبی :**

- انطونیوس بطرس، الادب(تعريفة- انواعة-مذاهبة)، طرابلس-لبنان، ٢٠٠٥.
- عبدالقادر الرباعي، جماليات المعني الشعري التشكيل والتاويل، مطبعة وزارة الثقافة، عمان، ١٩٩٩.
- محمد العبد حمود، الحداثة فی الشعر العربي المعاصر، بيروت، ١٩٩٦.

## کورتەی باس

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعری دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم)ی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی یە، کە تیایدا هەوڵمانداوە دەقەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی دەروونیدا شیبکەینەوەو هەموو ئەو لایەنە نادیارو شاراوانە بخەینە ڕوو، کە لە ناو قوڵایی دەقەکەدا پەنهان کراون، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە و لەبەشی یەکەمدا باسمان لە (پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە سایکۆلۆژیاوە، میتۆدی دەروونی لە لێکدانەوەی دەقی شیعریدا) کردووە. بەشی دووەمیش تایبەتە بە (زمانی دەقە شیعرییەکە، ڕۆمانسیەتی دەقە شیعرییەکە، خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە لە ڕوانگەی میتۆدی دەروونییەوە) لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو، پاشان ئەو سەرچاوانەی بەسوود بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە ئاماژەیان پێکراوە. لە کۆتاییشدا کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## ملخص البحث

النص هو المادة التى يتعامل معها الناقد لاجل تحليل وتقييم جوانبها الغامضة، وكل نص ادبى يتكون من ابعاد عدة ويمكن قرائته من وجهات نظر مختلفة، ذلك رغم كون بعض النصوص ذا بعد واحد فقط ويتحدث فى مضمونه عن موضوع واحد، ويمكن قراءة نص ((دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم_اغنيات لبداية قافلة الهموم))، لفريدون برزنجى من عدة جهات، ولكننا نقصد هنا قرائته حسب المنهج نفسى، حيث يمكن عن طريقه كمنهج ادراك كل الاسرار التى تكمن فى شخصية الشاعر، ولهذا الغرض قمنا بتقسيم بحثنا الى فصلين:

الفصل الاول وقد قسم على مبحثين:

المبحث الاول يتضمن العلاقة بين النص الادبى وعلم النفس.

وفى المبحث الثانى قد تحدثنا عن المنهج النفسى لتفسير النصوص الشعرية.

اما الفصل الثانى فقد قسمناه الى ثلاثة مباحث:

المبحث الاول يعالج لغة النص .

المبحث الثانى يدرس رومانسية النص.

والمبحث الثالث ينقد النص حسب المنهج النفسى.

## Abstract

Text is a tool that is used by critics in order to analyze, evaluate, and explain the obscure aspects of it. Each litrary text has many different dimentions which can be read from various view points although, some texts have one dimension and talk about one topic in its content, the text of faraidoon barznjis poem (two songs for the beginning sorrows journey), is one of the texts that can be read various point of vies, what we intend is to evaluate and analyze the text in terms of pychological method, through which one can realize those secrets that are hidden inside the poet . for this purpose, the research is divided in to two chapters: the first chapter is divided in to two sections: the first section is devoted to the relation between litrary text and psychology . the second section deals with the psycological method in explaining poetic texts. The second chapter is divided in to three sections: the first section comprises the language of the text. The second section is devoted to the romanticism of the text. In the third section, the text is evaluated from a psychological perspective.

# ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەرفێربوونی زمانی دایك (لە قۆناغی باخچەی ساوایان)دا

م.ی. ڕێژنە معروف حسین
زانکۆی ڕاپەڕین
فەکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی – بەشی کوردی

## پێشەکی

بێگومان زمانی ئینگلیزی زمانێکی زۆر بەرفراوان و بڵاوە لە جیهان، گرنگیدان بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی شتێکی تازە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. توێژینەوەکان دەریانخستووە یەك لەسەر چواری جیهان ئەم زمانە دەزانن[1]. زمانی زۆربەی دەوڵەتە ڕامیارییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانە. زمانێکی بڵاوی کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەکان و زمانی یەکەمی پیشەکانی بواری (تەکنۆلۆجیاو بازرگانی، بانکەکان و گەشت و گوزاری و پیشەسازیی)ە. لەڕاستیدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابورییەی باڵی بەسەر وڵاتانی جیهان کێشاوە.

هەروەها گەشەی زانستی هانی زۆر کەسیدا بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، چونکە زمانی زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان و سەرچاوەو زاراوەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارو پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و کۆمپانیا فرۆکەوانییەکان و تەنانەت زمانی زۆربەی بڵاوکراوەکانی ناو ئینتەرنێتە. ڕۆژ بەدوای ڕۆژیش داواکاری بۆفێربوونی زمانی ئینگلیزی لە زیادبووندایەو بۆ ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە خول و پەیمانگا دەکرێتەوە. ئەم گرنگییە وای لە دەوڵەتان و میللەتان کرد هەوڵی ئەوە بدەن، کە زمانێکی زیندوو شانبەشانی زمانی زگماکی خۆیان لە قۆناغەکانی خوێندن بخوێنن. لە جیهاندا هیچ وڵاتێك نییە زمانی ئینگلیزی لە خوێندگەو زانکۆکانیدا نەخوێنرێت، بۆ نموونە لە کوردستان ساڵانی پێشوتر لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە دەخوێندرا، بەڵام ئێستا نەك ئەوەی هێناویانەتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، بەڵکو لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی زانکۆش دەخوێندرێ. سنوری توێژینەوەکە لە چوار باخچەی شاری ڕانیەیە بۆ منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ. گرنگییەکەی ئەوەیە تا ئێستا توێژینەوەی لەمجۆرە لەناوچەکەدا نەکراوە. ئامانجمان لەم توێژینەوە دەرخستنی ڕادەی کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەر فێربوونی زمانی دایکە لەشاری ڕانیە لەساڵی خوێندنی (٢٠١٢– ٢٠١٣). ئەگەر کاریگەرییەکە زۆر بێت پێویستە نەخوێندرێ، وە بە پێچەوانەوە. گرفتەکەش ئەوەیە، کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی باوەو کاریگەریی لەسەر زۆربەی زمانەکانی جیهان هەیە. تا بزانرێت ئەم کاریگەرییە شاری ڕانیەی گرتۆتەوە؟

---

(1) ریما سعد الجرف، ٢٠١٣/٣/٤ http://www.hrdiscussion.com/hr5532.html

چونکە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەخوێندرێ، بەلاَم ئێمە تەنها قۆناغی باخچەی ساوایانمان وەرگرتووە. توێژینەوەیەکی کارەکییە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە، کە لە پێشەکی و دوو تەوەرو ئەنجام پێکهاتووەو لەکۆتایدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، لەتەوەری یەکەمدا پێناسەی زمان و زمانی ئینگلیزی و زمانی دایك و باخچەی ساوایان کراوە، لە تەوەری دووەمدا داتاو ڕادەی کاریگەرییەکە خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی بزانرێ خوێندنی زمانی ئینگلیزی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەیە یاخود نا؟

## تەوەرەی یەکەم
## ناساندنی چەمك و زاراوەکان

١- زمان (اللغة) (Language):

ابن جنی دەڵێت: ((زمان بریتییە لەو دەنگانەی، کە گوزارشت لە مەبەستی نەتەوەکان دەکات.)) (خالد محمد الزواوي، ١٣:٢٠٠٥). هەر زمانێك سیستمێك و کۆمەڵێك دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە بەوهۆیەوە زانیارییەکان ئاڵوگۆڕدەکەن.

د.زکی نجیب محمود پێی وایە زمان بە تەنها ئامرازی پەیوەندی و دەربڕین نییە، بەڵکو هۆیەکیشە بۆبەرەو پێشبردن و تازەکردنەوەی بیرو ڕۆشنبیری. (خالد محمد الزواوي، ١٤:٢٠٠٥)، واتە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە نزیککردنەوەی تاك و گەل و نەتەوەو شارستانییەتەکان، واتە نە کۆمەڵگاو نە شارستانییەت بەبێ زمان نابێت. زمان وەك تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی گەل و نەتەوەکان دێتە هەژمارو لە جیاوازی زمانەکانیشدا زیاتر ڕۆڵ و گرنگی زمان و شێوازی ئاخاوتن دەردەکەوێت. هەر وڵاتێك ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری کاردەکاتە سەر زمانەکەی، بەگەشەکردنی ئەم لایەنانە زمانیش بەرەو پێشەوە دەچێت.

زمانپژاندن قۆناغی منداڵیە، کە قۆناغێکی زۆر گرنگە بۆ فێربوونی زمان و پەیڕەوکردنی ڕێزمان و بنەماکانی زمان، بە تایبەتیش توێژینەوەکانی زمانناسی بە بڕوای چۆمسکی منداڵ بەرنامەڕێژکراوە بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت و پێی بدوێت، بەلایەوە زمان توانستێکی بۆماوەیی و خۆڕسکییە، هەرکە مرۆڤ لەدایك دەبێ خاوەنی توانست و ئامادەباشییەکی بۆماوەییە بۆ فێربونی زمان بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا بەکاریان دەهێنێت، واتە چۆن توانستی بینینی هەیە بەم شێوەیەش توانستی قسەکردن و فێربوونی زمانی هەیە و هەر ئەو توانستەشە دەبێت بە بنەما بۆ تێگەیشتنی و دروستکردنی هەزارەهاو ملیۆنەها ڕستەو دەستەواژە.(کەریم شەریف قەرەچەتانی،٨:٢٠٠٢) پیاجیە پێی وایە تێگەیشتن و توانستی زمانی منداڵ لە دەرئەنجامی بەریەککەوتنی منداڵ و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت گەشەدەکات و پێش دەکەوێت، مەبەست لە ژینگەی منداڵ ئەمانە دەگرێتەوە (ژینگەی ماڵ، خێزان، قوتابخانە، باخچەی ساوایان، ڕاگەیاندن...هتد) هەریەك لەمانە بەپێی کاریگەری خۆی کاردەکاتە سەر گەشەی توانستی منداڵ و ڕۆژ بە ڕۆژو سات لەدوای سات لەگەڵ گەشەی لەشی منداڵەکە بەهاوکاری

کاریگەرییەکانی ژینگەی منداڵ گەشەی زمان وتوانستی زمانی منداڵەکەش گەشە دەکات. (جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣:٦) ئەمە مانای ئەوە نییە، کە زمان شتێکی بۆماوەیی بێت لەدایك و باوکەوە بۆ منداڵ بگوازرێتەوە، چونکە ئەگەر منداڵێك بێنین لە دایك و باوکێکی کورد بێت بنێردرێتە هەر ولأتێك و ناو هەر نەتەوەیەك زمانی ئەو ولأتە یان ئەو نەتەوە فێردەبێت و وە بە پێچەوانەوە.

## ٢- زمانی دایك (اللغة الأم) (first language, mother tounge)

زمان بە یەکێك لە ناسنامەو بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە دادەنرێت، بایەخدان بەو بنەمایە ڕادەی ئاست بەرزی و هۆشیاری نەتەوە دەگەیەنێ. وە یەکێکە لە سەرەکیترین کەرامەتی مرۆڤ، ئەگەر لە قسەپێکەرانی قەدەغە بکرێت ئەوە شوناس و کەرامەتی مرۆییەکەی دەخرێتە ژێر پێوە. بۆیە هەندێك لە شارەزایان ئەو دیاردەیە وەکو لەناوبردنی کلتوری نەتەوەیەك ناودەبەن.(قادر فتاح ئەحمەد،٢٠١٠:٤٩)

زمانی دایك: ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ لە منداڵیدا بە شێوەیەکی سروشتی لە باوان و ژینگەی دەوروبەری وەریدەگرێت و فێری دەبێت بە هۆی هەمان هێما زمانییەکانی ئاخێوەرانی نەتەوەکەیەوە.(ماسیۆس، ٢٠٠٧:٢٠٨) بە واتایەکی تر زمانی دایك یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدات لە پرۆسەی بە کەلتوری بوون و گەشەپێکردنی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کلتوری نەتەوەکە و کۆبونەوەی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوە لە دەوریدا.(محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠:٣٥٧).

بێگومان هەموو مرۆڤەکانی سەرگۆی زەوی خاوەنداریتی لە زمانی دایك دەکەن لە پێناویدا بۆ پاراستنی فیداکاری و قوربانی دەدەن. بە واتایەکی تر زمانی دایك: بریتییە لەو زمانەی، کە کۆمەڵێك لە سنوری هەرێمێکی دیاریکراودا قسەی پێدەکەن و کارو باری ڕۆژانەیان پێ جێ بەجێ دەکەن. هەر زمانێکیش خاوەنی هێماو سیستەمێکی یاسایی تایبەت بەخۆی هەیە وەکو زمانی کوردی قسەپێکەرانی لەڕێگەی خستنە پاڵیەکی هێماکان بەپێی یاساکانی دەنگسازی و و وشەسازی و ڕستەسازی زمانی کوردی ڕۆژانە زمانی کوردی بەکاردەهێنن.

کە دەڵێین زمانی دایك مەبەستمان زمانی کوردییە، ئەگەرچی دایك و باوك هەردوکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵ و هۆکاریی بەهێزی گەشەی ئاخاوتنن، بەڵام دایك لە چرکەساتی یەکەمی لە دایك بوونی منداڵدا لەگەڵی دەژی بە تایبەتی لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، کە ئەو تەمەنە زۆر گرنگ و هەستیارە بۆ گەشەی زمانی منداڵ. لێرەدا بەهۆی پەروەردەو بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن دایکییەوەو تەرخانکردنی ئەو کاتە زۆرەی دایك بۆ منداڵەکەی و لەباوەش گرتن و بەخشینی سۆزو خۆشەویستی و ئارامی، لەبەر ئەوەیە وەرگرتنی زمان لای منداڵ بۆ یەکەمجار لە دایکییەوەیەتی بۆیە پێی دەوترێت زمانی دایك. (جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣:٧٣)

## ٣- زمانی بیانی (اللغة الأجنبية) (foreign language)

زمانی بیانی ئەو زمانەیە، کە لە کۆمەڵگای نزیك و دەوروبەر قسەی پێناکرێ.( George Yule,2006:162) بۆ نموونە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا ئینگلیزی لە قۆناغەکانی خوێندن دەخوێندرێ، بەڵام

قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی نییە، بەڵکو بە زمانی کوردییە. وڵاتانی دەوروبەریش قسەکردنیان بە زمانی ئینگلیزی نییە.

یاخود زمانی بیانی ئەو زمانەیە، کە فێرخواز لە وڵاتی خۆی لە ناو پۆلی دامەزراوە پەروەردەییەکان یاخود لە پەیمانگاو خولی تایبەت بە فێربوونی زمان فێردەبێت.(Muhammad Ali Alkhuli,2006:148) واتە فێربوونی زمانی بیانی لەدوای فێربوونی زمانی دایکەوە دێت، ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژەدان بە بەدەستهێنانی زمانێکی تر بەکاردێت، ئینجا لە تەمەنی هەرزەکاریدا بێت یان لە تەمەنی منداڵی، بەم پێیە پرۆسەی بەدەستهێنانی زمانێکی بیانی وەك زمانی ئینگلیزی ئەو پرۆسەیەیە، کە لەلایەن منداڵ یان هەرزەکارەوە یان تەمەنی گەورەوە دەبێت، هەرچی تەمەنی منداڵییە ئاستەنگی کەمتری دەبێت لە فێربوونی زیاتر لە زمانێك بە بەراورد بەتەمەنی هەرزەکاری یاخود سەرو هەرزەکاری، چونکە خاڵێکی گرنگی زوو فێربوونی زمان لەلایەن منداڵانەوە ئەوەیە لەکاتی قسەکردندا کەمتر پشت بە سینتاکس و زیاتر پشت بە مانای وشەکان دەبەستن سەرەتا توانای ئەوەیان نییە وشەکان بخەنە پاڵیەك بۆ دروست کردنی ڕستە ڕەنگە وشەیەك لەجیاتی ڕستەیەك بەکاربهێنێت. لەدوای تەمەنی هەرزەکاری بەگشتی دەبێت هەوڵێکی زۆرتر بخەنە گەڕ بۆ فێربوونی زمانێکی ترو زۆربەی کاتیش ئاستێکی نزمی فێربوونیان لەو زمانانەدا دەبێت(بێرنارد کەمری و ئەوانی تر،٢١:٢٠٠٧). وەکو لە پێشەکیشدا ئاماژەمان پێدا فێربوونی زمانێکی بیانی وەك زمانی ئینگلیزی زۆر پێویستە لەپێناو تێگەیشتن لە کەلتورو ڕۆشنبیری گەلان و وڵاتانی جیهان ئینجا ڕاستەوخۆ بێت لە ڕێگەی پەیوەندی و گفتوگۆوە یاخود ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێت و بەرنامەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن تاوەکو بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەڕێگایەوە ڕۆشنبیری گەلانی تر بگوازرێتەوە سودی لێوەرگیرێت. فێربوونی زمانێکی تر یاخود وەرگرتنی زمانێك لەدوای زمانی دایکەوە بەگشتی کاتێك تەواو سەرکەوتوو دەبێت لە ناو ئەو کۆمەڵگایەبیت، کە بەو زمانە قسە دەکەن بۆ نموونە، کەسێکی کورد بچێتە یەکێك لە وڵاتانەی دەرەوە، کە زمانیان ئینگلیزییە خەڵکی کوردی لەگەڵ نەبێ ئەوا بێگومان کاتێکی کەمتری دەوێ بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك ئەوەی لە کوردستان هەوڵدا بە فێربوونی ئەو زمانە، چونکە لە کوردستان کە دەچێت بازاڕ، قوتابخانە، نەخۆشخانە و هەموو شوێنە گشتییەکان هەر زمانی کوردییە، تەنیا ئەو شوێنەی کە دەچێت بۆ ئەوەی فێری ئەو زمانە بێت ڕەنگە بەکوردی نەبێت بۆماوەی چەند کاتژمێرێك، بەڵام دیسانەوە ئەو خەڵکانەی لەگەڵێنە لە خولی فێربوونی زمان هەر کوردن، واتە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و هەر زمانێکی تر کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە ناچاربیت بەکاریبێنیت و قسەی پێ بکەی ئەگەر بۆ چەند جارێکیش هەڵ بکەی.

### ٤- باخچەی ساوایان (ریاض الأطفال) (kindergarten)

ایناس بهنام پێی وایە باخچەی ساوایان بریتییە لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، کە منداڵ باش ئامادە دەکات بۆ قۆناغی قوتابخانە، بۆ ئەوەی منداڵ سەرەتا کە لە ماڵ دەچێتە قوتابخانە شتێکی لە ناکاو نەبێ بۆی و تووشی گرفتی دەروونی نەبێت. منداڵ سەربەست دەکرێ لەو چالاکییانەی

کە ئەنجامی دەدات دوای ئەوە لەم بارەیەوە ئامۆژگاری دەدرێتێ. منداڵ لە تەمەنی (٣-٦) ساڵی لەم دامەزراوەیە وەردەگیرێ[٢].

یاخود بەلای (فروبیل)ەوە منداڵانی باخچەی ساوایان وەکو ڕووەکی بچوك بچوکن، کە چۆن پێویستییان بە چاودێری پاراستنە لەلایەن باخەوانەوە. بەهەمان شێوە مامۆستاش دەبێت دەوری باخەوان ببینێت لە چاودێری و پاراستن و گەشەکردنی منداڵدا[٣]. کەواتە بەلای ئێمەوە باخچەی ساوایان بریتییە لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، کە منداڵ ئامادە دەکات بۆ قوتابخانە. یاخود دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی یان ئەهلییە تایبەتە بە پەروەردەی منداڵ لە تەمەنی (٤-٦)ساڵیدا، واتە حەلقەی یەکەم لە ڕیزبەندی فێرکاری بەشێکە لە سیستمی پەروەردە، تایبەت بە منداڵ لەو تەمەنە دیاریکراوە بە مەبەستی ڕاهێنان لەسەر ئەو یارییانەی، کە بەهایەکی فێرکاری و کۆمەڵایەتییان هەیە. واتە باخچەی ساوایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی گەشەی زمانی منداڵ، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی ئەوەی زۆربەی دایکان فەرمانبەرن و خاوەن کارن ناتوانن ڕۆژانە کاتێکی زۆر لەگەڵ منداڵەکانیان بەسەربەرن، ئەگەر باخچەیەکی باشبێت دەتوانێ منداڵ باش پەروەردەکات و گەشە بکات لە هەموو لایەنێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد

گرنگی کردنەوەی باخچەی ساوایان یاخود منداڵ ناردنە باخچەی ساوایان لەوەدایە، کە ژمارەی منداڵی ناو کۆڵان یاخو ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام کەمدەبێتەوە یان نامێنێت و قۆناغێکی باشە بۆ ئامادەکردنی منداڵان بە چوونە قوتابخانە. ڕۆبرت بیانتا دەڵێت: باخچەی ساوایانی باش خوێندن و خوێندنەوە لای منداڵ خۆشەویست دەکات و یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی منداڵ لە دواڕۆژدا. (جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣:٧٨). ئامانج لە کردنەوەی یاخود کارەکانی باخچەی ساوایان ئەمانەن:

١- لە ڕێگەی وێنەی ڕەنگاو ڕنگەوە منداڵ فێرە دەربڕین دەکات.

٢- باخچە بوار دەڕەخسێنێت، کە منداڵ لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە، بەمەش بواری بۆ دەلوێت بە ئاسانی هەڵس و کەوت لەگەڵ کەسانی تردا بکات ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی.

٤- منداڵ لە باخچەی ساوایان لە ڕێگەی یاریکردن و گۆرانی و مۆسیقاوە چیرۆکەوە زۆر زانیاری فێردەبێت و زمانی پاراو دەبێت و ژمارەی وشەکانی زۆر دەبێت هەڵکانی بۆ ڕاستدەکرێتەوە.(کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٩:١٤٧).

(٢) http://en.wikipedia.org/wiki/kindergarten

(٣) http://www.almaane.com/dim/news.php?action=show&id=66

## تەوەرەی دووەم

## دیاری کردنی ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی دایك

ئەم توێژینەوەیە لە شاری ڕانیە(*) و بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان لەسەر تەمەنی (٥) ساڵی ئەنجامدراوە. لە کۆی (٨) باخچەی ساوایان (٤) باخچەی ساوایان وەرگیراوە. لەهەر باخچەیەکیش (١٠) منداڵی(**) کوڕو کچ تاقیکراوەتەوە، واتە لە هەر باخچەیەك (٥) کوڕو (٥) کچ وەرگیراون، بە کۆی هەموو باخچەکان (٤٠) منداڵ بووە، کە دەکاتە (٢٠) کوڕو (٢٠) کچ، تاقیکردنەوەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی دیاریکراون. تاقیکردنەوەکە (١٦) وێنە بووە کە لەپاشکۆی ژمارە (٣) ئاماژە بۆ وێنەکان کراوە، کە پێشتر لەلایەن مامۆستای وانەکە ئەم وێنانەی ئاماژەی پێدراوە بە زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی چیان پێدەوترێ؟ ئێمەش بە هەمان شێوە لێمان پرسیونەتەوە. کە لە پاشکۆی ژمارە (٢) ئاماژەمان بە شێوازی وەڵامدانەوەکە کردووە. بۆ ئەوەی بزانین چەند وەڵام دەدەنەوە؟ ئینجا ڕادەی کاریگەرییەکە دەستنیشان بکەین. (١٦) وێنە بوو بەلاّم بۆ هەر منداڵێك (٣٢) پرسیاری ئاڕاستە کراوە، چونکە بۆ هەر وێنەیەك دەبوو جارێ بە کوردی و جارێکیش بە ئینگلیزی وەڵامداتەوە.

ئەگەر بڕوانینە خشتەو شێوەی ژمارە (١) بۆمان دەردەکەوێت، کە لە کۆی (١٦) پرسیاری ئاڕاستەکراوی کوردی بە تێکڕا نزیکەی (١٥) پرسیار وەڵامدراوەتەوە، بەلاّم لە کۆی (١٦) پرسیاری ئاڕاستەکراوی ئینگلیزی بە تێکڕا تەنها (٨) پرسیار وەڵامدراوەتەوە. هەروەها دەرکەوتووە بەرزترین وەڵامی زانراو بۆ پرسیارە کوردییەکان (١٦) وەڵام بووە، واتە هەموو وەڵامدراوەتەوە. نزمترین وەڵام کە لە لایەن منداڵەکان وەڵامدرابێتەوە (٦) وەڵام بووە. لە کۆی (١٦) پرسیاری ئاڕاستەکراوی ئینگلیزی بەرزترین وەڵام (١٦) بووە، بەلاّم نزمترین وەڵام تەنها (١) وەڵام بووە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ناوەندی تێکڕایی وەڵامی زانراو**

| بەرزترین و نزمترین وەڵامی زانراوی کوردی | | بەرزترین و نزمترین وەڵامی زانراوی ئینگلیزی | | ناوەندی تێکڕایی وەڵامی زانراو | ناوەندی تێکڕایی وەڵامی زانراو |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | کوردی | ئینگلیزی |
| ١٦ | ٦ | ١٦ | ١ | ١٤,٧ | ٧,٩ |

**سەرچاوە/ (١) کاری توێژەر، ئامادەکراوە پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١).**

**(٢) بەرنامەی (SPSS)، (محمد خير سليم أبو زيد، ٢٠١٠: ١٩٩).**

(*) شاری ڕانیە دەکەوێتە باکورو باکوری ڕۆژئاوایی شاری سلێمانی، کە ئێستا سەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕینە.

(**) وشەی (منداڵ) مان بەکارهێناوە، چونکە سەرچاوەکان و ئەو توێژینەوانەی لەسەر قۆناغی باخچەی ساوایان ئەنجامدراوە، وشەی منداڵ لەبری وشەی خوێندکار و قوتابی بەکارهاتووە.

**شێوەی ژمارە (١)**

**ناوەندی تێکڕایی وەڵامی زانراو**




**سەرچاوە/ کاری توێژەر، ئامادەکراوە پشت بەست بە خشتەی ژمارە (١)**

بەڕوانینمان لەشێوەو خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت، کۆی پرسیاری ئاڕاستەکراو (١٢٨٠) پرسیار بووە، (٦٤٠) پرسیاری کوردی و (٦٤٠) پرسیاری ئینگلیزی. لە کۆی پرسیاری ئاڕاستەکراوی ئینگلیزی تەنها (٣١٩) وەڵامیان زانراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٩,٨٪)ی پرسیاری ئاڕاستەکراو، بەڵام وەڵامی زانراو بە زمانی دایك واتە زمانی کوردی (٥٨٨) پرسیار زانراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٩١,٨٪)ی پرسیاری ئاڕاستەکراو. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، ڕێژەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەهەردوو زمان لە باخچەیەکەوە بۆ باخچەیەکی تر جیاواز بووە. لە هەندێکیان ڕێژەی وەڵامدانەوەکە زۆر بەرزتربووە وەك لە هەندێکیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە هەندێ باخچە ژمارەی منداڵان زۆرەو ناتوانرێ وەك پێویست پەروەردە بکرێن یان ئامۆژگاری بکرێن، ئەمە وا دەکات گەشەی زمانی منداڵەکە دوا بکەوێت، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و ماندوبوونی مامۆستاکان و بوونی باخچەی نمونەیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو هەروەها (توانای مرۆڤیش لە زماندا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە).(خالید جەمیل،٢٠٠٩:٩٨)

**خشتەی ژمارە (٢)**

**کۆ و تێکڕایی وەڵامی زانراو بە ڕێژە و ژمارە**

| وەڵامی زانراوی ئینگلیزی | | وەڵامی زانراوی کوردی | |
|---|---|---|---|
| ڕێژە (٪) | ژمارە | ڕێژە (٪) | ژمارە |
| ٤٩,٨ | ٣١٩ | ٩١,٨ | ٥٨٨ |

**سەرچاوە/ (١) کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١) ئامادەکراوە.**

**(٢) بەرنامەی (SPSS)، (محمد خير سليم أبو زيد، ٢٠١٠: ١٩٩).**

**شێوەی ژمارە (٢)**

**کۆ و تێکڕایی وەڵامی زانراو بە ڕێژە و ژمارە**







**سەرچاوە/ کاری توێژە پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٢)**

ئەگەر بڕوانینە شێوەو خشتەی ژمارە (٣) جیاوازی دەبینرێت لە وەڵامی زانراو لە نێوان منداڵانی کورو کچدا، بەجۆرێك لە کۆی ١٦ پرسیاری ئاڕاستەکراوی بە زمانی دایك، منداڵانی کوڕ توانیویانە بە تێکڕا (١٤,٥٥) وەڵامبدەنەوە، بەڵام منداڵانی کچ توانیویانە بە تێکڕا (١٤,٨٥) وەڵامبدەنەوە. هەروەها بە هەمان شێوە لە کۆی (١٦) پرسیاری ئاڕاستەکراو بەزمانی ئینگلیزی تێکڕایی وەڵامی منداڵانی کوڕ بریتی بووە (٧,٣٠)، بەڵام تێکڕایی وەڵامی زانراو بۆ منداڵانی کچ بریتی بووە لە (٨,٦٥). کەواتە دەردەکەوێت کە وەڵامی زانراو لای منداڵانی کچ [*] بە زمانی دایك و زمانی ئینگلیزی زۆرترە. (لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە لەلایەنی بایۆلۆژی، گەشەی زمان لای کچ خێراترە بە بەراورد لەگەڵ کوڕان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ئەندامەکانی پەیوەندیدار بە ئاخاوتن واتە لای چەپی مێشك لە کچان زووتر گەشە دەکات، کە بەرپرسە لە داهێنانی زمان، بەڵام لە کوڕاندا بە سستی گەشە دەکات. لایەنی کۆمەڵایەتیش دەرکەوتووە دایکان زیاتر قسە لەگەڵ منداڵە کچەکانیان دەکەن، منداڵە کچەکانیش ڕێژەی وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکانی دایکیان زیاترە. (جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣:٧١)

**خشتەی ژمارە (٣)**

**جیاوازی وەڵامی زانراو لەنێوان منداڵانی کوڕ و کچدا**

| ڕەگەز | پرسیار بەهەر دوو زمان | ژمارەی پرسیاری ئاڕاستەکراو | ژمارەی وەڵامی زانراو |
|---|---|---|---|
| کوڕ | زمانی دایك | ١٦ | ١٤,٥٥ |
| کچ | | ١٦ | ١٤,٨٥ |
| کوڕ | زمانی ئینگلیزی | ١٦ | ٧,٣٠ |
| کچ | | ١٦ | ٨,٦٥ |

**سەرچاوە/ (١) کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی ژمارە (١) ئامادەکراوە.**

**(٢) بەرنامەی** (SPSS)، **(محمد خیر سلیم أبو زید، ٢٠١٠: ١٩٩).**

[*]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە توانست و چالاکی زمانی لای منداڵانی کورد، جەمال حەسەن مینە، نامەی ماستەر، ٢٠١٣

**شێوەی ژمارە (٣)**

**جیاوازی وەڵامی زانراو لەنێوان منداڵانی کوڕ و کچدا**




**سەرچاوە/ کاری توێژەر: پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٣)**

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی باخچەی ساوایان لە شاری ڕانیە کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك نییە، چونکە بەپێی ئامارەکان دەرکەوتووە، کە لە پرسیاری ئاڕاستەکراو بە هەردوو زمان ڕێژەی وەڵامی زانراو بە زمانی دایك زۆر بەرز بووەو زیاتر بووە لە (٩١٪) لە بەرامبەردا ڕێژەی وەڵامی زانراو بە زمانی ئینگلیزی بریتی بووە لە کەمتر (٥٠٪)، واتە نەبوونی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی دایك یاخود زمانی کوردی لەم قۆناغەدا لە شاری ڕانییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- کۆی وانەکان بە زمانی دایکە، واتە بە زمانی کوردییە تەنها وانەی زمانی ئینگلیزی ڕۆژانە لەکاتی دەوامکردنی ئاسایی بۆماوەی (٣٠- ٣٥) خولەکە.

٢- ئەو ژینگەی کە لێی دەژین باخچەی ساوایان و شوێنە گشتییەکان و بە تایبەتی ناو ماڵ قسەکردن بەزمانی دایکە، ئەمە وادەکات کاریگەری نەرێنی نەبێ. ئەگەر بێت و منداڵی کورد لە ئەمریکا یان بەریتانیا...هتد بخرێتە بەر خوێندن ئەوکاتە کاریگەری زۆر نەرێنی دەبێت نموونەشمان زۆرە ئەو خێزانانەی ئێستا لەو وڵاتانەن، منداڵەکانیان زمانی ئینگلیزییان زۆر زاڵە بەسەر زمانی دایك.

٣- خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکارە، تەنها بۆ ئاشناکردنی منداڵە بەو زمانەو لەڕێگەی چەند وێنەیەکەوە، چونکە بنەمای فێربوونی هەرزمانێك سەرەتا لە فێرکردنی دەنگەکان و هێماکانیان دەستپێدەکات، بەڵام لەم قۆناغەدا تەنانەت پیتەکانی (A, B, C, D ....) فێرناکرێت و وا بە قوڵی ناچنە ناو وانەکەوە، هەروەها خوێندنەوەو نووسینیان پێناکرێ.

بەڵام کاتێك کاریگەری نەرێنی زۆر دەبوو ئەگەر هاتباو منداڵەکان لەسەرەتاوە لەماڵەوە (دایکان و باوکان) و لە باخچەی ساوایان قسەیان بەزمانی ئینگلیزی لەگەڵ کرابا، وەکو لە توێژینەوەکانی پێشوتری وڵاتانی بیانی و عەرەبی وەك (مصرو سعودیەو کوەیت....) دەرکەوتووە، چونکە هەندێ لە

توێژینەوەکانیان بەشێوەیەك بووە هەر لەسەرەتاوە چاودێری کۆمەڵێك منداڵ کراوە، کە لە ناو ماڵ و باخچەی ساوایان قسەکردن لەگەڵیاندا بە زمانی ئینگلیزی بووە. بۆیان دەرکەوتووە کاریگەری زۆر سلبی لەسەر زمانی عەرەبی هەبووە، تەنانەت منداڵەکان هەندێ لە پیتە عەرەبییەکانی وەك (ص، ث، ط، ذ...) بە تەواوی وەك کەسێکی عەرەب دەرنەبڕیوە، لێرەدا هەستیان بەو مەترسی و کاریگەرییە زۆرە کردووە، بۆیە پێیان وابووە یان بڕیارییان داوە زمانی ئینگلیزی پێویستە لەدوای تەمەنی ١٣ ساڵی بۆ سەرەوە واتە دوای تەواو فێربوونی زمانی دایك بخوێندرێ.وەکو چۆن لە دەروونزانیدا ڕوونکراوەتەوە قۆناغی باخچەی ساوایان واتە لە تەمەنی (٣ -٦) ساڵ بە قۆناغی گەورەی منداڵی دادەنرێ و زۆر پێویستە بە زمانی دایك لەگەڵی قسەبکرێ، بۆ ئەوەی توانای قسەکردن و گفتوگۆو ڕادەربڕینی باشبێت. ئەگەر زمانێکی تر لە پاڵ زمانی دایك لەم قۆناغەدا فێر بکرێ ئەوا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردن و بەرەپێشبردنی زمانی دایك. هەروەها زمانەکان لە توانای گۆکردن و دەربڕین و نووسین لە یەکتری جیاوازن، لەبەرئەوە بۆ منداڵ قورسە لەیەك کاتدا فێری دوو زمان بێت[٤]. بۆیە پێویستە گرنگی بە زمانی دایك بدرێت و بەکەم نەزانرێت، سوود لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو وەربگیرێت.

## ئەنجامەکان

توێژینەوەکە، بەم ئەنجامانەی گەیاندوین:

١- خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا بەم شێوە سادەو ساکارە کاریگەری نەرێنی نابێ لەسەر زمانی دایك.

٢- لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا ئەگەر بێت و لەپاڵ زمانی دایك زمانێکی تر بە منداڵان ئاشنا بکرێ بەو شێوازە، ئەوا کاریگەری خراپی نابێ و زمانی دایکی باشتر دەبێ لەو زمانەی کە فێری دەکەی.

٣- هەوڵ و کۆششی مامۆستاو دایکان و باوکان و پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە بەرەو پێشبردنی توانستی زمان لای منداڵان هەیە. چونکە لەکاتی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت توانستی زمان لای منداڵانی هەندێ باخچە باشترن لە منداڵانی باخچەیەکی تر، یان بە پێچەوانەوە.

٤- ئەو ژینگەی کە لێی دەژین باخچەی ساوایان و شوێنە گشتییەکان بەزمانی ئینگلیزی بێت، بۆ نموونە منداڵ کورد لە ئەمریکا یان بەریتانیا...هتد بخرێتە بەر خوێندن ئەوکاتە کاریگەری زۆر نەرێنی دەبێت نموونەشمان زۆرە ئەو خێزانانەی ئێستا لە ئەوروپان، منداڵەکانیان زمانی ئینگلیزییان زۆر زاڵە بەسەر زمانی دایك.

٥- تواناو ئاستی منداڵانی کچ بۆ فێربوونی زمان باشترە لە منداڵانی کوڕ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

(٤) نجاة عبدالعزيز المطوع، ٢٠١٣/٤/١٠ http://www.acmls.org/MedicalArabization/10thIssue/mj1064.htm

## سەرچاوەکان:

١- بێرنارد کەمری، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن، ک.دەیڤید هاریسن، و. کامیل محەمەد قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٢- جەمال حەسەن مینە، توانست و چالاکی زمانی لای منداڵانی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر ٢٠١٣.

٣- خالد محمد الزواوي، إكتساب وتنمية اللغة، الطبعة الأولى، مؤسسة حورس الدولية للنشروالتوزيع، الاسكندرية، ٢٠٠٥.

٤- خالید جەمیل، توانای مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان، گ زمانناسی، ژمارە (٤-٥)، ٢٠٠٩.

٥- قادر ئەحمەد فتاح، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر ٢٠١٠.

٦- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، بەشی باخچەکان، قۆناغی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٢.

٧- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند-سلێمانی، ٢٠٠٩

٨- محمد خير سليم أبو زيد، التحليل الأحصائي للبيانات باستخدام برمجية SPSS، الطبعة الأولى، دار جرير للنشر، عمان، ٢٠١٠.

٩- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ٢٠١٠، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

10 - George Yule, study of language, combridge university press,2006.

11 - Muhammad Ali Alkhuli, An introduction to linguistics, Dar alfalah, Amman, Jordon,2006.

12- Matthews P. H., Concise Dictionary of Linguistics, Oxford University Press, 2007.

## سایتی ئەلیکترۆنی:

13 - http://www.hrdiscussion.com/hr5532.html

14 -http://physicaleducation.uomosul.edu.iq/files/pages/page_4521229.pdf

15 -http://www.almaane.com/dim/news.php?action=show&id=66

## پوختەی توێژینەوەکە

توێژینەوەیەکی زمانەوانیەو لە بواری زمانەوانی کارەکیدایە بە ناونیشانی (ڕادەی کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر فێربوونی زمانی دایك لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا)، بە مەبەستی دەرخستن و زانینی ڕادەی کاریگەریی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی فێربوونی دایك (زمانی کوردی) لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا. توێژینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و دوو تەوەر پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەمدا زیاتر چەمکەکان ڕوونکراونەتەوەو پێناسەکراون. وەك زمان، زمانی دایك، زمانی ئینگلیزی (زمانی بیانی)، باخچەی ساوایان. لە تەوەری دووەمدا، کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە بەشێوەیەکی مەیدانی لە چوار باخچەی ساوایان ئەنجامدراوەو ڕادەی کاریگەرییەکە بە بەرنامەی (SPSS) بەوردی دەستنیشانکراوەتەوەو ڕوونکراوەتەوە.

## ملخص البحث

ان عنوان هذا البحث هو (مدى تأثير اللغة اللأنكليزية على تعلم لغة الأم في مرحلة الروضة) الذي يتكون من المقدمة ومبحثين والنتأئج. ويتضمن المبحث الأول تعاريف لعدة المفاهيم مثل تعريف لغة الأم واللغة الاجنبية وتعريف وشرح مفهوم الروضة. و يتناول المبحث الثاني تأثير اللغة اللأنكليزية على تعلم لغة الأم من خلال عرض بعض الصور على الآطفال الذي من خلاله طرحت بعض الأسئلة كانت الإجابة بكلتا اللغتين الكردية والأنكليزية. ومن اهم نتأئج البحث هي ان تعلم اللغة الأنكليزية ليست لها التأثير السلبي في عملية تعلم واكتساب لغة الأم في مرحلة الروضة.

## Abstract

The study entitled (The Effect of English language on learning the native language in kindergarten) consists of an introduction, two section and a conclusion.

The first section presents the definition of some concepts such as the native language, the foreion language and the kindergarten. The second section clarifies the effect of English language through some photos attached at the oppend in which question are asked to children. The answers are both in Kurdish and English. Finally it in concluded that learnins English language through this way doesn't have a negative effect on learning a native language in the so-called period which in kindergarten.

**پاشكۆی ژماره (١)**

**ژمارەی وەڵامی پرسیاری ئاڕاستەكراو بە هەردوو زمان**

| ژ | ناو | ڕەگەز | چەمك | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بەكوردی | بە ئینگلیزی |
| ١ | نگین شێروان جەلال | كوڕ | ١٦ | ١٥ |
| ٢ | ڤیار عبدالواحید مستەفا | كچ | ١٥ | ١٥ |
| ٣ | تاڤی عوسمان عەزیز | كچ | ١٤ | ١٥ |
| ٤ | ژیر نەریمان قادر | كوڕ | ١٣ | ٤ |
| ٥ | ژەنیار ئومێد میر ئەحمەد | كوڕ | ١٥ | ١١ |
| ٦ | پریفە عبدالغفار | كچ | ٦ | ٩ |
| ٧ | ئیلیان هاوكار محمد | كچ | ١٣ | ٥ |
| ٨ | ژینەر عبدالله خدر | كوڕ | ١٤ | ١٣ |
| ٩ | راكۆ عبدالرحمان عبدالله | كوڕ | ١٥ | ١٢ |
| ١٠ | راز ئەحمەد رەسول | كچ | ١٦ | ٨ |
| ١١ | ئایندە محەمەد | كچ | ١٦ | ٩ |
| ١٢ | ئەرینا سەرباز | كچ | ١٦ | ١٤ |
| ١٣ | نیاز سادق | كوڕ | ١٤ | ٣ |
| ١٤ | ڤیندار تەها | كوڕ | ١٢ | ٣ |
| ١٥ | محەمەد مەحمود | كوڕ | ١٤ | ٨ |
| ١٦ | بناو عوسمان | كچ | ١٦ | ٥ |
| ١٧ | رەهەند سەعید | كوڕ | ١٦ | ١٦ |
| ١٨ | كۆژان محەمەد | كوڕ | ١٦ | ١٢ |
| ١٩ | یارا ئەتهەم | كچ | ١٦ | ١٦ |
| ٢٠ | لەنیا لەتیف | كچ | ١٦ | ٥ |
| ٢١ | دیما كارزان محمەد | كچ | ١٦ | ٣ |
| ٢٢ | هەستیار محەمەد | كوڕ | ١٥ | ١ |
| ٢٣ | سانا جومعە | كچ | ١٦ | ٢ |
| ٢٤ | محمد عبدالله عبدالرحمان | كوڕ | ١٦ | ٢ |
| ٢٥ | هانا جەعفەر | كچ | ١٦ | ٣ |
| ٢٦ | محەمەد عومەر ئەحمەد | كوڕ | ١٥ | ٢ |
| ٢٧ | نزا سەلام هەمزە | كچ | ١٥ | ٣ |
| ٢٨ | كەیهان عومەر عبدالله | كوڕ | ١٣ | ٨ |
| ٢٩ | ئێوار هیوا | كچ | ١٤ | ٢ |
| ٣٠ | باڤیان نەجمەدین عبدالرحمان | كوڕ | ١٤ | ٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣١ | سەهەند مزەفەر شێخە | کچ | ١٦ | ١٣ |
| ٣٢ | بیلال ئیسماعیل | کوڕ | ١٣ | ١٠ |
| ٣٣ | سایە محەمەد | کچ | ١٥ | ١١ |
| ٣٤ | داریان عومەر کوڕ | کوڕ | ١٥ | ٤ |
| ٣٥ | ڕێنوار ئیبراهیم | کوڕ | ١٦ | ١٠ |
| ٣٦ | هێژین عبدالله | کچ | ١٦ | ١٦ |
| ٣٧ | بەهێز ئیبراهیم عەلی | کوڕ | ١٣ | ١ |
| ٣٨ | ڕێسا پێرس عومەر | کچ | ١٦ | ١٠ |
| ٣٩ | دارین ڕێباز حەسەن | کوڕ | ١٦ | ٧ |
| ٤٠ | لەنیا نەبەز محەمەد | کچ | ١٣ | ٩ |

## پاشکۆی ژمارە (٢)
## شێوازی پرسیارکردن و وەرگرتنی وەڵامەکانیان

| ناو | ڕەگەز | وێنە | واتاکەی بە | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کوردی | ئینگلیزی |
| نگین شێروان جەلال | کوڕ | سێو | √ | √ |
| | | پرتەقاڵ | √ | √ |
| | | شەربەت | √ | √ |
| | | مێز | √ | √ |
| | | کورسی | √ | √ |
| | | خانوو | √ | X |
| | | جانتا | √ | √ |
| | | قەڵەم ڕەساس | √ | √ |
| | | قەڵەم جاف | √ | √ |
| | | خۆر(تیشکی خۆر) | √ | √ |
| | | پشیلە | √ | √ |
| | | مشك | √ | √ |
| | | کۆلارە | √ | √ |
| | | کتێب | √ | √ |
| | | تۆپ | √ | √ |
| | | سەیارە | √ | √ |

| ناو | ڕەگەز | چەمك | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بەکوردی | بە ئینگلیزی |
| ژیر نەریمان قادر | کوڕ | سێو | √ | √ |
| | | پرتەقاڵ | √ | √ |
| | | شەربەت | X | X |
| | | مێز | X | X |
| | | کورسی | √ | X |
| | | خانوو | √ | X |
| | | جانتا | √ | X |
| | | قەڵەم ڕەساس | √ | X |
| | | قەڵەم جاف | X | X |
| | | خۆر(تیشکی خۆر) | √ | X |
| | | پشیلە | √ | √ |
| | | مشك | √ | X |
| | | کۆلارە | √ | X |
| | | کتێب | √ | √ |
| | | تۆپ | √ | X |
| | | سەیارە | √ | X |

**پاشکۆی ژمارە (٣) وێنەکان**

**نموونەی ئەو وێنانەی کە پرسیارەکانی لەسەر ئاڕاستکراوە**





























© Macmillan Publishers Limited 2007


© Macmillan Publishers Limited 2007



# لادانی واتایی لە زمانی شیعر

**همزه حسين حمه**
زانكۆی ڕاپەڕین / فاكەڵتی پەروەردە /
سكوڵی پەروەردەی زمان / بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی

لادان بە ئاماژەیەكی بە ئەدەبیبوونی شیعریەتی دەق دادەنرێتو پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەق لەڕێگەی پەیام دەردەبڕێت. لادانی واتایی بریتییە لە شكاندنی یاساكانی دیوی ناوەوەی زمان، كە پەیوەندیەكی پتەویان بە واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، هەروەها لادانی واتایی بەواتای لادان لەو پێوەرانە دێت كە پێكەوەهاتنی لێكسیكەكان دیاری دەكەن. كەواتە لادان ئەو كاتە دەبێت كە پەیوەندی نێوان قسەكەر و گوێگر نەپچڕێو گوێگر توانای شیكردنەوەی هەبێتو لە یاساكانی گۆڕانی واتا لانەدات. هەرچی زمانی شیعریشە زمانێكە كە خۆی بەو كۆت و بەندانەی لە زمانی ئاسایدا هەیە نابەستێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەموو كەس ناتوانێت قسەی پێ بكاتو شاعیرانە وشە بەكاربهێنێ، بەكارهێنانی هونەرمەندانەی وشەش شتێكی باڵاو مەرجی هەرە پێویستی شیعرە.

توێژینەوەكە بە كەرەستەی دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كوردی نووسراوە، بەڵام لەبەر پێویستی توێژینەوەكە كەرەستەی دیالێكتەكانی تری تێدا بەكارهاتووە.

لەم توێژینەوەیدا جگە لە كەمی سەرچاوەی پێویست بۆ نووسینی توێژینەوەكە هیچ گرفتێكی تر نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم نووسینی بابەتەكە.

توێژینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام لە دوو بەش پێكهاتووە، كە هەر بەشێكیش لە چەند تەوەرەیەك پێكهاتووە. بەمشێوەیە:

بەشی یەكەم لەم تەوەرانە پێكهاتووە: زمانی شیعر، توانست و چالاكی لەزماندا، واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست.

بەشی دووەم لەم تەوەرانە پێكاتووە: لادانی واتایی، لادانی واتایی لە زمانی شیعر، لادان لە چەندییەتی، لادان لە چۆنیەتی، لادان لە گونجان، لادان لە شێواز.

# بەشی یەکەم

## ١– ١. زمانی شیعر:

زمانی شیعر زمانێکی سەربەستە و خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە هەموو کەس ناتوانێت قسەی پێ بکات. زۆرجار مرۆڤ بیری قوڵ و ورد، لێکدانەوەی بەرز و ئەندێشە و سۆزی ناسکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ بیخاتە قاڵبی شیعرەوە، چونکە ناتوانێ شاعیرانە وشە بەکاربهێنێ کە دیارە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی وشە بۆ خۆی شتێکی بالاّ و مەرجی هەرە پێویستی شیعرە. (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٩٣).

شیعر هونەرێکە بە کەرەسەی زمان، لەبواری زماندا ئەنجام دەدرێت، پۆڵ ڤالێری دەڵێت: (زمان لە ئەدەبدا هاوزەمانی کەرەسەیەو کرۆکیشە)، ئەوە زمانی جوانە نالی و گۆرانی بە نەمری هێشتۆتەوە. (حەمە سەعید، ٢٠٠٤: ٦٣).

بایەخدان بە زمانی شیعرو جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵکو دیاریکردنی سروشتو خاسیەتە تایبەتیەکانی ئەو زمانە هەر لەکۆنەوە لەلایەن (ئەرستۆ و ئەفلاتون)ەوە باسکراوەو لێی کۆڵراوەتەوە، ئینجا ئەو باسو لێکۆڵینەوانە لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان پەرەیان سەندووە. (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨١).

لە شیعردا، زمان بابەتێکی وەسفییە، کە هەندێکجار لە چوارچێوەی پەخشاندا دەردەکەوێت، دیارە ئەو جیاوازییە بنەڕەتیەش حوکمێك بەسەر شیعریەت دەدات، کە ئەرکە جەوهەریەکەی لەدەست بدات، جگە لەوەی لە بەهای شیعر کەم دەکاتەوە، هەندێکجاریش لە چوارچێوەی پەخشاندا ناوزەندی دەکات، بەڵام دەبێت جیاوازی لەنێوان بابەتی ئیستاتیکیو کرداری ڕاماندا بکەین، کە هی دووەمیان کردارێکی زانستییە، چونکە چێژ وەرگرتن لە دەق وەکو ناسینەوەی نییە، هەروەها ناسینەوەکەشی وەکو چێژ وەرگرتن نییە، جگە لەوە کارێکی ئاساییە کە بە دوو زمانی جیاواز گوزارشت لەو کردارە بکرێت. (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٣٣).

زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی قسەکردنی خەڵك جیاوازەو بەشێکی زۆری بیروڕاکانیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زمانی شیعریی زمانێکی تایبەتییەو لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە لەلایەن شاعیرەوە دروست دەبێت بۆ گەیاندنی مانایەکی نوێی جیا لەمانا ئاساییە بڵاوکراوەکەی ناو خەڵك. (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٣). کەواتە زمانی شیعریی بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو زمانی چیرۆكو زمانی زانستەکانە. زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە نەکات (مێژوو) نەشوێن (جوگرافیا) نە ڕێزمان نە یاساکانی واتاسازی، نە ڕێنووس سنوری بۆ ناکێشێتو لە دەسەڵاتی کەم ناکاتەوە. (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤١).

سەبارەت بەوەی کە زمانی شیعریی دیاردەیەکی باو نییە، بۆیە نە هەموو کەس بەکاری دەهێنێتو نە هەموو تاکێکیش بەڕاستیو بەجوانی لێی حاڵی دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینێکی زانستی زمانناسی، زمانی ناپێوانەییو نایاسایی (لادان) لەبری زمانی شیعریی بەکاردێت. (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٣٢).

دیاره شیعر لەدەرەوەی زمان بوونی هەیە، لە دنیای هونەرو تەنانەت لە سروشتدا شیعر بوونی هەیە، هەر لە هەڵفڕینی باڵندەیەکەوە تا تابلۆی شێوەکارێك، بۆیە کاتێك کەرەسەیەك لەکەرەسەکانی وەك (زمان، تابلۆ، سەما، وێنە) تێکەڵ بە شیعر دەبن، ئەوا دەبێ وشەی شیعر وەك وەسفکردنو تایبەتکردن بخەینە پاڵیانو بڵێین: (زمانی شیعر، تابلۆی شیعر، سەمای شیعر، وێنەی شیعر...)، بەمجۆرە دەستەواژەکان لە (ئەبستراکت/تەجرید)ی بوون ڕزگار دەبنو دەکەونە سنورێکی زانستیەوە، چونکە لەڕووی لۆژیکی زمانیەوە ئەگەر فرێزێکی لێکدراو لە (ناو + سیفەتێکی پەیوەست بە ناوەکە) پێکهاتبێت ئەوا چەند بەکارهێنانێکی هەیە. (محەمەد عەبدولکەریم، ٢٠١٢: ١٨). کاتێك شاعیر زمان لە شیعردا بەکاردەهێنێت لەڕێگای (دەنگ و ڕیتم و ئاواز)ەوە بۆ دنیایەکی هەستی گوزارشت لە وشە دەکات، ئەم کردارەش لەچوارچێوەی هونەردا جێبەجێ دەبێت، ئەو بنیاتە لەهەموو سەردەمێکدا لەناو قوڵایی کلتورو هونەرو بیرو داهێناندا ڕەگ دادەکوتێت، گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سودبەخش کاتیەو بە تێپەڕبوونی کات دەتوێتەوەو کاتی بەسەردەچێت، بەڵام گوزارشتی هونەری بەتێپەڕبوونی کات، بە نەمری دەمێنێتەوە ئەوکاتەش شاعیرو هونەرمەند شەپۆلی داهێنانی بەردەوامیان کپ دەبێتەوەو بەرهەمە هونەریەکانیان بە نەمری دەمێنێتەوە. (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٤).

گەیاندن و ئامانج، دوو هێڵی تەریبی زمانی شیعرن، شیعریش لە دەروازەی ڕەمزو نیگاوە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکاتو لە ژیان دەروازەی داهێنانی زمانی بابەتی بە ئەنجام دەگەیەنێت هەر بەمەبەستی گەیاندنی واتا، مۆسیقاو شیعر دوو شەپۆلی یەکسان و هارمۆنین، زمان و شیعر لەیەکتر نزیك دەکەنەوە.

زمانی شیعر لە ڕووی هەستو سۆزەوە دەوڵەمەندەو ویژدانی مرۆڤ دەئاخێوی وشەو ڕستەی بارگاویکراو بە هەست و سۆز هەڵدەبژێرێ بەمەبەستی کاریگەری کردنە سەر بەرانبەرو دروستکردنی وەڵامێکی ویژدانی لای خوێنەر ئەمەش نایەتەدی ئەگەر پەیامەکە جێگای گرنگی خوێنەر نەبێت پڕ نەبێت لە هەندێك خۆشی و ناخۆشی.

زمانی شیعر زمانی ویژدانو هەستەو لایەنی خودی مرۆڤی تیا ڕەنگی داوەتەوە زمانێکی ئەندێشەییو خوازەییە لەسەرووی زمانی ئاساییەوە ئەگەرچی زۆربەی ئەو وشەو زاراوانەی کە شاعیر بەکاریان دێنێ واژەو زاراوەی ئاساینو شاعیر بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشو ئاماژەدار واتا بەبەر وشەکان دەکات، زمانی شیعر لە ئاستی (پراگماتیك)دا لێکدەدرێتەوە. (هەمان سەرچاوە، ٨٤– ٨٨).

بوونی زمان لە باڵای شیعردا پرسیارگەلێکی نەبڕاوە بەرهەمدەهێنێت، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئایا بوونی زمان لە دەقی شیعردا بوونیاتێکی پوخت و سەربەخۆیە، یان ملکەچوو پێڕەو گەیاندنو گەیشتنە بە قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕێبازی هونەر بۆ هونەر ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە گەیاندنی دەنگدانەوەی پرۆسەی شیعر بێت خۆی بوونیاتێکی پوختە، کەچی هەندێکی دیکە ئەوە ڕادەگەیەنێت، ئەگەر شیعر بەو ئاڕاستەیە ببردرێت کە بوونیاتێکی ئیستێتکایە ئەو بوونیاتە هەوڵێکی پوختەو بەئاسانیش نایەتە دی لەوانەیە بەهای گەیاندن بگەیەنێت ئەم بڕیارە ڕەخنەییە لە ڕاستیەوە نزیکە. لەژێر سایەی هونەر بۆ هونەر ئەزموونی شیعر لە خودی خۆی بۆ خودی ئامانج دەگەیەنێت، بڕیار تەنیا لەناخی بوونیاتدا دەبێتو

بەوجۆرە کە شیعر لەبوونیاتدا (بەبەشێك یان وێنەیەك لەجیهانی ڕاستی دانانرێت بەڵکو خۆی لەخۆیدا دونیایەکی تەواو سەربەخۆیە). (هەمان سەرچاوە، ١٣٧).

شاعیر بێجگە لە زمان هیچی دیکە شك نابات، نامەی شیعری خۆی پێدابنێرێت، بۆیە ناچارە زمان بکاتە پردێك لەنێوان خۆیو وەرگردا بەشێکی گرنگ لەو کەسانەی بەنووسینی شیعرەوە سەرقاڵن لەبری بنیاتنانی پرد خەریکی ڕۆنانی دیوارن، وەك چۆن ئینسان لەهەموو فەلسەفەیەك پیرۆزترە، هەروەها شیعر لە هەموو بیرۆکەیەك گرنگترە، بەلام ئەو شاعیرەی هیچ شتێك بە خوێنەریەوە نابەستێتەوە، ئەوەی دەینووسێت هەرچییەك بێت شیعر نییە، چونکە شاعیر نابێت خۆی شیعرەکەی خۆی بە شیعر بزانێت، بەڵکو دەبێت شەیدایانی شیعر دەرگای دڵیانی بۆ بکەنەوە. (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠٠٤: ١٢).

زمانی شیعریی هیچ شاعیرێك لەشاعیرێکی دیکە لەبواری داهێناندا دووبارە نابێتەوەو کەمێك جیاوازن وەك چۆن زمانی شیعریی (مالاریمە) لەزمانی شیعریی (بۆدلێر) و زمانی شیعریی (موتنبی) و (امرء القیس) و زمانی شیعریی (جەزیری) و (خانی) و (نالی) و (حاجی قادری کۆیی) لەیەکتری جیاوازن، هەروەها لە نوێکردنەوەدا زمانی شیعریی (مەولەوی) و (پیرەمێرد) و (گۆران) لە داهێنانیشدا زمانی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) و (جەلیلی میرزا کەریم) لە مۆسیقاشدا زمانی شیعریی (جەلال بەرزنجی) و (سەباح ڕەنجدەر) لێك جیاوازن بەمجۆرە خۆمان لەبەردەم ئەم لادانە زمانیانە دەبینینەوە، کە بۆ یەکەو وشەو بابەتەکان گۆڕانو پێشکەوتنەکانی هەستی شیعرایەتی دەبوژێنێتەوە. (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٦٣).

شاعیر بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ زمان ناکات کە ئەرکێکی زمانی جێبەجێ بکات، بەڵکو لەڕێگای گەڕان بەدوای شتەکان مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات، شاعیر لەڕێگای زمانەوە هەوڵدەدات جیهانێکی پڕ لە جوانی بنیات بنێت لەناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەر بکات. (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٩: ٨٠).

ئەگەر یەکێك لە خاسیەتەکانی زمانی شیعر ئەوە بێت، کە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانیی بێت لەلایەن شاعیرەوە، ئەوا چڕکردنەوەی واتای شیعر یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی، پەیوەندی بە بەکارهێنانی تایبەتی زمانی شیعرەوە هەیە، بەهۆی ئەو تواناو دەسەڵاتەی شاعیر هەیەتی یارمەتی ئەوەی دەدات کە زمانێکی تایبەت بەجیهانی شیعری خۆی دروست بکاتو لە زمانی ئاسایی خەڵك جیای بکاتەوە. زمان بەهەموو بەشەکانییەوە، لە وشەوە، موڵکی خەڵکیەو زمانی نەتەوەیە، بۆیە هەموو کەس بەتەواویو بەسەربەستییەوە مافی بەکارهێنانیان هەیە، بەلام چڕی واتا بەخشی بە وشە لەدەست هەموو یەکێك نایەو ماڵی هەموو کەسەکان نییە، بۆیە ئەو زمانە شیعریەی کە شاعیر بەکاری دەهێنێت کۆنەو پێویستی بە دەسەلاتو توانای گەورە هەیە، لەبەر ئەوە ئەو تواناو دەسەلاتەش لای هەموو کەسێك نییە، لەدەست هەموو کەس نایەت بەمشێوە تایبەتە زمان بەکاربهێنێت، بۆیە ئەو جۆرە بەکارهێنانە بەکارێکی گران دادەنرێتو تایبەتە بە شاعیر. (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٩٠).

زمانی شیعریی لای (حاجی قادری کۆیی)ش ئامرازێك بوو بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵو میللەتی کورد، حاجی قادر یەکەم هەنگاوی بەرەو شیعری سیاسی و نەتەوایەتی ناوە کە بۆخۆی بوارێکی نوێ بووە لەشیعری کوردی کرمانجی خوارووداد. (نەسرین ڕەئووف، ٢٠١٠: ٧٥). وەك لەو دێڕە شیعرەدا دیارە:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن**

**مەقصەدم لەم بەند و باوە دەربــچن**

(حاجی قادری کۆیی، ۲۰۰۰: ٤۳).

هەروەها (عەبدولڕەحمان ڕەحیمی هەکاری)ش شیعرەکانی بە زمانێکی سادەو ڕوون دوور لـە وشـەی بێگانە بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەو شیعرەدا دەڵێ:

**بوهار هات شـین بوو گیا**

**جل بەرکرن خـەملین چیا**

**گەشتان بکەن سەرکانیان**

**ژ فیزێ دچــن شجێ زیا**

(ئیدریس عەبدوڵلا، ۲۰۰٦: ۳۳٦).

حەمدی وەکو شاعیرێکی بەتوانا سەبارەت بـە زمـانی شـیعریی دەڵێـت: زمـانی شـیعریی هـەمان ئـەو زمانەیـە کـە پـەیڕەوانی ڕێبـازی کلاسـیك پـەیڕەویان کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا گۆڕانکارییـەکانی زمـانی فەرامۆش نەکردووە، کاریگەری و تێکەڵاوی ڕۆشنبیری و شارستانی لەگەڵ دەوروبەردا موتوربـە کـردووەو توانیویەتی زیادەیەك بخاتە سەر ئەو خەرمانەی کە وەك گەنجینەیەکی مرۆڤایەتی دەبێ تەماشای بکرێ. (عەبــدوڵلا خــدر، ۲۰۰٤: ۱۳۷). هــەروەها پیرەمێــردی شــاعیریش وەکــو زۆربــەی شــاعیرەکانی تــر لەشیعرەکانیدا زمانێکی سادەو ساکاری دوور لە وشەی بێگانە بەکارهێناوە، کە ئەمەش وا لە ڕەخنـەگران دەکات، بڵێن ((شیعری پیرەمێـرد وێنەیـەکی بێگـەردی دەربڕینـی کوردییـە)) (ئیـدریس عەبـدوڵلا، ۲۰۰٦: ۳۲۷). ئەوەتا لەشیعرەکەیدا دەڵێت:

**کەدەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە**

**چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە**

**بچۆ ســـەر گردی یـارە ببینە**

**لەجیهاندا گـوڵێکی ڕەنگینـە**

ئەفلاتوون بەپێی تیۆری زانین و تیۆری ڕەوشت هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەشاعیران دیاری دەکـاتو هەڵوێستێکی توند و تیژیان بەرانبەر دەنوێنێت، لەچەند شوێنێکی کۆمارەکەیدا باس لـە کاریگـەری شـیعر دەکات لەسەر خەڵك، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەفلاتوون تایبەتییـەکی داوەتـە شـیعرو هەر زوو هەستی بەو جیاوازیە کردووە کە شیعر بەهۆی قاڵبە هونەرییەکەیەوە پەیدای کردووەو گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە بە نەمانی ئەو قاڵبە هونەریە لە پەخشانێکی ڕووت بەولاوە هیچ شتێکی تری لـێ دەرناچێت (شاعیر بەهۆی وشەو ڕستەکانەوە شێوەیەکی گونجاو دەداتە هەموو هونەرێك بەبێ ئەوەی لەسروشتی ئەو هەنگاوە بگات، تەنها ئەوەندە نەبێت کە تایبەت بەلاساییکردنەوەکەیەتیو، کار لـە کەسـانێك دەکـات کـە لەخۆی نەزانتر نین جا ئەگەر قاڵبە شیعرییەکەت لەشیعر داماڵی ئەوا دەتوانێت لـەکاتی گـۆڕانی پـەخشـان ڕووە ڕاستەقینەکەی ببینیت). (پەرێز سابیر، ۲۰۰٦: ۲۸٦).

زمانی شیعری له دووتوێی ڕەخنەدا تەنها گرنگی به فەرهەنگەکەی دراوه، واتا زمانێکی تێکەڵ یان ئاڵۆزی پەتییه. ئەم ڕەخنه ساوایەی که دەستی پێکرد هەر بەساوایی مایەوەو گەشەی نەکرد، بەڵکو بە ڕێڕەوی خراپیشدا ڕۆیشت، بەجۆرێك ڕەخنه وەك زانست مامەڵەی لەگەڵ نەکراو کرایه ئامرازێك بۆ هەڵڕشتنی ڕق و کینەکانی ڕەخنەگر بەسەر نووسەری شیعر لەمیانەی لێکدانەوەی شیعرەکەدا. (محەمەد عەبدولکەریم، ٢٠٠٣– ٢٠٠٤: ٢٦).

یەکێك لەو مەسەله شیعرییه گرنگانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی له ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا خرایه بەر باسو لێکۆڵینەوه، زمانی شیعریی بوو، شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد لەبەر چەند هۆیەك بایەخیان به زمانی شیعریی داوه یەکێك له دیارترین ئەو هۆیانه هەست کردنیان بوو بەو جیاوازییەی لەنێوان زمانی شیعرو زمانی قسەکردندا هەیه. (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٧). ڕوونتر بڵێین: ڕەخنه بریتی بوو لەگلەییو گازندەو شکاندنی نووسەر و شاعیر یان بریتی بوو له پیاهەڵدانو وەسفو داڕشتنێکی بێ بنەمای زانستی، ئەم پەتایەی ڕەخنه تا ئێستاش زاڵەو ڕێگری سەرهەڵدانی ڕەخنەی زانستی کوردییه، ڕەخنەی نوێی کوردی سەرەتایەکی جوانی هەیه لەسەر دەستی شێخ نووریو پاشان گۆران دواتر هەر لەسیەکانی سەدەی بیستەم دا دەپوکێتەوه. زمانی شیعر له ڕەخنەکانی (عەلائەدین سەجادی و ڕەفیق حیلمی و شێخ محەمەدی خاڵ و عەبدولرەزاق بیمار و عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و محەمەدی مەلا کەریم و کامیل حەسەن بەسیر و مارف خەزنەدار و کاکەی فەلاح)و هەموو ڕەخنەگرانی تریشدا تەنها لەچوارچێوەی فەرهەنگی زمانەکەی گرنگیان بەوه داوه که شاعیر تا چ ڕادەیەك کوردییەتی بەکارهێناوه ئینجا قوڵ بوونەتەوه ناو هۆکاری سیاسیو هەسته نەتەوایەتییەکانی شاعیرو تەواو له شیعرەکەدا دوورکەوتوونەتەوه. (محەمەد عەبدولکەریم، ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤: ٢٦). هەروەها (ئەرستۆ) زمانی قسەکردنی لەزمانی شیعر جیاکردۆتەوەو جۆره تایبەتمەندییەکی داوەته زمانی شیعر (عەبدولڕەحمان بەدەوی) لەم ڕووەوه دەڵێ: (ئەرستۆ ڕای وایه که زمانی قسەکردن له زمانی شیعر جیایه وه بۆ ئەوه دەچێت که شاعیر مافی ئەوەی هەیه که زمانێکی تایبەتی بەکاربهێنێت که لەزمانه ئاساییه بلاوەکه دوور بێت) زمان لای ئەرستۆ بایەخێکی زۆر گەورەی پێدراوەو به فراوانی باسکراوه، بەپێی مەبەستو جۆری بەکارهێنانی دیاریکراوه، (شیعر له جەوهەریدا دەتوانێ لەڕووی کارتێکردنی له ڕەوشتی خەڵك عەمەلی بێ و له لێکدانەوەی مەنتیقی ڕووداوەکانیشدا زانستی بێت، بۆیه دەتوانرێ بەپێی ئامانجه عەمەلیو زانستییەکانەوه تەماشا بکرێت)، ئینجا جیاوازی نێوان هەردووکیان دیاری دەکات، (بنچینەی جیاوازی نێوان بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستێکی زانستی یان مەبەستێکی عەمەلی ئەوەیه که لەحاڵەتی یەکەمدا بریتییه لەو پێوەرو بەڵگانەی خاسیەته چەسپاوەکانی بۆ دیاری دەکات، لەحاڵەتی دووەمدا مەبەست ورووژاندنه بۆ ئەنجامدانی کاری چاك یان دەربڕینی ئامانجەکانی). (پەرێز سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٢). بۆدلێر دەڵێت: (ئەو هەوڵە چاکەی بۆ شیعر دەدرێت، هەوڵێکی پڕ تەقەلایەو بوونیادنانو پێکهاتنی بیناو ئەفراندنو داهێنانەو له ڕێگای زمانەوه جێ بەجێ دەکرێت). (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٦).

## ١-٢. توانست و چالاكى له زماندا:

### ١-٢-١. توانست:

توانست ئەو زانيارييە شاراوەيە كە مرۆڤ دەربارەى زمانەكەى دەيزانىٚ و لەڕێگايەوە گەيانـدن دێنێتـە ئاراوەو ژمارەيەكى بىٚ سنور ڕستە دروست دەكات. ڕستە گونجاو و نەگونجاوەكان لێك جيادەكاتـەوە كـە ياساكانى بەرهەمهێنانى زمان دەگرنەوە، كە هەر لەمنداڵييەوە لە مێشـكدا تۆمـار دەكـرێن، سـەبارەت بـە شاعيريش توانست بريتييـە لـە بـەكارهێنانى توانسـتى زمـان بـەئامانجى گەيانـدن لـە بـارودۆخێكى ديـارو داهێنانكردن، واتا بەكارهێنانى ياسا زمانيەكان لەدەوروبەرێكى نوێدا. (عەبدولواحيد موشير دزەيى، ٢٠٠٩: ١٤٠).

توانست بەواتاى ئەو زانيارييەى كە ئاخێوەر هەيەتىو لەبارەى زمانو زگماكى خـۆى بـەكارى دێنـىٚ، وەكـو سيسـتەمى پەيوەنديـيـە فەرمييـە ئەبسـتراكتييەكانو، كـاركردنى توانسـت بـۆ ڕەفتـارى كـردارى بەكاردێنێت. هەرچەندە كاراكردنى توانسـت دەبێـت لەتوانسـتەوە سەرچـاوەبگرێتو بـۆ ئـەو بگەڕێتـەوە، بەڵام بەهيچ ڕێگەيەكى ڕاستەوخۆ لەگەڵ توانست هاوتا نييە وەكو زۆربەى لايەنەكانى ترى ژيان مەرج نييە مرۆڤ لەسەر بنەماى ئەو شتانەى دەيزانێت ڕەفتـار بكـات، كارەكـانى لەچوارچـێوەى بـارودۆخى تايبـەتى ئاوادا ڕوو دەدەن كە كۆتو بەندى زۆريان دەخرێتەسەر. (هۆشەنگ فاروق، ٢٠٠٨: ٣٥).

### ١-٢-٢. چالاكى:

بريتييە لەتێگەيشتنى زمانو كردنەوەى كۆد كە دەكەوێتە سـەر خوێنـەرو لێكدانـەوەى گونجـاوە بـۆ ڕستە ناپەسەندەكان، تاكو لەگەڵ دەوروبەرى گوتنەكە بگونجىٚ، كە لە لێكدانەوەى زمانى شيعردا بـەدى دەكرێت. (عەبدولواحيد موشير دزەيى، ٢٠٠٩: ١٤٠).

چـالاكى بريتييـە لـە پراكتيزەكردنـى توانسـت لـە ئاخاوتنـدا، بـە واتايـەكى تـر بـەكارهێنانى زمـان دەگرێتەوە كـە پەيوەسـتە بـە پراگماتيـك كـە بەرانبـەر قسـەى سۆسـێر دەوەسـتێت كـە بـە چـالاكييەكى تاكەكەسـى دەزانێـت وەك: تێگەشـتى زمـانو كردنـەوەى كـۆد. (هــەمان سەرچـاوە: ٤٥). هەڵوێسـتە بنەڕەتييەكانى سۆسێر لەو بەندەدا كۆدەبێتەوە:-

((لێكۆڵينەوەى چالاكى زمان دەبێت بە دوو بەشەوە: يەكێكيان سەرەكييەو مـاددى خـۆى هەيـە كـە زمانە، واتە شتێكە لە بووندا كۆمەڵايەتييەو بەتاكايەتييەوە بەند نييە، .... ئەوەى تريان لە پلەى دووەمدا دێتو ڕووى چالاكى ماددى ئاخاوتنى تاكايەتيە))، كە توند بەيەكەوە بەندنو بەيەكـەوە وا نيشـان دەدەن زمان پێويستە تاكو لە ئاخاوتن تێبگەين. (ميديا، ١٩٩٨: ١٠٢- ١٠٣).

بـە بۆچـوونى چۆمسـكى توانسـت لەگـەڵ لـەدايكبوونى مـرۆڤ لـەدايك دەبێـتو توانسـت نابينرێـتو ناگوترێتو هەستى پێناكرێت، بەڵكو كۆمەڵێك زانستو زانيارى كـە لەگـەڵ لەدايكبوونـەوە پـەيدا دەبێـت، لەتوانسـتدا هەڵـە ناكرێـت، بـەڵام لەچـالاكيدا هەڵـە دەكرێـت، چـونكە دەبينرێـتو هەسـتى پێـدەكرێت، لەتوانست و چالاكيدا چۆمسكى نموونەيەك لەژيانى ڕۆژانە دەهێنێتەوە، كە وەك ئەوەيـە يـەكێك بەشـدارى

خولی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بکات، ئەو کوڕاسەیەی کە لەخولەکەدا وەری دەگرێت، هەموو ئەو زانست و زانیاریە دەچێتە بواری توانستەوە، بۆیە هەڵەیان تێدا نییە، لەکاتی جێبەجێکردنیدا مرۆڤ هەڵە دەکات. (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٢: ١٥٠). هەروەها چۆمسکی دەڵێت: منداڵ لەدایك نابێتو مێشکی لاپەڕەیەکی سپی بێت ، بەڵکو لەدایك دەبێتو توانستێکی خۆرسکی هەیە لەسەر فێربوونی هەر زمانێك لەزمانەکانی جیهان. (هۆشەنگ فاروق، ٢٠٠٨: ٩٧).

توانست و چالاکی لای چۆمسکی هەردووکیان گرنگن، بەلآم لەهەندێ حاڵەتدا گرنگی چالاکیەکە دەکەوێتە پێش توانست، بۆ نموونە ئەگەر لەدوورگەیەکدا پیاو و ژنێکی کەڕ و لاڵ بژین دواتر منداڵێکیان ببێت، ئەوا ئەو منداڵە فێری زمان نابێت یاخود تەنها فێری زمانی هێما دەبێت ئەگەرچی ئەو منداڵە توانستەکەی لەگەڵ لەدایکبووە بۆ ئەوەی فێری زمان بێت، بەلآم لەبەر ئەوەی زمان پێویستی بە چالاکی هەیە، بۆ ئەوەی کردەی ئاخاوتن دروست بێت، هەر لەبەر ئەوەیە یەکێك لە گریمانەکانی زمان پەیوەستە بەکۆمەڵگا یان لایەنی کۆمەلآیەتیەوە. چۆمسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە منداڵ لە توانستدا فێری زمان دەبێت جا ئەو زمانە زمانی کوردی بێت یان هەر زمانێکی تر بێت، بۆ نموونە منداڵێك لە شاری هەولێر لە خێزانێکی کورد لەدایك بێت یەکسەر بگوازرێتەوە بۆ لەندەن، دەبینین ئەو منداڵە بە ئاسانی فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین منداڵ لەدایك دەبێتو زمانێکی دیاریکراوی پێ دەبەخشرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو زمانە زمانی باوك و باپیرانیشی بێت، لەهەمان کاتدا بۆمان نییە گاڵتە بەساویلکەیی ئەو فیرعەونە میسریە کۆنە بکەین کە ویستی نەژادی گشت زمانەکانی جیهان بزانێت کە دوو منداڵی لەدایك بووی لە کۆمەڵ بەتەواوی جیاکردەوەو خزمەتکارە بەرپرسەکانی لە قسەکردن لەگەڵیان قەدەغەکرد بە سزادانیان ئەگەر بێتو قسەیان لەگەڵدا بکەن. چاوەڕێی کرد تا گەورە ببنو یەکێکیان قسە بکات. ئێستا دەزانیت ئەو دەنگانەی منالێ لەوکاتەی ناوی دەنێین ماوەی گڕوگاڵ دەری دەکات هیچ واتایەکیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ توانای خۆ ئامادەکردنی بۆ فێربوونی زمانی مرۆڤایەتی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین: لەو تێبینییە سادانەی پێشوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە منداڵی لەدایکبوو بەلای کەمەوە ئامادەباشی هەیە، بۆ فێربوونی هەر زمانێکی مرۆڤایەتی، ئەویش زمانی ئەو کۆمەڵە وەردەگرێت کە تێیدا دەژیت، پاش تەمەنێکی دیاریکراو بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت هیچ زمانێکی مرۆڤایەتی وەربگرێت. (هەمان سەرچاوە ، ١٢٦).

## ١-٣ واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست:

### ١-٣-١. واتای فەرهەنگی:

فەرهەنگ تۆمارگەیەکە، بۆ پاراستنی وشەکانی زمان لە فەوتان، سەرچاوەیەکە بۆ وشەو زاراوەی زمانێکی دیاریکراو. فەرهەنگ جۆرێکە لەجۆرەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی، واتا ئەو سەرچاوە یان ئەو کتێبەیە، کە زانیاری تێدا تۆمار دەکرێ.

یەکێك لە ئەرکە پێویستەکانی زمانی کوردی دانانی فەرهەنگی تایبەت بە بوارە جیاجیاکانی زانستو سروشتو مرۆڤییە، زمانی هەر نەتەوەیەك بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسەنگێنرێت. فەرهەنگ پێناسەیەکە، کە کلتورو رۆشنبیریو پلەی شارستانیەتیو پێشکەوتوویی ئەو میللەتەی کە بەو زمانە قسەدەکەن پێ دەردەکەوێت. (ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ، یارمەتیدانو ناساندنی وشەو پێناسی وشەیە بە کەسێك کە شارەزایی تەواو یان هەر ناسیاویان لەگەڵ وشە نییە). (شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦: ٢٩٣).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە بایەخ بە واتای فەرهەنگی بدەین، هەروەك چۆن واتاناسەکان گرنگییان پێداوە، چونکە بۆ دۆزینەوەی واتای وشەکان پێویستە لەفەرهەنگدا بۆی بگەڕێین. (هەندێ لەزمانەوانەکان جیاوازی لە نێوان واتای فەرهەنگیو واتای ڕێزمانیدا دەکەن، بۆ نموونە هالیدای، ئەم جیاوازیەش بۆ دوو کۆمەڵە دابەشدەکەن، کۆمەڵەی داخراو، کە لە زماندا ژمارەیان زۆر کەمە، وەك (ئامرازەکان و ڕێژەی فەرمان و ڕەگەزی ناوەکان .... هتد)، بەلاّم کۆمەڵە کراوەکان، یەکە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، وەك (ناوەکان و فرمانەکان ...). هەروەها واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنجییەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوەو لەسەری ڕێککەوتووە، کە وەسفی بارودۆخی شت دەکاتو بەشێك لە واتای ڕستەی لێ پێکدێت. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٦). وشە لە ڕستەدا مەبەستی سەرەکی دەردەخات، بۆ نموونە: وشەی وا هەیە خۆی واتایەکی هەیە، بەلاّم لە شیعردا واتایەکی تری هەیە. وەك: (بۆ= بۆن، ئامرازی پەیوەندی). بەمەش واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای وشەکان لەگەڵ کاریگەری ڕێزمانی، کە واتایەکی نەگۆڕو بلاّوە.

**١-٣-٢. واتای مەبەست:**

واتای مەبەست لە دەوروبەر وەردەگیرێت، کە واتاکەی لە دەرەوەی واتای وشەو ڕستەکانەو باس لە زۆر شت دەکات، بەلاّم بە ڕاستەوخۆ دەرنابڕێت. لەبەرئەوە زانیاری پێشتر گرنگییەکی زۆری بۆ تێگەیشتنی ئەو جۆرە واتایە هەیە. (هەمان سەرچاوە، ١٩)، چونکە هێماکان بەواتایەکی تر دەردەبڕێن. بەمەش دەبێتە (واتای هۆشەکی + واتایەکی زیادە، کە کەسی لێکدەر دەیخاتەسەری). بۆ لێکدانەوەی ئەوەش پێویستە ڕوو لە بواری پراگماتیك بکەین. (هەمان سەرچاوە، ٣٠).

واتای پراگماتیکی واتایەکی نائاساییەو پابەندی (چالاکی) و (بنەما)یەو یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قوڵتر تا لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسەندەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ. (هەمان سەرچاوە، ٣١).

بۆنموونە کاتێك دەگوترێ:

((**چەرمی ڕووی هێندە قایمە شمشێری میسری نایبڕێ**

**بێ بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ**)) (شێخ ڕەزا، ١٣٦).

لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر مەبەستی مرۆڤی ڕوو قایمە، کەواتە واتای سیمانتیکی بریتییە لە: (واتای فەرهەنگی + کاریگەری ڕێزمانی)، بەلاّم واتای پراگماتیکی لە (واتای سیمانتیکی + دەوروبەر) پێکدێت.

# بەشی دووەم

## ٢. لادانی واتایی لەزمانی شیعر:

### ٢-١ لادانی واتایی:

لادان بەئاماژەیەکی بەئەدەبیبوونی دەقو شیعریەتی دەق دادەنرێ، چونکە لادانو دەرچوون لە دەستورە ئاساییەکانی زمان خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی شێوازگەراییە، لادان پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەق لەڕێگای پەیام دەردەبڕێ، لەبەرئەوە پێناسەی شێواز بەلادان لەدەستورە باوەکان دەکرێت، یان جیاوازی نموونەیەك لەنموونەیەکی ترە لە ڕوانگەی سیستەمی ڕۆنانی دەقی ئەدەبی لەگەڵ سیستەمەکانی تر. (هیمداد حوسێن، ٢٠١٠ :٧٧). سەبارەت بە واتاش ئۆڵمان بەمشێوەیە پێناسەی دەکات، بریتییە لە پەیوەندی نێوان (ناو) و (ناولێنراو) هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییەدا ڕووبدات دەبێتە گۆڕان لەواتاو داهێنانی شیعریش لە ئەنجامی بەزاندنی یاساکانەوە دێتەدی. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٨٦).

لادانی واتایی بریتییە لە شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان، کە پەیوەندییەکی پتەویان بە مەبەستو واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەك واتای سەردەم دەگۆڕێت بەڵکو دەبنە بارو ئەرك بۆ گوێگریش. (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٤١٨). هەروەها لادانی واتایی بە واتای لادان لەو پێوەرانە دێت کە پێکەوەهاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن، یان لادان لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیك لەزمانی خۆکاردا، دەکرێ بڵێین دوو مەرج بۆ دروستی واتایی هەیە، ئەوانیش دروستی لەڕووی لێکدانی ڕێزمانیو لەڕووی واتاوە. (دلێر صادق کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٠).

لادانی واتایی بەپێی لێکدانی کەرەسەکانی ڕستە، سێ جۆری هەیە:

١- لێکدانەکان لەڕووی ڕێزمانەوە ڕاستن، بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە ڕاست نین:

بۆنموونە جەلال بەرزنجی دەڵێت: ((کۆترە ڕژاوەکان لەخەیاڵ گیربوون)). ئەم ڕستەیە لەڕووی ڕێزمانەوە ڕستەیەکی گونجاوە. واتا ڕیزبوونە ئاسۆییەکەی ڕێكو گونجاوە هیچ ئاڵوگۆڕێك لەشوێنی کەرەسەکانی نەکراوە. بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە ڕاست نییە، چونکە لەلایەنی جێنشینیدا دوو گۆڕانکاری کراوەو کەرەسە نوێیەکان لەگەڵ دەوروبەریان ناگونجێن. ئەوانیش:

أ- وشەی (ڕژاو) کە دیارخەری (کۆترەکان)ە دەبێت وشەیەکی لەجێ بەکاربێت کە سیمای (زیندوو)ی هەبێت، چونکە کۆتر سیمای (زیندوو)ی هەیەو گیاندارە.

ب- وشەی (خەیاڵ) کە ئاوەڵگوزارەی شوێنی دروستکردووە، سیمای (بەرجەستە)ی هەیە، لەکاتێکدا شوێن بەگشتی سیمای (بەرجەستە)ی هەیە. (محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٣٣).

٢- لێکدانەکان لەڕووی ڕێزمانەوە ناڕاستن، بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە ڕاستن:

بۆنموونە دڵشاد عەبدوڵلا دەڵێت: (ئێستاکەش هەر سازگارە ئاوی؟ بێ ئەندازە ناسك و شل ماوە دەست و پەنجەکانی، وەکی خۆی پڕ ڕووناکیە کۆشکی بوخارە؟) ئەم ڕستە شیعریانە لەڕووی لۆژیکەوە ڕستەی گونجاونو مەبەستیان ڕوونە، بەڵام لەڕووی ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە لادانی تێدایە، بکەری ڕستەکان کەوتۆتە کۆتایی، لەکاتێکدا دەبوایە بەم جۆرە بێت:

**ئێستاکەش ئاوی هەر سازگارە؟**
**دەست و پەنجەکانی بیٚ ئەندازە ناسك و شل ماوە**
**کۆشکی بوخارە وەکی خۆی پڕ ڕووناکیە** (هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٦١٥).

٣- لێکدانەکان لەڕووی ڕێزمان و لۆژیکەوە نەگونجاون بۆنموونە ئەنوەر مەسیفی دەڵێت:

**ئەو مایندەی خۆی پەڕاندەوە**
**لەجێی خورانی من ڕوام**
.......................
**کە مرد بووە ساقۆ پەمۆ**
**وەرەمدار قوڕ**

لەم چەند ڕستە شیعریەدا هەردوو جۆری لادانەکە بەزەقی دەردەکەون لەڕستەی دووەمدا جێگۆڕکیٚ بەپێزبوونی کەرەستەکان کراوە، کە ڕاستەکەی بریتییە لە (من لەجێی خورانی ڕوام). لەڕستەی سێیەمدا دیارخەر پێش دیاخراو کەوتووە، ئامرازی (ی)ش (خستراوە)، کە ڕاستەکەی بریتییە لە (قوڕی وەرەمدار)، کەواتە: ڕستە شیعرییەکان لەڕووی زمانەوە دەبوو بەم جۆرە بن:

**ئەو ماینەی خۆی پەڕاندەوە**
**من لەجێی خورانی ڕوام**
**کە مرد بووە ساقۆ پەمۆ**
**قوڕی وەرەمدار**

لەڕووی لۆژیکیشەوە لادانی واتایی زۆری تێدایە، لەڕستەی دووەمدا (من ڕوام) ، (من) کراوەتە ڕووەك، واتا: سیمای (ڕووەك)ی پێدراوە، چونکە (قوڕ) کراوەتە زیندەوەر، واتە سیفەتی (زیندەوەر)ی پێدراوە، چونکە (وەرەمدار) سیفەتی کەسی زیندووە، مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە شێوازگەری لەو بەکارهێنانە تایبەتیانەی زمان دەکۆڵێتەوە کە شاعیر بۆ مەبەستی ئیستاتیکای شیعرەکانی پەیڕەوی دەکات. کاریگەری ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەش لەسەر واتای شیعرەکە زۆر زەق و ئاشکرایە. (محەمەد عەبدولکەریم، ٢٠١٢، ١٣٤- ١٣٥).

## ٢-٢. لادانی واتایی لەزمانی شعر:

لەو سەردەمەی ئێمە تیایدا دەژین کە سەردەمی زانستو تەکنەلۆژیایە، هێدی هێدی دەبێتە زمانی زانستی ڕووت زمان بەر لە هەرشتێك دەبێتە ئامێرو بەکارهێنانەکانی تر، گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن، لەبەرئەوە (پۆل ریکور) دەڵێت: لەکلتوری ئەمڕۆدا ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە کە زمان بەرەو نزمترین ئاستی پەیوەندیکردن دادەبەزێو دەبێتە ئامێری کۆنترۆڵکردنی شارەزایانەی شتەکانو مرۆڤەکان. زمانیش کە دەبێتە ئامێر، ئەوکاتە پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت. بەمشێوەیە ئێمە نموونەیەکی زمانیمان دەبێت کە زمانی زانستو تەکنەلۆژیایە. (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ٥١).

لادان یەکێکە لەو پێویستیانەی زمانی شیعر بەناوەندی شێوازگەریەوە ئەویش لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو دیاردانەی کە بەبێ بەراوردکردنی لەگەڵ یاسایەکانی پێوانە دیاری ناکرێت. لەژێر تیشکی ئەم ژێربێژییە زمان لە دووتوێی واتا گشتییەکەیدا بە واقیعی زانستیانەی شێوازگەری دادەنرێت، لادانی شیعر هەڵەیەکی ئەنقەستەو بۆ مەبەستی ڕاست گەیاندنێکی دەلالیو تایبەتی بەکاردێت. (ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٣١).

دێل کانجی ئاماژە بۆ ڕۆڵی وێنە لەزمانی شیعردا دەکات، کە بە لادان لە زمانی شیعر دروست دەبێت وەك سیمۆندس دەڵێت: (شیعر وێنەیەکی دواوە)و ئەندێشەیەك دەخولقێنێت، چونکە لەو ڕێگایەوە شاعیر دەتوانێت دەست بەسەر خوێنەردا بگرێت. شاعیران مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشە دەکەنو بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاری ناهێنن، بەڵکو بەجۆرێك بەکاری دەهێنن، کە جۆرە ئەفسونێك ببەخشێت. شاعیر جۆرە ئازادییەکی هەیە هەروەك دەڵێن: ئەوەی بۆ شاعیر ڕێگە پێدراوە بۆ کەسێکی تر ڕێگەی پێنەدراوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٧). هەروەها زمانی شیعر لەزمانی ئاسایی خەڵك جیایە، چونکە لە زمانی ئاسایی دا ڕۆڵی زمان تەنیا وەك ئامرازو هۆکارێکی گەیاندنە، بەڵام لەزمانی شیعردا ڕۆڵی زمان بۆ بەکارهێنانێکی تر دەگۆڕێت، ئەویش بەکارهێنانی هونەرییە، ئەمەش نووسینی ئەدەبی لە نووسینی ئاسایی جیا دەکاتەوە، ئەو جیاکردنەوەیەش پەیوەندی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەسە ئەدەبییەکان لەلایەن شاعیرەوە هەیە. (پەخشان عەلی، ٢٠٠٩: ١٨١). لێرەدا چەند جۆرێکی لادن دەخەینە ڕوو:

**٢-٢-١. لادان لە چەندێتی:**

لادان لەچەندێتی واتا لێرەدا یا زیاد لە پێویست ئاخاوتنەکە درێژ دەکرێتەوە، یاخود زیاد لە پێویست کورت دەکرێتەوە. بەمشێوەیە لەم دەستوورەدا دەتوانین چەند جۆر بەرجەستەکردن دیاری بکەین.

**٢-٢-١-١. درێژبڕی:**

واتا وشە بەکارهێنراوەکان زیاترن لەو واتایەی کە دەیگەیەنێت، لە ڕستەیەکدا واتای کەرەسەیەك زیاتر لەجارێك دێت ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هاوواتاکانی یان ئەو وشانەی کە لە سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن، بەمشێوەیە زیاتر جەخت لەسەر بابەتەکە دەکاتو لەمێشکی خوێنەردا دەیچەسپێنێت. (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ١٤٣-١٤٤). ئەگەر بەشداری شاعیر زیاد لە پێویست بێت، ئەوا ئەم لادانە لە نەزانیەوە نییەو، بۆ مەبەستێکی قوڵتر بەکارهێنراوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠١٠: ٨٨). وەك:

**منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گەردێکم بچوك**
**هەتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ، بە دەنووك**

یان

**پوش لەلای حەڵوایە هەتاکو پەڵوشەی چنگ کەویٚ**
**بای ئەدا لولی ئەدا قوتی ئەدا مانەندی حـــووت**

(شێخ ڕەزا، ٢٠٠٦: ١٢٨)

لێرەدا شاعیر دەتوانێت بـە دێڕێك بڵێـت: (ئێسـترەکە برسـی بـوو). (عەبدولواحیـد موشـیر دزەیـی، ٢٠٠٩: ١٤٤).

**٢-٢-١-٢. کورتبڕی:**

لێرەدا وشە بەکارهێنراوەکان زۆر کەمترن لەو واتا فراوانەی کە دەیگەیەنێت، بەمشێوەیە بە کەمترین وشە هەوڵ دەدرێت زۆرترین واتا بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، بەواتایەکی تر بەشداری شاعیر زۆر لـە پێویسـت کەمترە، بۆیە خوێنەر هەوڵدەدا سود لەزانیاری دەوروبەری وەربگرێت، واتا سود لە **دێڕەکانی** دەوروبـەری وەرگرێت. وەك:

**سوار تا نەگلیٚ نابیٚ بە سوار**

ئەم چەند وشەیە واتایەکی زۆری لەخۆ گرتووە، ئەویش سوار تاکو نەکەوێت قـەدری سـواری نـازانیٚ، بەڵام کە کـەوتو ئـێش و ئـازاری کـەوتنی چەشـت، ئینجـا هەوڵـدەدات خـۆی ڕابێنێـت تـاکو جـارێکی تـر نەکەوێت، خۆڕاهێنانیش پێویستی بە ماندووبوونی زۆر هەیە، کە ڕاهێنانێکی باشی کرد ئەو کات دەبێت بە سوارێکی چاكو جارێکی تر ناکەوێت.

**٢-٢-٢. لادان لە چۆنیەتی:**

لادان لەچۆنیەتی: مەبەسـت لـەو لادانەیـە کـە ئاخاوتنەکـە لەگـەڵ واقیـع نـەگونجێت. (عەبدولسـەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ١٤٤). یان قسەی ناڕاستو بیٚ بەڵگە دەگرێتـەوە، کـە لەگـەڵ واقیعـدا ناگونجێـت، کـە بەچەند شێوەیەك دەبێت:

**٢-٢-٢-١. گاڵتە کردن**

**ئاخ لەدەست شۆربای سلێمان چاوشو قاوەی خلە**
**ئەو دەڵێی ئاوی گەڕاوەو ئەم دەڵێی نەوتی گلە**

(شێخ ڕەزا، ٢٠٠٦: ١٣٥).

لێرەدا شاعیر گاڵتە بە (شۆربای سلێمان چاوش) و (قاوەی خلە) دەکاتو بە (ئاوی گەڕاو) و (نەوتی گلْ) دەیـان چـوێنیٚ کـە لەگـەڵ واقیعـدا نـەگونجاون. مەبەسـتی سەرەکیشـی کەمکردنـەوەی بـەهای ئـەو شتانەیە کە باسیان دەکات.

**٢-٢-٢-٢. خواستن:**

لادانە لەیاسای زمان، لەپاڵ هەست و سۆزی شاعیرەوە دەردەبڕدرێت.

**لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان**

**بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان**

(نالی ١٣٨٨ﻫ – ٢٧٠٨ك : ٧٩).

لێرەدا شاعیر (سێو)ی خواستووە بۆ (مەمك) کە لەشێوەی خڕی لەیەك دەچن و (دوگمەی سینە)ش نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە. (عەبدول واحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ١٤٥).

**٢-٢-٢-٣. ئامازەپێکردن:**

ئامازەپێکردن هونەرێك دەگرێتەوە کە پێی دەوترێ درکە، درکەش ئەوەیە کە باسی شتێك بکەی بەڵام ڕاستەوخۆ باسی نەکەی، بەڵکو باسی شتێکی تر بکەی کە پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە باسی دەکەی. وەك لەم دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت:

**نەخلی باڵات نەوبەرەیە، تازە شکۆفەی کردووە**

**تۆ کە بۆی شیرت لەدەم دێت، ئەم مەمەت کەی کردووە**

(نالی ،١٣٨٨– ٢٧٠٨ك :٣٦).

نالی لەم دێڕە شیعرەدا باسی سیفەتێك دەکات، بەڵام مەبەستی خودی شتەکەیە. (بۆی شیرت لە دەم دێت) ئاماژەیە بۆ منالی کەسەکە.

**٢-٢-٢-٤. کەمکردنەوە:**

کاتێك یەکێك کارێکی گەورە بکاتو بەرانبەرەکەی بچوکی بکاتەوەو هیچ بەهایەکی بۆ دانەنێت، وەك:

**ئەبوزەیدی دەکا ڕوحم لەگەڵ ماچی دەمت ئەمما**

**دەترسێم وەك نیشانم دای بڵێی هیچەو پەشیمانم**

(حاجی قادر، ٢٠٠٠: ١١٩).

واتا گیانی وەکو (ئەبوزەید) بۆ ماچی دەمی دەپاڕایەوە، لەوە دەترسێ کە گیانی نیشانی یاردا لەبری ماچەکەی بڵێ بێ نرخەو هیچە، لێرە شاعیر وانیشان دەدات کە کارێکی گەورەی کردووە، کەچی بەرانبەرەکەی لەوانەیە بە کارێکی بچوکی بزانێ.

**٢-٢-٢-٥. زێدەڕۆیی:**

ئەوەیە کە ئاخاوتنەکە هەڵئاوسانی واتایی تێدابێتو وشەی هاوواتاو زیادەی تیادا بەکارهاتبێت، وەك:

**ئەی تەلەفی گفتوگۆ، جامیعی کیزب و درۆ**
**واعیزییە ئیشــی تۆ، عاشـقییە کاری من** (نالی، ١٣٨٨هـ-٢٧٠٨ك: ٨٤).

لەم دێڕە زیادەڕۆیی هەیە، چونکە باس لـە دوو وشـە کـراوە (کیـزب) و (درۆ) کـە هاوواتـان، چـونکە هێنانەوەی دوو وشە یان زیاتر کە هاوواتای یەکتر بن دەبێتە زێدەڕۆیی.

هەندێ جار زێدەڕۆیی لە قسەکردندا هەیە، وەك:

**بەتەحریکی تەلیکی سەدهەزار نەفسی بەکوشتندا**
**ڕەئیسی حیللەکارانە شای قوماربازانە، ئەم ڕیشـە**
(شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ١٣٤).

ئەم دێڕە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، چونکە بە جوڵانەوەی (تاڵە ڕیشـێك) چـۆن سـەد هـەزار کـەس بەکوشتن دەچێت. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٤٥- ١٤٦).

**٢-٢-٣. لادان لە گونجان:**

مەبەست لـە لادان لـە گونجـان ئەوەیـە، کـە ئـەم وشـەو دەربڕینانـەی بـەپێی کـۆتو ڕێسـاکانی پێکەوەهاتن نەگونجێن، واتا لادان لە گونجان کەرەسەکان لەسەر تەوەرەی هاونشـینی دادەنێـتو لەگـەڵ یەکدا ناگونجێن بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم جۆرە لادانانە دەستنیشان بکەین.

**٢-٢-٣-١. دژەڕۆیی:**

بەرانبەرکردنی دوو وشەی دژواتایـە، کـە واتایـەکی نـوێ دروسـت دەبێـت، ئـەم دژەڕۆییـە لـەناو هونەرەکانی ڕەوانبێژی دایەو لەئاستی دوو وشەدایە، واتا: دوو وشەی دژ کە پێکەوە دێـن دەسـتەواژەیەك دروست دەکەن وەکو:

**جوانێکی ناشیرن**
**مردوویەکی زیندوو**
**وشکێکی تەڕ**

یان

**تاڵ و شرین پێکەوە نەمدیوە چابێ چا نەبێ**
**ئەوەی هەمنشینی چا نەبێ پێت چا نەبێ**

بەمشێوەیە شاعیر بەم هەڵبژاردنانە، واتا: دوو وشـەی دژو ڕیزکردنیـان لەسـەر تـەوەرەی هاونشـینی واتایـەکی تایبـەت پێشـکەش دەکـاتو بەرجەسـتەکردنێك دروسـت دەکـاتو لـە یاسـا باوەکـانی زمـانی ئۆتۆماتیك لادەدات.

**٢-٢-٣-٢. بەرامبەری:**

وێنەیەکە لە دوو ڕووی ڕۆنانەکەی لەڕووی چەمکەوە یەکتر ڕەت دەکەنەوە، مەبەست ئەوەیە کە دوو دەربڕین لەڕووی چەمك و واتاوە یەکتر ڕوون بکەنەوە، بەمشێوەیە لەشیعردا دوو دەستەواژە یاخود دوو دەربڕین دەهێنرێت کە هەریەکە ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە، واتا ئەگەر یەکەم هەبێت نابێت ئەوی تر هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر مەبەستێکی لەپشت ئەم دوو دەربڕینە پێچەوانەیە هەیە، بۆیە ئەم بەکارهێنانە دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی زمانی ئۆتۆماتیك، بەرامبەری جوانیو تایبەتی خۆی هەیە، دەتوانین دوو جۆری لێ دیاری بکەین:

١- لەئاستی دوو دەستەواژە یاخود فرێزدا .

٢- لەئاستی دوو دێڕ یان نیوەدێڕدا، واتا: دێڕ یان نیوەدێڕەکان هەڵگری چەمکی (بەرامبەری)ن. ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ ئەو لادانە زۆرەیە لەشێوەی خەون یاخود سەرەتای فێربوونی منداڵ دەچێت، چونکە لە هەردووکیاندا شتە هاودژو وەك یەکەکان لەیەك شوێن کۆدەکاتەوەو بەمشێوەیە شتێکی نوێ دروست دەکات. ئەمکارە لە دژەڕۆیشدا بەهەمان شێوە دەبینرێت، واتا: هاودژو نەگونجاوەکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە، واتا شتێکی نوێی لێ دروستدەکرێت بێ ئەوەی بوترێت ئەمە نابێت. (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ١٥٣- ١٥٥).

کەواتە لادان لەگونجان ئەوەیە کە قسەکردنەکە نەگونجێت لەگەڵ واقیعدا وەك:

**هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما**

**یا سەرسەری نورینە کە لێی کردمە سەرما** (حەریق، ٢٠١١: ١٤٤)

لەم دێڕەشیعرەدا (خەفەت) ناشێ (هەور)ی هەبێ و (غەم)یش (بەفر)ی هەبێ، نابێو ناشتوانێ بەسەریدا بدرێ. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٤٦).

یا هەندێ جار دووشتی دژەیەك کۆدەکرێتەوە:

**یار لە ئەندەرون هات دەستی ڕەقیب لە دەستتا**

**غەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا** (سالم، ١٩٧٢: : ٥٨).

(غەمناك) و (شادمان) و (ڕەحمەت) و (عەزاب) شتی دژ یەکن و لەگەڵ یەکدا کۆنابنەوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٩٠).

**٢-٢-٤. لادان لەشێواز:**

مەبەست ئەوەیە ئەو گوتنەی کە بەکاردێت ڕوونو ئاشکرا نەبێت، واتا لادان لەشێوازی ڕوونو ئاشکرای زمانی ئۆتۆماتیك، هەڵبەت ئەم لێڵییە هەندێکجار لەزمانی ئۆتۆماتیکیشدا هەیە، بەڵام (لەزمانی ئۆتۆماتیکیدا بەبێ مەبەستەو قسەکەر هەوڵدەدا ئەم لێڵییە نەهێڵێت، بەڵام لەزمانی شیعریدا ئەم کارە

مەبەستدارە). (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ١٥٦). ئەم جۆرە لادانە کە شاعیر لەجۆرێکی دیاریکراوی شیعرییەوە دەیگوازێتەوە بۆ جۆرێکی تری بەکارهێنانی زمان لەناو هەمان دەقدا، جا ئەو گواستنەوەیە چ لەڕووی فەرهەنگەوە بێت بۆ نموونە: لە وشەی پەتییەوە بەرەو وشەی بێگانە بڕوات یان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت وەك ئەوەی لە شێوەی زمانی نووسینەوە بۆ زارۆچکە بڕوات، یان لە شێوازێکی ئەدەبییەوە بۆ شێوازێکی بازاڕی بڕوات. (محمد عەبدولکەریم، ٢٠١٢: ٦٨). ئەگەر شاعیر لەزمانی نووسیندا بۆ ئاوازی ئاخاوتن لابدات، جۆرە ئاشنایيو سڕینەوەیەك لەدەقی شیعری دەخرێتەڕوو، لادانی شێوازی کاتێك ڕوودەدات کە شاعیر بە بەکارهێنانی فرە شێوازی لە شیعردا لە شێوەی نوسراو لابدات، لێرەدا شاعیر هەوڵدەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نوسین لە شیعرەکەیدا لە زمانی خۆکار لابداتو زمانەکەی بەرجەستە بکاتو لە زمانی خۆکار جیای بکاتەوە. (دلێر صادق، ٢٠٠٩: ٤٩).

لادان لەشێواز، قسەکردنەکە بەشێوازێکی لێڵ دەردەبڕدرێت. وەك لە بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ، کە لە ڕەوانبێژیدا لەژێر ناوی (ڕەگەزدۆزی) بەکاردێت. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٤٧).
وەك :

**خەتات فەرموو کەخۆشە چین و ماچین**
**کە ناچین لێرە، خۆشە چینی ماچین** (نالی ، ١٣٨٨هـ– ٢٧٠٨ك : ٢١).

وشەی (خۆشە) لەم دێڕە شیعرەدا هاوبێژە بە دوو واتا دێت (خۆشی) کە بەرانبەرەکەی (ناخۆشییە) و (هێشوو)، یان:

**عەبەس کوردی مەلا ئێڵ دێن دەپرسن مەزهەب و دینت**
**کە (قادر) خۆی دەزانێ، لەسەر کام مەزهەب و دینم** (کوردی ، ٢٠١٠: ١٠١)

لێرەدا وشەی (قادر) جۆرە لێڵییەکی تێدایە، نازانرێت ئاخۆ مەبەستی شاعیر (قادر)ی تەریقەیە، کە سالم خۆی لەسەری بووە، یان (شێخ عەبدولقادری گەیلانییە)، یان (خودایە) یان ئەو (قالە)یە کە لەشیعرەکانیدا باسی دەکا. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٩٠). بازدان لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر، جیاواز لەچوارچێوەی چەند دێڕێکدا کارێکە ڕەنگە هەر لەکاری ئەدەبیدا ڕێگەی پێبدرێت. مەبەست لەشێواز لێرەدا جۆرێکە لە زمان کە بەپێی بارودۆخی زمان بەکارهێنان دەگۆڕێ! کۆمەڵە جیاوازییەکە لەوشەی فەرهەنگی و ڕێزمان و دەنگدا کە قسەکەر لێیان هەڵدەبژێرێت بەپێی باری ڕۆژانەی ژیان وەك شێوازی بازاڕیی و شێوازی نووسین و نووسینی نامەو ئاخاوتنی تەلەفۆنی...هتد، هەر بەکارهێنانێکی زمانی لەمجۆرە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەداتو شێواز بەپێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتنو جۆری بابەتو قەناعەتی گەیاندن واتا: (نووسین یان قسەکردن) دەگۆڕێت، بەمجۆرە لە نووسیندا شێوازی نامەی بازرگانی، نامەی ئەکادیمیو لەقسەکردندا شێوازی ئاخاوتن لەبازاڕداو لەپۆلداو لەدیدەنی ڕەسمیدا لەڕووی وشەو ڕێزمانو دەنگەوە لەیەکتری جیادەبنەوەو لە نووسینی ئەدەبیو دینیو دیبلۆماسیدا تێکەڵکردنی چەند شێوازێك یان بازدان لە شێوەزارێکەوە بۆ یەکێکی تر گران لەسەر قسەکەر

دەوەستێت، بەڵام لەشیعردا ئەوجۆرە بازدانەو لادانە بەپێی بابەتو پەیوەندی کۆمەڵایەتی، توانستی شاعیر پیشان دەدات. (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ٤٢٢).

شێوازگەری لەگەڵ ئەوەی سودی تەواو لەزمانەوانی وەردەگرێت، بەڵام کاری لێکۆڵەری بواری شێوازگەری جیاوازە لەکاری لێکۆڵەری زمانەوانی، لێکۆڵەری زمانەوانی (وەسفێکی عەقڵانی بۆ زمان دەکاتو سەرەنجام یاسا ڕێزمانییەکانی هەر زمانێك دەستنیشان دەکات، کە لە زمانی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە هەر لەسنوری دیاردەیەکی زمانی کارەکانی ئەنجام دەدات، گرنگی بە دەربڕینە ئەدەبییەکان نادات، هەر لەبەر ئەمەیە چۆمسکی قسەی ئاسایی بە داهێنان دادەنێت.

لێکۆڵەری بواری شێوازگەری کارەکەی جیاوازە، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە زمانەوانی کاری تەواو دەبێت، شێوازگەری لە زمانی قسەکردنی ئاسایی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سنورەکانی ڕوون بکاتەوەو لە زمانی ئەدەبی جیای بکاتەوە، شێوازگەری بە قوڵایی دەقدا شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەو وێنەکانی دەربخاتو سروشتی دەروونی خاوەنەکەی ئاشکرا بکات. (هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٥٨٨). لادان لەشێواز چەند جۆرێکە، وەك لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردوون:

**٢-٢-٤-١. پۆشین:**

گرنگترین لادانە لەشێواز، بریتییە لە پۆشین، واتا: وشەکە یان ئاخاوتنەکە دوو واتای هەیە، واتای دوور و واتای نزیك، کە واتای درکەو واتای مەبەستە، بەکارهێنانی پۆشین جوانی خۆی هەیەو دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی زمانی ئۆتۆماتیك، بەمشێوەیە لەیەك کاتدا واتایەك (چەمکێك) بەبیری خوێنەردا دێت بۆیە خوێنەر هەوڵی گەیشتن بە چەمکی مەبەست دەداتو هەست بەخۆشی دەکات. (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ١٥٥). پۆشین چەند جۆرێك لە خۆ دەگرێت لەوانە:

**٢-٢-٤-١-١. پۆشینی ڕووت:**

لێرەدا وشە پۆشیندارەکە تەنیایە، واتا هیچ شتێك لەڕستەدا نییە کە پەیوەندی پێوە هەبێت، واتا: وشەیەك نییە ئاماژە بە واتای دوور یان واتای نزیك بکات وەك:

**هەتتا وەکو کەر نەبێت تۆ ئەلحەق**
**کەنگی دییە وەزیرێ موتڵەق** (ئەحمەدی خانی، ٢٠٠٨: ٢٢١).

لێرەدا پۆشین لەوشەی (کەر)دا هەیە، کە دوو واتای (گیانلەبەرێك کەناوی کەر) یاخود (مرۆڤێك کە گوێی لێنابێت) کەواتا دوو واتای هەیە، واتای دوور و واتای نزیك، سەرەتا کە نیوەدێڕی یەکەم دەخوێنرێتەوە ئەوە واتای نزیك کە ئەویش (کەری گیانەوەر) بە گوێی خوێنەردا دێت، بەڵام کە نیوەدێڕی دووەم دەخوێنرێتەوە دەبینرێت کە مەبەستی واتا دوورەکەیە، ئەویش (گوێ لێ نەبوون)ە.

**٢-٢-٤-١-٢. پۆشینی ئاشکرا:**

لێرەدا وشە پۆشیندارەکە شتێکی تری لەگەڵدایە، کە پەیوەندی بە واتای دوورەوە هەیە، کەمێك واتای مەبەستو دوور دیاری دەکات:

| | |
|---|---|
| **هۆستايێ عەشقێ دل هەڤوت** | **ڕەمزا (أنا الحق) هەر دگوت** |
| **سەرەتا قەدەم هنگی دەسوت** | **باوەڕ بکەن مەنصورە دل** |

(مەلای جزیری، ٢٠٠٠: ٢٩).

لێرەدا پۆشین لە(مەنصورە)دا هەیە، واتا نازانرێ مەلا مەبەستی ئەوەیە کە (دڵی مەنصور سەرکەوتووە) یان (دڵی مەنصوری هەلاجە، واتا: لەسەر هەمان بیرو باوەڕ) کە هەرکامیان وەربگرین واتاکە تەواوە، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی (دل) لە نیوەدێڕی یەکەمو (أنا الحق) لەنیوەدێڕی دووەم هاتووە، ئەوا واتای دووەم (مەلا مەنصوری حەلاج)ی مەبەستە. (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨: ٢٦٢).

**٢-٢-٤-٢. درکە:**

بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك یان ڕستەیەك بەجۆرێك کە واتایەکی تازە ببەخشێت، هەروەك لە خوازەدا بەرچاو دەکەوێت، واتا: درکە ڕستەیەکە یاخود ڕۆنانێکە کە بە مەبەستی واتای سەرەوە نەیەت، بەڵکو واتایەکی تری هەبێت، لەهەمان کاتدا هیچ شتێك نییە کە بڵێی واتای سەرەوە نییە، واتایەکی تری هەیە، بۆیە (درکە بەجۆرێك لەپۆشین دادەنرێت، بەڵام درکە لەزمانی ئۆتۆماتیکییەوە دەچێتە ناو زمانی شیعر). (هەمان سەرچاوە، ١٥٦).

## ئەنجام

١- زمان لەشیعردا تەنها دەلالەت لەکۆمەڵە وشەو دەستەواژەیەك ناكات، بەڵكو كۆمەڵێك وێنەی شیعری دەردەخات.

٢- زمانی شیعر، زمانی ویژدانو هەستەو لایەنی خودی مرۆڤ تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، زمانێكی ئەندێشەییو خوازەییە لە سەرووی زمانی ئاساییەوە، ئەگەرچی زۆربەی ئەو وشەو زاراوانەی كە شاعیر بەكاریان دێنێ واژەو زاراوەی ئاساییןو شاعیر بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێشو ئاماژەدار، واتا بەبەر وشەكان دەكات، زمانی شیعر لە ئاستی (پراگماتیك)دا لێكدەدرێتەوە.

٣- زمانی شیعریی لەزمانی ئاسایی قسەكردنی خەڵك جیاوازە، ئەم زمانە لەلایەن شاعیرەوە بەشێوەیەكی تایبەت دروست دەبێت بۆ گەیاندنی واتایەكی نوێو جیا لە واتا ئاساییەكەی.

٤- لادان یەكێكە لەو پێویستیانەی زمانی شیعر بەناوەندی شێوازگەرییەوە، ئەویش لێكۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو دیاردانەی كە بەبێ بەراوردكردنی لەگەڵ یاسایەكانی پێوانە دیاری ناكرێت. لەژێر تیشكی ئەم ژێربێژییەدا زمان لە دووتوێی واتا گشتیەكەیدا بە واقیعی زانستیانەی شێوازگەری دادەنرێت، لادانی شیعر هەڵەیەكی ئەنقەستەو بۆ مەبەستی ڕاست گەیاندنێكی دەلالیو تایبەتی بەكاردێت.

٥- لادانی واتاییو شكاندنی یاساكانی دیوی ناوەوەی زمان، پەیوەندییەكی پتەویان بەگۆڕینی مەبەستو واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، واتا: نەك واتای سەردەم دەگۆڕێت، بەڵكو دەبنە بارو ئەرك بۆ گوێگریش.

## سەرچاوەکان

### کتێب:

١- ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیادی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢- ئازاد عەبدوالواحید کەریم و عەلی بەرزنجی، بنیاتی زمانی شیعری، نوسەر (جان کۆهین)، کەرکوك، ٢٠٠٨.

٣- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١- ١٩٢١)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥- پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- حەمەسەعید حەسەن، قولْپی پێکەنین، هەولێر، ٢٠٠٤.

٧- دلێر صادق کانەبی، هەندێك لادانی زمانیی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیربال)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٩- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠- عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکیو پراگماتیکییە)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١- عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیك، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢- عەبدوڵلا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٣- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٥- میدیا، سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٦- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ڕستەسازی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٧- نەسرین ڕەئوف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٨- هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٨.

١٩- هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.

### دیوانەکان :

٢٠- دیوانی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢١- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، (دیوانی مەلای جزیری)، چاپی یەکەم، دهۆك ، ٢٠٠٠.

٢٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٣- دیوانی سالم ، هەولێر، ١٩٧٢.

٢٤- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٥- عزەدین مستەفا ڕەسولْ، دیوانی ئەحمەدی خانی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٦- دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٧- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی نالی، چاپی یەکەم، ١٣٨٨ هـ – ٢٧٠٨ ك.

٢٨- نەوزاد کەلهوری ، دیوانی حەریق، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

## الملخص

## الانزياح الدلالى في لغة الشعر

هذا البحث عدا المقدمة والنتائج يتكون من فصلين، بالشكل التالي:

الفصل الاول، يتكون من: (لغة الشعر، القدر والفعالية في الغة، المعنى المعجمي، والمعنى القصد).

الفصل الثاني، يتكون من: (الانزياح الدلالي، الانزياح الدلالي في لغة الشعر، الانزياح الكمية، الانزياح في الكمية تتكون في (اطناب، اقتصار)، الانزياح الكيفي، الانزياح في الكيفي تتكون من (السخرية، المجاز، الاشاره، التقليل، المبالغة)، الانزياح الملائمة، الانزياح في الملائمة تتكون من (المتضادات، المتقابيلة)، الانزياح في الاسلوب، الانزياح في الاسلوب تتكون من (الاستعارة، الكناية).



## Abstract

This research deals with "The Meaning Deviation in the Language of Poetry". It compromises of two major parts:

The first part consists of the language of poetry, ability and skills in language, denotation and connotation meanings.

The second part consists of Deviation meaning, Deviation meaning in the language of poetry, quantity Deviation, the Deviation in quantity Consists of (contraction, Semantic widening), quality Deviation, the Deviation in quality Consists of (parody, metaphor, reduction, exaggeration, ….... ), agreement Deviation, the Deviation in agreement Consists of (paradox, oxymoron), style Deviation.

# کاریگەری مێژووی ئەڵمانیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەلاتدا لە سەر مۆرك و میتۆدی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی

د. سامان حسین احمد
مامۆستا لە زانکۆی راپەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی مێژوو

## پێشەکی

قوتابخانەی ئەڵمانی بەیەکێك لەو قوتابخانە رۆژهەلاتناسییانە هەژماردەکرێت کە بەشێوەیەکی جیاوازتر لە قوتابخانە رۆژهەلاتناسییەکانی دیکە کارەکانی ئەنجامداوەو بەڕای بەشێك لە پسپۆڕانی ئەم بوارە، کارەکانی تارادەیەکی زۆر بابەتیانە و ئەکادیمییانەبوون، ئەمەش ئەو مۆرك و تایبەتمەندییە سەرەکیەیە کە ئەم قوتابخانە رۆژهەڵاتناسییەی پێدەناسرێت. هەربۆیە ئامانجی ئێمە لەم کارەدا جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی کارێك لەم رووەوە بخەینە بەردەست، کە هەتا ئێستاش بەڕادەیەکی کەم نەبێت کارێکی وەها لەبارەی ئەم قوتابخانە رۆژهەلاتناسییەوە بەزمانی کوردی ئەنجامنەدراوە، هاوکات مەبەستی سەرەکیشمان ئەوەیە ئەو هۆکارو فاکتەرانە شیتەڵبکەین کە هۆکاری ئەکادیمیبوونی ئەم قوتابخانەیەن چونکە تا ئیستا بەشی هەرە زۆری ئەو کارانەی لە بارەی ئەم قوتابخانەیەوە ئەنجامدراون بە زمانەکانی تریش زیاتر ئاماژەیان بەو تایبەتمەندیە کردووە نەك لە هۆکارەکانی کۆڵیبنەوە،بۆیە هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بەچەند میتۆدیکی وەك میتۆدی رەخنەیی و شیکردنەوەو بەراوردکاری و هەندێك جاریش گێڕانەوە، تیشکبخەینە سەر لایەنە جیاجیاکانی ئەم قوتابخانە رۆژهەلاتناسیە، هەتا بتوانین لە راسترین و دروسترین ئەنجامەکان نزیکببینەوە.

بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان (**کاریگەری مێژووی ئەڵمانیا وپەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەلاتدا لە سەر مۆرك ومیتۆدی رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی**)، لەدەروازەیەك و دووباسی سەرەکی وئەنجامەکان پێکدێت. لەدەروازەکەدا هەوڵمانداوە تیشکبخەینە سەر ئەو بۆچوونانەی کە لە بارەی ئەم قوتابخانە رۆژهەلاتناسییەوە هەن و چۆنێتی کارکردنیان شیبکەینەوە. لەباسی یەکەمدا کە بەناونیشانی (رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا یەکێتی ئەڵمانیا و تایبەتمەندییەکانی)یەتی، هەوڵدراوە لە سێ تەوەری سەرەکیدا قسە لەسەر رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی بکرێت، هەر لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا ئەوکاتەی یەکێتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ دامەزرا، لەم باسەشدا بەشێوەیەکی سەرەکی مێژووی ئەو قوتابخانەیەو گرنگترین تایبەتمەندییەکانی لەو ماوەیەدا خراوەتەڕوو. باسی دووەم کە تایبەتە بە (رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی لەدوای دامەزراندنی یەکێتی ئەڵمانیاوە)، هەوڵدراوە

لە پێنج تەوەرەی سەرەکیدا هەڵوێست و مۆرکی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی شیبکرێتەوە، لەدوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەڵمانی سەربەخۆ دادەمەزرێت، ئەمەش بەگوێرەی قۆناغبەندی ڕووداوە مێژووییەکان دابەش و شرۆڤەکراوە، کە لە دوای یەکێتی ئەڵمانیا هەتا جەنگی جیهانی یەکەم، سالآنی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨)، پاشان ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکە (١٩١٨-١٩٣٩)وسەردەمی نازیەکان، دواتریش لە جەنگی جیهانی دووەم بەدواوە.

**دەروازە**

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کاریکی زۆری لەسەر ڕۆژهەلآت ئەنجامداوەو بەرهەمێکی گەورەی لەبارەی مێژوو، ئەدەب، زمان، شارستانیەت، سیاسەت و لایەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی وکێشەکانی سەردەم خستۆتە بەردەست. یەکێك لەمۆرکە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسیە ئەوەیە کە لای زۆربەی پسپۆڕانی ڕۆژهەڵاتناسی بەخودی عەرەبەکانیشەوە وەك قوتابخانەیەکی جیاواز لەوانی تر ناسراوە، کە کارەکانی بابەتیانە و زانستیانە تر ئەنجامداوە، بۆنموونە لەنێو ئەو عەرەبانەدا کە لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسیەوە کاریانکردووە، ( احمد محمود هویدی )، لەو دەستپێکەدا کە بۆ ئەو کتێبەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، نووسیویەتی، زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە چاو قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی دیکەی ئەوروپادا جیاوازە، جا چ لە رووی دەرکەوتنەوە بێت یان لێکۆڵینەوە[1]. هەروەها (محمود حمدی زقزوق)یش کەبانگەشەکارێکی ئیسلامیە وهەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی میونخ لەو پێشەکیەیدا کە بۆهەمان کتێب نووسیویەتی دەڵێت: "ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر بەکەمی نەبێت پەیوەست نەبووە بەو ئیستعمارەی کە سەردەمێك جیهانی ئیسلامی داگیرکردبوو، هەر بۆیە ناوبانگێکی باشی هەیە، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی جار بابەتیانە بووە"[2]. (انور محمود زناتی)یش کە نوسەر وئەکادیمییەکی میسریەو لەبواری ڕۆژهەڵاتناسیدا کاردەکات، لە باسی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیدا دەڵێت: "دیارترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئەوەیە کە لە ئەنجامی ئیستعمارەوە گەشەی نەکردوە، وەك ڕۆژهەڵاتناسی بریتانی و فەرەنسی و هۆڵەندی، وابەستەی ئامانجە ئایینی و موژدەدەریەکانیش نەبووە وەك ئەوانی تر، تایبەتمەندیەکی تری ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی قوڵی و بابەتیبوونە"[3]، تەنانەت (ئیدوارد سەعید)ی بیرمەندی فەلەستینیش ئەگەرچی وەك هەوڵی خۆسەپاندن و خۆبەباڵاتر زانینی ڕۆژئاوا دەڕوانێتە ڕۆژهەڵاتناسی و بۆچوونەکانی لەمبارەوە مشتومڕێکی زۆریان خستۆتەوە، لە باسی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی و لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسیی بریتانی و فەرەنسیدا، وەك قوتابخانەیەکی خاوەن تایبەتمەندی زانستی مەزن باسی قوتابخانەی ئەڵمانی دەکات[4].

---

١ أحمد محمود هويدي، الإستشراق الألماني تاريخه وواقعه وتوجهاته المستقبلية ، القاهرة،٢٠٠٠،ص٣ .

٢ المصدر نفسه، ص٣.

٣ أنورمحمود زناتي ، زيارة جديدة للإستشرق مع دراسة للرؤية الإستشراقية منصفة للرسول محمد(ص) ، مكيبة الأنجلو المصرية، القاهرة ،٢٠٠٦، ص١٠٣.

٤ أدوارد سعيد ،الإستشرق (المعرفة — السلطة — الإنشاء)،ترجمة كمال أبو ديب ، ط٧، بيروت ،٢٠٠٥،ص٥٢.

ئەمانە و وێڕای ئەوەی کە دەکرێت باسی چەندین نموونەی تری لەمجۆرە بکەین کە وەك قوتابخانەیەکی بابەتی لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەڕوانن‌و و پێیانوایە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سیاسەت و ئایدلۆژیاوە نییە[٥].

ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە لە بارەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییەوە بۆچوونی ڕەها نییەو لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاواز هەیە، بۆنموونە (محمد فتح الله زیادی) نوسەر وئەکادیمی لوبنانی پێیوایە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی تەنها لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بەمجۆرە بووە، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی نوێی ئەڵمانی تایبەت دوای دۆزینەوەی نەوت لە ڕۆژهەڵات، ئەویش ئامانجی سیاسی و ئیستیعماری بووە[٦]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین بۆچوونی هەرە باو ئەوەیە کە ئەو قوتابخانەیە لەوانی تر زانستیانەتر کاریکردووە، ئەمەش لێکدانەوەو بۆچوونی جیاجیای لەنێو توێژەرانی ئەم بوارەدا هێناوەتە ئاراوە، بۆیە شیکردنەوەو کارکردن لەسەر دەرخستنی ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونانە لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەم هەڵوێستەو شیکردنەوەی هۆکارو ڕەهەندە جیاجیاکانیەوە کاری سەرەکی ئێمە دەبێت، هەر لێرەشەوە هەوڵدەدەین لەبارەی تەواوی پڕۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بکۆڵینەوە، چونکە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونەو شیتەڵکردنی هۆکارەکانی و نزیکبوونەوە لەڕاستیەکان تەنها لەو میانەیەوە دەبێت کە لە چوارچێوەی مێژووی دەرکەوتن و گەشەسەندنیدا لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بکۆڵینەوە. ئەمەش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئابووری و سیاسی و فیکری ئەڵمانیاو پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، بەمەش دەکرێت بڵێین کە لە تێکڕای مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و مۆرك و میتۆدو بەشێك لە کەسایەتییە دیارەکانی و ئامانج و ئامرازەکانی دەکۆڵینەوە، چونکە ڕۆژهەڵاتناسی بۆخۆی پڕۆسەیەکی فکری — مەعریفیە، کە لە ناوەڕۆکدا مێژووی هەوڵی ڕۆژئاواییەکانە بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات، وەك بەشێك لە بەریەککەوتن و دیالۆگی شارستانی و هاوکات ململانێی سیاسی و سەربازی لەمێژینەی نێوانیان، کە لە ڕەوتی گەشەکردنیدا بەگوێرەی ئاستی گەشەسەندنە فیکری و ئابووری و دۆخە سیاسی و سەربازییەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوەی لە مێژووی گەشەسەندنیدا کەوتووەتە ژێربارو کاریگەریی چەندین هێزو گۆڕانکاری مێژوویی جیاجیاوە، کە زادەی گۆڕان و پێکداچوون و کارلێکی عەقڵی و ڕۆشنبیری و سیاسی و سەربازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، بۆیە هەندێکجار ئەم هەوڵە لەخاڵی بێهێزی و دواکەوتنیدا بووە، زۆرجاریش لەخاڵی بەهێزی و باڵاتری و خوێندنەوەی لاوازتردایە، ئەمەش وایکردوە کە لەهەر قۆناغێکدا ئامانج و پاڵنەری جیای هەبێت، ئەویش بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئاستی فیکرو گەشەی میتۆدی بیرکردنەوەدا ئەنجام و مۆرکی جیای پێبەخشیوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆژهەڵاتناسی هەر قوتابخانەیەك هەر بەهەمان هۆکارەکانی پێشوو بەپێی قۆناغ و ئامانج و پاڵنەرو ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری و شێوازی پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا جیاوازن و تایبەتمەندی خۆیان

٥ محمود درابيسة ،الإسشتراق الألماني المعاصر و النقد العربي القديم ،أريد، ٢٠٠٣ ، ص٨ ؛هاشم جعيط ،أوروبا والإسلام، ترجمة طلال عتريس بيروت،١٩٨ ، ص٨٧ .

٦ محمد فتح لله الزيادى ، الإستشراق أهدافه و وسائله(دراسة تطبيقية حول منهج الغربيين في دراسة إبن خلدون)، بيروت، ١١٩٨٠، ص٨٧.

هەیە، هەربۆیە بۆ شیتەڵکردنی ئەو هەڵوێستەی قوتابخانەی ئەڵمانی کە پێشوتر باسکرا و تێگەیشتن لە کایەو ڕەهەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی پێویستە لە چوارچێوەی مەعریفەیەکی مێژوویيدا لەم قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییە بکۆڵینەوە، واتە خستنەڕوو شیتەڵکردنی تەواوی پرۆسەکە لە چوارچێوەی گەشەسەندنی خودی ئەڵمانیا لەهەموو لایەنەکانی (ئابووری – کۆمەڵایەتی – فیکری – زانستی – سیاسی) لەناوخۆیدا، هەروەها پەیوەندییەکانی بە ڕۆژهەڵاتەوە.

## باسی یەکەم

## ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا یەکێتی ئەڵمانیا ١٨٧١ و تایبەتمەندییەکانی.

### تەوەرەی یەکەم:

### دەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕوانینی دەمارگیرانەی ڕۆژئاوای مەسیحی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

دوای ئەوەی ماوەی چەند سەدەیەك لەژێر ستەمکاری و زەبرو زەنگدابوو دواجار لەکۆتایی سەدەی چوارەمی زاینیداو بەدیاریکراویش لەساڵی (٣٩٥ز)دا ئاینی مەسیحی لەلایەن ئیمپراتۆر (تیۆدۆسیۆسی یەکەم)(٣٧٩–٣٩٥)ەوە بوو بە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، لێرەشەوە وردە وردە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە ڕووی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسیشەوە باڵادەست دەبوو، بەسوود وەرگرتن لە پشێوی سیاسی و هێرشی هۆزە بەربەرییەکان و پوکانەوەی ئابووری و زاڵبوونی ئابووری داخراوی لادێ و پاشەکشەکردنی فیکرو زانستی ڕۆمانی، بەتێپەربوونی کات ئایینی مەسیحی بوو بە لەئامێزگری تەواوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەتایبەت دوای ڕووخانی بەشە ڕۆژئاواییەکەی ئیمپراتۆریەتەکە لە ساڵی (٤٧٦ز)دا لەلایەن هۆزە بەربەرییەکانەوە لە سەر دەستی(ئۆدۆکر –Odoacer)ی سەرکردەی هرولەکان کە بەشێك بوون لە جەرمانە ڕۆژهەڵاتییەکان و بڵاوبوونەوەی شەڕو شۆڕو بێسەروبەرەیی کارگێڕیی و شارستانی لەناوچەکەدا، بەمجۆرەش لەکۆتایی سەدەی پێنجی زاینیەوە ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەلایەك بەتەواوی کەوتەژێر باری باڵادەستی فیکرو ئایینی مەسیحی، لەلایەکی تریشەوە پوکانەوەی لایەنی ئابووری و باڵادەستی سیستەمی دەرەبەگایەتی و شەڕوشۆڕو ململانێی بەردەوامی هۆزە بەربەرییەکان و ناجێگیریی سیاسی، کە هەتادەهات ئەم بارودۆخە زیاتر دەبوو بەمایەی دواکەوتنی ناوچەکە[٧].

لەکاتێکدا کە ڕۆژئاوا بەو دۆخەدا تێدەپەڕی، لە ڕۆژهەڵاتدا و بەدیاریکراویش لە سەدەی حەوتی زاینیدا هێزێك بەناوی ئیسلامەوە لە گەورەبووندا بوو، کە زۆر بەخێرایی نەشونمای دەکردو وردەوردە

٧ کلود دلماس ، تاريخ الحضارة الأوروبية ، ترجمة تؤفيق وهبة ، بيروت ،١٩٧٠ ،ص٢٦ ؛يان دوبراتشينسکی ، أوروبا والمسيحية (المرحلة الصليبية )، ترجمة :کبرو لحدو ،ج٢، دمشق ،٢٠٠٧، ص.٦٠.

لەگەڵ هەردوو هێزی ڕۆژئاوایی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی و هاوکات ئیمپراتۆریەتی ساسانی ڕۆژهەڵاتیش کەوتە ململانێوەو پەیتاپەیتا دەخزییە ناوچەکانیانەوە، لەشکرکێشییەکانی ئیسلام هەر لە دەیەی سێیەمی سەدەی حەوتی زاینیەوە بەرەو ناوچەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتانە دەستیپێکردو لەماوەیەکی کورتدا توانیان بەتەواوی کۆتایی بەهێزێکی گەورەی ڕۆژهەڵات ( دەوڵەتی ساسانی ) بهێنن، دواتریش لە ماوەی چەند ساڵێکدا تەواوی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵات لە ناوچەکانی میسرو شام و باکوری ئەفریقا، لەژێر دەستی بێزەنتی و ڕۆم دەربهێنێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو توانیان لە دەریای ناوەڕاستیش بپەڕنەوەو بچەنە ناوخاکی ئەوروپا و بەشێکی گەورە لە ئیسپانیا داگیر بکەن و شارستانی ئەندەلوسی لێ دابمەزرێنن و بەردەوامیش لە بیری هێرشدابن بۆسەر قوستەنتینیە[٨].

کەواتە لەوماوەیەدا هێزێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتەوە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا لە ڕووی سەربازییەوە دەبێت بە مەترسییەکی گەورەو هەمیشەیی بۆ ڕۆژئاوا ، هاوکات بەو کارانەی کە کردوویەتی ئەو هێزە گرنگترین سنوورەکانی بازرگانی ڕۆژئاوای لە دەریای ناوەڕاستەوە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا داخست، جگە لەوەی کە بەگرتنی ئەو ناوچانە سەرچاوەیەکی ئابووری گەورەی لە ڕۆژئاوا دابڕی، لەلایەکی تریشەوە بەم کارانەی ئەو یەکێتیە شارستانییەی کە ڕۆژئاوا لە هەردوو بەری دەریای ناوەڕاستدا دایمەزراندبوو تێکیشکاند، هەروەها بەگرتنی ناوچەکانی میسرو شام و ئەفریقیا، ناوچە ڕەسەنە گرنگەکانی مەسیحیەتی لە ئیمپراتۆریەتی مەسیحی ڕۆژئاوا دابڕی[٩]، واتە لە ڕۆژهەڵاتەوە، بە دیاریکراویش لە نیمچەدوورگەی عەرەبیەوە لەلایەن میللەتێکی وەك عەرەبەوە کە هەتا بەر لەو بەروارە تەنها وەك داردەستێك لەلایەن ساسانی و بێزەنتییەکانەوە بەکاردەهاتن، هێزێك دەرکەوتووە کە بووەتە گەورەترین دێوەزمەی ڕۆژئاوا و ئاڵا هەڵگری ئەم هێزەش موسوڵمانەکان بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیسلامی ڕۆژهەڵات، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەسیحیەتی ڕۆژئاوا بووەتەوەو بووە بە مایەی ترسێکی گەورە بۆی، کە ئەمەش جۆرێکی نوێ بوو لە پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو دەبووە مایەی گۆڕینی تێڕوانینی ڕۆژئاوە بۆ ڕۆژهەڵات.بۆیەسەرەتای هەوڵەکانی ناسینی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژئاواوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر دەستی پیاوانی ئاینی مەسیحیەوە دەرکەوت، لەبەرئەوەی ئەوان ئاڵا هەڵگری ئەو شارستانیە بوون و لەوکاتەدا ، تەنها ئەوان خاوەن فیکرو قەڵەمی سەردەم بوون، لەسەردەستی ئەوانیشەوە سەرەتای نووسین لەسەر ئیسلام و خودی پێغەمبەر (د.خ) دەستیپێکرد، سەرەتاش لەکۆتایی سەدەی حەوتی زایینەوە لەناو پیاوانی ئایینی مەسیحی ڕۆژهەڵاتییەوە دەرکەوت، کە دیارترینیان (یۆحەننای دیمەشقی ٦٧٦- ٧٤٩ز) و (یۆحەننا کوڕی بنکایە) بوون، دواتریش پەڕییەوە بۆ ڕۆژئاواو یەکەم کەسیش لە ڕۆژئاوا ئەمکارەی ئەنجامداو چەند نووسینێکی لەبارەی ئیسلام و کەسایەتی (محەمەد)ەوە نووسی، (بەیدی بەڕێز ٦٧٣ - ٧٣٥ ز ) بوو[١٠].

---

٨ بڕوانە : سعيد عبدالفتاح عاشور ، أوروبا فى العصور الوسطى (التاريخ السياسى)،ج١ ، مكتبة الأنجلو المصرية ، القاهرة ، ١٩٧٨ ،ص١٢٧-١٣٧ ؛ محسن محمد حسين ، الإستشراق برؤية شرقية ،بيت الوراق ، بغداد ، ٢٠١١ ، ص ٣٧ -٣٨ .

٩ بڕوانە : سعيد عبدالفتاح عاشور، المصدر السابق ،ص١٢٩-١٣٠ ؛ محسن محمد حسين ، المصدر السابق ، ص ٣٧ -٣٨ .

١٠ محسن محمد حسين ، المصدر السابق ، ص ٣٨-٤٤ .

کەواتە دەستپێکی دەرکەوتنی نووسین و هەوڵەکانی ناسینی رۆژهەلات لەلایەن رۆژئاواوە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەردەستی پیاوانی ئاینی مەسیحیەوە وەك پەرچە کردارێك بۆ ترس و هەڕەشەی ئیسلام دەرکەوت، بۆیە دۆڕاوێك لەسەر دوژمنەکەی دەنووسێت و لە قۆناغێکی وا دواکەوتویی فیکرو زانستیدا و بە میتۆدێکی ئایینی دواکەوتوو، ئایا چۆن دەنووسێت؟، بێگومان بەشێوازێکی پڕ لە دەمارگیریی ئایینی و نابابەتیانە دەنووسێت،بۆیە لەو بەرهەمانەدا کە باسکراون، هەر هەمان شێواز دەبینرێت، ئەو نووسینانەی باسکران، پڕن لە هەڵەی زەق و هێرشی نابابەتیانە بۆسەر ئیسلام و کەسایەتی (محەمەد)، بەلام ئەوەی بۆ کارەکەی ئێمە گرنگە وەك رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی، ئەمجۆرە نووسینانە نابنە بەشێك لە مێژووی رۆژهەلاتناسی ئەڵمانییدا، ئەویش لەبەرئەوەی کە (بەیدی بەڕێز) لە ناوچەکانی بریتانیا لە دایکبووە[11]، نەك ناوچەکانی ئەڵمانیا و لەوکاتەشدا کەسێکی وا دیار نییە کە لەمبارەیەوە نووسیبێتی و سەر بە ناوچەکانی ئەڵمانیا بووبێت، بۆیە دەکرێت هەر ئەمەش بەشێك بێت لەو هۆکارانەی وایکردبێت بەشێکی زۆر لەوانەی لەبارەی رۆژهەلاتناسی ئەڵمانییەوە قسەیان کردبێت بلێن ئەو قوتابخانەیە بابەتییانەترە لەوانی تر، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی لەو کاتەدا بابەتییانە بووبێت، چونکە ئەگەرکەسێکی سەر بەناوچەکانی ئەڵمانیاش لەسەر ئیسلامی بنووسیایە لەو دۆخە سیاسی و ئابووری و فیکرییەدا کە باسکرا، ڕەنگە هەر بەهەمان شێواز بینووسیایە،ئەمە جگە لەوەی کە لەوکاتەدا واتا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بابەتیبوون وەك پرسێکی زانستی هەر بوونی نەبوو، بۆیە ئەوەی لەبارەی هەڵوێستی قوتابخانەی ئەڵمانییەوە لەم قۆناغەدا دەکرێت بگوترێت هەر ئەوەیە کە رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی ڕەگ و ڕیشەی لەم قۆناغەدا نییە.

هەرچەندە قسەکردن لەسەر خودی ئەڵمانیاش وەك یەکەیەکی سیاسی لەوکاتەدا، ڕەنگە زێدەگۆیی بێت، چونکە لەو سەردەمەدا دەوڵەتێك یان دەسەلاتێك بەناوی ئەڵمانیاوە نەبووە، بەڵکو تەنها سنورێکی جوگرافی هەبوو کە هۆزە ئەڵمانەکانی تێدا دەژیان، ئەویش لە دوای هاتنەناوەوەی هۆزە بەربەرەکان بۆ ئەوروپا ئەو هۆزە ئەلمانانە بەرەو کەمی چوون و خزینە رۆژئاوای رووباری ئەلب و بەپەرتەوازەیی و بەبێ بوونی دەسەلاتێکی یەکگرتوو لەو ناوچەیەدا ژیاون، هەتا ئەوکاتەی (شارلمان) توانی سیستەمێکی بەرگریکردنی تاڕادەیەك یەکگرتوو لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێت، بەلام لەدوای مردنی (شارلمان) لە ساڵی (٨١٤)داجارێکی تر پەرتەوازەبوونەوە، هەتا ئەوکاتەی کەدوای دابەشکردنی ئیمپراتۆریای کارۆلینجی لە دوای پەیماننامی ڤێردانەوە لە ساڵی (٨٤٣)دا ناوچەکانی ئەڵمانیاکەوتوونە ژێر دەسەلاتی (لویسی دووەم) و سنوورەکانی ئەو ناوچانەی فراوانتر کرد، دوای نەمانی دەسەلاتی ئەویش ئیتر سنووری ئەم ناوچانە بەگوێرەی بەهێزی و بێهێزی پاشاکان لە هەڵکشان و داکشاندا بووە[12]، هەتا ئەوکاتەی (هنری سەکسۆنی) لە ساڵی (٩١١)دا حوکمی بنەماڵەی سەکسۆنی لە ئەڵمانیادا دامەزراند[13].

---

١١ محسن محمد حسین، المصدر نفسة ،ص ٤٣.

١٢ بڕوانە : محمود سعید عمران ، تاریخ أوروبا فی العصور الوسطی ، النهضة ، العربیة ، بیروت ،٢٠٠٦، ص٢١٤– ٢١٥.

١٣ بنەماڵەی سەکسۆنی لە ١٠٠٢ بە مردنی هنری دووەم کۆتاییان پێهات دوای ئەویش بنەماڵەی (سالیە یان فرانکۆنی ) هاتنە سەر حوکمی ناوچەکانی ئەڵمانیاو تا ساڵی ١١٢٥ حوکمیان کردوە لەدوای ئەمانیش بنەماڵەی هشتاوڤن حوکمی ناوچەکەیان

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی باسكرا، هـیچ ئاماژەیـەك لـە سەرچـاوە مێژووییەكانـدا لـەبارەی نووسـینی كەسێكی سەر بەو ناوچانە لە بارەی رۆژهەلاٌتەوە، نەهاتووە. تەنانەت شتێكی ئـەوتۆ كـە جێگـەی بایـەخ بێت سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەو ناوچانەو ئیسلام یان رۆژهەلاٌت لەبەردەستدا نییە. پەیوەندی ئـەم ناوچانە بە ئیسلامەوە زیـاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی (ئۆتـۆی یەكـەمی گـەورە ٩٢٦-٩٧٣)، كـە بـە دامەزرێنەری شانشینی ئەلٌمانی دادەنرێـت[١٤]، لەسەردەمی ئەودا، بەگوێرەی هەندێك لـە سەرچـاوەكان لـە ساڵی (٩٥٦)دا باڵیۆزی خەلیفـەی ئیسـلام لای ئیمپڕاتـۆر بـووەو بـاڵیۆزی ئـەویش لای خەلیفـەی ئیسـلام بووە، بۆیە ئەو سەرچاوانە ئەمە بە سەرەتای پەیوەندییەكانی ئەو دوو لایەنـە دەزانـن [١٥]، كـە پێدەچێت هەر ئەمـەش وای لـەو كەسـانە كردبێت كـە باسـی رۆژهەلاٌتناسـی ئـەلٌمانی دەكـەن پێیانوابێـت هۆكـاری بابەتیبوونی ئەو قوتابخانەیە ئەوەیە، كە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا پەیوەنـدی ئـەو ناوچـانە و ئیسـلام، ، جیاواز لە ناوچەكانی تری ئەوروپا، پەیوەندییەكی ئاشتییانە بووە نەك سەربازییانە[١٦]، بەلاٌم ڕەنگە ئەمـە پاساوی ئەو هەڵوێستەی رۆژهەلاٌتناسی ئەلٌمانی نەبێـت بەئەندازەی ئەوەی كە لەوكاتەدا هـیچ بەرهـەمێك لەبارەی نووسینی ئەلٌمانەكان لەسەر رۆژهەلاٌت لەو قۆناغەدا، لە سەرچاوەكاندا لەبەردەستدا نییـە، جگـە لەوەی كە لەهەندێك سەرچاوەی تردا باس لەوە كراوە هەر لەكۆتایی سەردەمی (ئۆتۆی گەورە)دا، ئۆتۆی گەورە رووبەڕووی شەڕی ئیسلام بووەتەوەو هەر لەو شەڕەشدا مـردووە، تـرس و هەڕەشـەی ئیسـلامیش یـەكێك بـووە لـە كێشـەكانی (ئۆتـۆی دووەم)یـش (٩٧٣- ٩٨٣)، هــەتا مردنـی[١٧]. واتــە پەیوەنـدی سەربازییانەو هەڕەشـەش لـەنێوان ناوچـەكانی ئـەلٌمانیاو ئیسـلامدا هـەبووە، نـەك وەك دەڵـێن لـە ئـارادا نەبووە. كەواتە ڕاستییەكە ئەوەیە كە لەو مـەودا مێژووییـەدا هەوڵـەكانی ناسـینی رۆژهـەلاٌت و بەرهـەم و نووسین لەبارەی رۆژهەلاٌتەوە لە ناوچە ئەلٌماننشینەكان دەرنەكەوتووە، نەك پەیوەنـدی باشـیان هـەبوو، بۆیە بابەتیانە بوون، بۆیە ئەوەی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیكە ئەوەیە كە ناكرێت لەو قۆناغەدا قسە لەسـەر خودی رۆژهەلاٌتناسی ئەلٌمانی بكرێت نەك هەڵوێستیان.

---

كرد تاساڵی ١٢٧٢ و دوای نەمانی ئەمانیش ناوچەكە لە سـاڵی ١٣٠٨ ەوە كەوتـە دەسـت بنەماڵـەی لگسـمبۆرگ ....، بڕوانـە : محمود سعيد عمران ، المصدر السابق ، ص٢٢٠-٢٥١ .

١٤نورمان ف. كانتور ، التاريخ الوسـيط (قصـة حضـارة البدايـة والنهايـة)، ترجمـة وتعليـق : قاسـم عبـدة قاسـم ،عـين ، القـاهرة ، ص٣٠٤.

١٥ محمد فتح الله الزيادی ، المصدر السابق،ص٧٥.

١٦بڕوانە: هاشم جعيط ، المصدر السابق،ص٨٧ ؛ الإستشراق نافذة لتمو العلاقات www, 3c.org.

١٧نورمان. ف. كانتور ، المصدر السابق ،ص٣٠٤ .

**تەوەری دووەم:**

**گەشەسەندنی ئەوروپا لە دوادواییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و گۆڕانی تێڕوانینیان بۆ ڕۆژهەڵات.**

لەڕاستیدا لەو ماوەیەدا کە باسکرا، ئیسلام تەنها لەرووی سەربازی و سیاسییەوە بالآ دەست نەبوو، بەڵکو دوای ئەو سەرکەوتنانەو دوای ئەوەی بوو بە تاکە هێزی ڕۆژهەلآت، هاوکات بوو بەمیراتگری تەواوی فیکری ڕۆژهەلآتی کۆن و شارستانیەتی هیلنستی، ئیدی شانبەشانی فراوانخوازییەکانی و گەشەسەندنی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی چەندین ناوچەو سەرچاوەی ئابووری گرنگ، پێشکەوتنە فیکری و شارستانی و زانستییەکانیش لە ناوچەکانی ژێردەسەلآتی ئیسلام لە برەوی بەردەوامدابوون، بەڕادەیەك کە لەوکاتەدا ڕۆژئاوا لەدواکەوتویی فیکری و زانستیدا دەژیا، لە ڕۆژهەلآتدا دەیان ناوی گەورەی وەك: (جابر بن حیان) (٨١٣م )و (الخوارزمی) (٨٣٥م )و (أبوبکرالرازی) (٩٣٢م )و (إبن سینا)(١٠٣٧م) و (إبن الرشد)(١١٩٨م)، لە بوارەکانی کیمیاو فەلەکناسی و پزیشکی و فیکرو فەلسەفەدا دەدرەوشاونەوە، بۆیە لەوکاتەدا ڕۆژهەلآت بەبەراورد بە ڕۆژئاوا، زۆر پێشکەوتوتر بوو[18]، بەلآم هەر لە سەرەتای سەدەی یازدەوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئامێرەکانی کارو هێوربوونەوەی شەڕوشۆڕی هۆزە بەربەرییەکان و زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی، وردەوردە بووژانەوەی ئابووری و گەشەسەندنی بازرگانی و پیشەگەری دەرکەوتن و شارەکان لە ڕووی دیمۆگرافیەوە بووژانەوە، ڕێژەی دانیشتوان هەتا دەهات لە زیادبوونداببوو، بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا جێگیریی سیاسی و پێشکەوتنە ئابوورییەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا لە برەودابوون[19]، هێدی هێدی بەسەر لایەنی فیکرو زانست و تەواوی کایەکانی ژیانەوە کاریگەر دەبوون، ئەمەش وایکرد پێکهاتەی فیکری و زانستی کلێسای کاسۆلیکی لەوماوەیەدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەر ڕەخنە بکەوێت هاوکات لەپێناو بەردەوامبوون لەگەشەکردنەکەیدا بەرەو پێشهاتە فکیریەکان و بنەما فیکریە پێشکەوتووەکان ئاڕاستە بگرن، کە ئەوکات لەچاو ناوچەکانی خۆیانەوە لە ڕۆژهەلآت هەبوون[20]. ئەمە جگە لەوەی کە پێشکەوتنە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا وکرانەوەی دەریای ناوەڕاست بەڕوویاندا لە دوای جەنگی خاچیەکانەوە، بازرگانیکردنی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، کرد بە پێویستییەکی گرنگی ڕۆژئاوا، واتە تەواوی ئەو دۆخە ئابووری و کۆمەلآیەتیو فیکرییە نوێیەی ڕۆژئاوا لەو ماوەیەدا، نزیکبوونەوەو تێگەشتنی لە ڕۆژهەلآت کردبوو بە پێویستییەکی مێژووی بۆ ڕۆژئاوا، لەبەرئەوە لەو ماوەیەدا بە هەردوو ڕێگەی سەربازی و فیکریدا دوو جوڵەی مێژوویی گەورە لە پەیوەندییە مێژووییەکانی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا دەرکەوتن، کە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر نزیکبوونەوەی

١٨نورمان ف.کانتور، المصدر السابق، ص ٣١٣ ، محمد الخطیب ،حضارة أوروبا فی العصور الوسطی ،دار علاءالدین ،دمشق ، ٢٠٠٦، ص٢٠٣–٢٠٨؛ سعید عبدالفتاح عاشور ، المصدر السابق ، ص١٣٧–١٤٣.

١٩نعیم فرح، تاریخ أوروبا فی العصور الوسطی ، جامعة دمشق، ١٩٧٨ ؛ ص٢٣٥ Carl Stephenson, Medieva Historyl, new yark, 1951,p2.

٢٠نورمان ف. کانتور ، المصدر السابق ، ص ٤٨٤.

رۆژهەلاَت و رۆژئاواو گەشەسەندنی هەولّەکانی ناسینی رۆژهەلاَت لەلایەن رۆژئاواوە واتا رۆژهەلاَتناسی، ئەوانیش جەنگی خاچپیەکان و بزووتنەوەی وەرگێڕان بوون.

ئەگەرچی زۆردەمێك بوو هەندێك لە پاپاکان شەڕی ئیسلامیان بە شەڕێکی پیرۆز بۆ مەسیحیەکان راگەیاندبوو، بەلاَم لە سەدەی یازدەداو بە دیاریکراویش لە ساڵی (١٠٩٥)دا لە کۆبوونەوەی کلیرمۆنی لە فەرەنسا پاپا (ئەربانی دووەم)( ١٠٨٨-١٠٩٩)، بریارِی یەکەم هێرشی خاچپیەکانی بۆسەر موسوڵمانەکان راگەیاند[٢١].

لێرەوە هەتا نزیکەی دوو سەدە دواتر، رۆژئاواییەکان چەند شالاَوو هێرشێکی جیاجیایان کردە سەر ناوچەکانی رۆژهەلاَت، کە بە لەشکرکێشی خاچپیەکان ناسراون [٢٢]، هۆکارو وردەکارییەکانی ئەم هێرشانە هەرچییەك بوويێت بۆ ئێمە ئەوەندە گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی ئەم هێرشانە کاریگەریی گەورەیان هەبوو لە نزیکبوونەوەی رۆژئاواییەکان لە رۆژهەلاَت و هاتنیان بۆ ناوچەکەو زیاتر ئاشنابوونیان بەتەواوی لایەنەکانی ژیان و بردنەوەی بۆ ناوچەکانی خۆیان و دەرکەوتنی کاریگەربوون بە فیکرو کلتورو شارستانی رۆژهەلاَت، لە رۆژئاواو هەولّەکانی ناسینی ئەم شارستانیەتە لەویَ. لەبەرئەوەی قۆناغێکی زۆر گرنگ بوو لە قۆناغەکانی پەیوەندی نێوان رۆژهەلاَت و رۆژئاواو دەرکەوتنی بایەخدانی رۆژئاواییەکان بە نووسین لەسەر رۆژهەلاَت، چونکە سەرەڕای ئەو ئاشناییەو نزیکبوونەوەکەی کە باسکرا، هاوکات شکستی سەربازی رۆژئاواییەکان لەم جەنگەدا وای لە بەشێکی زۆر لە بیریارانی ئەوکاتەی ئەوروپا کرد، بیر لە ناسینی کەلتورو فیکری رۆژهەلاَت بکەنەوەو بانگەشەی بۆ بکەن[٢٣]، هەربۆیە بەشێك لە پسپۆڕانی بواری رۆژهەلاَتناسی رووداوەکانی ئەم جەنگە بەسەرەتای رۆژهەلاَتناسی دەزانن[٢٤]. هەروەها هەندێك لەوانەی باس لە رۆژهەلاَتناسی ئەلّمانی دەکەن پێیانوایە سەرەتای ئەم قوتابخانەیە لەوێوەوە دەستیپێکردووە کە ئەلّمانە بەشداربووەکانی ئەم جەنگە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ناوچەکانی خۆیان رۆڵیان هەبوو لە ئاشناکردنی ناوچەکەیان بە کەلتورو فیکری شارستانیەتی رۆژهەلاَت[٢٥].

هاوکات لەگەلّ هێرشی خاچپیەکاندا و هەر لەوماویەدا بەشێکی زۆر لە بیریارو زانایانی رۆژئاوا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە فیکری و زانستییەکانی رۆژئاواو تێرکردنی پێداویستییەکانیان لەو رووەوە، رووبانکردە ناوچەکانی رۆژهەلاَت، بەتایبەت ئەندەلوس، لەوێدا بە فیکرو فەلسەفەو کەلتوری رۆژهەلاَت ئاشنابوون و بەڕادەیەکی زۆر پێی کاریگەربوون و بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەیان وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی، لەم رووەشەوە چەندین ناوی وەك: (پوتروسی بەڕێز) (١٠٩٢-١١٥٦)، (ریمۆندلول) (١٢٣٥-١٣١٦) و (روجیربیکۆن)(١٢١٤-١٢٩٤) و چەندینی تر دەرکەوتن، کە بەدەیان تێکستی فەلسەفی و ئایینی و بەرهەمی ئەدەبیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی بەقورئانیشەوە و لە بەرهەمەکانیاندا

٢١ مصطفى وهبة ، موجز تاريخ الحروب الصليبية ، مكتبة الايمان ،القاهرة ، ١٩٩٧،ص٩.

. ٢٢ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم جەنگەوە بڕوانە : سعيد عبدالفتاح عاشور ، المصدر السابق ،ص ٤٢٤ -٤٥٢.

٢٣ بڕوانە :ريتشارد سوذرن ،صورة الإسلام فى أوروبا فى القرون الوسطى ،ترجمة رضوان السيد ، بيروت ، ١٩٨٤ ،ص٦٤-١٢٣.

٢٤ بڕوانە : أنور محمود زناتي ، المصدر السابق.ص٦٦.

. ٢٥ حسين يوسف و فارس عزيز المدرس ، مدخل الى الإستشراق (الدلالة ،التاريخ ،المنهج) ، جامعة الموصل ، ٢٠١١، ص١٢٦. .

سودیان لێبینیون[٢٦]، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و لەبارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییەوە بایەخی هەیە ئەوەیە کەیەکێك لەکەسە دیارەکانی ئەو ماوەیە، (ئەلبێرتی گەورە) (١١٩٣–١٢٨٠) بووە، کە زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووەو بە ڕەچەڵەك ئەڵمانییە، (ئەلبێرتی گەورە) یەکێکبوو لەو بیریارانەی کە سوودێکی زۆری لە بەرهەمەکانی (الفارابی) (٨٧٣م –٩٥٣م )و (إبن سینا) (٩٨٠م–١٠٣٧م) و( الغزالی) (١٠٥٧م –١١١١م) وەرگرتووە، لە زۆربەی مشتومڕە فەلسەفییەکاندا ڕێچکەی ئەوانی گرتۆتەبەر و بەدەیان تێکستی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی و سوودی لێوەرگرتوون، لەم ڕووەوە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر ناساندنی کەلتوری ڕۆژهەلات بە ڕۆژئاواو ناوچەکانی ئەڵمانیا هەبووە[٢٧]، هەربۆیە هەندێك لە سەرچاوەکان کە باسی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەکەن کارەکانی ئەم پیاوە بەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو قوتابخانەیە دەزانن، ئەگەرچی هەندێکی تر تەنانەت خودی ئەڵمانەکانیش ئەم بۆچوونە بەڕاست نازانن، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر کارەکانی ئەلبێرتی گەورە سەرەتای راستەقینەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش نەبن، بەڵام بەشێکی گرنگن لە مێژووی ئەو قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا، کاریگەریی باشیان هەبووە لەوەی ئەڵمانەکان بە ڕۆژهەلات بەگشتی و بەتایبەت بە ئیسلام ئاشنابکەن.

جگە لە بەشداربووانی جەنگی خاچییەکان و کارەکانی (ئەلبێرتی گەورە)، ناکرێت ڕۆڵ و کارەکانی پاشا (فرەدریکی دووەم)(١٢١٢–١٢٥٠)، کە حاکمی ناوچەی سەقلیە بوو، پاشان بوو بە پاشای ناوچەکانی ئەڵمانیا، وەك بەشێکی تر لە قۆناغەکانی رەوتی گەشەسەندنی پرۆسەی ناسینی ڕۆژهەڵات لە ئەڵمانیا لە بیربکرێت، چونکە فرەدریکی دووەم زۆر کاریگەر بووە بە کەلتورو فەرهەنگی عەرەبی ئیسلامی و زمانی عەرەبیشی زانیوەو هەر بەو زمانەش بەردەوام فیکرو زانست و لۆژیکی لەگەڵ زانا عەرەبەکاندا تاوتوێکردووە، ئەمەش بۆخۆی تاڕادەیەك کاریگەری هەبووە لەوەی کە ئەڵمانەکان زیاتر بەکەلتورو زمان و شارستانیەتی ڕۆژهەڵات ئاشنابن[٢٨].

کەواتە ئەگەرچی ئەم کارانە، سەرەتای راستەقینەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر گرنگن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنی ئەو قوتابخانەیە کە لەو ماوەیەدا دەرکەوتوون، ئەمە لەوکاتەدا کە کارە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەم قۆناغەدا لە چاو قۆناغی پێشووتر، سەرەڕای ئەوەی لە رووی چەندایەتییەوە فرەتر بوون، هاوکات لە رووی چۆنایەتیشەوە هەرچەندە هەتا ئەوکاتیش هەر لەسەردەستی پیاوانی ئاینی مەسیحییەوە ئەنجامدراون و میتۆدی لێکۆڵینەوە هەر ئایینی و دواکەوتووبووە، ئیسلام هەر مەترسی بووە بۆ رۆژئاوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی وەك هۆکاری پڕکردنەوەی کەلێنە فیکریەکان وهاوکات ئیسلام لە خۆیان

---

٢٦ أنور محمود زناتی ، المصدر السابق.ص٦٦ ؛ريتشارد سوذرن ، المصدر السابق ،ص ٧٦–١١٠.

٢٧ عبدة فراج ، معالم الفكر الفلسفى فى العصور الوسطى ، القاهرة ، ١٩٦٩ ،ص ٢٠٨–٢١٠ ؛ يحيى مراد ،إفتراءات المستشرقين على الإسلام ورد عليها ، بيروت ،٢٠٠٤، ص ٤٣–٤٤.

٢٨ بروانە : مكسيم رودنسون ، جاذبية الإسلام ، ترجمة ألياس مرقص ، بيروت ، ٢٠٠٥، ص ٣٠–٣١.

پێشکەوتووتر تەماشا دەکرا، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنە ئابووری و زانستی فیکرییەکانی ئەوکاتەی رۆژئاوا، لەو قۆناغەدا تارادەیەك تێڕوانینی رۆژئاوا بۆ رۆژهەلأت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە چەندین دەقدا باس لەوە کراوە کە ئیسلام تەنها ئایینی ترس و هەڕەشە نییە، بەڵکو ئایینی فیکرو زانستیشە، ئەم تێڕوانینە بە روونی لە کارەکانی (ئەلبێرتی گەورە)و مەیلەکانی فردریکی دووەمدا دەردەکەوێت. کەواتە رۆژهەلأتناسی ئەڵمانی، سەرەتا و ڕیشەی لە قۆناغێکی پێشکەوتووتر دەرکەوتووە لە چاو ناوچەکانی تری رۆژئاوا، کە تارادەیەکی زۆر لەو قۆناغەدا بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتر، گۆڕان روویدابوو بەسەر تێڕوانینی ئەوروپییەکاندا بەرامبەر بە رۆژهەلأت، ئەمەش رۆڵی هەبووە لەوەی ئەم قوتابخانەیە زیاتر مۆرکی بابەتییانە وەربگرێت و بەشێکی زۆر لە پسپۆڕانی ئەم بوارە وەك قوتابخانەیەکی بابەتییانەتر لێی بڕوانن.

### تەوەرەی سێیەم: سەردەمی نوێ.

لەدوادواییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هێدی هێدی دیاردەکانی بەرەوپێشچوونی ئابووری و فیکری و کۆمەلأیەتی لە رۆژئاوای ئەوروپا چەکەرەیان کردوو لە نەشونمای بەردەوامدا بوون، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا شارستانی ئیسلامی لە رۆژهەلأت وردە وردە بەهۆی بالأدەستی توێژێکی سیاسی لاوازەوە، دوای پەڕینەوەی بەربەرەکانی باکوری ئەفریقیا بۆ ئەندەلوس و دەستگرتنیان بەسەر دەسەلأتی ئەو ناچەیەدا و بالأدەستبوونی سەلجوقیەکان لە بەشی رۆژهەلأتی جیهانی ئیسلامیدا، بەرەو لاوازی دەچوو، چونکە ئەم دەسەلأتانە کەمتر بایەخیان بە پێشکەوتنە ئابووری و فیکرییەکان دەداو زیاتر سەرگەرمی کێشەو ململانێی نێوخۆیی بوون. دوای ئەمەش ناوچەکانی رۆژهەلأت کەوتنە بەر شالأوی نەپساوەی هێرشەکانی مەغۆل و جەنگیز خان و هۆلاکۆ، بەمەش ئەم ناوچانە گرفتاری بەشبەش بوون و ناجێگری سیاسی درێژخایەن بوون و وردەوردە توخمەکانی مانەوەیان لە پێشکەوتوویی لەدەستدەدا[٢٩]، لە سەدەی شازدەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی رۆژئاوا هاتنە ناوچەکانی رۆژهەلأت وبە تایبەتی لەدوای دۆزینەوە جوگرافیەکان کاتێك توانیان شوێن پێ لەم ناوچانە قایم بکەن . شانبەشان لەگەڵ ئەو گەشەسەندنە ئابوورییانەدا، بنەماکانی شارستانی رۆژئاوا لە برەودابوون و کەلتورو شارستانی شار تا دەهات زیاتر پێشدەکەوت، لە رووی زانستی و فیکریشەوە، تا دەهات ئەوروپا گەشەی دەکردو بەدەرکەوتنی جووڵەکانی ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی ئایینی لە رووی فیکرو زانستیشەوە پێیاننایە قۆناغێکی نوێ و میتۆدێکی نوێتر لە لێکۆڵینەوەو گەڕان بە دوای راستییەکاندا، کە زیاتر میتۆدێکی مرۆییانە بوو، نەك میتۆدی ئاینییانەی مەسیحی، ئەمە جگە لەوەی لەوکاتەدا لەبری دەسەلأتە گشتگیریەکانی جیهانی کاسۆلیکی و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە رۆژئاوای ئەوروپادا هەبوون، چەند دەسەلأتێکی ناوەندی، یان چەند دەوڵەتێکی پاشایەتی کە خاوەن ئابووری و بەرژەوەندی سەربەخۆبوون، وەك بریتانیا و فەرەنساو ئیسپانیاو پورتوگال دەرکەوتبوون و بەدوای بەرژەوەندییە

---

٢٩نورمان ف .کانتور ، المصدر السابق ، ص ٣١٥-٣١٧.

ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەکانیاندا وێڵبوون و هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەیانڕوانیە ڕۆژهەلأت، نەک مەسیحیبوون و ئیسلامی بوون.

کەواتە لەم قۆناغەدا ڕۆژئاواییەکان وەک ئیسلامی دوژمن و ترس لە چاوی پیاوە ئاینییە مەسیحییەکانەوە لە ڕۆژهەلأتیان نەدەڕوانی، بەڵکو زیاتر وەک شوێنێکی بایەخدار بۆ بازرگانی و بەرژەوەندییەکانیان و لەچاوی پاشاو ئیمپراتۆرەکان و لە ڕێگەی زاناو ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی دوای ڕێنیسانسەوە دەیانڕوانیە ڕۆژهەلأت، کە هەموو ئەمانە راستی و زانیاری دروستو راستەقینەتر و وردتریان پێویست بوو، بۆیە لەم قۆناغەدا ڕۆژهەلأتناسان تاڕادیەکی زۆر لە چاو قۆناغی پێشووتر بابەتییانەو زانستییانەترن، ئەگەرچی هەتا ئەوکاتیش تاڕادەیەك کاریگەریی میتۆدی ئاینیی هەرمابوو، بەلأم لەچاو قۆناغی پێشوتردا جیاوازتربوو، هاوکات یەکێك لە مۆرکە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلأتناسی لەم ماوەیەدا ئەوەیە کە لێرەوە بە تەواوی ڕۆژهەلأتناسی سەربەخۆیی هەر ولأتێك دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیە بەڕادەیەکی زۆر دەبێتە پاشکۆیەکی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتەکان بەرامبەر بە ڕۆژهەلأت، لێرەوە دەکرێت بەدروستی قسە لەسەر مێژوو و مۆرك و میتۆدی ڕۆژهەلأتناسی هەر ولأتێك لە ولأتە ڕۆژئاواییەکان بکرێت، چونکە هەر لێرەوە ئیدی ڕۆژهەلأتناسی و گرنگیدان بەناسینی ڕۆژهەلأت لەو ولأتانەدا بایەخی زۆری پێدراوەو بۆ یەکەمجار لە سەدەی شازدەدا چاپەمەنی بە پیپتی عەرەبی لە بەشی زۆری ئەو ولأتانەدا دەرکەوت و چەندین کتێب و بەرهەم کەوتنە بەردەست.کە بە پێی بایەخی ڕۆژهەلأت بۆ ئەو ولأتانە چەندین قوتابخانەو کورسی و بەشی تایبەت بە خوێندنی زمانە ڕۆژهەلأتییەکان لەو ولأتانەدا دەرکەوتن و بایەخێکی زۆر بەدەرچووانی درا، بۆ کارکردن لە باڵیۆزخانە وشوێنە دیپبلۆماسیەکان و ولأتەکانیان لە ڕۆژهەلأتدا.

کەواتە لێرەوە دەکرێت بەپێی جۆرو قەبارەو ئاستی پەیوەندی و بەرژەوەندی هەر ولأتێك لە ولأتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەلأتدا بەدوای چەندایەتی و چۆنایەتی و مۆرك و میتۆدی ڕۆژهەلأتناسی ئەو ولأتەدا بگەڕێین و شیتەڵی بکەین، هەربۆیە بۆ ئەوەی مۆرك و میتۆدی ڕۆژهەلأتناسی ئەڵمانیش لەو ماوەیەدا تێبگەین، پێوستە جارێکیتر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەوکاتەی ئەڵمانیا و ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەلأتدا.

لەڕاستیدا ئەگەر لە دۆخی ئەوکاتەی ئەڵمانیا وردببینەوە بەوە دەگەین کە ئەڵمانیا لەو ماوەیەدا لە رووی پەیوەندی بە ڕۆژهەلأت و سیستەمی دەوڵەتەوە، لەچاو بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی تری ڕۆژئاوای ئەوروپاوە، لەدۆخێکی تەواو جیاوازدا بووە، چونکە ئەڵمانیا لەوکاتەدا بەتەواوی ترسێکی گەورەی لە ئیسلام هەبوو، هەرچەندە لەو کاتەدا شارستانیەتی ئیسلام لە پاشەکشەکردندابوو، بەلأم لە رووی سەربازییەوە ئەو دەوڵەتەی کە بەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە لەساڵی (١٢٢٩)دا دامەزرا، توانیبووی ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ڕۆژئاوا و لە پێشکەوتنە سەربازیەکانیدا بەردەوامبوو، بەڕادەیەك لەساڵی (١٥٢١)دا دەستی بەسەر بەلگراددا گرت و دواتریش لەساڵی (١٥٢٣)دا ڕۆدس و لەساڵی (١٥٤١) چووە ناو

مەجەرەوە، کە بەتەواوی لە ئەڵمانیا نزیکبووەوەو ئابلۆقەی شاری ڤیەننایاندا[30]، ئەم مەترسییەیان بۆ ڕۆژئاوا بارتەقای ترس و هەڕەشەی ترسی یەکەمی سەدەی حەوتەم بوو، بەلاَم ئەمجارەیان لەسەر ناوچانەکانی ئەڵمانیا زیاتربوو، چونکە لەلایەکەوە لە سنورەوە لەو ناوچانە نزیکبوون، لەلایەکی تریشەوە، لە سەدەی دوازدە بەدواوە ئەڵمانیا خۆی بەناوەندی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز دەزانی و (دایتی ئەڵمانی) پەرلەمانی فەرمی ئیمپراتۆریەکە بوو، کە لەوکاتەدا خۆی بەدەسەلاَتی گشتگیرو بەرپرسی پاراستنی ئەوروپای مەسیحی دەزانی[31].

کەواتە قۆناغی دووەمی مەترسی ئیسلام بۆ سەر ڕۆژئاوا لەو ماوەیەدا، کە دەوڵەتی عوسمانی بوو، زیاتر ئەڵمانیای گرتبووەوە، لەوکاتەشدا لە ئەڵمانیا ریفۆرمی ئاینی دەستی پێکردبوو،کە (مارتن لۆتەر)[32] ، بزوتنەوەکەی ڕاگەیاندبوو، بۆیە (مارتن لۆتەر) وەك پێشەوای جوڵەیەکی ئایینی، وەلاَمدانەوەی ئەم مەترسییە کە بەمەترسی تورکەکان بۆ سەر ئەوروپا ناسرابوو، وەك پیاوێکی ئاینی مەسیحی گرتە ئەستۆی خۆی، بەلاَم ئەمجارەیان کاسۆلیکی نەبوو، لە ئەڵمانیاوە وەلاَمی هەڕەشەی تورکەکان دەداتەوەو لێرەشەوە لە ڕوانگەی ئەم دۆخە سیاسی و سەربازییەوە خوێندنەوە بۆ ئیسلام دەکات و لێیدەڕوانێت.

لۆتەر هەر لەساڵی (١٥٠١)ەوە لەو نامانەدا کە دژی کڵێسای ڕۆمانی دەینووسین ئاماژەی بە مەترسی تورکەکان کردووە، دواتریش لە ساڵی (١٥٢٤) بەدواوە چەند بابەتێکی لەبارەی خودی ئەو مەترسییەوە بەناوی (نامەکانی تورکەکان)ەوە نووسیوە، لەوانە نامەیەك بەناوی (دەربارەی جەنگ لە دژی تورکەکان) و (ئامۆژگاری جەنگی دژی تورکەکان)[33]. دواتریش لەساڵی (١٥٤٢)دا کتێبەکەی (ریکۆڵدۆ دامنتییکرۆس Damontecroce Ricoldo)ی بەناونیشانی (وەلاَمدانەوەی قورئان) ەوە وەرگێڕاوەیە سەر زمانی ئەڵمانی، کە یەکێك بوو لەو کتێبانەی کە لە سەدەی سێزدەدا بە زمانێکی زۆر زبرو دژە ئیسلام نووسرابوو، خۆیشی پێشەکییەکی درێژو پاشکۆیەکی بۆ نووسیوەو تیایدا هەڵوێستی توندی خۆی لەبارەی ئیسلامەوە دەربڕیوە[34]. ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی (١٥٤٣)دا مارتن لۆتەر نوسخەیەکی قورئانی بە زمانی لاتینی بەدەستهێناوەو خوێندوویەتییەوە[35]، و چەند هەڵوێستێکی لەبارەی ناوەڕۆکی قورئان و پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکانی ئیسلام نووسیوە. ڕاستیەکەی هەڵوێستی لۆتەر وەك پیاوێکی ئاینی مەسیحی کە ئەویش وەك ترسێکی سیاسی و سەربازی و هەڕەشەیەکی ئایینی دەڕوانێتە ئیسلام، لەزۆر

٣٠ لودفيغ هاغمن ،مسيحية ضد الإسلام ،(حوار إنتهى إلى الإخفاق )، ترجمة محمد جديد ، تقديم رضوان السيد ، ط٢ ،٢٠٠٥ ، ص١٢٦.

٣١ بڕوانە : محمد محمد صالح ، المصدر السابق ،ص١٨– ١٩.

٣٢ مارتن لۆتەر لە ساڵی ١٤٨٣لە ناوچەی ئاییسلبن لە ئەڵمانیا لە دایکبووەو لە ساڵی ١٥١٧ و بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی لە دژی کڵێسەی ڕۆما ڕاگەیاندو ئاینزایەکی نوێی مەسیحی دامەزراندوە ، The Cambridg Modern History,vol(2),pp108-115.

٣٣ لودفيغ هاغمن ، المصدر السابق ،ص١٢٦–١٢٧.

. ٣٤ ريشتارد سوذرن ، المصدر السابق ، ص١٥٠–١٥٣.

٣٥ لودفيغ هاغمن ، المصدر السابق ،ص١٣٩–١٤٢.

شوێندا لە هەڵویستی پیاوە ئاینییەکانی سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست نزیکەو ئەویش بەهەمان چاو لە ئیسلامەکان دەڕوانێت و وەك ئەوان ئیسلام بە دوژمنی خوداو داردەستی شەیتان لە قەڵەم دەدات، پێیوایە کە ئیسلام دەوڵەتی کۆتایی زەمانەو بەشێکە لەو دیاردانەی کە دەبنە هۆکاری هاتنی دەجال. ئەمە جگە لەوەی لەسەر خودی کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ)یش هەڵوێستێکی زۆر توندی نواندووە، وەك کەسێك کە کەوتووەتە ژێرباری درۆو شەیتانەوە، باسی دەکات و دەڵێت: بەمە قورئانی داناوە، بۆ شێواندنی باوەڕی مەسیحی و هیچ کاتێك وەك ئایینێکی ئاسمانی مامەڵەی لەگەڵ ئیسلام و قورئاندا نەکردووەو (محەمەد)ی وەك پێغەمبەر نەناساندووە[٣٦]، کەواتە ئەم هەڵوێستەی لۆتەر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵوێستەکانی تری سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نییە، بگرە توندتریشە بەڵام ئەوەی کە جیاوازە ئەوەیە، (مارتن لۆتەر) وەك بەشێك لە شەڕەکانی لەگەڵ کڵێسای ڕۆما، پێیوایە کە نابێت لە بەرامبەر ئیسلامدا پەنا بۆ جەنگ ببرێت، واتا جەنگی خاچییانە ڕەتدەکاتەوە، بەو بیانووەی کە هێرشی تورکەکان سزای خودایە بۆ مەسیحیەت، چونکە لەناوخۆدا گەندەڵ و خراپن، بەڵکو دەڵێت جەنگ لەگەڵ ئیسلامدا وەك جەنگانە لەگەڵ ئیرادەی خودادا، بۆیە ئەو زیاتر بانگەشەی ناسینی ئیسلام دەکات، کە لێرەدا زیاتر لە بۆچوونی کۆتاییەکانی سەدەی دوازدەو سەرەتای سەدەی سێزدەوە نزیکە، واتە بۆچوونی پیاوانی وەك ڕۆجیربیکۆن و جۆن ویکلف و ئەوانەی داوایان دەکرد کە زیاتر لە ئیسلام تێبگەن نەك بە جەنگ ڕووبەڕووی ببنەوە[٣٧].

کەواتە ئەوکاتەی ئیسلام بوو بە ترسێکی سیاسی وسەربازی و هەڕەشەیەکی ئایینی ئەوا لە ئەڵمانیاش لەسەر زاری پیاوێکی ئایینی مەسیحییەوە (ئەگەرچی کاسۆلیکیش نەبوو) هەر هەمان هەڵوێستی لێدەکەوێتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پیاوانی ئایینی هەیانبوو، کە لە راستیدا جومگەیەکی روونی مێژووی گەشەسەندنی پرۆسەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیایەو لە بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکاندا باس نەکراوە، جگە لەوەی کە لە بەشی زۆری سەرچاوەکاندا کاتێك باسی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە سەرەتای سەردەمی نوێدا دەکەن، زیاتر دەیگێڕنەوە بۆ گەیشتنی دەستنووسەکانی (گلیۆم پۆستێلی[٣٨])ی فەرەنسی بۆ ئەڵمانیاو کارەکانی (یاکوب کرستمان) (١٥٥٤-١٦١٣[٣٩])، لەسەر ئەو دەستنووسانە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە لۆتەر بەر لەوانە کاری لەسەر ئیسلام کردووە و زانیاری لەبارەیەوە کۆکردۆتەوە و قسەی لەسەرکردووە، بۆیە سەرەتای کاری ئەڵمانەکان لەسەر ئیسلام لەو ماوەیەدا لەلایەن لۆتەرەوەیە، نەك (کریستمان)، هەروەها لەو جومگەیەی مێژووی ناسینی رۆژهەڵات،

---

٣٦ بروانە : المصدر نفسه ،ص١٢٦-١٤٥.

٣٧ ریشتارد سوذرن ، المصدر السابق ، ص١٥١؛ لودفیغ هاغمن ، المصدر السابق ،ص١٢٩-١٣٢.

٣٨ گلیۆم پۆستلی ،رۆژهەڵاتناسی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی ١٥٠١ لە دایك بووە ، لە ١٥٨١ کۆچی دوای کردوە و چەندین جار گەشتی بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵات کردوە شارەزاییی لە بواری زمانەکانی گریکی و عەرەبی و عیبری و چەندین زمانی ئەورووپی و هەبوە و چەندین کاری لەباری ئەدەب و زمانی عەرەبیەوە ئەنجامداوەوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە :عبدالرحمن بدوي،موسوعة المستشرقین ،ط٤ ،الاردن ، ٢٠٠٣، ص ١٣٥ -١٣٨.

٣٩ دواتر بە درێژی لە باسەکانی داهاتودا باس لەکارەکانی.

ڕۆژهەڵاتناسی لای ئەڵمانەکان هەمان هەڵوێستی پیاوانی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستی هەبووەو بگرە زۆرجار لۆتەر توندتریش قسەی لەسەر ئیسلام کردووە.

جگە لەو جیاوازییەی باسکرا، هاوکات ئەڵمانیا لە ڕوویەکی تریشەوە لەبەشی هەرە زۆری ناوچەکانی تری ڕۆژئاوای ئەوروپا جیاوازبووە، چونکە وەك باسکرا لەو ماوەیەدا چەند وڵاتێکی ناوەندی کە خاوەن بەرژەوەندی ئابووری و سیاسەتی سەربەخۆبوون دەرکەوتوون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەو وڵاتانەوە هەبووە، بەڵام لەوکاتەدا ئەڵمانیا هەرچەند لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە گەشەی سەندبوو، بەڵام بەهۆی جەند هۆکاریکی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسییەوە[٤٠] خاوەن دەسەڵاتێکی ناوەندی نەبوو، هەروەها هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووری و سیاسی و یەکگرتوویان نەبوو[٤١]، بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیشیان نەپەڕیونەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بۆیە لەوکاتەدا گەڕیدەو دیپلۆمات و بازرگانی ئەڵمانی بە ڕێژەیەکی یەکجار کەم نەبێت نەدەهاتنە ڕۆژهەڵات، چونکە دەوڵەت و دەسەڵاتێك نەبوو بۆ بەرژەوەندی خۆی پشتگیری ئابووری و مەعنەوی بۆ کارێکی لەمجۆرە دابینبکات، ئەمە جگە لەوەی کە لە بەرژەوەندی هیچ یەکێك لەو میرانەدا نەبوو پشتگیری چاپخانەی پیتی عەرەبی بکات و سامانی خۆی بۆ خەرج بکات، هەربۆیە پرۆسەی ناسینی ڕۆژهەڵات لەوکاتەدا لە ئەڵمانیا زیاتر دەکەوتە سەر هەوڵی تاکە کەسی، لەبەرئەوەی ئەوانیش نەیاندەتوانی گەشت بۆ ناوچە دوورەکانی ڕۆژهەڵات بکەن، زیاتر گەشتیان بۆ ناوچەکانی تری ئەوروپا دەکرد و پشتیان بەو سەرچاوەو کەرەستانە دەبەست کە لەو وڵاتانەدا بوون و لەوێوەوە دەگەیشتن بە ئەڵمانیا، سەرەتاکەشی لەو دەستنووسانەی (گلیوم پۆستیل)(١٥٠٥-١٥٨١)ەوە دەستیانپێکرد کە گەیشتبوونە کتێبخانەی (میری ڤالۆ). بۆ یەکەم جاریش (یاکوب کریستمان) (١٥٥٤-١٦١٣) لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردوون و لەم ڕووەشەوە لەساڵی ( ١٥٨٢)دا چەند کتێبێکی لەبارەی زمان و پیتە عەرەبیەکانەوە داناوە، بەر لەویش (مانویل تریمپلیۆنی(١٥١٠_١٥٨٠) کە پیاوێکی بە ڕەچەڵەك یەهودی بووە و دواتر بووە بەکاسۆلیکی و دوای ئەویش بە پرۆتستانتی، یەکێك بوو لەو کەسانەی چەند بابەتێکی لەبارەی ڕێزمانی زمانی کلدانی و سریانی نووسیوە. دوای ئەویش (ڤای ریونیوس) ( ١٥٤٥-١٦٠٢ ) لەبارەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە کاریکردووە، هەر لەوماوەیەشدا تیۆلۆجیست (ڕۆسر سپای) لە هایدلبێرك بەسوود وەرگرتن لە دەقەکانی (پۆستیل) کتێبی پیرۆزی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و داوای لە میرەکان کرد بە پیتی عەرەبی چاپبکرێت و بەرەو ڕۆژهەڵات ڕەوانە بکرێت، بەڵام هیچ میرێك وەڵامی داواکەی نەدایەوە[٤٢].

لەسەدەی حەڤدەدا کاتێك ڕۆژهەڵاتناسی هەتا دەهات لە ناوچەکانی تری ئەوروپادا پێشدەکەوت، بەشێکی زۆری ئەو ئەڵمانییانەی ئارەزووی ئەمجۆرە کارەیان دەکرد ڕوویان دەکردە هۆڵەندا و لەوێ

٤٠ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم التكريتي ، الأحوال العامة في ألمانيا عشية الإصلاح الديني ، مجلة كلية الاداب ، العدد ٢٨، ١٩٧٥ ، ص١٨-٣٥.

٤١ محمد محمد صالح ،المصدر السابق ،ص ١٥-١٩.

٤٢ بروانه :يوهان فوك ، تاريخ حركة الإستشراق (دراسات العربية والإسلامية في أوروبا حتى بداية القرن العشرين)،ترجمة عمر العالم،دار المدار الإسلامي،الطبعة الثانية ،بيروت،٢٠٠١ ،ص ٥٥-١٥٧.

هەوڵیاندەدا زمانی عەرەبی فێربین و چەند دەستنوسێك بەدەستبهێنن و کاری لەسەربکەن، لەوانەش (یۆهان ئیلیشمان)، کە وەك پزیشکێك چووە هۆڵەندا و لەوێ چەند دەستنوسێکی مەسکەوییەی لە کتێبخانەی لایدن دەستکەوت و وەریگێڕانە سەر زمانی لاتینی و لێکۆڵینەوەی لەسەرکردن. دوای ئەویش (یۆهان ئیرلیش هۆنگر(١٦٢٠–١٦٦٧) چووە هۆڵەندا و فێری زمانی عەرەبی بوو، یەکەم ئەڵمانیش بوو کە هەوڵیدا فێری بیبلۆگرافیای عەرەبی و مێژووی ئەدەبی عەرەبی ببێت. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (فوپکە)، بەسوود وەرگرتن لە کتێبە ماتماتیکیە عەرەبیەکان چەند کارێکی لەبارەی ماتماتیکەوە ئەنجامدا[٤٣]. ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە سەدەی حەڤدە بەدواوە چەندین چاپخانە بەپیتی عەرەبی لە شارەکانی (گۆتنگن) و( ڤیسپادن) و (لایبسك)ی ئەڵمانیادا دەرکەوتن[٤٤].

لە سەدەی هەژدەدا ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان هەر لەسەردەستی مامۆستا هۆڵەندییەکاندا دەیانخوێندو بایەخیان بە ڕۆژهەڵاتناسی دەدا، کەسایەتی زۆر دیاری ئەم بوارەش لەو ماوەیەدا (ج.ج رایسکە ) ( ١٧١٦– ١٧٩٧)بوو، کە بەشێك لە مێژوونووسان بە سەرمەشقی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەزانن، رایسکە زانایەکی دیاری بواری لاتینی و گریکی و زمانی عەرەبی بووەو چەندین کاری لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی لەبارەی دەستنووسە عەرەبییەکانەوە ئەنجامداوە. هەروەها لەوکاتەدا(جوستاف تیخسن)یش (١٧٣٤ –١٨١٥)، کە مامۆستای زمانی عەرەبی بووە لە رستۆك کارێکی زۆری لەبارەی زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ئەنجامداوە[٤٥]. ئەمانەو چەندین کەسایەتی تر کە سەرجەمیان زانای بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتی و زمانەوانیەکان بوون و بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاریان لە بارەی دەقەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کردووە[٤٦].

جگە لەوەی لەم ماوەیەدا ئەڵمانەکان پشتیان بە هۆڵەندیەکان دەبەست هاوکات بەشێك لە گەشت وگەڕان و نێردە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی هەندێك لە وڵاتانی ئەورووپا هەوڵیانداوە سوود لە توانا زانستییەکانی زانا ئەڵمانییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا وەربگرن، لەم رووەشەوە چەندین کەسی شارەزاو زانای دیاری ئەڵمانی توانا ئەکادیمی و زانستییەکانی خۆیان لەو گەشتانەدا خستۆتەکار، واتە تەنها وەك کەسێکی زانستی بەهۆی توانا زانستییەکەیانەوە لەخزمەت سیاسەتی وڵاتانی تردا کاریان کردووە، بۆیە کارەکانیان ئەگەرچی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەدا بووە، بەڵام ئەوان زیاتر وەك کەسێکی زانستی دەرکەوتوون، بۆنموونە مێژوونوسی ئەڵمانی (هاینریش شیڤرس) یەکێك لە ئەندامانی (کۆمەڵەی ئەفریقی) بریتانی بووە، کە لە ساڵی (١٧٨٨)دا دامەزراوە و ڕۆڵێکی گەورەی لە دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئەفریقا بینیوەو لەم رووەشەوە لە دوای گەشتێك بۆ ناوچەکە، کتێبێکی بەناوی (کۆشش بە دوای ئەفریقیادا) نووسیوە[٤٧]. هەروەها (پۆل ئیسیرت) کە پزیشکێکی ئەڵمانی و شارەزای بواری

---

٤٣ یوهان فوك ، المصدر السابق ، ص ٩٤–٩٥.

٤٤ بروانە : نجيب العقيقي ،المصدر السابق ، ص ٣٤٩.

٤٥ المصدر نفسه ، ص ٣٤١.

٤٦ المصدر نفسه ،ص ٣٥٥–٣٥٧.

٤٧ ميشال دوفيز ، أوروبا و العالم فى نهاية القرن الثامن عشر ، الجزء الاول ، دار الحقيقة ،بيروت ، ١٩٨٠ ، ص ٢٦٥ –٢٦٦ .

رووەکناسی بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە قەلآیەکی دانیمارکی لە کەنارەکانی کەنداوی کینیادا کاریکردووە، لەسالّی (١٧٨٥)شدا نامەیەکی بۆ (جۆزیف پـنکس )ی سـەرۆکی کۆمەڵـەی شـاهانەی بریتـانی نـاردووەو تیایدا ئاگاداری کردووەتـەوە کـە ئەگـەر کرێیـەکی بـە بـڕی ( ٥٠٠ ) جونـەیهی ئوسـتـەرلینی لـە سـاڵێکدا پێبدات، ئەوا دەتوانێت گەشتێکی سەرکەوتووانەی بە ناوچەکانی ئەفریقادا بۆ ئەنجامبدات و زانیارییـەکی باشی لە بواری روەکی ناوچـەکەو سـوودەکانیەوە، بـۆ بەدەستبهێنێـت[٤٨]. هـەر لەوماوەیەشـدا بـوو، کـە (کارستن نیبور —Niebuher Carsten ) لەسالّی (١٧٦١)دا بەشـداری لـەو نێردەیـەدا کـرد، کـە (فردریکی پێنجەم)ی پاشای دانیمارك بۆ توێژینەوە لە ناوچەکانی رۆژهەلآت، بەتایبەتیش لە ناوچە عەرەبیەکان، لە کۆپنهاگنەوە رێکخست، کـە لـە پێـنج زانـا پێکـدەهات، بـەلآم چـواریان لـە میانـەی گەشـتەکەدا گیانیـان لەدەستداو تەنها (نیبور) توانی گەشتەکە ئەنجامبدات و گەشتێکی سـەرکەوتووانە بەکەنـداوی عـەرەبی و فەلەستین و سوریا و ئێران و ئاسیای بچوکدا بکات و دەسـتکەوتێکی گـەورە بەدەسـتبهێنێت[٤٩]. هاوکـات هەر لە سەدەی هەژدەدا بوو سەرەتای ئەنجوومەنـە رۆژهەلآتناسـییەکانی ئـەڵمانیا دەرکـەوتن و لەسـالّی (١٧٥١) دا لەگۆتـــەنگن و لـــە (١٧٥٩)شـــدا میـــونخ ئەنجومـــەنی زانســـتی بـــە مەبەســـتی شـــیکردنەوەو دراسەکردنی سەرچاوە رۆژهەلآتییەکان دامەزران[٥٠].

کەواتـــە ئەگەرچـــی دەوڵـــەتی ناوەنـــدی و پشـــتیوانی مەعنەویشـــی نەبووە،بـــەلآم پرۆســـەی رۆژهەلآتناسی ئەڵمانی ئەگەر وەك وەلآمدانەوەی مەترسی دەوڵەتی عوسمانی بووبێـت یـان وەك ویسـت و حەزی تاکەکەسی لە سەرتای سەردەمی نوێدا سەرتا راستەقینەکەی دەرکەوتووە وئەگەر بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی ولآتەکانی تریش بووبێت هەر بەردەوام بووە و زیـاتریش وەك کایـەیکی زانسـتی کـاری لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە هەنگاوەکانی ئەم قوتابخانەیە زانستیتر بووە لەوانیتر.

لـــە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەشـــدا ئـــەڵمانیا هـــەروەك پێشـــتر نـــەبووبووە قەوارەیـــەکی سیاســـی یـــەکگرتوو، بـــەڵکو لەچـــەند دەســـەلآتێکی پەرتـــەوازە پێکـــدەهات و دەوڵـــەتێکی ناوەنـــدی نـــەبوو کـــە بەرژەوەنـــدی راســـتەوخۆی لـــە رووی ئـــابووری و سیاســـی و دیپلۆماســـییەوە لـــە رۆژهەلآتـــدا هەبێـــت و پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ رۆژهەلآتدا هۆکاربن بۆگەشەسەندن و بەخشینی مـۆرکێکی تایبـەت بە پرۆسە رۆژهەلآتناسییەکەی، بۆیە پسپۆڕانی ئەم بوارە هـەتا ئـەوکاتیش سـنوری ئـەوروپایان بـۆ ئـەم مەبەستە تێنەپەڕاندبوو، کە لەوکاتـەدا پێشـکەوتنە ئابووریـەکانی ولآتـەکانی تـری ئـەوروپا و زیـادبوونی بەرژەوەندییەکانیان لە رۆژهەلآت و چڕبوونەوەی ململانێ ئیستیعمارییەکان لەو ناوچـانەدا، هـەتا دەهـات ناسینی رۆژهەلآتی بۆ ئەو ولآتانە بایەخدارتر دەکردو پرۆسـەی رۆژهەلآتناسـی و گەشـت و گەڕانـەکانیانی لـەم بـوارەدا و بۆخزمـەتکردنی بەرژەوەندیـە ئـابووری و ئیسـتیعمارییەکانیان زۆرتـر دەکـرد، لەلایـەکی تریشەوە پێشکەوتنی میتۆدە زانستییەکانی لێکۆڵینەوە زیـاتر دەبوونـە هۆکـارێکی تـری گەشەسـەندن و

---

٤٨ میشال دوفیز، المصدر نفسه ،ص ٢٦٦ .

٤٩ احمد محمود هویدی ، المصدر السابق ،ص ٤١ –٤٢ .

٥٠ نجیب العقیقی ، المصدر السابق ،ص ٣٥٠.

پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی وایکردبوو ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە رووی چەندایەتیەوە هەر ئەو پێشکەوتنە زۆرە بەخۆیەوە نەبینێت، بەلام لە هەمانکاتیشدا بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە لەوێدا مۆرکی پاشکۆیەتی بزووتنەوەی ئیستعمار وەرنەگرێت.

واتە نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی چەند هۆکاری گەشەنەکردنی چەندێتی پرۆسەکە بوو، ئەوەندەش هۆکاری ئەوەبوو کە ئەم پرۆسەیە مۆرکێکی ئەکادیمییانە و دوور لەبەرژەوەندی سیاسی وەربگرێت، ئەگەرچی ئەوگەشەسەندنەی کە بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی گرتبووەوە کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش هەبوو، چونکە لەوکاتەدا سەرقاڵانی ئەم بوارە لە ئەڵمانیا هەروەك پێشتر ڕوویاندەکردە ناوچەکانی تری ئەوروپا پشتیان بە سەرچاوەو کەرەستەکانی ئەو وڵاتانە دەبەست، لەوکاتەدا لەو وڵاتانەش کەرەستەی وردترو بایەخدارتر وردەوردە دەردەکەوتن، بەتایبەتی کە لەوکاتەدا هۆڵەندا لەرووی سیاسی و ئیستیعماری و سەرەنجامیش ڕۆژهەڵاتناسییەوە لە پاشەکشەدا بوو، لە بەرامبەریشدا فەرەنسا هەتا دەهات پێشدەکەوت، بۆیە ئەڵمانەکان زیاتر ڕوویانکردە فەرەنسا و لەسەردەستی مامۆستا بەناوبانگەکانی ئەوێ، بەتایبەتیش (سیلفستەر دی ساسی[٥١]) کە یەکێك بوو لە مامۆستا گەورەکانی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، پەرەیان بە تواناکانی خۆیان دەدا. ئەمە جگە لەوەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن ناپلیۆنەوە و چاکسازییەکانی لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و پەروەردە و فێرکاریەکانەوە ڕۆڵی خۆیان بینی لە پێشکەوتنی زانست و گەشەکردنی خوێندنگە و فێرگەو زانکۆکان و زیادبوون و چڕبوونەوەی هەوڵە زانستیەکان، لەنێویشیاندا بوارە ڕۆژهەڵاتناسییەکان[٥٢]، هەربۆیە لەو ماوەیەدا ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و چەندین کەسی بەناوبانگی وەك (فلهام فرایتاغ ١٧٨٨-١٨٦١ )و(هایترش فلایشەر ١٨٠١-١٨٨٨)و(گوستاف فلیگل١٨٠٢ -١٨٧٠) و چەندانی تریش لە بوارەکانی دیراسەکردنی زمان و ئەدەب و مێژووی عەرەب و ڕۆژهەڵات دەرکەوتن، کە بە دەیان کاری ئەکادیمی و زانستییانەیان لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامدا[٥٣].

سەرەڕای ئەوکارانە هاوکات لەوکاتەدا چەند زانایەکی دیاری ئەڵمانی گەشت و گەڕانیان بەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامداوە و دەستکەوتی گەورەیان هەبووە، لەوانەش (ئوریشیاسبر زیتسن) کە لەساڵی ( ١٨٠٢)دا گەشتێکی بۆ ڕۆژهەڵات ئەنجامداوەو لە چەند وڵاتێکی هەردوو ڕۆژهەڵاتی دوورو نزیکدا ماوەتەو، هەتا ئەوکاتەی لە ساڵی (١٨١١)دا بە مردوویی لە نزیك یەکێك لە شارەکانی سعودیە

٥١ سلفستەر دی ساسی :لەساڵی ١٧٥٨ لە دایکبووەو لەساڵی ١٨٣٨ کۆچی دوای کردوە و بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بووە کەلەساڵی ١٧٩٥ دا لە شۆڕشی فەرنسی بۆکێبرکێکردنی دەزگا ڕۆژهەڵاتناسەکانی بریتانیا بۆ خوێندنی زمانە ڕۆژهەڵاتیە زیندووەکان دامەزراند . بڕوانە: رضوان السيد،المصدر السابق ،ص ١٤.

٥٢ يوسف كرياج و منفرد كروب ، تأملات فى الشرق (تقاليد الإستشراق الفرنسى والألمانى و حاضره )، ترجمة عدنان حسن ومحمد صبح ، بيروت ،٢٠٠٦، ص٤٣.

٥٣ بڕوانە :نجيب العقيقى، المصدر السابق ،ص٢٥٥-٣٥٩ ؛ أحمد محمود هويدى ،المصدر السابق ص ٤١-٤٢ .

دۆزراوەتەوە. لەو گەشتەدا چەندین نموونەی رووەك و ئاژەڵ و کانزاو، هاوکات بەدەیان نموونەی هونەری و دەستنوسی کۆکردۆتەوە[٥٤]. هەروەها (یۆهان جوتفرید ڤێنشتاین) (١٨١٥–١٩٠٥) کە لەساڵی (١٨٤٨)دا بووە بە کونسوڵی پروسیا لەدیمەشق و لەوێوە چەند گەشتێکی بەناوچەکانی شامدا ئەنجامداوەو چەندین دەستنووسی کۆنی بە زمانە جیاجیاکان کۆکردۆتەوەو چەند توێژینەوەیەکی لەبارەی جوگرافیاو فۆلکلۆرو دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی بەئەنجام گەیاندووە، دوای گەڕانەوەیشی لە زانکۆی بەرلین بووە بە وانەبێژ[٥٥].

هاوکات رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەوماوەیەدا بەڕادەیەك گەشەیسەند کە سەرباری نەبوونی دەوڵەتی ناوەندیش ، لەساڵی ( ١٨٤٥)دا یەکەم کۆمەڵەی ئەڵمانی رۆژهەڵاتناسی بەناوی (DMGZ )ەوە بەشێوەیەکی فەرمی دامەزرا، ئەمەش مۆرکی پرۆفیشناڵی بە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەخشی و هەر ئەو کۆمەڵەیەش یەکەم گۆڤاری رۆژهەڵاتناسیيانەی ئەڵمانی لەساڵی (١٨٤٧ )دا بەناوی (DMGZ)ەوە دەرکرد، کە (١١٤) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەم کۆمەڵەیەش لەسەرەتادا لەلایەن (فلایشەر) ەوە سەرپەرشتی دەکرا و دوای ماوەیەکیش چەند لقێکی لە ئەستەنبوڵ و قاهیرەو ئەسفەهان و بەغدادو بەیروت کردەوە[٥٦].

کەواتە هەرچەندە ترس و هەڕەشەی دەوڵەتی عوسمانی وەك ئیسلام لە سەرەتای سەردەمی نوێدا مۆرکی دەمارگیری و توندڕەوی بە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەخشیوە، ئەویش لەبەرئەوەی لەسەر دەستی پیاوێکی ئاینییەوە دەرکەوتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی و قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوو لە دواجاردا مۆرکێکی تری بەم قوتابخانە رۆژهەڵاتناسیە بەخشی، بەوەی لەلایەکەوە کە لەوکاتەدا باوی پشتیوانی دەسەڵاتی وڵاتە ناوەندییەکان بوو لە کارەکانی رۆژهەڵاتناسی، نەبوونی ئەم دەسەڵاتەش لە ئەڵمانیا وایکردووە کە ئەم پرۆسەیە لە ئەڵمانیا هەتا رادەیەك درەنگتر و لاوازتر لەچاو ناوچەکانی تر گەشە بکات، کەچی هەر ئەوهۆکارە وایکرد کە لەوماوەیەدا پرۆسەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی نەبێت بە پاشکۆی مەرام و سیاسەتە ئیستعمارییەکانی دەوڵەت و ئارەزوومەندانی ئەم بوارە، زیاتر وەك ئارەزوویەکی زانستی دەست بۆ ئەم کارە ببەن و کەمترین گەشت بەناوچەکانی رۆژهەڵاتدا بکەن، بەڵکو پشت بەو سەرچاوانە ببەستن کە لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا هەبوون و وەك کەرەستەی زانستی و بەمیتۆدی زانستییانەی سەردەمەکەیان کاری لەسەر بکەن، واتە وەك بەشێك لەکاری زانستی کاربکەن، نەك کاری سیاسی، دواتریش وەك زانا لەگەشتی وڵاتەکانی تردا بەشداربن و ئامانجیان زانستی بێت و زیاتر لەوەی سیاسی و دیپلۆماسی بێت، کە هەر ئەوەش وایکرد، ئەگەرچی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەوماوەیەدا لەچاو ناوچەکانی تری وەك فەرەنساو بریتانیا و هۆڵەندا کەمتربێت، بەڵام کارەکانی ئەو قوتابخانەیە زانستییانەو ئەکادیمیترن و ئەم جیاوازیەش بە بەراوردکردن لەگەڵ قوتابخانەکانی تر، وای لە زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بوارە کردووە کە ئەم قوتابخانەیە بە ئەکادیمیترو بابەتیانەتر بزانن لە قوتابخانەکانی تری رۆژهەڵاتناسی.

---

٥٤ أحمد محمو هويدى ،المصدر السابق ص ٤١–٤٢.

٥٥ المصدر نفسه، ص ٤٢.

٥٦ بڕوانە : نجيب العقيقي، المصدر السابق ،ص ٣٤٩–٣٥١.

# باسی دووەم

## رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی لەدوای دامەزراندنی یەکێتی ئەڵمانیاوە

### تەوەری یەکەم: رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی لە دوای ساڵی (١٨٧١)ەوە هەتا جەنگی جیهانی یەکەم

دوای ئەوەی ماوەی چەند سەدەیەك بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی ئەڵمانی سەربەخۆ و قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتووەوە لە ئەڵمانیا، وەك باسکرا رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی دووربوو لە مۆرکی سیاسی و زۆر بەکەمی نەبێت لە ژێرباری ستراتیژ و بەرژەوەندی سیاسییانەی ولاتەکەیدا نەبوو. رۆژهەلاتناسان بەبێ پشتیوانی و پشتگیریی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی، کارەکانی خۆیان ئەنجامدەدا، بەلام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەداو بە دیاریکراویش لە ساڵی (١٨٧١ )دا لەبەرەنجامی هەوڵەکانی (ئۆتۆفۆن بسمارك )(١٨١٥-١٨٩٢)ی ڕوێژکاری شانشیی پروسیاو بەپشتیوانی پاشا، ناوچەکانی ئەڵمانیا گەیشتن بەئامانج و دوای سەرکەوتنیان بەسەر نەمساو فەرەنسادا، بۆ یەکەمجار دەسەلاتێکی سیاسی یەکگرتوو لە ئەڵمانیا، بەناوی ئیمپراتۆریای ئەڵمانیاوە دامەزرا[٥٧]. دەوڵەتی ئەڵمانیا زۆر بەخێرایی لە سەرجەم لایەنەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە بووبە یەکێك لە ولاتە بەهێزەکانی ئەوروپا و لەماوەیەکی کەمدا بووبە رکابەرێکی بەهێزی ململانێ ئیستعمارییەکانی ئەو ماوەیە، کە هەتا دەهات لەسەر ناوچەکانی رۆژهەلات توندترو بەگوڕتر دەبوو، بەڕادەیەك لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەڵمانیا بووبە مایەی گەورەترین هەڕەشەو مەترسی بۆ ئاشتی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی زلهێزە کۆنەکان، کە هەموو ئەو گەشەسەندنانەو ئەو بە هێزییەو فراوانبوونەی بەرژەوەندیانە لە رۆژهەلات وململانێ ئیستعمارییەکان پێویستییەکی زۆریان بەناسینی ناوچەکانی رۆژهەلات هەبوو[٥٨].

ئیمپراتۆریای ئەڵمانی لەوکاتەدا بە سێ ئاراستە چاوی بڕیبووە فراوانخوازی و بلاوبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی، ئاراستەیەکیان لە خودی ئەوروپا بوو، بەلام دوو ئاراستەکەی تر بەرەو رۆژهەلات بوون، بەتایبەتیش ناوچەکانی ئەفریقاو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش وای لە دەسەلاتی ئەڵمانیا کردبوو بایەخێکی زۆر بەناسینی ئەوناوچانە بدات[٥٩]، لەم رووەشەوو وردەوردە دەستبکات بەپشتیوانیکردن و هاوکاریکردنی پرۆسەی رۆژهەلاتناسی، لێرەشەوە ئەم پرۆسەیە، هاوشان لەگەڵ گەشەسەندنی ئیمپراتۆریای ئەڵمانی و بەرژەوەندییەکانی لە برەودابێت و پێشتر بکەوێت، هەر لێرەشەوە تێکەڵ بە ئەجنداو بەرژەوەندیە سیاسییەکان بێت[٦٠]. هەربۆیە لەوکاتەوە خودی دەوڵەتی ئەڵمانیا هەوڵی دامەزراندنی خوێندنگەو دەزگا رۆژهەلاتناسییەکانی دا، بۆ ئەم مەبەستەش چیتر پشت بەدەزگاکانی ولاتانی تر نەبەسترا، دوای حەوت ساڵ لە یەکێتی ئەڵمانیا و لە ساڵی (١٨٨٧)دا

---

٥٧ بروانە : فرغلی علي تسن ، تاريخ أوروبا الحديث و المعاصر ، دارالوفاء، الأسكندرية ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣٥-١٤٠.

٥٨ عبدالوهاب عباس القيسى واخرون ، تاريخ العالم الحديث ،١٩١٤-١٩٤٥، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، جامعة بغداد، ١٩٨٣ ، ص٦-٧.

٥٩ رضوان السيد ، المصدر السابق ن ص٣١.

٦٠ يوسف كرياج و منفرد كروب ، المصدر السابق ،ص ٩٣.

خوێندنگەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان لە بەرلین دامەزرا، لە ساڵی (١٩٠٧)یشدا پەیمانگەی ئیستعماری دامەزرا، کە لەلایەن (کارل هاینریش بێکەر)(١٨٦٧-١٩٣٣)ەوە بەڕێوەدەبرا، کە یەکێك بوو لەگەورەترین رۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانیا، جگە لەوەش چەندین رۆژهەڵاتناسی گەورەی وەك (مارتن هارتمان) (١٨٥١-١٩١٨)کاریان تێدا دەکرد[٦١]، واتا لێرەوە بەڕێوەچوونی رۆژهەڵاتناسی و گەشەسەندنی بوو بە بەشێك لەئەرکەکانی دەوڵەت و رۆژهەڵاتناسەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەزگایانەدا کە سەر بەدەوڵەت بوون، کەوتنە کار.

لە دوای یەکێتی ئەڵمانیاوە وەك باسکرا یەکێك لە ستراتیژە هەرە گەورەکانی ئیمپراتۆریا، گەڕان بوو بەدوای داگیرگە لە ئەفریقادا، بەشێکی تریشیان، ستراتیژی نزیکبوونەوە و هاوپەیمانی گرتن بوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەویش وەك بەشێك لە ململانێکانی لەگەڵ زلهێزەکانی تردا، هەربۆیە لەو ماوەیەدا خودی ئیمپراتۆری ئەلمانیا دووجار لە ساڵەکانی (١٨٩٩ و ١٩١١ )دا، سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کردو و تێکەڵییەکی بازرگانی، سیاسی، دیپلۆماسی زۆر باشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دروستکرد، لەوکاتەدا چەندین پرۆژەی گەورەی بازرگانی و ئابووری لە چەشنی هێڵی ئاسنینی (بەغدا- بەرلین)و گەڕان و پشکنینی کانزایی و چەندین پرۆسەی راهێنان و مەشقی سەربازی و نوێکردنەوەی سوپاو پڕچەککردنی سوپا لە نێوانیاندا ئەنجامدرا. بێگومان رۆژهەڵاتناس دەبوو رۆڵی گەورەو دیار، لە تەواوی ئەو کارانەدا و سەرجەمی پرۆسەکەدا بگێڕێت و کاریگەربووایە لەگەڕان و پشکنین وگەشتەکاندا و دۆزینەوەی پایەڵە جیاجیاکانی ئەو پەیوەندییەو لێکۆڵینەوە لەبارەی دانیشتوان و سەرجەم لایەنەکانی تریش بکات و سنوری دەسەڵات و بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی تر لەو ناوچانە دیاریبکات[٦٢]، هەربۆیە لەو ماوەیەدا چەندین پەیمانگەی تایبەت بە رۆژهەڵات لە شارەکانی (بەرلین) و( هامبۆرگ) و ناوچەکانی تر کرانەوە و بە دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە ئەنجامدران، چەندین گۆڤاری رۆژهەڵاتناسی وەك (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی بێزەنتییەکان )، لەساڵی (١٨٩٢) بەدواوە و (گۆڤاری کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوە فەلەستینییەکان) (ZDP.V ) و (گۆڤاری ئەدەبیاتی رۆژهەڵات) لە ساڵی (١٨٩٨)دا وگۆڤاری (تێگەشتنی رۆژهەڵات) لە ساڵی ( ١٩٠٠ )و چەندینی تریش هەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ناوچانە دەرکەوتن، کە بەشێکی زۆریان لە ژێر داواکاری و چاودێری و ڕاپرسی و بە پشتیوانی وەزارەتی دەرەوەو نووسینگەی سەرۆك وەزیران و لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمان ئەنجامدران[٦٣].

واتە لەدوای یەکێتی ئەڵمانیاوە گومانێك لەوەدانییە کە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش بوو بە بەشێك لە ستراتیژی دەوڵەت و تێکەڵ بە بەرنامەو خواستە سیاسییەکانی حکومەت بووەو لەم رووەشەوە چەندین رۆژهەڵاتناسی گەورەی ئەڵمانی خزیونەتە ناو بواری سیاسی و لەچەند پلەو پایەیەکی سیاسیدا بەشداربوون و بەشێکیان زۆر پێداگربوون لەوەی دەبێت فەلسەفەیەکی نوێ بۆ رۆژهەڵاتناسی دابڕێژرێت و

---

٦١ رضوان السید ، المصدر السابق ، ص٢٩-٣٠.

٦٢ المصدر نفسه ، ص٣٢-٣١.

٦٣ نجیب العقیقی ، المصدر السابق ،ص ٣٥١-٣٥٢.

هەوڵبدرێت بخرێتە خزمەتی دەوڵەتەوە، کە رۆژهەڵاتناسی گەورە (هارتمان) یەکێك بوو لە دیارترینیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەش، کەچی دەکرێت بگوترێت رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەوماوەیەشدا بەتەواوی نەکەوتە ژێرباری سیاسەتی دەوڵەت و تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی خۆی لە نابابەتیبوون و دوورکەوتنەوە لە بنەما نائەکادیمیەکان بیپارێزێت، ئەویش لەلایەکەوە لەبەرئەوەی پێشکەوتنە زانستییەکان و گەشەسەندنی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەوکاتەدا لە ئەورووپا، بەتایبەتیش زانستە مرۆڤایەتییەکان وایان کردبوو هەر خودی رۆژهەڵاتناسی بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا بێت و زیاتر میتۆدیانەو ئەکادیمییانە کارەکانی ئەنجامبدات و کارەکانیان وردتر بن، لەلایەکی تریشەوە بەشی زۆری ئەو رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییانەی ئەوکات لە ئەڵمانیا بوون، ئەوانەبوون کە بەر لەدەرکەوتنی دەوڵەتی ئەڵمانیا، لەو بوارەدا کاریان کردبوو، بۆیە رەگ و ریشەیەکی ئەکادیمییان هەبوو، ئەوان پێشتر وەك زاناو بەمەبەستی زانستی وەك ئارەزوویەکی زانستییانەی خۆیان ئەم لایەنەیان هەڵبژاردبوو، بۆیە زۆربەیان پێداگربوون لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی ئەکادیمییانەی رۆژهەڵاتناسی و دوورخستنەوەی لە پاشکۆیەتی سیاسی، ئەوان هەر بەهەمان شێوازو ریتمی پێشووی خۆیان لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون، بۆنموونە (هـ.ل.فلایشەر)(١٨٠١–١٨٨٨) یەکەم سەرۆکی خوێندنگەی زمانە رۆژهەڵاتناسییەکان بوو، لەسەردەمی دەوڵەتدا، بەڵام بەرلەوە یەکێك بوو لە رۆژهەڵاتناسە دیارو بەناوبانگەکانی ئەڵمانیاو چەندین کاری ئەکادیمی لەبارەی ئەدەب و زمانی عەرەبیەوە بە مەبەستێکی تەواو زانستی ئەنجامدابوو، بۆیە وا ئاسان نەبوو بەخێرایی لەمەبەستی پێشووی خۆی دووربکەوێتەوە، هاوکات سەرەڕای خستنەکاری هەوڵێکی زۆر بۆ رازیکردنی (بیکەر) بە تێکەڵبوون لە سیاسەتدا، بەڵام هیچ مەبەست و ئامانجێکی سیاسی قبوڵ نەکرد و لەسەر شێوازە ئەکادیمییەکەی خۆی هەر بەردەوامبوو، لەدوای دەرکەوتنی دەوڵەتیش چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لە سەر ئیسلام ئەنجامداو تەنانەت گۆڤارێکیشی بە ناوی (ئیسلام)ەوە دامەزراند[٦٤]، دەکرێت ئەمانە و چەندین نموونەی تری هاوشێوەی ئەمانە باسبکرێن، کە ئامادەنەبوون بچنە ژێرباری سیاسەت و دەستبەرداری کاری ئەکادیمییانەی خۆیان بن، جگە لەو هۆکارانەی باسکران هاوکات هۆکارێکی تریش هەبوو، کە تاڕادەیەك کاریگەربوو لە نەگۆڕانی هەڵوێستی ئەڵمانەکان لەکارەکانیاندا، ئەویش ئەوەبوو کە ئەگەر هەڵوێستی دژ بە ئیسلام بەردەوام یەکێك بووبێت لەو لایەنەی کە مایەی نابابەتیبوونی بەشێکی زۆری کاری رۆژهەڵاتناسانی قوتابخانەکانی تر بووبێت، ئەوا لە قوتابخانەی ئەڵمانیدا وەك پێشتر باسکرا لەبەشی زۆری کارەکانیدا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم لایەنەدا بەڕادەیەکی زۆر وەك کەرەستەیەکی ئەکادیمی بووە، وەك لە مێژووی قوتابخانەکەدا دەرکەوت کەمتر ئەو دژایەتی و هێرشکردنە بەرچاو دەکەوێت، سەرەڕای ئەوەش کە سروشتی سیاسی و هەڵوێستی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەوکاتەدا بەرامبەر بە ئیسلام، وەك پێشتر باسکرا ستراتیژی خۆ نزیککردنەوە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەمەش رۆڵی هەبوو لەوەی کارکردن بەشێوەیەکی بابەتیانەو ئەکادیمییانە لەسەر ئیسلام، کە بەشێك بوو لە ستراتیژی دەوڵەت، بەبەرنامە

٦٤ رضوان السيد ، المصدر السابق ، ص٣٢–٣٣.

ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کە (جیهادی پیرۆز) راگەیەندرا هەریەك لە (هارتمان) و(بێکەر) کە دوو پسپۆڕی بواری ئیسلام بوون و بە دوو ئاراستەی جیاوازیش کاریان دەکرد، وەك کارێکی ئاسایی پیرۆزوگرنگ باسی ئەو جیهادەیان دەکرد و ستایشی سولَتان و شێخی ئیسلامیان دەکرد، کاتێك لەلایەن رۆژهەلآتناسەکانی قوتابخانەکانی تریشەوە رەخنەیان لێدەگیرا لەسەر ئەم هەلَوێستەیان، لە وەلآمدا دەیانگوت پێویستە ئێمە ئیسلام، وەك ئەوە ببینین کە خۆیان دەیبینن، نەك وەك ئەوەی ئێمەی ئەوروپی بیری لێدەکەینەوە[٦٥]، بۆیە لەوکاتەدا بەدەیان کاری رۆژنامەیی و گوتار و لێکۆلَینەوەی گرنگیان لەبارەی ئیسلامەوە ئەنجامدا، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین پسپۆڕی مەزنیان لەبارەی ئاینی ئیسلام و قورئان و مێژووی ئیسلام تێدا هەلَکەوتووە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسکران، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە رۆژهەلآتناسی ئەلَمانی جگە لە مێژووی ئیسلام و زمانی عەرەبی، هاوکات بەشێکی تری کارەکانیان لەسەر زمان وئاین و کەلتورە جیاوازەکانی تری رۆژهەلآت بووە، بەشی هەرە زۆری ئەو کارانەش وەك کاری شوێنەوارناسی و لەڕێگەی ئەو نێردەو شاندە زانستییانەوە ئەنجامدراوە کە ئەلَمانەکان بەمەبەستی کنەو پشکنین ناردوویانن بۆ ناوچەکانی رۆژهەلآت و کارەکانیان جگە لە مەبەستێکی زانستییانەی شوێنەوارناسییانە ئامانجێکی تری نەبووە، ئەمەش بووە بە بەشێك لە مێژووی ئەو قوتابخانەیە، کە لەکاتی دەرکەوتنی حکومەتی ئەلَمانیشدا ئەمجۆرە کارانە نەك هەر نەوەستان،بەلَکو بەڕادەیەکی زیاتریش ئەنجامدران، تەنانەت خودی ئیمپراتۆر زۆر پشتیوانی لێکردوون و حکومەتیش خەرجی کارەکانی بۆ دابینکردوون، بۆیە لەوماوەیەدا چەندین نێردەو تیمی زانستی وەك تیمەکانی (سوریا)و (ئاکسۆم) هاتوونەتە ناوچەکانی رۆژهەلآت و چەندین زانای شوێنەوارناسی گەورەی وەك (ئۆبۆخشتاین) و (ه.کول) لەو تیمانەدا بەشداربوون و دەستکەوتی گرنگیان لەم لایەنەوە بەدەستهێناوە. هەر لەوماوەیەشدا بوو، کە (جەی.ئۆتیج) لەنێوان سالآنی (١٨٨٣–١٨٨٤ )و (کارل فون ڤۆتمبرگ) لەسالَی (١٨٨٩)دا بەپشتیوانی پاشاو ئەکادیمیای پروسی شاهانە هاتوونەتە ناوچە عەرەبییەکان و نیمچە دوورگەی سینا، هەروەها (أ.زاخاویش ) بەر لەوان لە سالَی ( ١٨٨٠)دا چەند گەشتێکی ئەنجامداوەو دواتریش ئەکادیمیای بەرلین چەند نێردەیەکی بۆ ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست ناردووە، کە ئەم نێردانە بە دەیان دەستکەوت و دۆزینەوەی گرنگ و پڕبایەخیان لەبواری شوێنەوارو مێژووی کۆن و ناوەڕاست و ئەدەب و زمانە جیاجیاکانی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجامداوە[٦٦].کەواتە کاری ئەلَمانەکان تەنها ئیسلام و لایەنی کۆمەلآیەتی و سیاسی سەردەمییانەو بایەخدار بۆ ستراتیژ و سیاسەتی دەولَەت نەبوو، بەلَکو بەشێکی زۆری کارەکانیان هەرخۆیان زانستییانە بوون و بەمەبەستی ئەکادیمی ئەنجامدراون، ئەگەرچی دەولَەتیش پشتیوانی کردبن.

٦٥ رضوان السيد ، المصدر السابق ،ص ٣٣.

٦٦ أحمد محمود هويدى ، المصدر السابق، ص٤٣–٤٧.

بەمجۆرەش ئەگەرچی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی ئەڵمانی و فراوانبوونی بەرژەوەندییەكانی بەرەو رۆژهەلأت هەتا رادەیەك رۆژهەڵاتناسی لە ئەڵمانیا كەوتە ژێرباری ستراتیژی دەوڵەت و خزمەتكردنی بەرژەوەندییەكانی لە رۆژهەلأت، لە رووی پشتیوانیشەوە لەوماوەیەدا زۆر پشتی بە حكومەت دەبەست، كە ئەمەش كەم هەتا زۆر رەنگدانەوەی بەسەر بەشێك لە بەرهەمەكانیانەوە هەبوو، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی بەرژەوەندییەكانی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە رۆژهەلأت و سروشتی پەیوەندییەكانی لە ناوچەكەداو هاوكات قوڵی ریشەیی ئەكادیمییانەی ئەم قوتابخانەیە و كارە شوێنەوارناسییەكانی ئەم قوتابخانەیە، رێگربوون لەوەی ئەم پرۆسەیە بەتەواوی بچێتە ئامێزی دەوڵەت و دەستبەرداری مۆركە زانستی و ئەكادیمییەكەی خۆی ببێت، ئەمە جگە لەوەی كە هەر خودی پرۆسەی ئیمپراتۆریاو فراوانخوازییەكانی و لە ئامێزگرتنی رۆژهەلأتناسی لەلایەن دەوڵەتەوە لە ئەڵمانیا ماوەیەكی زۆر كورتی خایاند و بە كەوتنەوەی جەنگی جیهانی یەكەم گوررزێكی گەورەی بەركەوت.

### تەوەرەی دووەم :سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم(١٩١٤-١٩١٩).

بەكەوتنەوەی جەنگی جیهانی یەكەم بارودۆخی ناوەوەی ئەڵمانیا شێواو دۆخی جەنگ كاریگەری خراپی بەسەر سەرجەم لایەنە ئابووری و كۆمەلأیەتی و زانستییەكانەوە هەبوو. لایەنی رۆژهەلأتناسی یەكێك بوو لەوكایانەی كە بەڕادەیەكی زۆر بەم بارودۆخە كاریگەربوو، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونی دەوڵەت بە جەنگ و نەبوونی پشتیوانی بۆ كارە رۆژهەلأتناسییەكان و نەمانی ئازادی كاركردن لە داگیرگەو ناوچەكانی ژێر دەسەلأتی هاوپەیمانان ،ئەمانەش هەمووی وایانكرد، كارو بەرهەمە رۆژهەلأتناسییەكانی ئەڵمانیا لەوماوەیەدا بەڕادەیەكی زۆر كەمببنەوە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانگە رۆژهەلأتناسییەكانی ئەڵمانیا بەتەواوی لەكارەكانی خۆیان نەوەستان، بەڵكو لەو ماوەیەشدا كارەكانیان كەم هەتا زۆر هەر بەردەوامبوون، بەتایبەتیش ئەو كارانەی تایبەتبوون بەناوچەكانی ژێر دەسەلأتی دەوڵەتی عوسمانی و كاركردن لەسەر توركیا، كە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن (جۆرج یاكوب)ەوە دامەزرابوو و سەرپەرشتی كتێبخانەی توركی دەكرد[٦٧].

لەو ماوەیەدا بەهۆی نزیكی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا، كە لەیەك بەرەی جەنگدا بوون، ئەڵمانەكان بەتەواوی لە ناوچەكانی ژێر دەسەلأتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستوالأبوون و بلأوبووبوونەوە، ئەمەش وایكرد چەندین كار لەم رووەوە ئەنجامبدەن، چونكە بەشێكی زۆر لە زاناو پسپۆڕانی بواری رۆژهەلأتناسی لەوكاتەدا لە بواری سەربازیدا كاریان دەكرد و لەژێر خزمەتی سەربازیدابوون، بۆیە لەكاتی جەنگیشدا هەر لەسەر كارە زانستی و رۆژهەلأتناسییەكانی خۆیان بەردەوامبوون، بەهاتنیان بۆ ئەو ناوچانە كارەكانی خۆیان ئەنجامدەدا، بۆنموونە لەو ماوەیەدا چەند كارێكی گرنگ لەم رووەوە ئەنجامدران، لەوانەش ئەو لێكۆڵینەوانەی بەچاودێری (تیۆدرۆ ڤێپند) لەسەر شاری دیمەشق ئەنجامدراون، هەروەها لەوكاتەدا ئەڵمانەكان بایەخێكی زۆریان بە شوێنەوارەكانی فەلەستین داوە، ئەمە جگە لەوەی لەو وێنانەدا

٦٧ أحمد محمود هويدي، المصدر السابق ،ص٥٣.

که فرۆکە جەنگییەکانی ئەڵمانیا لەو ناوچانەدا دەیانگرتن چەندین ناوچەی گرنگیان دۆزیەوە، کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابوو، هەروەها چەندین کاری تر لەناوچەکانی عێراق و بە تایبەتیش بەغداد ئەنجامدراون، کە (هـ. ریتەر) نەخشەیەکی نوێی بۆشاری بەغداد دارشتووە و هاوکات لێکۆڵینەوەیەکی وردیشی لەبارەی ژیانی کەلتوری و میلی و شێوەزارەکانی خەڵکی عێراق ئەنجامداوە[٦٨]. سەرەڕای ئەمانە لەوماوەیەدا چەندین زانای ئەڵمانی و پسپۆڕی بواری رۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ کاریان دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوکارانەدا کە باسکران و سەرەرای نەپسانی کارە رۆژهەڵاتناسییەکان، جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی کارە رۆژهەڵاتناسییەکان لەئەڵمانیا زۆربوو، لەبەرئەوەی جگە لە کاریگەرییەکانی سەردەمی جەنگ، هاوکات ئەڵمانەکان شکستێکی گەورەیان لەم جەنگەدا خوارد و دەوڵەتی ئەڵمانی لەدوای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس (١٩١٩)بەتەواوی لاوازکرا، ئەمەش کاریگەریی خراپی بەسەر پرۆسەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیەوە هەبوو، بەڵام لە پاڵ هەموو ئەو زیانەشدا کە بەر رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کەوت، ئەم جەنگە رۆڵی گەورەشی هەبوو لەوەی دووبارە رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە ئامێزی دەوڵەت بێتەدەرو سەرجەمی پرۆسەی ئیمپراتۆریاو بایەخدانی دەوڵەت بە رۆژهەڵاتناسی لەباربەرێت، بەمەش تەمەنی رۆژهەڵاتناسی لە ئامێزی دەزگاکانی دەوڵەتدا لە ئەڵمانیا تەمەنێکی کورت بێت، ئەوەش کاریگەریی گەورەی هەبێت لەوەی ئەم قوتابخانەیە بەقوتابخانەیەکی ئەکادیمییانە ناو دەربکات.

**تەوەرەی سێیەم: لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتا هاتنی نازییەکان(١٩١٩-١٩٣٣).**

شکستەکانی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم، بوو بەمایەی رووخانی ئیمپراتۆریای ئەڵمانی و لە شوێنی ئەویشدا حکومەتی کۆماری (ڤایمار) دامەزرا، کە بەهۆی ئەو بارودۆخە شپرزەیەی ئەڵمانیاوە، لەدۆخێکی زۆر لاوازدابوو، چونکە جگە لەوەی ئەڵمانیا بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە گەورەترین شکستی سیاسی و سەربازی و ئابووری و دەروونی پێکەوت، هاوکات لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسیشدا بەپێی ئەو پەیماننامەیەی کە بەناوی (پەیماننامەی ڤێرسایە)وە بەسەر ئەڵمانیادا وەك دۆڕاوی جەنگ سەپێندرا، قەرزو قەرەبوویەکی زۆر خرایە سەر ئەڵمانەکان و ئەوەندەی تر دۆخی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتەی خراپترکرد، ئەمانە هەمووی کاریگەریی خراپیان بەسەر پرۆسەی زانستی و بەتایبەت بەسەر رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییەوە هەبوو، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەو شکستەوە، دەرچوون و گەڕانی ئەڵمانەکان بۆ دەرەوەی ئەڵمانیا و بەتایبەتیش بۆ رۆژهەڵات سنورداركرابوو[٦٩]، هەر بۆیە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆ ماوەیەك رۆژهەڵاتناسی لە ئەڵمانیا لاوازییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیو کارەکانی بەڕادەیەکی زۆر بەرتەسك و سنورداربوون، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، لەو ماوەیەشدا کارە رۆژهەڵاتناسییەکان لە ئەڵمانیا بەتەواوی رانەوەستان، بەڵکو ئەگەر لە سنورێکی بەر تەسکیشدا بوو بێت

---

٦٨ المصدر نفسه ، ص٥٣.

٦٩ بروانە : عبدالوهاب القيسيي واخرون ، المصدر السابق ، ص٤٩-٩٥-٩٦.

ئەڵمانەکان ئەم کارەیان ئەنجامداوە و بەشێك لە زانا ئەڵمانەکان گەڕان و گەشتەکانی خۆیان هەر ئەنجامداوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەساڵی (١٩٢٥) بەدواوە بارودۆخی ئابووری ئەڵمانیا هەتا رادەیەك بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی و جارێکی تریش ڕێگە درا بەگەڕانەکانی ئەڵمانەکان بۆ ڕۆژهەڵات، چونکە بەهۆی قەرزەکانی ئەمریکاوەو کشانەوەی فەرەنسیەکان لە شاری (رۆرهەر) ، لەو ماوەیەدا بوژانەوەیەکی ئابووری وڵاتی گرتەوەو جارێکیتر پەیمانگە و شاندە زانستییەکان، کە ئەمجارەیان بەبێ ویست و ئامانج و بێ پشتگیریی دەوڵەت دەستیان بەگەڕان وکارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتدا کردەوە، بەتایبەتیش لە ڕێگەی کۆمەڵەی (هاریکاری فریاگوزاری بۆ توێژینەوەی زانستی )، کە لەوماوەیەدا شوێنی ئەکادیمیای قەیسەری و سەرجەم ئەو ئەکادیمیاو کۆمەڵانەی گرتبووەوە کە بەهۆی سیاسی و ئابوورییەوە هەڵوەشابوونەوە[٧٠].

سەرەتای کاری ئەڵمانەکان لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەرتەسك دەستیپێکردەوە و لاوازی ئابووری و کەمی پشتیوانییەکان وایان کردبوو، کارەکان کەمتر لەشێوەی شاندی گەورەدابن، بەڵکو زیاتر گەڕانێن بەشوێن دەستنووس و نووسینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتدا، نەك کاری کنەو پشکنینی گەورەو فراوان و هەڵکۆڵینی گەورە، لەو ماوەیەدا (ی. شاخت) یەکێك بوو لەوکەسانەی کە چەند دەستنووسێکی زۆر دەگمەنی دۆزیەوە کە پێشتر نەناسراوبوون، هەر لەو ماوەیەشدا (هـ. راتینس)و (هـ. فۆن فیسمان) گەشتێکیان بۆ ناوچەکانی یەمەن کرد، کە سەرەتا کارەکانیان مەبەستێکی جوگرافی هەبوو، بەڵام دواتر چەند کارێکی گرنگیان لەسەر نەخش و نیگارەکانی ناوچەکە ئەنجامدا، کە دەکرێت بە کەسە یەکەمینەکان هەژماربکرێن کە کنەو پشکنینی ڕێك و ئەکادیمییانەیان لەناوچە سەختەکانی یەمەندا کردووە[٧١].

هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە لەسەر داوای ئەکادیمیای ڤییەننا (ئەی.مورسیل )گەڕان و کنەیەکی زانستی بەناوچەکانی باشوری سوریاو باکوری ڕۆژئاوای ناوچە عەرەبییەکاندا ئەنجامداو دواتریش شەش بەرگی لەسەرکارەکانی نووسی. هەروەها (ئەی. فینگر) لەسەر داوای (کۆمەڵەی هاریکاری فریاگوزاری بۆ توێژینەوەی زانستی)، چەند جارێك بۆ ئەنجامدانی کاری زانستی چۆتە میسرو چەندین دۆزینەوەی گرنگی ئەنجامداوە، ئەمە جگە لەوەی بەردەوامی ئەمکارانە چەندین دەستکەوتی گەورەی لە بوارە جیاجیاکانی مێژوو و شارستانی ڕۆژهەڵاتی خستەڕوو، چەندین کتێبخانەی گەورەی کەسایەتی و کۆکردنەوەی دەستنووسی دەگمەنی لێکەوتەوە هەر لەوماوەیەشدا بوو چەند گۆڤارێکی گرنگ لەبارەی لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆژهەڵات دەرکەوتن لەوانەش (گۆڤاری تۆماری بەڵگەنامەو لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵات)، هەروەها (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سامی) و (گۆڤاری ئسلامیکا).

کەواتە ئەگەرچی ئەڵمانیا بەهۆی شکستەکانی جەنگەوە و خراپی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و فیکری و زانستییەوە لە تەنگژەیەکی سیاسی و ئابووری گەورەدا دەژیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە

٧٠ أحمد محمود هويدي ، المصدر السابق، ص٥٣–٥٤.

٧١ المصدر نفسه ،ص ٥٣.

له ئاستێکی بەرتەسکیشدا بێت کارە رۆژهەلأتناسییەکانی هەر نەوەستان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو بارودۆخە رۆڵێکی زۆری هەبووە لەوەی کارەکانی ئەو ماوەیە زیاتر مەبەست و ئامانجی زانستییان هەبێت نەك سیاسی، کە ئەمەش جارێکیتر کاریگەری هەبوو لەوەی ئەم قوتابخانەیە بە ئەکادیمییانەتر لە قوتابخانە رۆژهەلأتناسییەکانی تر دەربکەوێت.

### تەوەرەی چوارەم: سەردەمی نازیەکان(١٩٣٣-١٩٤٥).

له ساڵی (١٩٣٣) بەدواوە هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، ئەڵمانیا کەوتە ژێر دەسەلأت و بەڕێوەبردنی نازییەکان بەسەرۆکایەتی (ئەدۆڵف هتلەر)، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا جارێکیتر ئەڵمانیا وەك هێزێکی سیاسی و ئابووری گەورە لەسەر شانۆی ئەورووپا دەرکەوتەوەو بووەوە بە یەکێك لە زلهێزەکانی جیهان[٧٢]، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەت و بیرکردنەوەی نازییەکان پێویستییەکی ئەوتۆی بەکارە رۆژهەلأتناسییەکان نەبوو، بۆیە رۆژهەلأتناسی ئەڵمانی لەو ماوەیەدا بەڕادەیەکی زۆر لاوازبووەوە، ئەویش لەبەرئەوەی هەروەك بەشێك لە گەورە رۆژهەلأتناسە ئەڵمانەکانی ئەو ماوەیە ئاماژەیان پێکردووە، وەك ( فریز شتیات )و( جۆزیف ڤان ئەس) و (یۆهانس)، لەو ماوەیەدا نازییەکان زیاتر بایەخیان بەفراوانخوازی لە ناوچەکانی ئەورووپا دەدا و بەشێکی گرنگ لە سیاسەتەکانیان تۆڵەسەندنەوە لە زلهێزە ئەورووپییەکان و قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی بەندەکانی پەیماننامەی ڤێرسای بوو، لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی نازییەکان جگە لە گەلانی ئاری و جەرمان، بەچاوی سووکەوە دەیانڕوانییە کەلتورو شارستانیەتی گەلانی تر، بەتایبەتیش رۆژهەلأتی ناوەڕاست کە زێدی عیبرانیەکان بوو، بۆیە کەمتر بایەخیان بەلێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو گەلانەوە دەدا، بەڵکو نازییەکان هەوڵیاندەدا ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کەمبکرێنەوە، بەو پاساوەی کە ئەو بایەخەی چەندین ساڵە بەو لایەنە دراوە وایکردووە لێکۆڵینەوە لەبارەی شارستانی وکەلتوری ئەڵمانیا کەمببێتەوە، بۆیە لەو ماوەیەدا نازییەکان نەك پشتیوانیان لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە رۆژهەلأت نەدەکرد، بەڵکو بەهەموو جۆرێك هەوڵی کەمکردنەوەیانیان دەدا[٧٣]، لەپاڵ ئەو هۆکارانەشدا، هۆکارێکی تر ئەوەبوو کە لەو ماوەیەدا چەندین رۆژهەلأتناسی گەورە بەهۆکاری سیاسی و جیاوازی بیروڕا لەگەڵ نازییەکاندا و هەندێك جاریش بەهۆی جیاوازی رەگەزی بەتایبەتی جولەکەکان، ناچاربوون ئەڵمانیا بەجێبهێڵن، دیارترین نموونەشیان (شاخت)ە. هەروەها لەو ماوەیەشدا بەهۆی شەڕو شۆڕە بەردەوامەکانەوە، بەشێك لەو رۆژهەلأتاناسانە لە جەنگەکاندا لەناوچوون، سەرەنجام، بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسکران، لەسەردەمی نازییەکاندا رۆژهەلأتناسی ئەڵمانی بەڕادەیەکی زۆر لە پاشەکشەدادەبێت[٧٤]، لەو ماوەیەشدا (پەیمانگەی بەرلین بۆ زمانە رۆژهەلأتناسییەکان) لە زانکۆی بەرلین و سەرجەم ئەو دەزگایانەی کە تایبەتبوون بەم لایەنە،

---

٧٢ بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالوهاب عباس القيسي واخرون، المصدر السابق، ص٩٧.

٧٣ بڕوانە : رضوان السيد ، المصد السابق ، ص٣٥؛ أحمد محمود الهويدي ، المصدر السابق ،ص١٦٣.

٧٤ بڕوانە : محمد فتح اله الزيادي ، المصدر السابق، ص٧٦ ؛ يوسف كرياج و منفرد كروب ، المصدر السابق ، ص٩٤.

چوونە ئامێزی زانكۆكان. زانكۆكان بوون بە تاكە شوێنی ئەو جۆرە توێژینەوانە[75]، واتە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەماوەی حوكمی نازییەكاندا سەرەڕای ئەوەی كە كەمبوونەوەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هاوكات بەتەواوی لە ئامێزی دەوڵەت و ستراتیجەكانی دەوڵەت چووەدەر و تەنها وەك كایەیەكی زانستی تەواو زانكۆیی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرا، هیچ پەیوەندییەكی بە سیاسەتی دەوڵەت و تەنانەت ئامانجە تاكە كەسیەكانیشەوە نەبوو، لەو ماوەیەشدا ماوەماوە چەند كارێكی زانستییانە لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە لە زانكۆو گۆڤارە زانكۆیییەكانەوە دەردەكەوتن[76]، زانكۆكانی ئەڵمانیاش چەندین مامۆستاو پسپۆڕو شارەزایان لەو بوارەدا لەخۆدەگرت[77]، واتە جارێكیتر لەماوەی نازییەكاندا وەك سەردەمەكانی پێشووتر، ئەگەر دووركەوتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئامێزی دەوڵەت و بایەخپێدان و پشتیوانییەكانی لە ئەڵمانیا لە ڕووی چەندایەتیەوە هۆكاری كەمبوونەوەی بووبن، ئەوا لە ڕووی چۆنایەتییەوە ڕۆڵیان هەبووە لەوەی كە ئەو كارانە ئەكادیمییانەو زانستییانەبن.

### تەوەرەی پێنجەم: ڕۆژهەڵاتناسی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.

دوای كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە بۆ ساڵی (١٩٩٠) ئەڵمانیا بوو بە دووبەشەوە، بەشێكیان كە بە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی ناسرا، سەر بەو بلۆكی سۆسیالیستی بوو، كە لەلایەن یەكێتی سۆڤێتییەوە ڕێبەرایەتی دەكرا، بەشەكەی تریش كە بە ئەڵمانیای ڕۆژئاوایی ناسرا، لە بازنەی جەمسەری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا دەخولایەوە. واتە جارێكیتر ئەڵمانیا وەك دەوڵەت پەرتەوازە بووەوە، كەچی لەم ماوەیەشدا لە هەردوو ئەڵمانیادا تا ڕادەیەك بایەخ بە ڕۆژهەڵاتناسی دراوە، بەلام لەچاو پێشتردا زۆركەمتربووە، چونكە لەوماوەیەدا ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپی بە گشتی، بەهۆی ئەوەی كە ناوەندی هێزی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا نەماو هەریەكە لە یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا شوێنیان گرتنەوە، بەشێوەیەكی گشتی بەرەو لاوازی چوو، وڵاتە ئەوروپییەكان بەهۆی كەمبوونەوەی بەرژەوەندیەكانیان لە ڕۆژهەلات كەمتر بایەخیان بەمجۆرە لێكۆڵینەوانە دەدا، ئەمە جگە لەوەی لەو ماوەیەدا كاڵبوونەوەی ململانێیە ئیستیعمارییەكان و پێشكەوتنی زانكۆكان وكەڵەكەبوونی سەرچاوەیەكی زۆر لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە وایكردبوو كە لێكۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەكان زیاتر بچنە چوارچێوەی زانكۆكان و وەك بەشێكی زانستی لەناو زانكۆكاندا كارەكانیان ئەنجامبدەن، هەربۆیە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش بە هەردوو بەشەكەیەوە، لەو ماوەیەدا لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكی زانكۆییدا مایەوە، چونكە ئەڵمانیا نەك هەر ئەوەی بەشێوەیەكی گشتی ڕۆژئاوای ئەوروپا ڕۆڵی خۆی لەدەستدابوو، بەڵكو ئەو زیاتر لە وڵاتەكانی ئەوروپا بایەخی خۆی وەك زلهێزێك لەدەستداو كەمترین بەرژەوەندی لەڕۆژهەڵاتدا هەبوو، لەبەرئەوەی خۆی بەدەست ململانێی هەردوو زلهێزی ئەو ماوەیەوە كە

---

٧٥ أحمد محمود الهويدى ، المصدر السابق ، ص١٦٤–١٦٥ .

٧٦ بروانە :نجيب ،العقيق، المصدر السابق ، ص٣٤٣–٣٥٣.

٧٧ المصدر نفسه، ص ٣٤٣.

سۆڤیەت و ئـەمریکا بـوو دەینالآنـد، بۆیـە لەوماوەیـەدا لـەبواری رۆژهەلآتناسـی ئـەڵمانیا تـەنها چـەند لێکۆڵینەوەو ڕیپۆرت و گۆڤارێکی ئەکادیمیی دەرکـەوتن، لەوانـەش گۆڤـاری (جیهـانی رۆژهـەلآت ١٩٤٧) و (گۆڤاری لێکۆڵینـەوە ئاسیاییەکان) لەهەمان ساڵداو (گۆڤاری ئۆریانۆس) کە (هـ. ریتـەر) لەساڵی (١٩٤٨)دا لە ئەستەنبوڵ دەریکرد[٧٨]، هەروەها چـەند گۆڤـارێکی تـریش وەك ( هونـەری رۆژهـەلآت ) و (بلاّوکـراوەی پەیمانگەی لێکۆڵینەوە رۆژهەلآتییەکان) لەسـالآنی (١٩٥٠-١٩٥٣)دا دەرکـەوتن، جگـە لـەوەی کـە چـەند گۆڤارێکی تری سەر بەزانکۆو پەیمانگەکان کە تایبەت بە کـەلتورو هونـەر و ئـەدەب و مێـژووی رۆژهـەلآت بوون لەوماوەیەدا دەرکران[٧٩].

لـەو ماوەیـەدا سـەرەتا ئەڵمانیـەکان زیـاتر هەوڵیانـدەدا لەسـەر ئـەو کەرەسـتە زۆرەی کـە پێشـتر کۆکرابوونەوە لەبارەی رۆژهەلآتەوە و ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشتر لەبارەی مێـژوو فلیۆلۆجیـاوە ئـەنجامیان درابوون، دووبارە کایەیەکی ئەکادیمییانە لەبارەی رۆژهـەلآت و ئیسـلامەوە لـە زانکۆکانـدا بکەنـەوە، لـەم سۆنگەیەوە ئەو کەرەستەو کارانە بکەن بەبناغەی ئەکادیمییانە بۆ بەشە جیاجیاکان لە زانکۆکانـدا، بۆیـە هەتا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیسـتیش ئـەڵمانیا، بایـەخێکی ئـەوتۆیان بـە ڕووداوو ململانێکـانی رۆژهەلآت نەدەدا، بەلأم لە شەستەکانەوە جارێکیتر هەست بەوە دەکرێـت کـە لەهـەردوو بەشـی رۆژئـاواو رۆژهــەلآتی ئــەڵمانیا وردەوردە بایەخــدانیان بــە ڕووداوەکــانی رۆژهــەلآت زیــاتر دەکــات و هەوڵــدەدەن لێکۆڵینــەوەکان لــەبارەی رۆژهەلآتــەوە فــراوانتر بکــەن و بەرنامــەی پێشــکەووتوتر دابڕێــژن، بۆیــە لــە ناوەڕاستی حەفتاکانی سـەدەی بیسـتەوە لێکۆڵینـەوەکان لـەبارەی رۆژهەلآتـەوە بایـەخێکی زۆر زیـاتری پێدەدرێت و چەندین لایەنی مەعریفی نوێی وەك جوگرافیاو زانستە سیاسیەکان و یاساو ئابووری، بایەخی پێدەدرێت[٨٠].

واتە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەوە جـارێکیتر، لـە ئـەڵمانیا بایـەخ بـە ڕووداوەکـانی رۆژو پێشهاتەکانی رۆژهەلآت درایەوەو هەتا رادەیـەك لێکۆڵینـەوەی نـوێتر جیـا لـە لێکۆڵینـەوە مێـژوویی فیلۆلۆجیاکان، هاتنە نێو رۆژهەلآتناسـی ئەڵمانییـەوە، بەتایبـەتیش دوای ئـەوەی شۆڕشـی ئیسـلامی لـە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەئیران ڕوویداو لە وێشەوە بزووتنەوە ئیسـلامییە سیاسـییەکان لـە تەواوی جیهانی ئیسلامی دەستیان بە نەشونماکردن کـرد، کـە ئەمـە ڕەنگدانـەوەی گـەورەی لـە ئـەورووپا بەگشتی و ئەڵمانیاش بە تایبەتی هەبوو، کاریگەربوو لەوەی جارێکیتر لێکۆڵینەوەکان لە بارەی ئیسلام و ناوچەکە زیاد ببێتەوە و پسپۆڕو شارەزای بوارە جیاجیاکانی کەلتورو مێژووی ئیسـلام لێـك نزیکببنـەوەو لەو کێشانە بکۆڵنەوە[٨١].

---

٧٨ المصدر نفسه ، ص ٣٥١-٣٥٢.

٧٩ المصدر نفسه ، ص ٣٥٢٢.

٨٠ يوسف كرياج و منفرد كروب ،المصدر السابق ،ص ٩٤. ص٩٤.

٨١ المصدر نفسه،ص٩٤.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتین، لەوانە گەیشتینە ئەوئاکامەی، کەئەوە جۆری پەیوەندیە مێژووییەکەی نێوان ناوچەکانی ئەڵمانیا و ڕۆژهەڵاتە کاریگەر بووە لە مۆرکرێژکردنی ئەم قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسیەو وایکردووە کە نەبوونی پەیوەندی راستەوخۆی نێوان ئەڵمانەکان و ئیسلام لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، واتە لەوکاتەدا کە میتۆد میتۆدێکی ئایینی بووەو بەرهەمە ڕۆژهەڵاتناسییەکان دەمارگیرانەبوون، لە ئەڵمانیا ئەم جۆرە نووسینە دەرنەکەوتووە، بۆیە ئەمە بەشێکە لەو هۆکارانەی وایکردووە ئەم قوتابخانەیە لە قوتابخانەکانیتر ئەکادیمیانەتر بێتە بەرچاو ئەمە جگە لەوەی کە دەرکەوتنی رەگ و ریشەی ئەم قوتابخانەیە لەکاتێکدا بووە ، کە تاڕادەیەك تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەلات گۆڕانی بەسەرداهاتبوو، بەلأم لە لایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆدەرکەوت کە کاتێك مارتن لۆتەری پیاوی ئایینی وەك مترسییەك لەئەڵمانیاوە لەسەر ئیسلام دەدوێت، دوای چەند سەدەیەك و سەرەڕای بەرەو پێشچوونە فیکرییەکانیش هەرهەمان زمانی ئایینی و دەمارگیریی پێشوتری بەکارهێناوە.

ئەنجامێکی تری ئەم کارەمان ئەوەیە کە لە سەردەمی نوێدا و لەو کاتەدا کە ولأتە کانی تری ئەوروبا ڕۆژهەڵاتناسییان تێکەڵ بە بەرژەوەندیە ئابووری وئیستعماریەکانیانەوە کردبوو ، ئەم قوتابخانەیە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆوە، ئەم مۆرکەی زۆر بەکەمی پێوە دیاربووە، ئەمە ئەگەرچی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ کاریگەر بووە لەوەی کارەکانی ئەم قوتابخانەیە لە چاو قوتابخانەکانی تر کەمتربن ،بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەشدا شانبەشانی گەشەسەندنی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم قوتابخانەیە کارەکانی لەم بارەیەوە هەروەك کایەیەکی زانستی ئەنجامداوە، هەر بۆیە ئەم ماوەیە کە ماوەی دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسی دەوڵەتە سەرەبەخۆکان و گەشەسەندنی پرۆسەکەیە، بەگشتی مەودای ڕەنگرێژکردنی قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییەکانە ئەم قوتابخانەیە بەشێوازو مۆرکێکی زانستییانەو ئەکادیمییانە گەشەیکردووە واتە نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی ئەگەرچی کارگەری نەرێنی کردوەتە سەر پێشکەوتنی ئەم قوتابخانەیە لە رووی چەندایەتییەوە، بەلأم رۆڵی گەورەی بووە لە بەخشینی مۆرکی زانستییانە بەم قوتابخانەیە لە رووی چۆنایەتییەوە، لەلایەکی تریشەوە بەوە گەیشتین کە ئەگەرچی لە دوای یەکێتی ئەڵمانیا لەساڵی (١٨٧١) بەدواوە، هەتا رادەیەك ئەم قوتابخانەیە تێکەڵ بەئامانج و ویستە سیاسییەکان بووە، بەلأم بەهۆی رەگ و ریشە ئەکادیمییەکەی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کورتی ماوەکەو جۆری پەیوەندییەکان بە ڕۆژهەڵاتەوە، ئەم قوتابخانەیە مۆرکی زانستی خۆی لە دەستنەداوە و دوای ئەمەش رووداوە مێژووییەکان بواریان نەداوە لە دوای جەنگیش جارێکیتر ئەم کایەیە لە ئەڵمانیا ببێتە بەشێك لە ئامانج و سیاسەتی دەوڵەت، کەواتە ئەوە مێژووی خودی ئەڵمانیا وئەو قوتابخانە ڕۆژهەلاتناسییەو جۆری پەیوەندییەکانی ئەو ولأتەیە بە ڕۆژهەڵاتەوە کە لەچاو قوتابخانەکانی تر کەمترین ماوە لەژێر چاودێری و پشتگیری سیاسەت و دەوڵەتدا بووە، وایکردوە ئەم قوتابخانەیە لە سەرجەم قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی تر ئەکادیمییانەتر بێت.

## سەرچاوەكان

### یەكەم: عەرەبیەكان

١ـ أحمد محمود هويدى، الإستشراق الألماني (تاريخه و واقعه وتوجهاته المستقله)، القاهره، ٢٠٠٠.
٢ـ أدوارد سعيد، الإستشرق (المعرفة –السلطة –الانشاء)، ترجمة: كمال أبو ديب، ط٧، بيروت، ٢٠٠٥.
٤ـ أنورمحمود زناتى، زيارة جديدة للإستشرق (مع دراسة للرؤية الإستشراقية منصفة للرسول محمد(ص))، القاهرة، ٢٠٠٦.
٥ـ حسين يوسف و فارس عزيز المدرس، مدخل الى الإستشراق (الدلالة، التاريخ، المنهج) جامعة الموصل، ٢٠١١.
٦ـ يان دوبراتشينسكى، أوروبا والمسيحية (المرحلة الصليبية)، ترجمة: كبرو لحدو، ج٢، دمشق ، ٢٠٠٧.
٧ـ ريتشارد سوذرن، صورة الإسلام فى أوروبا فى القرون الوسطى، ترجمة رضوان السيد، بيروت ١٩٨٤.
٨ـ سعيد عبدالفتاح عاشور، أوروبا في العصور الوسطى (التاريخ المسيحي )، ج١ ، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٨.
٩–عبدالرحمن بدوي،موسوعة المستشرقين ،ط٤ ،الاردن ، ٢٠٠٣.
١٠ـ عبدالوهاب عباس القيسى واخرون ، تاريخ العالم الحديث، ١٩١٤–١٩٤٥، وزارة تعليم العالى والبحث العلمى، جامعة البغداد، ١٩٨٣.
١١ـ عبدة فراج، معالم الفكر الفلسفى فى العصور الوسطى، القاهرة، ١٩٦٩.
١٢–لودفيغ هاغمن، مسيحية ضد الإسلام، (حوار إنتهى إلى الإخفاق )، ترجمة محمد جديد، تقديم رضوان السيد، ط٢، ٢٠٠٥.
١٣ـ محسن محمد حسين، الإستشراق برؤية شرقية، بيت الوراق،بغداد ، ٢٠١١.
١٤– محمد الخطيب، حضارة أوروبا فى العصور الوسطى، دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠٦.
١٥ـ محمد فتح الله الزيادى، الإستشراق اهدافه و وسائله، دار القتيبة ، بيروت، ١٩٨٠.
١٦ـ محمود درابيسة، الإستشراق الألمانى المعاصر، أربد، ٢٠٠٣ .
١٧ـ محمود سعيد عمران، تاريخ أوروبا فى العصور الوسطى، النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٦.
١٨ـ مصطفى وهبة، موجز تاريخ الحروب الصليبية، مكتبة الايمان، القاهرة ، ١٩٩٧.
١٩ـ مكسيم رودنسون، جاذبية الإسلام، ترجمة الياس مرقص، بيروت، ٢٠٠٥.
٢٠– ميشال دوفيز، أوروبا و العالم فى نهاية القرن الثامن عشر ،الجزء الاول، دار الحقيقة، بيروت، ١٩٨٠.
٢١ـ نجم فرح، تاريخ أوروبا فى العصور الوسطى، جامعة دمشق، ١٩٧٨.
٢٢ـ نورمان ف. كانتور، التاريخ الوسيط (قصة حضارة البداية والنهاية)، ترجمة وتعليق: قاسم عبدة قاسم، عين، القاهرة.
٢٣– هاشم جعيط، أوربا والإسلام، ترجمة طلال عتريس، بيروت ،١٩٨٠.
٢٤– كلود دلماس، تاريخ الحضارة الأوروبية، ترجمة توفيق وهبة، بيروت، ١٩٧٠.
٢٥ - يحيى مراد ،إفتراءات المستشرقين على الإسلام ورد عليها، بيروت، ٢٠٠٤.
٢٦ـ يوسف كرباج و منفرد كروب، تأملات فى الشرق (تقاليد الإستشراق الفرنسى والألمانى و حاضره)، ترجمة عدنان حسن ومحمدصبح، بيروت، ٢٠٠٦.
٢٧– يوهان فوك، تاريخ الحركة الإستشراق، (دراسات العربية والإسلامية فى أوروبا حتى بداية القرن العشرين)،ترجمة عمر لطفي العالم،دار المدار الإسلامى،الطبعة الثانية ،بيروت،٢٠٠١.

### دووەم: ئینگلیزیەكان

٢٨- Carl Stephenson, Medieval History, New yark, 1951.
٢٩- The Cambridg Modern History,vol(2).

### سێیەم: گۆڤارەكان

٣٠– هاشم التكريتى ، الاحوال العامة فى الألمانيا المسيحية، مجلة كلية الاداب، العدد ٢٨، ١٩٧٥.

### چوارەم: سایتە ئەلیكترۆنییەكان

٣١– الإستشراق نافذة لنمو العلاقات-www, c.org

## کورتەی بابەت

قوتابخـانی رۆژهەلاتناســی ئــەڵمانی یەکێکــە لــەدیارترین قوتابخانــە رۆژهەلاتناســییەکان کــە لــە چـاو قوتابخانەکانی تردا تا رادەیەکی زۆر کارەکانی بابەتیانە تر ئەنجامداوە کارێکی زۆری لەبارەی کایە جیاجیاکـانی رۆژهەلاتەوە ئەنجامـداوە هـەر بۆیـە هەولدەدەین لـەم کارەمانـدا لـەو هۆکارانـە بکۆڵینـەوە کـە بوونەتـە مایـەی بابـەتیبوونی ئـەم قوتابخانـە رۆژهەلاتناسـییە ئـەویش لـە رێگـای قوڵبوونـەوە لـە مێـژووی ئـەم قوتابخانەیـەو شیتەڵکردنی رەهەندە جیاجیاکانی وشیکردنەوەی مۆرك ومیتۆدی کارکردنی،لە رێی دابەشکردنی بابەتەکەوە بـە سەر دەروازەیەك ودوو باسی سەرەکیدا، کە لە دەروازەکەدا هەوڵدراوە چەند بۆچوونێك لە بارەی ئەم قوتابخانـە رۆژهەلاتناسیەوە بخرێتە روو،لە باسی یەکەمیشـدا لـە سـێ تـەوەرەی سـەرەکیدا تیشـك خراوەتـە سـەر مێـژوو ومۆرکی ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە  تا یەکێتی ئەڵمانیا.

لە باسی دووەمیشدا کە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە قسە لـە سـەر رۆژهەلاتناسـی ئـەڵمانی کـراوە لـە دوای یەکێتی ئـەڵمانیاوە تـا جـەنگی جیهـانی یەکـەم ودواتـر سـەردەمی جـەنگ ودوای جـەنگ وسـەردەمی نازییـەکان دواتریش  لەجەنگی جیهانی دووەمەوە تا شەڕی کەنداو.

## ملخص الموضوع

تعد المدرسة الإستشراق الألماني من أبرز المدارس  الإستشراقية  ،حيث أنجزت الكثير مـن  الدراسـات حـول الشرق من النواحى التاريخية و اللغوية والادبية والحضارية و  التراث الشرقى وقد تميزت هـذه المدرسـة عـن غيرهـا بموضوعيتها وعلميتها ومن هنا ارتأينا دراسة هذه المدرسة الإستشراقية وذلك لمعرفة  وتحليل الاسباب التى كانـت وراء اخذها هذا المنحى والطابع  فقد  حاولنا فى عملنا  هذا التعمق  فى تأريخ و ابعاد هذه  المدرسة  المختلفـة  و تحلل مناهجها و طابع اعمالها عن طريق تقسيم البحث  الى مدخل و مبحثين  رئسيين ،فى  المدخل حاولنا ان نـبين بعض الأراء المنسوبة  الى هذه المدرسة  الاستشراقية وفى  المبحث  الاول  فى ثلاث (محاور) سلطنا  الضوء علـى تاريخ و طابع هذه  المدرسة من بداية  القرون  الوسطى  الى قيام  الاتحاد  الالمانى.

وفى المبحث  الثانى  تناولنا شكل العمل  المنجزة  للاستشراق الالمانى  بعـد الاتحـاد   الالمـانى و ذلـك فـى خمس ( محاور) يتضمن  الاستشراق الالمانى بعد الاتحادوخلال فترة الحرب العالمية الاولى وبعد الحـرب أثنـاء فـترة الحكم النازى الى حرب الخليج.

## Abstract

A School of German Orientalism is a well-known school among schools of oriental studies. The school has done many researches about history, languages, culture and civilizations of the east. Compare with other schools, German Orientalists wrote their works more objectively with elaborate academic disciplines. This paper attempted to study its history and methodology in-depth in order to understand its dimensions. This study divided into an introduction and two parts. Firstly, different arguments about the school of German Orientalism have been discussed in the introduction. Secondly, in part one its history and characteristics of the school has been discussed from the beginning of middle Ages to the era of unification of Germany. Finally, it discussed the works that achieved after unification of Germany which divided it into five sections; they cover the history of the German Orientalism after unification of Germany til a Gulf War.

# ڕەوشی تەندروستی لیوای سلێمانی
# لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا
## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە

د. بەختیار سەعید مەحمود
مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی
زانکۆی ڕاپەڕین/ ڕانیە.

### پێشەکی

ئامانج لە باسکردن لە بابەتێکی گرنگی وەك تەندروستی سلێمانی لە ماوەی پاشایەتی لە عێراق تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم لایەنە وەك پێویست بایەخی پێنەدراوە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشکێك بخەینە سەر ڕەوشی تەندروستی لەڕوانگەی بایەخی حکومەت و ژمارەی نەخۆشخانە و ژمارەی پزیشك و نەخۆشەکان و نەخۆشیی بڵاوەکان و...هتد. لەلایەکی تر ئامانج لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەیە تاوەکو لەڕێگەی ئەو ئامار و زانیاریانەی لەبەردەستدان دەسەڵاتداران لەو بارودۆخە تەندروستیەی ئەو کات ئاگادار بکرێنەوە، تا سود لەو کەموکورتیانە وەربگرن. هەروەها گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە بنەما و سەرەتایەك دادەنێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لەم بوارە بەشێوەیەکی زانستیانە، لەبارەی شاری سلێمانی یان ناوچە کوردیەکانی تر. کەواتە لێرەوە پێویستە ئەوە بزانین کە بوارە شارستانیەکانی وەك تەندروستی و خوێندن و ڕۆشنبیری و کەلتوری و هونەری و...هتد گرنگی خۆیان هەیە و پێویستە توێژەران بایەخی زیاتری پێ بدەن.

هەرچەندە نووسین لە بارەی ڕەوشی تەندروستی سلێمانی لە سەردەمی پاشایەتی کارێکی ئاسان نیە و پێویستی ماندووبونێکی زیاتر هەیە بەبەراورد لەگەڵ نووسینی مێژووی سیاسی. بەڵام هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەو ڕووانگەیەوە بوو، کە تا تێستا وەك پێویست بەدەر لەلایەنە مێژوویەی شاری سلێمانی نەکراوەتەوە، بەتایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەمبارەیەوە ئەنجام نەدراوە و ئاوڕ نەدراوەتەوە بەلای بارودۆخی تەندروستی لیوای شارەکە، هەر بۆیە بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی لەو سەردەمە شایستەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەمجۆرەیە.

لەبارەی ئەو کێشانەی لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕووبەڕووی بوینەوە، بە پلەی یەك کەمی خۆی لە سەرچاوە و پەرش و بڵاوی سەرچاوەکانە لە بارەی ڕەوشی تەندروستی سلێمانی لەو ماوەیەدا دەبینێتەوە. ئەمەش ئەرك و ماندوبوونێکی زۆری ویستووە تا کۆکراونەتەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی تایبەت بە بواری تەندروستی شاری سلێمانی. هەرچی لەبارەی ئەو میتۆدەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتووە، ئەوا ڕێبازی پێکهێنانی تێدا پەیڕەو کراوە، بەو پێیەی هەوڵدراوە لەڕێی

سەرچاوە مێژووییەکانەوە زانیاریمان لەم بارەیەوە دەستبکەوێت. لە پاڵ ئەوەی هەندێجار پەنامان بردۆتە بەر چەند میتۆدی تر بۆ گەیشتن بە ئەنجام و چارەسەری بابەتەکان، لەوانە پشت بە میتۆدی شیکردنەوە و بەراودکردن و ڕەخنەگرتن یان لەڕێگەی بیرەوەری و ئامار و داتاکانەوە ئامانجی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر دەروازەیەك و سێ باسدا دابەش کراوە، لە دەروازەکەدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. لەم بابەتەدا قسەکراوە لەبارەی ڕەوشی تەندورستی سەنجەقی سلێمانی لە ڕووانگەی نەخۆشخانەکان و مەسەلەی بایەخدانی حکومەت بەبواری خزمەتگوزرای تەندروستی و...هتد. بەلاَم لە باسی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا، کە تاڕادەیەك لەگەڵ سەردەمی عوسمانیەکان جیاوازی هەبووە و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیووە. لە باسی دووەمدا قسەکراوە لەبارەی بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی لە سەرەتای سەردەمی پاشایەتی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، کە چەندین زانیاری لەبارەی بارودۆخی تەندروستی لەو ماوەیە لە خۆگرتووە. بەلاَم لە باسی کۆتای تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەبارەی بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا. پاشان هاتووینەتە سەر دەرەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان و لەگەڵ کورتەیەکی لێکۆڵینەوەکە بە هەدروو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

لەبارەی ئەو سەرچاوانەی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سودیان لێ وەرگیراوە. هەندێك لەو سەرچاوانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان پێ بەرستراوە، ئەمەش بەهۆی گرنگی و دەوڵەمەندی زاینارییەکانی لەبارەی ڕەوشی نەتدروستی لیوای سلێمانی. لەوانە لە بارەی بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی سەرەکی پیشت بە ساڵنامەکانی عوسمانی بەستراوە. بەلاَم لەبارەی بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە سەردەمی ئینگلیزەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی سەردەمی مێجەر سۆن بەستراوە. بەلاَم لەبارەی بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە سەردەمی دەوڵەتی عێراقدا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئامارەکانی حکومەتی عێراق بەستراوە، بەتایبەتی کۆمەڵێك لە ئاماری ساڵانە کە لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٨ تۆمارکراوە. هەروەها سود لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش وەرگیراوە کە ئەو کات لە سلێمانی دەردەچوون، بەتایبەتی ژیان و ژین و نزار. ئەمە جگە لەوەی سود لە هەندێ لە کۆنوسەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەرگیراوە، کە زانیاری تەندروستیان بۆ تۆمار کردوین.

لەکۆتایدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم بەم بوارە کردبێت و ئەمە ببێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بەم بوارە.

## دەروازە/ بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی:

لەبارەی بارودۆخی تەندروستی لە سەنجەقی[1] سلێمانی لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا زانیاریەکی کەم لەبەردەستدان. بەگوێرەی سەرچاوەکان بارودۆخی تەندروستی ئەو کات لەو پەڕی خراپیدا بووە، ئەمەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناك و نەبوونی نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بۆ هاوڵاتیان[2]. بەگوێرەی زانیارییەکانی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٨٩٤ لە سەنجەقی سلێمانیدا یەك نەخۆشخانە هەبووە[3]، کەواتە ئەگەر لە ناو شاردا یەك نەخۆشخانە هەبوو بێت، ئەوا لە ناوچەکانی دەوروبەری شار لە قەزا و ناحیەکان بە تەواوی لە نەخۆشخانە بێبەش بوون.

ئەگەر بە وردی سەیری ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکەین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە عوسمانییەکان بواری تەندروستیان بە تەواوی پشتگوێ خستووە، بەگوێرەی ساڵنامەی ١٨٩٠–١٨٩١ لە تەواوی سەنجەقی سلێمانیدا تەنها ٦٠٠ قروش بۆ بواری تەندروستی خەرج کراوە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەمان ساڵدا لە بوارەکانی سەربازی وەك ناوخۆ بڕی ٣٣٣٦٢٧ قروش و ژەندرمە بڕی ٨٤٠٨٤٤ قروشی بۆ خەرج کراوە[4]. لە کاتێکدایە داهاتی ئەو ساڵەی عوسمانیەکان لە سەنجەقی سلێمانی ٢٥٦٧٨٤٨ قروش و سەرجەمی خەرجیەکانی ئەو ساڵە بڕی ١٧٤٠٨٩٤ قروش بووە[5]. هەروەها ئەگەر تەماشای زانیارییەکانی ساڵنامەی ساڵی ١٨٩٢ بکەین، دەبینین هەمان بڕ بۆ بواری تەندروستی تەرخان کراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بوارەکانی ناوخۆ ٣٢٧٣٨٨ قروش و ژەندرمە بڕی ٨٦٦٠١٤ قروشی بۆ خەرج کراوە[6]. بەگوێرەی هەمان ساڵنامە داهاتی ئەو ساڵەی عوسمانیەکان لە سەنجەقی سلێمانی ٢٧٢٥٥٣١ قروش و سەرجەمی خەرجیەکانی ئەو ساڵە ١٧٠٦٦٣٧ قروش بووە[7]. کەواتە ئەگەر ڕێژەی سەدی بۆ هەردوو ساڵەکە وەربگرین دەردەکەوێت کە ئەو پارەیەی عوسمانیەکان لە سەنجەقی سلێمانی بۆ بواری تەندروستی خەرجیان کردووە، بۆ ساڵی ١٨٩١ بڕی ٠,٣٤٪ و بۆ ساڵی ١٨٩٢ بڕی ٠,٠٣٥٪ ە، کە ئەمەش ناکاتە ڕێژەی ١٪ی ئەو پارەیەی کە بۆ ناوچەکە خەرج کراوە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو، کە بارودۆخی تەندروستی ئەو شارە لە چاو کەرتی سەربازی کەمترین پارەی بۆ تەرخان کراوە، هەر ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی ئەوەندەی بایەخی بەبواری سەربازی داوە، بایەخی بە بوارەکانی تر نەداوە.

دەوڵەتی عوسمانی جگە لەوەی بایەخی بە کەرتی تەندروستی نەداوە هەندێ لە فەرمانگەکانی تریش کە بەرپرسن لە پاك و خاوێنی و تەندروستی هاوڵاتیان بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون لەوانە (شارەوانی). ئەم فەرمانگەیە لە جیاتی پاككردنەوەی کوچە و کۆڵان و شەقامەکان و چاودێریکردنی پاك و خاوێنی شارەکە، ببووە بە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی پارە و موچەی فەرمانبەران، ئەو پارانەش کە کۆدەکرانەوە بۆ شارەکە تەرخان نەدەکران، بەڵکو لەبواری لاوەکیدا خەرج کراون[8]. ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی سەردەمی عوسمانیەکان بە سەردەمی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا بناسرێ، بۆ نمونە ناوچەکە بەگشتی بەدەست نەخۆشیەکانی مەلاریا و بەلهارزیا و گرانەتا و ڕشانەوە دەیناڵاند، بەجۆرێك ساڵانە ١٠٪ی دانیشتوانی گوندەکان بەهۆی نەخۆشی مەلاریاوە لەناو دەچوون. لەوانە بەهۆی نەخۆشی ڕشانەوە

لە ساڵانی ١٩٠٤–١٩٠٥ کە لەناو شاری سلێمانیدا بڵاوبووەوە، نزیکەی ٧٧٠٠ کەس مردوون، ئەم نەخۆشیە ئەو کات خەڵك پێی وتووە (چاوەقوڵە). لەبەر کوشندەیی نەخۆشیەکە (یاسین) لەسەر نەخۆشەکان نەخوێنراوە[٩].

یەکێکی تر لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی ئەوەبوو بواری پزیشکی لەسەر بنەمای زانستی نەبووە، ئەمەش بووەتە مایەی کارەسات بۆ خەڵکی، بەجۆرێك سەرتاشەکان جگە لە کاری خۆیان، منداڵانیان خەتەنە دەکرد و سووتاویشیان چارەسەر کردووە. هەروەها پیاوانی ئاینیش لەبواری تەندروستیدا ڕۆڵیان هەبووە و خەڵکی لە کاتی نەخۆشیدا چوونەتە لای مەلاکان، ئەوانیش نزا و نوشتەیان بۆ کردوون و هەندێکیان دەرمانی کوردەواری و گیایشیان بە خەڵك داوە[١٠]. هەر لەو سەردەمەدا بەهۆی نەبوونی پزیشك لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی وەك ڕشانەوە و تاعون و گولی و گرانەتا، کە بۆتە مایەی مردنی هەزارەها مرۆڤ، خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی خۆیان پەنایان بۆ نوشتە و جادوو و حەکیم و گیادەرمانیەکان بردووە[١١]. کەواتە ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی بارودۆخی تەندروستی لەو سەردەمەدا ڕوون دەبێتەوە، کە عوسمانیەکان لە بەرانبەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا خۆیان بە بەرپرس نەزانیوە، هەر لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی خەڵکی پەنایان بۆ هۆکاری ناتەندروستی بردووە.

جێگەی باسە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بارودۆخی تەندروستی دانیشتوانی سەنجەقی سلێمانی بەرەو خراپتر چووە، ئەمەش بەهۆی سیاسەتی عوسمانیەکان بەرانبەر ناوچە کوردیەکان بە گشتی. لە ماوەی جەنگدا ناوچەکە لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و...هتد زۆر نالەباردا ژیاون، نەخۆشی و جۆرەها پەتا بڵاوبووە و دەرمان و پزیشك نەبوون، ئەمە جگە لە برسیەتی کە ببووە هۆی مردنی هەزارەها کەس[١٢]. هەر بەهۆی گرانی و برسیەتیەوە جۆرەها نەخۆشی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشابوو، نەبوونی خوراك وایکردبوو خەڵکی پەنا بۆ خواردنی شتی نەشیاو بەرن، کە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی تەندروستی و خۆراکیدا نەگونجاوە لەوانە وەك پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا نوسیوویەتی: "هاوسێیەکمان بەهۆی خواردنی خوێنی مەییوو مەرگیان بۆ خۆیان هێنابوو"[١٣]. هەروەها ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا لە بارەی بارودۆخی خەڵك لەو ڕۆژگارەدا دەڵێت: "هەموو ڕۆژێك لە شارێکی وەك سلێمانی بەهۆی برسیەتی و نەخۆشیەوە زیاتر لە دە کەس مردوون، ئەمەش وایکردبوو کۆڵان و شەقام و کەلاوەکانی شار پڕ بن لە لاشەی مردووان"[١٤]. کەواتە خراپی بارودۆخی تەندروستی و نەبوونی خزمەتگوزاری لەم بوارەدا بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی، کە لە ئاکامدا هەزارەها هاوڵاتی مردوون، بەڵام بە پێچەوانەوە عوسمانیەکان لە خەمی بواری سەربازیدا بوونە، ئەوەتا بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەیەك عوسمانیەکان لەماوەی جەنگدا نەك هەر لەڕووی تەندروستیەوە خزمەتی شارەکەیان نەکردووە، بەڵکو خوێندنگەکانیان کردووە بە نەخۆشخانەی سەربازی و بۆ هاوڵاتیان نەبووە سەردانی لەو جۆرە نەخۆشخانەیە بکەن[١٥]. کەواتە لەماوەی جەنگدا شاری سلێمانی لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بێ بەش بووە و ڕۆژانە دەیەها کەس لەبەر بڵاوی پەتا و نەخۆشی گیانیان سپاردووە، بەڵام بەهۆی پێویستی دەوڵەت بە بواری سەربازی خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانیش خراونەتە خزمەتی ئەم بوارەوە.

## باسی یەکەم
## بارودۆخی تەندروستی سلێمانی
## لە سەردەمی حوکمداری شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان:

سەردەمی ئینگلیزەکانیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دەست پێدەکات، ئەو کات بارودۆخی سلێمانی و ناوچەکە بەگشتی بەهۆی کاریگەریەکانی جەنگەوە لەوپەڕی خراپیدا بوو. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە شاری سلێمانی، خەڵکێکی زۆر بەهۆی کاریگەری جەنگەوە مردبوون، کەمتر لە سێیەکی دانیشتوان لەناو شاردا مابوونەوە، مەترسی ئەوەش هەبوو، کە دوو لەسەر سێی خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکانی سلێمانی مردبن یان بەرەوە ناوچەکانی تر ئاوارە بووبن[١٦]. هەربۆیە سەرەتا ئینگلیزەکان بەهۆی برسیەتی خەڵکەکەوە تەنها خواردن و ئازوخەیان دابەش کرد[١٧]. بەڵام دوای ئەوە وردە وردە بواری تەندروستی بەتایبەتی لە سەردەمی مێجەر سۆندا دەستی بە بوژانەوە کرد.

دوای هاتنی ئینگلیزەکان، کەوتنە دانانی نەخۆشخانەیەك و ژوورێکیان تەرخان کرد بۆ نەشتەرگەری و قاوشێکیشیان جیاکردەوە بۆ ژنان، کە شوێنی ٢٠ پیاو و ١٥ ژن ساز بکرێت[١٨]. وەك لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی سەردەمی مێجەر سۆندا[١٩] هاتووە، بواری تەندروستی یەکێك لەو بوارە گرنگانە بووە، کە ئینگلیزەکان پارەیان تێدا خەرجکردووە و هەوڵیان داوە بەرەو پێشی ببەن، هەر ئەمەش وایکردووە هەندێ لە کارمەندانی ئینگلیز باس لە بەرەو پێشچوونی بارودۆخی تەندروستی بکەن، لە چاو سەردەمی عوسمانی[٢٠]. کەواتە خەرجکردنی بڕێك پارە بۆ بواری تەندروستی لە شاری سلێمانی لە بەرنامەی کاری ئینگلیزەکاندا بووە. وەك لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا هاتووە، بڕی پارەی خەرجکراو بۆ ساڵی ١٩٢٠، ٣١٧٨٩٨٠ ڕوپیە[٢١] بووە، لەم بڕەش ٦٦٠٠٠ ڕوپیە بۆ بواری تەندروستی لە سلێمانی خەرج کراوە[٢٢]. جێگەی بیرهێنانەوەیە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، لە سەردەمی عوسمانیدا لە ساڵی ١٨٩٠-١٨٩١ بڕی ١٧٤٠٨٩٤ قروش لە سەنجەقی سلێمانی خەرج کرابوو، لەم بڕەش تەنها ٦٠٠ قروش لە بواری تەندروستی خەرج کراوە. کەواتە بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی عوسمانیەکان، لە سەردمی ئینگلیزەکاندا پارەیەکی زیاتر لە بواری تەندروستیدا خەرج کراوە.

ئینگلیزەکان بایەخیان بە بواری پاك و خاوێنی و تەندروستی شاری سلێمانی داوە، لەوانە هەوڵیان داوە پاکوخاوێنی شار بپارێزن. مێجەر سۆن بڕیاریدا ئەو کەسانەی بار لە دەرەوەی شارەوە بۆ ناو شار بە گوێدرێژ و وڵاخ دەهێنن، نابێت وڵاخەکانیان بهێننە ناو بازاڕی شار، بەڵکو دەبێت لە پشتی بازاڕ بوەستن و دەبێت تورەکە لە دوای وڵاخەکانیان ببەستن، بۆ ئەوەی پیساییەکانیان نەکەوێتە سەر زەوی، ئەمەش لە پێناوی پاك ڕاگرتنی شار. ئەمە جگە لەوەی هەوڵیاندا بازاڕی شار ڕێکبخەنەوە و ڕێگریان لە دوکاندارەکان کردووە لەوەی پیسی و خاشاك فڕێبدەنە پێش دوکانەکانیان[٢٣]. هەروەها پاککردنەوەی ناو شار و بازاڕی شاریان خستە ئەستۆی شارەوانی[٢٤]. کەواتە هەموو ئەم کارانە بۆ پاك ڕاگرتنی شار و هەوڵدان بووە لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

لە پێناو ڕێکخستنی کاروباری پزیشکی سۆن فرمانیدا ئەوانەی کاری پزیشکی و مامانی دەکەن، دەبێت مۆڵەتیان هەبێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش غەرامەی سەپاندووە بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەبێ مۆڵەت کاریان کردووە، وەك لە بابەتێکدا نوسیویەتی: "هەر کەس تێکەڵی ئیشی حەکیمی یان جەڕاح یان مامان بووبێت، دەبێت ئەمە بە قانون بکرێت و لەلایەن حاکمی شارەوە ڕێگای پێبدرێت، ئەگینا جەریمە دەکرێت، غەرامەکەی لەهەزار ڕوپیە زیاتر نەبێت یان بەند بکرێت، بەڵام لە شەش مانگ زیاتر نەبێت"[٢٥]. ئەمەش مانای وایە ئینگلیزەکان ویستویانە ئەم بوارە ڕێکبخەن، یان ویستویانە ئەو کەسانە دوور بخەنەوە کە بەهۆیەوە پارەیان پەیدا کردووە. هەروەها داوا لە خەڵك کراوە، دوور کەونەوە لە پیسایی کردن لە ناو کۆڵان و کەلاوەکانی شارەکەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی[٢٦]. لە ڕاستیدا ئەم بڕیارانە لای خەڵك شتێکی نوێ بوو، بۆیە خەڵك بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان کردووە. هەروەها ئینگلیزەکان لەڕێگەی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"ەوە بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی داوە. لەم بوارەدا چەندین بابەت بەرچاو دەکەوێت، لەوانە داوا لە خەڵکی کراوە خواردن و قاپوقاجاغیان خاوێن ڕابگرن، ئەگینا بە میکرۆب پیس دەبێ، وەك دەڵێت: "لە هەموو چێشتێکی پیسدا کرمێکی زۆر زۆر بچوك هەیە بە ناوی میکرۆب، ئەمە بە چاو نابینرێ"[٢٧]. لە درێژەی ئەم بابەتەدا نووسیویەتی: "هەرچەندە هەندێ کەس باوەڕی بەمە نیە، بەڵام بەهۆی ئامێرێکی تایبەتەوە دەبینرێ"[٢٨]. کەواتە لەو کات خەڵکێکی زۆر هەبووە باوەڕیان بە بوونی میکرۆب نەبووە و هەوڵ دراوە باوەڕ لای ئەم جۆرە کەسانە دروست بکرێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە هەوڵدراوە ڕۆشنبیری تەندروستی لای خەڵکی دروست بکرێت.

هەرچەندە ئەم کارانەی ئینگلیزەکان مانای بایەخدانی بە کەرتی تەندروستی گەیاندووە، بەڵام ئەمە مانای پڕکردنەوەی پێداویستی تەندروستی شارەکە ناگەیەنێ و نەبوونە هۆی بنبڕکردنی کێشە تەندورستیەکان. خراپی بارودۆخی تەندروستی ناوچەکە لە سەردەمی ئینگلیزەکان بەردەوام بووە، ئەوەتا لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن بانگەوازی بۆ خەڵکی کردووە، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە لە ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ خەڵك بێن خۆیان لە نەخۆشخانەی سلێمانیدا بکوتن، ئەگینا نەخۆشییەکە لە ناو شاریش بڵاودەبێتەوە[٢٩]. ئەم نەخۆشیە لە ناو شاری سلێمانیش هەبووە، وەك لە بابەتێکی ڕۆژنامەی پێشکەوتندا ئاماژە بەوە کراوە، کە ژمارەی دانیشتوانی ناو شار ١٥ هەزار کەسە، لەو ڕێژەیەش بۆ خۆکوتان دژی نەخۆشی ئاوڵە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ کەس هاتوون[٣٠]. لە هەمان بابەتدا داوا لە خەڵکی کراوە بێن خۆیان بکوتن، ئەگینا هەموو کات چاوەڕێی ئەوە بکەن، توشی ئەو نەخۆشیە ببن[٣١]. ئەوەی تێبینی دەکرێ داوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە لە شاری سلێمانی، بیرۆکەیەکی وا لە ناو لەخەڵکدا بڵاوبوو، گوایە ئەوەی بە منداڵی خۆی کوتاوە پێویست ناکات جارێکی تر خۆی بکوتێ، وەك گوتراوە: " ئەو فکرەیەی کە بە منداڵی کوتراوم ئیتر پێویست ناکات بکوترێم ڕاست نیە و هەڵەیە"[٣٢]. لەڕێگەی ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە بەتوندی ئەم بیرۆکەیە ڕەتکراوەتەوە و داوا لە خەڵکی کراوە واز لەو بیرۆکە هەڵەیە بهێن و بۆ خۆکوتان سەردانی نەخۆشخانە بکەن. بێگومان ئەمەش بەشێکە لە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی

ڕۆشنبیری تەندروستی لەناو خەڵك. لەلایەکی ترەوە بەهۆی زۆری ڕێژەی خەڵکی هەژار، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی بڕیاری داوە ئەوانەی زۆر دەستکورت و هەژارن بێ بەرانبەر پشکنینی پزیشکی و دەرمانیان پێدەدرێت[٣٣]، بێگومان ئەمەش یارمەتی دەرێکی باش بووە بۆ هەژارن، پێدەچێت هەولێکیش بووبێت، بۆئەوەی خەڵکی لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت لەکاتی نەخۆشیدا سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین بارودۆخی تەندروستی سلێمانی لە سەردەمی ئینگلیزەکان پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە لە چاو سەردەمی عوسمانیەکان. ئینگلیزەکان هەوڵیاندا بایەخ بەم بوارە بدەن و ڕێکی بخەنەوە، ئەمە جگە لەوەی هەڵیانداوە ڕۆشنبیری تەندروستی لای خەڵك دروست بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم بوارە لە ئاستی پێویستدا نەبووە، لەو سەردەم چەندین نەخۆشی لە ناو خەڵکدا بڵاوبووە و نەتوانراوە ڕێگریان لێ بگیرێت، بەتایبەتی نەخۆشی ئاوەڵە.

لەبارەی ڕەوشی تەندروستی سلێمانی لە ماوەی یەکەمی حوکمداری حوکومڕانی شێخ مەحمود، کە لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ەوە دەستی پێکردووە تا ناوەراستی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ بەردەوام بووە. سەرچاوەکان مێژووییەکان لەم ماوەیەدا هیچ زانیاریەکی ئەوتۆیان تۆمار نەکردووە. وادیارە هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری باری سیاسی و کورتی ماوەی دەسەڵاتەکەی شێخ و بوونی ململانێی بەردەوام لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، ئەمە جگە لەوەی لە زۆر ڕووەوە خەڵکی هێشتا کاریگەری جەنگی یەکەمی جیهانیان بە سەرەوە مابوو[٣٤]. ئەمەش وایکردووە لەم ماوەیەدا حکومەتەکەی شێخ مەحمود نەتوانێ بایەخ بە بواری تەندروستی بدات. بەڵام لە سەردەمەکانی تردا هەندێك ئاماژە و نوسین لەبارەی ڕەوشی تەندروستی بەدی دەکرێن، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی شێخ لە هیندستان لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢٢ و دەستپێکردنی ماوەی دووەمی حوکمداریەکەی. ئەوەی لەم بابەتەدا جێگەی تێبینیە دروستکردنی کابینەی دووەمی حکومەتە لەلایەن شێخ مەحمودەوە، کەچی لە پێکهاتەی ئەم حکومەتەدا هیچ جۆرە وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتیەك بەناوی تەندروستیەوە بەدی ناکرێت، بەڵام بەگوێرەی ئاماژەی سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا خەستەخانەیەکەی سەربازی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی سەربازە نەخۆشەکان کە جێگەی نزیکەی ٢٥ کەسی تێدا بوەتەوە[٣٥]. هەروەها بەگوێرەی یەکێك لە بەڵگەنامەکانی تۆماری خەرجی و داهاتی شارەوانی حکومەتی شێخ مەحمود لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ تا کۆتایی شوباتی ١٩٢٤ هاتووە لەو ماوەیەدا بڕی زیاتر ١٧٦٦ ڕوپیە بۆ شارەوانی و پاکوخاوێنی شاری سلێمانی خەرجکراوە[٣٦]. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پاراستنی تەندروستی هاولاتیانەوە هەیە. لەهەمان سەرچاوەدا باس لە خەرجکردنی بڕێکی کەم لە پارە لەماوەی دیاریکراودا دەکات، بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی هەژار و کەم دەرامەت[٣٧]. کەواتە ئاماژەکان لەبارەی بایەخی تەندروستی لە سەردەمی حوکمداری شێخ مەحموددا لاوازن، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەم.

## باسی دووەم
## بارودۆخی تەندروستی سلێمانی
## لە سەرەتای سەردەمی پاشایەتی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی:

دەتوانین بڵێین ئینگلیزەکان کێشە تەندروستیەکانی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریان بۆ چارەسەر نەکرا، هەروەها حکومەتی عێراقیش کە دواتر هات[٣٨] هەر بەهەمان شێوە ئەو کەرتە گرنگەی پشتگوێ خست. ئەوەتا ئەفسەرێکی ئینگلیز بەناوی هێنری فیڵد لە ڕاپۆرتێکیدا لە بارەی بارودۆخی تەندروستی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٦ نوسیوویەتی: "هەر شتێك پەیوەندی بە بایەخدانی تەندروستیەوە هەبێت لە کوردستان بوونی نیە، نەخۆشی خەڵکی دروێنە دەکات"[٣٩]. ئەمە وێنەی بارودۆخی تەندروستی ناوچە کوردیەکان بووە. بەڵام دەربارەی سلێمانی بارودۆخەکە باشتر نەبووە، هەروەك محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە ساڵی ١٩٢٨دا لە یەکێك لە چاپکراوەکانیدا گوتوویەتی: "نەبوونی تەشکیلاتی تەندروستی لە لیوای سلێمانی موسیبەتێکی گەورەیە"[٤٠]. لەو ماوەیەدا بارودۆخی تەندروستی سلێمانی زۆر خراپ بووە، هەروەك لە قسەکانی محەمەد ئەمین زەکی بەگدا دەردەکەوێت، کە لە ساڵی ١٩٢٨دا گوتوویەتی یەك پزیشك و یەك ئەجزاچی هاتۆتە سلێمانی و دەروبەری بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، ئەمە جگە لەوەی باسی لەوە کردووە، کە تا ئەو کات هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبووە بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەیەك بۆ شاری هەڵەبجە[٤١]. ئەمەش مانای وایە تا ئەو کات هەندێ لە قەزا و ناوچەکانی تری لیواکە نەخۆشخانەیان نەبووە.

دەربارەی ژمارەی نەخۆشخانەکان، حوسێن حوزنی موکریانی کە لە ساڵی ١٩٣٤دا سەردانی شاری سلێمانی کردووە باسی لە بوونی یەك نەخۆشخانە لە ناو شاردا کردووە و دەڵێت: "لە ناو شاری سلێمانیدا خەستەخانەیەك هەیە زۆر گەورەیە، چەند ژوورێکی بۆ نوستنی نەخۆش و دەرمانکردن هەیە. ئەو خەستەخانەیە لە سەردەمی عوسمانیدا دروست کراوە"[٤٢]. کەواتە تا ناوەڕاستی سییەکانیش لە سلێمانیدا نەخۆشخانەیەك هەبووە، ئەوەش لە سەردەمی عوسمانیدا دروستکرابوو. بەڵام دواتر موکریانی ئاماژەی بەوە کردووە نەخۆشخانەیەك لە گەڕەکی مەڵکەندی دروست کراوە لە سەر تەرزی ئەورووپی، کە نزیکەی دوو سێ نهۆمە[٤٣]. کەواتە لە قسەکانی دەردەکەوێ ئەو نەخۆشخانە تازەیە تا ئەو کاتیش بەکار نەکەوتووە و تەنها دروستکردنی بیناکەی تەواو بووە، هەرچەندە پێدەچێت ئەمە تەنها بنکەیەکی تەندروستی بوو بێت. ئەمە بەبەڵگەی ئەوەی کە لە "دلیل العراق"ی ساڵی ١٩٣٦دا هاتووە، لە لیوای[٤٤] سلێمانی یەك نەخۆشخانە و شەش بنکەی تەندروستی هەبووە، لەوانە نەخۆشخانەی مەلیك فەیسەڵ لەناو شاری سلێمانی و لەگەڵ بوونی یەك بنکەی تەندروستی، بەڵام بنکە تەندروستیەکانی تر لە هەڵەبجە و چوارتا و پێنجوێن و تەوێڵە و قەرەداغدا بووە[٤٥]. ئەوەی لەم نوسراوەدا هەستی پێدەکرێ، ئەوەیە لیوای سلێمانی لە کەمترین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لێبووە لە چاو لیواکانی تری عێراق، بۆ نمونە لە بەغدا ٤ نەخۆشخانە و ٢٥ بنکەی تەندروستی و لە بەسرە ٤ نەخۆشخانە و ١٤ بنکەی تەندروستی و لە موسڵ ٢ نەخۆشخانە و ٣٠ بنکەی تەندروستی و لە لیوای عەممارە ١ نەخۆشخانە و ١٣ بنکەی

تەندروستی و لە لیوای دیوانیە ۱ نەخۆشخانەو ۱۵ بنکەی تەندروستی و لە لیوای کوت ۱ نەخۆشخانە و ۱۰ بنکەی تەندروستی لێبووە، بەلاّم لە لیوای کەرکوك ۱ نەخۆشخانە و ١٦ بنکەی تەندروستی و لە لیوای هەولێر ۱ نەخۆشخانە و ۱۲ بنکەی تەندروستی هەبووە[٤٦]. کەواتە لیوای سلێمانی لەڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستیەوە هەژارترین لیوای عێراق بووە، پێدەچێت هۆکاری ئەم پشتگوێخستنە سیاسی بێت، بەهۆی بوونی چەندین بزوتنەوەی سیاسی لەم شارە دژ بە حکومەتی عێراقی، بەتایبەتی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود.

دەربارەی ژمارەی پزیشك لە لیوای سلێمانی، پێدەچێت حکومەتی عیراقیش هەروەك ئەوانی پێش خۆی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی تەندروستی ناوچە کوردییەکان هیچ هەنگاوێکی جدی نەنابێت. بەو بەلگەیەی کە تا ناوەڕاستی سییەکانیش تەنها دوو پزیشك و دوو برینپێچ لە نەخۆشخانەکەی شاری سلێمانیدا هەبووە[٤٧]. لە ڕۆژنامەی "ژیان"یشدا نوسراوە "تا ساڵی ۱۹۳۳ تەنها یەك پزیشك بە ناوی "حەمدی" لە شاری سلێمانیدا هەبوو، ئەم پزیشکە ڕۆژانە سێ سەد تا چوار سەد هاولاّتی سەردانی کردووە، هەربۆیە نەیتوانیوە وەك پێویست خزمەتی خەڵکی بکات، وەك دەڵێت: " وەرن بچن تەماشای زۆری تەبەڵەی نەخۆشەکان بکەن، ڕۆژی ۳۰۰ بۆ ٤۰۰ کەسی چاودێری کردووە، قەڵەباڵغیەیەکی زۆر دروست بووە"[٤٨]. هەر بەهۆی نەبوونی پزیشکەوە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش ڕۆژانە لە حەوشەی نەخۆشخانەی شارەکە بووە و پزیشکیش نەیتوانیوە بەگوێرەی پێویست چارەسەری نەخۆشەکان بکات[٤٩]. کەمی ژمارەی پزیشك لە لیوای سلێمانی تا کۆتایی سییەکان بەردەوام بووە، کە ژمارەیان یەك بۆ دوو پزیشك زیاتر نەبووە. لە ئاماژەیەکی ڕۆژنامەی "ژیان"دا لە ساڵی ۱۹۳٦ لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "دوو پزیشکی مەسیحی لەشاری سلێمانی هەن"[٥۰].

خراپی باری تەندروستی و کەمی خزمەتگوزاری لەڕووی ژمارەی پزیشك و نەخۆشخانەوە، نوێنەرانی لیوای سلێمانی لە پەرلەمان لە بەغدا هێناوەتە دەنگ و ڕەخنەی توندیان ئاراستەی حکومەت کردووە، لەوانە محەمەد ساڵح[٥۱]، کە لە پەرلەمانی ئەو کات نوێنەری خەڵکی سلێمانی بووە، لە بەغدا ڕەخنەی لە وەزیری تەندروستی عیراق گرتووە و بەوەی کە هەتاوەکو ئەو کات واتا (ساڵی ۱۹٤۲) بە هەموو لیوای سلێمانی یەك پزیشکی هەیە، ئەمە سەرەڕای کەمی دەرمان. هەروەها ناوبراو بە توندی ڕەخنە لە نەبوونی پزیشك و خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری دەگرێت و دەڵێت: "هەندێ ناوچە زۆر سەخت و شاخاوییەکان ئەگەر نەخۆشیان هەبێت تا دەگەنە سلێمانی دەمرێت". تەنانەت ناوچەی پشدەر هیچ پزیشکێکی لێنەبووە، هیچ پزیشکێکیش ئامادە نەبووە لەبەر دووری و سەختی ناوچەکە بچێت لەوێ خزمەت بکات[٥۲]. هەروەها عەلی کەمالیش[٥۳]، کە یەکێك بووە لە نوێنەرانی خەڵکی سلێمانی لە پەرلەمانی عێراق، بە توندی ڕەخنە لە حکومەتی عێراق گرتووە، بەهۆی ئەوەی ناوچەی هۆزی جاف نزیکەی سێ هەزار ماڵ دەبن، تەنانەت پزیشکێکیان نییە، بۆیە داوای کردووە بە زووترین کات بنکەیەکی تەندروستیان بۆ بکرێتەوە و پزیشکیان بۆ دابین بکرێت[٥٤]. جێگەی باسە گرفتی کەرتی تەندروستی تەنها ئەوە نەبووە کە پزیشك کەم بووە، بەڵکو زۆربەی ئەو پزیشکانەی هەبوون ئارەزووی ئەوەیان هەبووە لە

شارە گەورەکاندا دابمەزرێن، بە پێچەوانەوە ئارەزوویان نەکردووە لە شوێنە دوورەکان دابمەزرێن، چونکە ئەو شوێنانە ڕەوشی کۆمەڵایەتیان نزم بووە و هۆیەکانی خۆشگوزەرانیان تێدا فەراهەم نەبووە، هەربۆیە زۆربەری پزیشکەکان لە شارە گەورەکانی بەتایبەت وەکو بەغدا و موسڵ و بەسرە کۆبوونەتەوە(٥٥). پێدەچێت حکومەتی عیراقی زۆرجار بە دەستی ئەنقەست نەیویستووە خزمەتی ناوچەکە بکات، ئەوەتا تۆفیق وەهبی(٥٦) لەم بارەیەوە دەڵێت: "کاتێك من موتەسەریفی سلێمانی بووم، داوام کرد نەخۆشخانەیەك لە شارەکەدا دروست بکرێت، بەڵام بە بیانووی نەبوونی پارە و نەبوونی بودجە، پارەکەیان بۆ تەرخان نەکرد و داوای منیان ڕەتکردەوە. لە هەمان کاتدا موتەسەریفی موسڵ داوای دروستکردنی بەندینخانەیەکی کرد لە شارەکەدا، یەکسەر داواکارییەکەیان جێبەجێ کرد و پارەیان بۆ تەرخان کرد"(٥٧). لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتەی حکومەتی عیراقی کاریگەری خراپی لەسەر ناوچە کوردییەکان دروستکردبوو و ببووە هۆی کەمی خزمەتگوزاری لە هەموو بوارەکاندا، هەر بۆ نموونە شاکر فەتاح کاتێك لە چلەکاندا لە خورماڵ و تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن بووە، باسی ئەوەی کردووە لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لە ڕووانگەی پیشەگەری و بازرگانی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە پیشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیووە، بەڵام ناوچەکە بەهۆی ستەمی دەرەبەگان و پشتگوێخستنی دەسەڵاتداران، جگە لە بڵاوی هەژاری و نەخوێندەواری، لەڕووی تەندروستیشەوە گوزەرانیان خراپ بووە و نەخۆشیەکانی لەرزوتا و چاوئێشەی تێدا بڵاوبووە(٥٨). ئەم نەخۆشیانەی باسکران، زۆرجار لە شێوەی پەتا لەناو خەڵکی بڵاودەبووە و بە سەدەها لە خەڵك توشی دەبوون.

جێی باسە لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی زۆر خراپ بووە و چەندین نەخۆشی لە لیواکە بڵاوبۆتەوە، لەوانە نەخۆشی گرانەتا، هەربۆیە لە پەرلەمانی بەغدا نوێنەرانی کورد داوایان لە حکومەت کردووە، بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە ڕێوشوێنی پێویست و خێرا بگیرێتە بەر، بەهۆی ئەوەی سەرەتا نەخۆشیەکە لە سلێمانیەوە سەریهەڵداوە، پاشان لە لیواکانی تری وەك هەولێر و موسڵ و کەرکوکیش بڵاوبووەوە، بەڵام حکومەت زوو توانی ئەم نەخۆشیە کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش لەترسی بڵاوبوونەوەی لە شارەکانی تری عێراق(٥٩). ئەوەی لەم بابەتەدا ڕوون بووەوە، خراپی بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانیە لە سەرەتایی دەسپێکردنی سەردەمی پاشایەتی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی لیواکە بەدەست کەمی ژمارەی نەخۆشخانە و پزیشکەوە کێشەی زۆری بۆ دروست بووە.

## باسی سێیەم
## بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی
## لە دوای جەنگی جیهانی تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی:

لەبارەی ڕەوشی تەندروستی لیواکە لە دوای جەنگ بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدایە لە ساڵی ١٩٤٧ سێ نەخۆشخانە و ٢١ بنکەی تەندروستی هەبووە، نەخۆشخانەکانیش یەکێکیان لەناو شاری سلێمانی و ئەوانی تر لە ناو هەڵەبجە و قەڵادزێدا بووە، بەڵام بنکە تەندروستیەکان پێنجیان لە ناو شاری سلێمانی و ئەوانی تر لە قەزا و ناحیەکاندا بوون[٦٠]. کەواتە هەرچەندە ژمارەی نەخۆشخانە لە لیواکە لەچاو ساڵانی سییەکان زیاتر بووە، بەڵام لە ئاستی پێویستی لیواکەدا نەبووە. ئەوەتا کەمی ژمارەی نەخۆشخانەکان تاوەکو کۆتایەکانی سەردەمی پاشایەتی بەردەوام بووە. ئەگەر تەماشای ئاماری ساڵی ١٩٥٠ بکەین، دەبینرێت لە لیوای سلێمانی چوار نەخۆشخانە هەبووە، کەچی لە ئاماری هەمان ساڵدا لە بەغدا بیست و یەك و موسڵ هەشت و بەسرە هەشت نەخۆشخانە هەبوون، بەڵام لەشاری هەولێر چوار و لە کەرکوك پێنج نەخۆشخانە هەبووە[٦١] لێرەدا جیاوازیەکی گەورە بەدیدەکرێت لە بواری تەندروستی و خزمەتگوزاری لە ناوچە کوردییەکان بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عیراق، بە تایبەتیش لە لیوای سلێمانی، ئەم دۆخە تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی هەر بەردەوام بووە، کە ئەمیش زیاتر لەم خشتەیەدا ڕوون دەبێتەوە:

| ساڵ | ١٩٥٠ | ١٩٥١[٦٢] | ١٩٥٢ | ١٩٥٣[٦٣] | ١٩٥٤ | ١٩٥٥ | ١٩٥٦[٦٤] | ١٩٥٨[٦٥] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی نەخۆشخانە | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٧ |

ئەوەی لەم خشتەیەدا ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە، کە زیادبوونی ژمارەی نەخۆشخانەکان لە کۆتایەکانی سەردەمی پاشایەتی زیاتر بەدی دەکرێ لەچاو ساڵانی سی و چلەکان، ئەمەش مانای وایە بواری تەندروستی لە کۆتایی سەردەمی پاشایەتی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیەوە لەچاو سەرەتاکانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا. لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ڕێژەیە لە نەخۆشخانەکان لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا بەراوردی بکەین، ئەوا جیاوازیەکی گەورە و تا ڕادەیەکی ڕوون دەبینرێت، کە لەم خشتەیەدا هەوڵ دەدەین بیخەینە ڕوو:

| ساڵ | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی دانیشتوان | نەخۆشخانەی تەرخان کراو بۆ نەخۆش |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ٤ | ٢٢٢٧٣٢[٦٦] | ٥٥٦٨٣ |
| ١٩٥١ | ٤ | ٢٢٦٤٠٠[٦٧] | ٥٦٦٠٠ |
| ١٩٥٥ | ٥ | ٢٣٨٠٤٨[٦٨] | ٤٧٦٠٩ |
| ١٩٥٦ | ٥ | ٢٧٢٤٤٢[٦٩] | ٥٤٤٨٨ |

وەك لەم خشتەیە دەردەکەوێت، کە بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان نەخۆشخانەیەکیان بەرکەوتووە، ئەمەش بەڕوونی مانای لاوازی کەرتی تەندروستی دەگەیەنێت. ئەگەرچی دەکرێت ئەوەش بەدی بکرێت، کە ژمارەی نەخۆشخانەکان لە لیوای سلێمانی لە پەنجاکاندا لە چاو ساڵانی سییەکان و چلەکان زۆرتر بووە، چونکە لە ساڵانی سییەکان یەك نەخۆشخانە[٧٠] و لەنیوەی یەکەمی چلەکاندا دوو نەخۆشخانە[٧١] و لە نیوەی دووەمیدا سێ نەخۆشخانە لە لیواکەدا هەبووە(٧٢). بۆ نموونە ئەگەر ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٣٦ وەربگرین، دەبینین ژمارەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی ١٧٥٦٢٣ کەس بووە[٧٣]، کەواتە بە هەموو دانیشتوانی لیواکە نەخۆشخانەیەکیان هەبووە، کەچی وەك لە ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٥١دا هاتووە ژمارەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی ٢٢٦٤٠٠ کەسە، کەواتە بە هەر ٥٦٦٠٠ هاوڵاتیەك یەك نەخۆشخانەیان بەرکەوتووە. کەواتە ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی پەنجاکان دابەزیوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژمارەی نەخۆشخانەکان لە پەنجاکان زیادی کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا حکومەت بیست بنکەی تەندروستی لە ژمارەیەك لە قەزا و ناحیە و گوندەکانی لیوای سلێمانیدا کردەووە[٧٤]. لەڕاستیدا ئەم کارە بە هەوڵ و کۆششی ئیدارەی ناوخۆیی (الادارة المحلية) لیواکە ئەنجام دراوە.

بەگوێرەی قسەی یەکێك لەو نوسەرانەی کە خۆی لەو سەردەمە ژیاوە، بنکە تەندروستییەکان (مستوصف) خزمەتێکی زۆریان بە هاوڵاتیان گەیاندووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم بنکانە بە زۆری لە قەزا و ناحیە و گوندەکاندا هەبوون و ئەو گوندانەش کە ئەم بنکانەیان تێدا نەبووە، بەئاسانی دەستیان پێی گەیشتووە، هەرچەندە بۆ نەخۆشی قورس ناچاربوون سەردانی شار بکەن. لەم ڕووانگەیەوە ژمارەیەك لە ئەندامانی نوێنەری سلێمانی لە پەرلەمان داوایان لە حکومەت کردووە لە هەندێك ناوچە بەتایبەتی لە قەزاکانی شارەزوور و پشدەر بنکە تەندروستییەکان بگۆڕی بە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستی تریان بۆ بکرێتەوە، کە ناوچەکە پێویستی پێیەنی، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی قەزا و ناحیەکان ئەوەندە سەردانی شاری سلێمانی نەکەن، بەم کارە فشاری سەر نەخۆشخانەکانی سلێمانیش کەم دەبێتەوە[٧٥]. کەواتە هەرچەندە لە کۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتیدا ژمارەیەك بنکەی تەندروستی کراونەتەوە، بەڵام هێشتا پێداویستی تەندروستی لیوای سلێمانیان پڕ نەکردۆتەوە، بەڵکو ناوچەکە پێویستی بە کردنەوەی نەخۆشخانەی زیاتر هەبووە.

دەربارەی ژمارەی پزیشکەکان لە لیوای سلێمانی بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەکان لە نیوەی دووەمی چلەکانەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش بەهۆی باشبوونی بارودۆخی عێراق بە گشتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە. بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەیەکی ئەو سەردەم لە ساڵی ١٩٤٧ شەش پزیشك لە لیوای سلێمانیدا هەبووە، ئەوانیش هاشم دۆغرەمەچی کە بەڕێوبەری تەندروستی لیواکە بووە و عزەت عارف و عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا و خزر نەسروڵڵا و یوسف حیم و سدیق شێخ عەزیز. بەگوێرەی هەمان سەرچاوە دوو پزیشکی دەرمانساز و ١٣ مامان و ٢٧ برینپێچ لە لیواکەدا هەبووە. ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بەوە کراوە، کە سێ پزیشکی تر بۆ دامەزراندن بۆ لیوای سلێمانی نێردراوە، بەڵام دواتر ئامادە نەبوونە دەستبەکار بن. هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ناوانەی لای سەرەوە پێدەچێت زۆربەیان

خەڵکی لیوای سلێمانی نەبووبن، بەڵکو لە شارەکانی ترەوە هاتبن. وەك لە زانیارییەکانی سەرچاوەکەدا هاتووە، ژمارەیەك پزیشك بۆ لیوای سلێمانی دانراون، بەڵام لەو جێگانەی کە بۆیان دانراوە پەیوەندیان نەکردووە، کە ئەمەش یەکێك بووە لەو گرفتانەی تا کۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتی هەبووە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی پزیشکەکان ئارەزووی ئەوەیان کردووە لە شارە گەورەکاندا دابمەزرێن، کەچی ئارەزووی شوێنە دوورەکانیان نەبووە، چونکە هۆیەکانی خۆشگوزەرانیان تێدا فەراهەم نەبووە و ڕەوشی کۆمەلآیەتیان لە بارێکی خراپدا بووە، هەربۆیە پزیشکەکان بەزۆری لە شارە گەورەکاندا کۆدەبوونەوە[٧٦].

لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشخانەکان لە پەنجاکاندا لە چاو سالآنی چلەکان، کەچی لەڕووی ژمارەی پزیشکەکانەوە تا کۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتی ئەم بوارە هەر وەك پێویست بایەخی پێنەدراوە، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان لە ساڵی ١٩٤٧، ٦ پزیشك[٧٧] و لە ساڵی ١٩٤٨، ٧ پزیشك و لە ساڵی ١٩٤٩، ١٥ پزیشك و لە ساڵی ١٩٥٠، ١٣ پزیشك لە لیوای سلێمانیدا هەبووە[٧٨]. بەلآم لە ئاماری ساڵی ١٩٥١دا هاتووە، کە لە تەواوی لیواکەدا ئەو پزیشکانەی لە بواری تەندروستیدا کاریان کردووە، بە پزیشکی تایبەتی و یاریدەدەری پزیشکی و هەندێك پزیشکی دیکەی سەربازیشەوە، ژمارەیان دەگاتە ١١ پزیشك[٧٩] و لە ساڵی ١٩٥٢ بووە بە ٩ پزیشك و لە ساڵی ١٩٥٣، ١٠ پزیشك[٨٠] و لە ساڵی ١٩٥٤، ١١ پزیشك[٨١] و لە ساڵی ١٩٥٨، ١٩ پزیشك لە لیواکە هەبوون[٨٢]. کەواتە ئەگەر ئەم ئامارانە بە ژمارەی دانیشتوانی چەند ساڵێکی لیواکە بەراورد بکەین، دەبینین:

| ساڵ | ژمارەی پزیشك | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی تەرخانکراو لە پزیشك بۆ هەر نەخۆشێك |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٦ | ٢٢٦٤٠٠ | ٢٨٣٠٠ |
| ١٩٥٠ | ١٣ | ٢٢٢٧٣٢ | ١٧١٣٣ |
| ١٩٥٨ | ١٩ | ٣٠٤٨٩٥[٨٣] | ١٦٠٤٧ |

ئەوەی لە ئەنجامی خشتەکەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان پزیشکێکیان بەرکەوتووە. کە ئەمەش جارێکی تر ئەو ڕاستیە دەردەخات کە کەرتی تەندروستی بایەخی پێنەدراوە و لاواز بووە. بەمجۆرە دەردەکەوێت یەکێك لەو گرفتە تەندروستیانەی تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی بەردەوام لە ئارادا بووە، کەمی ژمارەی پزیشك و خاوەن پیشە پزیشکیەکان بووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش ئامارێکی فەرمی حکومەت لە ساڵی ١٩٥٨دا بۆ چەند لیوایەك وەردەگرین و هەوڵ دەدەین لە نێوان ئەو لیوایانە و لیوای سلێمانیدا بەراوردێك بکەین:

| لیواکان | ژمارەی پزیشک | ژمارەی پزیشکی ددان | ژمارەی پزیشکی دەرمانسازی | سستەر | ژمارەی مامان | ژمارەی برینپێچ | ژمارەی تیشکگرەکان X-Ray | ژمارەی فەرمانبەرانی تەندروستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٨ | ١ | ٣ | ٢٤ | ٢٠ | ٣٩ | ٣ | ٢٨ |
| کەرکوک | ٥٨ | ٧ | ١٨ | ٥١ | ٤٤ | ٩١ | ٢ | ٢٩ |
| هەولێر | ٢١ | ١ | ٣ | ١٧ | ٧ | ٣٢ | ٣ | ٣٠ |
| بەغدا | ٦٩٢ | ٧٠ | ٢٤٩ | ٣٥١ | ٣١٩ | ٣٧٤ | ٦٠ | ١٤٦ |
| بەسرە | ٧٢ | ١٢ | ٢٠ | ٦٥ | ٦٣ | ١٠٢ | ٨ | ٢٨ |
| موسڵ | ٨٠ | ٥ | ٣٠ | ٩٣ | ٨١ | ١١٦ | ٦ | ٧٧ |
| دیوانیە | ٣٢ | ١ | ٦ | ٢٨ | ٢٠ | ٧٢ | ٥ | ٣١ |
| دیالی | ٥٧ | ٣ | ٨ | ١٣ | ٤٣ | ٥٢ | ٢ | ٣٧ |
| کەربەلا | ٤٧ | ٤ | ١٢ | ٣٥ | ٢٢ | ٥٥ | ٩ | ٢٦ |
| کوت | ١٩ | ١ | ٥ | ١٨ | ٩ | ٢٧ | ٢ | ٢٤[٨٤] |

لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە خزمەتگوزاری تەندروستی لە تەواوی عێراق لە ئاستێکی باشدا نەبووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە لیوای سلێمانی و لیوا کوردیەکانی تر بە بەراوردێك لەگەڵ ناوچەکانی تردا کەمترین خزمەتگوزاری تەندروستیان تێدابووە.

یەکێکی تر لە گرفتە تەندروستیەکانی تری لیوای سلێمانی لە سەردەمی پاشایەتی کەمی ژمارەی پزیشکی ددانساز بووە وەك لە ئامارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، کە لە هەموو لیوای سلێمانی یەك پزیشکی ددانساز هەبووە. هەربۆیە لەبەر نەبوونی یان کەمی پزیشکی ددان، خەڵك بە ناچاری پەنایان بۆ ناڵبەند بردووە، بۆ ئەوەی ددانەکانیان بکێشن. ئەویش بەو کەرەستە ناتەندروست و پرمەترسیەی ناڵی ئاژەڵی پێکردووە، ددانی خەڵکی کێشاوە[٨٥]، کە ئەمەش خراپترین وێنەی بارودۆخی تەندروستی ئەو ڕۆژگارەی لیوای سلێمانیە.

هەر بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی دۆخەکە و سەلماندنی ڕاستیەکان، جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ ئاماری ساڵی ١٩٤٧ و لەگەڵ ئاماری ساڵی ١٩٥٨دا بەراوردێکی دەکەین، ئەوەی لە ئاماری ساڵی ١٩٥٨دا دیارە سەرجەم فەرمانبەرانی تەندروستی لیوای سلێمانی ژمارەیان ١٣٦ کەسە، بەڵام بەپێی ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٤٧ لە سەرجەم لیوای سلێمانی ٩٩ کەس بە پزیشك و کارمەندانی تەندروستیەوە لەبواری پزیشکیدا کاریان کردووە[٨٦]. کەواتە لە ماوەی ١١ ساڵدا ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی لەم بوارەدا لە لیواکە زیادیان کردووە، تەنها ٣٧ کەس بوون، کە ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار کەمە بۆ لیوایەکی وەکو سلێمانی و ئەوەش دەردەخات، کە بواری تەندروستی لەو لیوایەدا زۆر بە هێواشی گەشەی کردووە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە لە ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧ی لیوای سلێمانیدا، پیشەی تەندروستی هێندە بە بێ بایەخ تەماشا کراوە، ئەو کەسانەی کە لەبواری تەندروستیدا کاریان کردووە، لەگەڵ ئەو کەسانە ئەژمار کراون کە لە فەرمانگەی ئاودا کاریان کردووە، کە ژمارەی فەرمانبەرانی هەردوو فەرمانگەکە بە ٢١٣ کەس دانراوە[٨٧]. هەر بۆیە لێرەدا ڕوون نیە لەو ژمارەیە چەندیان لە پیشەی تەندروستیدا کاریان کردووە.

یەکێکی تر لەو بوارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بواری تەندروستی، دەرمانخانەیە. ئەگەر ئاوڕێك لە ئامارەکان بدەینەوە، بە ئاشکرا کەمی ژمارەی دەرمانخانەکان بەدەردەکەوێ و ئەوە خراوەتەڕوو کە ژمارەیان لە ئاستی پێویستی لیواکەدا نەبووە، کە بۆ ئەم مەبەستە چەند ساڵێك بە نموونە وەردەگرین:

| ساڵ | ١٩٥٢ | ١٩٥٣ | ١٩٥٤ | ١٩٥٥ | ١٩٥٦ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دەرمانخانەی حکومی | ٤ | ٥[٨٨] | ٥ | ٥[٨٩] | ٥[٩٠] |
| ساڵ | ١٩٥٢ | ١٩٥٣ | ١٩٥٤ | ١٩٥٥ | ١٩٥٦ |
| ژمارەی دەرمانخانەی ئەهلی | ٢ | ٢[٩١] | ٢ | ٢[٩٢] | ٢[٩٣] |

ئەوەی لەم خشتەیەدا دیارە کەمی ژمارەی دەرمانخانەکانە لە چاو ژمارەی دانیشتوان. ئەگەر تەنها ژمارەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی بۆ ساڵی ١٩٥٦ وەربگرین کە ٢٧٢٤٤٢ کەس بووە[٩٤]، کەچی لە هەمان ساڵدا بە دەرمانخانەی حکومی و ئەهلیەوە تەنها ٧ دەرمانخانە لە لیواکەدا هەبووە، کەواتە بە ٣٨٩٢٠ کەس یەك دەرمانخانەیان بەرکەوتووە. لەڕاستیدا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و دواکەوتوویی ئەو کەرتە لەلایەك و لەلایەکی تر نزمی ئاستی وشیاری خەڵککە لەو کات، وایکردبوو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لیوای سلێمانی باوەڕیان بە نوشتە و جادوو و گیا دەرمانییەکان هەبووە، لەم ڕێگایەوە هەوڵیان داوە خۆیان چارەسەر بکەن[٩٥]. هەروەها جگە لە کەمی ژمارەی دەرمانخانەکان، گرانی نرخی دەرمانیش یەکێکی تر بووە لە کێشەکانی ئەو سەردەم و بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کەس نەتوانن سود لە چارەسەری پزیشکی وەربگرن، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی هەژاران کە نەیانتوانیوە دەرمان بکڕن، هەروەك لە بابەتێکی ڕۆژنامەی "ژیان"دا لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەر دەرمانێك کە پزیشکەکان دەینوسن لە دەرمانخانەکاندا پارەیەکی زۆر وەردەگرن، بۆیە خەڵکی هەژار بۆی ناکڕدرێ"[٩٦]. ئەمەش کاریگەریەکی خراپی لەسەر خەڵکی هەژار هەبووە.

یەکێك تر لەو بابەتە هەرە گرنگانەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت مەسەلەی ئەو نەخۆشیانەیە کە لەو سەردەمەدا بڵاوبوون و بەهۆیانەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك توشی بوون. بەگوێرەی ئەو زانیارانەی لەبەردەستدان لە کۆتایی چلەکاندا چەندین نەخۆشی لە لیوای سلێمانیدا بڵاوبووە و هەڕەشەی بۆ سەر ژیانی خەڵکی دروست کردووە، ئەم ڕاستیەش لە بابەتێکی گۆڤاری (نزار)دا هاتووە، کە لە کۆتایی چلەکاندا نوسراوە و باس لە بارودۆخی تەندروستی لیوای سلێمانی کراوە. لە دیارترین ئەو نەخۆشیانەش سیل و مەلاریا و چاو ئێشە (تەراخوما) و کۆلێرا و ڕشانەوە و... هتد بووە. هەر لەم بابەتەدا دیارە حکومەت لە زۆربەی کاتدا لە بەرانبەر هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی نەخۆشیەکان دەستبەستراو بووە، ئەمەش بەهۆی کەمی پزیشکی پسپۆڕ و کەمی داودەرمان[٩٧]. کەواتە لێرەوە ڕوون دەبێتەوە تاوەکو کۆتایی چلەکان چەندین نەخۆشی ترسناك لە لیوای سلێمانی بڵاوبووەوە و مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵکی دروست کردووە.

وادیارە نەخۆشی مەلاریا یەکێك بووە لە نەخۆشیە هەرە بڵاوەکانی سەردەمی پاشایەتی و تا کۆتایی ئەم سەردەمەش بەردەوام بووە، هەر بۆیە حکومەت چەند هەڵمەتێکی تەندروستی ئەنجام داوە بۆ

بنبڕکردنی ئەم نەخۆشیە. ئەوەتا لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریا لە لیوای سلێمانی، حکومەتی عێراق لیژنەیەکی پزیشکی لە ژێر ناوی (پرۆژەی لەناوبردنی مەلاریا لە سلێمانی) دانا، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەلایەن ڕۆژنامەی "ڕزگاری"یەوە، کە ڕۆژنامەیەکی نهێنی زمانحاڵی ئەو کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بە توندی ڕەخنەی لێگیراوە، ئەمەش بەهۆی بوونی چەند پزیشکێکی بیانی لە پرۆژەکەدا، کە بە جاسووسی ئیستیعماری بەریتانی لەقەڵەم دراون و حکومەتی عێراقیش تاوانبار کراوە بەوەی ئەو بەرپرسە لە دواکەوتوویی بارودۆخی تەندروستی ناوچە کوردییەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی حکومەت تەنها بایەخ بە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان دەدات و بایەخ بە هیچ بوارێکی دیکە نادات، هەر ئەمەش بۆتە هۆی بڵابونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە. تەنانەت لە کۆبونەوەکانی پەرلەماندا لە بەغدا نوێنەرە کوردەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ماڵ نیە لە لیوای سلێمانی نەخۆشیێکی مەلاریای تێدا نەبێت و لەبەر خراپی دەزگا تەندروستیەکان خەڵك بەناچاری ڕوو لە بەغدا یان کەرکوك دەکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر[٩٨]. کەواتە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریا لە ناوچە کوردییەکان وایکردووە ڕەخنەی توند لە حکومەت بگیرێت، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە ئەم پەتایە بنبڕ بکات.

جێی باسە نەخۆشی مەلاریا یەکێك لە نەخۆشیە هەرە بڵاوەکانی سەردەمی پاشایەتی بووە و ئەم نەخۆشیە لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا هەبووە، کە سەرچاوەی سەرەکی نەخۆشیەکە ئاوی پیسە، بەڵام ئەم نەخۆشیە لە ناوچە شاخاویەکان زیاتر بڵاوبووە بە تایبەتی لە وەرزی زستان، کە لەڕاستیدا هۆکارێکی تری گرنگی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە لاوازی خزمەتی تەندروستی بووە، چونکە بە گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی تەندروستی دەکرێ ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی بگیرێ و نەهێڵدرێ بە شێوەیەکی بەرفراوان تەشەنە بکات[٩٩]. بەگوێرەی ئامارە فەرمیەکان ئەم نەخۆشیە، واتە مەلاریا لە ساڵانی چلەکانەوە لە لیوای سلێمانی هەبووە و خەڵکانێکی زۆر بە گومانی توشبوون بەم نەخۆشیە سەردانی پزیشکیان کردووە، کە لەم خشتەیەی خوارەوە هەندێکی دەخەینە ڕوو:

| ساڵ | ١٩٤٦ | ١٩٤٧ | ١٩٤٨ | ١٩٤٩ | ١٩٥٠ | ١٩٥١[١٠٠] | ١٩٥٢ | ١٩٥٣[١٠١] | ١٩٥٤[١٠٢] | ١٩٥٥[١٠٣] | ١٩٥٦[١٠٤] | ١٩٥٧ | ١٩٥٨[١٠٥] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سەردانیکار | ٢٥٥٩٨ | ١٩١٠١ | ٧٢٢٤ | ٢٢٥٨٨ | ٣٥٠٦٧ | ١٧٦٢٤ | ٢٣١٢٠ | ٢٢٤٧٠ | ١٦٧٣٦ | ١٣٨٥٢ | ٦٩١٢ | ٤٥٤٢ | ١٠٠٤ |

کەواتە نەخۆشی مەلاریا یەکێك بووە لە نەخۆشیە کوشدەکان و تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی خەڵکێکی زۆر بەگومانی تووشبوون بەم نەخۆشیە سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە، ئەگەرچی وەك لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە، ڕێژەکەی ساڵ لە دوای ساڵ لە دابەزیندا بووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەم نەخۆشیە جگە لە لیوای سلێمانی لە زۆربەی لیواکانی تری عێراقدا هەبووە، بەڵام ژمارەی توشبوان لە

لیواکانی تری عێراق کەمتر بووە، بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٥٣ لە لیواکانی وەك كـوت ٧٢٥٠ و لیـوای عـەمارە ٨٠٢٥ و لیـوای دلـێم ١٣٤٢٦ کـەس بـەگومانی تووشـبوون بـەم نەخۆشـیە سـەردانی نەخۆشـخانەکانیان کـردووە[١٠٦]. جێگـەی ئاماژەیـە بـەهۆی بـوونی ئـەم جـۆرە نەخۆشـیانە لـە لیـوای سـلێمانی وایکـردووە دامودەزگاکـانی حکومـەت لـەکاتی دامەزرانـدنی هـەر کەسـێکدا وەك فەرمانبـەر پشـکنینی پزیشـکیان بـۆ ئەنجامداوە، ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابوون لە سەلامەتی تەندروستی فەرمانبەران[١٠٧].

یەکێکی تر لەو نەخۆشیانەی بەشـێوەیەکی بـەرفراوان لـە ئامارەکانـدا بەرچـاو دەکـەوێت، نەخۆشـی تەراخوما (چاو ئێشە)یە. بەگوێرەی زانیارییەکان ئەم نەخۆشیە لە سلێمانیدا زۆر بڵاوبووە، بەتایبـەتی لـە ناو منداڵانی قوتابخانەکاندا بەخێرایی بڵاودەبووەوە، ئەمەش بـەهۆی تێکـەڵاوبوونیان بـە یـەکتر لەلایـەك، لەلایەکی تر لە زۆربەی کاتدا ئەوەی کە کاریگەری نەخۆشیەکەی زیاتر کـردووە، کـەمی ژمـارەی پزیشـکی چاو بووە لە لیوای سلێمانی، وەك لە بابەتێکی ڕۆژنامە "ژیان"دا ئاماژە بەوە کـراوە کـە لـە سـاڵی ١٩٣٧ کاتێك نەخۆشیەکە بڵاوبۆتەوە، بەهۆی نەبوونی پزیشکی چاو لە سلێمانی لە کەرکوکەوە پزیشـك هێنـراوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان[١٠٨]. جێی باسە بڵاوی نەخۆشیەکانی چاو لە لیـوای سـلێمانی نوێنـەرانی ئەم لیوایەی لە پەرلەمانی بەغدا هێناوەتە دەنگ و بە توندی حکومەتیان تۆمەتبار کردووە بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوونـە پزیشـکی چـاو بـۆ لیواکـە دابـین بکـەن، ئەمـەش وایکـردووە زۆری ژمـارەی توشـبوان بـە نەخۆشی چاو لە لیواکە ژمارەی پێوانەیی بشکێنێت، هەر بۆیە علی کـەمال لـە یـەکێك لـە کۆبونـەوەکانی پەرلەمانـدا گوتوویـەتی: " خـەڵکی سـلێمانی بەدەسـت نەخۆشـی و هەژاریـەوە دەناڵێنن، بەتایبـەتی نەخۆشیەکانی چاو"[١٠٩]. کەواتە هەرچەندە ئەم نەخۆشیە لە لیوای سلێمانیدا زۆر بـووە، بـەڵام پزیشـکی تایبەت بە چاو بۆ لیواکە دابین نەکراوە. بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لە بـەر دەسـتاندان لـە سـاڵی ١٩٤٦ تـا ١٩٥٨ خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەم نەخۆشـیەوە سـەردانی نەخۆشـخانەکانیان کـردووە، بـەم شـێوەیەی لای خوارەوە:

| ساڵ | ١٩٤٦ | ١٩٤٧ | ١٩٤٨ | ١٩٤٩ | ١٩٥٠[١١٠] | ١٩٥١ | ١٩٥٢ | ١٩٥٣[١١١] | ١٩٥٤ | ١٩٥٥ | ١٩٥٦[١١٢] | ١٩٥٧ | ١٩٥٨[١١٣] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سەردانیکاران | ٢٧٠٦٨ | ٢٥١٥٦ | ٢٣٧٤٠ | ١٤٧٩٩ | ١٥٥٤٦ | ١٧٤٣٧ | ١٣٧٨٦ | ٨٨٤٠ | ١٠٩٦١ | ١٤٥٩٢ | ١١٦٣٦ | ٧٧٠٤ | ٧٣٠٦ |

ئەوەی لەم خشتەیەدا ڕوونە، فراوانی ئەم نەخۆشیەیە لە لیواکە. بۆ وێنە ئەگـەر یـەکێك لـەو ژمارانـە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان بەراورد بکەین، ئەوا بارودۆخەکە ڕوونتر دەبێ. لەوانە ژمارەی دانیشتوانی لیوای سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٤٧، ٢٢٦٤٠٠ کـەس بـووە، بـەڵام لـە هـەمان ساڵدا ٢٥١٥٦ کـەس بـەهۆی ئـەم نەخۆشیەوە سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە، کەواتە ١١٪ی دانیشتوانی لیـوای سـلێمانی توشـی ئـەم نەخۆشیە بوونە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە.

یەکێکی تر لەو دیاردانەی لەو ڕۆژگارانەدا باو بووە مەسەلەی مردنی منداڵانە. پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا لەبارەی ئەو سەردەم بۆی تۆمارکردووە، کە لەبەر نەبوونی پزیشك و کەمی خزمەتگوزاریی تەندروستی، نەخۆشی زۆر بووە و تەنانەت دەڵێت منداڵان وەکو گەڵای دار هەڵدەوەرین، تەنها چارەنووس لە مردن ڕزگاری دەکردن[١١٤]. ئەم دیاردەیە ئەوەندە زۆر بووە، تەنانەت هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا لە زۆربەی خانەوادەکان لە دە منداڵ چوار یان کەمتریان بۆ ماوەتەوە، ئەمەش مانای وایە لە هەر سێ منداڵێك دوویان مردوون، کە بەشێکی زۆری هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ نزمی ئاستی تەندروستی هەر لە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکەوە، واتە پیسی ئەو بارودۆخەی کە منداڵەکەی تێدا لەدایك بووە، ئەمە سەرەڕای بەدخۆراکی دایك و نەبوونی چارەسەری پێویست بۆ منداڵان لە کاتی نەخۆشبوون و کوتان و...هتد[١١٥]. جێی باسە منداڵبوونی ئافرەت بەشێوەیەکی دواکەوتوو لەسەر دەستی مامانی نەشارەزا بووە، بەم هۆیەوە چەندین ئافرەت دەمردن یاخود توشی نەخۆشی وا بوونە ژیانی لێ تاڵ کردوون، بێ ئەوەی بزانن ئەو نەخۆشیە لە چیەوە هاتووە[١١٦]. هەروەها دیارترین ئەو نەخۆشیانەش کە ئەو کات لەناو منداڵاندا بڵاوبووە، نەخۆشیەکانی سورێژە و دەردەکۆپان بوو[١١٧]. لە ڕۆژنامەی "ژیان"دا لە بابەتێکدا هاتووە، ئاماژەی بە زۆری دیاردەی مردنی منداڵان و هەندێ لە هۆکارەکانی کردووە، وەك گوتوویەتی: "لە یەکەم ساڵی ژیانی منداڵدا میکرۆب زۆر کاریگەری لێ دەکات، و بە سەرما و گەرمایەکی کەم توشی مردن دەبێت"[١١٨]. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە کاتی لە دایکبوونی منداڵدا ڕەچاوی بارودۆخی تەندروستی پێویست نەکراوە. هەرچەندە پێویست بوو لەم بارەیەوە ئاماری چەند ساڵێك بخەینەڕوو، بەلام دوای گەڕانێکی زۆر هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە دەست نەکەوت و ئەو ئامارانەش کە لەبەردەستدان زانیاری ئەوتۆیان بۆ تۆمار نەکردووین، تەنها لە ئاماری ساڵی ١٩٥٨دا هاتووە، کە لە کۆی ١٦٣٩ منداڵی لە دایکبوو لە لیوای سلێمانی، ٤٢ منداڵیان مردووە[١١٩]. کەواتە ئەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆر نیە، وەك لە ئاماژەی سەرچاوەیەکدا هاتووە، ئەم دیاردەیە لە کۆتایەکانی سەردەمی پاشایەتی ڕووی لە کەمی کردووە[١٢٠].

لەکۆتایدا پێویستە ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتەی شاری سلێمانی لە بیر نەکرێت، کە چەندین ڕێنماییان پێشکەشی هاوڵاتیان کردووە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی و خۆپاراستن لە نەخۆشیە جۆر بەجۆرەکان، لەوانە بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی "ژیان" و "ژین"دا چەندین جار وەك ڕێنمایی تەندروستی داوایان لە دوکانەکانی ناو شار کردووە، ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بگرن، بەتایبەتی داوای ئەوەیان لێ کردوون سەری خواردەمەنییەکانیان داپۆشن. هەروەها داوا لە دەلاکەکانیش کراوە موسی خاوێن بەکاربهێنن، و داوا لە حەمام و ئۆتێلەکانیش کراوە پاك و خاوێنی ڕابگرن، و داوایان لە چایخانە و چێشتخانەکانیش کردووە خواردنی پاك بدەن بە هاوڵاتیان. ئەمە جگە لەوەی لە چەندین بابەتی تردا داوا لە هاوڵاتیان کراوە لەڕێگەی ڕاکێشانی ئاوی بۆڕی خۆیان لە زیانەکانی ئاوی پیس بپارێزن، ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر حکومەت ڕێنمایی تەندروستی بۆ ئەو توێژانەی لای سەرەوە هەبوایە، لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ئاگاداریان کردون[١٢١]. کەواتە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم بە ئەرکێکی گرنگ هەڵساون، ئەمەش لە پێناو خزمەتکردنی هاوڵاتیان.

## ئـەنـجـام

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

ڕەوشی تەندروستی لە سەنجەقی سلێمانی لـە کۆتاییـەکانی سـەردەمی عوسمانیـدا لـە بـارودۆخێکی خراپدا بووە، ئەمەش بەهۆی لاوازی کەرتی تەندروستی لەو سەردەمەدا. هەروەك گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە عوسمانیەکان بە بەراورد لەگـەڵ بوارەکـاتی تـر بەتایبـەتی بـواری سـەربازی بایـەخێکی ئـەوتۆیان بـە کەرتی تەندروستی نەداوە. بەڵام دوای هاتنیان بۆ سـلێمانی ئینگلیزەکـان تـاڕادەك بایـەخیان بـەم بـوارە داوە بەبەراود لەگەڵ سەردەمی عوسمانیەکاندا.

لە سەردەمی حکومەتی عێراقیشدا ئەم بوارە پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئـەم پەرەسـەندنە بەگوێرەی پێویست نەبووە، بەڵکو بواری تەندروسـتی بەدەسـت کـەمی ژمـارەی نەخۆشـخانە و پزیشـك و داودەرمانـەوە ناڵاندویـەتی. هەرچـەندە لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهـانی لـە سـاڵی ١٩٤٥ و بڕانـەوەی کاریگەریـەکانی ئـەو جەنگـە، بـارودۆخی تەندروسـتی لیـوای سـلێمانی بـەرەوە باشـتر چـووە، لـەڕووی زیادبوونی ژمارەی پزیشك و ژمارەی نەخۆشخانە و... هتد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لیواکە لە گرفتـە تەندروستیەکان ڕزگـاری نـەبوو، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی ئـەو ئەنـدازە پێشـکەوتنەی لـەڕووی زیـادبوونی ژمارەی نەخۆشخانە و ژمارەی پزیشك و...هتد هەبوو، لە چاو زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی لیواکـە زۆر کەم بووە.

یـەکێك لـە خەسـڵەت و تایبەتمەندیـەکانی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە تـوانراوە لەڕێگـەی سەرچـاوە مێژوویی و ئامارە فەرمی و نافەرمیەکانەوە بەو دەرەنجامە بگـەین، کـە سـەرەتاکانی گەشـەکردنی بـواری تەندروستی سەردەمی عوسمانیەوە دەستی پێکردووە. ئەم گەشەکردنە تا ڕۆژگاری ئەمرۆش لە سـلێمانی و تەواوی کوردستان لە بەردەوامی دایە، بەڵام تا ئێستاس ئـەم پرۆسـەیە بـێ کـەم و کـورتی نیـە و زۆری ماوە بگاتە ئاستی هیوا و ئومێدی گەورەیی کەرتی تەندروستی.

### پەراوێزەکان

(١) سەنجەق: لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای ئـاڵا (العلم) یـان لیـوا دێـت. ئـەم پلەیـە لـە سـەردەمی دەوڵـەتی عوسمانیـدا پلەیەکی کارگێری گرنگ بووە، سوڵتانی عوسمانی پلەی لیوای بەخشیوەتە ئەو کەسانەی کە متمانەی پێـی هـەبوون، کە والی یان ئەمیر بوو، بۆیە سـەنجەق بـووە یەکەیـەکی کـارگێری گـرنگ بـوو لـە دەوڵـەت. د.سـهيل صـابان، المعجـم الموسوعی للمصطلحات التاريخية العثمانية، مراجعـة: د.عبـدالرزاق محمـد حسـن برکـات، مطبوعـات مکتبـة الملـك فهـد الوطنية، الرياض، ٢٠٠٠،ص١٣٦.

(٢) محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەشی یەکەم، چاپخانەی بـلاك ڕۆز، لەندن، ١٩٩١، ل٨٥–٩٠.

(٣) سـالنامة ولايـت موصـل (١٣١٢هــ) موصـل ولايـتي مطبعـة سـندة باصلمشـدر، ص٣٣١؛ سـالنامة ولايـت موصـل رسميسيدر(١٣٢٥هـ)، عزتلو صفوت بك معرفتيلـة ترتيـب و دردنجي دفعـة اولـة رق موصـل مطبعـة سـندة اولمنشـدر.، ص٢٢٧.

(٤) سالنامة ولايت موصل (١٣٠٨هـ)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيلة ترتيب اولنمشدر، ص ١٠٧.

(٥) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٦) سالنامة ولايت موصل (١٣١٠هـ)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيلة ترتيب اولنمشدر، ص١٥٥.

(٧) سالنامة ولايت موصل (١٣١٠هـ)، ص١٥٤-١٥٥.

(٨) ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی-سیاسییە، چاپی یەكەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧١؛ عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكرد و العراق المعاصر، الطبعة الاولى، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٧، ص٧٣.

(٩) مەلا محمدی چروستانی یاداشتەكانی منداڵی و بەشێكی سەردەمی فەقێ یەتیی، چابخانەی(الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٤، ل٣١-٣٢؛ ئاكۆ شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧-٦٨، ٧٠.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

(١١) محەمەد ڕەسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩-٦٠.

(١٢) ئەحمەد خواجە، چەند بیرەوەرییەكی مێژوویی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١١، ئەیلولی ١٩٨٦، ل٨٥؛ بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بارودۆخی كوردستان لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانی بڕوانە: (كۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، كورد و كوردستان: وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: حسێن عوسمان نێرگسەجاری و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی، چابخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٦٣).

(١٣) پاكیزە ڕەفیق حیلمی، كورد ژیانێكی پڕ ئەندێشە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٧، ١٩.

(١٤) ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨.

(١٥) جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەكەم، بەشی چوارەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.ل ١٧٤؛ ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی،سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(١٦) سیسیل جۆن ئێدمۆندس، كورد تورك عەرەب، و: حامیدی گەوهەری، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٥.

(١٧) ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٤.

(١٨) محەمەد ڕەسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(١٩) مێجەر سۆن: لە ساڵی ١٨٨١ لەشاری كنسنگتن لە بریتانیا دایك بووە، ئەو لە ساڵی ١٩٠٢ەوە هاتۆتە بانكی شاهانەی بریتانیا لە وڵاتی ئێران كاری كردووە. پاش ئەوە لە ساڵانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ هاتۆتە ناو كوردەكانی كرماشان و هەر لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا خۆی فێری زمانی كوردی كردووە. دوای ئەوە لەساڵی ١٩٠٩دا بەناوی (میرزا غولام حوسەێنی شیرازی)ەوە گەشتێكی دوور و درێژی بە میزۆپۆتامیا و كوردستاندا كردووە، كە هەریەك لە شارەكانی دیاربەكر و كەركوك و موسڵ و سلێمانی گەراوە. لەو ماوەیەدا سۆن بەخۆنیشاندان وەك موسڵمان چۆتە هەڵەبجە و بیارە و هەورامان پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە ناودارەكانی هۆزی جاف كردووە لەوانە عادیلەخان لە هەڵەبجە. دوای جەنگی یەكەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیزەكان بۆ سلێمانی لە ئاداری ١٩١٩ەوە وەك جێگری حاكمی سیاسی بریتانی لە سلێمانی دەست بەكاربووە. دوای شەڕی دەربەندی بازیان لە تەموزی ساڵی ١٩١٩ەوە وەك حاكمی سیاسی ئینگلیزەكان لە سلێمانی فەرمانڕەوای كردووە. دوای زیاتر دوو ساڵ لە ٥ی ئاداری ١٩٢١ بەبیانوی ماندووبوون شاری سلێمانی جێهێشت و لە ٢٤ شوباتی ١٩٢٣ بە نەخۆشی سیل كۆچی دوایی كردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەكەم سلێمانی لە كۆتایی دەسەڵاتی بابانەكانەوە تا ساڵی ١٩٥٨، بەشی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، ١٩٩٨، ل٩٠؛ د.نەجاتی عەبدوڵڵا، بیبلۆگرافیای كوردناسی كورد و كوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزیەكاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٠).

[٢٠] پێشکەوتن، ژ ٣٥، ٢٣ کانوونی یەکەمی ١٩٢٠، ل٣-٤؛ المس غیرترد بیل، فصول من تاریخ العراق القریب کتاب یبحث عن العراق فی عهد الاحتلال البریطانی بین سنتي ١٩١٤ و ١٩٢٠ ، ت: جعفر الخیاط، مطبعة دار الکتب، بیروت، ١٩٧١، ص٥٦ وبعدها).

[٢١] یەك ڕوپیە = ٧٥ فلس. ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، پێداچوونەوە و پێشەکی: عززەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا، ل٣٨٩-٣٩٠.

[٢٢] پێشکەوتن، ژ ٣٥، ل٣-٤.

[٢٣] پێشکەوتن، ژ ٣٨، کانوونی دووەمی ١٩٢١، ل٣.

[٢٤] جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم سلێمانی لە ڕۆژگاری بنیاتنانیەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریة)، بەغدا، ١٩٩٢، ل٧٩-٨١.

[٢٥] پێشکەوتن، ژ ١٢، ١٥ تەموزی ١٩٢٠، ل٤.

[٢٦] پێشکەوتن، ژ ٦، ٣ حوزەیرانی ١٩٢٠، ل١-٢.

[٢٧] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٢٨] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٢٩] پێشکەوتن، ژ ٩٦، ٢٢ شوباتی ١٩٢٢، ل٤. لە ژمارە (٩٧)دا داوا لە خەڵك کراوە بە داوای کوتانەوە بێن و خۆیان و منداڵەکانیان بکوتن. لە هەمان ڕۆژنامەدا داوا لە خەڵك کراوە لە نێوان سەعات ٨-١٠ی بەیانی دەتوانن بە خۆڕایی لە نەخۆشخانەی ناو شاری سلێمانیدا خۆیان بکوتن. بڕوانە: (پێشکەوتن، ژ ١٠٣، ١٣ی نیسانی ١٩٢٢، ل٥، پێشکەوتن، ژ ٩٧، ٢٢ی مایسی ١٩٢٢، ل٦).

[٣٠] پێشکەوتن، ژ ٩٩، ١٦ مارتی ١٩٢٢، ل٥.

[٣١] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٣٢] پێشکەوتن، ژ ٩٧، ٢ مارسی ١٩٢٢، ل٦.

[٣٣] پێشکەوتن، ژ ١٠١، ٦ نیسانی ١٩٢٢، ل٦.

[٣٤] سیسیل جۆن ئێدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥ ودواتر؛ و ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ ودواتر؛ ئاکۆ شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦-١١٨.

[٣٥] بۆ زانیاری لەبارەی ناوی وەزیر و وەزارەتەکان، بڕوانە: (بانگ کردستان، ژ ١٠، ١٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، ل٢) ؛ هەروەها بڕوانە: (سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠٩-١١٠).

[٣٦] بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود، تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩٢٣-١٩٢٤، ئامادەکردنی: عەبدولڕەقیب یوسف، لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٠-٦٢.

[٣٧] هەمان سەرچاوە، ل٨٠-٨٢.

[٣٨] دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی عێراق، کە ئەو کات لە چواردە لیوا پێکدەهات، کە سلێمانیش بە یەکێك لە لیواکانی عێراق دانرابوو، هەرچەندە تاوەکو ساڵی ١٩٢٥ هیچ جۆرە دامودەزگایەکی حکومەتی عێراق لە لیوای سلێمانیدا نەبووە. هەر لەو ساڵەدا یەکەم موتەسەڕیف بەناوی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دانرا، چونکە بەر لەو ماوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ تاوەکو کۆتایی ١٩٢٥ سلێمانی لە ژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکاندا بووە، بەڵام لەڕووی تیۆری و فەرمیەوە لەهەر لە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە سلێمانی بە لیوایەکی عێراق دانرابوو. بڕوانە: (کاپتن لاین، کورد عەرەب بریتانیەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی. ٢٠٠٧، ل١٨٢ ودواتر؛ توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-

١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣١-٣٢).

(٣٩) بەدرخان سندی، کۆمەڵگەی کوردی لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و: ئیبراهیم ئیسماعیل سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٦١١.

(٤٠) محەمەد ئەمین زەکی، محاسەبەی نیابەت، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٢٨، ١٤.

(٤١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٤٢) حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەم، ئامادەکردنی: کوردستان موکریانی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٦٢.

(٤٣) حوسێن حوزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٣.

(٤٤) لیوا: پلەیەکی کارگێڕی بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەم پلەیە لە نێوان ویلایەت و قەزادا بوو، سەنجەق یان لیواشی پێدەگوترا. بەگوێرەی زنجیرەی پلە کارگێڕیەکان قەزا سەر بە لیواو لیواش سەر بە ویلایەت بووە. بەرێوبەری گشتی لیواش موتەسەڕیفی پێدەگوترا یان هەندێك جار بە لیوا دەگوترا موتەسەڕیفییە. د.سهیل صابان، المصدر السابق،ص١٩٧.

(٤٥) الحکومة العراقیة، دلیل العراق ١٩٣٦، ص٢٤٦.

(٤٦) المصدر نفسة، ص٢٤١.

(٤٧) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١١٩-١٢٠.

(٤٨) ژیان، ژ ٣٧٠، ٢٠ تەموزی ١٩٣٣، ل ١.

(٤٩) ژیان، ژ ٢٧٩، ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٣١، ل ١.

(٥٠) ژیان، ژ ٤٩١، ٨ ئابی ١٩٣٦، ل ١؛ ژیان، ژ ٥٣٠، ١٤ حوزەیرانی ١٩٣٧، ل١.

(٥١) محەمەد ساڵح کوری محەمەد عەلی عوبێدە و لە هۆزەکانی پشدەرە. لە ساڵی ١٩٢٥ بە نوێنەری لیوای سلێمانی هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. تا ساڵی ١٩٤٣ چەندین جاری تر هەڵبژێردراوەتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٦) بۆتە نوێنەری شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (محمد علی الصویرکی، معجم الاعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی کردستان و خارجها، مطبعة مؤسسة حمدی للطبع و النشر، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٦٥٦).

(٥٢) محاضر مجلس نواب، الدورة الانتخابیة التاسعة، الاجتماع الاعتیادي، لسنة ١٩٤١، جلسة الثامنة والثلاثون، الموافق ٢٢ نیسان ١٩٤٢، ص٥٠٣-٥٠٦.

(٥٣) لە ساڵی ١٩٠٠ لە سلێمانی لەدایك بووە، قوتابخانەی سەربازی لە ئەستانبوڵ لە ساڵی ١٩١٨ تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٢٢ گەڕاوەتەوە عێراق و بۆتە یاریدەدەری پۆلیسی هەولێر و ماوەیەك بووە بە قایمقامی سوق شیوخ. چەندینجار بە نوێنەری سلێمانی هەڵبژێردراوە لە ساڵانی ١٩٣٥ و ١٩٤٨ و ١٩٥٨. دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لە بەریتانیا ژیاوە، تا لە ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (جمال بابان، اعلام کرد العراق، مطبعة شڤان، سلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٥٣٤-٥٣٥).

(٥٤) محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة السادسة والثلاثین من الجتماع الاعتیادی لسنة ١٩٣٥، الجلسة ٢٦ شباط ١٩٣٦، ص٦٢٨؛ محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الرابعة من الاجتماع الاعتیادی ١٩٣٣، الجلسة (٣٤) فی ٧ نیسان ١٩٣٤، ص٤٠٣، ٤١٢.

(٥٥) محمد عبدالله کاکە سور، بارودۆخی تەندروستی لە کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥٨، گۆڤاری زانکۆ، ژ ٢٩، ٢٠٠٧، هەولێر، ل ١٢٩.

(٥٦) لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٨٨٦ لە دایك بووە، کەسایەتیەکی سیاسی و سەربازی بووە. یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەبواری وریاکردنەوەی کورد لە ڕووی هەستی نەتەوەیەوە کاری کردووە، ئەو خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەیە و چەندین وتاری دەربارەی زمان نوسیوە. جگە لە کوردی شارەزای زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسیش بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٣٠ کراوەتە موتەسەڕیفی سلێمانی، لە چەندین چالاکی تردا بەشداری کردووە، بەڵام دوای ڕووخانی پاشایەتی چۆتە لەندەن و لەوێدا ژیاوە، تا لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوای کردووە. بڕوانە: (شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم _ سەرجەمی بەرهەمەکانی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٢٨).

(٥٧) هیوا حمید شریف، توفیق وهبي حیاته و دوره السیاسي والثقافي، مطبعة شفان السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٨٤.

(٥٨) شاکر فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥، ٢٩١.

(٥٩) محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة التاسعة من الاجتماع الاعتیادی الرابع لسنة ١٩٤٢، الجلسة (٢٣) في ٢٣ أدار ١٩٤٣، ص١٩٣-١٩٥.

(٦٠) بۆ زانیاری زیاتر لە بارودۆخی سلێمانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، بڕوانە: (علاء الدین سجادي، قضایا الصحة في السلیمانیة، مجلة "نزار-قسم العربي"، عدد (١٤)، بغداد، تشرین الاول ١٩٤٨، ص٧-٨).

(٦١) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصائیة السنویة العامة ١٩٥٠، مطبعة الحکومة، بغداد، ١٩٥١، ص٣٠.

(٦٢) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصایة السنویة العامة، ١٩٥١، مطبعة الحکومة، بغداد، ص٥١.

(٦٣) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصایة السنویة العامة، ١٩٥٣، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٤، ص٢٣١.

(٦٤) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصائیة العامة لسنة ١٩٥٧، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٨، ص٣٢٤.

(٦٥) الجمهوریة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصایة السنویة العامة، ١٩٥٨، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٩، ص٣٢٩.

(٦٦) حکومة العراقیة، المجموعة الاحصائیة السنویة العامة لسنة ١٩٥٠، ص٧٨.

(٦٧) حکومة العراقیة، المجموعة الاحصائیة السنویة العامة لسنة ١٩٥١، ص٢٨.

(٦٨) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصایة السنویة العامة، ١٩٥٥، مطبعة الحکومة، بغداد،١٩٥٦، ص٦.

(٦٩) الحکومة العراقیة، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئیسیة للاحصاء، المجموعة الاحصائیة العامة لسنة ١٩٥٦ مطبعة الزهراء، بغداد،١٩٥٧، ص٧.

(٧٠) الحکومة العراقیة، دلیل العراق ١٩٣٦، ص٦٨٢.

(٧١) محمد عبدالله کاکەسور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٧٢) علاء الدین سجادي، المصدر السابق، ص٨؛ محمد عبدالله کاکەسور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٧٣) الحکومة العراقیة، دلیل العراق ١٩٣٦، ص٢٤٦.

(٧٤) الحکومة العراقیة، الادارة المحلیة للواء السلیمانیة ١٩٥٥-١٩٥٦، ص٤١-٤٢؛ محمد دفتر و عبدالله حسن، عراق الشمالي، مطبوعات النهار، ١٩٥٥، ص ٣٦٤.

(٧٥) جەمال بابان، یاداشت نامەی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥٨؛ محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الخامسة عشرة من الاجتماع اعتیادی لسنة ١٩٥٤-١٩٥٥، الجلسة (١٤) فی ٥ کانون الثانی ١٩٥٥،

ص٢٨٢-٢٨٣. نقلا عن: سالار عبدالكريم فندى الدوسكى، دور نواب السليمانية فى المجلس النيابى العراقى ١٩٤٥-١٩٥٨، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨، ص١٧٢.

(٧٦) علاء الدين سجادي، المصدر السابق، ص٨؛ محمد عبدالله كاكە سور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(٧٧) علاء الدين سجادي، المصدر السابق، ص٨.

(٧٨) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٠، ص٤٨.

(٧٩) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١، ص٤٨.

(٨٠) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣، ص٢٢٩.

(٨١) الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية لاحصاء، المجموعة الائحصائية العامة لسنة ١٩٥٤، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٩٥، ص٢٨٨.

(٨٢) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، ص٣٣١.

(٨٣) الحكومة العراقية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ص١.

(٨٤) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، ص٣٣١.

(٨٥) جەمال بابان، سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل١٧٠.

(٨٦) المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، جزء الثانى، لواء السليمانية، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٤، ص ١٦٥، ١٨٠، ١٩٠، ٢٠٠.

(٨٧) الحكومة العراقية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ص٩٦.

(٨٨) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣، ص٢٣١.

(٨٩) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥، ص٣٠٥.

(٩٠) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٧، ص٣٢٤.

(٩١) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣، ص٢٣١.

(٩٢) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥، ص٣٠٥.

(٩٣) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٧، ص٣٢٤.

(٩٤) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٦، ص٧.

(٩٥) مەسەلەی تەندروستی ڕووبەرێکی فراوانی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ژین و ژیان داگیر کردووە، کە خوێنەر دەتوانێت بۆیان بگەڕێتەوە، لەوانە: (ژیان، ژ ٥١٢، شوباتی ١٩٣٧، ل٢، کە بە درێژی باسی نەخۆشی تەراخوما لە لیوای سلێمانی کردووە؛ ژیان، ژ ٥٢٢، نیسانی ١٩٣٧، ل١).

(٩٦) ژیان، ژ ٣٧٠، ٢٠ تەموزی ١٩٣٣، ل٢.

(٩٧) علاء الدين سجادي، المصدر السابق، ص٥-١١؛ ژین، ژ ٩٣١، ١٩ ئابی ١٩٤٨، ل١.

(٩٨) مشروع المكافحة الملاريا في السليمانية، اعداد صديق صالح و رفيق صالح، جريدة رزگاری، عدد (٤)، كانون الثاني ١٩٥٤، ص٢؛ محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، من الجتماع غير الاعتيادى لسنة ١٩٤٨، الجلسة ٣ تشرين الثانى ١٩٤٨، ص٢٨١.

(٩٩) محمد عبدالله کاکە سوور، سەرچاوەی پێشوو ل١٢٧.

(١٠٠) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١، ص٧٦.

(١٠١) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣، ص٢٤٢.

(١٠٢) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٤، ص٢٧٨.

(١٠٣) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥، ص٣١٦.

(١٠٤) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٦، ص٢٢٢.

(١٠٥) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، ص٣٣٤.

(١٠٦) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥، ص٣١٦.

(١٠٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بەڵگەنامەی ژمارە ١٨/٥٥٨٦ لە بەرواری ١٩٥٦/١٢/٣١ لە پاشکۆی ژمارە ١).

(١٠٨) ژیان، ژ ٥١٢، ١ شوباتی ١٩٣٧، ل٢.

(١٠٩) محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثانية عشرة من الاجتماع اعتيادى لسنة ١٩٥٠، الجلسة (٤٦) فى ٩ ايار ١٩٥١، ص٨١٢. نقلا عن: سالار عبدالكريم فندى الدوسكى، المصدر السابق، ص١٧١-١٧٢.

(١١٠) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١، ص٧٧.

(١١١) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣، ص٢٨٤.

(١١٢) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٦، ص٢٢٢.

(١١٣) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، ص٣٣٤.

(١١٤) پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کورد ژیانێکی پڕئەندێشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٧-١٨.

(١١٥) محمد عبدالله کاکە سوور، سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٦.

(١١٦) جەمال بابان، یاداشت نامەی ژیانم، ل٥٧.

(١١٧) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٠.

(١١٨) ژیان، ژ ٣٣١، ٢١ تەموزی ١٩٣٢، ل١-٢.

(١١٩) حكومة العراقية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، ص٣٢٦.

(١٢٠) محمد عبدالله کاکە سوور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

(١٢١) ژیان، ژ ٧١، ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٧، ل٤؛ ژیان، ژ ٣٥٧، ٦ مارسی ١٩٣٣، ل٣؛ ژیان، ژ ٣٩٥، ٣ مارسی ١٩٣٤، ل١-٣؛ ژیان، ژ ٥٢٢، نیسانی ١٩٣٧، ل١؛ ژین، ژ ١٠٧٥، ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٥١، ل٤.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:**

١. بەڵگەنامەی ژمارە ١٨/٥٥٨٦ لە بەرواری ١٩٥٦/١٢/٣١.

**دووەم/ بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:**

٢. بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود، تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩٢٣-١٩٢٤، ئامادەکردنی: عەبدولڕەقیب یوسف، لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**سێیەم/ چاپکراوی حکومی:**

**أ/ ساڵنامەی عوسمانی بە زمانی تورکی:**

٣. سالنامة ولايت موصل (١٣٠٨هـ)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيلة ترتيب اولنمشدر.

٤. سالنامة ولايت موصل (١٣١٠هـ)، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيلة ترتيب اولنمشدر.

٥. سالنامة ولايت موصل (١٣١٢هـ) موصل ولايتي مطبعة سندة باصلمشدر.

٦. سالنامة ولايت موصل رسميسيدر(١٣٢٥هـ)، عزتلو صفوت بك معرفتيلة ترتيب و دردنجي دفعة اولة رق موصل مطبعة سندة اولمنشدر.

**ب/ ئامار و داتا حکومییەکان:**

٧. الحكومة العراقية، دليل العراق ١٩٣٦.

٨. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٠، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥١.

٩. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصاية السنوية العامة، ١٩٥١، مطبعة الحكومة، بغداد.

١٠. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصاية السنوية العامة، ١٩٥٣، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٤.

١١. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية لاحصاء، المجموعة الائحصائية العامة لسنة ١٩٥٤، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٥.

١٢. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصاية السنوية العامة، ١٩٥٥، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٦.

١٣. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصائية العامة لسنة ١٩٥٦ مطبعة الزهراء، بغداد.

١٤. الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصائية العامة لسنة ١٩٥٧، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٨.

١٥. الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، دائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصاية السنوية العامة، ١٩٥٨، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٩.

١٦. الحكومة العراقية، الادارة المحلية للواء السليمانية ١٩٥٥– ١٩٥٦.

١٧. المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، جزء الثانی، لواء السليمانية، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٤.

١٨. الحكومة العراقية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء السليمانية، مطبعة العانی، بغداد ١٩٥٧.

**ج– کۆبونەکانی ئەنجومەنی نوێنەران** (محاضر المجلس النواب):

١٩. الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الرابعة، الاجتماع الاعتيادی ١٩٣٣، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٣٣.

٢٠. الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية السادسة، الاجتماع الاعتيادی لسنة ١٩٣٥، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٣٥.

٢١. الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادی لسنة ١٩٤١، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤١.

٢٢. الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادی لسنة ١٩٤٢، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤٢.

٢٣. الحكومة العراقية، الدورة الانتخابية الثانية عشرة، الجتماع غير الاعتيادی لسنة ١٩٤٨، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤٨.

**چوارەم/ کتێبەکان:**

**أ– بەزمانی کوردی**

٢٤. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨–١٩٣٢، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی–سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢٥. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٦.

٢٦. ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، پێداچونەوە و پێشەکی: عززەدین مستەفا ڕەسول، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا.

٢٧. بەدرخان سندی، کۆمەڵگەی کوردی لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و: ئیبراهیم ئیسماعیل سەعید، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٢٨. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کورد ژیانێکی پڕئەندێشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.

٢٩. توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان سالانی ١٩٤٥-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٣٠. جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم سلێمانی لە ڕۆژگاری بنیاتنانیەوە تا کۆتایی دەسەلاتی بابانەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا، ١٩٩٢.

٣١. جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم سلێمانی لە کۆتایی دەسەلاتی بابانەکانەوە تا سالی ١٩٥٨، بەشی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ١٩٩٨.

٣٢. جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی چوارەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣٣. جەمال بابان، یاداشت نامەی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣٤. حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەم، ئامادەکردنی: کوردستان موکریانی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٥. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣٦. سیسیل جۆن ئێدمۆندس، کورد تورك عەرەب، و: حامیدی گەوهەری، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣٧. سدیق سالح، حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٨. شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم _ سەرجەمی بەرهەمەکانی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٣٩. کاپتن لاین، کورد عەرەب بریتانیەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی. ٢٠٠٧.

٤٠. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، ب٢، چ١، هەولێر، ٢٠٠١.

٤١. کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، کورد و کوردستان: وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: حسین عوسمان نێرگسەجاری و حسین ئەحمەد جاف، چاپی، چابخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٤٢. مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤٣. محەمەد ئەمین زەکی، محاسبەی نیابەت، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٢٨.

٤٤. محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەشی یەکەم، چاپخانەی بلاك ڕۆز، لەندن، ١٩٩١.

٤٥. مەلا محمدی چروستانی یاداشتەکانی منداڵی و بەشێکی سەردەمی فەقێ یەتیی، چابخانەی(الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٤.

٤٦. نەجاتی عەبدوڵڵا، بیبلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزیەکاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠٠٩.

**ب- بەزمانی عەرەبی**


٤٧. جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٦.

٤٨. سالار عبدالكريم فندى الدوسكى، دور نواب السليمانية فى المجلس النيابى العراقى ١٩٤٥- ١٩٥٨، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.

٤٩. د. سهيل صابان، المعجم الموسوعى للمصطلحات التاريخية العثمانية، مراجعة: د.عبدالرزاق محمد حسن بركات، مطبوعات مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض، ٢٠٠٠.

٥٠. عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكرد و العراق المعاصر، الطبعة الاولى، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٧.

٥١. المس غيرترد بيل، فصول من تاريخ العراق القريب كتاب يبحث عن العراق فى عهد الاحتلال البريطانى بين سنتي ١٩١٤ و ١٩٢٠ ، ت: جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧١.

٥٢. محمد دفتر و عبدالله حسن، عراق الشمالي، مطبوعات النهار، ١٩٥٥.

٥٣. محمد على الصويركى، معجم الاعلام الكرد فى التاريخ الاسلامى والعصر الحديث فى كردستان و خارجها، مطبعة مؤسسة حمدى للطبع و النشر، السليمانية، ٢٠٠٥.

٥٤. هيوا حميد شريف، توفيق وهبي حياته و دوره السياسي والثقافي، مطبعة شفان السليمانية، ٢٠٠٦.


**پێنچەم/ گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**أ/ ڕۆژنامەکان**

**١- ڕۆژنامەی پێشکەوتن**


٥٥. پێشکەوتن، ژ ٦، ٣ حوزەیرانی ١٩٢٠.

٥٦. پێشکەوتن، ژ ١٢، ١٥ تەموزی ١٩٢٠.

٥٧. پێشکەوتن، ژ ٣٥، ٢٣ کانوونی یەکەمی ١٩٢٠.

٥٨. پێشکەوتن، ژ ٣٨، کانوونی دووەمی ١٩٢١.

٥٩. پێشکەوتن، ژ ٩٦، ٢٢ شوباتی ١٩٢٢.

٦٠. پێشکەوتن، ژ ٩٧، ٢ مارسی ١٩٢٢.

٦١. پێشکەوتن، ژ ٩٩، ١٦ مارتی ١٩٢٢.

٦٢. پێشکەوتن، ژ ١٠١، ٦ نیسانی ١٩٢٢.

٦٣. پێشکەوتن، ژ ١٠٣، ١٣ی نیسانی ١٩٢٢.


**٢- ڕۆژنامەی بانگ کردستان**


٦٤. بانگ کردستان، ژ ١٠، ١٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢.


**٣- ڕۆژنامەی ژیان**


٦٥. ژیان، ژ ٧١، ٢٨ حوزەیرانی ١٩٢٧.

٦٦. ژیان، ژ ٢٧٩، ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٣١.

٦٧. ژیان، ژ ٣٣١، ٢١ تەموزی ١٩٣٢.

٦٨. ژیان، ژ ٣٥٧، ٦ مارسی ١٩٣٣.

٦٩. ژیان، ژ ٣٧٠، ٢٠ تەموزی ١٩٣٣.

٧٠. ژیان، ژ ٣٩٥، ٣ مارسی ١٩٣٤.
٧١. ژیان، ژ ٤٩١، ٨ ئابی ١٩٣٦.
٧٢. ژیان، ژ ٥١٢، ١ شوباتی ١٩٣٧.
٧٣. ژیان، ژ ٥٢٢، نیسانی ١٩٣٧.
٧٤. ژیان، ژ ٥٣٠، ١٤ حوزەیرانی ١٩٣٧.

**٤- ڕۆژنامەی ژین**

٧٥. ژین، ژ ٩٣١، ١٩ ئابی ١٩٤٨.
٧٦. ژین، ژ ١٠٧٥، ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٥١.

**٥- ڕۆژنامەی ڕزگاری**

٧٧. مشروع المكافحة الملاريا في السليمانية، اعداد صديق صالح و رفيق صالح، جريدة رزگارى، عدد (٤)، كانون الثاني ١٩٥٤.

**ب/ گۆڤارەکان:**

**١- بەزمانی کوردی**

٧٨. ئەحمەد خواجە، چەند بیرەوەرییەکی مێژوویی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١١، ئەیلولی ١٩٨٦.
٧٩. محمد عبدالله کاکە سور، بارودۆخی تەندروستی لە کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥٨، گۆڤاری زانکۆ، ژ ٢٩، ٢٠٠٧، هەولێر.

**٢- بەزمانی عەرەبی**

٨٠. علاء الدين سجادي، قضايا الصحة في السليمانية، مجلة نزار القسم العربى ، عدد (١٤)، بغداد، تشرين الاول ١٩٤٨.

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**پشکنینی نەخۆش پێش دامەزراندن**


مديرية انحصار تبغ منطقة السليمانية
المحاسبة
العدد ٥٥٨٦/ ١٨
التاريخ ٢١/ ١٢/ ١٩٥٦
رئاسة صحة لواء السليمانية
الموضوع / فحص الطبي
في نية هذه المديرية تعيين الشخص المدعو مولود شريف مستخدما لديها
نرجو اجراء الفحص الطبي على الموما اليه واعلامنا بنتيجة الفحص .
مدير انحصار تبغ منطقة السليمانية
عبد الخالق قطب

**وەرگیراوە لە: خانەی کەلەپوری سلێمانی.**

## الملخص البحث

هذا البحث خاص بالحالة الصحية فى لواء السليمانية فى العهد الملكى فى العراق. والحديث فى موضوع الصحة لة أهمية خاصة، وذلك لأن هذا الجانب قد عانى من الاهمال و عدم اهتمام المطلوب، لذلك حاولنا فى هذا البحث تسليط الضوء على الجانب الصحيى فى لواء السليمانية من حيث الوضح الصحيى و اهتمام الحكومة و عدد المستشفيات و المرضى و الامراض المنتشرة فى ذلك الوقت...الخ.

هذا الدراسة المنقسمة الى التمهيد و ثلاث مباحث الرئيسية : فى المبحث التمهيدى: تم تسليط الضوء على الوضع الصحى فى السليمانية فى النهاية العهد العثمانى، فى هذا المبحث كلام عن الوضح الصحى فى السنجق السليمانية من حيث عدد المستشفيات و اهتمام الحكومة بالمجال الخدمى الصحى...الخ. أما فى المبحث الاول: سلطنا الضوء على الوضع الصحى فى السليمانية فى العهد الانگليز، الذى كان يختلف عن العهد العثمانى الى حدما وشهد تطوراً، من ذلك اهتمام الانگليز بالمجال الصحي. وفى المبحث الثانى: كلام عن الوضح الصحى فى لواء السليمانية فى العهد الملكى فى العراق بداية العهد الملكى الى نهاية الحرب العالمية الثانية. وفى المبحث الاخير: تخصيص لحديث عن الوضح الصحى فى لواء السليمانية بعد الحرب العالمية الثانية الى نهاية العهد الملكى، وفى هذا المبحث احصاءات رسمية للدولة حول المستشفيات و الامراض المنتشرة فى ذلك الوقت و عدد المرضى بالمقارنة مع المستشفيات وعدد الاطباء و الكوادر الصحية و مسألة اهتمام الحكومة العراقية بالخدمات الصحية...الخ. بعد ذلك نصل الى النتائج و الهوامش و قائمة المصادر و ملخص للبحث باللغتين العربية و الانگليزيه.

## Abstract

The paper examines public health care service in Sulaymaniyah province from late Ottoman Empire to the end of the Kingdom rule in Iraq. It shows that how health care changed during these time periods in Sulaymaniyah. There has been little research about the situation of health care in Sulaymaniyah, however, it has not been widely discussed by them. Therefore, this paper defines the situation of health in the region. It aims to evaluate the health care in Sulaymaniyah. It also attempts to cover the health care in Sulaymaniyah in terms of the situation of hospitals, common diseases, and number of the hospitals that existed. Moreover, governments' health policy in the region also has been studied. The study is divided into an introduction and three parts. The introduction discusses the health situation in Sulaymaniyah during Ottoman era. The First part will describe the health situation in Sulaymaniyah during the British mandate in Iraq which was slightly different from the Ottoman era, and the health situation has changed during this time period. Then, the health care during the Kingdom rule of Iraq before and after the Second World War has been illustrated. Finally, the health situation in Sulaymaniyah after the Second World War to the late Kingdom rule of Iraq has been closely examined.

# سیستەمی کارگێڕی کوردستان
# لە ماوەی نێوان سەدەکانی (٤-٨ك/١٠-١٤ز)دا

**م.ی. رسول ابراهیم رسول**

زانکۆی ڕاپەڕین– فەکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی

## پێشەکی

باسکردن لە مێژووی میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی ئیسلامیدا بەگشتی بایەخ وتایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەو ڕوداو گۆڕانکاریە زۆرانەی کە لەو ماوە مێژوویەدا بە تایبەت لە ماوەی نێوان سەدەکانی(٤–٨ك/١٠–١٤ز)دا ڕوویانداوە، لەڕاستیدا بەشێکی ئەو گۆرانکاریانە پەیوەندی بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی عەباسی لەلایەك و ئەو لەشکرکێشیە زۆرانەی کە لەو ماوەیەدا بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکان کراونەتە سەر جیهانی ئیسلامیەوە لەلایەکی دیەوە هەیە، وڵاتی کوردان(کوردستان)یش لەبەر گرنگی شوێنە ستراستیژیەکەی بە دەر نەبووە لەو گۆرانکاریانە، بە شێوەیەك لە شێوەکان کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەرێنی ونەرێنیانەوە، هەر بۆیە مێژوونوسان و توێژەرانیی نوێش تاڕادەیەکی زۆر ئاوڕیان لەم ماوەیە داوەتەوە ولەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی وشارستانی توێژینەوەی زۆریان نوسیووە، لایەنی کارگێڕیش وەك لایەنێکی گرنگی ژیانی سیاسی و شارستانی لە پاڵ لایەنەکانی دیدا باسی لێوەکراوە، بەڵام لەبەر گرنگی ئەم لایەنەوە ونەبوونی باسێکی تایبەت و ئەو گۆڕانکاریانە لەم لایەنەش هاتوونەتە ئاراوە بە پێویستمان زانی ئەم باسە تایبەت بکەین بۆ ئەم لایەنە.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرفتی دروستکردوە نەبوونی زانیاریە تایبەت بەم بابەتە، بۆیە زۆرجار لە ژێر سێبەری روداوە سیاسیەکانە زانیاریمان هەڵێنجاوە یان بە ناچاری پەنامان بۆ ژێدەرەکان بردووە وڕاو بۆچونی توێژەرانی نوێمان وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە سود لە سەرچاوەی ڕەسەن وەربگرین تارادەکیش ڕاڤە وشیکاریان بۆ بکەین، ئومێدەکەین توانیبێتمان بۆشایەکی بچووك لە مێژووی کورد پڕبکەینەوە و ئەم بابەتەش سەرەتایەك بێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی بە پێزترو دەوڵەمەندترو سەربەخۆ لەسەر ئەم لایەنە.

وڵاتی کوردان لەلایەن شارناس و گەڕیدە موسڵمانەکان زۆر باسی لێوەکراوەو بەپێی دابەشکردنەکانیان لە هەرێمی چوارەم دانراوە[1]، لەناو ئەو هەرێمەشدا کە بۆ(شەش) بەش دابەشکراوە ،

---

[1] وڵاتناس و گەڕیدەی موسڵمانەکان هەرێمەکانی جیهانی زانراوی ئەوکاتەیان دابەش کردووە بەسەرحەوت هەرێمداکەبە(الأقاليم السبعة) ناسرابوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن رسته، الأعلاق النفيسة، دار أحياء التراث العربي، (بيروت:د.ت)، ص٩٤؛ المقدسي، أحسن التقاسيم في معرفةالأقاليم، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، (بيروت:٢٠٠٣)، ص ص٧٢– ٧٧؛ الادريسي، نزهةالمشتاقِ في إختراق الآفاق، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة:٢٠٠٢)، مج٢، ص ٦٦٤؛ياقوت الحموي، معجم البلدان، دار صادر ، الطبعة الثانية، (بيروت:١٩٩٥م)، ج١، ص٢٥.

لەبەشی شەشەمدا جێ ی گرتووە[٢]، (المسعودي)یش گرنگییەکەی لەبەر چاو گرتووەو وەك بەپیت ترین هەرێمەکان ناوی بردووە[٣]، بەلای توێژەرە نوێیەکانیشەوە باشترین وگونجاوترین هەرێم بووە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانی و بەرزی ئاستی بژێوی و ژیانی ئابووری[٤]، بەتایبەت کە هەل و مەرجی ئاوو هەواو ژینگە سرووشتیەکەی لەو هەرێمەدا بۆ کشتوکاڵ زۆر گونجاو بووە[٥]، ئەمەش وای کردووە سەرچاوەکانی داهات و سامانی زۆر بێت، کە بۆتە هۆی ئەوەی داهاتی دەوڵەت لەڕێگەکانی باج و خەراجەوە کە لە ناوچەکەدا کۆدەکرایەوە لەپەرەسەندن دابێت، وە بۆتە فاکتەرێکی سەرنج ڕاکێشیش بۆ هێزە بیانیەکان کە لەهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ئەو داهاتە دابن.

لەلایەکی تریشەوە کوردستان ڕێگەوبانی بازرگانی جیاجیای پێدا تێپەڕیوە، کە جیهانی ئیسلامی و شارو شارۆچکەکانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە[٦]، بۆ نموونە هەرێمی جزیرە[٧]، وەك پردی پەیوەندی نێوان عێراق و شام وابووە[٨]، لە ناویشیاندا ڕێگای گەورەی خۆراسان[٩] کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا باس لە گرنگییەکەی و دووری نێوان شارەکانی کراوە[١٠]، هەمووشیان لە ڕووی بازرگانییەوە بە سوود بوون و بەمەش لە لایەك بوونە هۆیەك بۆ کێش کردنی لەشکری بێگانە وهێزی هۆزە کوردیەکانیش بەمەبەستی دەست بەسەردا گرتنیان و قۆرخ کردنی باجی کاروانە بازرگانیەکان، هەمیش هۆکارێك بوون بۆ گەیاندنی لەشکرەکانیان بەرەو ناوچەکانی دی بەتایبەتیش بەغدای پایتەختی خەلافەتی عەباسی، بەمەش

---

[٢] الإدريسي ، نزهة المشتاق، مج٢ ، ص ٦٦٤.

[٣] التنبيه والإشراف، مطبعة بريل، (ليدن:١٨٩٣م)، ص٣٥.

[٤] حكيم احمد خوشناو، الكرد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين(٢٣٢-٦٢٦ه/٨٤٦-١١٢٩م)، دار الزمان، (دمشق:٢٠٠٩م) ، ص ١٠٠.

[٥] المسعودي، التنبيه ولاشراف، ص٣٥؛مؤلف مجهول، حدود العالم من المشرق الى المغرب، دار الثقافة للنشر، (القاهرة:١٩٩٩م)، ص ص ١٠٦-١٠٧.

[٦] بۆزانیاری لەسەر ڕێگاکان دووری نێوان شارەکان بڕوانە: ابن رسته، الاعلاق النفيسة، ص ص١٥٠ - ١٥٣؛ قدامة بن جعفر ، الخراج وصناعة الكتابة(ملحق بإبن خرداذبة)، مطبعة بريل، (ليدن:١٨٨٩م)، ص٢٢٦، ص ص٢٢٨-٢٢٩.

[٧] هەرێمی جزیرە(جزيره الفراتيه- أقور): یەکێکە لە هەرێمە کوردنشینەکان بە گشتی بە ناوچەکانی نێوان دیجلەو فوڕات گوتراوە ، لەباکورەوە لەناوچە کەوشەنەکانی دەوڵەتی بیزەنتیەوە درێژدەبێتەوە تا تکریت وهیت لەباشورەوە(میافارقین، نصیبین، ئامەد، ماردین، جزیرەی ئیبن عومەر، سنجار، موصل، هەولێر...) لە گرنگترین شارەکانی ئەو هەرێمەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١١٧؛ المقدسي، أحسن التقاسيم، ص١٢٤؛ابو الفداء ، تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، (باريس:١٨٤٠م)، ص٢٧٣؛ لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٨٥م)، ص١١٤، ل١٤٧.

[٨] المقدسي، احسن التقاسيم، ص١٢٤؛ عبدالله ناصر بن سليمان الحارثي، الأوضاع الحضارية في إقليم الجزيرة فراتية في القرنين السادس والسابع الهجري، دار العربية للموسوعات، (بيروت:٢٠٠٧م) ، ص٢٥.

[٩] ڕێگای گەورەی خوراسان: ئەو ڕێگا گرنگە بوو کە بەغدای پایەختی عەباسی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیەوە دەبەستەوە، بە شارەکانی ڕۆژئاوای چیاکان و هەرێمی چیاکاندا تێدەپەڕی بەرەو هەرێمەکانی تری ڕۆژهەلات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قحطان الحديثي، طريق خراسان، مجلة كلية الأداب، جامعة البصرة، عدد(٢٢)، ١٩٩١م، ص٥.

[١٠] بۆ نموونە بڕوانە: قدامة بن جعفر، كتاب الخراج، ص٢٢٦؛الادريسي، نزهة المشتاق، مج٢، ص ٦٦٦؛لسترنج بلدان الخلافة الشرقية، ص٨٥؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:قحطان الحديثي، طريق خراسان، ص٥.

کوردستان بۆتە دەروازەیەك بۆ تەراتێنی هێزەکان و مەیدانێکیش بۆشەڕو ململانێ ی نێوانیان[١١]، هەڵکەوتەی بەشێك لە ناوچەکانی کوردستانیش وەکو سنوری جیاکەرەوەی نێوان جیهانی ئیسلامی (دارالسلام) و جیهانی بێباوەڕان (دارالکفر) یان (دار الحرب) کە لە مێژووی ئیسلامیدا ئەم ناوچانە بە (الثغور)[١٢]ناسراون وای کردووە کەبەردەوام لەبەردەم مەترسی دەرەکی دابن، وەك قەلایەکی پتەویش ڕۆڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوپەلامارانەی دەبینی کە لە لایەن هێزە ناموسڵمانەکانەوە لە (دار الکفر)ەوە دەکرانە سەر ناوچەکە، بەتایبەتیش بەشی باکوروخۆرئاوای کە بەوڵاتی پڕ لە کەلێن و کەلەبەر ناو دەبراو خەڵکی ناوچەکەو موسڵمانانی تریش بەرگریان تێدا دەکرد، بۆیە بەقەلای پێشەوەی ئیسلام ناسرابوون[١٣]،ئەمانەش وای کردووە هەلومەرجی سەربازی و سیاسی ولایەنی کارگێری بەشێکی زۆری ئەم ناوچە سنووریانە جێگیر نەبێ[١٤].

بەلأم ئەمە هۆکاری هەموو ئەو بارودۆخە نییە کەلەو ماوەیەدا بەسەر کوردستاندا هاتووە، بەڵکو لەگەڵیدا چەند فاکتەرێکی دی هەبوون کە پەیوەندییان بە خودی هێزەکانەوە هەبووە، کەخۆی لە خاسیەت و تایبەتمەندیی کۆمەلأیەتی ئەوان و ئەو ژینگە سرووشتییەی کە تیایدا ژیاون دەبینییەوە، بەتایبەت کەژیانی خێڵەکی و کۆچ و ڕەو و جەنجاڵی گوزەرانی دانیشتوان و سەختی پەیدا کردنی بژێوی و خۆراك و گەڕان بەدوای لەوەڕگاو خواستی دەست بەسەر داگرتن وخۆسەپاندن کەلە هۆکارەکانی شەڕن[١٥]، لەسیما دیارەکانی هەندێ لەو هێزانە بووە غوزەکان و مەغۆلەکان نموونەی دیاری ئەو بارو دۆخەن.

فاکتەری سیاسی و سەربازی پاڵنەرێکی تری لەشکرکێشییەکان بوو کە لەدوو لایەنەوە کاریگەری هەبووە، لەلایەك لاوازی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خەلیفەکانی عەبباسی کە پێشتر دەسەلأتداری ناوچە کوردیەکان بوون، لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکان و کەم توانایی دەوڵەت لە بەرگرتنی لە خواستی جیابوونەوەی هەرێمەکان لە جەستەی دەوڵەت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندنابوون[١٦]،

---

[١١] ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلأت لەسەدەی حەڤدەوە تاسەرەتای سەدەی نۆزدە، رشاد میران لەڕوسی یەوە کردوویەتی بە کوردی، (هەولێر: ١٩٩٧ز)، ل١٤؛ لازاریف، چەند کێشەیەکی دیمۆگرافی و مێژوویی و سیاسی و پەیوەندی ئابوری کۆمەلأیەتی کورد، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە کاوێس قەفتان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، بەرگی ١٦ و ١٧، (بغداد:١٩٨٧ز)، ل٣٨٠.

[١٢] الثغور: کۆی وشەی (ثغر)ەبەنزیکترین دەروازەی خاکی موسڵمانان لە خاکی بێباوەڕانەوە دەگوترێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: توفیق سلطان الیوزبکي، الثغور ودورها العسکري والحضاري، مجلة آداب الرافدین، جامعة الموصل، عدد(١٠)، مارت/١٩٧٩م، ص٩.

[١٣] قدامة بن جعفر، الخراج، ص ص ٢٥٣– ٢٥٤.

[١٤] ابن حوقل، صورة الأرض ، دار مکتبة الحیاة، (بیروت:١٩٧٩م)، ص ٢٠١.

[١٥] دیورانت، دروس التاریخ، ص١٥٦.

[١٦] بۆزانیاری زیاترلەم بارەیەوە بڕوانە: ابن الجوزي، المنتظم في تاریخ الملوك والأمم، مطبعة دائرة المعارف العثمانیة، (حیدر آباد:١٣٥٧هـ)، ج٦، ص٢٨٦؛محمد الخضري، الدولة العباسیة، دار المعرفة، الطبعة السابعة، (بیروت:٢٠٠٥م)، ص٢١٥؛ عبدالجبارناجي وآخرون، الدولة العربیة الإسلامیة في العصر العباسي، مرکز الأسکندریة للکتاب، ٢٠٠٦؛حسن منیمنة، تاریخ الدولة البویهیة ( ٣٣٣–٤٤٧هـ/٩٤٥–١٠٥٥م)، الدار الجامعیة، (بیروت:١٩٨٧م)، ص ص ٤٧ – ٨٠.

لەلایەکی تریش خۆی لە ئامانجەکانی ئەو هێزانە بۆ گەیشتن بە پایتەخت و فراوانخوازی و کۆنترۆڵ کردنی ناوچەی زیاتر لە جیهانی ئیسلامیدا دەبینییەوە، زۆر جاریش خودی خەلیفە هۆکاری هاتنی لەشکری ئەو هێزانە بووە، لەپێناو مانەوەی لەسەر دەسەلآت یان بەئومێدی گەڕانەوەی شکۆمەندیی و هەژموونی لە دەستچووی و ڕزگار بوون لەو بارودۆخە خراپەی کە لەسەر دەستی هێزێکی دی تێی کەوتبوو[١٧]، ئیتر ئەمانەو چەند هۆکارێکی دی بوونە هۆی ئەوەی کە جیهانی ئیسلامی بە گشتی و کوردستانیش بەتایبەت لەماوەی سەدەکانی (٤-٨ك/ ١٠-١٤ز) ڕووبەڕووی چەند لە شکرکێشییەکی دەرەکی ببێتەوە، کە کاریگەری و شوێنەواری گەورەیان لەسەر بارودۆخی گشتی کوردستان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتووە، لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لە دیارترینیان گۆڕانکاریە کارگێڕیەکان بدوێین.

بەم شێوەیە ئەو بارودۆخەی کە لەئەنجامی لاوازیی دەسەلآتی ناوەندی عەبباسی هاتبووە ئاراوە بەتایبەت لە هەرێمەکانی ڕۆژهەلآتدا هەلی گونجاوی ڕەخساند بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەند بنەماڵەیەك(هێزێك)کە توانییان دەسەلآتێکی خۆجێیی بۆ خۆیان درووست بکەن و دواتریش چاویان بڕییە ناوچەکانی دەوروبەریان[١٨]، لەم باسەدا تەنها باس لە دیارترینی ئەو هێزانە کراوە ئەوانیش(بوەیهیەکان و سەلجوقی و مەغۆلەکان)، بەڵام ئەمانەش ڕادەی کاریگەریان وەك یەك نەبووە.

## گۆڕانکاری لە سیستەمی کارگێڕیدا :.

سیستەمی کارگێڕی یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی دەوڵەتداری، کە بەهێزی و بێهێزی پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسییەوە و کار لە یەك دەکەن، هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی دەشێت گۆڕانکاری کارگێڕیشی بەدواوە بێت، لەبەر ئەوە دەبینین ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر پرۆسەی سیاسی کوردستاندا هاتووە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، سیستەمی کارگێڕیش کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسی و ململانێ سەربازیانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، لەم بابەتەدا هەوڵدراوە ئەو بابەتانە بخرێنە ڕوو کە بەسەر کارگێڕی کوردستاندا هاتوون بەتایبەت دوای دەستگرتنی(بوەیهی یەکان) بەسەر بەغداد دا.

بوەیهیەکان نەیانتوانی گۆڕانێکی بنچینەیی لەسەر سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی ئیسلامی دابنێت و لەسەر هەمان نەخشەی دەوڵەتی عەباسی ڕۆیشتن، نەشیان توانی یارمەتی ئەو ڕێکخستن و پێش خستنەش بدەن، دیارە بێ ئەزمونیان لە بواری کارگێڕی و زاڵی سیستەمی خێڵەکی بە ڕوخساری دەسەلآتیان و سەرقاڵیان بە ململانێی ناوخۆیی بە جۆرێك کە هێز یەکلاکەرەوەی کێشەکانیان بوو[١٩]،

---

[١٧] بۆ نموونە داواکاریی خەلیفە(القائم بأمرالله) ( ٤٢٢-٤٦٧ك/ ١٠٣٠ -١٠٧٤ز)لەسەرکردەی سەلجوقی(طغرلبك) بۆهاتنە ناو بەغداو ناردنی نوێنەری خۆی ساڵی (٤٣٢ك/ ١٠٤٠ز) بۆشاری (ڕەی) بۆ گەیاندنی ئەم داوایەی خەلیفە پێی. بڕوانە: الراوندي، راحة الصدور وآية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية ، نقله الى العربية ابراهيم امين الشورابي، عبدالمنعيم محمدحسنين، فؤاد عبدالمعطي الصياد، دار القلم ، (القاهرة :١٩٦٠م)، ص ص ١٦٨-١٦٩.

[١٨] بۆ نموونە بڕوانە:عبدالمنعم سلامة، في تاريخ الدول الإسلامية المشرقية المستقلة عن الخلافة العباسية، (الأسكندرية: ٢٠٠٥م).

[١٩] حسن احمد محمود و احمد ابراهيم شريف، العالم الاسلامى فى العصر العباسى، دار الفكر العربى، (القاهرة:١٩٩٥م)، ص ص٤١٦-٤١٧.

نەپرژانە سەر بایەخدان بەم لایەنەو کاریگەری خراپیشی کردە سەر دوارۆژی دەوڵەتەکەیان، بوەیهیەکان سنوری دەسەلاتیان بەسەر (سێ) مەڵبەندی فەرمانڕەواییدا دابەش کردبوو، کە بریتی بوون لە (شیراز و ڕەیی و بەغدا) هەر میرێك دەستی بەسەر مەڵبەندێکدا گرت و پاشان بە میرات بۆ کوڕەکانیان مایەوە[٢٠]، ئەم جۆرە سیستەمە تازە بوو لە مێژووی ئیسلامیدا، کاریگەریشی کردە سەر هەرێمەکانی دی و سەرکەوتوو نەبوون لە چەسپاندنی دەسەلاتی ناوەندییان بەسەریاندا، بەرفراوانی سنوری قەڵەمرشەویان و دووری هەرێمەکان لە یەکترییەوە ناچاری کردن بە پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندی (لامەرکەزی)لە فەرمانڕەواییاندا[٢١]، دیاردەی گەندەڵی و بەرتیل خۆریش لە سیما دیارەکانی سیستەمی کارگێڕی بوەیهیەکان بوو، کە هێندەی دی بارودۆخەکەی بەرەو خراپی بردبوو، تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت هەڵبژاردنی وەزیر کە بەرزترین دەسەلاتە لە دوای (میر) لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی باجی زیاترو بەرتیلێکی زیاتر دادەنرا نەك لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتووی[٢٢]، لەم نێوەندەدا کورد سودی لەم بارودۆخە وەرگرت و بە درێژیی ماوەی مانەوەی ئەم هێزە لە ڕێگەی میرنشینەکانەوە کوردستان بەڕێوە دەبرا.

میرنشین وەك دامەزراوەیەکی کارگێڕی و سەربازی لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا کە بەپێی کات سنوری دەسەلاتی لە گۆڕاندابوو لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵی دیارو کاریگەری لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا گێڕاوە[٢٣]، (میر)یش وەك دەسەلاتی یەکەم لەناو میرنشیندا شەڕ ڕاگەیاندن وپەیمان بەستن و دانان و لابردنی بەرپرسان تەنها مافی ئەو بوو[٢٤]، بەلام ئەوەی تایبەتە بە دەسەلاتی میری کورد لە چاخەکانی ناوەڕاست دا ئەوەیە کە لە سنورێکی دیاری کراو بەسەر خێڵێکی یان چەند خێڵێك دەسەلاتی ڕۆیشتووە، لەدەرەوەی ئەو سنورە بوونی نەبووە، ئەگەر بوونیشی هەبووبێ ئەوا هەبوونێکی پەراوێزو ناسەرەکی بووە، دەسەلاتی (میر) یا هێزی میریش لەسەر بنەمای دەمارگیری و (هێزی سەربازی) و پارەو پوول (هێزی ئابووری) دامەزراوە بۆ خستنەگەڕی چەندیەتی واقع، ئەو دوو بنەمایەش تا ڕادەیەکی زۆر چەندیەتی و چۆنیەتی دەسەلاتی دیاری کردووە[٢٥]، بوونی هێزیش بوونێکی بە کۆمەڵ و هەرگیز وەك تاك خۆی نانوێنێ و ناتوانێ هەشبێت، لەسەر ئەو بنەمایەش (میر)ی کورد بوونە هێزی چالاکی ناو کۆمەڵی کوردەواری کە هەردەم بەدوای دەسەلاتدا وێڵبوون لە ڕێگەی دەست بەسەرداگرتن و بە مولکایەتی کردن و زاڵبوون و سەپاندن و ئەرێ وەرگرتن لە دەسەلاتی ناوەندیەوە دەسەلاتی خۆیان سەپاندووە، لەبەر

[٢٠] بۆ نموونە بڕوانە: ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص١٥٧، ص١٧٣، ص١٨٧.

[٢١] مسعود احمد مصطفی، اقالیم الدولة الاسلامیة بین اللامرکزیة السیاسیة واللامرکزیة الاداریة، الهیئة العامة المکتبة الاسکندریة، (١٩٩٠م)، ص٢٧٩.

[٢٢] بۆ نموونە بڕوانە: مسکویه، تجارب الامم، تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقیق سید کسروي حسن ، دار الکتب العلمیة، (٢٠٠٣م)، ج٥، ص ص٣٥٣–٣٥٤.

[٢٣] حسام الدین نەقشبندی، شارەزوور و لورستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی شارستانیە)، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ڕەنج ئەبوبکر، چاپخانەی حەمدی، (سلێمانی:٢٠٠٨ز)، ل٣٨٧.

[٢٤] حسن الباشا، الالقاب الاسلامیة فی التاریخ والوثائق ولآثار، مکتبة النهضة المصریة، (القاهرة:١٩٥٧م)، ص١٨٠؛ عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة فی کردستان الوسطی، القسم الحضاری ج٢، دار ئاراس، الطبعة الثانیة، (اربیل:٢٠٠١م)، ص٧٥.

[٢٥] حیدر لشکری، دەسەلاتی میری کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە(٩)، ساڵی١٩٩٩ز ل٢٦.

ئەوە میرنشینە کوردیەکان لە جۆری میرنشینی سەندراو (إستلاء) بوون[(٢٦)]، دوای ئەوە لەسەر ئەو بنەمایەی باسمان کردن دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەیەك دا سەپاندووە و خەلیفەش ناچار دانی پیادانـاون، میرنشینەکان بە هەمان شێوەی میرنشین و دەوڵەتەکانی سەردەمەکەیان خاوەنی زۆربەی دام و دەزگا کارگێرییەکان بوون، بە گشتی لە ڕێگەی دیوانەکانەوە کاروباریان بەڕێوەدەبرد، کە ڕاستەوخۆ سەر بە (میر) بوون.

بێگومان پۆستی میر(الامیر) وەك یەکەم دەسەڵاتی کارگێری هەموو میرنشینەکان هەیانبووە[(٢٧)]، ئاڵوگۆری دەسەڵاتیش وەك سیستەمی باوی سەردەم لەسەر ڕژێمی پشتاوپشت بووە، کە دوای مردنی میر یان دیارنەمانی جا بەهەر هۆکارێك بووبێت ئەوا کوڕەکەی یان هەندێ جار برایەکەی فەرمانڕەوایان وەرگرتووە، وەك فەرمانڕەوایی مەڕوانیەکان و عەنازیەکان و شەدادیەکان وهزبانیەکان[(٢٨)]...، یان ئەندامێکی نزیکی بنەماڵە ئەم پۆستەی وەرگرتووە وەك دەستگرتنی میر ابو علی حەسەنی مەڕوانی(٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩٠-٩٩٧ز) بەسەر فەرمانڕەوای میرنشی دۆستەکیدا دوای کوژانی میر (باد) ی خاڵی[(٢٩)]، هەندێ جاریش هێزە دەرەکیەکان ڕۆڵی خراپیان لە دانان ولابردنی میرەکاندا بینیووە، بۆ نموونە دوای مردنی میر(حسنویهی) ساڵی(٣٦٩ك/ ٩٧٩ز) عضدالدولة ی بویهی ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە دورخستنەوەی شەش کوڕەکەی میری ناوبراو پشگیری کردنی (بدر)(٣٦٩-٤٠٥ك/٩٧٩-١٠١٤ز) تادەسەڵاتی میرنشینەکە وەربگرێت[(٣٠)].

یەکێك لەو دامەزراوە گرنگانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینەکە پێویست بووە، بریتی بووە لە (دار امارە)، کە شوێنی نشتەجێ بوونی میر و خانەوادە ودارودەستەکەی بووە، کە هەمیشە کەوتۆتە ناوەڕاستی شار یان ناو قەڵا یان ناوچەیەکی گرنگی نزیك بە پایتەختی میرنشینەکە[٣١]، کە هەریەك لە میرنشینە کوردیەکانیش مەڵبەندی فەرمانڕەوایی خۆیان هەبووە، هەرچەندە زۆرجار بەپێی بارودۆخی سیاسی و سەربازی دەگۆڕدرا، لەگەڵ بوونی کۆشکی فەرمانڕەوایی (دار امارة) هەرچەندە لەم بارەیەوە ئاماژەی کەم هەیە، بەڵام بە نموونە میرێکی وەك (نصر الدولە)ی مەڕوانی لە شاری (میافارقین) کۆشکی

(٢٦) ماوەردی میرنشینەکانی بۆ سەر سێ جۆر دابەشکردووە، کە بریتین لە (استکفاء وخاصة و استلاء) بڕوانە، الاحکام السلطانیة، ص١٠٨.

(٢٧) بۆ نموونە بڕوانە:عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة فی کردستان الوسطی، القسم الحضاری ج٢، دار ئاراس، الطبعة الثانیة، (اربیل:٢٠٠١م)، اسماعیل شکر رسول، الامارة الشدادیة الکردیة فی بلاد ئاران(٣٤٠-٥٩٥ه/٩٥١-١١٩٨م)، دراسة سیاسیة حضاریة، مؤسسة موکریانی، (اربیل:٢٠٠١م). احمد عبدالعزیز محمود، الامارة الهذبانیة الکردیة فی اذربیجان واربیل والجزیرة الفراتیة(٢٩٣-٦٥٦ه)، دراسة سیاسیة حضاریة، مطبعة وزارة التربیة، الطبعة الثانیة، (اربیل:٢٠٠٦م).

(٢٨) اسماعیل شکر رسول، الامارة الشدادیة، ص١١٥، احمد عبدالعزیز محمود، الامارة الهذبانیة، ص١٢٧، **فرست مرعی**، الامارات الکردیة فی العصر العباسی الثانی(٣٥٠-٥١١ه/٩٦٠-١١١٧م)، دار سپیرێز، (دهوك:٢٠٠٥م).

(٢٩) فارقی، تاریخ الفارقی، ص ص٥٩ -٦٠.

(٣٠) مسکویە، تجارب الامم، ج٥، ص٤٥٣.

(٣١) فرهاد حاجی عبوش، المدینة الکردیة من القرن(٤-٧ه/١٠-١٣م)دراسة حضاریة، دار سپیرێز، (دهوك:٢٠٠٤م)، ص٨٣.

تایبەتی هەبووە، کە هەر خۆی دروستی کردووە[٣٢]، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە میرنشینە کوردیەکان خاوەنی دام و دەزگای کارگێڕی تەواو بوون و لە ماوەیەکی زەمەنی دا توانیویانە لە سنوری قەڵەمڕەویاندا کاروباری خەڵك بەڕێوە ببەن و خۆیان حوکمی روبەرێکی فراوانی کوردستان بکەن، بە سود وەرگرتن لە هێزی دەمارگیری خەڵکیش دەسکەوت و سنورەکەیان بپارێزن.

لە گرنگترین دەزگا کارگێڕیەکانیش پلەو پایەی (وەزیر)[٣٣] بووە، کە لەهەندێ لە میرنشینەکاندا هەبووە وەکو دەسەڵاتی دووەم لە دوای میرەوە ڕۆڵی بینیوە، ئاشکرایە لە مێژووی میرنشینی (مەڕوانی) دا ئەم پلەو پایە دەرکەوتووە، وە لە جۆری وەزیری ڕێپێدراو (تفویض) بووە، بە گوێرەی وتەی (فارقی) کە (نصر الدوله) ئەو دەسەڵاتەی داوە بە (خواجە أبا قاسم الصفهانی) وەزیر، کە هەموو کاروبارەکانی لە دەست دابووە و میر هیچ کاروبارێکی بێ پرس و ڕاوێژی ئەو ئەنجام نەدەدا[٣٤]، ئەمەش ڕۆڵی وەزیرمان لەم میرنشینە بۆ دەردەخات، هەر سەبارەت بەم پۆستە هەریەك لە میرنشینەکانی هذبانی و شەدادیەکانیش ئەم پۆستە هەبووە[٣٥].

سەبارەت بە جۆری بەستنەوەی پەیوەندی نێوان میرە کوردەکان و خەلیفەی عەباسی لەژێر کاریگەری بوەیهیەکاندا بووە، جۆری پەیوەندی میرەکان بە میری بوەیهیەوە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی لەگەڵ خەلیفەش دیاریکراوە، ئەمەش ڕادەی لاوازی دەسەڵاتی سیاسی خەلیفەو کەوتنە ژێرباری بوەیهیەکان دەردەخات، تەنها بە ناو میرە کوردەکان سەر بە خەلیفە بوون، وەك هێمایەکی ئاینی ناویان لە وتاری هەینی داو لەسەر پارە (سکە) ناویان نوسراوە، بەم جۆرەش فەرمانڕەوایی میرنشینەکان شێوازێکی ناناوەندی سیاسی (لامەرکەزی سیاسی) وەرگرتووە، کە مانای سەربەخۆیی تەواو دەگەیەنێت ولە(لامرکزی الاداری) گەورەترە[٣٦]، زیاتر لەوەش لە پێناو هێشتنەوەی ئینتیمایان بە خۆیانەوە خەلیفە نازناوی گەورەی پێبەخشیوون، ئەگەر تێبینی پاشگری نازناوەکانیش بکەین دەبینین هەریەکەیان بە پاشگری (الدوله) کۆتایان هاتووە، (حسن الباشا) ئەم پاشگرانەی لەگەڵ نازناوەکاندا وا لێکداوەتەوە کە سەرەتایەکە بۆ وازهێنانی خەلیفە لە کاروباری حوکمڕانی بۆ میرو والیەکان[٣٧]، ئەمەش داننانێکی فەرمیە بە فەرمانڕەوایی میرنشینەکان.

سەلجوقیەکانیش دوای سەپاندنی دەسەڵاتیان و لە چارەگی یەکەمی فەرمانڕەواییاندا سیستەمێکی کارگێڕی تازەیان نەهێنا ئاراوە، بەڵکو درێژەیاندا بە شێوازی کارگێڕی پێش خۆیاندا، توێژەران هۆکاری

---

(٣٢) ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة ، ج٣، ق١، تحقيق يحيى عبادة ، وزارة الثقافة والارشادالقومي، (دمشق:١٩٧٨)، ص٢٧٥.

(٣٣) دوو جۆر وەزیر هەبووە، کە بریتی بوون لە وەزیری(تفويض و تنفيذ)واتا ڕێپێدرا وجێبەجێکار، ماوردي، الاحكام السلطانية، ص٩٣ توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في النظم العربية الاسلامية، طبعة الثانية، ١٩٧٩، ص١٢٠.

(٣٤) مێژووی ئامەد ومیافارقین، ل٥٢.

(٣٥) بڕوانە:اسماعيل شكر رسول، الامارة الشدادية، ص١١٧، احمد عبدالعزيز محمود، الامارة الهذبانية، ص١٣١.

٣٦ مسعود احمد مصطفى، اقاليم الدولة الاسلامية بين اللامركزية السياسية واللامركزية الادارية، ص٢٠١.

٣٧ الالقاب الاسلامية، ص٣٦٣.

ئەمە دەگێڕنەوە بۆ کەم توانایی و نەشارەزاییان لە ڕووی شارستانیەوە[٣٨]، لەبەر ئەوە لەسەرەتای دەوڵەتەکەیان لەڕوی کارگێڕییەوە سودمەندبوون لە تواناو شارەزایی نەتەوەکانی ژێر دەستیان، چونکە لەخۆیان پێشکەوتووتر بوون بەتایبەتی ڕەگەزی (فارس)، کە ئەزموونێکی زۆریان لە ژیانی شارستانی و دەوڵەتداریدا هەبووە، لەڕاستیشدا تاهاتنی (نظام الملك)(مردووەلە ٤٨٥ك) وەزیری فارسی بەناوبانگ دەوڵەتی سەلجوقی ئەوەندەی بە دەوڵەتێکی سەربازی بچوك دەچوو ئەوەندە دەوڵەتێکی خاوەن دامەزراوەیی نەبوو، بە هەرحاڵ سەلجوقیەکان سنوری دەسەلاٌتیان بە سەر چەند هەرێمێکدا دابەشکردبوو، کەسێکیشیان لە لە بنەماڵەی سەلجوقی هەڵبژاردبوو بۆ فەرمانڕەوایی کە بە (شاه یان ملك) ناسرابوو[٣٩]، کە لە کاروبارە ناوخۆیەکاندا سەربەخۆبوو وە بەرپرس بوو لەپاراستنی ئاسایش و پیشکەشکردنی خزمەتی سەربازی و ماددی بە سوڵتان، ئازادیش بوو لە فراوانکردنی سنوری هەرێمەکەی بە گرتنی ناوچەکانی دەوروبەری[٤٠]، دانان و لابردنیان ڕاستەوخۆ بە دەستی (سوڵتان) بوو، لە کاتی ئەگەری هەر سەپێچییەکدا لە فەرمانەکانی ڕووبەڕووی لادان و تەنانەت سزاش دەبوونەوە ئەگەر لە ڕێگەی سەربازیش بوایە، هەریەك لەو هەرێمانەش ڕاستەوخۆ بەستراربوونەوە بە پایتەختەوە یان بە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی سەلجوقی.

سەبارەت بە سیستەمی کارگێڕی کوردستانیش سەلجوقیەکان هەروەك ئاماژەماندا لەسەرەتا دەرکەوتنیان بە پەیڕەوکردنی جۆرێك لە لامەرکەزیەت، کارگێڕی و بەڕێوەبردنی هەرێمە کوردیەکانیان بە میرە کوردەکان سپاردەوە، بە تایبەتی دوای پیشاندانی گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان (طغرلبك)، بێ گومان ئەمەش بێ هۆ نەبوو پێمان وایە چەند فاکتەرێك لە پشت پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەوە بوون، کە دواتر بە سودی سیاسی و سەربازی سەلجوقیەکان کۆتایی هات، سوڵتانە یەکەمەکان بە تایبەتیش (طغرلبك) لەوانەیە لەوە تێگەیشتبێت کە پایەدار مانەوەی دەسەلاٌتی لەسەر خەڵکی ئەو خاکە بەرفراوانە کە دەستی بەسەرداگرتبوو، کە خاوەنی خودانی باوەڕو سروشت و ڕەگەزی جۆراوجۆر بوون، تەنها بەهۆی چەکەوە مەیسەر نابێ، بۆیە کۆششی کردو تا پاڵپشتی کۆمەلاٌیەتی لەنێو خەڵکدا پەیدا بکات و فراوانی بکات، بە هێشتنەوەی میرو دەسەلاٌتی بنەماڵەی خێڵەکی لە ناوچە جیاوازەکاندا بۆ لای خۆیان کێش بکات، بۆیە ناچاربوو بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی هەرێمەکان بەدەست میرەکانەوە وەك خۆی بهێڵێتەوە، ئاگاداری ئەوەش بووە کە خەڵکی کورد دەمارگیری زۆریان بۆ سەرۆك خێڵ و میرەکانیان هەیە و هەروا بە ئاسانی ناچنە ژێر باری کارگێڕیەکی بێگانەوە، چونکە هەرچۆنێك بووبێت خەڵك لە ژێر سایەی کارگێڕی میرنشینە کوردیەکان کە نزیکەی (سەدەیەك) بوو حوکمڕانیان دەکرد دەژیان، لەلایەکی ترەوە دەشێت کەم توانایی هونەری کارگێڕیان و ئەزموونداری نەتەوەکانی تر وای لێکردبن لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکان پشت بە

---

[٣٨] عبدالمنعیم محمد حسنین، السلاجقة ایران والعراق، مطبعة السعادة، مکتبة النهضة المصریة، الطبعة الثانیة، (القاهرة:١٩٧٠م)، ص ص١٨-١٩، احمد کمال الدین حلمی، السلاجقة فی التاریخ والحضارة، دار البعوث العلمیة، (الکویت:١٩٧٥م)، ص ص٢٠٨-٢٠٩.

[٣٩] الراوندي، راحة الصدور، ص١٦٨.

[٤٠] احمد کمال الدین حلمی، السلاجقة فی التاریخ والحضارة، ص٢٠٩.

دانیشتوانە ڕەسەنەکە ببەستن[41]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێشکەوتنی لایەنی شارستانی میرنشینەکان بۆ ئەو قۆناغە بەبەراورد لەگەڵ سەلجوقیەکاندا لەهەندێ باریشدا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان فەرمانرەوای هەندێ لە قەڵاو هەرێمەکانیان بە خاوەنە ڕەسەنەکانی خۆیان سپاردووە، زیاتر لەوەش دوو لە سوڵتانە بەهێزو بەناوبانگەکانی سەلجوقی لە هەڵبژاردنی ڕاوێژکارە تایبەتیەکانی خۆشیان پشتیان بە کورد بەست، بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە شارەزایی کەسێکی وەکو (هەزار ئەسپ کوڕی بەنکیر عیان) ی وەرگرت، کە تاوەکو کۆچی دوایی کرد سەلجوقیەکان سودیان لە تواناکانیان وەرگرت[42]، ئەمانەش بەڵگەن لەسەرئەوەی کە ئاماژەمان بۆکردووە.

مانەوەی پۆستی (میر) لە کوردستاندا، وەك بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی کارگێری لە بەرامبەر پۆستی (سوڵتان) لەسەردەمی سوڵتان (طغرلبك) و تا پێش کۆتایی حوکمی (الب الارسلان) ڕۆڵی گرنگی بینی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان، بەهەمان شێوەی سەردەمی بوەیهی بە هێشتنەوەی دام و دەزگا کارگێڕیەکان لە ناویشیاندا مانەوەی پۆستی (وەزیر) بەتایبەت لە میرنشیتی (مەڕوانی) دا کە خاوەنی کەسانێك بوون پێشکەوتوو تر و لێهات و تر لە وەزیری خەلیفەی عەباسی، هەرلەبەرئەوەش بوو کە خەلیفە (قائم بأمرالله) داوای لە (نصر الدولە) کردکە رەزامەندی پیشانبدا لەسەر ڕێگەدان بە هەریەك لە (أبو القاسم المغربی و إبن جهیر) تا پۆستی وەزیری لە بەغداد بگرنە دەست[43]، هەر لەڕووی کارگێریەوە هەندێ جار سەلجوقیەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی کوردستانیان بە میرێك دەسپارد وەك سپاردنی شاری (قرمسین) بە میر (بدری کوڕی طاهیری کوڕی هیلال) لەساڵی (٤٣٨ك/١٠٤٦ز) کە یەکێك بووە لە پاشماوەی میرەکانی (حسنویهی کوردی)[44]، وە بەخشینی ناوچەکانی (سیروان و داقوقاو شارەزوور و سامغان) بە میر (مهلیلی کوڕی محمدی عنازی) لەساڵی (٤٤٢ك/١٠٥٠ز) دوای ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان (طغرلبك)[45]، بەم شێوەیە سیستەمی کارگێڕی لە کوردستان تا دوای شەڕی (ملاز گرد) ساڵی (٤٦٣ك/١٠٧٠ز) دەتوانین بڵێین وەك خۆی مایەوە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نیە کە سەلجوقیەکان دەستیان لە کاروباری میرنشینەکان وەرنەدابێت، بەڵکو کاریان لەسەر قولکردنەوەی ململانێی ناوخۆی میرنشینەکان دەکرد، ڕەنگە میرنشینی (عنازی) باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستیە بێت، ئیدی لە دوای ئەو مێژووە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی کارگێڕی سەلجوقیدا هاتوو بە بڕیاردان لەسەر پیادەکردن و چەسپاندنی سیستەمی ناوەندی بەسەر هەموو هەرێمەکانداو لە ناویشیاندا کوردستان.

بەرئەنجامی پیادەکردنی ئەو سیستەمە ڕوخانی میرنشینەکانی لێکەوتەوە، هەرێمە کوردیەکان بوون بە بەشێك لە دەوڵەتی سەلجوقی و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەوان، هەرچەندە زانیاری لەسەر

[41] احمد کمال الدین حلمی، السلاجقة فی التاریخ والحضارة، ص ص ٢٠٨- ٢٠٩.

[42] نیشتمان بشیر محمد، کورد وسەلجوقییەکان لێکۆڵینەوەیەك لەپەیوەندیە سیاسیەکان(٤٢٠-٥٢١ك/١٠٢٩-١١٢٧ز)، وەرگێڕانی ئیدریس عەبدڵلا مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، (هەولێر:٢٠٠٦ز)، ل٢٣١.

[43] عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة، ج٢، ص٨٠.

[44] ابن الاثیر، الکامل في التاریخ، ج٨، ص٥٦.

[45] ابن الاثیر، الکامل في التاریخ، ج٨، ص٩٠.

شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستان لەسەرچاوەکاندا کەمە، بەڵام بەپێی شێوازی کارگێڕی هەرێمەکانی دی بێت، دەبێت لە ڕێگەی هەندێ لە دەزگاکانی وەکو (حسبە و عمید و قاضی ....هتد) ناوچەکانیان بەڕێوەدەبردن، هەروەك توێژەرێك ئاماژەی کردووە ڕوخانی میرنشینەکان بە مانای کۆتای هاتنی ڕێکخستنەکان نایەت، واتە بە کۆتا هاتنی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا، ئەوان سیستەمێکی تازەو نوێیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان دانەهێناوە، بەڵکو لەسەر هەمان شێوازی کارگێڕی کۆنی خۆیان درێژەیان بە بەڕیوەبردنی هەرێمە کوردیەکاندا، تەنها ئەوە نەبێت کە بەرپرسە خۆماڵیەکان گۆڕان بە تورك کە ڕاستەوخۆ لە لایەن سوڵتان (ملکشاه) (٤٦٥-٤٨٥ك/ ١٠٧٢-١٠٩٢ز) دیاری کران، هەروەك دیاریکردنی (سەرهەنگ ساوتکین) دوای ڕوخانی میرنشینی (شەدادی) ساڵی (٤٦٨ك/١٠٧٥ز) بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە بە میرات بەجێماوەکانی ئەو میرنشینە[٤٦]، بەهەمان شێوەش ناوچەکانی جزیرە (ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەڕوانی) لەلایەن هەمان سوڵتانەوە لە ساڵی (٤٧٦ك/١٠٨٣ز) بە(فخر الدولە کوڕی إبن جهیر) سپێرا، کە سەرکردایەتی هێرشی سەر مەڕوانیەکانی کردبوو، وە مافی خوێندنەوەی وتارو لێدانی پارەی بە ناوی خۆیەوە پێدرا[٤٧]، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە دەکرێت سوڵتان بەڵێنی بەخشینی میراتی مەڕوانی بە (فخر الدولە) بەستبێتەوە بە سەرکەوتن لە هێرشەکەی داو کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوای ئەم میرنشینە، ئەویش دوای دەستگرتنی بەسەر ناوچەکەدا شاری (میافارقین)ی پایتەختی کۆنی مەڕوانیەکانی کرد بە مەڵبەندی فەرمانڕوایی خۆی[٤٨].

پاشان ناوچەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی و دەستی بەسەر موڵك و سامانی مەڕوانیەکان داگرت، بۆ هەریەك لە شارەکانی تر (والی) دانا بە مانای بەرپرسی یەکەی کارگێڕی[٤٩]، دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ کارگێڕی ناوچەکەی لەدەست دابوو، بڕیاری لەسەر کار لابردنی لەلایەن سوڵتان (ملکشاه) ەوە بۆ دەرکرا، کاتێك زانیاری لەسەر ئەوە پێگەیشت کە لە سەروەت و سامانی زۆری مەڕوانی بێ بەشی کردووە، ئەوەبوو لە ساڵی (٤٧٩ك/١٠٨٦ز)(قوام الدین أبی علی بلخی) لەجێگای دانرا[٥٠]، هەرچەند سەرەتا بەباشی لەگەڵ خەڵکدا مامەڵەی کرد، بەڵام پاش ماوەیەك کەوتە زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەی خەڵك، دانیشتوانیش لەدژی سکاڵای خۆیان گەیاندە سوڵتان (ملکشاه) و بۆ فەرمانڕەوای ناوچەکەش داوای گێڕانەوەی (فخرالدولە)یان کرد[٥١]، سوڵتانیش داواکەی قبوڵ کردن بە لابردنی (بلخی) و دانانی (عمید الدولە کوڕی إبن جهیر) لە جێگای ئەو، فەرمانیشی پێکرد کە بە بەباشی مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات[٥٢]، لەو دەقانەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە لەلایەك کورد ناڕازی و بێزار بووە لە

---

[٤٦] منجم باشی، باب فی الشدادية من كتاب جامع الدول، ملحق بكتاب لقاء الكرد واللان لجمال رشيد، دار آراس، (اربيل:٢٠٠١م)، ص١٨.

[٤٧] ابن الاثير، الكامل، ج٨، ص٢٨٦؛البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق ، دار الافاق جديدة ، ط٢، (بيروت:١٩٧٨م)، ص٧٥.

[٤٨] فارقي، تاريخ الفارقي، ص٢١٢.

[٤٩] فارقي، تاريخ الفارقي، ص٢١٢.

[٥٠] ابن الاثير ، الكامل، ج٨، ص٣١٣ ؛ البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ص٧٦.

[٥١] فارقي، تاريخ الفارقي، ص ص٢٢٢-٢٢٣.

[٥٢] فارقي، تاريخ الفارقي، ص ص ٢٢٤-٢٢٥.

دەسەلآتی بێگانەو لە لایەکی تریش بەرپرسە کارگێڕیە نا کوردەکان ستەمی کۆمەلآیەتیان لە خەلك کردووەو چەوساندویانەوە، لەمەشەوە دەگەیەنە ئەو ئەنجامەی کە دەسەلآتی خۆمالّی (میرە کوردەکان)لە زۆر بارودۆخدا سەربارى کەم و کوڕی و لاوازیشیان لە دەسەلآنی بێگانە باشتربوون.

بارودۆخی کارگێڕی هەرێمەکە دوای مردنی (ملکشاه) سالّی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز) جارێکی دی گۆڕانی بەسەر داهاتوو تێکچوو، دانیشتوان داوایان لە سولّتان (برکیاروق) کرد دەست بەسەر ناوچەکە دابگرێت و بیخاتە ژێر دەسەلآتی خۆیەوە[٥٣]، بەلآم وادیارە بەهۆی سەرقالّی بە شەڕی ناوخۆە ئەم کارە بۆ مەیسەر نەبوو[٥٤]، ئەوەبوو (ناصر الدولە) دوا میری دورخراوەی مەڕوانی لە گوندی (حەربە) ی باکوری بەغدایەوە گەڕایەوە و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتەوە، تا سالّی (٤٨٦ك/١٠٩٣ز) تا ئەو کاتەی (تاج الدولە تتش) لە شامەوە هێرشی کردە سەر و جارێکی دی ناوچەکە کەوتەوە دەستی سەرکردەیەکی بێگانە، کارگێڕیەکەشی بە(طغتکین) بە ڕەگەز تورك سپارد [٥٥]، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەدوای ڕوخانی میرنشینە کوردیەکان بەرپرسی کارگێڕیەکانی سەر ناوچەکانی کوردستان هەموویان یان بەشی زۆریان لە ڕەگەزی تورك بوون و کورد بێ بەری کراوە لە حوکمڕانی کردنی ولآتی خۆی.

بەخشینی ناوچەکانی کوردستان وەکو (اقطاع) بەسەرکردە تورکەکان، شێوازێکی دی کارگێڕی سەلجوقیەکان بوو، وەکو بەخشینی ناوچەی (حلوان) بە (ارتق کوڕی اکسب) لە لایەن (ملکشاه)وە، پاشانیش سنوری (اقطاع)ی خۆی فراوانکرد بە دەستگرتنی بەسەر بەشێك لە شارەکانی هەرێمی چیاکاندا[٥٦]، ئەم شێوازەش جۆرە ڕێکخستنێکی گرنگی سەلجوقیەکان بوو، بەمەبەستی لکاندنی ویلایەتەکان بە دەسەلآتی ناوەندیەوە، کە بەگوێرەی توانای کەسەکان سنوری (اقطاع)یان بۆ دیاری دەکرا[٥٧].

لە ڕاستیدا (ئەتابکیەکان) دەرەنجامی بەخشینی ئەو (اقطاع)انە بوون، کە لەسەر پێشنیاری (نظام الملك) وەك شێوازێکی کارگێڕی تایبەت بە سەلجوقیەکان هاتنە ئاراوە، دواتر هەلی لاوازی دەسەلآتی ناوەندی و شەڕی ناوخۆی نێوان سولّتانەکانی سەلجوقیان قۆزتەوە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆی و دامەزراندنی میرنشینی نیمچە سەربەخۆو، کە لە مێژووی ئەو قۆناغەدا ڕۆلّێکی گرنگیان لە لایەنی شارستانی و کارگێڕی و سەربازیدا گێڕا ، بەمەش یەکێتی دەولّەت هەلّوەشایەوە، چونکە بەشێوەی لامەرکەزی ڕۆلّی خۆیان گێڕا، لە ڕاستیدا سەرهەلّدانی (ئەتابکیەکان) تا ڕادەیەك ڕۆلّی بۆ دانیشتوانی

---

[٥٣] فارقي، تاريخ الفارقي، ص ٢٣١.

[٥٤] ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والامم ، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدراباد ، (دكن:١٣٥٩ه)، ج٩، ص٦٣ ؛ البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ٨١.

[٥٥] بڕوانە:فارقی، تاريخ الفارقی، ص٢٣٢، ص٢٣٧ ؛ ئومێدی بهرامی نیا، مێژووی کوردەکانی جزیره، وەرگێڕانی عبدالرحیم معرفتی، پرۆژەی تیشك، (سلێمانی:٢٠٠٩ز)، ل ل١١٣–١١٤.

[٥٦] ابن خلكان، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تقديم محمدعبدالرحمن المرعشلي، اعدفهارسها رياض عبدال عبدالله هادي ، دار احيا التراث العربي، (بيروت:١٩٩٧م)، ج١، ص١٠٤.

[٥٧] البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ص٦٠.

ناوچەکان گێڕایەوە کە هەست بە جۆرێك لـە هـاولاَتی بـوونی خۆیـان بەشـداری پێکردنیـان لـە لایەنـەکانی بەڕێوەبردن و سەربازی و شارستانیدا بکەن و سود لە تواناکانیان وەربگیرێت[٥٨].

کوردســتان بەســەر چــەند ئەتابکیەکــدا دابەشــکرا کــە هەریەکــەیان ڕۆڵــی دیــارو گرنگــی گێــڕاو سەلجوقیەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕیەی هاتە ئاراوە دوای ڕوخانی میرنشینەکان ویستیان بەم جۆرەسیستەمە پڕی بکەنـەوە، بـەلاَم ئـەوانیش بەهـەمان شـێوەی کارگێڕیـەکانی دی تـورك بوون، کورد کەمترین پشکی پێبڕا جگە لە ئەتابیکیەی (احمدیل کوری إبـراهیم کـوڕی هـوزان ڕەوادی) کـە ئەویش بە ئەتابیکە ناونابرێت و (إبن الاثير) بۆ سەر رەوادیەکانی گێراوەتەوە و بە خاوەنی (مراغـە) نـاوی بردەوە[٥٩] وە ئەتابیکیەی لورستان[٦٠].

سەبارەت بە ئەوانی تریش کاریگەری سیاسی و کـارگێڕی زۆریـان کـردە سـەر کوردسـتان، سـەرباری لەبەرچاوگرتنی لایەنە باشەکانیان، بەلاَم ئاماژەیەکیش بوو بۆ کۆتایی هێنانیانی بە دەسەلاَتی ئـەو مـیر و قەلاَدارانەی کورد کـە مابوونـەوە، هـەروەك چـۆن ئەتابیکـەی (زنکـی) هـەرێمێکی فراوانـی لـە ناوچـەکانی (موصل و هـەولێر و قـەلاَکانی هـەکاری و دیاربـەکر و جزیـرەو شـارەزوورو ...هتـد) دەسـت بەسـەراگرت، بەجۆرێك نەیهێشت لە سنوری دەسەلاَتی ئەودا کەسی دی موڵکی هەبێت و دەسەلاَتدار بێت یان هاوبەشـی بێت[٦١]، بەم شێوەیە ئەتابیکە نا کوردەکان بوونە جێگرەوەی دەسەلاَتدارانی کورد لە کوردستاندا، کـە بـە هەمان سیستەم و دام و دەزگا کارگێڕیەکانی پێشووتر درێژەیاندا بە فەرمانڕەوایان و کەوتنە ململانێیەکی سەختیش لەگەڵ (خوارزیەکان)، کە بەردەوام دەسـتیان لـە کاروباریـان وەردەدان و بوونـە مایـەی کێشـە بۆیان تا دەرکەوتنی (مەغۆلەکان) لەناوچوونی ئەم سیستەمە کارگێڕیەش.

هۆلاکۆ دوای داگیرکردنـی بەغـداو ڕوخانـدنی خەلافـەتی عەباسـی سـاڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)، دەسـتی کردەوە بە بنیاتنانەوەی تەشکیلاتی کارگێڕی، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەیەکی دامەزراند کـە لـە مێـژوودا بە حکومەتی (ئیلخانی)[٦٢] ناسراوە، هەر زووش بۆی دەرکەوت کە کە بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتێکی وەهـا فراوان بە تەنها بەدەستی مەغۆلەکان کارێکی ئاسان نیەو ناکرێ ، بۆیە بـە بەخشـینی پایـەی شـیاوی بـە کەسانی شایستەی ناوچەکان خەڵکی بەشداری پێکـرد لـە بـەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی ئـەو حکومەتـەدا، سەرەڕای ناڕەزایی بەشێك لە سەرکردە سەربازیەکانی، بە کرداریش هەنگاوی نا بە هێشتنەوەو بەخشینی زۆرێك لە پۆستە کـارگێڕی و مەدەنیـەکان بـە ڕەگـەزەکانی دی، ئـەو ئیمپراتۆریەتـە دابەشـکرابوو بەسـەر

---

[٥٨] حسن احمد محمود و احمد ابراهیم شریف، العالم الاسلامی فی العصر العباسی، دار الفکر العربی، (القاهرة:١٩٩٥م)، ص٤٤٨.

[٥٩] الکامل، ج٨، ص٦١٢.

[٦٠] بۆزانیاری لەسەری بڕوانە: رمضان شریف زبیر الداودي، لورستان الکبری(٥٥٠-٨٢٧ه)، دراسة في احوالها السیاسیة والحضاریة، اربیل، ٢٠١٠.

[٦١] ابن لاثیر، الکامل، ج٩، ص١٤٣.

[٦٢] بۆ زانیاری لەسەر ئەم دەوڵەتە بڕوانە: جعفر حسین الخصباك، العراق فی عهد المغول الایلخانین(٦٥٦-٧٣٦ه/١٢٥٨-١٣٣٥م)، الفتح الادارة الاحوال الاقتصادیة الاحوال الاجتماعیة، مطبعة العانی، (بغداد:١٩٦٨م)، عباس العزاوی، تاریخ العراق بین الاحتلالین(حکومة المغول٦٥٦-٧٣٨ه/١٢٥٨-١٣٣٨م)، مطبعة بغداد، (بغداد:١٩٣٥م).

چەند هەرێمێکدا، کە بەشێوەیەکی نامەرکەزی کاروباریان دەبرد بەڕێوە، چونکە چەسپاندنی سیستەمێکی مەرکەزی بەسەر ئەو هەموو پێکهاتە ڕەگەز جیاوازو سنور بەرفراوانەدا کارێکی لە کردن نەهاتوو و ئەستەم بوو[٦٣]، هەر هەرێمێکیش دابەشکرابوو بە چەند یەکەیەکی کارگێڕی بچوکتردا، بۆ نمونە (عیراق) دابەشکرابوو بەسەر (سێ) هەرێمی کارگێڕیدا، کە بریتی بوون لە هەرێمی چیا (عیراق الاعجمی) جزیرەی فوراتی و عیراقی عەرەبی کە بەشێکی گرنگی هەرێمە گشتیەکەبوو[٦٤]، مەڵبەندی کارگێڕی گشتی هەرێمەکە (بەغدا)بوو، کە لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوە دەبرا بە (صاحب دیوان) ناسرابوو کە بەرپرسی باڵاو حاکمی مەدەنی و لە پلەی وەزیر دابوو، دانان و لابردنی بەرپرسی دام و دەزگاکان و لێپرسراوی سەر هەرێمەکانی لەدەست دابوو[٦٥]، لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا کەسێك یارمەتی دەدا کە بە (کاتب السله) ناسرابووکاری نوسین و ڕایی کردنی کاروبارەکانی (صاحب دیوان)ی لە ئەستۆ دابوو، بەرپرسێکی باڵاش سەرپەرشتی گشت هەرێمەکانی دەکرد کە بە (مشرف الممالك) ناسرابوو[٦٦].

سەبارەت بە گۆرانکاریە کارگێڕیەکانی کوردستان هەرچەندە زانیاری لەم بارەیەوە کەمە، بەڵام گۆرانکاری بەسەر یەکە کارگێڕیەکانی داهاتووە، بەتایبەت نەخشەی کارگێڕی شارەکان گۆراو ویلایەت و دامەزراوەی تازە هاتنە ئاراوە کە پێشتر نەبوون، بەسەرنجدان لە شێوازی کارگێڕی هەرێمەکانی دی دەبێت کوردستانیش دابەشکرابێت بەسەر چەند هەرێمێکی کارگێڕی و ئەوانیش بۆ چەند شارێك، کە بەرپرسێك وەك سەرۆکی یەکەی ئیداری دەیبرد بەڕێوە، مەڵبەندی کارگێڕی شارەکانی جزیرە شاری (دیاربەکر) بوو، کە مەغۆلەکان بەهۆی شوێنی ستراتیجی و هەڵکەوتنی لە نێوان شام و بیزەنتیەکان و عیراق زۆر بایەخیان پێدەدا، بەرپرسی هەرێمەکان کە (ممالك)یان پێ دەوترا، کە لەلایەن سوڵتان (ئیلخانی) دیاری دەکران لەگەڵ بەرپرسی کاروبارە سەربازیەکانی مەغۆل، مەرجیش نەبوو کە هەر هەرێمێك (مەلیك)کێکیان هەبێت، هەندێ جار بۆ چەند هەرێمێك کەسێك دادەنرا[٦٧]، هەرچی هەرێمەکانی ئازربایجان و ئارانیش بوون کران بە یەك هەرێمی کارگێڕی و لەلایەن (تودانی کوڕی هۆلاکۆ)ە بەڕێوە دەبران[٦٨].

گرنگترین گۆرانکاری کارگێڕی لە کوردستان کە لەسەردەمی (ئیخانیەکان) دا هاتبێتە ئاراوە، دروستکردنی ویلایەتێکی تایبەت بوو بۆ یەکەم جار لە هەرێمی چیاکان بە ناوی (کوردستان)ەوە، کە هەرچەندە ساڵی دامەزراندن و خاوەنی بیرۆکەی دروستکرنەکەی نازانرێت، بەڵام توێژەرێك بە لێکدانەوەی

---

٦٣ جعفر حسين الخصباك، العراق فی عهد المغول الايلخانين، ص٦٥.

٦٤ بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: جعفر حسين الخصباك، العراق فی عهد المغول الايلخانين، ص ص٧٨-٧٩.

٦٥ ابن الفوطي، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة ، تحقيق مهدي النجم ، دار الكتب العلمية (بيروت:١٤٢٤ه/٢٠٠٣م)، ص٢٣٧.

٦٦ صالح احمد العلى، العراق فی تاريخ، (الفصل الحادى عشر-التسلط الاجنبى)، دار الحرية، (بغداد:١٩٨٣م)، ص ص٥٤٩-٥٥٠.

٦٧ بۆ نموونە بڕوانە: الهمذانى، جامع التواريخ، مج٢، ج١، نقله الى العربية محمد صادق نشأت ومحمد موسى هنداوى وفؤاد عبدالمعطى الصياد، دار احياء الكتب العربية، (القاهرة:١٩٦٠م)، ص ٣٣٨.

٦٨ الهمذانى، جامع التواريخ، مج٢، ج١، ص٣٣٨.

ڕووداوەکان ساڵی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز) بە ساڵی دامەزراندنی دیاریکردووە[٦٩]، ویلایەتی کوردستان لە (شازدە) شارۆچکە پێکهاتبوو[٧٠]، حاکمی ئەو ویلایەتەش کەسێك بوو بەناوی (سلیمان ایوە) یان (الایوائی)[٧١] وە شاری (بهار) کە کەوتبووە باکوری (همدان)ەوە وەکو پایتەختی ویلایەتەکە دیاری کرابوو، پاشان پایتەختەکەی گواستراوەتەوە بۆ (سلطان اباد – چمچمال) کە شارێکی تازە دروستکرابوو، لەلایەن سوڵتانی ئیلخانی (الجایتو محمد خدابنده) (٧٠٣-٧١٦/ ١٣٠٢-١٣٠١٥ز)[٧٢]، سنوری کارگێڕی ئەو هەرێمە دواتر فراوانتر دەکرێت بە خستنەسەری (نۆ) شاری دی[٧٣]، بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی کارگێڕی لەسەردەمی ئیلخانیەکاندا لە بارودۆخێکی ناجێگیردابووە، گەندەڵی و توندو تیژی و ئاژاوە لە دیارترین خاسیەتەکانی ئەو سەردەمە بوون بە ناوچەکانی کوردستانیشەوە تا کۆتایی سەردەمی ئیلخانی (٧٣٦ك/١٣٣٥ز ).

**تەوەرەی دووەم/ دیوان و دەزگای نوێ :**

ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی لەسەر دەستی هێزەکان هاتە ئاراوە، وەك باقی لایەنەکانی دی سیستەمی کارگێڕیش گۆڕانی بەسەر دا هاتووە، هێزەکان بە گرتنەبەری ڕێ وشوێنی جۆراوجۆر لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکاندا بوون ، بەرژەوەندیە گشتیەکان لەلایەك و پێویستی سەردەم و گونجان بە گوێرەی پێداویستی هەلومەرجی نوێ لە لایەکی دی وای خواستووە پۆست و دام و دەزگایەك بێنە ئاراوە کە باشتر جڵەوی کارگێڕی و ڕەوشی هەرێمەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئێمە ئەوانەمان زیاتر مەبەستە کە کاریگەریان کردووەتە سەر کوردستان و کە لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەین.

(دیوان) وەك ڕێکخستنێکی گرینگی کارگێڕی دەوڵەت لە مێژوی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی بینیووە، بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی دەوڵەت لە ڕوی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە لە گەشەکردنی بەردەوام دا بووە، پەیکەری ئیداری دەوڵەت بە پێی تایبەتمەندی کاروبارەکان بەسەر (دیوان)ە جۆربەجۆرەکاندا دابەشکرابوو، وە کاروباری ویلایەتەکان لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕێکخستنەوە کە سەر بە دەسەڵاتی ناوەند بوون بەڕێوە دەبران، بوەیهیەکانیش لەسەر هەمان شێوازی عەباسی درێژەیان بە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتەکەیاندا، جگە لە گۆڕانێکی کەم نەبێت، تەنانەت نەیان توانی کار بۆ

---

[٦٩] زرار صدیق توفیق، کردستان فی القرن الثامن الهجری(دراسة فی تاریخها السیاسی والاقتصادی)، مؤسسة موکریانی، (اربیل:٢٠٠١م)، ص٤٧.

[٧٠] بۆ ناوی شارەکان بڕوانە: **حمدالله** المستوقی القزوینی، نزهة القلوب، درصفت بلدان وولایات وبقاع، باهتمام طای لسترنج، (تهران:١٣٣٦ش/١٩٥٧م)، ص ص١٠٧-١٠٨؛ لسترنج، البلدان الخلافة الشرقیة، ص ص٢٢٧-٢٢٨.

[٧١] توێژەرێك ئەو رایەی لسترنجی( بڕوانە: البلدان الخلافة الشرقیة، ص٢٢٧-٢٢٨)، سەبارەت بە مێژووی ئەم هەرێمە راستکردۆتەوە، کە گوایە لە سەردەمی سوڵتان(سنجر)ی‌سەلجوقی(٥١١-٥٥٢ك)دامەزراوە، زرار صدیق، کردستان فی القرن الثامن الهجری، ص٤٧.

[٧٢] حمدالله المستوقی القزوینی، نزهة القلوب، ص١٠٧.

[٧٣] بۆ زانیاری بڕوانە: زرار صدیق، کردستان فی القرن الثامن الهجری، ص ٤٩.

پێشخستنی دیوانەکان بکەن، کاریان لەسەر ئەوەکرد کە چۆن لەڕوی سیاسیەوە دەسەلأتی خەلیفەیان پەراوێز خست، لە ڕوی کارگێڕیشەوە بەهەمان شێوە، بە دامەزراندنی دیوانێك بەناوی دیوانی (خەلیفەی عەباسی) دەسەلأتی کارگێڕییان لە بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵکە تایبەتیەکانیدا بە تەنها کورتکردووە، سەرەنجام دیوانەکانی تریش لە ناو دیوانێکدا کۆکرانەوەو ڕێکخران بەناوی (دیوانی میری بوەیهی)، سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری و نابوت بوونی خەزێنەی دەوڵەت و پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی بوەیهیەکان ناچار بەوە کرد سەرەنجام دیوانەکان لابەرن و لە دیوانێکدا ڕێکیان بخەن لەژێر سەرپەرشتی (کاتب الامیر)دا[٧٤].

بوەیهیەکان هەرچەندە لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکاندا پەیڕەویان لەجۆرێك لە سیستەمی ناناوەندێتی کرد ، بەلأم بێ ئاگا نەبوون لە هەواڵ و چالاکیەکاندا لەڕێگەی بایەخدانی زیاتریان بە دیوانی (پۆستە)، (عصند الدوله) لە میرەکانی تر زیاتر چالاك بوو بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسی ناوچە جیاجیاکان هەمیشە لە ڕێگەی هەواڵنێرو سوسەکارانەوەی هەواڵگری بەسەر کاربەدەستان و هەرێمەکاندا دەکرد[٧٥]، هەر لەبەر ئەم بایەخ پێدانەبوو بۆ یەکەم جار لەسەردەمی بوەیهیەکاندا دیوانێکی تایبەت دامەزرا بەناوی (دیوان الخرائط) کە سەر بە دیوانی پۆستە بوو، سەرۆکەکەی بە (صاحب الخرائط) یان (صاحب البرید الخرائط) ناسرابوو[٧٦]، ئامانج لە دامەزراندنی ئەوەبوو کە سنوری قەڵەمڕەویان دابەشکردبوو بەسەر چەند نشینگەیەکدا، کە بەپێی نەخشەو دیاریکردنی دووری ویستگەکان لە یەکترییەوە و ڕێنوێنی کردن و ئاسانکاریکردن بەپێی ئەم نەخشانە وە بەیەکەوە بەستنەوەی هەرێمەکان بەیەکتری و ئاسانکاریکردن بۆ هەواڵنێری و قاسیدەکان تا بەزوترین کات هەواڵە پێویستەکان بگەیەننە میری بوەیهی، وە لەهەر وێستگەیەکدا پێداویستی (ئەسپ و وشتری خێرا) و کەل و پەلی پێویست ئامادەکرابوو، گەشەکردنی زانستی شارناسی و وڵاتناسی لەسەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینیدا زیادبوونی چالاکی گەریدە موسڵمانەکان بەشێکی زۆر لە مەبەستەکانی هێنادی، بە دیاریکردنی ڕێگاکان و ناساندنی شار و دەرخستنی دوری نێوان و شیکردنەوەو زانیاری دان لەسەر بارودۆخی جوگرافی و بەروبووم و سەرچاوەکانی داهات، کورد وڵاتەکەی بەشێك بوو لە ناواخنی گەشتنامەو یاداشتەکانی ئەوان و تا ئەمڕۆش بوونەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ مێژووی کورد[٧٧] بە دیوانی (الخرائط)ی بوەیهیەکانیشەوە، پێویستی میرەکان بە زانینی هەواڵ و گەیاندنی پەیام ڕاسپاردەکانیان بە سنوری قەڵەمڕەوی و بەستنەوەیان بە دەسەلأتی ڕاستەخۆی خۆیانەوە، وەك هەریەك لە دەوڵەتی عەباسی وهێزەکانی دەوروبەریان وایکردوە بایەخ بەم جۆرە دیوانە بدەن، لەوانەش دیوانی ئینشاء، ئەوەتا میرێکی وەك

---

٧٤ ابن لاثیر، الکامل، ج٧، ص١٦٣؛ محمد حسین الزبیدی، العراق فی العصر البویهی التنظیمات السیاسیة والاداریة والاقتصادیة(٣٣٤-٤٤٧ه/٩٤٥-١٠٥٨م)، دار النهضة العربیة، (د٠م:١٩٦٩)، ٨٦.

٧٥ ادم متز، الحضارة الاسلامیة فی القرن الرابع الهجری او عصر النهضة فی الاسلام، ترجمة محمد عبدالهادی ابوریدة، اعداد فهارسه رفعت البدراوی، دار الکتاب العربی، الطبعة الرابعة، (بیروت:١٩٦٧م)، ج١، ص٦٢؛ الزبیدی، العراق فی العصر البویهی، ص٩٣.

٧٦ **الصابي**، رسوم دار الخلافة، تحقیق میخائیل عواد، مطبعة العانی، (بغداد:١٩٦٤)، ص١٨.

٧٧ لەمبارەیەوە بڕوانە: حکیم احمد خوشناو، الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین(٢٣٢-٦٢٦ه/٨٤٦-١٢٢٩م).

دیسمی کوڕی ئیبراهیم کەسێکی وەك (ابا القاسم علی بن جعفر)ی وەك نوسەری تایبەتی خۆی لە تبریز دیاریکردووە، (المقدیسي)ش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەسەلاتدارانی اذربیجان زێڕیان بۆ مۆرکردنی نامەونوسراوەکانیان بەکارهێناوە[٧٨]، مەڕوانیەکانیش بایەخی زۆریان بەم دیوانە داوە، لەسەروی هەمووشیانەوە نصرالدولە(فارقی) ئاماژەی بەوە کردووە کە هەریەك لە (ابو سعید الکاتب و ابا نصر احمد بن یوسف) ئەم پۆستەیان پێدراوە[٧٩].

لەراستی بوونی دیوانەکان و بەرفراوانی ئیش وکارەکانیان تاڕادەکی زۆر پەوەندی بە دەسەلاتی میرنشینەکە ومیری فەرمانڕەواوە هەبووە، بەمانایەکی دی کاروباری کارگێریش هەروەك ئاماژەدرا کەتۆتە ژێرکاریگەری بارودۆخی سیاسی و سەربازی، لەبەرئەوە هەروەك توێژەرێك ئاماژەی پێکردووە زۆرجار دیوانەکان هەربەناوی شارەکانەوە ناسراون وەك دیوانی موسڵ یان ئەربیل یان جزیرەی ئیبن عومەر...[٨٠]، پێویستی کارگێڕی ودارایی وسەربازی وایکردووە کە دیوانی تایبەت بە کاروباری دارایی وداهات وسەربازی ..بایەخ پێبدەن[٨١].

سەبارەت بە کاریگەری دیوانەکانی بوەیهیەکان بەسەر لایەنی کارگێڕی میرنشینە کوردیەکانەوە شتێکی وا بەرچاو ناکەوێت، کە دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگێڕینەوە کە هەروەك پێشتر ئاماژەمان دا ئەوان نەیانتوانی سیستەمێکی تازە بێننە ئاراوە بۆ دەوڵەتەکەیان، بەڵکو هەر لەسەر سیستەمی کۆنی دیوانەکانی عەباسی ڕۆیشتن، میرنشینەکانیش لەسەر هەمان سیستەمی کارگێڕی خۆیان درێژەیان دا بەبەڕێوەبردنی کاروباریان و ئەو سیستەمە کارگێڕیەشیان بەبەراورد لەگەڵ بوەیهیەکان ئەگەر پێشکەوتووتر نەبوبێت ئەوا دواکەوتووتر نەبووە، بەلام وەك ڕێکخستنی کارگێڕی بوەیهیەکان لەسپاردنی ئەرکی بەڕێوەبردنی شارە گرنگ و هەندێ لە ناوچەکان پەیرەویان لە جۆرە پۆستێك کرد کوردیش پشکی ئەم جۆرە پۆستانەی بەرکەوت، بۆ نموونە لە پاراستن یان پارێزگاریکردن (الحیمایە) یەکێك لەو پۆستانە کە هەروەك (الخوارزمی) پێناسەی کردووە کە (بریتی یە لە پاراستنی شوێنێك یان ڕێگەیەك لەوەی کەسێکی تر نەچێتە ناوی و دەستی بەسەردا نەگرێت و باجێکی لەسەر دانەنێت، ئەرکی پاراستنی دەدرێتە کەسێك لەبەرامبەردا سالانە ڕێژەیەك لە باجی ناوچەکەدا بدات بە دەوڵەت، کە بە باجی پارێزگاریکردن (رسم الحمایە) ناسراوە، سپاردنی ئەرکی پارێزگاریکردنی شاری حلوان (ڕێگای خوراسانی گەورە) بە میر (إبن أبی الشوك) کوردی لە سالانی (٣٣٩-٣٤٢ك/٩٥٠-٩٥٣ز ) لەلایەن بوەیهیەکانەوە نمونەیەکە لەو جۆرە ڕێکخستنە کارگێڕیانەی کە بەڕێوەبردنی هەرێمێك بەکورد خۆی سپێردراوە[٨٢]، ئەوە ئاشکراشە ئەم ڕێگەیە شوێنێکی ستراتیجی گرنگ بووە، کە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی

---

[٧٨] أحسن التقاسیم، ص ٢٨٧.

[٧٩] تاریخ الفارقی، ص١٣١.

[٨٠] بروانە: سوادی عبد محمد الرویشدی، الاحوال الاجتماعیة وللاقتصادیة فی بلاد الجزیرة الفراتیة خلال قرن(٦ه/١٢م)، دار الشؤن الثقافیة العامة، (بغداد:١٩٨٩م)، ص٣٤٥-ص٣٤٧.

[٨١] فرهاد حاجی عبوش، المدینە الکردیە، ص٨٩.

[٨٢] ابن لاثیر، الکامل، ج٧، ص١٩١.

بەیەکەوە بەستۆتەوە و ڕێگای هاتووچۆی بوەیهیەکان بووە، بۆیە پاراستنی ئەم ڕێگەیان زۆر لا مەبەست بوو، ئاگاداری ئەوەش بوون کە ئەو میرە کوردە دەتوانێت ئەرکەکەی بەباشی بەڕێوەبەرێت و پشت ئەستورە بە دەمارگیری خێڵەکەی (شازنجانی) بۆ هاوکاریکردنی لەسەرخستنی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێسپێراوە، لەلایەکی تریشەوە متمانە بوونە بە میرێکی کورد، پاراستنی هەمان ڕێگەش جارێکی دی ساڵی (٣٩٧ك/١٠٠٦ز) بە (أبوالفتح محمد کوڕی عناز )کوردی دەدرێت[٨٣]، ئەمەش گرنگی ڕێگاکە زیاتر دەردەخات، دیارە گرفتی مانەوەی پارێزەریش لەسەر کارەکەی پەیوەست بووە بە دابینکردن و ناردنی ڕێژەی باجی دیاریکراو بووە بۆ میری بوەیهی و دەرنەچوون لەسنوری دەسەڵات و خراپ بەکارنەهێنانی پۆستەکەی بووە بۆ ئامانجەکانی خۆی، بە پێچەوانەوە لەکاتێ ئەگەر هەر سەرپێچیەك ڕووبەڕووی لادان دەبووەوە هەروەك (إبن أبی الشوك) لادرا.

سەلجوقیەکانیش بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان چەند پۆستێکی نوێیان داهێنا، لەوانە (ڕاگر–عمید) کە لەڕوی زمانەوانیەوە بەو کەسە دەوترێت کە لە بەڕێوەبردنی کاروباردا پشتی پێ دەبەسترێت[٨٤]، ڕاستەوخۆ ئەو هەرێمەی لەلایەن سوڵتانەوە دیاری دەکراو نوێنەرایەتی ئەوی دەکرد لە فەرمانڕەوایی کردن و بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمەی بۆی دەستنیشان دەکرا، (عمید) لە پۆستە گرنگەکان و بە (میری ڕاگر)یش ناسرابوو کە لەبەرامبەر پۆستی (پارێزگار)ی ئەمڕۆیە[٨٥]، کۆکردنەوەی باج و پاراستنی سنوری کارگێڕیەکەی و دانان و لابردنی فەرمانبەرو چاودێری کردنی بارودۆخی لە ئەستۆبوو تا دەستی لە کاروباری خەلیفەش وەردەدا[٨٦]، (شحنە)ش وەکو پۆستێکی تری نوێ ی سەلجوقی کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شاری پێسپێردرابوو دەرکەوت، لەبەرئەوەی ئەم پۆستە چارەنوس سازو سەربازی بوو تەنها بە ڕەگەز تورکەکان دەدرا، زاڵبوون بەسەر هەر بارودۆخێکدا دژی سەلجوقیەکان و دامرکاندنەوە و هەڵگەڕانەوەو پاراستنی ئاسایشی گشتی لە ئەرکە گرنگەکانی (شحنە) بوو[٨٧].

لەڕاستیدا دەسەڵاتی ڕاگر لە هی (شحنە) فراوانتربوو، لەبەرئەوەی ڕاگر بەرپرسی گشتی هەرێمەکە بوو، بەڵام شحنە بەرپرسی ئاسایشی شارێك بوو، لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان دا پشت بەو جۆرە ڕێکخستنە کارگێڕیانە بەستراوە، هەر لە دەرکەوتنیان دەستگرتنیان بەسەر هەندێ لەشارەکان و دوای ڕوخانی میرنشینەکان ، بە بەڵگەی ئەوەی خەڵکی شاری (همدان) ساڵی (٤٥٥ ك/١٠٦٢ز ) لە دژی ڕاگرو شحنەی شارەکەیان ڕاپەڕین و هەردوو بەرپرسەکەو (٧٠٠) لە پیاوانی سەلجوقییان لەو شارە کوشت[٨٨]، لە دوای ڕوخانی میرنشینەکانیش ڕاگرەکان بوونە جێگرەوەی میری کوردیەکان لە بەڕێوەبردنی بەشێك لەشارەکان (البنداری)(مردووە لە ٦٤٣ھ/١٢٤٥ز) ئاماژەی بەوە

[٨٣] ابن لاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٤٦.
[٨٤] ابن منظور، لسان العرب، مادة عمید.
[٨٥] حسین امین، تاریخ العراق فی العصر السلجوقی، مطبعة الارشاد، (بغداد:١٩٦٥م)، ص٢٠١.
[٨٦] بۆ نموونە بڕوانە: البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ص٦٩.
[٨٧] حسين أمين، تاريخ العراق في العصر السلجوقي، ص٢٠١.
[٨٨] ابن الجوزي، المنتظم، ج٨، ص٢٣١.

کردووە کە سوڵتان (ملكشاه) (ابی علی بلخی) وەکو نوێنەری خۆی (راگر) بەسەر شاری (دیاربکر)ەوە دانا[٨٩].

سەلجوقیەکان بۆ چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی لایەنی (دارایی)ش پشتیان بە دەزگایەکی دی بەست کە بە چاودێری (دارایی– ناظر) ناسرابوو، وەکو دەزگایەکی کارگێڕی دارایی یارمەتیدەری وەزیر بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری داراییدا[٩٠]، کوردستان وەکو ناوچەیەکی دەوڵەمەندی ئابوری و بەشێك لە دەوڵەتی سەلجوقی گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەت وەکو سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی (داهاتی) پشتی پێ بەستراوە، لەڕێگەی (ناظر)ەوە باج و خەراج کۆکراوەتەوە سەرپەرشتی کاروباری دارایی کراوە، (فارقی) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (ابو الحسن علی کوری ازرق) ی باپیری چاودێری دارایی سەر شاری (حسن کیفا) بووە[٩١]، کە بەرپرسیاریەتی کۆکردنەوەی باجی ناوچەکەی لەسەر شان بووە، لەگەڵ ئامادەکردن و بردنی بۆ لای وەزیر، هەتا جارێك گلەیی ئەوەی لێکراوە کە ئەو پارەی کۆکردووتەوە برەکەی کەمە[٩٢]، دەکرێت هەموو ئەو ڕێکخستنە نوێیانەی سەلجوقیەکان بۆ بەڕێوەبردنی شارو ناوچەکانی کوردستانیش پشتیان پێ بەسترابێت و بەهۆی ئەم پۆست و دەزگایانەوە بەڕێوەبران، چونکە ناکرێت بۆ دەوڵەتێکی مەرکەزی لەیەك کاتدا چەند جۆر سیستەمی کارگێڕی هەبووبێت، توێژەرێکیش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەڵێت پۆستەکانی (شحنە) و ڕاگر و ئەوانی دیش لە هەرێمەکانی ئازربایجان و ئاراندا هەبوون[٩٣].

لەپاڵ ئەو پۆستانەدا سەلجوقیەکان جۆرە سیستەمێکی تریان بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان پەیرەوکرد، وەکو گرێبەستی زامنکردن (الظمان)، کە لەبەرامبەر سپاردنی شارێك یان چەند شارێك پارێزگار لەسەری پێویست بوو ساڵانە ڕێژەیەك لە باج و داهاتی ناوچەکە بۆ سوڵتان بنێرێت[٩٤]، لەچوارچێوەی ئەم سیستەمەدا ناوچەکانی (ئەهواز و بصره) لەلایەن سوڵتان (طغرلبك)ەوە بە میر (هزار اسب کوڕی بنکیر) ی کوردی بەخشران، لە بەرامبەر (٣٦٠) هەزار دینار وە مافی خوێندنەوەی وتاری بە ناوی خۆشیەوە پێدرا[٩٥]، جگە لەو پۆستانەی کە باسمان کردن سەلجوقیەکان بۆ ڕایی کردنی کاروبارە کارگێڕیەکانیان لەسەر ئاستێکی باڵاو وەکو یارمەتی دەری وەزیر پۆستی (الطغرائي) یان داهێنا، کە مانای (کتاب سر) دەگەیەنێت[٩٦]، وەك پۆستێکی گرنگی کارگێڕی تایبەت بە خۆیان کە وەك جێگری وەزیرو

---

[٨٩] تاريخ دولة ال سلجوق، ص٧٦.
[٩٠] القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، شرحه وعلق عليه محمدحسين شمس الدين ، دارالكتب العلمية ، (بيروت:١٩٨٧م)، ج٤، ص ص٢٨–٢٩.
[٩١] تاريخ الفارقي، ص ص٢١٤–٢١٥.
[٩٢] فارقي، تاريخ الفارقي ، ص٢١٧.
[٩٣] نیشتمان بەشیر محمد، کورد وسەلجوقیەکان، ل٣١٠.
[٩٤] حسام الدين نەقشبەندی، شارەزوورو لورستان، ل٤٤٧.
[٩٥] ابن لاثير، الكامل، ج٨، ص١٢٩.
[٩٦] السبكي، طبقات الشافعية، ج٣، ص١٤.

هەندێ جاریش لە کاتی دیار نەبوونی ڕۆڵی وەزیری دەگێڕا[٩٧]، کەسایەتیە خوێندەوارو لێهاتوو و باوەڕپێکراوەکانی سوڵتانەکان بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکران، هەرچەندە ڕۆڵی کارگێڕی بریکاری وەزیر لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەرکەزیدا کورتکرابۆوە، بەڵام وادیارە لەبەر لێهاتوو تایبەتمەندی لە ئیشەکەیدا وایکردووە کە ڕۆڵی وەزیر بۆ هەندێ لە میرنشینەکان بگێڕن، (إبن خلکان) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (مؤالدین الاصفهانی) یەکێك بوو لەو کەسایەتیە شارەزاو لێهاتوانەی کە پۆستی بریکاری وەزیری لە دەوڵەتی سەلجوقیدا هەبووە، لەهەمان کاتدا وەکو (وەزیر) کاروباری میرنشینی (هذبانی)یشی لە هەولێر بەڕێوەبردووە[٩٨]، ئەمەش ئەوانمان بۆ دەردەخات کە هزبانیەکان وەزیریان هەبووە، لە لایەك گوزارشتیشە لە پەیوەندی دۆستایەتی بەهێزیان لەگەڵ سەلجوقیەکان سەرباری لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکانی دی.

مەغۆلەکانیش لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا پەیڕەویان لە ڕەوشت و سیستەمی سەلجوقیەکان کرد، لە ڕێکخستنی وڵات و پلانی فەرمانڕەوایەتی خۆیاندا وەك ئەوان ئیمپراتۆریەتەکەیان بەسەر چەند هەرێمێکدا (ویلایەت) دابەشکرد، وە بەهێشتنەوەی زۆر لە فەرمانبەرو سەردارانی خۆجێیی لە شوێنی خۆیان توانیان تا ڕادەیەك بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە و سۆزی خەڵکیش بۆلای خۆیان ڕاکێشن، بەهێشتنەوەی هەندێ لە دیوان و پۆستە کارگێڕیەکان لەوانەش (حسبە و محتسب و قاضی قضات و قاضی و ناظر...هتد) کێشەی نا ئیداری چارەسەرکەن، بۆ پێشگرتنیش لە بیری ڕزگاری خوازی و ئەگەری ڕودانی هەر جوڵانەوەو هەڵگەڕانەوەیەکیش پۆستە سەربازیەکانیان بە خەڵکی خۆیان سپاردبوو[٩٩]، لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین ئەوان لە دامەزراندنی بەرپرساندا پۆستە مەدەنی و سەربازیەکانیان لێك جیاکردەوە، بەجۆرێك دەزگا سەربازیەکانی وەکو (شحنە و نائب الشرطة) بە بەرپرسانی بە ڕەگەز مەغۆلی سپێران، چونکە ئەمانە چارەنوس مانەو پۆستی سەربازی و گرەنتی لەژێر دەسەڵاتدامانەوەی شارەکان و پاراستنی ئاسایشی مەغۆلیان پێوە بەندبوو، بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی یاخی بوونی هەر شارێك (شحنە)یەکیان دامەزراند وەك دەزگایەکی سەربازی هەمیشە ئامادە، بە جۆرێك بایەخ بەم پۆستە درا کەلەسەردەمی (ئیلخانیەکان)دا سنوری دەسەڵاتی (شحنە) پارێزەری ئاسایش زیادی کرد، تا ڕۆڵی لە دیاریکردنی بەرپرسە مەدەنیەکانی دیشدا هەتا (صاحب دیوان)یش دابینی[١٠٠].

هەرچی پۆست و دەزگا مەدەنیەکانیش بوون ئەوا مەغۆلەکان بۆیان نەلوا یا نەگونجا گۆرانی بنچینە بەسەر پێکهاتەیاندا بێنن، گۆڕانەکەشیان ئەگەر هەبووبێ تەنها لە ڕوپۆشی ناوەکاندا بووە، نەك لە ناوەڕۆکی کارەکان، بۆ نموونە لە بەڕێوەبردنی ناوچە (شار)ەکان پشتیان بە کەسێك دەبەست کە بە (الصدر یا مەلیك) ناسرابوو، کە بەرپرسی یەکەی ئیداری و جۆرێك لە سەربەخۆی خۆجێیی

---

[٩٧] النبداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ص٢٤٣؛ حسين امين، تاريخ العراق في العصر السلجوقي، ص ص١٩٤–١٩٥.
[٩٨] وفيات الاعيان، ج١، ص٢٨٥.
[٩٩] صالح احمد علي، العراق في تاريخ، ص ص٥٥٠–٥٥١.
[١٠٠] جعفر حسين الخصباك، العراق في عهد المغول الايلخانين، ص٧٥.

لەکاروبارەکانیدا هەبوو[١٠١]، کە هەمان ڕۆڵی والی سەردەمەکانی پێشتر بینیوە جیاوازیەکەیان تەنها لە ناوەکەیاندابوو.

ئیلخانیەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری گشتی هەرێمەکان و کۆکردنەوەی باج و چاودێری دارایی دەوڵەتدا(مشرف الممالك) یان داناوە، کە لەسەر بنەمای لێهاتووی و شارەزایی کەسێك بۆ ئەم پۆستە دیاری دەکرا، هۆلاکۆ (٦٦٠ك/ ١٢٦٢ز) (سلیمان کوری موالدین العقربانی) بۆ ئەم مەبەستە لەسەر (موصل و جزیرە) دیاریکرد، کە تا ساڵی (٦٦٢ك/ ١٢٦٤) لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو[١٠٢]، هەروەك ئامارەماندا بەگشتی ئیلخانیەکان بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و سەرقاڵییان بە کۆکردنەوەی باج و سامان و چالاکیە سەربازیەکان نەپرژانە سەر ئاوڕدانەوە بەلای باشترکردنی سیستەمی کارگێڕی و داهێنانی دیوان و دەزگایەکی نوێ بۆ دەوڵەتەکەیان، بەڵکو هەرچۆنێك بێت کاروباریان دەبرد بەڕێوە بۆیە دەبینین گەندەڵی و ئاژاوە لە کاریگەریە خراپەکانی ئەم سیستەمە بوون، ئەوەی لەو سەردەمەدا تێبینی دەکرێت و دەرکەوتن و سپاردنی هەندێ پۆست و بەرپرسیاریەتی بە کەسایەتیە (مەسیحیەکان)، لە کوردستانیشدا ئەو جۆرە بەرپرسیاریەتیانە بە کەسایەتی مەسیحی سپێران، بە نموونە سپاردنی شاری موصل بە (مسعود البرقوطی) کە لەلایەن (اباقاخان کوری هۆلاکۆ) (٦٦٣ - ٦٦٨ ك/١٢٦٥-١٢٧٠ز ) بەرپرسیاریەتی ئەم شارەی پێ سپێرا[١٠٣]، وە جارێکی دی لە ڕووداوەکانی ساڵی (٦٧٦ك/ ١٢٧٨ز) کەسایەتی (مسعود البرقوطی) دەردەکەوێتەوە کە بەرپرسیاریەتی هەولێرو موصلی پێ دەسپێرێتەوە، وە سپاردنی بەرپرسیاریەتی شاری جزیرەی ئیبن عومەر بەکەسایەتیەکی دی مەسیحی بە ناوی(سعیدیغو)[١٠٤]، ئەم ڕووداوانەش بەڵگەن لەسەر ڕادەی پەیوەندی دۆستایەتی و متمانەی نێوان مەسیحیەکان و مەغۆلەکان مێژوو ئەو هاوپەیمانیەتیەشیان بۆ سەرەتای دەرکەوتنی هێرشەکانی مەغۆلەکان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، (توقوز خاتون) خێزانی هۆلاکۆش کە مەسیحیەکی دەمارگیر بوو، دەشێ لەم نێوەندەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینی بێت.

[١٠١] بروانة: ابن الفوطي، الحوادث الجامعة، ص ٤٤٠، ص٤٦٤.
[١٠٢] علاء محمود خليل، المغول فى الموصل و الجزيرة(٦٥٦-٧٣٦ه/١٢٥٨-١٣٣٥م)، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاداب جامعة الموصل، (الموصل:١٩٨٥م)، ص١٤٤.
[١٠٣] ابن الفوطى، الحوادث الجامعة، ص٣٦١.
[١٠٤] عبدالله بن ناصر بن سليمان الحارثى، الاوضاع الحضارية فى اقليم الجزيرة الفراتية فى القرنين السادس والسابع للهجرة، ص١٨٦.

## ئه نجام:

لـه شـرۆڤەکردنی ئـەو ڕوداو وپێشـهاتانەی کـە لەدەرئـەنجامی ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـەو ماوەیـەدا کەوتوونەتەوە، کاریگەریان بەسەر لایەنی کارگێریدا هێناوە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتین لەوانە:

١- ئەو گۆڕانکاریە سیاسی وسەربازیانەی کە بەسەر کوردستان هاتوون، کاریگـەری زۆریـان کردۆتـە سـەر لایـەنی کـارگێڕی، ئـەوەش دەیسـەلمێنێت کـە لایـەنی کـارگێڕی کوردسـتان جێگیرنـەبووە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لەگۆڕان دابووە.

٢- میرەکانی کورد سودیان لە سیاسەتی کارگێری بوەیهیەکان بینی و ئەو هەلە زێڕینەیان لە دەست خۆیان نەدا، بە مەبەستی پـەرەدان بـە فراوانکردنـی دەسـەڵاتی خۆیـان، جۆرێـك لـە کـارگێری خۆجێیـان هێنایە ئاراوە و بەپێی هەلومـەرجی نـاوخۆیی و سیاسـەتی هێـزە دەرەکیـەکان ئـەو سیسـتەمە کارگێڕیـە بەردەوام بوو.

٣- زۆربەی کات هێزەکان لە گۆشە نیگـای سـەپاندنی هـەژموون و بەرژەوەندیـەکانی خۆیانـەوە بـۆ بـەڕێوەبردنی کوردسـتانیان ڕوانیـووە، لـەم بارودۆخەشـدا زیانیـان بـە دەسـەڵاتی خـۆجێی میرنشـینە کوردیەکان گەیاندووە، لەوانـەش سـەلجوقیەکان کـە بـە پـەیڕەوەکردنی سیاسـەتی ناوەنـدی کۆتایـان بـە فەرمانڕەوایی زۆربەی میرنشینە کوردیەکان هێنا.

٤- کورد وەك ڕەگەزێکی کاریگەری جیهانی ئیسلامی زۆر جار وەك شارەزا و هەندێ کاتیش سـەرۆك هۆزو میرەکان وەك خاوەن پێگەی خێڵەکی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکان پشتیان پێ بەسـتراوە، وە لەلایـەن هێزەکانەوە پلە وپایەی کارگێڕیان پێدراوە.

٥- مەرج نیە ئەوەی لـە کوردسـتان لـەو مێـژووەدا ڕویـداوە ڕاسـتەوخۆ لـە ژێرکاریگـەری هێزەکانـدا ڕویاندا بێت، بەڵکو پێویستی سەردەمەکە ومیرنیشینەکە وای خواستووە کە وەك هەرهێزێکی تر بایەخ بـە لایەنی کارگێڕیان بدەن، دیوان ودەزگای نوێ دامەزرێنن.

## ملخص

دراسة في التاريخ الكورد في العصور الوسطى بشكل عام ذات أهمية كبيرة، حيث حدثت في هذه الحقبة تغيرات و احداث كثيرة، خاصة بين القرنين(٤-٨ه/١٠-١٤م)، وفي الحقيقة قسم من تلك التغيرات ذات علاقة بالظروف السياسية للخلافة العباسية(١٣٢-٦٥٦ ه) من جهة، وكثرة غزوات القوى الاجنبية على العالم الاسلامي من جهة الاخرى، فقد تعرضت كوردستان بسبب موقعها الاستراتيجي من الناحية الجغرافية كسائر الاقاليم لموجات من الغزوات الاجنبية، خاصة في الفترة التي المخصصة لهذه الدراسة يعني القرن(٤-٨ ه) لقد خصصت هذه الدراسة لإهم الاثار او تغيرات الادارية في تلك الفترة، مع السياسة المتبعة من قبل القوى الاجنبية التي خلفها أثار على التاريخ بعيد والقريب للكورد، وسبب أختيار هذا الموضوع هو اهمية هذه الفترة للتاريخ الكورد وعدم وجود اي دراسة مختصة ومستقلة في هذا المجال، وصعوبات التي واجهتها من خلال مسيرة البحث هي قلة إشارة المؤرخين بجانب الاداري بصورة عامة وجانب الاداري في كوردستان بصورة خاصة او عدم وجود المصادر في بعض الاحيان، لذا استعنا بالمراجع بدلاً من المصادر.

ودراسة تتكون من مقدمة ومبحثين مع نتائج: المبحث الاول خصصت لدراسة التغيرات الادارية والثاني يتناول اهم الديوان والمؤسسة الجديدة التي تاسست من قبل القوى الاجنبية لإدارة شؤنها الادارية، وفي نهاية عرضت اهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة.



## Abstract

Investigation on Kurdish history in the Middle Ages have a great interest especially in(4-8A.H-10-14A.D)centuries, This is due to lots of events that had happened during that period, Despite the fact that apart of this time was known as Kurdish Golden History a part of these events went with ruling Abbassi Caliphs circumstance (132-656A.H), And the other part related to those invasions that had been done by foreign forces to the Islamic world, Because of its geographical place and that was a part of Islamic world, The Kurdish land had been under those change and invasion.

This thesis interests in showing the administration system at that period, The lack of having academic study and the commitment of doing work like this is the cause of choosing this subject, But like any other researches this work has a lot of difficulties especially the lack of having information on it or not having at all, so many times we have pointed out the information's under the shadow of political events and many other time from unreliable sources and the researchers opinions, We hope that this research would be a beginning for doing other useful researches in the future.

This thesis includes an introduction and two sections: In first section the administration system change has been mentioned then in the latter section the most obvious foyers and the organizations that existed at that period has been mentioned, and finally the thesis has a conclusion.